خاوەنی ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

سەرنووسەر


**ئازاد عەبدولواحید**

بەڕێوەبەری هونەری

**سەرکەوت وەلی**

مۆتیڤ و پۆرترێت

**قەرەنی جەمیل**


١١٦

**مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە**

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ ساڵی یازدە/ کانوونی دووەم ٢٠٠٧**

**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net

**فاکس /** 00448701358681

**تەلەفۆن /** ٢٢٣٠٥٨٢

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر /** ٢٢٢٨٥٠٦ ـ ٤٤٩٤٦٦٢

**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**

**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**

**ئاسۆ مامزادە**

# ناوەڕۆکی

## ● سەروتار


- کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە لێکتردابڕانی زیاتر نییە/ سەرنووسەر/ 3


## ● دەق


- ڕۆژباش ڕۆزا!/ ڕۆژەن بارناس/ 5
- وێرانی لە پرسیاری یەکەمدا/ یوونس ڕەزایی/ 8
- من ئەو دەمەی خەمێکم بەس/ لەتیف فاتیح فەرەج/ 10
- ئێوارەیەکی نارنجی گۆرانییەک بۆ ئاگر دەچڕم/ تەرزە جاف/ 12
- کریسماس/ لە عەرەبییەوە: عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 13
- کۆیلە/ ئەمین گەردیگلانی/ 15
- سەرێ کو هەردەم ژبیر دکر/ فاواز حوسێن/ 18
- نیو کاتژمێر چیرۆک/ خەبات ڕەسوولی/ 22
- بێدەنگی/ لە ئینگلیزییەوە: محەمەد ڕەمەزانی/ 24
- لێم گەڕێ با ناوی نەڵێم/ محەمەد ڕەحیمیان/ 27


## ● دەق و ڕەخنە


- گوڵی مریەم.. دەقی: توانا ئەمین.. ڕەخنەی: ئیسماعیل حەمەئەمین/ 33


## ● هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (هەندرێن)ی شاعیر و ڕووناکبیر/ ئا: ڕامان/ 46
- دیمانەیەک لەگەڵ شاعیر و ڕەخنەگر (ساڵح سووزەنی)/ ئا: عەبدولخالق یەعقووبی/ 69


## ● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- کێشەی میتۆد لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا/د. فوئاد ڕەشید/ 77


## ● تیۆری ئەدەبی


- بەراوردێک لە نێوان زمانی کوردی و زمانانی دراوسێدا/ د. کەمال مەعرووف/ 84


## ● وتار


- بەرەو گۆڤاری بەڵگەنامەکانی کوردستان/ محەمەد عەلی قەرەداغی/ 89
- ڕێنیسانس و ڕۆژئاوا و ئیدوارد سەعید/ ئازاد خدر/ 97
- کۆمەڵگایەک بەخەڵکی گەردیلەییەوە/ سەباح موفیدی/ 102
- چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە/ لە فارسییەوە: ئەحمەد ڕەحمانی/ 105


## ● زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی


- گرنگی (بەرکار) لە ئاستی ڕێزمانی کار و ڕێزمانی چاوگدا/ د. شێرکۆ بابان/ 109
- جیهانگەرایی میدیا (چەمک و سروشتەکەی)/ لە عەرەبییەوە: تاریق کارێزی/ 116


## ● هزر و فەلسەفە


- هاتنەوە سەر بنجوبناوانی میتافیزیک/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 126
- پاڵەپەستۆکانی ژیان و کاریگەرییەکانی بەسەر فەرمانبەرەوە/ د. ڕێزان عەلی ئیبراهیم/ 137
- یادەوەری جەستە/ نیهاد جامی/ 144


## ● مێژوو - کەلەپوور


- پاڵەوان لە ئەفسانە و حیکایەتی میللیدا/ محەمەد سلێمان عەباس/ 159
- سەرزەمینی دێرینی ئازەربایجان/ لە فارسییەوە: وریا قانیع/ 165


## ● هونەر


- دید و جیهانبینی ڕێژیسێور/ د. فازیل جاف/ 173
- گۆرانی و مۆسیقای نوێ، یان هونەری لاسایی کردنەوە/ مستەفا غەفوور/ 182
- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 189
- مێژووی کارل زایس/ لە عەرەبییەوە: فارس سەعدی/ 192


## ● خوێندنەوەی کتێب


- دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان/ هاشم سەراج/ 194
- تەمیانە گوڵییەکانی ژنێکی هەناری/ خالید کاوێس قادر/ 197


## ● نامە


- نامەیەک لە د. مارف خەزنەدارەوە/ ئا: ڕامان/ 199


## ● ئێستێک


- هەڵەی گواستنەوەی دەق/ کەریم سۆفی/ 200

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە لێکتر دابڕانی زیاتر نییە

**سەرنووسەر**

* لەم وتارە کورتیلەیەدا جگە لە چەند ئاماژەیەکی خێرا زیاتر ناتوانین بەدرێژی باسی مێژووی هەوڵ و پیلانی ناحەزان و نەیارانی میللەتەکەمان بکەین کە بۆ پەرت کردن و هەڵوەشانەوەی ئەو نەتەوەیە داویانە، کە هەر ئەو ئامانج و مەرامەیان بووەتە مایەی لە ئەژنۆو لاق و لەتەردانی و هەوڵدان بۆ دەستەمۆکردنی. نایشارمەوە خۆشمان ئامادەگییەکی باشمان تێدایە بۆ پەرتەوازەیی و یەکنەگرتن، ئەمەش هۆیەکی سەرەکی بووە لەوەی بەدرێژایی مێژوو پرۆژەیەکی یەکگرتووی نەتەوەییمان نەبێ بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانمان، بۆیە دەتوانم بڵێم هۆکاری «ناوخۆیی» جەوهەری ترین هۆی مانەوەی ئەو نەتەوەیەیە بەم حاڵەی کە تائێستا قەوارەیەکی سیاسیی بەهێزی نییە.

* ئەو نەیارانەمان ئەوەی بەرانبەر بەو نەتەوەیە کردوویانە، زۆر بێ ڕەحمانە و دڵڕەقانە بووە و هیچ درێغی لە تاقیکردنەوەی ڕێگایەکان نەکردووەتەوە و لە هیچ شتێ سڵی نەکردووەتەوە نەگرێتەبەر، بۆیە هەر کردەی ئێمە و بردەی ئەوان بووە تا بۆ کۆیلەکردن و هێشتنەوەمان بە برای بچووک چی خێروبیری خاکەکەمان هەیە دەستی بەسەردا بگرن، بەڵام ئەوەی کوردیش وەک «نەتەوە» بەخۆی کردووە هیچی لە تێکدان و پیلانگێڕی دوژمنانی کەمتر نەبووە، بۆیە کوردیش زۆرجار بە یەکێک لە دوژمنە سەرسەختەکانی خۆی ئەژمار کراوە، هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی سەرجەم نووچدان و شکستەکانی بووە.

* با زۆر دوور نەڕۆین و باسی ناکۆکی و ململانێیەکانی نێوان میرنشینەکانی کورد نەکەین کە چۆن ملیان لەبەر ملی یەکدی نابوو و نەیانتوانی بپەرژێنە سەر پێکەوەنان و دارشتنی بناغەیەک بۆ قەوارەیەکی نەتەوەیی کە نەوەکانی دوای خۆیان سوودمەند و بەهرەمەند بن لێی، تەنانەت هەر ئەو ململانەیە بووە هۆی لاوازبوونیان، پاشان لەنێو چوون و نەمانیان و ئەمەش بەپێی مەرامی دوژمنەکانیان وەرچەرخا، تەنانەت هەر ئەو میراتی ململانەیە هاتە نێو کولتوور و ژیانی نەوەکانی دواتر و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆکەشمان ئاسەواری خراپی بەسەرمانەوە هێشتووەتەوە و ماوە.

* هەر دوێنێی نزیک بوو ڕژێمی بەعس زۆر لەسەر «پەرتەوازە کردن»ی کورد کاری کرد بۆ ئەوەی بە ئاسانی بەسەریدا زاڵ بێ و خەونەکانی زیندە بەچاڵ بکات، بۆیە زۆر پیلانی گێڕاو بە کەرستە و مەرام و ئامانجی گڵاوی جۆراوجۆرەوە هاتە مەیدانەوە و هەوڵیدا تایبەتمەندییەکانی لەهجە و ناوچە بکاتە (جیاوازی زەق) و ڕقەبەرایەتی لێ دروست بکا، بۆیە هەوڵی دەدا جیاوازی بخاتە نێو زاراوە و شێوەزارەکانی زمانی کوردی و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە، ئەوەی پێی تەعریب نەدەکرا، بە شێوازی دیکە لە گرێژنەی دەبرد، هەر ئەوکاتیش بوو دوو ڕۆژنامەی جیاوازی بەناوی (بزاڤ) و (ئاسۆ) بۆ هەردوو شێوەزارە سەرەکییەکە دەرکرد، بە حیسابی خۆی ناکۆکی لەنێوان نووسەرانی ئەو دوو لەهجە سەرەکییە دروست دەکات و خەرەندێک لە نێوانیان دەخولقێنێ!

* ئەمڕۆکە دەبێ زۆر بە دیقەتەوە لەو کارانە ورد بینەوە و جارێکی دیکە ڕێگە نەدەین بەهیچ شێوەیەک و بەهەر ناوێک و لەژێر هەر ناوونیشانێکدا بێ کەس پارچەیەک لە جەستەی کۆمەڵگەی کوردیمان داببڕێ و لەژێر ئەو خێوەت و

ڕەشماڵە بچێتە دەرێ و ماڵی خۆی جیا بکاتەوە. هەر کارو پێشنیارو پرۆژەیەک بۆنی خۆ جیاکردنەوەی لێ بێت لەو جەستەیە ئێش و ئازار بە هەموو جەستەکە دەگەیەنێ. هێزو کاریگەریی ئێمە لە «یەکگرتن»مان دایە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نابێ لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا کەس خۆی لە کەسێکی دیکە، یان ناوچەیەک، شارێک، دەڤەرێک خۆی لەوی دیکە بە عاقڵتر و باڵاتر بزانێ، ئاینزایەک لە ئاینزایەکی دی، شێوەزارێک لە شێوەزارێکی دی گرنگتر نییە، چونکە باخچەکە بەتێکڕای گوڵەکانەوە جوانە و بەو هەمەچەشنەییە کۆمەڵگای تەندروست و بەهێز و شارستانی و مەدەنی خاوەن ئیرادە و بڕیار دروست دەبێ کە ناحەزانی ناتوانن زەفەری پێ ببەن. تایبەتمەندیی و خەسڵەتی جیاوازی هەر بەشێکی کۆمەڵگای کوردەواری بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی کۆمەڵگاکە بێ نەک بۆ (دابڕان) و (خۆ جیاکردنەوە) و (پارچە پارچە) بوون!

✱ لەپاش ئەو هەموو ساڵانەی پیلانگێڕی و پەرتەوازەیی، ئەمڕۆکە لە هەموو ڕۆژێ زیاتر کۆمەڵگای کوردیمان پێویستی بە لەگەڵ یەکتر تەفاعول کردن و لەیەکتر نزیک بوونەوەیە و نابێ بیانوویەک بۆ لە یەکتر دوورکەوتنەوە بێتە گۆڕێ. ئەگەر پێش ڕاپەرین هەوڵ درابێ بۆ کەرت کەرت بوونی ئێمە و درز خستنە ڕیزەکانمانەوە بە مەبەستی پەرشوبڵاوی و لاوازکردنی ئیرادەمان، ئەوە ئەمڕۆکە هەلێکی زۆر لە بارە بۆ ئەوەی (شەبەک) و (ئێزدی) و (کاکەیی) و (هەورامانی) و (فەیلی) و شێوەزاری (زازایی) و (لوڕی) و (کرمانجی ژووروو) و (کرمانجی خواروو) و هەر هەموو توێژاڵەکانی نێو کۆمەڵگای کورد دەست لەناو دەست بۆ خەون و ئایندە و یەک چارەنووسی پێکەوە کار بکەن و (کوردایەتی) بکەنە ڕێباز و لەبەرچاوی بگرن، خزمەتی یەکتر بکەن و خۆیان بە تەواوکەری یەکتری بزانن و باوەشی خۆشەویستی و برایەتی بۆ یەکتری بکەنەوە و ئاسۆی بەردەمی یەکتر فراوان و ڕووناک بکەنەوە.

✱ بەم دواییانە وەزارەتی ڕۆشنبیری کارێکی زۆرچاکی کرد سیمینارێکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەت کردنی زاراوەی (زازایی و لوڕی) سازکرد، کە لە ڕاستیدا هەر لە ڕێگەی ئەو جۆرە سیمینارانەوە دەتوانین زیاتر لەیەکتر نزیک ببینەوە و زمانەکەمان دەوڵەمەندتر بکەین و لەهجەکان بە یەکتر ئاشناتر بکەین و لە یەکتریان نزیک بکەینەوە، بۆیە دەتوانین زیاتر لە یەکتر حاڵی بین و کێشەو گرفتەکانمان لەگەڵ یەکتری تاووتوو بکەین و ئاستەنگ و بەربەست و کۆسپ و تەگەرەکان تەخت بکەین، هەر هاتوچۆ کردنی یەکتری و تێکەڵاوی زۆر بۆ خۆی سوودی گەورەی هەیە و تەماشا دەکەین جار لەدوای جار زیاتر لە یەکتر حاڵی دەبین و پرۆژە و خەمە هاوبەشەکانمان زیاتر تێک دەئاڵێن و بەناو یەکدا دەچن.

✱ برایان... خوشکانی عەزیزم... من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانیمە ئەو حەمکە (سەنتەرە) بۆ ئەو زاراوە و توێژاڵانەی کۆمەڵگەی خۆمان بکەینەوە و دیواری نێوانمان کە دوژمنان هەڵیانچنیوە و دروستیان کردووە ئەوەندەی دیکە ئەستوور بکەین و ئەو برایانەمان تووشی (دوورەپەرێزی) زیاتر بکەین، لەپێناوی پلەوپایە و بەرژەوەندی بۆ چەند کەسێک کە سەروکاری ئەو (سەنتەرانە) دەکەن بچین زوڵمێکی دیکە لەو برایانەمان بکەینەوە. ئێمە کە یەک ئایندە و چارەنووس لەگەڵ یەکتر کۆمان دەکاتەوە دەبێ لە هەر کاتێ زیاتر بەگیانی هەست کردن بە بەرپرسیارەتی و بەگیانی کوردانەوە کوردایەتی بکەینە فەلسەفە و ڕێبازی ئێستاو داهاتوومان، ئەو برایانەمان کە دوژمنان لێکیان دابڕیبووین بێنەوە ناو کۆمەڵگای کوردەواری و داوونەریت و گیان و جەستە و خەون و دید و تێڕوانین و پرۆژە و کار و هەوڵەکان تێکەڵی یەکتر بکەینەوە. پێم وایە هەر کارو پرۆژەیەک، هەر لێدوانێک بۆنی خۆ جوداکردنەوەی لێبێ، ماڵوێرانییەکە بۆ خۆی و زەرەرو زیانی گەورە لە ئامانجە ستراتیژی و نەتەوەییەکانمان دەدات.

✱ کاتێ (دەستوور) دەنووسرێ بۆ میللەتێک دادەنرێ کە یەک خاک و زمان و مێژووی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش، یەک ئایندە و چارەنووسی هەیە، ناکرێ لەناو ئەو دەستوورەدا هەر کەسە تەنیا بە ڕەبەی خۆی بپێوی و بۆ لای خۆی و بەرژەوەندی بەرتەسکی ناوچەکەی، دەڤەرەکەی ، شارەکەی، گەڕەکەکەی، شێوەزارەکەی، تایبەتمەندییە ناوچەییەکەی ڕایبکێشێ و داوای بەشی خۆی بکات، خۆ ئێمە خاکی کوردستان و مافە نەتەوەیی و بەرژەوەندییە باڵایەکانمان دابەش نەکردووە تا بەشە میراتەکەی بدرێتە هەر یەکێک لەو توێژاڵانە، چونکە لەو حاڵەتەدا ناکرێ ئەوەی ڕژێمەکان و دوژمنەکان دەیانویست بەرانبەرمان بیکەن ئێمە بە ناشارەزایی بیچەسپێنین و دووبارەی بکەینەوە و لەژێر تایتڵی دڵسۆزی و زامن کردنی (ماف) کاری نەشیاو و نەگونجاو بکەین.

✱ پێم وایە تایتڵی کوردبوون شەرەفێکی گەورەیە بۆ هەر تاکێکی کورد لەمڕۆکەدا تا هەموومان وەک هاووڵاتی کورد لەو دەستوورە نووسراوەدا لەبەردەمی (ماف) و(ئەرکەکانمان)دا یەکسان بین، ئێمە هەموومان پێکەوە جوانین، کاتێ مافی (هاووڵاتی) بوون و یاسا هەبوو، ئەوە یەکسانی و دادپەروەریش دەبێ. توێژاڵەکانی کۆمەڵگای کوردستانیش کە ڕژێمی بەعس و ئەوانی پێش ئەوان دەیانویست تەعریبیان بکەن و لە کۆمەڵگای کوردی دایانبڕن و جیایان بکەنەوە، ئەمڕۆکە دەبێ لە کەشوهەوای ئازادی کوردستان بگەڕێنەوە ناو باوەشی پڕ لە میهر و سۆزی گەرمی نەتەوەکەیان کە هەر هەمووومان هەر یەکێک و بەقەدەر حاڵی خۆی پڕیشکی ئازارو مەینەتی بەرکەوتووە، ئەوساکە هەمووومان تێکڕا خاچی قەدەری کورد بوونی خۆمان هەڵدەگرین و پێکەوە و بەیەک هێز ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆمان دەبینەوە.. بەڵام تکایە بەبێ لە یەکتر دابڕان و خۆ جیاکردنەوە، کورد چیتر بەرگەی لێکترازان و لەبەریەکتر هەڵوەشانەوەی زیاتر ناگرێ!

# ڕۆژباش ڕۆژا!

ڕۆژەن بارناس
(ستوکهۆلم)

ڕۆژباش
بەیانی بەخێر
ئەز و تو
ب چڤیک– فڕێ
سێ هەزار کیلومەترە ژ هەڤدوو دوور
لێ، ب گیانی
ژ جانێ هەڤ ژ هەڤ ڕە نیزیکترن.
دەنگێ من ناگهیژە تە، دزانم
دڤێ بەردەستی سبێ
د خەوکا شیرین
پێژنە
هلینە
کو دبێژمە:
د خەونێ دە ڕۆژ باش
د خەیالێ دە بەیانی بەخێر.
ب نەرمی چاڤێ خوە ڤەکە.
تەڤزی ل سەر تەڤزیێ ب شیرینی
بەلاڤ کە ل جانێ خوە
و ب گرانی
ب بیر بینە کو
ئەڤ حەرکینا پێلێن پێژنێن
د سەر بەژ و دەریا دە
ب ململێن
ژ هناڤی منی سۆتی
ب ئاخێن
دەرکەتیە.
ئەڤ نە نۆ– نووچەیە، مەترسە
ئەڤ دازانینە، ژ دلێ من ڤە
دلێ من
کانیا ئاگر



دلێ من
کەڤانێ ئەڤین
خاریتا دنیایێ ڤەکە ل بەر خوە
ل هێلا باکورین بنهێرە
تێ ببینی
بەژمکی
کو مینا نکولەکی کێڕ
سەرمژێری ئاتلانتیکێ بیە
سەری،
ژ دەریا قەشەمێ گەور
و دلێ وێ
ژ بێریا رۆژێ د غەورە
ئا...
ها!
ل ورە،
هێلینا تەنێیبا دلێ من
گول ل شاخێ
کولیلک د گولیێ خوە دە گەشترە
کو ژ ئاڤێ دەرکەڤە
ماسی دمرە
راستە،
مەرڤ مەرڤ گوتییە
ماسی ژی ماسی
ئەم
نەماسینە، نەگولن، نە کولیلک
– ب چاڤەک خواس
گاڤا لێ بێ نهێرتن–
لێ ئەم ژی
ژ هێلینا خوە یا چاندە– جڤاکی
کو دەرکەڤن
ژ وان گەلەک
نە تێڤەلترن.
ئەز
نە شاخا هەورێ
نە شڤا مێوێ مە
کو بێ رەهـ هێشین ببم ژ نووڤە
ژ نوو ڤە رەهـ بەردم د ئاخێ دە.

تو وسا
ب چاڤەکی خواس
ب مەنتقەکا رووت
ل سنێ من مەنهێرە.
هەرییا من
د دەشتا چاندمکە مێژوویی دە
ب هەزار سالان
هاتیە هەڤیرکرن
و ئەز هاتمە پاهتن
د هێتوونا
نەتەوە– بوويينا
گەلەکی
کەڤنترین
و ئەز
ژ زەردوشت پیرتر
ژ سەدسالیا خوە
هێشینترین.
بیانیتی دژوارە رۆژا
بیانیتی
کابووسەک هارە، د سەر سینگا مەرڤ دە
و تەنێی
مینا دلۆپەکا خواس
ل ئۆکیانووسا مەزن
ب سەرێ خوە
بێ وندا بوون
بێ فەتسین
ژیین...
ئەی تێهنا دناڤ پێلێن خوینێ دە
مە قەرمە
مە قەرسە
رانەوەستە وەشەکی
بفوورە
بکەلە
مەئاوقینە گەڕا خوە
هایا تە
ژ تە
هەبە.

**بۆ وەلاتێ خوە، ژ وەلات دوورم**
**بۆ وەلاتێ خوە جێلی و تەنیا**
**بۆ وەلاتێ خوە**
**ل ڤان دەڤەران تەنگەزارم**
**ئەی ئۆلانا هەیڤێ**
**کو نها**
**لەیلانا وێ ل دیجلێ**
**ل فراتێ د ئیسە**
**ئان مینا کەچپەرییەک دلەیزە**
**ل سەر دەریاچا وانێ**
**و ئەی کەڤرێ رەشێ ئامەدێ**
**کو نها**
**ل بەر تاڤا وێ دبرسە**
**هون ترانن کو دلێ من**
**چاوا ب وە ڤە یە،**
**ب بێریا وە چاوا داڤێژە**
**چاوا د مەرسە**
**ژ وەشێ جارەک**
**رۆزا یێ!**
**خوەشکۆکێ**
**شیرینێ**
**هشازایێ**
**ل پێش ڤێنا من رۆناهی**
**د شێنا من دە سەرکەتنا ل خوەزایێ**
**لێ**
**بووکا یەکشەڤین**
**کو تەڤی زاڤێ رانەزایێ**
**رامیسە ژ بەر من ڤە**
**ب چاڤێ خوە یێ کەسکی بەلەک**
**ستێرکێن مە یەک ب یەک**
**و دەرکەڤە پێرگینا رۆژێ**
**ب سارییا سبێ**
**ببێژە:**
**– ئەی دۆستێ مەیی رابردوو**
**مەفەرا پێشبیرا مە!**
**تێ کەنگێ ببشری ژ مەرە؟**
**کەنگێ ب مەرە**
**دەرکەڤی سەرکەتنێ؟**
**رۆزا!**
**دلزا ئەڤینا من**
**خوەشی، شاهی بۆتە**
**رۆژ باش!**
**بەیانی بەخێر!**

ئەڤ شعرە ژ دیوانا (شیعر-١-) هاتیە وەرگرتن. رووپەلێن ١٩٦-٢٠١، ئەوا ل سالا (٢٠٠٢)ێ ل وەشانێن (نوودەم)ێ هاتیە چاپ و بەلاڤکرن. رۆژەن ژ دایکبوویی ئامەدێ-یە و ل دەستپێکی شعر ب ترکی نڤیسینە و یەکەم شعرا وی ل سالا (١٩٦١)ێ بەلاڤبوویە، لێ دووڤدا ب کرمانجی نڤیسینە و هەتا نها بەردەوامە و یەک ژ نڤیسکارێن هەری ناڤدارێن کوردە.

# وێرانی لە پرسیاری یەکەمدا

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)



کەواتە پێکەنین یانی ئەوەی من و ئەو سبەینێ ڕووبار!!
سبەینێی ڕووباری گەرمەسێری ژن
دەڕژێم
دەڕژێ
دەڕژێین.

ڕژانی ژنی سبەینێ لەمندا درەختە و
سڵاو لە مندا دووکەڵە و
کەڵەکە بوونی هەستی
لە ترپەی دڵما.
درەختی دووکەڵە ئەو هەموو ترپەیە و تەنیا...
ئەگینا پرسیاری کام ژن لە مندا سەوزە؟
بەیانیت باش و
کوا ئەو هەموو درەختە سڵاو بۆ شیعرێک ئەوەرن؟
من لەسەر سێ ڕێیانێک لە کازیوەوە دادەڕژێم:

ڕێی یەکەم: «بەیانیت باش و مەمکی خودای مێینەت
گەشترین وڵامی ژیانە و
ڕوونترین پەرەسێلکەی وێرانی»

پرسیاری ئەلف لەڕێی یەکەمدا:
«وێرانی پەرەسێلکەی گەش تا مێینە
بەیانیت باش و مەمک و ماچ
من شنەم و دەشنێمەوە»
تاوانبارم؟!

وڵامی ئەلف: «تاوانی من شنەی بەردەوامی مێینەیە
لەسەرەتای ڕێی یەکەم و بەیانیدا
بشنێوە ئەی وێرانی ژن
لەمندا
لە پرسیاری یەکەم دا
کە منم.»

**ڕێی دووەم**: «بەیانیت باش و، کافووری لەشت دەخۆمەوە بۆ خەوێکی ئەبەدی
تۆ لەمندا تەواو دەبی
لەمندا باران دەبارێ
لەمندا
خەون دەبینی و
شەوخۆش!»

**پرسیاری ئەلف لەڕێی دووەمدا**:
«خەو لەمندا بەتۆوە ئەبەدی دەبێ..
خواردنەوەی تۆ کافووریترین لەززەتە
من و تۆ لەخەودا
قاقا... بۆ ڕیشی نەفامی وشکە سۆفی دائەگیرسێنین..»
– ئێمە چەندین؟

**وەڵامی ئەلف**: «چەندەی وشکە سۆفی مەیلی زینای حەقیقەتی باخە
ئێمە یەکیەتی پیرۆزی خوداییترین ئەوین و
خەوی ئەبەدی تەنیایین.
– دوو ڕووبار هەر پرسیارێکن
گەر ئاراستەی دەریا کرێن»–
(ئێمە یەکین)

**ڕێی سێیەم**: «بەیانیت باش و قژت ڕەشترین بیرەوەری پەنجەمە
من ون دەبم لە سایە ساری گەڵاتدا
لە تاڤگەی ڕەشیتدا»
– لەتۆدا بێداری و پێکەنین ناگونجێن–

**پرسیاری ئەلف لە ڕێی سێهەمدا**:
«بێداری لەتۆدا ڕەشترین بیرەوەری گەڵایە
– دەوەرم–
من لەتۆدا تاڤگەی ون بوون و
بیرەوەری سێبەری ڕاستی...
– ون بوون دۆزینەوەی سەرەتای حەقیقەتە–
هە... هـ... هەهـ... هە.... ها...
کەواتە پێکەنین یانی ئەوەی من و تۆ سبەینێ ڕووبارانە
بخوشێین و
چیها درەخت گەڵا
گەڵا
لە بەستێنی ئێمە دەڕوێن
کە من سەوز و ئەتۆ بەهار...

زستانی (٨٠) ورمێ

# من ئەو دەمەی خەمێکم بەس

لەتیف فاتیح فەرەج
(کەرکووک)

ژیان ڕاکردنە بەدوای سێبەری مردنا
ژیان ڕاکردنە لە مردن و هیچی دی
ژیان ڕاکردنە و کەوتنە و تەواو
ژیان دەشێ هیچ نەبێت
جگە لە بیرکردنەوە لە دادێ
ژیان دەشێ هیچ نەبێت
جگە لە ڕاکشان لەنێو سەوزەگیای بەهاردا
جگە لە شەڕە ئاوێکی عاشقانە
جگە لە پێکەنینێکی بێ ئەدرێس
ژیان گەڕانە بەهیوای دۆزینەوەی خواوەند
یان هیچ نەبێ هەناسەکانی
هیچ نەبێ یادەوەرییەکانی
هیچ نەبێ جێهێشتنی ماچێکی
لەنێو پەلکی گیایەکدا
هیچ نەبێ بە خەیاڵ ئافەریدەکردنی.
دەشێ ژیان هیچ نەبێت
جگە لە چاوەڕوانی پاسێک کە نایەت
کە دێت پڕە
جگە لە هاوکێشەیەکی عەبەسی
ژیان هیچی دی نییە
بوون، بێ مانایی، مردن
بەربوونەوە، هەستانەوە، کەوتن
گاگۆلکە، ڕاکردن، ڕاکشان
لانک، گۆچان، تابووت
ئاو، خاک، با
ژیان دەشێ هیچ نەبێت و..
ئێمە خوومان پێوە گرتبێت
خوو بە هیچەوە..



دەشێ هیچ نەبێت و..
ئێمە جێیەکی دیکە شک نەبەین
دەشێ هیچ نەبێت و..
ئێمە مت و مووروەکانی دەستی بێن
ژیان دەشێ هیچ نەبێت و..
من وەکی سەرخۆشێکی بەویقار
گۆرانی بۆ بڵێم
ژیان دەشێ هیچ نەبێت و..
من تازە تازە ڕێی بۆ دەکێشم
تازە تازە چوار دیوار بەرز دەکەمەوە
تازە تازە دەمەوێ کەپرێ بکەم و..
باخچەیەک و..
جۆلانەیەک و..
دەنگی دوو کۆتر و..
دەڵێم ئەمەیە ژیان
تازە تازە بە کچێک دەڵێم
مردن لە ترێوە نزیکترە تا بەرسیلە
عیشق لە بەرسیلەوە نزیکترە تا ترێ
سۆفیگەری لە بەرسیلەدا هەیە و
گۆشەگیری لە ترێدا
خوداوەند لە بیرکردنەوەدا هەیە و
شەیتان لە بەردەم ڕێگای بیرکردنەوە
تازە تازە خەریکم سەحەرێک دەڵێم
خاڵە سێوە وەکو منداڵ تێیدا یاری دەکات
لاوکێک
دەڵێم کاوێس ئاغا تێیدا
چاوشارکێ دەکات و..
دەڵێ هەرکەسێ سەیرکات خائینە
من تازە تازە
گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی
بیرکردنەوە لە بەرسیلەدا و
کوژانەوە لە ترێدایە
تا بواری بیرکردنەوە ماوە
مەچۆ تەهلیلەی ترێوە
ژیان جۆرێکە لەم قسانە و
تازە تازە من شیعری بۆ دەنووسم

تازە تازە لەبەر خۆمەوە دەڵێم
ژیان هەندێک خەمخۆری پێویستە
وەک ئەوەی کە خۆی خەم نەبێت
من کە لە ژیان ورددەبمەوە
چۆلەکەیەک دەبینم چینە دەکات و..
عاشقێک دەبینم لەبەر خۆیەوە دەڵێ
شێتییە شێتی
من کە لە ژیان وردەبمەوە
تەنیا ئەو سۆزانیانە دەبینم
ڕاستگۆیانە
بە خەندەوە دەڵێین ژیان تووڕەهاتە تووڕەهات
باشترە دڵی کەس نەشکێنین
خوداوەند فێرمان دەکات دڵی کەس
نەشکێنین
خوداوەند بە تەواوی دڵی، شەیتانی بۆ نەشکا
خوداوەند ئەوەندە دڵی نەرمە
بە ئەبوولەهەب دەڵێ دەستت بشکێ و..
نایشکێنێ!!
سۆزانییەک بە خەندەوە دەڵێ
ئێمە چەند لە خوداوە نزیکین
شەیدایەک بەکوڵی گریانەوە دەڵێ
من چەند لە خوداوە دوورم
ژیان بەو هەموو مانایەوە
شتێکە لە بێمانایی

# ئێوارەیەکی نارنجی گۆرانییەک بۆ ئاگر دەچڕم

**تەرزە جاف**

بۆ: ڕێکپۆش عەزیز

**سپێدەیەک گوتم:**
**ئەو پریشکەی بۆ خۆسووتاندن هەڵی دەکەم،**
**دەیکەمە مەشخەڵێک**
**بۆ ڕۆژهەڵاتێکی نوێ.**

**بەڵام**
**ئێوارەیەکی درەنگ**
**ئێوارەیەکی نارنجی**
**کاتێک هەموو دەرگاکانی قەدەر**
**بە ڕوومدا دادەخرێن**
**کاتێک هەموو چانسەکانی بە مرۆڤ بوون**
**جێم دەهێڵن**
**لەو ڕۆژئاوابوونە نارنجییە دا**
**گۆرانییەک بۆ ئاگر دەچڕم**

**ئەی ئاگری گەرمایی،**
**ئەو کاتانەی هیچ تینێک شک نابەم بۆ گەرم بوونەوە،**
**چ کڵپەیەکی گەرم بەخشی و**
**چ تینێکی ڕووخێنەر و**
**چەنێکیش لە جەرگەی سووتانەوە فریادبەخش.**


**ئەی خواوەندی ژنایەتی ئەم سەردەمە**
**لەم ئێوارە نارنجییەدا**
**پێش ئەوەی تاریکی لە درزی دەرگا و پەنجەرە**
**داخراوەکانەوە**
**دزە بکاتە ناو چاوەکانم و**
**بمتۆقێنێت**
**تۆ چەند فریادڕەس و چەنێک میهرەبان**
**باوەش دەکەیتەوە بۆ هەموو نەهامەتییەکان و**
**بە کڵپەیەک**
**هەزاران ناڵە کپ دەکەیتەوە**

**ئەی نووری فریادڕەس**
**چ ڕووناکییەکی تۆقێنەر لە باوەش کردن بە تۆدا**
**دەخوڵقێت**
**لەم ئێوارە نارنجییەدا**
**ژنایەتی و کوردایەتیم تێکەڵتر دەبن و**
**پێش ئەوەی تاریکی ڕۆحم بڕزێنێتەوە**
**ئەی ئاگری ڕووناکی و گەرمی**
**ئەی کڵپەی فریادڕەس**
**ئەی تیشکی خواوەند**
**ئالەم ئێوارە نارنجییەدا**
**گەر سوجدەیەک بۆ تۆ نەبەم**
**گەر باوەشێک بە تۆدا نەکەم**
**من**
**چی**
**بکەم؟**

ئێوارەی ٨-٩-٢٠٠٦

# کریسماس

ئەمەل دەنقل
لە عەرەبییەوە: عەباس عەبدوڵڵا یووسف



دووان... لە جەژنی زایینی مەسیح-دا ئاهەنگیان نەکرد:
من...و مەسیح

لە نیوەی شەودا، ڕووناکییەکانی ژوورەکەمان نەکوژانەوە
ئەو ژوور ڕووناکی ناناسێت!
ژوورەکەمان، نەشەو دەناسێت نە ڕۆژیش
چاوی مەسیح لە نووتەکیدا مانگێکی خەمبارە
لە خامۆشیدا فرمێسکی لەبەر دەڕوات
یەسووعمان پێویستی بە یەسووعە
خەمووکیی خەمانی سەر هەنیەی بسرێتەوە
ئەو لە جەژنە بەندکراوەکەیدا
هەردوو دەستی خۆی درێژ کرد
جگە لە شیشەی بەندیخانە، ئا... شیشە
تۆقەی لەگەڵ هیچی دیکەی نەکرد
بێ بەڵگەکانی یاد، ڕووناکی بێ گڵکۆ مردووە
کوا مەسیح؟
کوا؟ ئەی ئەوانەی بەناوەکەیەوە نۆشاو هەڵدەقوڕێنن
ئەی ئەوانەی لە یادی کوژراوەکەدا سەما دەکەن
خۆشی لە سەما، لە ئاواز، لە شەراب وەرگرن
خەڵک بێ هۆ سەما دەکەن
لەناو ڕێزی ئەواندا، هەیە
بە ئاوازێکی سەرەتایی، دەهۆڵ دەکوتێ.
لە شارەکەمدا خەڵک سەما دەکەن!
چونکە ئەوانی تر چەپڵە لێدەدەن!
ئەوانەی چەپڵەش دەکوتن،
ئەشێ نەزانن بۆ کێی لێدەدەن
مەپرسن. کوا یەسووع بەخۆی و زەردەخەنە ناسکەکەی
ئەوکەسەی بە مردوویی سەردولکەی بۆ گوت،
بە زیندوویی سەردولکەی بۆ نالێت

**بێ چاو لەناو زیندانێکدا دەمرێت**
**هەراو هۆریای مەیدانیش، دەگاتە گوێ و**
**وەک خامۆشییەکی خورافی دەپووکێتەوە**

**من چاوەنۆڕ بووم، مردن بمرێت، بمرێت**
**لەناو زمانمدا پێتان بوەستێنم، تا خامۆشی گوڵ بدات!**
**– زارێک هەروا لغاو بجووتەوە، ئەرێ پیتی تێدا**
**دروست دەبن؟**
**من کیژەکەم جێهێشت بەسەر شەقامەکانی شارا**
**بگەڕێ.**
**داواتان لێدەکات زەردەخەنەی بۆ بکەن، تەنیا**
**زەردەخەنە**
**بەڵام... پەنجەرەی خانووەکانتان بە ڕووی داخست.**
**گەر با بام. کە هەڵی نەکردایە دەخنکان**
**– گەر بەسەر ئاپوراوی تۆفاندا نووح بام**
**لە کەشتی دەرمدەکردن!**
**گەر نیرۆن بام لەسەر هاڵاوی ئاگردا، دڵەکانتانم پاکژ**
**دەکردەوە**

**بەڵام خۆشم دەوێن**
**دەزانم ئێوە**
**دژ بەوەی خۆشتانی بوێت، شەڕدەکەن**
**بەڵام خۆم بەسەرشانی بچکۆلانەم**
**دارەبازەی خۆشەویستی هەڵدەگرم و دەڕۆمەوە**
**بەڵکو ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو جەستەی خپ بوو بڕواتەوە**
**بەناوی ئەوانەی بەمردوویی لەدایک دەبن و**
**ئەوانەی لە کێڵگەکاندا لەگەڵ ڕووی هەتاوا پێدەکەنن و**
**ئەوانەی بێ شمشێر شەڕ دەکەن**
**ئەوانەی لەگەڵ ئەم ترسە جووت دەبن و**
**هەموو هاوینێک پێی دەزێن.**
**داواتان لێ دەکەم دەرگاکان بۆ مەسیح بکەنەوە**
**تا ڕۆژگاری خۆتانی پێ پیرۆز بکەن.**
**تا لە فرمێسکی داڕژاوەیدا**
**منداڵەکانتان هەڵکێشن**

**دەترسم ئەگەر بەهار تێپەربێ**
**سەماتان بڵاوەی لێ بکات و شەختە دابگرێت**
**ئەوسا یەسووعیش مردبێ**

* ئەمەل دەنقل = شاعیرێکی میسرییە، (١٩٤٠- ١٩٨٣)، ئامـاژەیەکی دیاری شـیـعـری نوێی مـیـسـری و عـەرەبیـیـە و لەو تەمـەنەیدا (کـە تاڕادەیەک کـورتە) داهێنانێکی گـەورەی لەناو شیعری نوێدا کردووە،

کۆمەڵێک دیوانی چاپکراوی هەیە کە ئەمانەن:

(کـوژرانی مـانـگ)، (گـریان لەبەر دەسـتی زەرقـای یەمـامـە)، (پلاربێـژییـەک لەوەی ڕوویداوە)، (سـەردەمی داهاتوو)، (قسـەی نوێ لەبارەی جەنگی بەسووسەوە)، (پەڕەکانی ژووری ٨).

* کـریسـمـاس، کـریسـمـەس= جەژنی لەدایکبـوونی مـەسـیحـە، لەناوونیشـانی دەقە عەرەبییەکەدا، شاعـیر زاراوەی (کریسماس)ی بەکارهێناوە.

* بەڵگەکانی یاد، بەکێلە قەبری یادیش تەرجەمە دەکرێ.

# کۆیله

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

«ئەوه منداڵه بەخێوت کردووه؟ تازه تا دەمرێ دەبێ هەر ئاوا فەلەج بێ. ئەوەش وەڵامی ئازمایشەکانی: ئەو منداڵه کاتی لە دایک بوون عەیبی نەبووه. ئەگەر نازانی منداڵێک بەخێوکەی بۆ شووت دەکرد؟ چۆن منداڵی سێ ساڵان ئاوایه؟ دەڵێی نەمەییوه. چیت داوەتێ؟ شیری خۆت یان شیری وشک؟»

چاوێکت لە مێردەکەت کرد. ڕووبەڕووی تۆ لەسەر کورسیلەیەک دانیشتووه.

چاوت لە چاوی بڕی. چاوت چاوی بەزاند. سەری داخست.

* * *

تازه چلەی کوڕەکەت چووبوو. بەدەنگی گریانی ڕاچڵەکی. تەزوویەک لە تەپڵی سەرتەوه مێروولەی کرد و لەبەری پێتەوه دەرچوو. ویستت هەستی. تەکانێکت لە خۆت دا. دەتکوت بە تەختەکەوه دووراوی. ئاوڕێکت دایەوه. خەسووت لە هاڵەکە نەبوو. هێواش هاتییە خوارێ. بەرەو گریانی کوڕەکەت ڕۆیشتی. گریانەکەی ئاسایی نەبوو. پاڕانەوه. برسییەتی. گریانی منداڵێکی برسی. لە دەرگای دیوی خەوەکەتان نزیک بوویەوه. خەسووت لە دەرگای چێشتخانەکە هاتە دەرێ. لەبەر دەرکی دیوەکەدا لووتتان بە لووتی یەکدا تەقی. مەمکە شووشەیەکی پڕ لە قەنداوی بەدەستەوه بوو.

دەتکوت پشکۆی ئاوره بە دەستییەوه و دەیەوێ بینێ بە دڵتەوه! مۆڕەیەکی لێکردی و لچی هەڵقورتاند. زمانێکی بەملاولای دەمیدا هێنا و گۆڕاندی:

– ژنه تیوه ساویلکەیە! تۆ بنیادەم نەبووی. بە قوربانی خودابم. تۆ خواردنی کوڕەکەی من نەبووی. دڵم خۆشه ژنم بۆ کوڕم هێناوه، دەک تووی ژن ببڕێ. چەن جارم پێکوتووی. بۆ هەوەڵ و ئاخر جوان لە گوێی گره. جارێکی



دیکه گوێت له گریانی ئەو کوڕه بێ و لەسەر فەرشەکە هەستی و بێی به لایدا خۆم دەزانم...

له سووچێکی دەرگاکەوه چاوێکت له کوڕەکەت کرد. دەگریا. سەری به لای بێشکەکەدا شۆڕ ببۆوه. بوغزێکی تاڵ گەرووتی ڕێک گوشی. تف له زارتدا وشک بوو. جەستەت قورس بوو. نا، سووک بوو. خۆشت نەتزانی چیت لێهاتووه. دڵت توند ببوو.

ڕاوەستابوو. نا، به پرتاو لێی دەدا. ئەوه بۆ وات لێهاتووه؟ ئەژنۆت دەلەرزێ. به هەنگاوی شل و دڵەکوتەوه گەڕایەوه. به دوو سێ تەکان توانیت بچیییەوه سەر تەختەی فەرشەکە. دەستت دا قولاپەکە. پەنجەکانت دەلەرزین. هێزیان تێدا نەبوو. بەری دەستت مێروولەی دەکرد. چاوت له ڕەشەوه دەهات. کوڕەکەت به دەنگی کپ و دەمی مەمکەمژه تێ ئاخنراوەوه هەنیسکی دەدا. گەرمایەکی تێکەڵ به موچڕک له دڵتەوه داگەڕا و له هەناوتدا پێچێکی خوارد و بەهەر دوو لاقدا داگەڕا و بن چۆکت گەرم داهات و هەردوو بەری پێیت سڕ بوون. سەرت له گێژەوه دەهات. تاڵەکانت نەدەدی. کزه له قامکت هەستا. قولاپەکەت له دەست کەوته خوارێ. دەسته بێ هێزەکەی دیکەت بێ ئیختیار لەسەر برینەکەت گیرسایەوه. دوو سێ دڵۆپ خوێن ڕژا سەر کۆشت. لەسەر گۆناتەوه دوو ڕیز فرمێسک قەتارەیان بەست و له چەناگەت داوەرین و لەگەڵ خوێنەکه تێکەڵ بوون. خۆشت نەتدەزانی بۆ ئەسرین له چاوت دەڕژێ. له تاوی کوڕەکەته؟ لەبەر ژانی زامەکەی قامکته؟ یان بۆ بەخت و نێوچاونەکەته؟ لەبەر خۆتەوه دەگریای. نا، ورتەت دەهات: «خۆ من زۆر له مێژه فرمێسکم پێ نەماوه. کانیلەی چاوم وشکی کردووه. ئەو دڵۆپه ڕووناکانه چین له چاوم هەڵدەوەرێن؟! دڵم لەمێژه ژاکاوه، گریانم لەبیر چۆتەوه. گریانم پێ نەماوه. ڕەنگه سۆمای چاوم بن هەڵدەوەرێن. چش. چاوم بۆ چییه؟ ژیانم بۆ چییه؟»

دوکتۆر دیسان گوڕاندی:

«لەگەڵ تۆم نییه؟! بۆ ویشک بووی. دەڵێم چی دەدەی بەو منداڵەت؟ شیری خۆت یان...»

چاوت دیسان لەسەر چاوی مێردەکەت گیرسایەوه. شەو بوو. دەستت خستبووه سەر شانی مێردەکەت و پێت کوتبوو: «پیاوەکه منت خۆش دەوێ؟»

قاقای توندی مێردەکەت زرینگەی له گوێت هەستاندبوو. به بزەیەکی شیرینەوه پێت کوتبوو: - سووک پێبکەنه کوڕەکه خەوتووه، دادەچڵەکێ.

پێشت خۆش بوو له خەو هەستێ. هەتا مەلابانگدان دەمی به مەمکتەوه بێ و چەک و چڕیان دا. تێرتێر چاو له چاوی ببڕی و بیگوشی به سنگتەوه. به قامکه ڕەقاڵەکانت بەرمل و چەناگەی ختیلکه دەی و به پشت پشت وەپێکەنینی بخەی. با ئەو لەباتی تۆش پێبکەنێ. بەڵام تەنیا نیو سەعات لەسەر کۆشت بەخەبەر دەبوو و مەمکتی دەمژی. لەپڕ دەمی شل دەبوو و خەوی لێدەکەوت. به ڕۆژ هێنده دەگریا و برسییەتی پێچی به زگیدا دێنا، خەو نەدەچووه چاوی. بۆیه شەوێ خێرا خەوی لێدەکەوت. کەم وابوو هەر دوو مەمکەکەت بمژێ. مەمکێکیانی به تەواوی نەدەمژی. تێری دەخوارد و خەو شلی دەکرد.

«پیاوەکه! گوێم بۆ ڕادەگری؟ دوو سێ کەلیمه قسەم له دڵ...» دیسان قاقای کێشابوو. ئەمجارەیان به تووڕەیی کوتبووی: «- قسه! قسەی چی؟ تۆ قسه چووزانی؟ دایکم چاکت دەناسێ. تۆ قسه چووزانی؟

دەزانم دەتەوێ بڵێی چی. هەر درۆ و دەلەسەکەی شەوانی دیکەیه. دەڵێی دایکم...»

«- نا، ئەو کوڕ....»

«- دەمت لێکنێ. تۆو زمان درێژییان نەکوتووه.» زللەیەکی خێواندبووه لا ڕوومەتت. تەڕییەکی گەرمت لەسەر ناوکت هەست پێکرد. مەلی بیرت به باڵ لێدانێک گەڕایەوه. مەمکت بزووتووه. تک تک شیری لێدەچۆڕێ. له مێژه لەگەڵی ئاشنای. هەموو ڕۆژێ دیوته. هەموو ڕۆژێ لەسەر فەرشەکه مەمکت دەبزووت و بەر زگ و ناوکتی دەخووساند. ئەو کاتانەی بەدەم هیلمە تێوەدانەوه، بەخەیاڵ کوڕەکەت له باوەش دەگرت و دەتگوشی به سنگتەوه. له پڕیش به تەڕایی مەمکت یان به گریانی کوڕەکەت ڕادەچڵەکای. ئێستاش خەیاڵ له خۆیەوه پێچابووی. وەک خەڕەک مێشکی هەڵدەسووڕاندی و بەنی هەموو ژانەکانتی لەسەر ڕۆحت هەڵدەکردەوه. بزووتنی مەمکت وەخۆی هێنایەوه. تەنیا شەواوشەو کاتی خەوتن دەتتووانی مەمک بدەی به کوڕەکەت. ئەویش هەموو شەوێک نا. زۆربەی شەوان

خەسووت لانکەکەی هەڵدەگرت، لەگەڵ مەمکەشووشەی پڕ لە قەنداغ دەیبردە دیوەکەی خۆی. لەگەڵ ئەوەی بە شەقوکوت بێشکەکەی دەبرد و پێچەکە و کەمەی لە چوارچێوەی دەرگاکە دەکوتا، بۆڵەی دەهات: «– چۆن دێڵم دێڵە ساویلکەی وا کوڕم بۆ بەخێو کا. چۆن...»

ئیتر شەو و دڵ گوشران. شەو و ژان. شەو و دابڕان. خوێ لە چاوت دەکرا. ئەگەرچی بەیانی شەو و ڕۆژی تەقە لە دەرگا هەڵدەستا و دەبوو بەدەم باوێشک و وەنەوزەوە بچییە سەر فەڕشەکە. بەڵام ئەو شەوانەی ڕۆڵەت لەبەر هەڵدەگیرا، ژان ڕەپێچەکی دەدای. پرخەی مێردەکەشت دەبووە مشار و کاسە سەرتی دەبڕییەوە. دەبووە مار و بە هووشەهووش لە ملت دەهالا. دەمی ژەهراوی دەنا دەمتەوە و بە گەرووتا دەچووە خوارێ و بە پەڕەی دڵتیەوە دەدا. ژاراوی تێکەڵ خوێن و ڕۆح و هەستت دەکرد.

دوکتۆر دیسان وەدەنگ هات:– لەگەڵ تۆمە! نەخۆشی دیکەمان هەیە. دەڵێم....

چاوێکت لە مێردەکەت کرد. سەری داخستووە. سوور هەڵگەڕاوە. سەری هەڵێنا.

لەبەر تەوژمی نیگاتا خۆی نەگرت. سەری داخستەوە. ڕەنگە قسەکانت لە گوێیدا بزرینگێتەوە:

«گوێم بۆ ڕادەگری دوو سێ کەلیمە قسە بکەین؟»

هەستا سەر پێ، ئیتر دەموچاوە سوور هەڵگەڕاوەکەی نەمابوو. زەرد. یان سپی و زەرد. زەرد هەڵگەڕابوو. چاوی فرمێسک تێزاوی لە دکتۆر بڕی و کوتی:– ئەو، هیچ تاوانێکی.... نییە...مـ.... مـ....من.....

لە پڕمەی گریانی دا و بە پڕتاو بەرەو دەرگاکە ڕۆیی. تۆش چاوێکت لە دکتۆر کرد. هەنیشکی لەسەر کورسییەکەیە و بە قەڵەمەکەی ورد ورد لە ناوچاوانی خۆی دەدا. کوڕەکەت وەک مەلۆتکە بە باوەشەوە گرت و هەستایە سەر پێ. لە پشت فرمێسکی چاوتەوە دکتۆرت دی خەریکی نووسینی نوسخەیە. بە ئەسپایی لە دەرگاکە چوویە دەرێ و وەدوای مێردەکەت کەوتی.

# سەریێ کو هەردەم ژ بیر دکر

فاواز حوسێن
(پاریس)



دەما من دەست ب رەڤێ، ئەز دخوازم بېێژم ب کۆچێ کر، من یەکجار نزانیبوو کو ئەزێ ولۆ دووری ئاخا ئامیدابادێ بچووما.خوێدان ژ هەموو بەدەنا من دهات خوارێ و یا ئەنیا من دناڤ ئەبروو و مژانگان ره دکەت ناڤ چاڤێن من و ئەو دشەوتاندن. دلێ من د سینگا من دە ب هێرس لێ ددا و دکر کو بەلاڤ ببوویا. ئەز وێ جارێ ژبەر کێ درەڤیام؟ ئەز ژ چ دترسیام؟ ئەز ژبەر هەر تشتی درەڤیام؟ هەمووهاویدۆرا من ترسا نەبەندیبوونێ بەرددا ناڤا من. من ل سەر ئاخا زوها دابوو ناڤا لەهیا کۆچا مەزن.

من ژ بیرکر ل گۆر ئوسوولێ ئەز خوە ب وە بدم ناسکرن. نابە کو ئەز سەرێ وە هەما ولۆ بئێشینم بەیی کو هوون بزانین ب کێمانی ئەز کی مە، ژ کیژان عەشیرێ مە، پەرەستدار و مریدێ سەرۆکێ کیژان پارتیێ مە. ئەر ڤێ یەکێ دبێژم ژبەرکو ئەم مینا مرۆڤان ل سەرۆکێن پارتیێن وەلاتێ خوە نانهێرین، لێ مینا پێغەمبەر و خوەدایان ئەم وان دبینین. هەلبەت ئەڤ یەک ب نەزانەبوونا مەڤە، ب گوندیتیا مەڤە، ب کێمهشیا مە ڤە، گریدایی-یە. ئەز هیڤیدارم کو هوونێ ڤێ کێماسیێ دە ببهورن. هشێ من یەکجار نەمایە و ئەز هەر تشتی ژبیر دکم. سەرێ من وەک مۆخلێ، نا وەک بێژنگێ، نا وەک سەرادێ-یە. مەژیێ من سەرادەکە ب قولێن پر مەزنە.

ئێشا من ئەوە کو ئەز بێهشم. ژ بیرا من دچە چاوا کێر ژ دەستپێکا دیرۆکێ دە و ژ رۆژا رۆژ دە ل سەر قرکا من هەما پر دبن، چاوا هەر کەس مرنا من دخوازە.

د رەڤا خوە دە، من پشتا خوە دابوو ئامیدابادێ. د کاروانێ دەربەدەریێ دە، ئانگۆ د کۆچا مەزن دە، ئەز بووبووم هەژمارەک. من بەرێ خوە دابوو تخووبێن دەمێن بێهندەنگ. مینا هەموو سێوی و سەهێن بەردەریێن

دیرۆکێ، مەبەستا من ئەوبوو کو من پشتا خوە بدایا دیوارەکی نەکەتی.

دووری ئامیدابادێ و دەردۆرێن وێ، ئەز ل سەر رێیا درێژ کەتم ناڤا نەوالێن کوور، ئەز ب چیایێن ئاسێ ڤە هەلکشیام. ل سەر رێیێ، لەشکەر، هەموو تەخلیتێن سیخور و ئیستیخباراتان، قاچاغچی، رێبەرێن مافیایێ، چەتە، هەبوون. ئەو هەبوون و وان خوەدێ گراڤی بەرێ من ددا خلاسیێ. یەکێ ئەز سپارتم یێ دن، ترێنەکێ ئەز سپارتم ترێنەکە دن، گەمیەکێ ئەز ئاڤێتم بنێ گەمیەکە دن، کەمیۆنەکێ ئەز دام کەمیۆنەکا دن، باژارەکی ئەز خستم بەختێ باژارەکێ دن.

ئەز دەمەکە درێژ ل سەر وان رێیان مام. من هەر ب ترس ل پاش خوە دنهێری. دەما من نەما پێژنا لەشکەرێن پڕ، کەسێن کو د مرۆڤان دە هلددان، سەهێن هار، بێهنا خەردەلێ و قڕکرنان کر، گاڤا من نەما پێژنا ترسا کوشتنێ، زیندانێ، ڕەنجکرنێ، لێخستنێ، بچووککرنێ کر، هنەکی بێهنا من هات بەر من و بێی حەمدێ خوە، من دەستێ خوە بەر ب ئازمانەکی بێعەور ڤەکر. فاتیحە و چەند سوورەتێن دن ب هێسانی وێ گاڤێ هاتن بیرا من. ئەز رووت، برچی، تی بووم، لێ ئەز ب هەزارێن کیلۆمەتران دووری تخووبێن نەبەدیبوونێ کەتبووم. ئەز گەهشتیبووم ئەورۆپایا رۆژاڤا، وارێ ژینێ، پایتەختێ ئەڤینێ. گەلۆ ئەز ل ئیتالیایێ بووم، ل فرانسایێ، ئان ژی ل وەلاتەکی ژ ئەورۆپا ژۆرین بووم؟ زانینا وێ یەکێ ژ بنی ڤە ژ بۆ من نە گرنگ بوو، لێ من باوەڕ دکر کو ئەز ل فرانسایێ بووم. دلێ من فرەهبوو و من ژ هەموو جانێ خوە باوەڕکر کو ئەز ب راستی گهیشتبووم بەندەرا خەلاسیێ، وارێ ژیانێ. من ژ بنی ڤە نکاریبوو باوەڕ بکرا کو ل بەر دەرگەهەکی ژ دەرگەهێن وی باژارێ هانێ پڕ تشتێ ب سەرێ من بهاتانا. ل گۆرا نیشانان، ئەز ژ ناڤ پێنجێن مرنێ فلتیبووم، ئەز دووری عەورێن خەردەلێ و بێهنا مرنێ کەتبووم. و وەک لاوکێ ناڤپێچەکێ کو دەڤێ خوە بەر ب پێسیرێن گرۆڤەر و مشت شیر ڤە دکە، من ژی خوەدێ گراڤی بەرێ خوە بەر ب چاڤکانییێن ژینێ دکر.

ئەز ب خوە مینا هەموو هەوەلاتییێن خوە دناڤ ترس و ساوێران دە مەزن بووبووم. ب هەزار جاران ئەز و مرنێ ئەم ل هەڤ راست هاتبوون و تاپانا خوە درێژی لنگێن من کربوو. وێ وەها تم ب من دلیست. ژبەر ڤێ یەکێ، ترسێ ب گشتی پێنجێن خوە ژ هناڤێ من نەکشاندبوون. ئەز جاردی ل هێڤیا شەڤێ مام و وێ ژی ولۆ دەست پێ کر و پەردەیا خوە ب سەر روویێ باژێر دە کر. لەمپەیێن مالان ژی دەست پێ کرن پشتی یێن کوچە و کۆلانان پێ کەتن. ل گۆر بێدەنگیا کو خوە ل هاویردۆرێ من گرتبوو. دڤیا بوو کو من بدایا سەر رێیێ، بەرێ خوە بدایا دەرگەهێن باژێر. ئەز ب خوە گهیشتبووم وەلاتێ کە لەهێن کەڤنارە، جیهانا خوارن و ڤەخوارنا خوەش، بێهنێن گرانبووها، ئەز کەتبووم ناڤەندا ژیانا هێسان و بێ سەرێشی بووبووم. عەردەکە وەک یا ئامیدابادێ راست ب قاسی دو سێ کیلۆمەترەیان مابوو. پشتی وێ، داخوازا دلێ منێ ب جهببوویا.

هەیڤا گرۆڤەر بەر ب زکێ ئازمانێ ساهی ڤە بلندبوو، ب پەردەیا شەڤێ هلکشیا و رۆناهیا خوە یا زیڤین ب سەر وێ عەردا دناڤبەرا ئەولەگەها من و دیوارێن باژێر دە وەک بارانەکە تیرو هێنک رژاند. ئەز بێ ترس دەرکەتم. من دەستێ خوە دسەر سەرێ خوە رە بر، پۆرێ خوە راست کر ب تلیێن خوە شەهکر، رێیا من درێژ بووبوو و من د دلێ خوە دە گۆت: «هەما ئەز بگهێژم باژێر، ئەزێ سەرێ خوە بشۆم. رییا خوە کورت بکم و ب کێمانی دوانزدە ساعەتان سەر هەڤ رازێم، چاڤێن خوە نەرم بکم».

گیهایێ درێژ د وێ ناڤبەرێ دە دبن پێێن من دە دکر خوشەخوش و بێهنێ ژ هەر دەرێ د پژقی، بێڤلا من داخ ددا، ئاخ تێر ئاڤ بوو. ئەو نە وەک یا ئامیدابادێ ب ئاگرێن ئازمانان شەوتی بوو. ژ تینا مری بوو. من دناڤ وان عەردان دە ژ خوە رە فیکاند ژی گاڤا ژ نشکا ڤە گوللەیەکێ با قەلاشت و قولەک د سینگا من دە ڤەکر. بەلێ، گوللەیەک بێدەنگ ژ لوولەیا تڤەنگەکە بێدەنگ دەرکەت و د سینگا من دا چوو خوارێ. قیرینا من ئارامیا وێ ڤالاهیێ چڕاند. ئەز ل دۆرا خوە نیڤ فتلێ گەڕیام و وێ گاڤێ، گوللەیەکە دن د مۆڤکێن کاریتەیا پشتا من رە دەرباس بوو. ئەز ل سەر پشتێ درێژ بووم.

پشتی وان هەردوو گوللەیان، تشت پێتر تەڤلیهەڤ بوون. من باوەر دکر کو ئەز دووری پێنجێن مرنێ، بێهنا بارووتێ، دەنگی گوللەیان و عەورێن خەردەلا مرۆڤکوژ کەتبووم، لێ باوەڕیا من سەرۆبنی هەڤ بوو.

دناڤ گیهایێن درێژ دە، ل سەر پشتێ درێژبوویێ، من ل هەیڤا خاپینۆک نهێری و من ناس کر کو ئەز جارەکا دن هاتبووم خاپاندن. ئەرێ، ئەز هەردەم تێم خاپاندن. ئەز

بێهشم، تشتان زوو ژ بیر دکم سەرێ من دەولا ب قولە، بوویەر و سەرپێهاتیێن کال و باڤان تێ دە نامینن. تشتێ چوو مەدە دوو! ئامیدابادی ژ دەستپێکا دەمێ دە وەک بارانێ، وەک پەلێن مری د پاییزێ دە، دکەڤم. ئەز کەتم، ئەز دناڤ خوینێ دە گەڤزیم بێ من نزانیبوو ئێشی چییە. ئەگەر نە ژ گوللەیا دووەم بوویا، گوللەیا کو د مۆڤکەک پشتا من دەچوو بوو خوارێ، وێ ل بەر دەرگەهێ وی باژاری ببوویا بارە بارا من و بەلکی ژی هن ژ شێنی و روونشتەڤانێن وی باژاری بێهنتەنگ ببوویا. گوللەیا دووەم وەک دەرزییەکا پەنجێ جانێ من تەڤزاند و پووچ کر. من نزانیبوو ئێش چیە.

ئەز نزانم چقاس وەخت د وێ ناڤبەرێ رە دەرباس بوو، چەند ساعەت، ئان چەند رۆژ، بەلکی ژی چەند سال و سەدسال، بهورین، لێ ئەز ب کێف بووم. د وێ رەوشا دژوار دە، ئەز ب کێف بووم ژ بەرکو ئەز ل سەر پشتێ و نە ل سەر دەڤ درێژ بوو بووم. ئەز ڤەگەرِیابووم شەڤێن ئامیدابادێ، شەڤێن بەری قرِکرنا وی چەمی و وێ کۆچا مەزن. د عازمانێ ساهی دە، من ل ستێرکان و ل هەیڤێ نهێری. من خوە ل سەر بانێ خانییێ مە دیت. ئەز نەما ل سەر ئاخەکە بیانی درێژکری بووم. ئەز ل سەر بانی خانی، دبن عازمانێ مشت ستێرکێن هوور و مەزن دە، بووم. من خوە ل سەر نڤینان درێژ کربوو و سەرێ خوە دانیبوو سەر هەردو دەستێن خوە. من ستێرک د ژمارتن، ب حەنەکی؛ ژبەر کو ل ئامیدەبادێ، خوەدی ژی نکارە ستێرکان بژمێرە، ئان ژی ئەو دکارە، لێ ناخوازە وەختێ خوە ب تشتەکی ولۆ پووچ و ڤالا وندا بکە...

بەلێ کێفا من ل جهبوو ژبەر کو ئەز ل سەرپشتێ و نە ب سەر دەڤ دە ل وێ راستێ درێژ بووبووم. چەند پێییێن گران ب سەمت نێزیک بوون، نێچیرڤانێ کو لوولەیا تڤنگا خوە بەر ب سینگا من ڤە کربوو و ئەز ل سەر ئاخێ وەک تەرمەکی راست کربووم. د سەر سەرێ من رە راوەستیا. مرۆڤەکی درێژ دەستێ خوە دانی سەر دلێ من پاشێ عەینکەک نێزیکی دەڤێ من کر. چاڤێن من ڤەکری مابوون ولۆ ژی من ئەو نێچیرڤانێ خوە دیت. ب ریبا خوە یا زەر و درێژ. ب بەرچاڤکێن خوە یێن گرۆڤەر و ب بەژنا خوەیا درێژ و زراڤ، مرۆڤەک مینا لەیلانێ، چەند کێلیکان ل بەر چاڤێن من گەه خویا بوو، گەه وندا بوو.

هەردەم دەما مرۆڤ ل سەر مێرکوژ، کوشدار و خوینرێژان دئاخڤە، ئەو وان رووترش و نەخوەشک دبینە. ئەو وان دخە کراسێ لاورێن درندە، وان دکە تەبا، دێو و شەیتانێن بنئاخی و سەرئاخی. لێ ژ من باوەرِ بکن، کوشدار هەمو نە ب ڤی هاوی نە، وەرن ژ من بپرسن. پرِانیا جاران ژ گۆتنێن وان هنگوڤ درژە، تلیێن وان نازک و زراڤن، لێڤێن وان پرِانیا جاران ب کەنن. تشتی کو ئەز دخوازم د دەرهەڤا ڤێ یەکێ دە بێژم، مرۆڤێ کو ل سەر سەرێ من راوەستیا نە وەک گوران بوو، دروڤێ وی نەیی خوینخواران بوو، ئان نە لەشکەرەکی برۆنزی، لەشکەرەکی هەسنی، لەشکەرەکی پاخری بوو. ئەو مێرەکی پرِ ل هەڤهاتی، بەژنزراڤ و بەدەو بوو. وێ رۆژێ، دبن تاڤا هەیڤێ دە، سیبیا خەمگینیەکێ ل سەر روویی وی ئەشکەرە بوو. وی دزانیبوو کو من ژ هەیڤ و ستێرکان حەز دکر و وی هشت ئەز تەخنەکێ ژ خوە رە ل دۆرا خوە بنهێرم. دەما ئەز دبێژم ل دۆرا خوە، ئەز دخوازم بێژم ل عازمانان ژبەرکو گیهاییێن درێژ نەدهشت من تشتەکی دن بدیتا و رۆندکێن چاڤێن من ب هیسانی نە دلڤیان.

پاشێ، وی مرۆڤی، چۆکێن خوە دان عەردێ، دەستی خوە د سەر روویێ من رە بر و من د وان دەستان دە هنەک حەزکرن دیت. ل پاش وان عەینەکێن گرۆڤەر، چاڤێن وی یێن شین خوەشک بوون و ئەگەر ئەز ژن بوومـا منێ بێگومان دل بدایا وان. لێ ئەز مێرەکی دناڤ خوینا خوە دە گەڤزی، ل سەر ئاخا باژارەکی دوور، درێژکری بووم. وی مرۆڤی کێرەک دەڤتووژ ژ کەمەرا خوە دەرخست و ئەو د سەر نەینووکا خوە رە بر و کەنیا. دەستەکی خوە دانی سەر چاڤێن من و ب دەستێ دن کێر دانی سەر زەنگەلۆکا من سەرێ من ژ گەودەیێ من ژێ کر. ئەز یەکجار ب ئێشێ نەحەسیام ژ بەر کو یەک، ئەو گوللەیا کود مۆڤکا پشتا من دەچوو بوو خوارێ بەدەنا من پووچ کربوو، یا دودویان، دەستێ وی مرۆڤی سڤک بوو، بێگومان دەستێ هۆستەیان بوو. کێر د قرِکا من دە چوو خوارێ وەک چاوا کێرەک تووژ تالکەکی گهشتی بکە دو فەلقە.

وی مرۆڤی سەرێ من خست توورکێ خوە، راهشت تڤنگا خوە. ل وێ دەرێ لاشێ من یێ بێسەری ژ بۆ گور و رۆڤی و چەقەل و کەفتاران هشت و بەرێ خوە دا مالێ.

مال، ئەز چ بێژم، نە وەک هەمو مالان بوو. کتێب، دەفتەر، بەلگە ل سەر رەفکان و د جامەکانان دەبوون. شووشەیێن تەنک یێن خوە وەک ماران ل هەڤ دێچاند

هوندر مشت كربوو. ئەز ل مالا مرۆڤەكی پڕ زانا، نژاد ناسەكی ناڤدار، مرۆڤەكی خوەدی دەستهلات بووم. من خوەست چەند پرسێن گرینگ ل سەر ئەنینڤیسا ئامیدا بادێ و ل سەر بەرەڤاژۆیا كۆچا مەزن ژێ بكم. لێ وی مرۆڤێ من دە نەدگەریا.

ئەز باوەڕ دكم كو ئەو مرۆڤ پەتروس بوو، ئان ژی بەلكی مرۆڤەكی گەلەكی دشبیا وی بوو، ئەشكەرە بوو كو وی زانایی گوهـ ل دەرد و كولێن من نەدكر، ئەو ب تەنێ ب كارێ خوە داكەتبوو. پرسێن من پڕبوون، لێ وی بەرێ خوە دا كارگەها خوە. وی ئاگر دادا و بوو پەلڤپەلقا دەرمانان د شووشەیێن خوارۆ مارۆ دە.

من نەكر گازی، ئەز نەڤیریام. ما مرۆڤ دكارە بكە ڤیرین ئان نالین ئەگەر سەرێ وی ژ گەودەیێ وی هاتبووژێكرن؟ ئەز ژبەر بۆمبەیێن كیمیەوی فلتیبووم و ولۆ ژی دناڤا دەرمانێن كیمیاوی دە، پۆر، مژانگ، ئەبروو، چەرمێ روو و گۆشت ب منە ڤە، ب سەرێ من ڤە نەمان. من نەما بەر خوە دیت و د قولێن چاڤێن من رە، د فرنكێن بێڤلا من رە، د گوهێن من رە، مەژیێ من یێ كەلایی دەركەت.

پشتی دەمەكێ، وی كەسی ئاگر ڤەمراند. ئاڤا كو دكر پەلقەپەلق هن ب هن سار بوو. وی ب لەپكێن لاستیكی راهشت كلۆخێ من یێ سپی، ئەز دانیم سەر ماسەیێ. پاشێ وی تشتەك كر كو ناكەڤە سەریان. وی لەمپەیەكە بچووك خست هندورێ من و وی فیشا وێ خست قولا ئەلەتریكێ.

وی پەردە ب سەر پەنجەرەیان دە كر، رێ ل بەر هەموو چاڤكانێن رۆناهیێ گرت. دەما وی لەمپە پێخست ئەز بووم وەك خۆجەیی حزر و رۆناهی ژ من باریبیا. گۆرزێن رۆناهیێ ژ هەردوو گولێن چاڤێن من، ژ هەر دوو گوهێن من، ژ هەر دوو قولێن پۆزێ من و ب تایبەتی ژ دەڤێ من یێ ڤەكری دەركەت و ل سەر كتێب و نەخشەیێن جیهانێ و بەلگەیێن زەربوویی رژیا. بەرییا ڤێ سەرپێهاتیێ من تو جاری بیرنەدبر كو ئەو قاس گول د سەرێ من دە هەنە. وی زانەناسی ب كێف خوەشییەكە دیار دەستێ خوە د سەر تەختكێ ئەنیا من رەبرو تلیا خوە د سەر دەرزان رە گەڕاند. پاشێ وی ئەز برم ئۆدەیەكە دن، ئۆدەیەكە تژە كەسێن وەك من.

ئەز بێهسم، تشتان تەڤلیهەڤ دكم وان ب دەهـ جاران دوبارە دكم. سەرێ من بێ مەژی یە. بێژنگەك شكەستی یە كو تو تشت خوە تێ دە ناگرە. بەلێ، دەما من دەست ب بازدانێ، ئەز دخوازم بێژم، ب كۆچێ كر، من یەك جار نزانیبوو كو ئەزێ ولۆ دووری ئامیدابادا خوە بچم و بتەنگژم. خوێدان ژ هەموو جانێ من دهات خوارێ و یا ئەنیا من من چاڤێن من دشەوتاند. دلێ من و سنگا من دە ب هێرس لێ ددا و دكر كو بەلاڤ ببە.

* * *

بەلێ، د وان سالێن داوین دە، ناڤچەیا ئامیدا بادێ ڤالا دبوو. ل سەر ئاخەكە ئاگری. دبن عالەمانەكی مسینی دە، مە دەست ب كۆچا مەزن كربوو.

د گوندێن وێرانبوویی دە، ب تەنێ كووچكێن بێخوە دیمایی د درێژاهیا شەڤان دە درەیان، گلییێن خوە ب هەیڤا سار دكرن. د ئامیدا بادێ دە ب تەنێ چەمەك هەبوو و ئەو ژی ژ مێژڤە مربوو و زكێ وی بوو بوو سەرگۆیێ گشتی گۆڕستان هەڕۆژ فرەهتر و پڕتر دبوون. هەڕۆژ ئەم بێتر وندا دبوون. مەكنجێن بیانیان ل خوە دكرن، ئەم ب زمانێن وان دئاخفین و مە ژ مێژ ڤە دەست پێ كر بوو مە سەرێ خوە ب خەرافات و خوییێن وان بلند دكر.

كۆچا مەزن دابوو سەر رێیا نەبەدیبوونێ. ئەم ب ملیۆنان بوون، مەدكاریبوو ب پەهینان چیایێن بلند بهەژاندانا، مە دكاریبوو ب میزا خوە لەهی راكرا، لێ، ئەم بێ هش بوون، مە خوە ل تخووبێن نەناس، ل چارەسەركرنێن ئەرزان گرتبوو.

**– د سالا (١٩٥٣)ێ دا ژ دایكبوویە و، ل سالا (١٩٨٨)ێ بڕوانامەیا دكتۆرایێ ل زانكۆیا سۆربۆنی وەرگرتییە ب پسپۆرییا زمان و وێژەیا فرانسییێ دا.**

**– ژ سالا (١٩٩٣)ێ وەرە ل سوێدی ئاكنجی یە، ل پێشییێ ل زانكۆ و پاشان ل ئەنستیتوتا فراسی یا ستوكهۆلمێ كار دكە.**

**– ئەندامێ یەكێتیا نڤیسكارێن سوێدێ یە، هەروەسا ئەندامێ رێكخستنا نڤیسكارێن فرانسایێ یە.**

**– هەتا نها (١٠) كتێب چاپكرینە، هنەك دانان و یێن دن وەرگێڕان.**

# نیوکاتژمێر چیرۆک

**خەبات ڕەسوولی**
**(ڕۆژهەڵاتی کوردستان)**



ئەگەر حەز دەکەی بزانی ئەو چیرۆکە لە کاتژمێر چەنددا خولقاوە، پێت دەڵێم سەعات(١٢)یە و من لە جێدام، خەریکە خەون دەبینم.

ئەو ڕۆژەی (g) باوکم مرد. من شەوەکەی سەعات (١٢) برسیم بوو. بە (x) دایکمم گوت: «دایە برسیمە». گوتی «ڕۆڵە نانی نیوەشەو خراپە. ددان بە جەرگت دابێنە تا بەیانی» بۆ بەیانی (g) باوکم مرد. کە هەڵیانستاندم دەتگوت بە شەپ لە زگمیان داوە. قاڕ و قووڕی زگیشم سەمفۆنیایەکی وەڕێ خستبوو. (x) دایکم بە چاوێکی فرمێسکاوییەوە هەرای لێکردم:

–هەستە نووسەر باوکت ئەمری خودای کردووە. ئەمن بە پەلە دەستم لە چیرۆکنووسین هەڵگرت تا بزانم بۆ (g) باوکم ئەمری خودای کردووە. بەڵام لەو بە پەلە هەستانەم زۆر پەشیمان بوومەوە، چونکە باوکم مردبوو ئیدی پەلەی بۆ چییە؟

دوێنێ شەوێ خەونم بە (k) و (z) برامەوە بینی. لە خەونمدا هێشتا گەورە نەبیبوون. خەریک بووین نانمان دەخوارد. (x) دایکم سفرەی ڕاخست. (k) گوتی من بە ڕووتی نان دەخۆم پێم وابوو تەنیا نان دەخوا و پێخۆر ناخوا. بەڵام خۆی ڕووت ڕووت کردەوە و دانیشت. دایکم چاوی نووقاند. من بە شەرمەوە چاوم لە گیانی کرد. هێشتا تووکی لێنەهاتبوو. هێلکە گونەکانی لەسەر سفرەکە دانابوو قسەی زل زلی دەکرد. من لە خەونەکەشمدا برسیم بوو. لە خەونەکەمدا پێم خۆش بوو هێلکە بخۆم. (z) دیش بە دوای (k) دا خۆی ڕووت کردەوە و دانیشت. (g) باوکم مۆڕەیەکی لە من کرد وەک بڵێی ئیدی تۆ خۆت ڕووت مەکەوە. من زۆر بەخۆمدا شکامەوە. یانی (g) باوکم نازانێ من گەورە بووم و

ئێستا خەون دەبینم!؟ ئەسڵەن (g) باوکم منی لە بیر نەماوە دەنا دەزانێ من قەت بە ڕووتی نان ناخۆم. (x) دایکم لۆبیای کوڵاندبوو. کردبوویە بڵوتێکەوە و لە ناوەڕاستی سفرەکە داینا. چاوم لە چاوی بڕیبوو. چاوەکانی دەبریسکانەوە. بزەیەکی شەیتانیش لەسەر لێوی بوو. دەمزانی بیر لە چی دەکاتەوە. هێرش دەستی پێکرد هەرکەسەی بەپەلە بخوا، نا بدزێ، نا هەڵگرێ، نا نازانم دەبوو فریای خۆت کەوی. (g) باوکم زوو دەمی پڕ کرد لە لۆبیا و دەستی بە خواردن کرد. (z) و (k) تێبەری یەکتر ببوون. (z) بە (k)دەگوت: «تۆ لە هیچمان ناچی تۆ کوڕی باوکم نی. تۆ زۆڵی.دەبێ نان نەخۆی». من ڕقم هەستا هەمووی خەتای (x) دایکم بوو. (x) دایکم نایەوێ ئێمە نان بخۆین (x) دایکم لە ئەسڵدا، دایکم نییە ژنی ئەو جیرانەمانە هاتووە بۆتە دایکم. (g) باوکم دەڵێ «ئێوە قەت دایکتان نەبووە. لەوەتا وە بیرم دێ هەر ئەو ژنە ژنمە». بەڵام بە پەلە قسەکەی دەبڕێ و بەسرتە پێمان دەڵێ: «ئەوەش دایکتان نییە. ئەوە ژنی ئەو جیرانەمانە کە ڕەدووم کەوتووە». دەچمە خەیاڵەوە دەمەوێ بیر لە (x) دایکم بکەمەوە. بەڵام لە پڕ چاوم بەلۆبیا دەکەوێ. پڕ بە پارووەیەک ناندا دەکەم و دەمەوێ پڕی کەم لە لۆبیا بەڵام (k) بە کەوچک تێبەر سەرم دەبێ و پاشان کەوچکێک لۆبیا لە سەر ملم ڕۆ دەکات. من نازانم چۆن لۆبیاکە نەڕژێ. بە دەوری سەرمدا دەخولێمەوە. ئەو لۆبیایە مافی سروشتی منە. پارووەکە لە ملم هەڵدەسووم بەڵام لۆبیاکان هێندە نەرم بوون بە ملمەوە نووساون. دەچمە بەر ئاوێنە و بەئاوێنەیەکی دیکە چاو لە ملم دەکەم. لۆبیاکان چوونەتە ناو تووکی ملمەوە و وردە وردە خەریکن شین دەبنەوە. بڕێکی بیر لێ دەکەمەوە. لە جیاتی ئەوەی ئێستا پارووەیەک بخۆم سالێکی دیکە تەلیسێکم لۆبیا دەبێ. کەوایە لێگەڕێ با شین بێ. دێمەوە ژووری نان خواردن، بەڵام کەس دیارنییە. نە سفرەی لێیە نە کەس لەوێیە. ڕقم هەڵدەستێ. من برسیمە.

(x) دایکم دەڵێ:«ڕۆڵە (g) باوکت ئەمری خودای کردووە».

تەرمەکەی (g) باوکم لە ناوەڕاستی هۆڵێک دانراوە و خەڵکێکی زۆر ئاپۆریان داوە. بە گریانەوە بەرەو ڕووی دەچم . خەڵک ڕێچکەیەکی کردۆتەوە و من پێدا تێپەڕ دەبم. هێشتا نەگەیشتوومەتە لای (g) باوکم، ژانی برسیێتی بڕستم لێ دەبڕێ. ڕوودەکەمە خەڵکەکە و دەڵێم: «تۆ خودا لەتەنانێکم بدەنێ». بەڵام خەڵکەکە ڕەش داگەڕاون و بە دەستە درێژەکانیان بەرەو پێشەوە پاڵم پێوە دەنێن. من لەترێک لێدەدەم و لەبەر دەم دیواری خەڵک دەکەوم. هەڵدەستمەوە دەستەکانم وەک سواڵکەرێک ڕادەگرم و داوای نان دەکەم. یەکێکیان تفێکی زلم پێدا دەدا و دەڵێ «ڕوو ڕەش (g) باوکت لەوێ کەوتووە کەچی تۆ نانت دەوێ؟». من دەڵێم: «نانێکم بدەنێ دوایە(g) باوکیشم دەنێژم». بەڵام خەڵکەکە تێکڕا سەریان ڕادەوەشێنن و دەست دەکەن بە سرتە سرت. پاشان تف بارانم دەکەن. من لە ژێر بارانی تفدا لە بەردەمیان دەگەوزێم و دەتلێمەوە. (w) نەنکم بێ نانی زۆری دیبوو. دەیگوت: «جارێکیان لەبەر بێ نانی پشیلەم خواردووە». من ئێستا بەپشیلەش ڕازیم. پشیلەیەک بە نێو لاقی خەڵکەکەدا دێ و دەچێ و بەنازەوە خۆ لە لاقیان دەخشێنێ. من دەمەوێ بیگرم. بەڵام خەڵک ناهێڵن. پشیلەکە هەڵدێ منیش بەدوایدا. پشیلەکە ڕێک بۆ لای (g) باوکم دەڕوا. من ناتوانم هەڵێم. دەکەوم. پشیلەکە دەچێتە سەر زگی باوکم و دادەنیشێ و چاو دەبڕێتە من. من بە گاگۆڵکە بەرە و ئەوان دەچم. ناتوانم. بەکێ بڵێم: «نان، نان، نان. من نانم دەوێ، نان» چاوم لە ڕەشەوە دێ. دڵم ترپەکەی توندتر بووە (ترپ ترپ ترپ) (نان). ئاو لە زارم دێتە دەرێ و بەلا لەغاوەمدا شۆڕ دەبێتەوە. دوو هەنگاوم ماوە بۆ باوکم. بە تەواوی هێز خۆم فڕێ دەدەمە پێشێ. لەبەر لاقی (g) باوکم دەکەوم. پشیلەکە بەسەر سەری مندا باز دەدا و دەرباز دەبێ. من چاوم دەقوچێنم. دنیا تاریک بووە. پێم وابێ لە برسان مردووم. (g) باوکم هەڵدەستێ و خەڵکەکە چەپڵە لێدەدەن. بژی بژی شانۆیەکی جوان بوو. لامپەکان هەڵدەکەن هەموو دەڕۆن کەلاکی من لەسەر سێنەکە ماوەتەوە. وەخەبەر دێم. سەعات ١٢:٣٠ خولەکە و من هەروا لە نێو جێگاکەمدا گێنگڵ دەخۆم و خەوم لێناکەوێ و چاوەڕێی دایکمم بێت و پێم بڵێ باوکت مردووە.

**«هەولێر – ڕووناکی – ٢٠٠٦»**

# بێدەنگی

ئێدگار ئالان پۆ
له ئینگلیزییەوە: محەمەد ڕەمەزانی
(ورمێ)

شەیتان دەستی نا سەر شانم و گوتی:

«گوێم بۆ ڕاگرە، ئەو وڵاتەی بۆت باس دەکەم، ناوچەیەکە پیاو دڵی لێی دەگیرێ و وا لە قاڕەیەکی دوور هاوکەوشەنە لەگەڵ چۆمی زەئیر. ساتێک چییە، ئەو وڵاتە کپ و بێ دەنگ نابێ بۆ خۆی. ئاوی چۆمەکە دەڵێی گێنۆی زەردە(١) و وەک ڕەنگی ڕوخساری نەخۆشی بە ئاه و دەرد. ئاوی ئەو چۆمە وەنەبێ بەرەو دەریا ڕێ بگرێتە بەر، بەڵکو تا ئەو ڕۆژەی ڕۆژ دەگەڕێتەوە، لەبەر چاوی سوور هەڵگەڕاوی ڕۆژ هەر هاژەی دێ و خۆبێرە و بەوێدا دەکوتێ. فرسەخ فرسەخ، لەم بەر و ئەوبەری ئەو چۆمە کە بە حاڵ دەبزوێ، ئەو دەشتی کاکی بە کاکی دەبینی، ڕەنگ هەڵپڕوسکاوی، پڕ لە لاولاوی سپی کە هەر یەکەی بە قەرا شەیپوورێک دەبن. گوڵی لاولاو لەو بێدەنگییەدا، هەناسەیەک بەگوێی یەکتریدا هەڵدەکێشن و ملی درێژ و ناڵەباریان بەرەو ئاسمان دەکێشن و سەری نەمریان بەرەو پێش دەلەقێنن. هاشە و هووشەیەکیان لێوەدێ، بەخوای کەسی لێ حاڵی نابێ، هەروەک خوڕەی ئاوی بن عەرز دەچێ. هەناسەیەکیش بەگوێی یەکتریدا هەڵدەکێشن.

بەڵام ناوچەی ئەم گوڵانە، سنووری خۆی هەیە. پێت وایە ئەو سنوورە دەبێ چ بێ؟ جەنگەڵێکی تاریک و سامگرانە سەری لە حەوێقی ئاسمانە. دار و گژوگیای کەم باڵای دارستان بێوچان دەشنێتەوە، دەڵێی ئاوی چۆمی هیبریدە شەپۆلان دەدا. بێ ئەوەی بایەک هەڵیکردبێتێ لە ئاسمان، پیرەداری سەروە هەوران کە خوا دەیزانێ چەندەیان دیوە سووڕی دەوران، ڕادەژێن بێ وچان، تا ئاخر زەمان، بەم شاندا بۆ ئەو شاندا، قرچەیان دێ و خشەیان دێ. لە لووتکەی هەر دارێ، دڵۆپ دڵۆپ ئاونگ دێتە خوارێ، ئەو ئاونگەش هەتا هەتایە دوایی



نایە. لەبن هەر داریّ، گـولّی سـەیر سـەیری ژەهراوی ڕوواوە کە هەر یەکەی وەک گیشک خۆی وێک هێناوە و وەنەوزێکی بێ حەسانەوە چاوی پێ لەسەر یەک داناوە. هەوری کولّکنی چلّکن بە گرمەگرم و ڕمبەڕمب، هەتا هەتایە هەر بە پڕتاو بەرەو ڕۆژاوا دەکـشـێن هەتا بەسەریەکدا دەپەستوێن، دەبنە تانە لەسەر چاوی دەم و چاوی پڕ تین و تاوی قـەراغی ئاسـمـان. کـەچی لەو ئاسمانە بەرینەدا تەنیا شنە بایەک، نایە لەهیچ لایەک. گـوێی چۆمی زەئیـر، هیچ کـات و سـات نە بێدەنگە نە مات.

شەو بوو و دایدا باران. چ دەباری، ئاو؟ نا، خـوێناو. ڕاوەسـتـابووم لەناو گـۆلاوێ، لەناو پۆلی لاولاوێ، کـەوتبـوومـە بەر بارانی خـوێناو، نە گـیـانم مـابوو نە سـەروچاو. گـولّی لاولاو، نەیاندە کـرد گـفـتـوگـۆ، هەناسـەیەک بوو هەلّیـاندەکـێـشـا پڕ لە بۆسـۆ، لەبەر دلّتەنگی پڕ لە شان و شکۆ.

لە پڕ، لەپشت تۆڕی ناحەزی تەپ و مژەوە، دەموچاوی سوور هەلّگەڕاوی مانگ دەرکـەوت. لە قـەراغ چۆم، بە چاوی خۆم دیم گاشە بەردێ، لەشی ڕەنگ خۆلّەمێشی، تیشکی مانگ ڕووناکی کردبووە پاش و پێشی، گاشە بەردێکی ئێسک گـرانی قـەبەی قـوون پانی سـەر لە حـەوێقی ئاسـمـان بوو. چاوم بەنێـوچاوی کـەوت، دیتم نووسراوەی لەبەرد هەلّکەندراوی. بەرەو قـەراغی ئاوم نا هەنگاوێ، هاتمە دەرێ لە گـۆلاوێ، گـوتم دەشـقـەم لەو نووسـراوەی سـەر دەربێنم. دیتم لە خـۆڕا سـەری خـۆ دێشـێنم، بەخوای ناتوانم چی لێ هەلّکرێنم. ڕووم کردەوە نێـو گـۆلاو، لە پڕ مـانگم دی ئەوەندەی دی سـوور هەلّگەڕاو. ئاوڕم داوە دیسـان، گـاشـە بەردم داوە بەر سـیلەی چاوان، نووسـراوەکـەم بۆ چۆوە سـەریەک بە تەواوی، ئەدی نووسرا بوو: دلّتەنگی و داماوی.

ڕوانیمە لای تەپلّە سەری گاشە بەردە کابرایەکم دیت ڕاوەسـتـا بوو لەو جـێگا بەرزە. لەنێـو لاولاواندا خـۆم حـاشاردا، گـوتم تۆ خـوا کـەی بزانم ئەو کـابرایە چ دەکـا. کـابرا، بالاّ بەرزێکی وێچـووی ڕەنگ پیـاو، سـەرتاپا بەرگی ڕۆمـیـیـەکـانی زەمـانی زووی کـردبووە بەر. دەموچاویم زۆر باش لێ دیار نەبوو، بەلاّم چاو و برۆ، دەم و کەپۆ وەک چ دەچوو، وەک ئی خـواکـانی زەمـانی زوو. شـەو دایمالّی لەبەر بەرگی ڕەشی، مانگ ئاوا بوو. نەدیو بوو ڕووی گـەشی، تەپومـژ ڕەوی لەسـەر زەوی، ئاونگ

ئاسـەواری نەما ، ئەمـجار بەجـوانی دەرکـەوت دەمـوچاوی کـابرا. برۆی پڕ شـان و شکۆی نیـشـانەی بیرێکی بە تەم بوو، چاوی دەریای پڕ شەپۆلی خەم بوو. خوێندمەوە خەت و شوێنی گۆنای، چیرۆکی مرۆیەکی خەمباری لەبەر شەڕ بێـزاری دلّ پڕ ئازار بوو و ببـووە سـەوداسـەری شـەیدایی تەنیایی.

کـابرا دانیـشـتـبـوو لەسـەر گـاشـە بەردی، نـابوویە سـەر دەسـتی سـەری سـەوداسـەری، دەمـدی نیگـای ئاوێتـەی دلّتەنگی لە ڕادەبەدەری. نیگای نیشـتنەوە لەسەر دار و گژوگیای کەم بالاّی بێ وچانی دارستان، پاشان هەلّکشا بە بالاّی پیـرەداری وا دیبـوویان چەندە سـووڕی دەوران، پاشـان بالّی گـرت بەرەو ئاسـمـانی گـوێ پڕ لە خـشـە و چپەی بێ وەستانی و ئاخری چوو نیشتەوە لەسەر مانگی وا سـوور هەلّگەڕا بوو ڕوومـەت و نێـو چاوانی. من خـۆم حـەشـار دابوو لەنێـو گـولّی لاولاوان، کـابرا و کـرداریم دابووە بەر سـیلەی چاوان. هەلّدەلەرزی کـابرا لەبەر تەنیایی خۆی، هاودەمی وی تەنیا شەو بوو ئەویش لێیدا ڕۆیی، کەچی ئەوا کابرا هەروا بۆ خۆی دانیشـتبوو لەسەر گاشە بەرد.

نیگای کابرا لە ئاسمانڕا بەرەو سەرێ داکشا و بەسەر چۆمی زەئیـردا کـشـا ، ئەویش چ چۆمێ، مـالّی بە قـوڕ نەگیـرێ پیاو دلّی لێ دەگیـرێ، نیگای کابرا بەسەر ئەو چۆمـە زەردەدا دەخـشـێ، چۆم چ چۆمێ، پیـاو بێـزی لێ هەلّدەستێ. نیگای کابرا بە لاولاوی ڕەنگ بڕووسکاوی ناو ئاودا دێ، کابرا گوێی شل کرد بۆ هەناسەی لاولاو و بۆ هاشە و هووشەیان. من خۆم حەشار دابوو لەناو گولّی لاولاوان، کـابرا و کـرداریم دابووە بەر سـیلەی چاوان. هەلّدەلەرزی کـابرا لەبەر تەنیـایی خـۆی. هاودەمی وی تەنیـا شـەو بوو ئەویش لێـیـدا ڕۆیی، کـەچی ئەوە کـابرا هەروا بۆ خۆی دانیشتبوو لەسەر گاشە بەرد.

پاشان بەرەو گوێی گۆلاو سەرم پێوەنا ، دوور ڕۆیشتم، دوور دوور، دام لـە ئاو، ئـەم لام لاولاو، ئـەو لام لاولاو، هەرام کـرد لە ئەسپی ئاوێ، خۆیان وەردابوو لە قوڕاوێ، لەگـوێی گـۆلاوێ، ئەسـپی ئاوی بە عـام، گـوێیـان بوو لەهەرام. هاتە بن ئەو گاشە بەردە، ئەو جانەوەرە زەلامەی وا هی زەمانی زووە و لە تەوراتیشدا نێوی هاتووە، لەبەر تیشکی مانگ، گوڕاندی پڕ بە دەشت و چیا، کێ نەترسە لە دەنگی دەترسا. من خـۆم حـەشـار دابوو لەناو گـولّی لاولاوان، کابرا و کرداریم دابووە بەر سیلەی چاوان. کابرا

هەڵدەلەرزی لەبەر تەنیایی خۆی، هادەمی وی تەنیا شەو بوو، ئەویش لێیدا ڕۆیی، کەچی ئەوە کابرا هەروا بۆ خۆی دانیشتبوو لەسەر گاشە بەردە.

پاشان بەربوومە تووک و نزا، لەخاک و ئاو و ئاگر و با، ئەویش چ تووکێ لە هەر کەسی بکەم پرووزەی بادەبیا. لە ئاسمانی پاک، هەڵم کردە بایەکی خۆفناک. کردمە قیامەتێ، کردمە تۆفانێ، کە وێنەی نەبووە و نە کەس دەیزانێ. ڕقی سروشتم بە جارێ هەستاند، ئاسمانی شینم ڕەش داگیرساند. بارانە وەک قامچی دەست شێتان، بەربووە سەروچاوی کابرای بەستەزمان. ئاوی چۆم هات لەو لاوە. کەفی دەچەند دەتگوت لۆکە ڕقی هەستاوە. لاولاوی بەستەزمان، دەیزریکاند لە تاوان. دارستان بە دەست باران و باوە، دەتگوت قوتووە تێک قۆپاوە. هەور دای لە چەخماخە و گرماندی، پڕیدا گاشە بەردە لە بناخەوە بزواندی. من خۆم حەشار دابوو لەنێو گوڵی لاولاوان، کابراو کرداریم دابووە بەر سیلەی چاوان. کابرا هەڵدەلەرزی لەبەر تەنیایی خۆی، هاودەمی وی تەنیا شەو بوو ئەویش لێبدا ڕۆیی، کەچی ئەوا کابرا هەروا بۆ خۆی بۆی دانیشتبوو لەسەر گاشە بەردە.

پاشان لە دین بووم دەهری، تووک و نزایەکم کرد تاڵتر لە ژەهری. گوتم دەبێ چۆم و ئاو وێڕای گوڵی لاولاو، تۆفان و دارستان، ئاسمان و گرمەی هەوران و هەناسەی لاولاوان، بێدەنگ بن، لاڵ و بێ زمان. تووک و نزای من وای گرتن. دەتگوت بەجارێ مردن. وای بەسەر هات مانگی بەستەزمان کەبەلارە لارەوەش نەتوانێ بگرێتە بەر ڕێی ئاسمان. هەوری دڕ و بێ حەیا، هەر بەجارێ ڕمبە و گرمەی نەما. هەوری دڕ وبێ حەیا، ئیدی نەیوێرا چەخماخە لێدا. هەور کەوت لە هەڵسوکەوت، دەتگوت ئاشە ئاوی کەوت. ئاوی چۆم چۆوە دۆخەکەی خۆی، ئیدی نە بەم لادا ڕۆیی، نە بەولادا ڕۆیی، داری دارستان، ڕاوەستان لە ڕاژان. گوڵی لاولاو چیدی هەڵێنەکێشا هەناسە، من گوتم هەناسە بەسە. من گوتم ئیتر وس، بەسە هاشە و هووشە. لەو بیابانەی بێ سنووری هەزار بە هەزارێ، سرپە و سریوە برا بەجارێ. ڕوانیمە نووسراوەی سەر گاشە بەردە. بەجارێ گۆڕا بوو. دەزانی چی نووسرابوو؟ ئا ئەوە: بێدەنگی.

پاشان چاوم کەوت بەنێو چاوی کابرا. کابرا وا ترسا بوو، بە جارێ ڕەنگی برووسکابوو. بە پڕتاو سەری لەسەر دەستی لابرد. هەستا لەسەر گاشە بەردە، هاتە پێشێ. گوێی ڕاگرت، بەڵام لەو بیابانەی بێ سنووری هەزار بە هەزارێ، سرپە و سریوە برا بە جارێ. لەسەر گاشە بەردە نووسرابوو: بێدەنگی. ئیتر هەر ئەو نووسراوەیە ماو نەگۆڕا. کابرا هەڵدەلەرزی، لە تاوا ڕووی کردە ئەولاوە. پاشان وەک تێسکەی تفەنگ بۆی دەرچوو، نەمزانی چی لێهات ، بۆ کوێ چوو.

ئەو کتێبانەی موغەکان، چیرۆکی خۆش خۆشی تێدان، کەلیمەیەک کەس ناتوانێ لێیان بکا زیاد و کەم، جاری واشە دەبنە مایەی پەژارە و غەم. لەو کتێبانەدا، بەسەرهاتی پڕ شان و شکۆی ئەرز و ئاسمان و دەریای بەتوانای تێدا نووسراوە. باسی ئەو جندۆکانەشیان تێدا کە دەریا و ئەرز و ئاسمانیان لەبەر حوکمدایە. قسەی نەستەقی ئەو ئەستێرەناسانەی وا بە حوکمی تەلعایە، دەزانن بەشەر چی بەسەر دێ و چی بەسەرنایە، زۆر بابەتی خۆش خۆشی تێدایە. ئەو گەلایانەی کە چاوی پیاو کاری نەدەکرد لە خەت و هێڵیان و بە دەوری سەری دۆدۆنادا دەشەکانەوە. بەسەرهاتی زۆر زۆر پیرۆزی زەمانی زووی بۆ باس دەکردی ئەگەر دڵی بداتێ، بەڵام خولا دەزانێ، ئەو چیرۆکەی شەیتان لەوکاتەیدا لەبن سێبەری بەردە قەبرەکەیدا بۆی گێڕامەوە، چم پێدەڵێ پێم بڵێن، بەڵام من بۆ خۆم لەهەرچی حیکایەتی دنیایەم پێ خۆشترە! شەیتان چیرۆکەکەی تەواو کرد و چۆوە نێو قەبرەکەی و لە قاقای پێکەنینی دا، بەڵام ماڵتە من دەنگی پێکەنینم نەهات و شەیتان تووک و نزایەی لێ کردم چونکێ وێڕای وی پێ نەکەنیبووم. دڕندەیەکی کێوی کە هەتا هەتایە، مەنزڵی لەو قەبرەدایە، هاتە دەرێ و لەبەر پێی شەیتان بۆی وەرکەوت و بە ئیشتیا چاوی بڕیە نێو چاوانی.

**پەراوێز:**

**١- لە دەقی ئینگلیزیەکەیدا دەڵێ: دەڵێی زەعفەرانە. ناچار بووم بیکەمە (گێنۆکە) باری هەستیاری و عاتیفییەکەی بە باشی بگوێزمەوە سەر زمانی کوردی. (وەرگێڕ)**

**ژێدەر:**

**Edgar Allen Poe stories, platt and Munk Publishers, New York, 1961**

# لێم گەڕێ با ناوی نەڵێم

محەمەد ڕەحیمیان
(تیکاب)



[شانۆ: دیوێکی نیمە تاریکە، وەک دایرەی پۆلیس یا هەر شوێنێکی دیکەی وا دەچێ، کورسی و مێزی لێیە. تیشکێکی کەم تا پشت سێبەری کورسییەکانی خستووەتە سەر دیواری شانۆکە، شوێن قامکێکی گەورە بەسەر دیوارەکەوە دیارە. شوێنە قامکەکە چوار لەت کراوە..

کابراکە زەردەواڵەیەکی وەدوا کەوتووە، بە دەوری خۆی دەخولێتەوە، زەرەواڵەکە لە کۆڵی نابێتەوە. کابرا دەڵێی لە شتێک دەگەڕێ]:

پێمە... پێمە.. پێمە... پەیدای دەکەم... پێمە...پێمە... پەیدای دەکەم.. بەڵێ... بەڵێ... بەڵێ... بەڵێ... پێمە... پا و پێمەڕە و پانتۆڵ و پارە و پووڵ و پڵاو و پێڵاو پێنووس... پێمە... دەی... دەی... بەڵێ.. بەڵێ.. پێمە...پەیدای دەکەم... پێمە...پێمە..

(زەردەواڵەکە بە کابرا وەدەدا)

کابراکە: وەی... وەی... وەی.. بابە ڕۆ.. بابە ڕۆ

(دەنگی زەردەواڵەکە دەبڕێتەوە)

ئەڵێم... ئێوە پێتانە؟.. ئەمنیش پێم بووە.. بۆ خۆم لە گیرفانی کەواکەم دانا.. زۆر بە ئەسپایی... کوتم با دەقەکەی نەشکێ... «ڕوو بە خەڵکی هۆڵەکە» ئەو بزەیەت لێ چییە؟... نەکا تۆش پێت نییە؟

(لاسایی دەنگی زەردەواڵەکە دەکاتەوە)... بێتو بزانێ... بە بابەڕۆت دەخا... پێمە... پێمە.. ئەمن پێمە... (خۆی دەگەڕێ) بۆ خۆم لە گیرفانی کەواکەم دانا... زۆر بە ئەسپایی... کوتم با دەقەکەی نەشکێ...

* کوێراییت دایێ ئەوەتە لەگیرفان پانتۆڵەکەت، دایکم کوتی...

(گیرفانی پانتۆڵەکەی دەگەڕێ)دەیبینمەوە...

خوشکیشم وای کوت، تەنانەت خێزانیشم...
دەیانکوت، بەڵام ئەوان خۆیشیان پێیان نەبوو..
هەر ئاوان، هەمـــوویان هەر وان، دایمە پێـــیـــان وایە شوێنی هەموو شتێ دەزانن...
دەی ئەوە نییە لە گیرفانی پانتۆڵەکەم نییە... بۆ خۆم لە گیرفانی کەواکەم دانا... زۆر بە ئەسپایی... کوتم با دەقەکەی نەشکێ...
ئەو گورەگورەش باوکمە...
- بیـگرە رۆڵـە... ئەوەتا... تـوند بیـگرە، لیێت ون نەبێ... گێلە وریابە، کەمی هەڵگڵۆفە... لێت خراپ دەبێ.
(بە ترســـەوە) هەر لە منداڵیـــیـــەوە لێی دەترســـام نەمدەوێرا قامک بە کونەکەیداکەم...
من نەمـدەوێرا دەنا ئەوانەی دیکە قـامکیـان بەکـونی ماریشدا دەکرد...
* ئەگـەر بموێرابا قـامکم بە کـونەکـەیدا کـردبا لە ملم دەبووەوە، شەرێ گـاخۆر کوتبـوی... ئاخر ئێـوە نازانن.. چەندە لێی دەترسم... هەر لە منداڵییـەوە بووەتە مۆتە و سوارم بووە... شـەوانە خەونی پێـوە دەبینم کە بە خەبەر دێم... (پانتۆڵەکەی دەگەرێ) دوور لە رووتان... (دەس بە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەکا) پێمە... پێمە... پێمە... پەیدای دەکەم...
هەر بە دوومەوەیە... لە کۆڵم نابێتەوە...
لێم گـــەرێن با ناوی نەڵـێم... ئاخـــر... ئاخـــر... پەرچینێ قاییم...
کونەکەیم دیوەتەوە... ئەوەتا لەو سەرە...
- گـەر قـامک بە کـونەکـەیدا کـەم لە کـۆڵم دەبێـتـەوە، شەرێ گاخۆر کوتبووی...
دەمـەوێ بۆی بچـمە سـەرێ، ناوێرم، تۆ بڵـێی قـامکی پێداکەم، کونەکەی دەڵێم، لە کۆڵم دەبێتەوە؟
بیانووی تازەشیان پێ گرتووم، هەر دەڵێن:
* پێت نییە... لێت ون بووە...
رەنگە هەر لە هەوەڵەوە پێم نەبووبێ... نانا... بۆ خۆم لە گیرفانی کەواکەم دانا.. زۆر بە ئەسپایی... کوتم با دەقەکەی نەشکێ...
نانا هەر ئەم کـەوایەم بوو پێـتـــان وایە چەند کـەوام هەیە...
باوکم هەر دەڵێ:

- بۆتم وەرگرتووە.
رەنگە وابێ... بەڵێ بەڵێ وایە... باوکی هەمــووتان هەر وا دەڵێ... ئێـوەش هەروەک من دەبێ بڵـێن بەڵێ فەرمایشە...
رەنگە وابێ دەی هەروایە. من هیچ شکێکم تێدا نییە.
(زەردەواڵەکە پەیدا دەبێ- پێوەی دەدا)
کابراکە: پێمە... پێمە... پێمە.. پەیدای دەکەم... بۆ خـۆم لە گـیـرفـانی کـەواکـەم دانا... زۆر بە ئەسـپـایی... کوتم با دەقەکەی نەشکێ...
ئێـوە پێـتـانە؟ چاوی لێ کـەن... سـوورە سـوور... بەرگەکەی دەڵێم... بەرگێکی سووری هەبوو...
* سوور... وەک گێلاس... وەک... سێو...
سێو؟...
(فێرگەی سەردەمی منداڵی وەبیر دێتەوە)
* سێو... سوور... سوور وەک سێو...
- بۆ هەر سێوی سوورمان هەیە؟ ئەمن پرسیم.
* بەڵێی سێو سوورە. ئامووزگار کوتی.
- دەی خـۆ لەو بـاخـە دیومـە... بێـجگە لە سـێـوی سوور... سێوی...
* بێ دەنگ بە هەتیو. ئامووزگار گوڕاندی.
- (کـابراکە بەجێی ئامـووزگـار): کوڕینە ئەورۆ باسی رەنگەکـان ئەکەین. پێویسـتـە ئێوە چەند رەنگی گرینگ بناسن، ئەو رەنگانە بۆ ئێـوە زۆر پێویسـتـە، ئەوانە دەبێ لە قووڵایی مێشکتـان بچەقێن، ئەو رەنگە بێ کـەڵکانە کە دیوتانە دەبێ لە بیرتانی بەرنەوە.
- ئامووزگار بەچی لەبیرمانی بەرینەوە؟
* بەهیچ، من یارمەتیتان دەدەم.
- ئامووزگار بۆ دەبێ لەبیرمانی بەرینەوە؟
* ئەو رەنگانە بێ کـەڵکن، بێ خـەوشی رەنگەکـانی تر تێک ئەدەن. ئێستا لەگەڵم بیلێینەوە:
رەنگی بەفر سپییە.
رەنگی گەڵا سەوزە.
رەنگی گێلاس سوورە.
رەنگی هەور خۆڵەمێشییە.
رەنگی ئاسمان شینە
- ئامــووزگــار... ئامــووزگــار رەنگی... رەنگی... هەتاو...
- رەنگی گەنم.

– ڕەنگی جۆ.

– ڕەنگی...

* بێ دەنگ، بێ دەنگ... ئێـمـە پێـویسـتـمـان بەو ڕەنگە نییـە... ئەو ڕەنگە زۆر گرینگ نییـە.. هەروەک نەبوو بێ وایە... لەبیری بەرنەوە.

– ئامـووزگـار.. ئامـووزگـار... ئەی... ئەی... گـەر وابێ ژنە جیرانەکانمان بە خوشکە لاوازەکەم دەڵێن چی؟

* دیارە ڕۆڵە دەی نێوەکەی دەڵێن.

– نا... نا... خوشکە چکۆلە لاوازەکەم... ئەوان پێی دەڵێن... پێی دەڵێن.. بیلێم؟

* بە ئەسپایی... زۆر بە ئەسپایی.

– بە خۆشکە چکۆلە لاوازەکەم دەڵێن.. زەدۆڵە...

– ئەی ئامـووزگـار بە... بە بیـەکانی بەر ماڵی ئێمـە ئەڵێن چی؟

* بی دەی، پێی دەڵێن دارە بی.

– نا... نا... پێ دەڵێن... دەڵێن... بیلێم؟

* زۆر بە ئەسپایی.

– پێی دەڵێن زەردە بی.

– ئامـووزگـار... ئامـووزگـار ئەی ئەوەی دایکم لە ئاشبەزخانە لە پەنای ئاڵەتەکە دای دەنێ، دەبێ چی پێ بڵێین؟

* چووزانم... پێی بڵێین... ئەوەی پەنای ئاڵەتەکە.

– نا... نا... ئەو دەم باوکم لەگەڵ خوێکە لێی تێک دەچێ...

* پێی بڵـێین... بڵـێین... ئەوەی نێـوان ئاڵەتەکـە و خوێ دانەکە.

– نا... نا... ئەودەم باوکم لەگەڵ سماقەکە لێی تێک دەچێ.

* وس بە کوڕی کە... کەروێشک.

– ئامـووزگـار لێی گـەڕێ با... با... پێی بڵـێین... زەردە چ... چ...

* بێ دەنگ... بێ دەنگ.

– ئامووزگار... ئامووزگـار... ئەی کوڕەکـان بە بزەی لێوی کچەکان... دەڵێن چی؟

* دەڵێـن... دەڵێـن... لێی گـەڕێ... هیچ کـچـێـک نابێ بزەی لێوی بێ.. حەرامە ڕۆڵە حەرام.

(دەنگی زەردەواڵە)

– وەی... وەی... ئـامــــووزگـــــار... بابەڕۆ...

ئاموزگار... ئامووزگار پێوەی دام..

* چی.. چی.. چیبوو؟

– زەردەواڵە بوو ئامووزگار پێوەیدا.

* زەهری مـار واڵە... ئەمن دەڵێم ئەو ڕەنگە لەبیـر بەرنەوە... ئەو هەمـوو ڕەنگە جـوانە هەیە... سـوور... سەوز... خۆڵەمێشی... سپی... شین... ڕەش...

– دەی ئامووزگار بەو دەعبایە بڵێین چی... بەوەی کە پێوەمان دەدا؟

* ئافەرین... ئافەرین، پێی بڵێین دەعبا، دەعبایەکی سەیر... پێ مەکەنن.

– نێوێکی بۆ ببینەوە ئامووزگار، وادیارە نایزانی.

* بێ دەنـگ... من جـوابی هەمـوو شـتـێک دەزانم... من ئاموزگارم.

– دەی نێوێک بۆ زەردەواڵە ببینەوە.

* بێ دەنگ بە... کـوڕی.. ناوی مــەهێنە... ناوی لەبیـــر بەرنەوە... دەنا... هەر پێـــوەتان دەدا... وەک مـار... مـارێکی چوار سەری وەک ئەژدیهـا... ئێـوە لە خۆتان نەپرسـیوە بـۆ قـەد بە منەوە نادا، دیارە چون ناوی ناهێنم. کارم چییـە. قەت ناوی مەهێننە سەر زار، دەنا پێـوەتان دەدا، وەک مـار، هەمـوو شـەوێ خـەونی پێـوە دەبینن،... لە میزی خۆتانا... پێ مەکەنن...

– ئامــووزگــار... ئامــووزگــار... ئاوا لە زەردەواڵە دەترسێی؟

* زەهری مــارواڵە... ژان واڵـە... دەردی بێ دەرمــان واڵە... وس بە کــوڕی ســە... ســەرەخــۆرەی تەپڵــە سەرەی... سەرانگوێلک سەیرو سەمەر.

.... دەزانن چییـە با جـوان تێـتـان گـەیەنم... لەوە بەولاوە هەر کەسێک... ئەو ڕەنگەی بێتە سەر زار ئەو دەعـبـایەی لێ پەیدا دەبێ و دەسـبـەجێ پێـوەی دەدا... یانێ گۆڕی بابی دە... گازێ... زۆر خراپیشی دەگازێ. مەیلێـن ڕۆڵە... مەیلێین... لەبەر ئێوەمە... ئەو ڕەنگە سـیــحـری لێ کـراوە... عـەجـایبـاتە. بە دایک و باوکیشـتانی بڵێین. بە برا و خۆشکەکانیشـتانی بڵێین. قـەت نـاوی مـەهێنن. لەبیـری بەرنەوە هەر کـەس ئەو ڕەنگەی بێـتە سەر زار لە ڕێوە ئەو دەعـبایەی لێ پەیدا دەبێ و وەک مـار دەیگازێ. ئاگـاو لەخۆ بێ... نەیێـتـە سەر زارتان... سوور سوور دەزانم...

(دیسان دایرەی پۆلیس)

کـابراکـە: ئا... ئا... ڕەنگی سـوور بوو... سـوور سوور... بەرگەکەی دەڵێم... بۆ خۆم لە گیرفان کە واکەم دانا زۆر بە ئەسپایی.. کوتم با دەقی نەشکێ... پێمە قوربان پێمە...

* پێت نییە. درۆ مەکە... سوور سوور درۆ دەکەی...

– ئا... ئا... سـوور بوو بەرگـەکـەی دەڵێم... بۆ خۆم...

* گیرفانی کەواکەت سەرت بخوا... دەقەکەی ملت شکێنێ...

* وەرە پێشێ بزانم بۆرە.

– ئا... ئا... ڕەنگە بۆر بووبێ... بەرگـەکـەی دەڵێم... بۆ خۆم لە...

* هەر وەک کەواکەت ڕووت ڕەش بێ بۆ درۆت.

– ئا... ئا... ڕەنگە... ڕەش بووبێ... بەرگـەکـەی دەڵێم.

* نایلـێی چاوت دەرێ، بۆ خۆمان دەزانین بۆ سنوورت تێپەڕاندووە.

– کۆڵبەرم قوربان.

* کۆڵبەری؟ بیلێ کەچەی، بیلێ دەی.

– کوڵ.. کوڵبە... کۆڵبەر...

* چی؟... چی؟ دیسان نوقتەکەت هێناوە خوارێ؟

– نا نا دەبیـەمـە سـەرێ، کـوڵنە... کـۆڵنەدەرم... کـۆڵبـەر... یانی کـۆڵبـەری کـۆڵنەدەرم... کـۆڵنەدەری کۆڵبەرم... نانا... کۆڵبەرێکی کۆڵنەدەرم...

* وس بە وس... بەو چاوە سـوور هەڵگەڕاوانەتا دیارە... بۆ شەوێ نەخەوتووی؟

– ئا... ئا... سوور بوو سوور، بەرگەکەی دەڵێم.

* نایلێی سەرت پەنەمیا بەقەد درۆکانت.

* بۆ خۆمان دەزانین بۆ سنوورت پەڕاندوە سەوزەگیان.

– ئـا... ئـا... سـەوز بـوو... سـەوز... ئاموزگارەکەمان کوتبوی کە ڕەنگی سەوز و سوور زۆر گـرینگە... بەرگـەکـەی دەڵێم... بۆ خـۆم لە گـیـرفـان کەواکەم..

* کەوا زەردەکە؟

– نانانا مەیلێ... مەیلێ... وەک مار دەتگەزێ...

(زەردەواڵەکە پەیدا دەبێ بەکابراکەوە دەدا)– (فێرگەی سەردەمی منداڵی وەبیر دێتەوە)

– ئای... ئای... ئامـووزگـار... ئامـووزگـار دیسـان پێوەی دام.

* ناڵێم ناوی مـەهێنە ڕۆڵە... بەی چۆن ئاوایە... دەوگەزێ... وەک مار.

کـوڕینە جـوان سـەرنج بەن، ئێـسـتـا باسی ڕەنگەکـان تەواوە، هەمووتان دەربهێنن.

– چی ئاموزگار؟

* دەفتەرەکانتان دەڵێم، خەریکی وێنەکێشان بن... بۆ خۆتان بیربکەنەوە، وێنەیەکی جوان بکێشن... دەی دەس پێ بکەن.

– ئاموزگار من هەتاوم کێشاوە.

* دەی باشە زۆر باشە.

– ئاخر.. ئاخر.. چ ڕەنگێکی لێدەم؟

* سوور.. بە سوور ڕەنگێکە.

– سوور؟ هەتاو چۆن سوور دەبێ؟

* بەی چۆن هەتاوی بەرەبەیان سـووورە.. هەتاوی ئێواران سوورە.

– ئاخر ئاموزگار من.. من هەتاوی نیوەڕۆم کێشاوە.

* تۆ منداڵی نابێ تاوی نیـوەڕۆ ببـینی.. نیـوەڕوان دەبێ بخەوی.

– ئامـووزگـار.. من گـەنمم کـێـشـاوە.. چ ڕەنگێکی لێدەم؟

* دەی دیارە.. سەوزە.

– نا.. نا ئاموزگار گەنم کوا سەوزە؟

* با گەنم، سەرەتا سەوزە..

– نا نا ئامـووزگـار ئەو گـەنمەی من کـێـشـاومـە پێگەیشـتـووە، ها، ها، تەمـاشـا کـە، ئەوەیش باوکـمـە خەریکە دەیچنێ.

* لەو گـەنمە گەڕێ، لە گەنم گـەڕێن، لە هەتاو گەڕێن، ئەوانە ڕەنگی ناحـەزیان پێـوەیە، ئەو دەعـبـایـەتان پێـوە دەدا، ئێوە نابێ وێنەی...

(دیسان دایرەی پۆلیس)

– ئا ئا.. وێنە، وێنە.. پێمە.. ئێوەش پێتانە؟ (ڕوو لە دانیشتووان)

– ئا دەربهـێنن.. سوورە، سـوورە، بەرگەکـەی دەڵێم، وێنەکەشتـانی لە سەرە.. منیش وێنەکەمی لەسەر بوو.. هەر بۆیە بە ئەسپـایی لە گـیرفـانی کـەواکەم داناکوتم با دەقەکەی نەشکێ.

* وێنەی پشیلە بە مڵ و مۆ، سووکێ سنوور ئەپەڕێنی

هیچیشت پێ نییه... واوه گەڕێ.
(کابراکه واوه دەگەڕێ)
* مـردیکه زیرتی زرزر مـیـزنی زیر حرفـات مـفت هم نمیارزه پۆلیسەکه کوتی.
* وەوه گەڕێ.
* قـاچاقاچا قـاچسـتان قـاچاق قـاچسـان؟ پۆلیـسـەکـه کوتی.
* وەوەگەڕێ.
* یالجبوون انت جیش الجبن. پۆلیسەکه کوتی.
– وەک جــالّجــالّۆکــه چواردەوریان لێ چنیـــوم، کـەوتوومـەتە پەلەقـاژە، بە هەر لایێ ئەکـەوم دەلّێن سنوورت تێ پەڕاندووە.
– ئایره سـووره له منەو دووره، هەر کـوێ دەچم هەر سنووره، ئایره سووره.. ئایره سووره لە منەو دووره، هەر کـوێ دەچم هەر سنووره، ئایره سـووره.. ئایره سـووره لە منەو دووره، هەر کوێ دەچم هەر سنووره، ئایره سووره..
ئا ئا.. سوور بوو.. سوور بوو.. بەرگـەکەی دەلّێم...
(زەردەوالّەکـه پەیدا دەبێ) پێـمـه.. پێـمـه.. پێـمـه.. ئەوەتا.. دەیبینمەوە...
(فێرگەی سەردەمی مندالّی وەبیر دێتەوە)
– ئاموزگار.. ئاموزگار.. زەردەوالّەیەکم کێشاوە...
* وس بە وس هەتیـو.. نالّێم باسی مـەکەن، پێـوەتان دەدا، ئەوەتا ئەو فەقیرە کە ناوی دەبیسێ فێی لێ دێ.
ئاموزگار قامکی بە لای منەوە کێشا...
* وایه ڕۆلّە فێت لێ دێ؟ ئاموزگار لێی پرسیم..
وای پرسی کـه دەبێ بمکوتبـاێ بەلّـێ.. بەلّێ، ناوی مەهێنن فێم لێ دێ.
فێم لێ هات بە گازی پشـتـا کـەوتم، هەمـوو عـالەم پڕ بوو لەو دەعبـایە، لە کـون لووت و گوێم دەچوونە ژوورێ، یەکێ بە کـونی لووتم دا چووە ژوورێ، قـسـەکـەی شـەرێ گاخۆرم وەبیر هاتەوە:
* گەر قامک بە کونی دا کا لە ملی دەبێتەوە.
قامکم بە لووتم دا کرد، خوێن لە لووتم فیشقەی کرد، لافاوێک لە خوێن هەسـتا.. نەمدەزانی ئەوەندەم خـوێن پێـیـــه کــه ورده ورده بە خـۆمــدا هـاتم، ئامــووزگــار بڕیارنامەکەی دەخوێندەوە، تازه لە سەرەوە هاتبوو.
* .. بڕیتێن لە
١– لەوە بەولاوە هێلکەی دوو زەردێنە قەدەغەیە.
٢– هێلکەی یەک زەردێنەش هەر قەدەغەیە.
٣– بە مـریشکەکـانتـان بلّـێن هێلکەی بێ زەردێنە بکەن.
٤– خواردنی چەرمێنەی هێلکە حەلالّە، بەلاّم خواردنی زەردێنەکەی حەرامە.
داکۆکی: گەر بێتو تۆزێک، هەر تۆزێک لە زەردێنەکەی تێکەلّ بە چەرمێنەکەی بێ.. دیارە ئەو چەرمێنەیەش هەر حـەرامـه، ئاگـر لە مـالّی خـۆ بەرمـەدەن.. هێلکەی بێ زەردێنە بخۆن.
٥– گـەنمەکـانتـان زوو بە زوو درەوکـەن، گـەر بێـتـو تۆزقـالّـێک زەرد هەلّگەڕابێ، ئەوەش هەر حــەرامـــه، درۆێنەی گـەنمی زەرد، یان کـشـتـوکـالّی هەر تۆبەک کـه بزانی پێ دەگا و زەرد دەبێتەوە، یاساغه.
٦– هەتاو تیــشکی بەزەیی خــواکـــانه و ناوەندە زانستییەکان تێ گەیشتوون کە ڕەنگی هەتاو سپییە، بۆیە لەوە بەولاوە دیتنی هەتاو بە ڕەنگی زەرد کـارێکی نازانستی و نایاساییه و زیندان و ئەشکەنجە و بگرە سێ دارەشی بەدواوە بێ.
٧– لەوە بەولاوە گـەلاّی داری هیچ دارێک نابێ زەرد بێتەوە، بۆیە هەمـووتان لە سەرتانە زوو بەزوو پێش زەرد هەلّگەڕانی گـەلاّی دارەکـانتـان، دانە دانە گـەلاّکـانی لێکەنەوە، دەنا بەپێی یاسـا دارەکـانتـان ڕیشـەکـێش دەکرێن.
داکۆکی: بە پێی زانستی تازە، هۆی نەخۆشییەکان ئەو ڕەنگە نالەبارەیە، بۆیە قەیسی هەر بە سەوزی دەبێ بمێنێ و شـێـلاّنە بێ شـێـلاّنە. هیچ دارێک سێوی زەرد بەرهەم نەهێنێ.
سـەرنج بەن، ئەم بڕیارە بە حەوت یاسـاکـه دەناسرێ و لەســەرتانە بە مــووری بیـگرن و بیکەن بە ملوانکەی کچەکانتـان و بیکەن بە بەیازی بالّی کوڕەکـانتان، ئەمە بەزەیی خواکانە کە تێتان دەگەیەنێن، لاپەڕە بە لاپەڕە...
(دیسان دایرەی پۆلیس)
– پێـمـه.. پێـمـه.. چەند لاپەڕەشی پێـوەیە.. نێـومی لەسـەر نووسـرا بوو.. ئێـوەش پێـتـانە.. چەند لاپەڕەشی هەیە.. نێوتانی لەسەر نووسراوە.. نێوی منیش بە چوار خەت نووسراوە، بۆ خۆم لە گیرفانی کەواکەم دانا.. زۆر بە ئەسپایی، کوتم با دەقەکەی نەشکێ.
(زەردەوالّەکـه پەیدا دەبێ، کـابراکـه وەک زەردەوالّە

ویزەی لێوە دێ، وەدووی زەردەواڵەکە دەکەوێ، ماوەیەک لەگەڵ زەردەواڵەکە ململانێ دەکا)

بیگرن بۆم، بیگرن بۆم، نا نا.. مەیگرن لێی گەڕێن بڕواتە کونەکەی.. ئەگەر قامک بە کونەکەی داکەم.. لە ملم دەبێتەوە، شەڕێ گاخۆر کوتوویە..

ئەوەتا خەریکە بڕواتە ژووری (بە کابراکەوە دەدا).. وەی بابەڕۆ.. کوا کوا بە کوێدا چوو؟ ئێوە نەتان دی؟ شەڕێ گاخۆر دەیکوت..

* شەڕێ گاخۆر؟ سیخوڕی بۆ دەکەی.. دەی دەی.. لەو سەرە چیت دەکرد؟

– چووم.. چووم.. قامک بە.. قامک بە....

* قامک بەم کاغەزەوەنێ.. دانێ پێ دانێ کە سیخووڕی بۆ...

– ئا ئا... وەبیرم هاتەوە، قامکیشم پێوە نابوو، ئاوا بە تەواوی هێزمەوە.. مردبووم لەبەر پێکەنین، شوێن قامکەکەم سەیر بوو... دەڵێی جاڵجاڵۆکە تەنیویە. کابرا کوتی:

«هونا، هونا»... تێنەگەییم.. باوکیشم تێنەگەیی.. باوکی ئێوەش هەر تێنەگەیی بوو..

گوڕاندی: «بورا بورا»، هەر تەقەی سەرم هات و هیچی کە.. لێم ڕاست بووەوە: «کوری مگە، اینجا» بە ئاماژەی قامکی باوکم تێگەییم.. ئەویش هەر بە ئاماژەی قامکی باوکی تێگەیی بوو.. ئێوەش هەر بە ئاماژەی قامکی باوکتان تێگەیین.. باوکیشتان هەر بە ئاماژەی قامکی تێگەیی بوو...

قامکم پێوە نا.. پێم بوو.. بۆ خۆم لە گیرفان کەواکەم دانا..

* شەڕێ گاخۆر.. چەندی لێ وەردەگری.. سیخوڕی بە هەرزان نەکەی کوڕە.. قیمەتەکە ئێگجار لە سەرێیە.

– ئا ئا لە سەرێیە، ئەوەتا.. کونەکەی دەڵێم.

* کونەکەی کێ؟

– لێم گەڕێ با ناوی نەڵێم، پێوەم دەدا.

(کابراکە بەسەر مێزەکاندا دەگەڕێ، کورسییەک لەسەر مێزێک دادەنێ، قامک بە کونێک دەکا کە لە بنمیچ دایە، کۆڵێ ناسنامەی لێ بەردەبێتەوە، کابراکە وەک زەردەواڵە ویزەی لێوە دێ، بە دەوری خۆی دەخولێتەوە...

**٣ی گەلاوێژی ١٣٨٣**

# گوڵی مریەم

**توانا ئەمین**
**(سلێمانی)**

زایەڵەی هاوار و دادی ژنێک وەک لوورەی بایەکی دوور لە گوێما دەزرنگێتەوە، ئەڵێی لەمن هەڵدێن ئەڵێی لە باران... بیر لە مردن دەکەمەوە، خۆشم دەوێت و لێشی دەترسم ئەم دوو هەستە بەردەوام پێکەوەن کەم جار ڕێککەوتووە من تووشی یەکێکیان ببم و ئەوی دییان دیار نەبێت.. لارە لارو بێ حەواس شتێک لە موغازەیەک دەکڕم و ئەو کۆڵانە درێژە دەبڕم کە کۆتاییەکەی لە شار و دنیایەکی ترە و سەرەتاکەشی ئەوەتا لێرە لە کووچەیەکی پەراوێزی شاری کەرەج.

لەبەردەم دەروازەی ماڵێکا ڕاوەستاوم و وەکو مریشکێک جێ بۆ چینە خۆشکات دەستم لەخۆڵی بەردەرگاکەیاندایە، وەک منداڵێکی چەتوون خۆڵەپەتانێمە بێ مەبەست و نازانم لەبەرچی بۆ شتێک دەگەڕێم کەوا دێتە زەینمەوە، زۆر بۆی پەرۆش و داماوم! کەسێک دەرگا ڕەشەکەی ماڵی خۆیان بەهێواشی دەترازێنێت، پیاوێک بەچاوێکی خەواڵوو و زڕاوەوە پۆلیسانە پرسیار دەکات «چ کار می کنی؟» دەستم هەر لەخۆڵەکەدایە و هیچم نەدۆزیوەتەوە... هەڵبەتە دەنگی ناسازی بەیانی ئەو زلتە پیاوە لە شوێنی خۆم ڕایچڵەکاندووم، سەر بەرز دەکەمەوە، هەناسەیەک هەڵدەکێشم کە لە هەناسە هەڵکێشانی مرۆڤێک دەچێت دوای زەمانێکی زۆر لەچاوەڕوانی کردنی کەسێک بەیانییەکی زوو نامەیەکی لە کەسەکەوە پێ بگات و تێیدا نووسرابێت «ئیتر چاوەڕوانم مەکە، من مردووم!» ئەزانم ئاگام لەخۆم نییە، کەچی هەر دەمەوێت وەڵامی ئەو پیاوە بدەمەوە کە بە ڕۆبێکی خەوتنەوە لەبەردەمدا وەستاوە و نیگام لە قاچە تووکنەکانی هەڵچەقیوە کە لە



جووتێ نەعلی ڕەشدا خۆیان شاردۆتەوە. سەرێک بادەدەم و دەڵێم «هیچی ببخشە اغا» دایکت وەک هەمیشە خەیاڵەکەت لێدەپچڕێنێ:

– ئەوە بۆ کوێ ڕۆیشتوویت؟ بە ساقەوبم وەرەوە هۆش خۆت پێی تۆو ئەم شارە لە عەزەلەوە بەقفڵێکەوە بەستراوە، قەزات گرم تۆ لە حەیاتا، لە عومرتا یەک هەنگاو نەرۆیشتوویت...!

قاچەکانم دێشێن، ڕەنگە هی ئەوە بێت من زۆر لەسەریان دەڕۆم خۆم دەزانم تەواو مەحکوومم بەم ئازارە، ئازاری ونکردن.. دەزانی چی؟ حەزم نەدەکرد وابم کەچی وام...!

گەیشتوومەتە خیابانێک و دەمەوێت بپەڕمەوە، جارێک دەپەڕمەوە و پێچەوانەی ئاراستەی خۆم دێمەوە ئەمبەر، تا نیوەی ڕێ بۆ ئەو بەردەچم، پەشیمان دەبمەوە و دەگەڕێمەوە شوێنی خۆم. بێزاربووم لەو ئەم بەراوبەرەو خۆم یەکلایی دەکەمەوە و لەبەرێکیانەوە بە تەنیشت ردێفێک درەختی کالیپتۆسدا تێدەپەڕم... لەناو دارەکانەوە هاوڕێیەکی دێرینم یەکێک لە کوڕانی گەڕەک هەروەکو ئەوەی بە باڵۆنێک دابەزیبێتە ئێرە بەرەو ڕووم دێت و هێشتا نەگەیشتووینەتە یەک، باوەشمان بۆ یەکتر کردۆتەوە، تێر ماچم دەکات. من بێ هێزم، لە جاران گەرموگوڕتر دەکەوێتە پێش چاوم، کەچی خۆم لەجاران شکستە ترم... لێم دەپرسێ:

– ئەوە تۆ لە کوێیت؟ لەم وڵاتەدا ماوی؟

بەحاڵ دەمم بۆ لێک هەڵدەپچڕێ وەڵامی دەدەمەوە:

– ڕاست دەکەیت وەڵڵا لێرە نیم... لە (کەرەج)م.

– بەخێر بێیتەوە کەی هاتیتەوە؟

خەریکە بڵێم زۆر نییە لەم ڕۆژانەدا ، کەچی هەر زوو بیرم دەکەوێتەوە کە من هێشتا نەگەڕاومەتەوە!

– کوا هاتوومەتەوە؟... ئەوە نییە هەر لەوێم..!

هاوڕێ دێرینەکەم کە تا ئەوکات دەستی لەدەستمدا بوو کەمێک فشار لە دەستەکانیا کەم دەکاتەوە و زۆری نامێنێت بە تەواوی دەستم بەردات، خەندەیەکی سەرگێژکەر دێتە سەر لێوەکانی.

– لەوێی چی ئەوە تۆ تەواویت؟!... ئەوە نییە من و تۆ لێرە قسە دەکەین!.. تۆنەخە ئەو بەردەوام بوو لە قسەکردن نازانم لەدوای ئەو دێرانەوە چیتری وت، کە من سەرنجم لەو سەرو قژە بژو تێکچووەی دەدا کە لەهاتنە خوارەوەی لە ئاسماندا وا شەمزا بوو.

دایکم دەرگای هەموو مەرقەدەکان ڕادەوەشێنێت و نزا دەکات «من چاک ببمەوە و ئەم هەموو شتە پڕوپوچەم بیر بچێتەوە» من بەبێ دەنگ تێر تێر دەگریم و دوعا دەکەم چاک ببمەوە و هەموو شتەکانم بیربکەوێتەوە. من لەنێوان بیرچوونەوە وا بیرکەوتنەوەدا تیا مابووم... خودایە هێزی فریادێ...!

کراسێکی ئاودامان شیریت و لەبەردا، هەرچی گوڵی تیایە خەنەیی کاڵ کاڵ کاڵە گوڵەکان چاوم دیل دەکەن، نازانم تۆ ئەو کاڵییەت جوان کردووە یان شتە تۆخەکانی ئەم دنیایە هەروا بە کاڵی جوانن. کتێبەکەت داختسووە ڕووسەرییە سپیەکەت کەوتۆتە ملت دەجمێیت بەرەو تارمە خنجیلانەکە، من لەسەر محەجەرەکان هەڵکورماوم، خامۆش و بێ حەواس تەنها نیگات دەکەم، بە بەردەممدا دەڕۆی ئاوی ئەو لوولە شوشەییە بگۆڕیت کە دوو شاخە گوڵی وا تیا وەکو گەندەموو لەقەدەکانیانەوە ڕەگی ورد و باریکی سپییان لە خۆیان جیاکردۆتەوە. ڕائەپەڕم وەختە بکەومە خوارێ بەخۆمدا دێمەوە لە پشتتەوە ڕائەوەستم پرسیار لەناوی ئەو گوڵە دەکەم، داخم لێدێت کە دەڵێیت «ئەوانە گوڵی منن!» نازانم بۆ هەر لەخۆمەوە حەزم نەدەکرد گوڵی تۆ بن!. ساڵانێکی زۆر لە ژوورێکی ئەو باڵەخانەیەدا بەیەکەوە ژیاین، شایەد من لەوێش نەبووبێتم! خەڵک دەڵێن «ئەو کچە بە تەنیا دەژیا نیوەڕوان دوای ئەوەی بەو دەنگە سیحراوییەی خۆی تیلاوە دەکرد، بە ورتە ورتێکی هێمن کەم کەم وەک ئەوەی وەڵامی پیاوێک بداتەوە دەنگی دەبیستر» هاوسێکانی وایان دەوت من ئەمە ناڵێم!.

گەرما وڕی کردووم، بەدرێژایی ئەو جادانە ڕێدەکەم تاک تاک ئەفغانییە پەراگەندەکان نەبێت هیچ مەردومێک بەدەرەوە نییە... ئەزانم بەدوای مرۆڤێکدا دەگەڕێم کە عەیامێکی دوورە ونم کردووە یان ڕەنگە ئەو منی ون کردبێت نازانم! هێندە هەیە لکاوم بە زەوییەکەوە، پاش ئەوەی چەند سەد مەترێکم بڕیوە لە پڕ وەستاوم و بەشوێنی خۆما گەڕاومەتەوە، نازانم بۆ کوێ بچم، ئاخر قورسترین شت ئەوەیە تۆ بەبێ ئەدرەس بەدوای کەسێکدا بگەڕێت کە نازانی و لە کوێ ونت کردووە.. چی بڵێم؟ قەدەری من وایە دەبێ مریەم بدۆزمەوە.

هاوسێکانی ئێستا ئەو مێژوویان لە یاد نەماوە کە ئەو تێیدا هاتۆتە ئەم کووچەیە، بەڵام هەموویان ئەوە دەڵێنەوە

«له ڕۆژێکی بارانی پڕ تەڕوتووشیدا هات».

که چوومه ماڵیان سەرم لەو هەموو شته سەیره سوڕما له مۆبیل، تەپڵەکەکان، گوڵدانه خاڵییه سەمەکییەکه، له بۆیاخی شینی دیوارەکان، لەو تابلۆیەی ماسییەک تێیدا خۆی له تۆڕێک ڕزگار دەکات که بەدەست پیاوێکی پیری نوورانییەوه له بەلەمێکی خنجیلانەدا وەکو خاڵێک دەردەکەوێت لەناو دەریایەکی بێ سنوور شینا، قومێک له ئاوەکەم خواردەوه که لەسەر سینییەکی درێژکۆڵانەی شێوه ماسی بۆی هێنابووم، هەرگیز مریەم جگه له ئاو خواردنەوەیەکی دی نەدەخواردەوه ئەو تاقه میوانەشی که من بووم و جار جار ڕێم دەکەوته ئەوێ جگه له ئاو هیچی کەی پێشکەش نەکردووم.

شەوێکی باران لەسەر ئاو قسەمان زۆر کرد، ئەو کچه شتی سەیر سەیری لەسەر ئاو دەوت، دەیگوت «ئەگەر توینێتی زۆری بۆ نەهێنابامایه قەت ئاوم نەدەخواردەوه، حەیفه ئاو بخۆیتەوه ئاو بۆ ئەوه باشه لەجامێکی شووشەی کەیت بینووسێنی بەپێڵوەکانتەوه و تێر سەیری کەیت، تۆ وابکه بزانه چی دەبینیت؟.. ئاو شت زۆر دەڵێت بەڵام دەبێت ڕووی بەیتێ، ئەبێ هەوڵبدەین لەگەڵ ئاو ئاشت ببینەوه.. ئەگەر کچان ڕێگەم بدەن ئەوا دەڵێم پیاو دەبێت بڕوات لەگەڵ ئاو خۆشەویستی بکات... ئۆهـ خودایه.. کاک ئەسمەر تۆ نازانیت خەوتن لەگەڵ ئاو، ڕاکشان لەدەریایا چەند خۆشه!! «بەحاڵ خۆمم بۆ گیرا وەختەبوو ئەو هەموو قاقایەی له قوڕگما یەخسیره بەیەک جار بەریدەم، بێ یەک و دوو زیز دەبوو، ئەو کچێک نەبوو جەسارەتی ئەوه بکەیت به قسەکانی پێبکەنیت، دەربارەی هیچیش نا دەربارەی ئاو.

ئاوا بوو ئەو شەوه بەمنی دەوت «چیت داوه له کاغەز، بڕۆ موتالای ئاو بکه، سەعی بکه ئاو بنووسیتەوه ئەوه پلەیەکی گەورەی ئیمانه... لەم شەوەوه دەست پێبکه، بڕۆ خۆت هەڵکێشه لەئاو.. لەژێر ئەو بارانەدا ڕاوەستە تا ئەخوسێی، ئاو ئەو دڵه ڕەشەت نەشواتەوه چاک نابیتەوه» وەکو عاریفەیەک دەدوا «ئاو ئەگەر له شوێنێک مەخلووق بێت، له شوێنێکی تر له شوێنێک که دەبێت پێی بگەین، خالیقه خالیق» من هێشتا سەیری ماسی ناو تابلۆکەم دەکرد که تا ئەوکاته نەکەوتبۆوه ناو ئاوەکه.

پیاوێکی بەدله شین تێم دەخوڕێت لێی تێناگەم، وابزانم به فارسی قسه دەکات، من پێکەنینم دێت تووڕەبوونەکەی لەسەرزەنشتی باوک و فەرزەندێک دەکات، بەردەوامم له بسکویت بەخشینەوه به باڵندەکان، ئەوانیش له نیشتنەوه و فڕینان لەپەستا گوێم له شەقه شەقی باڵیانه، باخەوانەکه تووڕەتر قسه به من دەڵێت، چەند دەنگ بەرزکاتەوه من ئەوەندەی تر پێکەنینم دێت وا هەستدەکەم دەیەوێت بەو گەرمییەوه ئەحواڵ پرسیم بکات، بیرم دەکەوێتەوه شەوێکی تاریک پێم وتی «من هەمیشه زمانی فارسیم وەکو زمانێکی مێینه دێته پێش چاو، چەنده زلتەبۆزێکی ناشیرین قسەی پێبکات تۆ وادەزانیت کچێکه و لەبەر خۆیەوه وێرد دەخوێنێت، ئەو زمانه هێندەی میهر تیایه که مرۆڤ پێی دەئاخفێت بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت ڕووت دەبێتەوه لەنێر گۆیی» وابزانم ئەو شەوه پێم وتی «مریەم زمانەکانیش وان نێرو مێن، من دڵنیام فارسی زمانێکی مێینەیه...!».

پیاوه بەدله شینەکه شاڵاوم بۆ دەهێنێت، لەجێی خۆم هەڵدەسم سەیرم لێدێت بۆ دان دان به باڵنده باخەوان پەست دەکات؟ ڕێگاکه ملی من دەگرێتەوه و کۆڵانێکی تر... خودایه ئەم کۆڵان کۆڵانه له دڵم دەربهێنه پارچه پارچه بووم!!

بەرامبەرت دانیشتووم، لەو چاوه قاوەییه گەورانەت دەڕوانم که وەک حەوزێکی پڕ له ماسی دەتوانن ئارامی بدەنه مرۆڤ. هەرچەنده کۆشم قسەکانتم نایەتەوه یاد، دایکم دەڵێ ئەم هەتیوەی من شت زۆر لێکدەداتەوه «نازانم تۆ ئەو هەموو ساڵه چیترت لەگەڵ مندا وتووه؟ کەم کەم دێتەوه یادم که تۆ هەموو جارێ لەنیقاشەکاندا وتووته «بەسه بەڕووتی سەیری ژنێ بکەیت و شاهێدی لەسەر بوونی خودا بەیت... زەحمەتی نییه له پەلکه گیایەک لەتاڵی درێژی قژی کچێکدا ئەم هەموو سەبرو وردەکارییەی خودا ببینیت... مەردومی بەدبەخت تەنها ببینێ ئەو هەموو ئاڵییەی وا له ڕوومەتی منداڵێکدا، ئیدی قەت بەتەنیا ڕەش و سپی دانابڕێت بەسەر مەرسەمەی ماڵ خودایا...».

گەڕاومەتەوه هۆشم بەخۆمه، گوێم له سەدای ژنێکه لەناوما وێرد دەخوێنێت، هەڵدەستمه سەر پێ جێ بەخۆم ناگرم، کەللەم وەختە شەق بێت، لەوەتەی لێک ونبووین ئەم دەردەم گرتووه، زیکه زیکێک وا له گوێما هاوسەنگیم تێکدەدات، ئەوەتا لەبەر خۆمەوه هەڵدەنووقم، لەخۆڕا لەتر دەدەم. نا لەم کۆڵانانه نەبوو، خودایه چەند ناخۆشه مەخلووقێک خالقی خۆی ون

بکات..! ئەو بەیانییە پرسیم ئەو گوڵانە بۆ ناخەیتە ئینجانەیەکەوە؟ غەزەب نیگایەکی تێگرتم بە پێداگرییەوە دەنگێکی تیژوتۆخی لێوەهات:
- ئینجانە؟.. ئینجانە گڵی دەوێت، من کە ئەسڵەن ئارزویەکم لەگڵ نییە.
وەک هەموو جارێک ڕێی گفتوگۆکەی دەبردەوە سەر ئاو دەیووت «پێویستمان بەوەیە ئەو چاوەتەڵخانەمان بە ئاو بشۆین، ئیدی ئەوەندە فریوی ئەوە نەخۆین کە ئێمە لە توخمی خۆڵین. ئەوە هەڵەیەکە بە مەبەست یان بێ مەبەست گێڕانەوە دروستی کردووە، ئەی چۆن گێڕانەوە وایە ڕەنگە ماوەیەکی تر وا لە من و تۆ بکات لە چیرۆکێکدا بەر یەکتر بکەوین و یەکتریش نەناسینەوە، من زۆر لە گێڕانەوە دەترسم.. ئەسمەرم توخمی ڕاستەقینەی مرۆڤ ئاوە.. ئاو».
مریەم دەیگوت «هیچ جێیەک وەک دەریا بە ئاشکرا سیمای خودا نیشان نادات دە برۆ.. برۆ سەیری دەریا بکە بزانە چی تیایە.. برۆ بزانە هەرچی کەشتیوانی سەر ئەم ئەستێرەیە هەیە باوەڕدارە بە خودا یا نا؟ خودا لەپێش چاوی ئەوانە، شەوێک کە تووشی تۆفانێک دەبن وا دەزانن خودا ڕقی لێهەڵگرتوون، ئەوان ئەوەندە نەفامن نازانن کە خودا ڕق پێی نازانێت. ئەوە جێنیشنی خودایە لە دەریا کە ناشیانە کارەکانی بۆ ڕانەپەڕێت، وەختێک خودا بۆ چەند سائێکی کەم دەریا جێدێڵێت و دێت خۆشەویستی لە دڵی عەبدەکانیا تازە دەکاتەوە».
ئەو کچە هێندە خودا و ماسی و خودا و دەریاو خودا و ئاوی تێکەڵ دەکرد کە من سەرم گێژی دەخوارد، دڵم دەهات بەیەکدا وەختە بوو بڕشێمەوە. مریەم هەستی پێکردم ئەمەکدارانە دەستێکی بۆ درێژ کردم، هەر زوو دەستی گێڕایەوە. دەبێت ئەوە بڵێم لە درێژایی یەکتر ناسینمانا مریەم بۆ تەنها جارێکیش دەستی بەردەستم نەکەوت، دەیووت «ئاغای ئەسمەری هیچ شتێک وەک لەمس سیحرەکان بە تاڵ ناکاتەوە.. واز لە لەمس بێنە هەوڵ بدە شتەکان وەکو خۆیان بژنەویت، بەڵام بەگوێی ڕۆح بەچاوی دڵ، چیت داوە لەدەست لێدان..؟!».
دەستیان لێ شتبووم چاکبوونەوەی من لەو دیو مەحاڵەوە بوو ،هەندێ ئێوارە وەک بەزەیی پێ هاتنەوە دایکم باوەشی پیا دەکردم و شەلەشەل تا ناو باخچەکەی دەبردم من زۆر قورس نەبووم ئاخر شتێکی وام نەمابۆوە تا قورسم کات، داهۆڵێک بووم بۆ خۆی، وەلێ دایکم تەمەنی زۆری خۆی و قەهری من وای لێکردبوو لە ژوورە شێدارەکەمەوە تا حەوشەکە بیخاتە نۆرە نۆر و هەناسە برکێیەکی توندەوە.
وام لەوێ، بۆنێکی سەیر لە ئوتاق و خانەی ئەو کچەوە دەهات، بۆنی تەڕی، بۆنی خاکی پاش باران. دوور لە چاوی ئەو پڕ بەسییەکانم هەڵمدەمژی، بۆ ماوەیەکی کەم ناوچەوانی دەگرتم بۆنەکە لە خوێنما مێروولەی دەکرد، جەستەم شەلاڵ دەبوو لە خاک و ئاو خۆمم لەبیر دەکرد، وامدەزانی لێرەنیم لەوێ نیم، قەدەرێک دەکەوتمە دەرەوەی زەمەن، زەحمەت بوو باوەڕ بەخۆم بهێنم کە من خۆمم، ئەوەتا وێڵ و سەرەڕۆ لە وڵاتێکی تر لەلای خانمێکی سپی پۆش میوانم.
هێواش هێواش دەکەومەوە سەر خۆم، ناوچەوانم سووک دەبێت، عارقم چین چین وەک ئیسفەنجێکی تەڕی بۆش لە حەوشەیەکی فەرامۆشدا دەرکردووە، دەمەوێت خۆم لەو شەرمە لادەم و لەبەرچاوی ئەو کچە ئاسایی بنوێنم، ئاگام لە تریقەیەکە لە دڵیا جۆرێک لە سەرمەستی لە خۆشبەختی بردنەوەی گرەوێک ئەم هەندەک جارانە نەبایە من نەمدەتوانی بوونی ئەو کچە لە ژیانما بسەلمێنم، ئەوە تریقەی دڵی ژنێک بوو دوای یەقینی لە دزینی دڵی پیاوێک. وتم هیچ نییە باشم، خوێنم کەمە ئاوا جار جار گێژ دەبم.
بۆنی ئەو کچە جادوویەک بوو لەمن ئەو بۆنە لەژێر پێستییەوە دەهات وەک هالەیەکی چڕ بە دەوریدا بوو، من ئێستا دڵنیام کە ئەو توانیویەتی بەو بۆنە من ڕابکێشێتە ناو جەدەلێکی قووڵ کە خۆی هەندێک جار قسەکەر وگوێگریش بوو، شەوێک لەقسەکانیدا وتی «خودا بەشێکە لە هەموو شتێک» ئەمەی وت و وەستا، قەیرێکی زۆر ڕاما دواتر وتی» دەتوانین وەهاش سەیری بکەین کە هەموو شتێک بەشێکە لە خودا» من دەمزانی ئەم دێرە دەتوانن دوو مەزهەبی جیاواز بخوڵقێنن هەریەکەشیان باوەشێک بەڵگە بۆ فکرەکەیان بێننەوە و لەدوایشدا ئیمامەکانی ئەم دوو مەزهەبە بگەنە ئەوەی نە خودا بەشێکە لە هەموو شتێک و نە هەموو شتێکیش بەشێکە لەخودا، بەڵکە وەک مریەم لە دوا دوا شەوەکانی پێکەوە بوونمانا دەیووت «خودا جەلەجەلالەهو هەبوویەکی تەواو و کامڵە، خودا نەشتە و نە بەش!!!».
ئێستا کە لەژێر سێبەری باریکی دیوارێکدا چیچکەم کردووە و ئەم شتانە دێنمەوە یادی خۆم پێکەنینم بەخۆم و

بەخوداو بەمریەمیش دێت...! ئێمە ئەو ڕۆژانە خەریکی چی بووین؟! خەریکە بۆنی مریەم دەکەم، ئەگەر یادەوەریم فێڵم لێنەکات، ئەوە خۆیەتی بۆنی ئەوە. دەکەومە هەلەکەسەما خۆم ناگرم ڕووە و بۆنەکە دەڕۆم بۆ ئەو سەری کۆڵان، بۆنەکە لەو سەرە خۆم دەگەیەنمەوە ئەمسەری کۆڵانەکە، نا بۆنەکە لە چەقی کۆڵانەکەوە دێت، ڕادەکەم بۆ ناوەڕاستی کۆڵان. دوو ژن بە ڕێبواری تێ ئەپەڕن لەو دیوی چارشێوەکانیانەوە دەستیان خستۆتە سەردەمیان، دەزانم بەو ڕاکەڕاکەی من پێدەکەنن.

مریەم کەمجار پێدەکەنی غەمێکی قووڵ لەچاوەکانیدا بوو، زۆر کاتان باڵاپۆشێکی سپی دەپۆشی، پێستی دەستەکانی گرژ ببوو، بە ئاشکرا ئەوەیان دەوت کە ئەم کچە تەمەنێکی کامڵ ژیاوە، مریەم لەو کچە دەگمەنانە بوو کە مرۆڤ ڕێگەی بەخۆی نەدەدا لە تێپەڕینیا لەبەری هەڵنەستێت، کچێک کە قورساییەکی سەیر لە ڕۆیشتن و لەجووڵە و لە قسەکردنیا هەبوو.

لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەیا ئەم بەرو ئەوبەر دەکەم بۆنەکە لە ئاجوری دیوارەکانەوە دێت، پێ و پلم لە دیوارەکان هەڵدەسوورم هەست بە زبری ناکەم، کەچی ئەوەتا چنگ و پۆم پڕ بووە لە خوێن بۆنەکە دەچێتە درەختی بەرماڵەکانەوە پیایاندا هەڵدەزنێم، بۆنەکە لەناو گەڵاکاندا پەنگەو دەرناچێت، نم نم باران دایکردووە، بۆنەکە دەکەوێتە جووڵە لقاو لق وەک منداڵێک شوێن خۆیم دەخات، زۆری نامێنێت لەسەر بەرزترین چڵەوە فڕێمداتە خوارێ وەک دڵ پێ سووتان وەک پەشێمان بوونەوەیەکی خێرا بۆنەکە دێتەوە ناو گەڵاکان، بەلای شانمەوە فرتە دەکات، ئاخر بەو دەستە خوێناویانەوە بۆم ناگیرێت، بارانەکە پێ هەڵدەگرێت لەناو گەڵاکاندا بەدوای ئەوا ونم، کەچی هەر تەڕم دەکات بۆنەکە ناسرەوێت بە درەختەکەدا دێتە خوارێ بە درەختەکەدا دێمە خوارێ، بۆنەکە چۆتە زەویەکەوە و بارانەکە بووە بەشەستەی خۆم نوساندووە بەزەویەکەوە بۆنی دەکەم.
بارانەکە ڕیتمەکەی خۆی خێراتر کردووە و من چنگم کردووە بە خاکەکەدا، بۆنەکە بەزەوییەکەوە نوساوە و من لەژێر بارانەکەدا خوساوم، بۆنەکە قووڵتر دەچێتە زەویەکە سەرم دەجووڵێنم بە شوێنیا دەگەڕێم دەیدۆزمەوە، بارانەکە دەڵێیت هەر بەسەر مندا دەبارێت تەڕ تەڕ تەڕم دەکات.
بۆنەکە ون دەبێت و من قەپم کردووە بەزەویەکەدا، گوێم لە شەپە شەپی چارشێوی ژنەکانە، نازانم لە ترسی من ڕادەکەن یان لە باران، وەلێ دەزانم یەکیان هاوار دەکات «یا ئەلی!!.... یا ئەلی!!».

# جیهانی ناوەوەو دەرەوە
# خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی (گوڵی مریەم)

**ئیسماعیل حەمەئەمین**
**(ئەڵمانیا)**

(١)

نیوەشەو درەنگ کۆمپیتەرەکەم داگیرساند، وەک باڵندەی نیوەشەو وەهام هەمیشە بە ئاگام، بەتایبەت ئەو ڕۆژە زیاتر لە هەشت کاتژمێر کارم کردبوو، لەنێوان خوێندنەوەی کتێبێک و خەواڵوویی دوای نیوەشەو، سەیری ئیمێڵەکەم کرد، ئەوە چیرۆکەکەی (توانا ئەمین)ی چیرۆکنووس بوو، وەک باڵندەیەکی ئەفسانەیی سەرنجی ڕاکێشام، هەر ئەو شەوە چیرۆکی (گوڵی مریەم)م خوێندەوە.

بەرەبەیان چوومە جێگەوە، خەونم بە دیواری ئەو ژوورانەوە بینی کە ئێستا پیرە دایکمی لە خانووە کۆنەکەی ماڵی باوکمدا لەخۆ گرتووە، لە بنمیچەکانەوە، لە دیوارەکانەوە ئاوێکی زۆر وەک سێڵاوی بارانێکی بەخوڕ دەچۆڕانەوە نێو ژوورەکە، ئەوەش دایکم بوو کە بەتەنێ لەنێو ژوورەکاندا، پیرێژنانە دانیشتبوو، من لەو خەونەدا زۆر گریام، گوتم: دایە ئەوە منم دوانزە ساڵە تۆم بەجێهێشتووە! ئەوە تۆی ئاوەها بێ ناز سەرما و باران لەگەڵ خۆیدا دەتبات، هەستم بە تاوان کرد، ویژدانێکی بریندار لەو ساتەدا ئازاری دەدام، دایکم گووتی: کوڕم بڕۆ، من هیچم نییە، من زۆر باشم، ئاگات

لە بەچکەکـــانت بێت... گـــریام، زۆر گـــریام لە خەونەکەمدا، من دەمێکە نەگریاوم!!.. بەنێو ژوورەکاندا دەگەڕام کەچی پیرە داکم لێ ونبوو، دەگریام و لە گریاندا وەئاگا هاتمەوە. خێرا هەستام و سەیری جێگەی (نالی) بچکۆلەی نۆ مـانگم کـرد، بەهێـمنی فـریشـتـەیەک، خـەوتبـوو، چوومـە ژوورەکـەی دیکە (ژێنوا)ی کـوڕم بەتانییەکەی لەسەر خۆی لابردبوو، ماچێکم کرد و چوومە ژووری دانیشتنەکە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم کرد، شـەقامـەکە هێـمن و خامـۆشـە. سەرنجی ئەو شـەقامـەی بەردەمم دەدەم کـە دوا قـەیسـەری ئەڵمـانی (ڤلهـێـمی دووهەم)ی لە دوا سەردانیدا، وەک کەڵەشێرکی فش بوو بەسەریدا تێپەڕی بوو، بەسمێڵێکی قینج و دووچاوی بز و مـۆڕەیەکی سـەربازییـەوە و لەسـەر ئۆتۆمـبـیلەکـەیەوە دەستی ڕاستی سلاوی بۆ خەڵک بەرز کردبۆوە، دەستی چەپی لە کاتی لە دایکبوونیدا تووشی گۆجییەکی ئەبەدی بوو، مامانەکان ڤلهێمیان بەزۆر لە ڕەحمی دایکە شاژنە فیکتۆریانییەکەی هێنابوو دەرێ، بەزۆر ڕایان کێشابووە نێو دنیای قـەیسـەرەکان، (ڤلهێلمی دووهەم) پیـاوێکی کورتە بنەی سـەرزل بوو، دوا قـەیسـەر بوو کـە کـامێـرا و فۆتۆگرافی خۆش ویستبێت و حەزی لە ڕۆژێکی پڕ هەتاو بووبێت بۆ ئەوەی فـۆتۆگـرافـیـیـەکـانی ئەو ڕوون و جـوان دەربکەون. کە سەردەمی مۆدێرنەش کامێرای سینەمایی هێنایە کـایەوە، ئەو یەکێک بوو لەو قـەیسـەرانەی حەزی دەکرد ئەو ڕۆژانە هەڵبـژێرێت کـە خۆر تێدا بە هەورەکـان ناگیرێت، تەنیا بۆ ئەوەی فیلمە ڕەش و سپییەکانی ئەو جـوان و ڕوون بن، هەر بۆیە هەمـیـشـە دەیانگووت: قەیسەری گەورە پێویستی بە خۆرە!!.. ڤلهێمی دووهەم دوا قـەیسـەر بوو لە زنجیـرەیەک قـەیسـەری لووت بەرزی پڕۆیسییـەکان، کە شـەڕی جیـهانی یەکەم دەستی پێکرد ئەو لە نەرویج لەسـەر پاپۆڕە زەبەلاحـەکـەیەوە خـەریکی ئاهەنگ بوو، دوا قـەیسـەر بوو کـە حـەزی لە گـشت و کـامـێـرا بـوو، ناویان نابـوو (قـەیسـەری گـەشت و گوزار)،دیار بوولەو نێـوەڕا ڕقی لە ژیانی نێـو کـۆشـک و بەرەکانی شەڕە بەردەوامەکانی دەسەڵات بوو. دوا گەشت و دوا فـیـلمی ڕەش و سـپی کـاتێکە کـە بەم شـەقـامـەدا تێـپـەڕ دەبێت.. لە دوا فـیـلمی ڕەش و سـپـیـدا دەسـتی ڕاستی بۆ سلاو هەڵدەبڕێت، هەموو جارێکیش کە سەیری ئەم شەقامە دەکەم وێنەی ئەو ئاوڕدانەوەیەی ڤلهێمم بۆ کامێرا سێ قاچییەکان دێتەوە بەرچاو، هەموو شتێک لەم بەرەبەیانەدا ڕەش و سپییە..

زەمەنی خەون و زەمەنی ئێرەی مەنفا و زەمەنی ڕابردوو لەم چرکە ساتەدا تێکەڵ دەبن، زەمەنی ناوەوە و زەمەنی دەرەوە بەوەحشـییـەتەوە جێگۆڕکێ دەکەن، هەناسـەیەکم هەڵکێشا، زانیم ئەوە کاریگەری خوێندنەوەی چیرۆکێکە بەهێـمنییەوە بەشێک لە مێـژووی کەسی خوێنەر داگیـر دەکات..

**(٢)**

دیارە چیـرۆکی (گـوڵی مـریەم) لەو چیـرۆکـانەیە کـە دەبێت لـە کــەشــو هەوایەکی تایبــەتی ســایکۆلۆژیدا بخـوێنرێتـەوە، خـوێندنـەوەی بەهێـمنی، مـەرجی سـەرەکی تێگەیشـتـنە لە تەونە ڕایەڵکراوەکـانی.. ئەم چیـرۆکـە چیـرۆکـێکە لە ناوەوە بۆ دەرەوە خـۆی ئاڕاسـتـە خـواز دەکـــات، نەک لە دەرەوە بۆ ناوەوە!. گـــەر چیـــرۆکی ڕیالســتی لە ڕێگەی وەســفی کـەس و شــتـەکـانەوە هەوڵبـدات دنیــای دووهەمی کـەس و ڕووداوەکـان بۆ خوێنەر بەجێبهێڵێت، ئەوە لە چیرۆکی جیهانی ناوەوە بۆ دەرەوە، لە ڕێگەی مـــەنەلۆگی نێـــوەکی فـــیـگۆری چیرۆکەکەوە مەزندەکردنی دنیای دەرەوەی پاڵەوانەکە بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت. ئەم دوو شێوازی گێڕانەوەیە، یەکـەمـیـان ڕیالسـتـێکی کـلاسـیکیـانەیە و ئەدەبی کلاسیکی بنەماکانی داڕشتووە، دووهەمیان کە جیهانی ناوەوە ئاڕاستە خواز دەکات بۆ دەرەوە قەرزداری (جێمس جۆیس)ە بە پلەی یەکەم کە دنیای ناوەوە تەواوی دنیای ڕیالیـسـتی و هەقـیـقـی دادەپۆشی و ڕەنگی دەکـات بە ڕەنگ و خەونەکانی خۆی.

لەنێوان ئەم دوو جۆرە گێڕانەوەدا ڕەمزیەتێک هەیە کە لە چیـرۆکی کـوردیدا تاوەکـو نەوەدەکـان شـێـوازی زاڵی گـێـڕانەوە بووە، ڕەمـزیەتێک نە جـیـهـانی ناوەوەیە و نە درێژبوونـەوەی کـلاسـیکییـەتێکی کـورتخـایەنی هونەری گێڕانەوەی کوردییە، کە لە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیبەوە درێژ بوونەوەی هەبووە تاوەکو گەیشتە (محەمەد مـەولوود مـەم)، ئەم گـێـڕانەوە کـلاسـیکیـیـەی ئەدەبی کـوردی، لە مـاوەیەکی کـورتدا تێکسـتی پچـڕ پچـڕی بەرهەمـهێنان و لە دوایدا بـازی هەڵدایە سەر جۆرێک لە ڕیالسـتـێکی ڕەمـزیانە، کـە ئیـدی نە ڕیالست بوو نە ڕەمزیش، بەمانای ئیدی لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا چیرۆکی کوردی تووشی جۆرێک لە دوو لایەنی عوسابی

بوو، قاچێکی لە ڕیالیستییەکی تەمومژاویدا بوو و ئەوی دیکەشی لە ڕەمزیەتێکی ڕووکەشی شۆڕشگێڕی!، ئەمەش وای کردبوو کە نەزانین لە کوێدا پاڵەوانی چیرۆک هەقیقیە و ڕووداوەکان کەی دەستپێدەکەن و لە کوێشدا دەبن بەسومبول و دروشم سازی دەڵێنەوە. تەمومژیەک هەبوو، لە پشتییەوە بێ جیهانبینی و نالێکدانەوەی ژیانی لە بەرگی شۆڕشگێڕانەدا شاردبۆوە.. ئیدی ئێمە تاوەکو تێکستەکانی چیرۆکنووسەکانی (نەوەی جەنگ) لەبەرامبەر بەرهەمهێنانی ڕەمزیەتێکین، کە هەردوو جیهانەکەی دەرەوە و ناوەوەی بەشێواوی خستبووە ڕوو، بەشێوەیەک کە لە کۆتایی خوێندنەوەی تێکستەکەدا ئەو پرسیارەی کە ناتوانین وەڵامی بدەینەوە ئەوەیە: ئەو چیرۆکە باس چی دەکرد؟!..

(٣)

لە چیرۆکی (گوڵی مریەم)دا بە ئاسانی دەتوانین باس لەو چیرۆکە بکەین و بیگێڕینەوە، چیرۆکەکە باس لە کەسێک دەکات لەنێوان دوو زەمەندا دەژی، زەمەنی سایکۆلۆژی خۆی و زەمەنی دنیای واقیعی، لێرەیە و لێرەش نییە، لەگەڵماندایە بە جەستە و بەڕۆحیش لە شارێکی دوورە، لە (کەرەج)ی ئێرانە و بەدووی (مریەم)ی خۆشەویستیدا دەگەڕێ، کە جۆرێکە لە پاکیزە و جۆرێکیشە لە مێینیەک ئەشقێکی جەستەیی و ڕۆحی لەنێو دەروونی فیگۆری سەرەکی چیرۆکەکەدا هاروژاندووە. شەبەقیەتێک، ئاڵۆشێک، ئیرۆتیکایەکی هێمن تێکەڵ بەڕستەی شیعری، ئەمانە هەمووی لە زیندە خەونەکانیدا دێن و دەچن و ژیانی ڕاستەقینەی فیگۆری سەرەکی چیرۆکەکەی نیگەران کردووە، ئەو پەردەی تەنکی نێوان بینراو و نەبینراو، واقیع و خەیاڵ، زیندەخەون و ژیانی کریستاڵیزەکردووە و هەردوو زەمەنەکە (ناوەکی و دەرەکی) تێکەڵی یەکبوون، با پێکەوە لەبەردەم گفتوگۆیە هەڵوێستەیەک بکەین:

– ئەوە تۆ لە کوێت؟ لەم وڵاتەدا ماوی؟.
بەحاڵ دەمم بۆ لێک هەڵدەپچڕێ وەڵامی دەدەمەوە:
– ڕاست دەکەیت وەڵڵا لێرە نیم.... لە (کەرەج)م.
– بەخێربێیتەوە کەی هاتیتەوە؟

خەریکە بڵێم زۆر نییە لەم ڕۆژانەدا، کەچی هەر زوو بیرم دەکەوێتەوە کە من هێشتا نەگەڕاومەتەوە!

کوا هاتوومەتەوە؟.... ئەوە نییە هەر لەوێم...!

فیگۆری سەرەکی لێرەیە و لەوێشە، لە زادەی خۆشیەتی و لە کەرەجیشە، لە دوو شوێنە لەیەک کاتدا و بڕوا بەهاتنەوەی خۆی ناکات لەوێ، لەگەڵ ئەوەی لەشوێنێکی جێگیردا باس لەوە دەکات کە لەوێ، لە کەرەج بووە، کەچی هەر خۆشی دەڵێت من هێشتا نەگەڕاومەتەوە، ئەی کەواتە ئێستا کوێیە!!. ئەمە ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەیە لە تێکچوونی شوێن و کات، لە تێکچوونی نێوان شوێنەکان  تێکەڵ بوونی زەمەنی ئەم شوێنە لەگەڵ شوێنێکی دیکە، لە تێکچوونی زەمەنەکانی شوێن لەگەڵ زەمەنەکانی جەستە، لە تێکچوونی نێوان زەمەنی ناوەکی لەگەڵ زەمەنی دەرەکیدا، ئەم تێکچوونی زەمەنە لەم گفتوگۆ کورتەدا بەجوانی و هێمنیەوە ئەو کەلێنە ڕۆحییە دەردەخات کە نەوەی نوێی کوردی دوای ڕاپەڕین پێوەی دەناڵێنێ، لە هەمان کاتیشدا نابێت ئەوەمان لەبیرچێت کە چیرۆکنووس بە ئاسانی هێڵەکانی ڕایەڵ کردووە و بە دەوری بیرۆکەیەکی بچووکدا دەسوڕێتەوە، کە ئەویش گەڕانێکە بەدووی مەعشووقدا لەشارێکی (خەیاڵ بۆ کراودا)، لە شوێنێکی دیکەی دوور لە شارەکەی خۆی، هەر وەک ئەوەی لەم دیو ئەم تێکستەوە دەنگێک هەبێت پێمان بڵێت: عەشق لەم دیو ئەم شوێنەوە بوونی هەیە نەک لێرە... کوا هاتوومەتەوە؟.. ئەوە نییە هەر لەوێم..!..

(٤)

هەروەک لە سەرەتای ئەم خوێندنەوەیەدا ڕێگەم بە خۆمدا باس لە کاریگەری ئەم چیرۆکە بکەم لەسەرم، باسی هەندێک لەو هارووژانە وردانەم کرد کە چیرۆکێک لەسەر خوێنەرێکی وەک من بەجێیدەهێڵێت، دیارە ئەمەش لە پێناو گوزارشت کردنە لەو بەها ئەدەبییە باڵایەی کە کاریگەری خۆی لەسەر ڕۆحی مرۆڤەکان وازی دەکات، کە چیدی چیرۆک نابێتە کەسی و تەنیا دەربڕینی کەسی گێڕەوەکەی، یان چیرۆکنووسەکەی نییە، بەقەد ئەوەندەی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی و پرۆسەی خوێندنەوەدا، دەچێتە نێو زەمەنی کەسی ئەوانی دیکەوە، ئیدی لەوێوە نووسەر دەمرێت و دەق جارێکی دیکە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، یان خۆی ئاوێزان دەکاتەوە، کە ئەم

پرۆسەیەش بە (دەقاندن، یان دەق ئاوێزانی) ناودەبردێت. خوێندنەوەی چیرۆک و دەقەکە خۆی لە خۆیدا بەخشینی ڤێزیۆن و دووربەکی خەونبینەری دیکەیە بەدەقی سەرەکی. ئیدی هەموو یەکێک لە ئێمە بەشێک لەو چیرۆکە بەرۆحی ئاشنا دەبێت، هەموو یەکێک لە ئێمە مافی ئەوە دەدات بەخۆی بڵێت: ئاخ خۆزگە کۆتایی ئەم چیرۆکە وا نەدەبوو، هەموو یەکێک لە سووچێکی دنیای خۆیەوە دەچێتە نێو ژوورەکانی گێڕانەوەی دەقەکەوە، بەجۆرێک کە چەندەها دەقی دیکەی نووسراو نەنووسراو و گفتوگۆ و موچرکە و چرکەساتی بەریەک کەوتوو لەگەڵ ژیانی کەسیدا تێکەڵی یەکتری دەبن، لە هەمووشیاندا چێژێک هەیە بە نەرمە سەمایەکی دێونێزیانەوە ئەو پرۆسەی دەقاندن و خوێندنەوانە دەکاتە چەقی یاریە پڕ خوماربیەکانی. بە مانایەکی دیکە، چێژی خوێندنەوە یەکەم دەروازەیە بۆ تێگەیشتنی جۆراوجۆری دەقەکە، بۆ نێزیک بوونەوە لە دنیای گێڕانەوە و بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی دیکە، کە دەقی خوێندنەوەی خودی خوێنەرە لەسەر بنچینەی دەقی یەکەم....

چیرۆکی (گوڵی مریەم) لەو چیرۆکانەیە کە ئەو گفتوگۆیەی لەخۆدا هەڵگرتووە، بە وردی و چڕی و سادەیەکی زیرەکانەوە ئەو چرکەساتەی نێوان خودی و سوبێکتیڤیەتی فیگۆری سەرەکی چیرۆکەکە و خودی خوێنەر رایەڵ بەندەکات، هەر لە دێرەکانی یەکەمەوە، ڕات دەکێشێتە نێو دوو زەمەنی جیاوازەوە، نێو کەشوهەوای ڕیالیست و کەشو هەوای سایکۆلۆژی فیگۆرەکە، با ئێمە لەبەردەم ئەم چەند دێرەدا هەڵوێستەیەک بکەین:

زایەڵەی هاوارو دادی ژنێک وەک لوورەی بایەکی دوور لە گوێما دەزرنگێتەوە، ئەڵێی لە من هەڵدێن ئەڵێی لەباران.. بیر لە مردن دەکەمەوە خۆشم دەوێت و لێشی دەترسم ئەم دوو هەستە بەردەوام پێکەوەن، کەم جار ڕێککەوتووە من تووشی یەکێکیان ببم و ئەوی دییان دیار نەبێت... لارە لارو بێ حەواس شتێک لە موغازەیەک دەکرم و ئەو کۆڵانە درێژە دەبڕم کە کۆتاییەکەی لە شار و دنیایەکی ترەو سەرەتاکەشی ئەوەتا لێرە لە کوچەیەکی پەراوێزی شاری کەرەج.

لە نێوان دنیای خودی پاڵەوانەکە و دنیای دەرەوەیدا، بە چەند دێرێکی کورت و چڕ، چێژی خوێندنەوە، وەک دەستێک لەپڕ ئێمە ڕابکێشێتە نێو کۆڵانێکی پێچاوپێچەوە، ئاوەها ڕامان دەکێشێت، ئیدی دەنگ لە گوێدا دەرزنگێتەوە، دوو هەستی دژ بەیەک لەیەک چرکەساتدا لە زۆرانبازیدان، (ترس و خۆشەویستی) کۆڵانێک ئەم سەری شارێکە و ئەوسەری شارێکی دیکەیە... گەمە کردن بەشوێن و تێکەڵبوونی واقیع و خەیاڵ و زەمەنەکان ئەو پرسیارانە دەهارووژێنن کە مەرجی سەرەکی سەرنجڕاکێشانی خوێنەری بەسەلیقەیە بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنەوە، بۆ بەردەوامبوون لە تێکەڵبوونی نێو جیهانی تایبەتی پاڵەوانەکە و لە دواییشدا تاووتوکردنی کاریگەری لەسەر چیرۆکی کەسی خۆی.. ئەمانە هەمووی لە دێرەکانی سەرەتاوە بە ڕوونی و ئاشکرا و بێ پێچ و پەنای ڕەمزیەت و تەمومژگەرایی بێ مەبەست، کەشو هەوای دەقەکە ئامادە دەکات بۆ خوێندنەوەو دەق ئاوێزانی.

(٥)

لە نێوان خەیاڵی و ڕیالستیدا، لەنێوان یۆتۆبیا و واقیعی ژیاندا، لەنێوان خەون و هەقیقەتدا، لەنێوان خوماری و ئەقڵانییەتدا، لەنێوان ڕەنگەکانی ئەم دوو دنیایەدا نێوەندێکی کورت و بچووک هەیە، تێدا مرۆڤ بەرامبەر زەمەنی خۆی دەبێتەوە، زەمەنێک لەوانەیە ساتەکانی پێش مەرگ بێت، لەوانەیە ساتەکانی زیندەخەونێکی تێپەڕبوو بێت، لەوانەشە دۆزینەوەی ڕۆحێکی شەکەت بێت لە چرکەساتە مێژووییەکانی خۆی ڕابکات. لەنێوان خەیاڵ و دنیای ڕەقی ڕۆژانە لە ژیانماندا بیر چوونەوەیەکی سەخت هەیە، بیر چوونەوەیەک مرۆڤ لە تێکشکان و مەرگی حەتمی جەستە و ڕۆح قوتار دەکات. لەبیرچوونەوە ئەو دەریاچە بچووکەیە لە گەرمای ڕەقێتی جیهان دەمانپارێزێت.

(دایکم دەرگای هەموو مەرقەدەکان ڕادەوەشێنێت و نزا دەکات «من چاک ببمەوە و ئەم هەموو شتە پڕوپووچم بیر بچێتەوە». من بەبێدەنگ تێر تێر دەگریم و دوعا دەکەم چاک ببمەوەو هەموو شتەکانم بیربکەوێتەوە. من لە نێوان بیرچوونەوەو بیرکەوتنەوەدا تیا مابووم... خودایە هێزی فریادێ...!)

بیرچوونەوە ئەو زەویە شێدارەیە هەموو دەنگە

ناوازەکان لەخۆیدا کپ و خامۆش دەکاتەوە، بیرچوونەوەی کەس و ڕووداوەکان میکانزمێکی بەرگری دەروونی مرۆڤە بۆ ئەوەی بیرەوەری و شۆکی ڕووداوەکان هیلاکمان نەکەن، بۆ ئەوەی جەستەمان لە قەهردا نەپووکێتەوە و خەفەت تێکو پێکی نەشکێنێ، بیرچوونەوە دێت و لە نێوان ئەو دوو دنیای ناوەکی و دەرەکیدا، لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا پەناگایەک، پردێکی نادیار لە توخمی هەردووکیان دروست دەکات، بەجۆرێک کە مرۆ دەیەوێت ڕووداوەکانی بیربکەوێتەوە، بەڵام بێ سوودە، ئیدی خەیاڵ بەدنیایەکی دیکەوە، بەشیرنییەکانی جیهان، بە بۆنە گوڵە سەماکارەکانی بەر شنەبای لەپڕ، دەبنە دوورگەکانی پشوودان و هەموو توخمێکی ناوازە لەبیر دەکات، دەبێتە جۆرێک لە پەمەیی کردنی جیهان بە ڕەنگەکانی خەیاڵ. بەم شێوەیە فیگۆری سەرەکی چیرۆکی (گوڵی مریەم) تاوێک بە نەشئەبازییەکی شاعیرانەوە و تاوێکیش بە تاڵییەکی سەختەوە لەگەڵ (مریەم)دا دەژی هەر وەک ئەوەی بیەوێت لەنێو کۆشکی کریستاڵی خەیاڵی مریەمدا بمێنێتەوە، بەڵام جوانترین هاوکێشەی ئەم دەقە لەوەدایە کە فیگۆری چیرۆکەکە زۆر مرۆڤانە هەوڵدەدات لەو بازنە خەیاڵییە بێتەدەرێ، لە ڕێگەی دوودڵییەکی پڕ گومانەوە داوای گەڕانەوە دەکات بۆ نێو دنیای (ئێرەی ڕیاڵ) لە شوێنی خەیاڵەوە (کەرەج)وە بۆ شوێنی ئێرەی ژیاو، دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ دەرەوە و چیدی لەنێو ناوەوەی خۆیدا قەتیس نەبێت... ئەوەتا دەڵێت: من لە نێوان بیرچوونەوەو بیرکەوتنەوەدا تیا مابووم...

ئەم زۆرانبازییە لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا بە چەندەها فۆرمی زەمەنی و شوێنی، لە ڕووبەری چیرۆکەکەدا خۆیان گرێچن کردووە، بەشێوەیەک کە زۆرانبازی ناوەوە و دەرەوە، هەموو هاوکێشەکانی واقیع و خەیاڵ و بیرچوونەوە و وەبیرهاتنەوەو فۆرمەکانی دیکەی لە ڕێگەی زمانی گێڕانەوەیەکی ورد و زەنگیانەیدا بەرجەستە کردووە.

(٦)

لەوانەیە ئێستا خوێنەری ئەم دێرانە بڵێت: ئەی کوا خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی دوور لە سوبجێکتیڤیەت، دوور لە خودگرایەک کە زۆر جار بۆنی غرورێکی نووسەری هەردوو تێکستەکە (چیرۆکنووس و ڕەخنەگر)ی لێ بێت؟!، ئەی دەبێت ئەم چیرۆکە دوور بێت لە کەلێن و سەرنجی ڕەخنەگرانەی تیژ کە ئێمەی خوێنەر بخاتە بەردەم هاوکێشەیەکی کێشە بەند ئامێزی گفتوگۆ خوازانەوە!! بەکورتی، دەبێت ئەم تێکستە وەکو تێکستە ئاینییەکان تەنیا قابیلی تەفسیر بێت نەک ڕەخنەی تیژ؟!!... ئەم پرسیارە پرسیارێکی جیدیە و دەتوانم بڵێم ئەم چیرۆکە سەرکەوتووەی (توانا ئەمین)ی چرۆکنووس، کۆمەڵێک کێشەبەندی تەکنیکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کە ئەمیش لە دواجاردا پابەندە بە ئیشکالیاتی نەوەیەکی نوێی چیرۆکنووسانی دوای قۆناغی ڕاپەڕین، نەوەیەک خاوەنی کێشەی سایکۆلۆژی و ڕەنگ و بۆی خۆیەتی، لە هەوڵداندایە بۆ بیناکردن جیهانبینییەکی ئەدەبی گونجاو لەگەڵ تاکڕەو و ئیندیڤیدوالی خۆیدا، لەم چوارچێوەیەدا ڕەخنەگرتن بە زمانێکی دیکەی تیژ، هەوڵدانێکە بۆ تیشک خستنە سەر کێشە بەندی نەوەیەکی دیکەی چیرۆکنووسی کورد، کە بەداخەوە لە ڕووی چەندایەتییەوە وەک هەموو چیرۆکنووسانی دیکەی کورد، ژمارەیان کەمە.

ئەوەی بێزارم دەکات لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە هێشتا لەنێوان دوو شێوازی گێڕانەوەدا خۆی ونکردووە! شێوازێکیان ئەو تەموژگەرایە کە لە چیرۆکی حەفتاکانەوە و لە ڕەمزیەتی شۆڕشگێڕانەوە کاریگەری خۆی لەسەر تەونی گێڕانەوەو تەکنیکی چیرۆکەکە بە جێهشتووە و دووهەمیشیان ئەو فەلسەفاندنە ڕووتانەیە کە پاڵەوانی چیرۆک لە بوونەوەرێکی ئەفسانەیی نێزیک دەخاتەوە نەک بوونەوەرێکی هیومانی!!.. بە مانای نەک بوونەوەرێکی مرۆیی کە دەشێت لە هەموو ساتەوەختێکی بەریەککەوتنیدا لەگەڵ ڕووداوەکان، توانای بە ئەفسانەیی بوونی هەبێت، بەمانای ڕووداوەکان ئەو ئەفسانەیە دروستبکات نەک ئەفسانە ئەو دروست بکات، بە زمانێکی دیکە دەڵێم: دەبێت ئەفسانە لەسەر قاچی خۆی بڕوات نەک لەنێو هەورەکاندا بمێنێتەوەو نەیبینین. دەشێت ئێمە ڕووداوەکان بگێڕینەوە، بەڵام جوانترە وردە وردە کەسەکان بکەینە ئەفسانە، یان بەپێچەوانەوە!، باتۆزێک لەم بیرۆکەیە نیزیک ببمەوەو نموونەیەکی بچووک بهێنمەوە. گابریێل گارسیا مارکیز لە ڕۆمانی (ژەنراڵ لە مامە خولەیدا) باس لە ساتەکانی ژیانی (سیمۆن بۆلیڤار)ی ڕزگارکەری ئەمریکای لاتین دەکات، بەڵام بەپێچەوانەی مێژووی ئەمریکای لاتینیشەوە، ئەو

دێت و سمۆن بۆلیڤار له مێژووی ئەفسانەیی و پاڵەوانی مێژوویی دادەبڕێت و دەیکات بەکەسێک کە بە هەموو دەریای کاریبی و دوورگەکانیدا ڕێدەکات، دەیەوێت بەرەو مەنفا ڕێ بکات، بەڵام پێویستی بە پاسپۆرتێکە! سەرۆکی گەورە و پاڵەوانی مێژوویی ئەمریکای لاتین تاکە داواکاری پاسپۆرتە لە سەرۆکی ئەو وڵاتانەی ئەمریکای لاتین، کە کاتی خۆی ئەو ئەوانی کردووە بەسەرۆک، بەڵام کەس بڕوای پێ ناکات هەموویان، سەرۆکەکانیش وادەزانن کە ئەو سوعبەت دەکات، یان لەبەر هۆکاری سیاسی خۆیان گێل دەکەن و ئیدی لە نێو دەریای کاریبیدا وەکو خۆی گوتەنی وەک (گێلترین پیاوی مێژوو) بە پاپۆڕێکەوە دەریا دەبڕێت و هەر لەوێشدا بەنەخۆشی سیل دەمرێت

لێرەوە مارکیز ئەفسانە دەهێنێتەوە نێو واقیع و جارێکی دیکە لە ڕێگەی جووڵە و وەسف و گێڕانەوەدا پارادۆکسییەک دەبەخشێت بە ئەفسانەی کەسەکان، تەنانەت لە چیرۆکەکانی دیکەشی یەک موو لە ڕیالیستی خۆی لای نەداوە، مەبەستم لە ڕیالیستی کۆپیکردنی دنیای ڕیال نییە وەک خۆی! مەبەستیشم گەڕانەوە نییە بۆ ڕیالیزم، یان بۆ کلاسیکیات! نەخێر، بەڵکو مەبەستم پابەندبوونە بە (وەسفی ڕیالستانەوە) کە ئەز جووڵە و وردەکاری وەسفی دەوروبەری جیهانی شتەکان و جووڵەی کەسەکان و هێڵکاریەت لە بیناسازیی کردنی گەشەکردنی فیگۆرەکان بە (ڕیالستی گێڕانەوە) دەستنیشان دەکەم، وەکو دەستەواژە و چەمکێک پێم وایە گرنگە لە چیرۆکێکدا ئەژدیهاکان ورد و درشتیان وەسف بکرێت، مێژوویان هەبێت، بجووڵێن و هەست و نەستی ژیانی ڕاستەقینەیان پێ بەخشین، بتوانین بەخوێنەر بڵێین کە هەژدیها لەم سەردەمەدا هەیە و خەون دەبینێت، فریشتە هەیە و لەگەڵماندا هێلکەو ڕۆن دەخوات، هەموو شتێک لە وەسف وجووڵەیەکی ئاوەها بهۆنینەوە کە زەمانەتی بیناکردنی جیهانێک بێت بۆخۆی، لەڕێگەی (گێڕانەوەیەکی ڕیالستی) جیهانێکی دیکە لەسەر داروپەردووی ڕیالیزم دروست بکەین..

سەلمان ڕوشدی شەیتان و فریشتە دەهێنێتە نێو لەندەن و زەمەنەکانی ئەوسا و ئێستا لە (ئایەتە شەیتانییەکان)دا ئاوەها گرێیەند و گرێچن و دەهۆنێتەوە کە مرۆ بڕوای پێبکات، تەنانەت ئەو کاتەی دەگاتە ناماقووڵییەتێکی بڕواپێنەکراو، ئەو بە دەزوویەکی وردی گێڕانەوە بیۆگرافیای فیکۆرەگانی ڕیالیزەیان دەکاتەوە، بۆ هیچ نا، لە پێناو ئەوەی جادوو و سیحر و ئەفسانە لە واقیعدا بدۆزینەوە، هەروەها بە پێچەوانەوە. ئەوەتا ئەو (جبریل فریشتە)یەی لە دێری یەکەمی ڕۆمانەکەدا لەگەڵ (سەلاحەدین حەمە ئاغا)دا، دوای تەقینەوەی فڕۆکەکەیان نامرن و سەلاحەدین پێش ئەوەی بکەوێتە خوارەوە، جبریل فریشتە دەبینێت وەک باڵدارێکی ئەفسانەیی دەفڕێت و پێدەکەنێت و دەڵێت: (بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە دایک بێتەوە پێویستە بمرێت..) کەچی سەلاحەدین خۆی بە جبریلەوە دەگرێت و هەردووکیان وەک دوو بوونەوەری ئەفسانەیی بەهێمنی بەسەر دەریادا دەنیشنەوە و لە کەناردا لەنگەر دەگرن. سەلمان ڕوشدی بەوە ناوەستێ کە جبریل بە فریشتەیی بهێڵێتەوە، پێمان دەڵێت بۆچی و چۆن بووە بە فریشتە! لە منداڵێکی هەژارەوە سینی خواردن دەگوازێتەوە لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ، بۆ ئەکتەرێک لە زنجیرەی تەلەفیزۆنیدا بە ماسکێکەوە ڕۆڵی خواکانی هیندستان دەبینێت، لە ڕۆمانەکەدا هاتووە:

(جبریل فریشتە وەک ئیسماعیل نەجمەدین لە شاری پۆن لە دایکبوو... ئیسماعیل لەسەر ناوی حەزرەتی ئیسماعیل کە ئیبراهیمی باوکی ویستی بیکاتە قوربانی ناو نرابوو، نەجمەدین مانای ئەستێرەی ئاینە..)

سەرچاوە: سەلمان ڕوشدی. ئایەتە شەیتانییەکان. چاپی ئەڵمانی ١٩٩٧، ل٣١
Salman Rushdie: Die satanischen Verse Knauer Verlag 1997

ڕوشدی ڕیالیستە لە گێڕانەوەیدا و جادووگەرایە لە جیهانیدا، بە مانای لە ڕێگەی (گێڕانەوەی ڕیالیستانەوە) جیهانێکی دیکەی ئەفسانەیی پڕ کێشەی ئاینی و مرۆیی بینادەکات، ڕوشدی و زۆر لە ڕۆمانووسانی جیهان، کەسەکان لە دەرگای گێڕانەوەی ڕیالیستییەوە دەکەنەوە بەنێو ئەفسانەدا، یان چاکتر وەهایە بڵێم کەسەکان دروست دەکەن بۆ ئەوەی ئێمەی خوێنەر ئەفسانەی تێدا بدۆزینەوە، خۆمان لەبەردەم چێژی دۆزینەوەی ئەفسانە و سیحری کەسەکاندا هەڵوێستە بکەین.

(٧)

با خوێنەر بگەڕێنمەوە بۆ مارکیز، چونکە لە چیرۆکی ئەمڕۆی کوردیدا زۆر بەهەڵە تێگەیشتن هەیە لە شێوازی مارکیز و هەمیشە کە ناوی (ڕیالزمی جادووگەرایی) وەک پۆزشـێک بەکـاردەبرێت بۆ (بێ ڕووداویی) و (نابەرجەستەیی) چیرۆکەکانیان. مارکیز زۆر ڕیالیستانەیە لە شێوازی گێڕانەوەیدا دێت و جوولەی واقیعی دەبەخشێت بە پاڵەوانەکانی، فیگۆرەکانی مارکیز خوتبەی دوورودرێژ نادەن، کە ئەمە زیاتر لە شێوازی کلاسیکی ستاندال، یان تۆلستۆی، یان دۆستێفیسکی دا دەبینرێت، فیگۆرەکانی مارکیز هەموو شتێک تەفسیر ناکەن، بەڵکو لە ڕێگەی جووڵە و بیناکردنی کەشوهەوای چیرۆکەکە، هەست بەو سیحرە دەکرێت کە لە نێو واقیعدا خۆی مەڵاسداوە. بۆ نموونە لە دوا ڕۆمانیدا (بە یادی سۆزانییە غەمبارەکانم)، هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی ڕیالستی وەسفی دنیای خۆی دەکات، بەڵام لە پشت ئەم ڕیالیستیەدا، هەست بە ناماقووڵییەتی دنیا دەکەیت لەنێو ماقووڵییەتی ڕۆژانە ژیاندا خۆی مەڵاسداوە، هەست بەسیحر دەکەین لەنێو لۆجیکی ڕەقی دنیای ڕیالدا، لەنێو لۆجیکی ڕەقی تەکنیکی وەسفی شتەکانەوە دنیایەکی دژ بەیەک و ناجۆر سەر دێنێت، کە وردە وردە خوێنەر لێی نێزیک دەبێتەوە نەک لە پڕ بکەوێتە ناوی. ڕێگەم بدەن بۆ ئەوەی زیاتر لە مەبەستەکانم نێزیک ببمەوە، هەڵوێستەیەک لەبەردەم چەند پەرەگرافێک لە وەرگێڕانە ئەڵمانییەکەی ئەم ڕۆمانە بکەین:

[ڕۆژێک پێش یادی لە دایکبوونی نەوەدساڵیم، وەک پیشەی خۆم لە کاتژمێر پێنجی بەیانییەوە هەستام و تەنیا کار دەبووایە ئەو ڕۆژە بمکردایە، ئەو ستوونە بوو کە ڕۆژی یەک شەممان لە ڕۆژنامەی (دیارۆ دی لاپاز)دا بڵاودەبۆوە. هەر لەسەرەتاوە دیاربوو سەرەتای ڕۆژێکی ناخۆش و نەگبەت دەستپێکردبوو، لەنیوەشەوەڕا ئێسقانەکانم دێشان و قوونم دەچووزایەوە، دوای سێ مانگی ئێشک و برینگ و گەرم، لەپڕ کردی بە هەورەتریشقە و هەرایەک ئەوسەری نەبێت، قاوەکەم خستە سەر ئاگرەکە و چووم دووشێکم کرد و قاوەیەکم بە هەنگوینەوە بۆ خۆم تێکرد و فراوێنێکی سووکم کرد، دوایی قاتێک بیجامەی تەنکم لەبەر کرد.

بابەتی ستوونی ئەمجارەم زۆر ئاشکراو ڕوون بوو، دەبووایە لەسەر یادی لە دایکبوونی نەوەد ساڵیم بنووسم. من هەمیشە تەمەنم وەک بنمیچێکی کون بوو دەبینی، کە مرۆ دڵۆپەی تکاوی لێوە ببینێت، دەبێت ژیان چەندەی مابێتەوە بۆ ببینیی دڵۆپەی داچۆڕاوی دیکە. کە منداڵ بووم بیستبووم کاتێک مرۆڤێک دەمرێت، بۆ حەیاچوونی خاوەن مردوو، هەرچی ڕشک و ئەسپێی مۆڵیوی نێو قژی هەیە چیدی نایەنەوێت لەنێو قژیدا بمێنەوە و بەسەر سەرین و پشتیەکاندا بڵاودەبنەوە، ناسرەون تاوەکو لەقژی یەکێکی دیکەدا لانەی خۆیان نەخەن، ئەم چیرۆکە منی ئەوەندە تۆقاندبوو، بەشێوەیەک سەرم پاک و لووس بتاشم و بەکەچەڵی بچم بۆ قوتابخانە، تاوەکو ئەمڕۆ نەوەد ساڵیم ئەم چەند تاڵە قژەی کە ماوەتەوە، وەک سەگێکی بەوەفای ئەو ترسە دێرینەم، زۆر بە پاکی و دیقەتەوە دەیشۆم....

گابریل گارسیا مارکێز: بەیادی سۆزانییە غەمبارەکانم. چاپی ئەڵمانی دەزگای کیڤی ٢٠٠٤

Gabriel Garcia Marquez. Erinnerung an meine traurigen Huren. KiWi Verlag 2004.

با بێین ئەو توخمە وردانە شیبکەینەوە کە لەم پەرەگرافەی سەرەوەدا جۆرێک لە سیحری شوێن و پارادۆکسی و ناجۆری پێوەندیەکان پێکەوە لە هارمۆنییەتێکی گونجاو و زنجیرەبەندا ڕیزبەند کردووە، بۆ نموونە:

* ئاوەز ڕۆشنییەکی پاڵەوانی ڕۆمانەکە تا ڕادەی ئەنجامدانی پرۆسەی نووسین.

* قوون چووزانەوە و پێوەندی بە وەرزی ئێشک و برینگ و بارانەوە.

* دڵۆپەکردنی بنمیچەکە و پێوەندی بە تەمەنەوە.

* مردنی مرۆڤ پێوەندی بە ڕشک و ئەسپێیەکان کە وەک میراتییەکی ڕەش سەروقژی خەڵکی دیکەوە..

* عادەتی لەخەو هەڵسان و ڕیتواڵی قاوە خواردنەوە و جۆری لەبەرکردنی بیجامە و نووسینی ستوونێک لەسەر یادی نەوەد ساڵی لە دایکبوونی..

ئەمانە هەمووی ئەو وەسفە ڕیالیستیانەن کە کەشو هەوایەکی دیکە لەسەر زەوی واقیعەوە دروست دەکەن، سیحرێکی دیکەی شوێن و پیرێتی و پابەند بوونی

بەترسی منداڵانە لە کـــێچ و ڕشک پابەند دەبنەوە بە نووسین ستوونێکی ڕۆژنامەیەوە، ئیدی نەخیتابی زیادە و نەفـرینی باڵاخـانە و نە وشـەی زیادڕەوی ئەفـسـانەی بوونی هەیە.

ئەمـڕۆ لەنێـو چیـرۆک و تەنانـەت ڕۆمـانی کـوردیشـدا واقـیـعی سـیـحـری بە جـوملە بە خـوێنەر دەفـرۆشـێت، بەشێوەیەک کە چیرۆک لە وەزیفەی گێڕانەوەی ڕووداو و چرکەساتە بڕیاردەرەکانی مرۆڤەوە بۆتە شتێک کە بەتاقی ئاسـمـانەوەیە و هەمـوو پاڵەوانی چیـرۆکـێکیش فەیلەسووفێکە و قسە دەکات و تەفسیری خواو پێغەمبەر و فوکو و ئەرز و ئاسمان دەکات، ئەمە جگە لە لاوازی لە دروستکردنی ڕووداو کەسەکان و هەڵسوڕانیان نەبێت لە ڕووبەرکی گێڕانەوەدا، هیچی دیکە نییە..

(٨)

با بێمەوە سەر چیرۆک گوڵی مریەم، کە ئەمیش لەو کێشەبەندییە سەختە و بەشێکی لەو نەخۆشییە بەرکەوتووە، کە چیرۆکی ئەمڕۆی کوردی پێوەی دەناڵێت، ئەوەتا مریەم ساتێک تیۆلۆگە و مێژووی پێوەندی مرۆڤ بەخواوە تەفسیر دەکات وەکو چۆن لەم چیرۆکەدا دەیبینین مریەم دەڵێت: «هیچ جێیەک وەک دەریا بە ئاشکرا سیمای خودا نشان نادات دە برۆ... برۆ سەیری دەریا بکە بزانە چی تیایە... برۆ بزانە هەرچی کەشتیوانی سەر ئەم ئەستێرەیە هەیە باوەڕدارە بە خودا یانا؟ خودا لە پێش چاوی ئەوانە، شەوێک کە تووشی تۆفانێک دەبن وا دەزانن خودا ڕقی لێهەڵگرتوون، ئەوان ئەوەندە نەفامن نازانن کە خودا ڕق پێنازانێت. ئەوە جێنشینی خودایە لە دەریا کە ناشیانە کارەکانی بۆ ڕانەپەڕێت، وەختێک خودا بۆ چەند ساتێکی کەم دەریا جێدێڵێت و دێت خۆشەویستی لە دڵی عەبدەکانیا تازەدەکاتەوە».

تاوێکیش مریەم تەفسیری کەون و کائینات دەکات و وەک ڕەخنەگرێکی ئەدەب تەفسیری ڕۆڵی گێڕانەوە دەکات لە ژیاندا و دەڵێت:

پێویستمان بەوەیە ئەو چاوە تەڵخانەمان بە ئاو بشۆین ئیدی ئەوەندە فریوی ئەوە نەخۆین کە ئێمە لە توخمی خۆڵین. ئەوە هەڵەیەکە بەمەبەست، یان بێ مەبەست گێڕانەوە دروستی کردووە، ئەی چۆن گێڕانەوە وایە ڕەنگە ماوەیەکی تر وا لەمن و تۆ بکات لە چیرۆکێکدا بەر یەکتر بکەوین و یەکتریش نەناسینەوە، من زۆر لە گێڕانەوە دەترسم... ئەسمەرم توخمی ڕاستەقینەی مرۆڤ ئاوە... ئاو

ئێمەی خوێنەر لە بەرامبەر کەسێکداین قاچێکی لە ئاسمانەکانی خودایە و قاچێکیشی لە زانین سروشتییەکان و سەریشی پڕە لە ئەدەب و پەخشان، بەکورتی و بەکوردی ئێمە لەبەردەم تاغورێکین کە نازانین چۆن بۆتە تاغورا، لەبەردەم تیۆلۆگێکداین نازانین وانەی ئاینی لەلای کێ تەواو کردووە!! لەبەردەم نیتشەیەکی مێینە داین کە نازانین کەی لە کورسی فیۆلۆگییەوە ئەوە تێزانەی گوتووە، بەکورتی و بەکوردی، ئێمە لەبەردەم فیگۆرێکداین کە مێژووی نازانین. دیارە هەروەک لەسەرەتاوە باسمان کرد ئەم تەمومژگەرایە بێ ئامانج و بێ جهانبینییە خراپترین بۆ ماوەی شێوازی گێڕانەوەی نەوەی حەفتاکانە کە پاڵەوانی چیرۆکەکانیان بێ مێژوو و بێ بیۆگرافی و بێ قاچ بوون، بۆ داپۆشینی ئەو بێ توانایە، ڕەمزیەت و تەموژاویی ئەو پەردە سپییە بوو خوێنەری چەواشە دەکرد..

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە تەعبیرە لە کێشەی نەوەیەک کە چیدی نایەوێت لەسەر زەوی خۆی بژی، چیدی نیشتمان سەرسامی ناکات، چیدی ئینتیمای نەماوە بۆ هیچ مێژوویەکی شار و نیشتمان و زەوی، خۆی چیدی نایەوێت لێرە بمێنێتەوە و هەمیشە لە شوێنێکی دیکە خەیاڵی بۆ کراوە، هەمیشە وا هەست دەکات لەوێ دەگات بە گوڵەکانی مریەم! لەوێ دەتوانێت لێرەبوونی خۆی وەک مرۆڤێکی ئازاد و خەونبینەر بسەلمێنێ، ئەم چیرۆکە لە پشتییەوە خەمێکی قووڵی مەست بوون و خومار بوونی گەنجانە بەرامبەر واقیعی تاڵی کوردی پڕ گەندەڵی وەستاوە، خەمی بێزاربوون لە چیرۆکە دووبارەبووەکانی پاڵەوانە پیرەکان، بیروکراتە و گەندەڵەکانی ئەمڕۆ... بەڵام!! ئەمانە هەموو خوێندنەوەی منی ڕەخنەگرە بۆ ئەو تێکستە، دۆزینەوەی منی ڕەخنەگرە بۆ ئەو خودە هیلاکەی گەنج کە ڕۆژ بەڕۆژ دەچێتەوە نێو جیهانی ناوەوەی خۆی و دەیەوێت جیهانی دەرەوە لەبیر بکات، دەیەوێت چیدی لێرە نەمێنێت، گەر ئەوەی بۆ نەکرا و بۆ نەلوا، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نێو خۆی و لەنێو زیندە خەوندا خۆی قوشمەڵە دەکات. مەبەستم لەوەیە ئەوە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەیە بەتۆبزی ئەم بیرۆکەیە لەژێر خۆڵی ئەفسانەگەری و سیحریەتی



**ڤلهێمی دووەم دوا قەیسەری ئەڵمانی**


زۆرەملێ دەخاتە ئاستی هەستپێکردن، دەنا خۆی ئاوەها بەرجەستە نییە.. ئەم بیرۆکە جوانە لە چیرۆکەکەدا بەشەرمنیەوە خۆی دەردەخات و بەباشی هەستپێکراو نییە، بەتەواوەتی لە جووڵەدا نەخەمڵیوە، تەنیا لەسەرەتادا نەبێت فیگۆری سەرەکی چیرۆکەکە دێت و دەچێت و جووڵەی هەیە، بەڵام ئیتر ئەم هاوکێشەی لێرە و لەوێیە، کە لە سەرەتای ئەم نووسینەدا باسمان لێوەی کرد، جومگەی سەرەکی چیرۆکەکەن و دەمانگەیەنێتە مریەم. بەداخەوە بەخشینی ئەو بازنە ڕۆشنایی و ئەفسانگەرایە خوتبەبێژانە بە مریەم، ئەم تاڵە دەزووانەی بیرۆکەی لێرە و لەوێ وندەکات، جومگەی سەرەکی و پشتەبیرۆکە و پشتەوێنەی ڕووداوەکان تەمومژاوی دەکات.

خاڵی سێهەمم ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە لەسەر لیستی چیرۆکە (بێ ڕووداوەکان) دەژمێردرێت، ڕووداو تەنیا جووڵەی ڕیالیستی دەرەکی نییە وەک لە چیرۆکەکانی (تۆماس مان)دا دەیبینین، بەڵکو ڕووداو زۆرجار ناوەکییە وەک چۆن لە چیرۆکی جێمس جۆیس و ولیەم فۆکنەردا هەستی پێدەکەین، هەروەها لای (شێرزاد حەسەن) ڕووداو لەنێوەوە بۆ دەرەوە دەجووڵێت، بەڵام کاتێک هیچ ڕوونەدات ئەوە کێشە بەندییە! بەڵێ کاتێک هیچ ڕوونەدات، هەر وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە نموونەی چیرۆکی بڵاوکراوەی زۆر گۆڤار و فیستیڤاڵەکاندا دەیبینین، کاتێک هیچ ڕوونەدات مانای نقوم بوونە لە پەخشان ئامێزیەک کە بۆ نموونە لە پڕێکدا کەشتییەوانەکان لە دەریادا دەخنکێن لەبەر ئەوەی پیرێک نهێنییەکی درکاندووە و منداڵێک دەبێتە خەونی دەریا و لە کۆتاییشدا نازانێت کامە نهێنی هەیە و بۆچی ئەم نهێنییە دەریاکان وشکەساڵ دەکات! لە چیرۆکێکی دیکەدا ماسی قسە دەکات، لە یەکێکی دیکەدا لەپڕ ڕێگەکە دەبێتە قەبرستان و تاد... ئیدی ئێمە بەرامبەر ئەو قەیرانە دەبینەوە کە چیرۆکی نەوەیەک لەبەردەم کێشەبەندی (ئیشکالیەتی) گرێچن و ڕووداو دایە، ئەو پرسیارەی دەبێت لە هەموو چیرۆکێک بکرێت ئەوەیە: چ ڕوویداوە و چی ڕوودەدا؟ لەم پرسیارەوە دنیاکان دروست دەبن و هەریەکەو بەشێوەیەک بەشێکی ئەم جیهانە ئاڵۆزەمان نیشاندەدات. ئەم چیرۆکەی (توانا ئەمین) ڕووداوی تێدایە و دەتوانین بڵێین چی ڕوویداوە، بەڵام دیسانەوە دەچێتەوە نێو خانەی مامەخولەی تەمومژی و بێ ڕووداوی و ڕیتمێکی پلاستیکی هەیە و گرێچن توندوتۆڵی خۆی وندەکات..

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کە ئەم چیرۆکە سەرکەوتووە، چونکە توانیویەتی لە زۆر کێشەبەندی نەوەی نوێی کوردی نێزیکمان بخاتەوە، نێزیکبوونەوەیەک لە جیهانی ناوەوە وەک خۆ قوشمەڵەبوونێک لە دەست ڕەقێتی و زبرێتی جیهانی دەرەوە، چیرۆکی (گوڵی مریەم)، چیرۆکی چیرۆکنووسێکی بەتەماعی ئازایە کە زۆر هێمنانە ڕووبەرێکی بیرکردنەوەی ئەدەبی لە هونەری گێڕانەوە و چیرۆکنووسیندا داگیرکردووە. توانا ئەمین لەم چیرۆکەیدا تاووتوی هونەرێکی گێڕانەوەی تایبەت بەخۆی دەکات، بەهێمنی چنینەوەی سایکۆلۆژییەتی نەوەیەک نیشاندەدات، لەنێوان جیهانی دەرەوە و ناوەوەی خۆیدا تووشی پەرتبوونێکی عوسابی بووە.

**نورنبێرگ ٢٠٠٦/١١/١٠**

**ڤلهێمی دووەم دوا قەیسەری ئەڵمانی**
**wilhelm II. ١٩٠٥**



# هەندرێن:
# شیعر بێدەنگی زمانە.. شاعیرە ناسراوەکانیشمان سووکایەتییان بە شیعر کرد

شیعر بەرهەمی ڕەنج و بەهرە و زمانی هەستیار و دەستەبژێرانی مرۆڤایەتییە، بۆ بەردەوامی بوون گرینگ و پێویستە.ئارامی لەناو ژیاندا دەکاتە خاکێک بۆ ژیانباشی؛ لەو ئارامییەدا کتێبی داخراوی چێژ و جوانی دەکاتەوە. لەم ڕۆژە سەر و بن تێکەڵاو و پڕ ڕیتمەی ئەمڕۆشدا مرۆڤایەتی دەپرسێ ئەرێ شیعری ئەفسووندار تۆ بۆ من نان و ئاوی گیانی و چیتریش. وزەیەکی ئەفسانەیی و خۆڵێکی ئاوڕشێنکراو بە پیت و وشە و خرۆشاوی دڵ و مەست بە پەیام و پەیمانی ئاوەز و گوێڕادێر بۆ گۆرانی ئازادی مرۆڤ و زەوی. حاڵیش لە پێداویستییە گیانییەکان و هەقیقەت. بوێری شیعریش بەشی ئەوە دەکات شەڕی مانەوە لەگەڵ ژیان بکات. شاعیران نەگەیشتوون بە هەقیقەتی بوون، دەبێ هەردەم لە پانتایی مەیدانخوازیدا ئامادەبن بۆ شکاندنی کۆت و هەراسانی و تەنگەتاوکردن هەتا بەردەوامی بنوێنن لەو کۆششەی دەیکەن بۆ گەیشتن بە هەقیقەت و ڕۆڵبینینیان لە هەقیقەتی شیعرییەتدا. شیعر ڕووەکی جوانییە گەشەو بەردەوامی نوێکردنەوە لەزمان وەردەگرێ.

(هەندرێن) ڕووەکی خەیاڵپاراو و شاعیرێکی هەقیقییە. پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانی خۆی لەناو ئەزموون بنیاد دەنێ؛ بەشێک لە گەرموگوڕی تەمەنی لاوی لەشاخ وەک پێشمەرگە ئەزموون کردووە، دواتر ئەم تەمەنەی شاخی وەک ئەزموونێکی بەپیت درەوشانەوەی بەردەوامی دا بە دەقە شیعرییەکانی.

زمان یەکەم ڕۆشناییە بەهۆیەوە سەرسامی لەماناوە وەردەگرێت، خاڵی پڕشنگ هاوێشتنی شیعرییەتیش وەک نوێنەرێکی چالاک دەجووڵێنێت.

ئەم شاعیرە چارەگە سەدەیەک زیاترە خەریکی کردنەوەی کتێبی چێژ و جوانییە. وەک بەهرە ڕسکاوێکی گەرمداهاتوو بەجموجووڵ و کارا بوو بەمایەی نیشان و دەست نیشانکردن، ئەوانەی ئارەزووی شیعرییان هەبوو، توانا جوانەکانی ڕووە و دڵخۆشی بە قسەی هێنان و خورپەی چێژ و جوانی لە ناخیاندا خۆی بۆ دامەزراندن ڕێک خست. هێزی گوزارشت کردن و دەربڕینی ئەم

شـاعـيـره لەوەدا ئاشكرا دەبێت، كـە لەناو وێنەی بەیەكداچوودا سەرساميیەكانی بەدیدەهێنێ.

زێدەڕۆیی نییە كاتێ ئەم دەربڕینە تۆمار دەكەم. لەناو وێنە شیعرییەكانیدا نیشتەجێییە و ناسنامەی بەخششی خۆی وا پێشكێش بە ئەویدی كردووە. بە شیعر دەستی بەژیان كردووە. بەشیعریش كۆتایی بەژیانی جەستەیی دەهێنێ. گیانیشی لەشێوەی چرایەكی پەروانە لەدەور هەردەم لەپێشماندا خاڵێكە هێز بۆ چاو پەیدا دەكات.

شـیـعـری ئەفـسـووندار بریتـیـیـە لە نوێكردنەوەی جوانییەكان و هەموو ڕەگەزە پێكهێنەرەكانیش هەریەكە و لەگـۆشـەیەكـدا كـاری پێكـهـێنەری خـۆی لە شـێـواز و شیـعـرییـەتدا بەڕێوە دەبا. گەمـەیەكی ترسناک و دژوارە شیعر بە زمان و دەنگی ئەویدی بدوێ، وەک جەستە و بیرو ڕۆشنبیریش لەناو جەرگەی كارەسات و گرفتەكانی كورد دەژیا و هەستت نەكردووە دەنگی تێكەڵ بە كۆبووە. ڕووداوە كـاریگەرەكـانی وەک ژیان و هونەر و بـوون وەردەگـرت و دەیكردن بە ئەزمـوون و هونەر و جـوانی، ئەمـەش لەكار و بواری بەرهەمهـێنان و گەشەپێكردن و مشتومالكردنی نووسیندا بەرزاییەكی ئێجگار گرینگ و درەوشاوەیە ڕووداو بكرێ بە ئەزموون و هونەر و جوانی و گیانی شتەكانی تێدا پیشان بدرێ.

هێزی تەقـاندنەوەی شـیـعر كـەرەسـتـە زمـانیـیـەكـانی بەرزەین و قـەڵەمی شـاعـیـرە كـە ڕسـتـە و وێنە شـیـعـرییـەكـانی لێ پێكدەهێنێ. ئەو وشـانەی دەیاندۆزێتەوە، دەیانخاتە ناو مانای ڕاستەقینەی خۆی و لە پێكهاتەی هێما وریایە و هەستێكی بەهێز و جماوی بەرانبـەر هەیە. وەک شێـوەكـانی دەربڕینیش لە سنوورو بازنەی شـاعـیـرە باشـەكانی پێشـە خـۆی نەمـاوەتەوە. گەیشتووە بە خاڵی تایبەتمەندی و ئاراستەیەكی جیاوازی دۆزیوەتەوە و گەشەشی پێدەدا.

**ڕامـــان**: ئایا دوای نووسینی هیچ دەقێكت، هەستت كردووە ویستەكانت ڕژاندووەتە ناو ئەم شیعرە و گومانت لا پەیدا بووبێت كە هیچت نەمابێت لەمەودوا بیلێیت، كەچی دوای مـاوەیەكی كـورت كـەڵكەڵە و ئامـادەبوونی نووسـینی شـیـعـرێكی دیكە دێتـە ئاراوە و بینینت دەجۆشێت، ئەم حاڵەتەی پێشتر چۆن لێكدەدەیتەوە؟

**هـەنـدرێن**: بەر لە قسـەكـردن لەسـەر ئەو «هەست»ەوە دەمـەوێ بێـژم، كە لە كنە من، هیچ دەقێک كـۆتاییـەكی ناوەكی نییـە. زمـان پرۆسـەیەكی بێكۆتاییـە. لێ ئەو كـۆتاییـەی كـە بە چەشنە دەقـێک ناودێر دەكـرێ. تەنیـا قـەوارەیەكی دیاریكراوە لە كـۆی بەگـۆهاتنی جـیـهـانی زمـان، كـە نووسـەر بەكـاركـردن لەگـەڵ بوارگـەلێكیـدا، ئاكـامگـیـــربیـــەكی لێ هەڵدەهێنجێ. دەقی ئەدەبی بەگـشـتی، شـەپۆلدانێكە لە ئاراسـتـە فـرە ڕەهەندەكـانی ئەزمــوون و یـاری زمــان. بەڵێ هەندێک جــار، دوای نووسینی دەقێک هەستم بە بۆشایی كردووە. ئەو هەستە پشـوو و ئاوڕدانەوەی زمـانە لە وێستگەیەكی سـەفـەرە بێكۆتاییـەكـەیدا. نمایشكردنی تیـرێژێكە لە ئەزمـوونی زمان. هەربۆیە ئەو هەستە، وەک تاسەیەک، بۆ ماوەیەكی زۆر بەرۆكی بەرنەداوم. لێ كــاتێک كـــتـــوپڕ چرپەی بیـرۆكـەی شـیـعـر، یان دەقـێک لە خـەیاڵدان و ناخـمـدا ڕایچـڵـەكـاندووم، ئەودەم ئەو هەســتــە دوورەدۆنگە لە دەروونمدا هێور بۆتەوە و زمان كەوتۆتە جووڵە. لە هەندێ مـاوەشـدا دوای نـووسـینی دەقـێک هەستم كردووە كـە كەڵكەڵەی بیرۆكـەیەكی دیكە دەمـجـوولێنێ، یان خودی دەقـەكـەی پێشـوو هێشـتـا لە بزواندایە. ئەو «هەسـتـە» لەكـاتێكەوە بۆ كـاتێكی تر جـوداوازی هەیە، هەروەک لەدوای نووسینی تەرزە دەقێكەوە بۆ ژانرە دەقێكی دیكە دەگۆڕێت. سـەبارەت بە سرووتی نووسینی دەق لای من، زۆر بە ڕاشكاوی بڵێم، كە من نەک هەر دەقی شیعریی، بەڵكو گـشت چەشنە دەقـێک بە سـرووتێكی نیگەرانی چڕەوە دەنووسم. لـە بۆیـە زۆر جــــار لـەبەر بەدەست هەراسـانبـوونی دەقـەكەوە ناچار دەبم كـۆتایی پێ بێنم، بەڵام لەدوای نووســینی هەندێک دەقــدا، بۆ مــاوەیەک هەستم كردووە ئیتر من پێویستم، نەک هەر بە نووسینی شـــیـــعـــر، بەڵكو بەهیچ تەرزە نووسین، ئاخــاوتن، خوێندنەوە، بیركردنەوە لە هەبوون و بگرە ژیانیش نییە، چونكە هەستم كردووە ئەو دەقە هەرچی هەیە لە قووڵایی مندا لە ڕەوتەكەیدا بەرجەستەی كردۆتەوە و ئەم بوونە و زایەڵـەیەكـانی ئاوەڵاكـردۆتەوە تاكـو ڕۆبچـێـتـە ناو جەنگەكەی.

با ئەوەشـتــان بۆ ئاشكرا بكەم، كـە من هەرچەندە بە دڵەكوتێیەک لەدەست شەپۆلاندنە پرژاوەكانی شیعر، كە ناچار بووم لە نووسـینی شـیـعـری «سكاندیناڤیـا: دوورگـەیەكی تر لە بخــوور» دەست بەردار بم، لێ دوای ئەو شیعرە بۆ ماوەیەكی درێژ هەستم كرد نووسینی شیعر نەک هەر لای من ئاوابوو، بەڵكو بوو بە ترســـێكی

پەنهانی دەروونی. ئەمەش چونکە ئەو شیعرە کۆی ژیانی خـۆم و ئەو ژیانە بە کـۆمـەڵی و ئەو شـوێنکاتە لێکترنجاوانەی منی لە دەقێکی پرژاودا نمایش کرد؛ واتا یادەوەرییـەکی خەمین و ئێستـایەکی سەرگەردان. ئەو شیعرە ئاشکراکردنی هەموو ڕاڕایی و پەشۆکاوییەکانی دایە شەپۆلدانەکانی زمان. هاودەمیش لەدوای نووسینی شیعری «ئاوێنەکانی خوێن» هەستی کۆچی هەتا هەتایی شیعر داگیری کردم. هۆکردی ئەمەش، ئەو سرووتە ناسۆرە بوو کە ئەو شیعرەی بەرهەم هێنا. ئەمەش ئاخاوتنێکی ڕووبەڕوو بوو لەگەڵ مەرگدا، کە دەبوو، یان ئاشت بینەوە، یانیش بۆ هەتا هەتایێ دەستی لێ بەردەم.

بەم جۆرە لەگەڵ دەسپێکردی هەر دەقێکی نوێدا، هەستم کردووە هەروەک بۆ یەکەم جار بێت، زمان تاقیم بکاتەوە. ئەو هەستکردنە پێوەندی هەیە بە ئاست و شێوازی تێگەیشتن لە کردەی نووسین، یان سرووتی شیعر نووسین. هەندێ شاعیر و نووسەر هەن هەر بە کەرەسە ڕووکەشەکانی ژیان، ڕووداوە گەورە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، هێما و ناوە ناسراوەکان...تاد، هەموو بابەتێک دەنووسن. لای ئەوانە، شیعر و نووسین دەم و جەمی نییە. لە شیعری کوردیشدا هەر ئەو نموونانە بەرچاون، یان کـورد واتەنی «لە هەمـوو دیزەیەک ئەسکۆن».

ڕاستییت دەوێ من وەک کردەی ئیرۆتیکی ڕوو دەکەمە نووسین، چونکە وەک من تێدەگەم، شیعر نووسین کردەیەکی دۆستانە، یان ئەڤینداریی کردنە لەنێوان زمان نووسین، من و زماندا. زمان کردانەنی چییەتی بوونە لە جەستەی زماندا، جووڵەیەکە لە بەرپرسیارییەتی ناخمەوە هەڵقووڵاوە. شیعریش ئەو منەیە کە خۆی لەزماندا دەئاڵێنێ.

بە دیوێکی ترەوە، ئەو هەستکردنە بۆ خودی چییەتی شیعر دەگەڕێتەوە. شیعر چڕکردنەوەی دیوە نادیارییەکانی ژیانە؛ بەزمانکردنی بینین و ڕۆچوون و ڕامانەکان و خەمە نهێنییەکانی خودی شاعیرە. هەربۆیە کاتێک شیعر ژیانێکی بەتاڵ، خاکێکی بێدەنگ ئاوەدان دەکاتەوە، ئیتر ئەو کردەیە دەنگدانەوەیەک لە بێدەنگی، تاسەیەک لەسەرمەستی بە بوونی شاعیر و بوونایەتی دەوروبەر دەبەخشێ. ئەو «هەست»ەش، تاسەی چەشنە پەنگدانەوەیەکە لەو نەبوونییەی کە دوای کۆتایی هاتنی دەقێک ناخی شاعیر گەمارۆ دەدا؛ هێور بوونەوەی تۆڕی


هەندرێن - ١٩٩٦

پێوەندییەکانی بوون و ناخی شاعیر؛ دڵەڕاوکێی مەرگە. بەم جۆرە دوای ئەو ئەزموونە شیعرییەی کە من چەشتوومە، ئەمەیە لێکدانەوەی من.

**ڕامان**: گۆڕانکاری و پێکدادانی شارستانییەتەکان چ پێوەندییەک بۆ شیعر دەکەنەوە، ئایا لە خودی شاعیرییەت دووری دەخەنەوە، یان دەیدرەوشێننەوە؟

**هەندرێن**: ئەو دەستەواژەیە، «پێکدادانی شارستانییەکان»، لەکن من، هێندەی باسێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسییە، ئەوەندە شیعری، یان ئەدەبی نییە. ئەو دەنگۆیە دیاردەیەکە بەندە بەو سیاسەتە نوێیەی کە دوای شەڕی سارد و زەقبوونەوەی دیاردەی تیرۆریزمەوە، کە بەشێک لە ڕووناکبیرە کۆنپارێزە نوێیەکان، یان مەیل ڕاسترەوەکانی ڕۆژئاوایی بەگشتی و ئەمریکییەکانیش بە تایبەتی بەرهەمهێنەرینە. لەوەش زیاتر، هەرچەندە ئەو گفتوگۆیە لە ڕۆژئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ «ئۆرێنتالیزم/ ڕۆژهەڵاتناسی» و بگرە بەشێک لەهزرڤانگەلێکی ڕۆشنگەرییش. ئاشکرایە هیگڵ و مارکسیش پێیان وابوو کە هەندێ کۆمەڵگا دواکەوتوون، بۆیە دەکرێ لە ڕێگای دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکانەوە بفرازێن، بەڵام دوای کتێبەکەی هانتنگتۆن و خولیایەکانی فۆکۆیاما کە لەو ساڵانەدا بەناوی «پێکدادانی شارستانییەکان» و «کۆتایی مێژوو»

## شیعر شکۆمەندکردنی پێوەندییەکان و وێناندنی جوانناسانەی بوونە

بڵاوکرانەوە، ئەو باسەیان لە ڕۆژئاوا و لای ئێمەش بە هەرمێن کردەوە. بەهەمە حاڵ، لێرەدا مەبەستمان نییە گرفتەکانی ئەو ئایدیۆلۆژییە لە بێژینگ بدەین، بەڵام شیعرییەت و شاعیر بوون خۆی لەخۆیدا گەردوونێکی ئاوەڵایە بۆ هاوژیانییەکی دۆستانە و پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان. بەواتایەکی تر، شیعر خۆی لەخۆیدا بوونێکە لە چەقی جیهان. شیعر لە پرۆسەی شەپۆلدانەکانیدا لەگەڵ خۆیدا گشت سنوورەکان مەحف دەکاتەوە، بەمەش مرۆڤ دەکاتە بەهایەکی گەردوونی. شیعرییەت وەک کردەیەک لەزمان هەوەسی گفتوگۆکردنە لەگەڵ پێوەندییە پەرتەکانی مرۆڤ، بۆیە بەدوای پێوەندییەکانەوە سەرقاڵە، تاکو ورووژاندنێک بە ژیان ببەخشێ. هاوکاتیش نووسین خۆی کردەیەکە لە ئاوەڵایی، نەک داخران بەسەر خۆدا.

شیعر ئەو پۆلێنکردنە ئایدیۆلۆژییە لەنێوان کولتوور و کۆمەڵگایەکان وێران دەکا و دواجاریش لەپێکهێنانەوەیەکدا کولتوورەکان لێکدەترنجێنێ و ئاسۆیەکی دیکەیان پێدەبەخشێ. بۆ ڕۆشنکردنەوەی مەبەستەکەمان دەکرێ ئاماژە بکەین بۆ «کۆمیدیای خواوەند»ی دانتی، «فاوست»ی گۆتە و چامەکانی «ئارتۆر رامبۆ» و هاووێنەکانیان، کە لە گەردوونی شیعرەکانیاندا هەموو کولتوورەکان لە پێوەندییەکی دۆستانە و هاوکاتیش بەتایبەتمەندی خۆیان دەپەیڤن، لەدەڤەری خۆشمان دەکرێ ئاماژە بە چامەکانی (مەحوی، نالی، مەولەوی، حاجی قادری کۆیی) و هاوئاستەکانیان بکەین، کە لە جیهانی شیعری ئەوانەدا دەنگی کۆی کولتوورەکان لە گفتوگۆیەکی دۆستانەدا دەنگی یەکتر تژی دەکەنەوە و دواجاریش خەمێکی گەردوونی ڕادەگەیەنن، بەڵام شیعر هەمیشە ئاوێزانە بەچێژ و پایەی ئاهەنگی زمانەکەی خۆی. بەواتایەکی تر، شیعر وێڕای هەڤپەیڤین و پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ دەنگ و ڕەنگی کولتوورەکانی دیکە، ئازادانە بە سیماو شێوەی تایبەتمەندی خۆیەوە ئەو سنوورانەی بەزاندووە کە سیستەمە ئایدیۆلۆژییەکان دروستیان کردووە.

من پێم وا نییە کە ئەو «گۆڕانکاری و پێکدادانە شارستانی»یانە بۆ شیعرییەت و شاعیر بەهایەکی هەبێ، چونکە شیعر سەرقاڵە بە وێرانکردنی سنوورەکان. شیعر خۆی ڕۆشنکەرەوەی ڕێگایەکانی زمانی ئەو پێوەندییە کولتووریانەیە کە بوونەکەی تێیاندا ئامادەیە. لە بۆیە شیعر هەم لەناو ئەو پێوەندییانە ئامادەیە و هەمیش گۆشەگیرە، شیعر هەم جیهانگیرە و هەمیش دەڤەربی.

بەکورتی مەبەستمە بێژم، کە خۆ خەریک کردن بە «گۆڕانکاری و پێکدادانی شارستانییەکان» ،نە شاعیرێک لە «شاعیرییەت دوور دەخەنەوە» و نە «دەیدرەوشێننەوە» . ئەگەر شاعیرێک خۆی زمانێکی نەبوو بۆ «درەوشاندنەوە»ی ئەوجیهانە نادیارەی کە بە شیعر ئاوەدانی دەکاتەوە، ئەوە «گۆڕانکاری و پێکدادانێک» کە بۆ کاولکردنی پێوەندییەکانی مرۆڤ و کولتوورەکان خوڵقێنراوە، ناتوانێ بەهرە و بەهایەکی بەزمان و شاعیریەتی شاعیرێک ببەخشێ. دواجار. ئەمن لە ئاستێکی ڕازانکاریی شیعریدا لەکرۆکی ئەو پرسیارە حاڵی نیم، چونکە شیعر خۆی مەیلێکە لە «گۆڕانکاری و پێکدادان»ی بەهاو ڕامانە سنوورداکراوەکان. کەواتە شیعر پێویستی بەو دەنگۆیە ئایدیۆلۆژیانەوە چییە کە لەبنەچەکەدا دژی جیاوازییە دۆستایەتییەکانی مرۆڤگەلە.

**ڕامان**: خەون لە شیعردا چۆن بەکاردەبەیت، ئایا بۆ کاری داهێنان تا چەند سوودت لە خەون وەرگرتووە؟

**هەندرێن**: شیعر هەر خۆی بەشێک لە سەرچاوە و جووڵەکانی لە گەردوونی خەوندایە و بەشێکیشی لەناو ئەزموونی ژیاندا. شیعر لە دیمەنە یەکاتییەکەیدا بەشێکی زمانی زیندەخەونە، یارییەکە لەنێوان خەون و بێداریی، دۆناودۆنێکە لەنێوان ئاگایی و نائاگایی. شیعر پەیژەی نێوان نادیاریی و دیارییە، گفتوگۆکردنە لەگەڵ ئەم دیوی ژیان، کە بە واتای مارتن هایدگەر، فەرامۆش کراوە. ئەفراندن وێنایەکە لە خەونی لە گەردوونێکی نادیاردا. هاوکاتیش شیعریش وەک خەون، کردەیەکی ورووژێنەر، تراویلکەیی، نادیار و دۆشمداماوییە. دەکرێ ئەوە کۆپێناسەیەکی من بێ لە پێوەندی خەون لەگەڵ شیعردا.

خەونەکانم ئاڵۆز و پەرشوبڵاون. لە هەندێ شیعریشدا تیرێژێک لەو خەونە ئاڵۆزکاوانە دەکەونە گۆ. هەندێ خەون هەژێنەرە، ئەو جۆرە خەونە شوێن پێیەکەی زۆر چڕە، دواجاریش، وەرچەرخانیان لەناو دەقێکدا، لەدەستیاندا سەرفراز دەبم. خەون وەک خۆی لە شیعردا دووبارە نابێتەوە، بەڵکو شیعر جارێکی دیکە دەبینێتەوە، شیعر شەبەنگەکەی لەدەقێکدا بە گۆدێنێ.

لای من، شیعر پێوەندییە لێکترازاوەکان، یادەوەرییەکی فـەرامـۆشکراو، بەرجـەسـتـە دەکـاتەوە، کـە خـەون بەشێکیانە. هەندێ جار من لەسەر بنەمای خەونێکدا هەستی بینینی پێشهاتی دەقێک دەکەم، کە دواجار هەندێک جـــار وەک خـــۆی، هەندێک جـــاریش، بەپێـچەوانەکـەی ڕوودەدات. هەندێ خـەونیش دەبنە هۆکـردی بیـرۆکـەی دەقێک، کە تەواو دابڕاوە لەخـودی خەونەکە.

من دەستنووسێکی زۆرم لەو جۆرە شیعرانە هەڵگرتووە کە نووسینەوەی خەونەکانی خۆمن، بەڵام حەز ناکەم بڵاویان بکەمەوە. ئەگەر سەرنج بدەن، من لە شیعری «بەنێو تەنیاییدا ڕاکە ئەی ڕۆح»دا بەشێک لە خەونێکم کـــردۆتە ڕێگایەک بۆ دڵدانەوەی ئەو ســـەفـــەرە دراماتیکییەی کە ئەو شیعرە نمایشی دەکا، کە بریتییە لە ئەزمـوونی ئەو گـەمـارۆدان و هەڵاتنەی دەست شـاڵاوی ئەنفـالی حـەوت و هەشت، کـە لە دەقـەری «دۆڵی بالیسـان» ودەقـەری باهدینانی گرتەوە، کە من لەگەڵ مـەفـرەزەیەک پێـشـمـەرگـە لەوێوەوە بەناو تۆڕی سـەربازەکـانی ڕژێمی سـەدام بەرەو تورکـیـا سـەرمـان هەڵگرت. ئەو بەشەی کە خەونە، بەند نەبوو بەو کۆچە سەختەوە، بەڵام من وەک هەڵفڕینێک ئەو خەونەی کە دوای ئەو پێشهاتە بینیبووم، کـردمە جیـهـانێک بۆ سەفەرێکی سەرمەست. کەواتە لەو شیعرەدا، خەون ئاراستەیەکی تر وەردەگرێ، بەمەش ئەزموونێکی واقیعی و خـەونێک پێـشـهـاتێکی دیکە نمایش دەکـەن. هەروا بەشێکی لە شیعری «سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور» شوێن پێی کۆمەڵێک خەونی ئازاراوی بوون، کە بەدەستیان هەراسان بووم.

هاوکـاتیش لە شیـعـری «خۆڵەمێشی خـەون»دا کە بەشێکی زۆری خەونێکی بەڕاستییە. من لە خەوندا مـردبووم و لەگزنگێکی کە ڕووناکییەکی نارنجیدا لە گـۆڕسـتـانێکدا دەمـویست گـۆڕەکـەم بدۆزمـەوە. هەروا مەرگی خۆم شەمەندەفەرێک بوو لەسەر کەلی چیاییەک ئاوا دەبوو، بەڵام وەک دەبینین لە شیعرەکەدا ئەو خەونە دەبێتە شوێنکاتێک لە تەرزە بارێکی بوونایەتیدا، هەروا ئەو مـەرگـە لە پرۆسـەی شیـعـرەکـەدا، دۆخی شـۆخی و بێبـاکی وەردەگـرێ، دەکـرێ خـوێنەریش لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ تەواوی شیعرەکە هەبێ. هەربۆیە خەون لای من لەم شیعرەدا دەبێتە شیمانەیەک بۆ بەدەنگهاتنی زمان و دواجاریش دەرک کردنی نهێنییەکانی بوونمان.

**ڕامان**: پێوەندی نێوان شاعیر و جەماوەری دەستەبژێر، یان شیـعـر و جـەمـاوەری دەسـتـەبژێر و لەچیدایە، ئایا شاعیر خەون بە چ پێوەندییەکەوە دەبینێت، یان ڕەوایە شیعر لە پێوەندی نێوان شاعیر و جەماوەر دابـڕدرێت وەک بەهایەکی تەواو جوانی تەماشا بکرێت؟

**هەندرێن**: شاعیر بوون، وەک تەرزە ژیانێک، بریتییە لە پرۆسەیەکی ناوەکی و چەشنە دۆخێک لە سەفەرێک بەناو نادیارییدا. کەواتە شیعر بێدەنگی زمانە. شیعر شکۆمەندکردنی پێوەندییەکان و وێناندنی جوانناسانەی بوونە. لەو ڕوانگەیەوە، شـیـعـر ڕێـبـاز، ئایدیۆلۆژی، پرۆژەیەک نییە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگایەک لە دۆخێکی دیاریکراودا، تاکو پێویستی بە «جەماوەر»، چەندایەتی گوێگر و بیرۆکارەکانی بێ. ڕاستییەکەی شیعر خۆ فڕێدانە بۆ ناو نادیاری و پەژارەییەکی ناوەکییە. هەربۆیە شاعیریش سەرکردەیەک نییە تاکو بۆ سەرکەوتنی بیرو ڕایەکەی پێویستی بە ئاپۆرەی جەماوەر بێ، هەروەک شیعر کەلوپەلێکی بەر خۆر نییە تاکو پێداویستییە ئابووری و سیاسییەکانی خەڵک مەیسەر بکا. بەکورتی شیعر تەرزە ڕامانێکی ڕازانکارییە و عەوداڵە بەدوای خەمی بوونایەتی مرۆڤەوە. شیعر چێژ و ڕوانین بە مرۆڤ دەبەخشێ، نەک دەسکەوتی ماددی. جوانترین پێناسە بۆ شیعر، ئەو وتەیەی مارگەرێت دۆراسە بۆ کردەی ئەدەب، کە زۆر دڵکێشانە دەفەرمووێ: «ڕاوکردنی بایە». دەکرێ ئەم ڕوانینە بۆ شیعر کتومت ڕاست بێ. هەر لێرەوە دەبێ بڵێین، کە کاتی ئەوە هاتووە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی ڕوانگەکـانی دابڕێژێتـەوە. بەچڕی ئەوە دیدی منە بۆ شیعر.

ڕاستییەکەی من کەیفم بەو پێناسە و پۆلێنکردنانە نایێ. بەدیدی من، ئەو پێداگرتنە لەسەر قسەگەلێکی وەک «شیعر و جەماوەر» و «شیعری دەستبژێر» و هاوجۆرەکانی لەناو نووسەر و سیاسی ئێمەدا دەگەڕێنەوە بۆ هۆکردی جودا، لەوانە: قەدەری خەونی کورد، کە ئەمەش وایکردووە کۆمەڵگا و پانتایی نووسینی کوردی بەحزبگەرایی، دورشمبازیی، ئایدیۆلۆژیگەرایی و...تاد سیخناخ بێ، هەروا ئیفلیجی ڕەخنەی کوردی و نەبوونی هۆشیارییەکی ڕۆشنبیریی خەڵکانێکی بە ئاگای خوێنەر لەکوردستاندا. خولیای جەماوەراندنی شیعر لەدوای حەفتایەکانەوە هەتا دەگاتە ئێستاش، بەردەوامی هەیە و

ئەمەش پایەی شیعریی کوردی لەکەدار کردووە. لەوەش زیاتر، سووڕانەوە و چەقینی زمانی کوردی لەناو ئەو پێناسە و قسەگەلە، مانای نەگۆڕی پێکهات و جیهانبینی کۆمەڵگا و نووسەری کورد دەگەیەنێ، چونکە ئەو دابەشکارییە هی قۆناغێکی نەخەملیو و دیکتاتۆر و چەوساوە و چەوسێنەرە، نەک هی کۆمەڵگایەکی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی فراژۆ. بار کردنی هەموو ئەرکە سیاسییەکانی کورد لەسەر شانی شیعر، ئاکامێکە بۆ ئەو بەستانەوەی شیعر بە «جەماوەر». لێرەوە بەبڕوای من، بەشێکی فرەی «فیستیڤاڵ» و «خەلات» کردنەی ئەمڕۆ بۆتە نەریتێکی ڕۆشنبیریی کوردی، بەشێکە لە درێژکردنەوەی ئەو دابەشکارییەوە، کە ئەوەندەی مەیلێکی سیاسییە، هێندە داهێنەریی نییە. وەک دەزانین کۆمەڵگای کوردی، چونکە هێشتا کۆمەڵگایەکی ناسەقامگیر و بێدادە، بۆیە لای ئێمە هێشتا قسەگەلێکی وەک بژی و بمرێ، گیانفیدایی و...تاد، برەوی هەیە، لەکاتێکدا زۆرینەی ئەو جەماوەرە لەبەر خەمە زۆرەکانی ژیان و بێ مافی لەکۆمەڵگای ئێمەدا، نە شیعر دادی دەدا و نە ئەو قسەگەلەش، بەڵام هۆکردی سەرەکی چەقینی زمانی شیعری ئێمە لەناو ئەو پێناسە و قسەگەلە، دەگەڕێتەوە بۆ بالادەستی حزبایەتی و وابەستەیی نووسەری کورد بەسەرچاوە ئایدیۆلۆژییەکان، نەک سەرچاوەکانی ڕازانکاریی/ ئێستیتیک و ماریفی. لە ئاکامی ئەو یارییە سیاسیەدا، ئەمڕۆ بەو بیانووی کە گوایە کورد خەباتی چەکداری بە دژی دوژمن کۆتایی هاتووە، قسەگەلێکی بێ بنەما دەکرێ لە دژی شیعر. لای ئەوانە گوایە شیعر هی کۆمەڵگایەکی ناشارستانی و...، ڕۆمان هی کۆمەڵگایەکی ژیاریی...، بۆیە شیعر باوی نەماوە، کە ئەو قسانە بێجگە لە لاسایی و بێ ئاگایی لە زمانی شیعریی هیچی تر نین. هۆکاری سووک بوونی شیعر، دەگەڕێتەوە بۆ شاعیرە ناسراوەکانمان کە لە حەفتاو هەشتا و نۆهەتەکاندا شیعریان بۆ پرسەنامەی شەهیدان و ڕووداوە زەقەکان کورت کردەوە، بۆیە سەرۆک خێڵێک لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا، چونکە بەسەر ژیانی دەڤەرێکەوە زاڵە، لە دەیان شیعر و دەقی گرنگی کوردی و ڕووناکبیری باش، ڕێزدارتر و پایەدارترن. لای زۆر شاعیری کورد، چەپڵەلێدانی مشە بۆ شیعرەکانیان، بە واتای داهێنەریی خۆیان دەزانن، بۆیە ئەوانە بۆیان گرنگە کە هەر باسێک لە دەمی جەماوەر بێ بیلێنەوە، نەک چێژ و تێڕامانی جەماوەر بۆ ئاستێکی بالا وەرچەرخێنن. شیعرییەت چێژێکی گشتی نییە، بەڵکو تایبەتە. دەقێکی نوێگەر و ناباو، قووڵ و جوانکارانە، وروژاندنی چێژ و ڕامانی جێگیرە. دەقی جەماوەریش هەرگیز لەو قۆناغە زیاتر ناژی کە لێی دەنووسرێ. من دەپرسم ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە گوایە «جەماوەر»ین، ئەوە ڕەخنەگرانی کوردین کە بەهای شیعرەکانی ئەوانەیان دەستنیشان کردووە. بێگومان ئەمڕۆ چەند نووسەرێک هەن، چونکە لەسەر هەستی «جەماوەر» یاری دەکەن، بۆیە هەرچی قەڵەمدەگرێ بە «نووسەر و شاعیری مەزنی گەلەکەمان» و «تاکە داهێنەر» و قسەگەلێکی ئەوها پەسنیان دەدەن، خۆشیان دروستکەری ئەو زمانەن بلاودەکەنەوە. ئەو شاعیرە «جەماوەر»ییانە، بە خۆیان لەسەر مانەوەی ئەو واقیعە قەتیسماوە دەژین، کە وابەستە و نەگۆڕە.

گرنگە لێرە ئاماژە بەوە بکەین، کە یەکێک لە گرفتە بنەڕەتییەکانی پانتایی شیعر، کە هەر لە شەستەکانەوە هەتا هەنووکەش، ئەوەیە کە دەسەلاتی حزب، گوتاری حزبەکان ریزبەندییان کردووە. وێنای شیعری کوردی، لە نەریتی ژنخوازی نێوان خێڵ و خێزانی دێهات دەچێ. ئەوە ڕەخنەیەکی زانستی نییە کە شاعیرێک، یان ئەدیبێک دەکاتە ناوێکی «جەماوەر»ی، بەڵکو دەمڕاستی حزب و ئایدیۆلۆگییەکانی کوردین. هەر بۆیە وێنای شیعریی کوردی، وێنەیەکی چەواشەکارە، یان داسەپێنراوە. بەلای منەوە ئەو ناو ریزکردنە لە پانتایی نووسینی کوردیدا، وەک ڕابەرانی داهێنەرانی کوردی، کارێکی ناشیعرییە. لە دوێنی و ئەمڕۆی ئەدەبی کوردیدا، زۆر دەنگی شیعری و نووسەری کورد هەن کە لەوناوە سەپێنراوانە داهێنەر ترن. هاوکاتیش، نوێکردنەوە بەند نییە بە تاکە دەنگێک، هەرارکی و وابەستەیی، بەڵکو بریتییە لە فرەدەنگی. لەو ڕوانگەیەوە، ریزبەندی شیعری کوردی، شەیدا بوونە بەدوای جەماوەراندنی شیعر، هەر خۆی لە دیاردەیەکی حزبی و ئێلگەرایی دەچێ. ئاشکرایە ئەو «جەماوەراندن»ی شیعر لە ڕۆژهەلات بۆتە هۆکردێکی

**شیعر بەشێک سەرچاوە و جووڵەکانی لە گەردوونی خەوندایە و بەشێکیشی لەناو ئەزموونی ژیاندا**

کارا بۆ پەرستنی دیکتاتۆرو مێگەلاندنی کۆمەڵگا. ئەو تەرزە شیعرە ئەوەندەی جەماوەر بەرەو وابەستەیی و سیمبول پەرستی هان دەدا، هێندە هانی جەماوەر بەرەو تێـــرامـــانی ناوەکی و ئازادی ژیان نادات. بۆیە مەترسیدارترین دیاردە ئەو ئاوێزان بوونەی نووسەری ئێمەیە بۆ ئەشقی بە جەماوەر بوون و دەستکەوتی چەپڵەڕێزانی.

ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا دوو ئاست لە هونەر و ئەدەب هەیە، کە بە «Popkultur/ پۆپکولتوور/ جەماوەریی» و «finkultur/ فینکولتوور/ کولتووری گەوهەردار» ناودێر دەکرێن. ئەوەی یەکەم، ئاستی هونەری سادە و شێوەییە، کەچی دووەمیان، ئاستی هونەریی باڵا و گەوهەرداره. ئەوەی یەکەم هی ئاپۆڕەی خەڵکە، کەچی ئەوەی دووەم، هی چینی بۆرژوا و خوێندەواری خەملیوه. هاوکاتیش هونەر و ئەدەبەکەی دووەم وێنای داهێنان بەرجەستە دەکاتەوە و دەبێتە بواری هزراندن و ڕەخنەکاریی، بەڵام ئەو دابەشکاریانە پاشخان و پێناسەی خۆیان هەیە، وەک لای ئێمە پاشاگەردانی نییە، کە لێرەدا بواری ئەوەمان نییە بە تێری بەدوایاندا دابچین. بەکوردی هونەر و ئەدەبی جەماوەریی، بە بەزم و خۆشی، یان نووسین و مۆزیکی خەڵکی دەناسرێنەوە. تۆ ڕۆژانە خەڵکان دەبینی لەناو میترۆ و پەست و وێستگایەکاندا بەدەم سەفەرەوە خەریکی خوێندنەوەی ئەو کتێب و گوێگرتنی ئەو تەرزە موزیکە جەماوەریانەن.

وەک ئەنجامگیرییەک دەمەوێ بێژم، ئێمە دەبێ ئاگاییەکی جوانناسی و ماریفیمان هەبێ بۆ لێکجوداکردنەوەی ئەو دوو شێوە شیعرە. لێ، چونکە کورد هێشتا کولتوورێکی دیاریکراوی هونەریی و ئاهەنگی نییە، بەڵکو حەماسی و سیاسییە، بۆیە شیعری «جەماوەر»ی بۆتە پێوانەیەک بۆ بەهای داهێنانی شیعر. ئەمەش ئاکامی لەدایک نەبوونی کولتووری شارستانی و خوێنەرگەلێکی بۆرژوازیی و ئەکادیمییە. ئەمڕۆ لە کوردستاندا شیعر وەک کەرەسەیەکی ئێکسپایەر سەیر دەکرێ. لێ جڤاک بە ئاراستەیەکی هەمەڕەنگی دەفراژێ و خۆشی هەڵگری ئەو هەمە چەشنە و خولیایەیە. شیعری «گەوهەردار» ئەرکی ئەوە نییە کە ملکەچی چێژ و خولیای جەماوەر بێ، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە دۆخ و ڕوانگەی جەماوەر بهەژێنێ. دەکرێ شیعری «جەماوەر»ی وەک خۆی فامبکرێ، لێ ڕەوا نییە «جەماوەر» بەسەر گەوهەری شیعرییەت بسەپێنێرێت. گرفتی ئاخێوەری کورد، لەمەڕ هەموو شتێک، ئەو گشتگیرییەیە. بەکورتی، لەکنە من، پێوەندی دەق و خوێنەر، دەبێ لەسەر بنەمای ئەڤینداری جۆرە ژیانێکی شیعری فام بکرێ. هەردوولا مەیلی یەکتر بەرجەستە دەکەنەوە. کەواتە دەبا سەرنجی ئەو کۆپلە بوونگەراییەی (نالی) بدەین، کە ئەو ڕوانینە، وێڕای یاریی زمان، گەوهەری زمانی شیعرییەکەی لەوێ و لێرەشدا ئامادە دەکا:

**نالی، نیەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە**
**ئەمما نیەتی قووەتی دڵ، قووەتی ئینشا**

دواجاریش دەبا لێگەڕێن خوێنەرانی شیعر بۆ خۆیان ئازاد بن چییان پێخۆشە بیخوێننەوە. لێ هەر کاتێک جڤاکی کوردی لەو ئاستەنگە فرانە ڕزگاری بوو، ئیتر هەموو شتەکان بۆ خۆیان ڕەوتی ژیان وەردەگرن، بەڵام هەتا کورد ئەوە دۆزی بێ، قسەکانمان ناتوانن لەنرخی شیعریەتی زمان فام بکەین.

**ڕامـــان:** پرسیار و گومان و دڵەڕاوکێ سەرچاوەی سەرەکی داهێنانن. لە قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردیدا ئەم سەرچاوانە بە ڕوونی بەکار بردراون و دەرکەوتوون، ئایا قۆناغەکانی دواتر توانیویانە بەکاری ببەن و بیانهێننە ناو داهێنانی خۆیان و بیاندرەوشێننەوە؟

**هەندرێن:** ئامادەبوون و بەکارهێنانی ئەو دیدە لە «شیعری کلاسیکی کوردی»دا، لە ئاست و شێوازێکی جودا بووە. بە کوردی: (جەزیری، خانی، عەلی بەردەشانی، مەحوی، نالی)...تاد، لە جیهانبینییەکی سۆفیگەراییەوە هەڵگری پرسیار و گومان بوون؛ واتا لە گەردوونی شیعرییەتی ئەوانەدا، پرسیار بەند بوو بەو سرووتە سۆفیگەراییەی کە ڕوانگەی بوونیان بوو. لە شیعری «کلاسیکی»دا شیعر و زمان، زمان و شاعیر هاوئاهەنگن؛ توانەوەیە بەناو یەکتردا. هەرچەندە ئەو «کلاسیکی»یە بۆ شیعری شاعیرگەلێکی وەک: (مەلای جەزیری، خانی، مەحوی، نالی، حاجی قادری کۆیی) و نموونەگەلێکی دیکە، بە بڕوای من، ڕەوا نییە. دەبا ئەو هەناسە لەم ڕوانینەی (نالی) بخوێنینەوە، کە دڵدانەوەیەکە کۆی خەمی شوێنکاتی مرۆڤ بەرجەستە دەکاتەوە:

**«مەبە عاجز نالی، ئەمە جەورە نە دەورە».**

پرسیار، گومان و دڵەڕاوکێ لە شیعری بەرێ، نقووم بوون بوو لە بیرۆکە میتافیزیکی و ئەپستراکتەکان؛ گەیشتن بوو بە نادیاری و توانەوە لە یەکایەتییەکی باڵای ڕۆحی. ئەمەش بەمانای ئاینی نەبوو، بەڵکو ورووژاندنی بوون بوو، کەچی لە شیعری نوێدا مەیلی خودگەرایی کارایە. لای شاعیرانی بەرێ، ئەو پرسیار و ورووژانی گومانە لە ڕەهەندی ڕۆچوون لە مەتەڵەکانی گەردوون و بوونەوە هەڵقووڵابوو، لێ لە شیعری قۆناغە نوێیەکانی کوردیدا، ئەوەندە بیرۆکەو ڕێبازی تیۆری زاڵن، هێندە پرسیار و گومانی ڕۆحانی، یان خەیاڵاندن ئامادەیی نییە. هەربۆیە شیعری نوێ لەخولیای تێرامان دەمێنێتەوە؛ عەوداڵی زاڵبوونە بەسەر گومان و پرسیار، نەک وەک ڕێگایەک، لە بوونایەتیدا بتوێتەوە. ئەمەش بەندە بە کۆی ئەو پاشخان و جیهانبینییەی کە بەسەر زەینی مرۆی شاعیردا زاڵن. ئەمڕۆ لاساییکردنەوە و بەرخۆربوون جیهانبینی شاعیری کوردی تەنیوەتەوە، چونکە وابەستەی ئایدیۆلۆژی و ڕێبازە تیۆرییەکانە. هەربۆیە ئەمڕۆ شیعری کوردی بە مەیلی ئەو مۆدە ئایدیۆلۆژیانە دەجووڵێتەوە. بەم جۆرە وابەستە بوونی بیرکردنەوەی شاعیر بە ڕێبازێکی دیاریکراوی سیاسی، شیعری لە گومان و پرسیاری گەردوونی دابڕیوە. منی شیعری ئەمڕۆ، منێکی ئاڵۆزکاوە، بۆیە ئامادەبوونێکی تەمومژاوییە.

سەرنج بدە بەشێکی زۆری شیعری ئێمە لەسەر دروشم و پەیامی ڕەهایی بە سەرکەوتن و بەختەوەری و بە پیرۆزکردنی هەندێ دیاردەی ماددی دەژی. ئەو تەرزە شیعرەش «جەماوەر»یکی زۆری هەیە. لەو دیدەوە، لەزمانی کوردیدا، بە هەرمێن بوونی شیعری «جەماوەر»ی و شاعیری «مەزن»، کە لە پرسیارەکەی پێشوودا باسمان کرد، لەو موژدەبەخشییە ئایدیۆلۆژیانەوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە. هەربۆیە ئەو مەیلی بە «جەماوەر» کردنی شیعرە بەشێکە لە پرۆسەی کوشتنی گومان و پرسیار، یانیش بە دەستەوایی کردنی ئەو دەستەواژەیە لە «مەسعوود محەمەد»ی دانسقە، زارقەڵەباڵغ کردنی زمانی شیعرە. بەبڕوای من، ئەو شیعرەی کە لەسەر بنەمای «پرسیار»، «گومان» و هزرییەت سەرچاوە هەڵدەگرێ، هەرگیز نابنە شیعری جەماوەری و میدیای حزبەکان، چونکە شیعرێکی بارگاویکراو بە ئاسۆی پرسیار و تێرامان، پێویستی بە خوێندنەوەی چڕو ڕامانئامێزیشە.

دەبا پێکەوە لەو کۆپلە چڕەی (مەحوی) بخوێنینەوە، کە بە کۆپلەبەندی و قافیدارییەکەشی، هەم لەوێ ئامادەیە و هەمیش لێرەدا ئامادەیە:

**«هەر گفتوگۆمە، کەچی هەر ئەڵێم و تێ ناگەم**
**هەر جوست و جۆمە، کەچی هەر ئەڕۆم و پێ ناگەم»**

سەیرکەن مەحوی چۆن لۆژیکی جێگیرکراو وەردەچەرخێنێ:

**«درۆیە مەنعی جەمعی ضید، نەظەر کەن**
**لە بەزمی ئەمشەوا ڕۆژێ دیارە»**

ئەم تەرزە پێشهاتە شیعرییە، هەڵوەستە لە تێرامانە چڕکردنەوەی گشت ئەزموون و شوێنکاتی دۆخی بوونایەتی مرۆڤ دەورووژێنێ.

هاوەدەمیش بە بێدەنگانە لەو زمانە شیعرییە تیرێژ پرژێنەی (ئەحمەدی خانی) لەمەڕ ئاستەنگی پێکهاتی کوردی بهزرین:

**«غەمخاری دکر لە یەتیمان**
**دئینانە دەرێ ژ دەست لە ئیمان**
**غالب نەدبو لسەر مە ئەڤ روم**
**نەدبوونە خەرابەیێ ددەست بووم**
**مەحکووم عەلەیهو سەعالیک**
**مەغلووب و موطیعێ تورک و تاجیک**
**ئەمما ژئەزەل خودێ ئوساکر**
**ئەڤ رۆم و عەجەم ل سەر مە ڕاکر»**

ئەو تێهزرینە شیعرییە وەزندارە هەر دەڵێی کۆکردنەوەی کۆی خەمی مێژووی کوردییە کە زمانی کوردی لە هاوئاهەنگییەکدا چڕایەتی ئەزموونی خەمهێنەری کورد بەرهەم دەهێنێتەوە. بەهەمە حاڵ، ئەو پرسیارە پێویستی بە ڕاڤەکارییەکی فرەڕەنگ هەیە.

**ڕامان**: ناوونیشان بەشێکی گرنگە لە هەیکەلی گشتی دەق، دەلالەتی قووڵ لەخۆ دەگرێت، لە ناوونیشانەوە کرۆکی دەق دەکەوێتە بەربیرو خەیاڵ و هەست، یان ناوونیشان بنیادێکی سەربەخۆ پیشان دەدات، ئایا دەلالەتی ناوونیشان لەلای تۆ چۆن دەکەوێتەوە؟

**هەندرێن**: ناوونیشان لە نووسیندا ڕامانێکی سەرنجکێش و تەڤلەهەڤە. هەندێک جار ناوونیشانێک سەرتاپای دەقێک چڕ دەکاتەوە، هەندێک جاریش

ناوونیشان ئاماژە بە ئاراستەیەکی جودای خودی دەقەکە دەکا. کەواتە ناوونیشان زرینگانەوەی دەقە. ناوونیشان هەمیشە ئەو بەشە گرنگە نییە کە پرسیارەکە ئاماژەی پێدەکا، چونکە دەکرێ ناوونیشان خۆی گوزارە بێ لە دۆخێک، یان شوێنکاتێک کە ئەو شیعرەی تێدا بەرهەم هاتووە. هاوکاتیش شێواز و بونیادی هەندێک دەق بە ئاسانی لەناوونیشانێکدا چڕ نابێتەوە. لەبۆیە دەکرێ وێنای ناوونیشان بە یەکەم ژەنینی ئامێرێکی موزیکی بچووێنین، یانیش بەیەکەم جوولەی لەش لە دەستپێکی سەمایەکدا. ئاهەنگی کۆپلەی موزیکێک هەتا دوایی یەک نەوا نییە، بەڵکو شەپۆلاوییە، هەروەک جوولەی لەش لە دیمەنێکی سەمادا تەنیا یەک چەشنە جوولە نییە، بەڵکو نەرم و توندە.. تاد. ناوونیشان لای من بریتییە لە برووسکەی وێنەیەک کە ڕێگا بۆ دەستپێکردنی سەفەری شیعر ڕۆشن دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، لای من ئەو بیرۆکەی کە سەرەتا وەک پریشکێک زەینم دەتەنێتەوە دەبێتە ناوونیشانی شیعرێک. هەندێک جار شیعرەکە لە ئاسۆی خودی ناوونیشانەکەوە دەجمێ و دەخەملێ و هەندێک جاریش شیعرەکە بە ئاراستەیەکی تووناوتوونی دەڕوا کە ڕاڕەوەکانی بەناوونیشانەکە ڕۆشن ناکرێتەوە. کەواتە ناوونیشان هەندێک جار تروسکاییەکە بۆ بەلەدیکردنی خوێنەر بۆ ناو گەردوونی شیعرەکە، هەندێک جاریش ئاماژەیەکە بۆ پانتاییەکی ئاوەڵا.

ناوونیشان هەڵوەستەیەکی ڕامانئامێز و خەیاڵاندنێکە کە یاد و ڕووداوێکی تایبەت، یان چەشەی یەکاتی دەق بەرجەستە دەکاتەوە. کەواتە ناوونیشانیش، وەک خودی ناوی مرۆڤەکان، شتێکی ئاڵۆزە. هەموو ناوەکان هەڵگری کرۆکی خودی مرۆڤەکان نین. هەندێک جاریش ناوەکان بە پێچەوانەی خۆیانن.

**ڕامان**: درەوشانەوەی یادەوەری و منداڵی و ژیاننامە ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبی دەبینن، ئایا تۆ چەند توانیوتە بۆ دەقی شیعری سوودیان لێ وەربگریت و بەکاریان ببەیت؟

**هەندرێن**: ڕاستییەکەی من نازانم ئەوە پێوانەی کام ڕەخنە و تیۆرییەکە کە بڕیاری داوە «یادەوەری و ژیاننامە ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبی دەبینن» جێگەی سەرنجە، کە لەگفتوگۆی کوردیدا بەتاکڕەهەندییەک سەیری «منداڵی» دەکرێت، بەڵام ئەوەندەی من ئاگام لەگفتوگۆی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوا بێ، ئەو شێوە سەیرکردنە کەم دەبینم، یان ئەوها بەتاکە ئاراستەیەک گەمارۆدراو نییە. لای هەندێک نووسەر شوێنکاتی ئەو ژیانە ئاوەڵایەی منداڵی دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی شیعر و بیرکردنەوە. لای هەندێ کەسیش بە پێچەوانەوە. لێ ڕەهەندی منداڵی، پرسیارێکی خەیاڵ وروژێنە.

ئامادەبوونی منداڵێتی لە شیعردا، بە بڕوای من، بریتییە لەوەی کە شاعیر شتێکی نوێ بەو منداڵێتییە ببەخشێ، یان ئاشکرا بکا، کە دیار نییە و شاعیر لە منداڵیەتیدا نەیبینیوە.

دیارە لە ڕۆژگاری ئێمەدا، وەک ئێستا، نەریتێک نەبوو بۆ منداڵی، من بەکەرەسە سروشتییەکان یاریم دەکرد. نە فیلم، کتێبی منداڵان و پێشانگا و تەکنیک... تاد دەبینی و دەخوێندەوە، نە دۆخی ماڵەکەی ئێمە هی ئەوە بوو کە بتوانن گرنگی بە مافی منداڵیم بدا. کەواتە بەو مەرجانە بێ، یادەوەری منداڵی من خاڵی بووە لەخەیاڵ و ئەزموون، بۆیە دەبوو هەموو دەقەکان وشک و برینگ بن، یانیش خەمگین بن. لێ ڕاستییەکەی منداڵی من، نە ئەوەیە کە لێرە نمایشی دەکەم و نە ئەوەندەشە کە لە دەقگەلێکی شیعریدا ئامادەیە؛ ئەزموونی منداڵی من، ئەلبوومێکی خەمینە.

بە ڕاشکاوی بێژم، من هیچ شتێکم لە قۆناغی یەکەمی منداڵی خۆم بە یاد نایەتەوە. لەدوای تەمەنی حەوت ساڵی بەدواوە هەندێک شتم بەیاد دێنەوە، کە ئەویش سرووتی ئەو سەر ئێشانە بوو کە هەفتانە لەکاتی بەرەبەیان، یان ئێواران وەک برووسکەیەک چاو، هەنییە و هەناوی هەڵتەدەکاندم. سەرئێشەیەک کە پێی دەڵێن «میگرێن/ شەقیقە»، وابزانم ژانێک بوو لە تاڵانکردنی ماڵی یادەوەریی منداڵیم. ڕەنگە هۆی ئەوە بێ، کە من هەست بە هەستداریییەکی نیگەران لەسەر تەمەنی سەرەتایی منداڵی خۆم بکەم. هاوکاتیش من هەر لەدوای تەمەنی دە ساڵییەوە وەک منداڵێکی مەزن خۆم دەبینی، یان حەزم دەکرد خۆم ببینم. حەزم لە تێکەڵی منداڵان و یاری کردنی منداڵان نەبوو.

لەو ڕوانگەیەوە ڕەنگە ئەو سەر ئێشەیەی منداڵی من لە شیعرەکانمدا شەبەنگێکی تاسەدار بێ، یان وێناکردنی ئەو شتانە بێ کە هەستم بە نەبوون و فام نەکردنیان نەکردبێ، شیعر خۆی ڕامانێکی منداڵانەیە بۆ ڕوخساری

بوون و گەردوون، یان شیعر لە خەمی ئەوەدایە ئەو ژیان و یادەوەرییانە بکاتە ڕۆحێکی بێگەرد و لاساریی دۆخی ئێستای بوون و ژیانمان. بەکورتی من لە دەق «زەمەنە سەرابییەکانی سەر پشتی مانگایەک»دا لە گەشتێکی بازنەییدا هەوڵمداوە تۆڵە لە منداڵی خۆم بکەمەوە. لەوێدا ئەگەر خوێنەر سەرنج بدا، شوێنکاتم بە هاوئاهەنگی لەگەڵ خەونە منداڵییەکانمدا لەوێنای یادەوەرییەکی ئێستێتیکیدا نمایش کردووە، کە زارۆکایەتی من لەخۆیدا خۆزگە خوازی ئەو ژیانە بووە، بەڵام ئەو دەقە بۆ ئاشتکردنەوە ئەو ئاسۆیەی کردۆتەوە، تا بەخشندە بێ. هەروەک هەم لە «سکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لە بخوور» و ئەوانی تردا لە وێنای جودای سادەدا ئەو سەبوورییە بە منداڵی خۆم ببەخشمەوە، کە بێبەش بووە لێیان. هەرچۆنێک بێ، منداڵی من پڕە لە فەرامۆشی و سەرئێشەیەکی غەدار. بەهەمەحاڵ، ئەوە خوێنەرە کە دەتوانێ ئەو نهێنییانەی منداڵی لەدەقدا بدۆزێتەوە.

**لە شیعری کلاسیکیدا شیعر و زمان، زمان و شاعیر هاوئاهەنگن، توانەوەیە بەناویەکتردا**

**ڕامان**: بەکاربردنی سروشتی ڕووت لەناو شیعری کوردیدا بە ئاشکرا دیارە، هەروەها قاڵبوونەوەش لە خودی سروشت هەمدیس.لەم دوو ئاراستەیەدا بیری مرۆڤ چۆن تێکەڵ بە دەقی شیعری دەکرێت، تێگەیشتنتان بۆ کارکردن لەم دوو ئاراستەیە چۆنە؟

**هەندرێن**: سروشت، وەک پرسێکی بوونناسی، پەنتاییەکە ڕووی دووەمی مرۆڤ پێکدەهێنێ. مرۆڤ وەک بوونەوەرێک لەوەتەی هەیە، نەک هەر لە ئاستی شیعردا، بەڵکو بە هەموو توانایی ئاوەزی و جەستەییەوە سەرقاڵ بووە بەو مەتەڵ و پرسیارانەی کە لەناخی سروشتدا دەژین. بەم جۆرە سروشت دیوی دەرەکی خودی مرۆڤ پێکدەهێنێ. مرۆڤ بێ سروشت ناسروشتە. ئەگەر سروشت نەبووایە نەبوون و نە ئەو ژیانە بەردەوامەی مرۆڤ مانای دەبوو.

بە بڕوای من، لە بەراییدا ئەوەی وایکرد مرۆڤ بشعرێنێ، بەشێکی خودی ڕووداو و پەنهانییەکانی سروشت بوو، چونکە قەدەری مرۆڤ بە دیاردەکانی سروشتەوە بەستراوەتەوە. مرۆڤ دەبوو بوونەکەی لەو سروشتەدا جێنشین بکا، یان پێوەندییە دابڕاوەکانی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا ئاشت بکاتەوە، بۆیە هەتا ئەمڕۆش ئەم مرۆڤە سەرقاڵە بەگفتوگۆکردن و تێگەیشتن لە نهێنییەکانی سروشت. بوون و شیعرییەتیش قەدەرەکەی مەرجدارە بە سیحری سروشتەوە. سروشت کانگای دۆشمدامانی شیعرییەتە. چونکە بەشێک لە ڕەهەند بوونی مرۆڤ لە وێدا پەرتەوازەیە. بوونی شتەکانی سروشت لەزماندا دەدوێن و ناودێر دەکرێن، بۆیە سەرچاوەیەکە بۆ گومان و پرسیار. هەربۆیە شیعر جووڵاندن و ژیاندنەوەی بوونی شتەکانی سروشتە، بەڵام مەبەستمان ئەو لاساییکارییە نییە کە پانتایی شیعری کوردی تەنیوەتەوە، بەڵکو ئەو ڕەهەندە بوونناسییەیە. شیعر لە بنەڕەتدا ئاوازەکانی لە زایەڵەی شتەکانی سروشت وەرگرت، بۆیە شیعری «کلاسیکی» زێتر لە شیعری نوێ، ئاوێزانی نهێنی سروشتە. هاوکاتیش شیعر لە بینراو و نەبینراوەکان؛ ڕەمەکییەتی و کێویگەرایی سروشت دەچێ. دەبینی سروشت لەو کۆپلەیەی (مەحوی)دا چتۆ گەوهەرێک دەچرێ:

**«زوبانی لاڵە، بۆ حەیرانە، حاڵی بۆ پەرێشانە؟!**
**لە سەوسەن دەفکرم (مەحوی) لە وەزعی نێرگس و سونبول»**

ژیانی کوردی زیاتر سروشتی بووە، بۆیە ئامادەیی زۆرە لەشیعردا، چونکە کۆمەڵگای کوردستان خاوەن شارگەلێکی نوێباو نەبووە، بۆیە هەتا ئێستاش «سروشتی ڕووت» ڕاستەوخۆ بوونەتە سەرچاوەی هێزە جووڵێنەرەکانی شیعری کوردی. لێ ئەوە ڕاست نییە کە شیعری «کلاسیکی» کوردی، تەنیا «سروشتی ڕووت»ی گواستۆتەوە ناو شیعر. دەبا بە حەزێکی سروشتییەوە شیعرە دەڤۆکی، کوردی بخوێنینەوە، ئەوکات هزرێک لەو هەموو وێکچوونەی جوانی کیژانی کورد لەگەڵ میهرەبانی، دڵفرێنی و نازی وێنەکانی سروشت بکەین، کە ئەو شاعیرانە بەرجەستەیان کردۆتەوە. ئایا ئەو وێکچوون و بەراوردکارییانەی نێوان ڕوخساری سروشت و مرۆڤ لای ئەو شاعیرانە، تەنیا گواستنەوەیەکی «ڕووت»ی سروشتە. ئاخۆ ئەو ئاوێزان بوونە بە سروشت لەکن ئەو شاعیرانە، بەخشینی بوون و ژیان نییە بە

سروشت، یان گواستنەوە نییە لە سروشتێکی بێ گیانەوە بۆ سروشتێکی گیاندار و وەرچەرخاو. بەڵێ شیعری «کلاسیکی»، ژیانی لەبەر جەستەی «ڕووت»ی سروشت کردووە، کە شیعری ئێستاش، وێڕای نەتوانینی لە دەستبەردار بوونی ئەو سروشتە، هێشتا لەو «کلاسیکی»یانە جوانکارانەتری نەکردووە. ئەو بابەتە زۆری بە بەرەوە هەیە و لێرەش فرسەتی هەڵسەنگاندنێکی وردمان نییە.

هەڵبەتە خودی شاریش تەرزە سروشتێکی دەستکردی مرۆڤە، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی شار ئامێز و نوێباودا، ئاسۆی ئەو سروشتە ڕووتە پڕ لە مەتەڵە لە زەین و ناخی مرۆڤ دادەبڕێ، بۆیە ڕەهەندە سروشتییەکانی سروشتی شار، خۆڕسک نین.

بەم جۆرە وەک ئیرزا پاوەند وتبووی، کە شاعیر دەڵێ مانگ، مەبەستی لەو مانگە نییە، کە وەک خۆیەتی. شاعیر ئەو مانگە لە بوونێکی ڕۆحدار و مانابەخش نمایش دەکا؛ دەیکات بە ڕووداوێک. کەواتە ئەرکی شیعر ئەوەیە ماناو نهێنییە شاراوەکانی ئەم دیوی سروشت ئاشکرا دەکا کە بۆ ئێمە نادیارن. شیعر ئەوکاتە دەچێتە ناو تووناوتوونەکانی سروشت کە توانی ئەو پێوەندییە نادیار و هاوچارەنووسییەی لە ناخی خودی مرۆڤ و سروشت لە بانتایی زماندا بەگۆ بهێنێ و بەمەش سروشت و مرۆڤ پێکڤە ژیانێکی هاوئاهەنگ بە یەکتر ببەخشن. دواجاریش بەلای منەوە، شیعر ئەوکاتە نادیارەکانی سروشت ئاشکرا دەکا، کە بەزمان جووڵە و ژیان؛ ناو بە سروشت ببەخشێ، تاکو بەهای بوونایەتییە سروشتییەکەی شکۆمەند بکا. وەک دەزانین سروشت لە شیعری (گۆران)دا، وێناکردنەوەیەکی نوێیە لە پێوەندی بەمرۆڤەوە. کەواتە بێ سروشت گەشتەکانی شیعر هەژارن. منیش بەهۆی ئەزموونێکی فرەی ژیانم لەگەڵ نهێنییەکانی سروشت، بۆیە تیرێژێک لە شیعرەکانم ڕەنگدانەوەی پەرێشانییەکانمە بۆ ئەو سروشتە دابڕاوە.

**رامان**: لەناو شیعری جیهانیدا شیعری کوردی لە کوێ دادەنێیت، لەناو کوردیشدا خۆت لە کوێ؟

**هەندرێن**: وێدەچێ نائامادەیی شیعری کوردی لەناو شیعری جیهانیدا، بووبێتە ئاستەنگێکی دەروونی نووسەری کورد، چونکە لە هەموو دانوساندن و گفتوگۆیەکاندا، ئەو خەمە ئامادەیە. بەڕای من، کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئێمە دەبێ لەوە تێبگەین، کە ئاخۆ شێوە و سروشتی شیعری جیهانی چییە. ئاخۆ کورد دەبێ چ تەرزە شیعرێک بنووسێ تاکو کۆمەڵگای شیعری جیهانی مافی شیعری جیهانیبوونی پێ بدا. وێڕای ئەمەش، ئاخۆ ئەو گومانەی کە کورد هەیەتی لەسەر بەجیهانی نەبوونی شیعری خۆی، هۆکارەکەی خودی شێواز و ئاستی شیعرەکەیەتی، یان خودی پایە و ئاستی خۆی وەک زمان و نەتەوەیەک. شاعیری کورد دەبێ ئەوە بزانێ، ئامادەبوونی شیعری کوردی لە پانتایی ڕۆشنبیریی جیهاندا، پێویستی بە پرۆسەیەک لە وەرگێڕانی هەمەجۆر و کۆڕ و چالاکی باڵای کولتووری و گوتارێکی بەرجەستەکراوی نەتەوایەتیانەی کوردییەوە هەیە. بە جەختکردنەوە دەڵێم، ئێمە تاکو دەقە «کلاسیکی»یەکانی کوردی بۆ زمانی بیانی وەرنەگێڕین، ئەستەمە سەرنجی خوێنەری بیانی بۆ تایبەتمەندی داهێنانی کوردی ڕابکێشین. ڕۆژئاوا لەسەدەی حەڤدە و هەژدەوە بە وەرگێڕانی چامەگەلی حافیز و خەیامی فارس و ئیبن عەرەبی و «هەزار و یەک شەو»ی عارەبییەوە، ئاشنای کولتووری فارس و عارەب بوون. کولتووری ڕەسەنی نەتەوان، لەکۆنینەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ، بۆیە ئێمە بە وەرگێڕانی چەند کتێبۆکە و وەرگێڕانی بە مجگێزی هاوڕێیایەتی کەشکۆلێکی بەرتەنگ لە شیعری کوردی نوێ، ناتوانین وێنا و پایەی شیعریی کوردی لە جیهاندا ئامادە بکەین. ئاخر شیعری کوردی هێشتا لە زمانی فارسی و عارەبیدا نائاشنایە، چۆن لە زمانی ڕۆژئاوادا بناسرێت. بەهەمە حاڵ، من مجگێزێکی زۆرم هەیە بۆ ئاخاوتن لەسەر ئەو پرسیارە، چونکە کەلێنێکی سەرنجکێش لە پشتەوەی ئەو پرسیارە هەمیشە دووبارەکراوە ئامادەیە.

لێ لێرەدا ئەو دەرفەتی ئەو پشییەدرێژەمان نییە تاکو سەر لەدوای ئەوباسە بەگرێ و گۆڵە بنێین.

ئەمن لێرە و لەوێ قسەگەلێکی زۆر لەو شاعیرە «پلەدار و مەزن»انەی خۆمان بیستووە، کە مخابن لەسەر شیعری خۆیان وێنایەکی چەواشەکارانە بە خوێنەری بەستەزمانی کوردستان دەبەخشن، یانیش زۆر هەستەکیانە لە بەهای وەرگێڕانی شیعری خۆیان بۆ سەر زمانی جیهانی دەدوێن. هەر بۆیە ئەگەر کەسێک لە ڕۆژئاوا نەژی وا دەزانێ ئیتر ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژئاوا ڕۆژێ هەتا هێواری لەبەر پایەی ئەو شیعرە وەرگێڕدراوانەی ئەوشاعیرانەمان باسی کورد دەکەن.

زۆر ڕاشکاوانە، پایەی شیعری کوردی بۆ خوێنەری گشتی و ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوا، لەوە کاڵترە کە لەزمانی عارەبی، فارسی و تورکیدا هەیە، ئەوجا کاتێک ئێمە هاوژیانی ئەو زمانانەین، ئەوە پایەی شیعرمان بێ، ئاخۆ دەبێ لە ئاستی جیهانداچۆن بین. ئەوانەی شیعری کوردی دەخوێننەوە، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا نین، بەڵکو چەند نووسەرو سیاسی «کورد دۆست» و نووسەری چەپن، کە ئەمەش لە سۆزەوەیە نەک تایبەتمەندی. ڕەنگە تاک و تەرا، وەک ڕۆشنبیریی ئەوی تر، خولیای ناسینی شیعری کوردی هەبێ، بەڵام دەگمەنن. لێرەوە بەبێ زێدەڕۆیی و کەم کردنەوە لە شیعری خۆمان، من کە خۆم لە سوێد دەژیم، وەک ئاشکراشە زۆرترین نووسەر و شاعیری کورد لە سوێد دەژین و ژیاون، بۆیە من لە زمانی سوێدیدا ئاگام لە وێنای شیعر و ڕۆشنبیری کوردی هەیە، هەروەک ئاگام لە زمانەکانی دیکەی ڕۆژئاواش هەیە. بەگوێرەی قەبارەی نووسەری کورد لە سوێد، شیعری کوردی لە ئاستێکی زۆر سنووردار‌دا ناسراوە. هاوکاتیش یەکێک لەو نەتەوانەی ڕۆژهەڵات کە ناوەندی ڕۆشنبیری سوێد بۆی گرنگ نەبێ، شیعری کوردییە، ئامادەبوونی شیعری کوردی تاکەکەسین. هەڵبەتە ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەوە کێشەی شیعری کوردییە، بەڵکو گرفتەکە لە خودی قەدەری کوردی دایە. وێڕای ئەو هەموو نووسەرەی کورد لە سوێد، ئێمە تەنیا لەچوار، یان پێنج کۆ شیعری کوردیمان بە سوێدی هەیە. یەکێک لەو کۆمەڵە شیعرانەش، هی منە، کە 2004 بەناوی «سکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لە بخوور» چاپ کراوە. بۆ زانینیشتان لە سوێد و وا بزانم لە هەموو ڕۆژئاواشدا، مخابن ئەگەر کتێبێک لە چاپخانەیەکی سوێدی، یان دەزگایەکی ڕۆشنبیری سوێدی چاپی نەکا، ئەوە بەگشتی ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی سوێدی دانی پێدا نانێن و وەک کتێبێکی سوێدی نایبینن. ئەگەر ئاوڕیشی لێبدەنەوە تەنیا هاوسۆزی چەند نووسەرێکی چەپڕۆیەکانە.

بۆ نموونە کاتی خۆی هیچ چاپخانەیەکی سوێدی، وەک من ئاگاداربم، ڕازی نەبوون، ئەو دیوانە وەرگێڕدراوەی شێرکۆ بێکەس «کۆچ» چاپ بکەن. وێڕای ئەوەی (شێرکۆ بێکەس)، بەهۆی سیاسییەوە، لەسوێد خەڵاتی تۆخۆلسکی وەرگرت، بەڵام دواجار ئەو دیوانە لە چاپخانەی کوردی «ئاپێک» چاپ کراوە. هەربۆیە بڵاوکردنەوەی ئەو دیوانە لە جوغزێکی زۆر دیاریکراو بوو ئەوبایەخەی نەبوو، کە هەم وەک ئەوەی (شێرکۆ بێکەس) خۆی لەوێ و لێرە باسی کردووە، هەروا وەک بیستم نووسەرگەلێکی کوردستان باسی ئەوەیان کرد بوو کە لەسەر ئەو دیوانە ڕەنگە خەڵاتی نۆبل بدەن بە شێرکۆ بێکەس. ئەو خەیاڵاندنە عەنتیکانەی نووسەری کورد، ئەوەندەی من حاڵی بم، مایەی تێڕامانە. ڕاستە هەندێ نووسەری هاوسۆزی کورد، زیاتر لە ڕوانگەی سیاسییەوە، لەسەر ئەو چەند کۆمەڵە شیعرەی کوردیان نووسیوە، بەڵام زۆر سنووردار بوونە. من زۆر باشیش ئاگام لەچۆنیەتی وەرگێڕانی ئەو دیوانەی (شێرکۆ بێکەس) بوو، کە مەبەستم نییە خۆمان بەو چیرۆکە سەرقاڵ بکەین، بەڵام وەک ئەوەی لە قسەکاندا دەبینم، ئەوها بەهای نییە بۆ ڕەخنە و خوێنەری سوێدی. بۆ کۆ شیعرەکەی خۆشم «سکاندیناڤیا دوورگەیەکی تر لە بخوور» کە هەرچەندە لە چاپخانەیەکی سوێدیش چاپکراوە، بە شێوەیەکی فراوان لە هەموو کتێب فرۆشییە گرنگەکاندا هەیە. هەرچەندە ئێوەش ئەو ناساندنەشتان بینیوە کە نووسەرەکەی دکتۆرای هەیە لە زانستی ئەدەب و تێزەکەشی لەسەر هینری میشۆیە، سۆزێکی تایبەتی بۆ کێشەی کوردیش نییە، بەڵام زێدەڕۆییە ئەگەر، وەک ئەو شاعیرە خۆشەویستانەی تر، خۆم و خوێنەری کوردستان تووشی وەهم بکەم!

گرفتی شیعری ئێمە لە جیهاندا ئەوەیە، کە ڕۆژئاوا هەتا ئێستاش خودی کورد وەک خەڵکێکی بەدبەخت و کۆمەڵگایەکی چەقیو لە نەریتی خێڵگەرایی و ژنکوژ و تەمومژاوی سەیر دەکا. ڕەنگە بێ دەسەڵاتی کوردی و ڕۆحی سواڵکەری نووسەر و سیاسی کورد لە ڕۆژئاوا، دوو هۆکاری سەرەکی بن لەو کێشەیەدا. هەروا شیعری کوردی بە شێوەیەکی پرۆژەیی و بەربڵاو وەرنەگێڕاون بۆ زمانەکانی ڕۆژئاوا. نووسەرانی سوێد، ئەگەر ئەوەندەی کە زرینگن بۆ وەرگرتنی«ستیپێندیۆم/ کۆمەک» و «ڕاپۆرت نووسین» لەسەر یەکتر، هێندە لە فێربوونی زمان و وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی چالاک بووان، بەختی ئەدەبی کوردی لە سوێد وا پەراوێزکراو نەدەبوو. نووسەری کورد لە ڕۆژئاوا هەمان وێنای کوردستانە.

دەزانن یەکێک لەو خۆ بە «شت» زانانە لە شیعری حەفتایەکان، چونکە من بێ هیچ مەبەستێک، باسی کێشە و هاواری وەرگێڕانی کۆشیعرێکم کردبوو، کە ئەو «ڕاسپێردرابوو» بیکاتە سوێدی، کەچی وەک تۆڵەیەک

ڕێگای نەدابوو کتێبخانەکانی سوێد کۆشیعری «سکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لەبخوور» بکڕن و لە کتێبخانەکان دابەش بکرێ.. سەیریش لەوەیە، بە بەرپرسی سوێدییەکانی وتبوو، نابێ ناوی ئەو ئاشکرا بکەن، یان یەکێکی دیکە، نووسەرێک داوای یارمەتی ماددی لە بەشی کولتووری سوێد کردبوو بۆچاپکردنی کتێبەکەی، کەچی یەکێک لەو شاعیرانەی، کە پێی وایە لەخۆی زیاتر کەسی تر زمانزان و شاعیر نییە، بۆ ناشیرین کردنی کتێبەکە، ڕاپۆرتی لەسەر ژیانی ڕابردووی ئەو نووسەرە نووسیبوو. ئەو نموونە تەنیا بۆ ڕۆشنکردنەوەی پرسیارەکەیە لەوێنەی شیعری کوردی. ئەوجا ئەگەر ئەوانە نموونەی نووسەری کورد بن لە هەندەران، دەبێ ئاستی شیعری کوردی لە ئاستی جیهانیدا کووبێ. ڕاستییەکەی ڕۆژئاوا هێشتا کولتووری کوردی بۆ گرنگ نییە، بۆیە من پێم سەیرە نووسەری ئێمە لە کوردستان کە باس دێتە سەر ئەو بەراوردکارییە. ، هەستەکی دەدوێن، کە ئەمەش فریودانی خوێنەری کوردە.

بەڵێ کورد دەقگەلێکی ئەوهای هەیە کە لەجیهاندا ئامادەبن و لە چاو ئەو دۆزەخەی کە کورد تێیدا دەژی، مایەی سەرنجدانێکی جیهانی بن، بەڵام نەک تەنیا دەقی ئەو چەند ناوە، کە من پێم وایە، هەڵبژاردنێکی حزبییانەیە، نەک داهێنەرانە و پسپۆڕانە، بەڵکو ئەو دەقگەلەی کەروانگەیەکی خوانناسیی و ئاوەڵایی تێدایە، بۆیە هەتا شیعری کوردی ئەو خۆسەپێنەرانە دەمڕاستی بن، ئیتر هەرلەو سەرەگێژییەدا بەدوای بەجیهانبوونی شیعری کوردی دەمینێنەوە.

لێرەدا ئەو نووسەرانەی کە بەجیهانبوونی شیعری خۆیان بۆ گرنگە، حەز دەکەم سۆراغی ئەو بەناو «ئەنتۆلۆگی شیعری نوێی کورد»یە بکەن، کە (کەمال میراودەلی)بەشێکی زۆری لە شیعرەکانی ئەو ئەنتۆلۆگییە بە مجگێز و گوڕاحی هاوڕێیایەتی هەڵیبژاردوون، تاکو بزانن ئەو ئەنتۆلۆگییە لە زمانی ئینگلیزیدا چ دەنگدانەوەیەکی هەبووە، بەڵام من مەبەستم لەو یەک دوو کەسە ئینگلیز و مەیلە و نووسەر و سیاسییانە نییە کە لەبەر هاودۆستی کورد قسەیان لەسەر ئەو کتێبە کردووە. ئەوکات پێویستە ئەو نووسەرە خەیاڵ خۆشانە ڕاڤەیەک بۆ ئاستی خۆیان بکەن. پرسیار ئەوەیە، ئایا «ئەنتۆلۆگی»یەک ناوی شیعری کوردی بێ، بۆ دەبێ چەند شیعری کرمانجی ژووروروی تێدانەبێ بۆ شیعری کوردی، تەنیا بریتییە لە چەند شاعیرێکی (سلێمانی و هەولێر) ئەو جیهانبینییە بەرتەنگە، لێ، وەک وتم من لێرە بوارم نییە ئەو لوغزانەی شیعری کوردی و مەراقی ئەو پێوانەکارییە شی بکەمەوە.

سەبارەت بەوەی کە خۆم «لەکوێی شیعری کوردی»م، بەڕاستی/ دوور لە هەموو مەبەستێک، ئەو «کوێ»یە بە خۆیەوە خەریکم ناکا. من پێم وانییە جیهانی شیعر هەرارکییەک بێ، ئیتر من دەبێ ئیشم ئەوە بێ تاکو خۆم بگەینمە ئەو نهۆمانەی کە مانای سەرکەوتنم بەسەر ئەو نهۆمانە دەگەیەنێ. ئاخر من نازانم تۆ مەبەستت چییە لەو «لەکوێ»یە تۆ بڵێیی کوردخاوەن ئەو ڕەخنەیە بێ، کە بتوانێ پایەکان دابەش بکا؟ شیعری کوردی وەک کاری سیاسی وایە، ئەگەر کەسێک بووە ناو ئیدی هەتا هەتایی ئەو شانۆییە و سەری سەرەوە بەرنادا. کەواتە ئەگەر ئەوە دۆخی شیعری کوردی بێ، منێک کە نە برادەر، نە حزبێکم لە پشتە، نە خاوەن دەروێشم و نە توانای ئاکارێکی خۆ شیرین کردنیشم هەیە، چۆن ئەو شوێنەم بەرکەوێ کە تۆ مەبەستتە. ئاخر کە دەڵێین «لەکوێی شیعری کوردی» ، واتا شیعری کوردی بریتییە لە چەندان نهۆم و پایە و کورسی، لە کاتێکدا من بێ خەبەرم لەم دابەشکارییە، بۆیە بەڕاستی نازانم «لەکوێی شیعری کوردی»م و هەرگیز بۆشم گرفتێک نییە. بە ڕوخسەتی (مەحوی) ، کە لەوێڕا دەڵێی مەیلی ئەمڕۆی منی هۆنیوەتەوە، کە دەبێژێ:

**«چبکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا بە کەس**
**خۆیشم نەگەیە ئەو کەسەی کە من بکا بە کەس»**

کەواتە کێشەی من لە شیعردا، گەیشتن نییە بە «کوێ»ی شیعری کوردی، بەڵکو خەمی من ڕێکردنە بەرەو ئەو ئاقارەیە:

**لەم کۆچەدا بەم گڕی خەم و بەم دڵی چرایەتەوە،**
**کاروانێک لە نوور دەست پێبکا:**
**یان دەسووتێی، یانیش شەبەنگێک لەمانا.** «لەمدیو جەستەدا، گەڕیدەیەک بە ڕووتی»

**ڕامان:** شیعری خرۆشان و هەڵچوون لەناخەوە بە هەستێکی توندو ڕاستەقینەوە دەردەپەڕێتە سەر ڕووبەری سپی کاغەز، شیعری ڕوانین و دیدگاش بەبیرکردنەوەی قووڵ و شۆڕبوونەوە بۆ ناخی نووسەر و چەقی ڕۆشنبیری، جیاوازی و خەسڵەتی هەریەکێک لەم دووانە چین،

لەکاتێکدا شیعری خرۆشان و هەڵچوون لەیەک لاوە سەیر دەکرێ، شیعری ڕوانین و دیدگاش بەشێوەیەکی گشتگیری نەبێ ناکرێ سەیر بکرێ؟

**هەندرێن**: جارێ ناودێرکردنی «شیعری خرۆشان و هەڵچوون» بە ڕاستەقینە». مایەی پرسیارە، چونکە بە گوێرەی ئەو پۆلێنکردنەوە، مرۆ وا دەهزرێ کە وادیارە شیعری «ڕوانین و دیدگا»، شیعرێکی «ناڕاستەقینە»یە. بەلای منەوە، ئەو تەرزە شیعرەی کە تۆ بە «خرۆشان و هەڵچوون» پێناسەی دەکەی، شیعرێکە لەسەر بنەمای بەرتەکی هەستەکی و گواستنەوەی پێشهات دەژی، کەچی ئەوەکەی دیکە بەرهەمی پرۆسەیەکی قووڵی بیرۆکەیەکی چڕە و ئاوازێکی تۆڕ ئاسای هەیە. ئاشکرایە شیعری «خرۆشان» مانا و شێوازەکەی کۆنکرێت و دیاریکراوە؛ هەڵگری زمانێکی ئاسۆییە و ئامانجەکەشی بەخۆی دیاری دەکا، نەک خوێنەر. بە کورتی شیعری «خرۆشان» جۆرێکە لە وتنەوەی وتنێکی پێشووەخت وتراوە. لەبۆیە ئەو شیعرە پێشهاتێک نییە، بەڵکو لاسایی کردنەوەی پێشهاتە. بە وتنێکی تر، شیعری «خرۆشان» بەرتەکێکە لە دیمەنی کردەیەکی ئیرۆتیکی زبر و تاکلایەنییە؛ کایەکانی دیکەی تێیدا نائامادەیە، زمان دیاری کراوە. وەلێ شیعر، وەک جیهانبینییەک، هەڵگری «سۆز»، پەرێشانییە.

لێ ئەو توخمە شیعرەی کە تۆ بە «ڕوانین و دیدگا» ناودێری دەکەی، بە زمانێکی تۆڕ ئامێز دەجووڵێ و هەڵگری ڕەهەندگەلێکە. ئەو تەرزە شیعرە ئەزموونە نادیارەکان دەچنێتەوە کە خوێنەر پێشتر نەیدیوە. بە کورتی ئەو چەشنە شیعرە، ئەزموونی گەردوونێک لە نادیاری و دۆخێک لەبوون ئامادە دەکا کە بۆ ئێمە نادیارە. کەواتە شیعری «خرۆشان» لە پەنجەرەیەکەوە بۆ پەنجەرەیەکی تر ڕێ دەکا؛ کۆتایی و سەرەتای هەر یەکە، کەچی شیعری «ڕوانین» گەشتێکە بەناو تووناوتوونێکی نادیار، لەو گەشتەدا زمان و شیعر پێکڤە لە گفتوگۆیەکی ئیرۆتیکیدا ئاوێتەی یەکتر دەبن، بۆیە ئەو تەرزە شیعرە شەپۆلدارو سرکە و پێویستە لەدیدی جوداوە بیخوێنینەوە، کە سۆز و پەژارەیی بەشێکە لە ڕەهەندە گرنگەکانی.

**ڕامان**: ئایا تەمومژ لە شیعری نوێدا کرانەوەی وێنەو مانایە بەسەر ژیان و ڕووداو و خەونبینین، یان داخرانی وێنە و مانا ون کردن و خۆ دزینەوەیە لە دیاردە و جوانی و شتەکان، ئایا هێزی تەقاندنەوەی زمان لە تەمومژدا بەردەوام نوێ دەبێتەوە، یان چەسپاوو بێ جووڵە و وەستاوە؟

**هەندرێن**: بەڕای من، ئەگەر شیعرێکی «تەمومژ»اوی مانا و ڕوانین دروستی نەکردبێ، ناتوانێ ئەزموونێکی نوێ بە گەردوونی شیعر و خودی ژیانیشمان ببەخشێ. هەڵبەتە تێکەڵکردنێک هەیە لەنێوان شیعرێک کە هەڵگری تۆڕێکە لە ڕەهەندی زمانی و ڕوانین و شیعرێک کە بەتاڵە لە گەشتە هزری و جوانییەکانی زمان. هاوکاتیش ئەوە تەمومژ نییە کە زمان دەتەقێنێتەوە، بەڵکو ئەوە سەرقاڵی زمانەکە لە گفتوگۆیە چڕەکەیدا لەگەڵ هزرین و ڕۆچووندا، خەرمانەیەک لە تەمومژ لە ڕوخساری خۆیدا دروست دەکا. بە دیوێکی دیکەوە، شیعر هەر خۆی لە سەرهەڵگرتن و ئاوڕدانەوەکانیدا، چەشنە شەبەنگێکە لە گێژەنی هزردا، نەوا، بێ دەنگی، زایەڵە و پەنگدانەوە، کە خوێنەر بە «تەمومژ» ناودێری دەکا، بەڵام ناکرێ تەمومژێکی بێ جووڵە لەگەڵ ئەو تەمومژەی کە پێکداوەربوونی جەستەی زمان و شیعرییەت دروستی دەکەن، تێکەڵی یەکتر بکرێن. شیعر تەمومژی هەیە، چونکە بینراو بەجێدەهێڵێ و لەسەرهەڵگرتندا شەپۆل دەدا. شیعر لە پێکەوە گەیاندنی ئاسمان و زەویدا، لەرینەوەیەک دروست دەکا، هاوکاتیش خۆی شەبەنگ ئاساخۆی نمایش دەکا، کەوایە شیعر ئاپۆرەیەکە لەوێناندنی شەبەنگی گەردوونە نادیارەکان و ئەزموونە کەڵەکەکراوەکان،. دواجاریش شیعر لەرینەوەی زمانە لەدەست تێکرژانە بێ دەنگییەکانیاندا. ئەمەش مانای ئامادەبوونی کردەکەی خۆیەتی. شیعر بارێکی خاوونیشتوو دەشڵەقێنێ، بۆیە دیمەنێکی تەمومژی بەرهەم دەهێنێ. شیعر بەرەو ناوەوە ڕۆدەچێ، بۆیە چڕایەتییەک لە وتن نمایش دەکا، نەک ڕوونکردنەوە،بەڵام بەڕای من،ناکرێ ئەو ئاڵۆزییەی کە ماریفەی شیعری دروستی دەکا، لەگەڵ زارقەڵەبالغی وتن تێکەڵاو بکرێ.

**ڕامان**: بزووتنەوەی شیعری لاوان چۆن دێتە پێش زەین و خەیاڵی شیعریت، ئەو لاوانە کێن کە لێ زیادکردن و داهێنانێکیان خستۆتە سەر وەچەی پێش خۆیان و داهێنانەکانیان لە چ ڕوویەکی شیعرییەوەیە؟

**هەندرێن**: ڕاستییەکەی لەم گفتوگۆیەدا، وێناکردنێکی خەملیوی شیعری «لاوان»، کارێکی سەختە، بۆیە لەخۆم ڕانابینم هەڵسەنگاندنێکی ئاکامگیر بە ئێوە ببەخشم.

لێ سەرەتا من پێم خۆشە دەستەواژەی «لاو» بە «دەنگی نوێ» ناودێر بکەم، چونکە تەمەن شتێکی رێژەییە. دەکرێ شاعیرێک لە تەمەنێکی هەراشدا، لە کەسێکی لاو چێتر بنووسێ. لێ، بەگشتی بەگوێرەی ئەو نموونە شیعرییانەی کە لێرە و لەوێ خوێندوومنەتەوە، هەست دەکەم دەنگانێکی نوێی سەرنجکێشی شیعری بەرێوەن. جیـــــاوازی ئەو دەنگانە، یان «لاو»انە، لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە رەنگە وەک نەوەکانی رابردوو، سیخناخ نەبن بە ئایدیۆلۆگی و هوتافی شیعری و زمانێکی سیاسی، بەڵکو گەردوونی شیعری ئەو «لاوان»ە، لە زمانێکی مەیلە و پەخشانی و رازانکارییدا، خەمە خودی و پێناسە تاکەکەسییەکان رادەگەیەنن. هاوکاتیش، شیعری ئەمرۆی «لاو» تەنیا یەک رەگەزی، پیاوسالاری نییە، بەڵکو مێینەش ئامادەیە. بۆیە شیعری ئەمرۆ هەمەرەنگە. ئەمن، وێڕای دووریم لە کوردستاندا، وەلێ بەهۆی خولیای دەنگ و رەنگی نوێی شیعری کوردییەوە، لەو شاعیرە بالادەست و بەناو رەخنەگرانەی کورد زیاتر، بەدوای ئەو دەنگانە گەڕاوم، لەبەر دەست پێوەگرتنی وشە، وتاری «ئەزموونی شیعریەتی ژن و وێناندنی شەبەنگی بوون»، «ئامادەیی و نیگەرانی شیعری مێینە لە جەستەی زمانی کوردی، کە ئەم وتارە، بە عارەبی و کوردی بلاوبۆتەوە، «ماسییەکان بۆ هەڵم پێدەکەنن..» و..تاد، بەیادی خوێنەر دەهێنمەوە. شایەنی باسە، وا باوە کە دەڵێن لە شیعری کوردی، تەنیا باسی سلێمانی و هەولێر دەکرێ، کەچی شیعری کوردی بریتییە لە هەموو پارچەکانی کوردستان و کۆی دەڤەرەکان و هەندەرانیش. بە رای من، بلاوکراوەکان زۆرتر شیعر و کتێب بۆ ئەو لاوانە چاپ دەکەن، کە شاگردی ئەو شاعیرانەن کە هەم سەردار و سەرپەرشتکاری بلاوکراوەکانن و هەمیش خۆیان بە «قوتابخانە» و «سەرچاوە»ی شیعری کوردی دەزانن. هەربۆیە، وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، بالادەستی و میدیای حزبی ئاستەنگێکە لەبەردەم دەرکەوتنی دەنگە شیعرییە رەسەنەکان. بەکورتی، چونکە جۆرە خێڵ سالارییەک ئاراستەی رۆشنبیری کوردی دیاری دەکا، بۆیە زیاتر هانی ئەو لاوانە دەدرێ کە زمان و رۆحییەتی شیعرییان وابەستەیە بەو شاعیرانەی کە خۆیان بە «باوکی و دایکی» شیعری کوردی دەزانن. لێرەوە ئەو وێنایە لە نەریتی ژنخوازی ئێل و هۆز دەچێ، کە بازنەیی و بەرهەم هێنانی وێنەکەی خۆبەتی. بۆیە زۆرینەی دەنگی نوێ، سست و کەهێلە. ئەو شاعیرە لاوانەی کە خاوەن دەنگی سەربەخۆشن، بوارێکیان بۆ فراژان و خۆ نمایشکردن نییە. بۆیە زیاتر ئەو وێنە دووبارانە قووت دەبنەوە. شاعیر و رۆژنامەڤانەکانی میدیایە بالادەستەکانی حزبیش لە بەناو «فیستیڤال» و بلاڤۆکەکانیانەوە، کە وەک وتم، زیاتر مەبەستێکی سیاسییە؛ نمایشێکی ناکارایە؛ دەڤەریی و شارگەراییە، هێندەی خەریکی پەسندانی لاوە هاووێنەکانی خۆیانن، ئەوەندە خەریکی هاندانی دەنگە رەسەنەکان نین. راستییەکەی من دەڤگەلێکی ئەو لاوانەی ئەمرۆم بینیوە، وەک مێینە و نێرینە، کە مایەی سەرنجن و هەست ناکەم ئەو بلاوکراوە پلەدارانە بایەخیان پێ بدەن.

بێ گومان زمانی کوردی دەبێ ئێستا بەرهەم هێنەری دەنگی شاعیری نوێ و شێوازی بێ، بەلام وەک وتم، من گومانم لەو وێناکردنەی ئەو شاعیرە لاوانە هەیە کە بلاوکراوەکانی حزبی کوردی و «شاعیرە باوک»ەکان گرنگییان پێدەدەن. لێرەدا دوور لە هیچ مەبەستێکی کەسایەتییەوە، ئەوشاعیرانەی، کە وەک ئاغا و کێخوا، خۆیان بە شاعیری داهێنەر و رەخنەگری کوردی دەزانن، بەرپرسیارن لەو تەنگانەی کە ئەمرۆی شیعری کوردی و بواری رەخنەی تەنیوەتەوە. خۆسەپاندن و دەمکوت کردنی هەموو جیاوازییەک لە بواری رۆشنبیری و شیعری کوردی، دەگەرێتەوە بۆ ئەو روانگە گشتگیری و وابەستەکارییەی ئەوانە، کە ئەمەش درێژکردنەوەی شێوازی حزبەکانە. ئەو شاعیرە بالادەستانە ئامادە نین بە نووسین دەنگێکی نوێی جودا لەخۆیان هان بدەن. ئەوانە چاوەڕێن ئەو دەنگانە، وەک نەریتی باوکسالاریی، بەسەر ئەوانەدا هەڵ بڵێن. کەواتە کێشەی سستی و نادیاری دەنگی نوێی شیعری کوردی، پێوەندی بەو دژە جیاوازییە هەیە، کە شاعیرەکانی پێشوو (پیرەکان)، بەرپرسیارن لەو نەریتە وابەستەکارییە، کە لە بنەڕەتدا درێژبوونەوەی شێوازی حزبەکانە. ئەدی بۆ ئەو هەموو گۆڤارە، کە ئەمرۆ زۆرینەیان شاعیرە خۆ بە دەمڕاستەکانی شیعری کوردی بەرێوەی دەبەن، دەست ناکەن بە کردنەوەی ریزێک دۆسییەی جودا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دەنگی ئەو لاوانە؟ ئەو گۆڤارانە لاپەڕە شیعرییەکانیان، بەگشتی بریتییە لە دووبارەکردنەوەی گرووپ و وابەستەیی ناوی «پێشڕەو»ەکانی شیعری کوردی. کێشەی ئەو نەوەی پێشوو، وەک حزبەکان، ئەوەیە هەر دەنگێک سەر

بەخۆیان نەبوو، یان جیاواز بوو، هەوڵ دەدەن پەراوێزی بکەن، بە «دوژمن» و.. پۆلێنی دەکەن، کە ئەمەش دووره لە ئاکاری ئەفراندن. هەرچۆنێک بێت، من چەند نموونەی شیعری شاعیری لاوم خوێندۆتەوە، کە ئێستا لەبەر خۆ دوورخستنەوە لە غەدرکردن لە دەنگەکانی تر، حەز ناکەم ئاماژە بەتاکە ناوێک بکەم، هەستم کردووە لە ئاستێکی جودا و سەربەخۆ دەنووسن، بەڵام بەشێک لەو دەنگە «نوێ»یانە، وەک یەک بە هەمان ئاواز و زمان دەنووسن. من شێوازی ئەوانە بە زارقاڵەباڵغی زمان ناودێر دەکەم. ئەوانە بەشێکیان لاسایی «سوهراب سپێهری» و (فروخزاد) دەکەنەوە، یانیش لاسایی ئەو شاعیرە کوردانە دەکەنەوە، کە ئەوانیش لاسایی شیعری فارسی دەکەنەوە. بە کورتی شیعری ئەو دەنگە نوێیانە، وێنایەکە لە خودێکی پەرتەوازە و گوماناوی. ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی ئێستای کوردستان، وەک شەبەنگێک لەزمانیاندا ئاڵاوە. لە زمانی شیعری ئەو لاوانەدا، خود لە گەرانێکی وێڵدا شەپۆل دەدا. ئەڤین و پێوەندییە لێکترازاوەکان؛ وێناندنی گەردوونی دووره دەست لە خەمە شیعرییەکانی ئەو لاوانەدا سەرەتاتکێ دەکەن، بەڵام ئەو نەوە فرە دەنگە، چونکە ناکرێ ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان لە یاد بکەین.

**رامان**: باری سیاسی و هەلومەرجی واقیعی کوردستان جۆرە شیعرێکی هێنایەکایەوە کە ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارە سادەکانی جەماوەر بوو، هەروەها توانی لە جەماوەری سادە نزیک ببێتەوە و لە ڕۆحی شیعرییەتیش دوور، ئایا ئەو نەوەیەی ئێوە لەنزیکبوونەوەی خوێنەری سادە کاردەکات، یان لە ڕۆحی شیعرییەت. پارسەنگی ئەم دوو حاڵەتە چۆن دەکەوێتەوە؟

**هەندرێن**: سەبارەت بەو دۆخەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی، ئەوە دیاردەیەکی گشتییە و لەکن زۆر گەلانی دیکەشدا هەبووە، بەڵام ئەو «نەوەی ئێمە»، هەرچەندە وەک پێشتریش وتوومە، حەز بەو دیاریکردنە ناکەم، وەلێ هیچ نەوەیەک بریتی نییە لەتاکە شێوازێک، ئاستێک و ڕوانگەیەک، بەڵکو دیاردەیەکە لە فرە دەنگ و شێواز و.. ئەو پۆلێنکردنەی شیعری کوردی، داهێنانێکی ڕەخنەسازی نییە، بەڵکو سیاسییە. ڕاستە لەو قۆناغەدا شیعری «ڕاستەوخۆ» باڵادەست بوو، کە ئەمەش دەربڕی پێداویستی ئەو دۆخەی کوردستان بوو، بەڵام لەبەرانبەر ئەو دیاردە شیعرییە ڕاستەخۆیە بەناو «شیعری بەرگری» و «شیعری پێشمەرگە»یەدا، چەندان دەنگی شیعری و شێوازی شیعری هەبوون، هەروەک ئێستاش هەروایە. کەواتە ئەو قۆناخ و نەوەیە ناکرێ لە تاکە پێناسەیەکدا کۆبکرێنەوە. بەلای منەوە ئەگەر ڕەخنەمان هەبوایە، دەیتوانی ئەو دەنگە شیعرییانەی لەناو ئەو دیاردە شیعرییە باوەی تۆ باسی دەکەی، ئاشکرا بکا. ئەمەش دەبوو بە ئاوەڵاکردنەوەی ئاسۆیەکی نادیار لەو دۆخەی زمانی کوردیدا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە تا ئێستاش زۆرێک لەو دەنگانەی کە نوێنەری ئەو قۆناخە شیعرییە بوون، هەر نوێنەرن و کەسیش بۆی نییە ئەوانە بخاتە ژێر پرسیار. بۆیە تەڤلەهەڤییەک لەو پێناسەی تۆدا هەیە، کە لێرە بوارمان نییە دیوە شاراوەکانی هەڵکۆڵین. وەلێ لە چەند بەرسڤی پێشوودا نمایشێکی هۆکارە سەرەکییەکانی کێشەی سیاسەت و شیعرمان کردووە. سەرچاوەی ئەو کێشەیە، حزبگەرایی و گرفتی دژە جیاوازییە لە جڤاکی کوردیدا، کە حزب بەرهەم هێنەریەتی.

**رامان**: کۆمەڵێک ڕەگەزی ئەدەبی لە دەقێکدا گفتوگۆ دەکەن، واتە لە پێکهاتەی هونەری ڕۆمان و شیعر و چیرۆک و شانۆنامە و پەخشان. دەقێک بەرهەم دێت ناوزەدکراوە بەدەق، بۆچوونتان لەبارەی ئەم گفتوگۆکردنەی ڕەگەزەکانی نووسین لە پێکهاتەی دەقدا چییە؟

**هەندرێن**: دیارە یەکێک لەو ڕەهەندە گرنگەی کە ئەدەب بەگشتی هەڵگریەتی ئاوەڵایی و بزواوی گەردوونەکەیەتی. کەواتە ئەمرۆ دەق «بوونەوەر»ێکی جیهانییە، چونکە ئاوێتەیەکە لە کۆی ئەزموونەکان، هەر گرنگی ئەو ڕەهەندەشە کەوا دەکا جیهانی ئەدەب جوانترین شوێنە بۆ ئامادەیی گفتوگۆی ئازادانەی فرە دەنگەکان. دەقی ئەدەبی ئەو شانۆییە کە لەوێدا کۆی جیهان، بوونەوەر و ئاژەڵ و شتەکانی سروشتیش پێکەوە ئامادە دەبن و لە سەفەرێکی دۆستانەدا ژیانێکی هاوبەشی بێ سنوور چێ دەکەن. ئەمن لە وتاری «منی ئەوی تر و ئەوی تری من»دا، بەچڕی و بەها و بنەمای ئەو فرە دەنگییەی دەقم باس کردووە، کە لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیدا پێی دەڵێن «ئینتەرتیکستوالیتێت/ دەق ئاوێزانی»، لۆیە خوێنەر بە حەزی خۆی دەتوانێ بگەڕێتەوە سەری. هەر لە سەرەتاکەی نووسیندا، ئەو فرە ڕەگەزییە ئامادەیی هەبووە. سەرتاپای چامە مەزنەکان،

ئەفسانەکان، کتێبە ئاینییەکان، هۆزانە فۆلکلۆرییەکان و...تاد، بریتین لە فرەدەنگی و فرە ڕەگەزی دەنگەکان. بەرهەمی ئەدەبی زیندووترین سەرچاوەیە کە ئەزموونی مرۆڤایەتی هەڵگرتووە. فرە ڕەگەزی دەق، فرە خوێندنەوەی ژیانە، هەروەک گواستنەوەی ژیانی جیهانی مرۆڤە بە هەموو جیاوازییەکانییەوە، ئەمڕۆ لە ئەدەبدا «من»ەکان لەدەقدا دەنگی یەکتر دەگۆڕنەوە، کە لە ڕەوتی دەقدا فرە دەنگەکان لەگەڵ بابەت لێک دەئاڵێن. لەوێدا ئەو تاکە «من»ی نووسەر سەرچاوەی هەموو شتێک نییە. ئەوەی کە وا دەکا ئەدەب هەردەم لە هەرماندا بژی، ئەو ئەزموون گەلەی خۆیەتی.

**رامان**: لە ساتی نووسینی شیعردا بە نموونە: قەڵێک بەسەر پەنجەرەکەتەوە نیشتووە، یان پەرداخێک دەمەونخوون کەوتووە، یان گەردەلوولێکی توند لکی درەختەکانی باخچەی ماڵەکەتی شکاندووە، شوێن لەساتی وروژاندا چۆن دێتە ناو نووسین؟

**هەندرێن**: شوێن هەر تەنیا ئەو واتایە باوە نییە کە شتێک لەوێدا ڕوودەدا، بەڵکو شوێن لە شیعردا خودی وروژاندنی بیرۆکەی پێشهاتەکەشە. شوێن لە شیعردا لە دایک دەبێتەوە، هەروەک چۆن شیعر لە شوێندا لەدایک دەبێ، یان شوێن وروژێنەری ڕوودان، کردەی شیعراندنە. شوێن سەرشاری یادەوەری شیعرە، منداڵدانی ڕووداوە. شوێن لەشیعردا ئاوەڵاکردنەوەی ئاسۆیەکانە بۆ سەفەری شیعر. شوێن کە دێتە ناو شیعرەوە، هەم ئەو دۆخە وێنادەکا کە دۆخێکە لە وروژاندنی بارێک لەڕوانین، هەمیش تۆڕی شوێنەکانی دیکە دەوروژێنێ کە لە یادەوەریی زماندا نیشتەجێن، بەم جۆرە شیعر کۆکردنەوەی دیمەنە وروژاوەکانی شوێنە، چڕکردنەوەی پەرێشانی و خەمە پرژاوەکانە لەزماندا، کە ئەمەش پەژارەیی ناخی مرۆڤە، کە زایەڵەی زمانە.

**رامان**: پێوەندی شاعیر بە شوێنەوە چییە، یادەوەری دابەشکراوت لەنێوان گوندی چەغەمیرە، هەولێر ، شاخ، ئێران، ڕووسیا، سوێد، چۆن لە شیعردا دەجووڵێنیت؟

**هەندرێن**: لەوەڵامی پێشتردا ڕۆشناییەکی گشتیمان لەکایەی شوێن نمایش کرد، بەڵام بە دیاریکردن گوندی چەغەمیرە کە قۆناغێکی پچڕ پچڕم لە منداڵی و مێردمنداڵیم تێیدا بەسەر برد وەک شوێن، هەمیشە گێژەنێکە لەگەردەلوولی خۆڵەپۆکێکی گەرم و تامی وشکایی. لەوێدا شوێن شانۆیەکە لە نمایشکردنی مەتەڵی گەردەلوول، کە وەک یادەوەری من، هەموو شتە پەرتبووەکانی سەر زەوی لەگەڵ خۆی گلۆر دەکردەوە. شوێن پێیەکانی قوڕە و هوڕەبای گەرمی هاوینان و زوقمی زستان، کپی و دڵڕەقی سروشت، شوێنێک ئەوەندەی لە سوورگوم کردنی ڕۆح دەچێ، هێندە لە ئازادی ژیان ناچێ. ئەو دیمەنانە هەمیشە شەبەنگێکن لە زمانی مندا ئامادەییان هەیە. شاخ: ئەلبوومێک لە دەست لەملانێیەکی گەرم و دۆستانەی مەرگ و ژیان، ئەڤین و ڕق، مەحاڵ و مسۆگەر، شوێنێک پێشهاتی زیندەخەونێکی بێ کۆتایی. شاخ سەرشارێکە بۆ قووڵبوونەوەی شوێن لە یادەوەری مندا. خەملاندنی یادەوەری منە، ئەزموونێکە تژی و سەرکێش هەتا ئەم دیوی عەدەم... ئێران: وێنایەک لە زیندانی ئۆردوگا، شوێنێک لە چاوەڕوانییەکی وروژاو. کۆتاییەک لە خەونەکانی شاخ. بە کورتی لە شیعرگەلێکی کۆشیعری «دوا نوێژەکانی چیاو سەفەری مەحاڵ»»دا شەبەنگێک لە شوێن پێی ئەزموونی ئێران، ئامادەیی هەیە. ڕووسیا: سەرمەستییەک لە خۆدانە دەستی بێ هوودەیی و ڕۆچوونێک لە فەرامۆشی شوێنێک بە واتای ڕیلکەی شاعیر، زوو ئاوێزانی دەبی، ڕووسیا سیحرێکی هەیە لە شوێنی دیکە نایبینییەوە کە دۆستانەیە. یەکەم ئاوڕدانەوە بۆ یادەوەری. مەنزڵێک بۆ دووریانێکی دژ بەیەک. ئەوەم لە یاد ناچێتەوە کە کچەکانی دیوانی یەسنین و مایاکۆڤسکی-یان بەدیاری دامێ. لە ڕووسیادا توانیم لە ڕۆحە نیگەران و گەرمەکانی یەسنین، داستیۆڤسکی و مایاکۆڤسکی تێبگەم. کەچی ئینگلستان شوێنێکە شوێن پێی لە یادەوەریدا زوو کاڵ دەبێتەوە. لێ پاریس لە یەکەم نیگادا چێژێکی ناسک و جوانیت پێ دەبەخشێ. سوێد: گفتوگۆیەکی بێ کۆتایی لە تاقیکردنەوەی سەرمەستی، ناسینی سیحری زەریا، ڕۆچوون لەجیهانی بێ سنووری زانین. پەنگدانەوەی یادەوەری، تلانەوە بەدەست دیوەزمەی خەونەکانی شاخ. بانگەکانی زمان بەدوای شوێنە نیگەرانەکان، جێنشین بوون لە بێ ماڵی تاراوگە، پەیڤین لە بێ دەنگی و جێنشین بوون لە خود... شوێن شانۆی یادەوەری ئەو بوونە پەرتەوازەمانە.

**رامان**: تەقینەوە و گەشانەوەی شیعر دەکەوێتە سەرەتا، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی. زمان لەم تەقینەوە و گەشانەوەیەدا کاریگەری و ڕۆڵی چییە؟

**هــەنــدرێــن**: شیـعـر سـەفـەرێکی ئاوەڵا، جـووڵاو و شـەپۆلدار، لەرینەوە و ڕۆشنایـیـەک دەتەقـێـتـەوە و بەناو نادیارییەکانی دەوروبەری خۆیەوە وەردەبێ، پاشان ئەرکی زمـانە کـۆکـردنەوە، چرکـردنەوەی ئەو پەرش و بـڵاوییـە و بەرجەستە کردنەوە و وێناکردنی ئەو گەردوونە نوێییەیە کە لەو پرۆســەی ســەفــەرەدا لەدایک بووە. قــورســـایی تەقـینەوەکـان لەکـۆی تەقـینەوەکـاندایە، نەک هەر لە وێستگەیەکدا.

**ڕامان**: هەندێک شیعریان بۆ شیعری (چێژ) و شیعری (ڕوئیـا) و شیـعـری (مـەعـریفی) دابەش کـردووە، ئایا (بەهرە) لەم دابەشکردنەدا ڕۆڵی چییە؟

**هـەندرێـن**: لەکن من شیـعر ئاوێنەکردنەوەی شەبەنگی گشت ئەو شتـانەیە کە ئاماژەتان پێ کـردوون. شیـعر لە کـۆی شـتـەکـاندا چێـژێک لە سـەرهەڵگرتنە. بەهرەش بە بڕوای من، جگە لە شەیدا بوون و ئەڤیندار بوونێکی هی دڵی بۆ شـیـعـر و خـۆ تەرخـانکردن و خـۆ دانە دەسـتی گـێـژەنەکـانی زمـان، مـوجـیـزیەک نیـیـە، بەڵام شـیـعـر سـەرچاوەیەکی هەیە کـە دەکـرێ بە ویسـتـگەرایی زمـان نـاودێری بکـەین. بـەهرە هـونـەری بـیـنـیـنـی نەبـیـنـراوە، غـەریزەیەکە لەدەرک کـردن و دەرەوشانەوە کـتـوپڕەکـانە. فامکردنی کردەی نووسین بەگشـتی و شیعراندنی ژیانیش بەتایبـەتی، وەک واتایەک لە ئەفراندن، هەر هەمـووی لە ئاشقبوون و چێژ بردن چڕدەبنەوە. کەواتە ئەڤیندار بوون، کە چیەتییەکە لەمرۆڤدا، سەرشاری هەموو «بەهرە»کانە.

**ڕامـــــــان**: نزیک کـردنەوەیەکی شیـعـر لە پەخـشـان دەبینرێت، ئەو بنەمـا ئەدەبیـانەی کـە شیـعـر لە پەخـشـان جیـا دەکەنەوە کامـانەن، ئایا ئەو شیـعـرەی لە پەخـشـان نزیک کراوەتەوە دەتوانێت لەسەر ستوونی شیعری پەتی و بێ گەرد بوەستێت؟

**هـەندرێن**: لە پێشڕا دەبێ بڵێم، کە لە بواری ڕەخنەی نوێباوی شیعریدا، چەندان پێناسە و ڕاڤەکردنی جودا بۆ پەخشانە شیـعر هەیە. شێوەگەلێکی شیعری پارناسی، هێـماگـەر، سوریالی شیـعـریەتی کـراوە و..تاد، هەمـوو ئەوانە بە پەخشانە شیعر ناودێر دەکرێن. کەچی لە ئاستی ڕەخنە و شیعری کوردیدا، بەپێی زانیـاری من، بێجگە لە کتێبەکەی (شاکر فەتاح)، وتارێکی پوختم لەسەر ئەو بابەتە بەرچاو نەکەوتووە. هەربۆیە لەو گفتوگۆیەدا بواری ئەوەمـان نییە بە پوختی پاشخـان و مێژووی ئەو بابەتە ڕاڤــە بکـەین. هەڵـبــەتە لەســەدەی حــەڤــدە و هەژدەوە دەستەواژەی پەخشانە شیعر لە گەردوونی شیعر ئامادەیی هەیە. هەروەک ڕەخنەگران باسی دەکەن کـە سوزان برنارد یەکەم کەسـە لە سەدەی حەڤدەدا قسـەی لەسەر کردووە. سەرچاوەی ئەو دەستەواژەیەش زیاتر لە پانتایی شیعر و ڕەخنەی فەرەنسیدا هەڵقوڵاوە. شیعرەکانی بۆدلێر و ڕامبو و دواجـاریش لە شـیـعـری نوێدا شـیـعـرەکـانی سـان ژۆن پێـرس، مـیـشـۆ و بگرە سـوریالیـسـتـەکـانیش، نموونەی بەرجەسـتـەکراوی پەخشـانە شیـعرین. شایەنی وتنە کـە بۆدلێـر بە پێناسـەکـردنی پەخشـانە شـیـعـر وەک ژانرێک تایبــەتی شـیـعــر، توانی ئەو شـێـوازە شـیـعـرە زیاتر بخەملێنێ.

دەبێ بزانین کـەپەخـشــان چەمـێکە دەکـرێ کـۆی دەقی ئەدەبی بەخۆیەوە بگرێ. لێ پەخشانە شیعر، یان شیعری پەخشـانی بنەمـایەکـانی لەسـەر پەخشـانەوە هەڵچنراوە. بەشێک لە ڕەخنەگران پەخشـانە شیعر وەک بەرتەکێک، یان گـۆڕانێک لەوەزن و قـافـیـیـە پێناسـە دەکـەن. بۆیە پەخشـانە شیـعـر لەسەر «سـتـوون و پەتی و بێ گـەرد»ی نەوەسـتـاوە. پەخشــانە شـیـعـر ئاوەڵاکـردنەوەی زمـانی ناوەکی شاعیرە، کەچی شیعری وەزنکراو، یان ستوونی پابەندە بە مــەرجــەکــانی وەزن و قــافـــیـــە، وتنێکی دەڤۆکییە، ئەمەش ئاسۆی زمان و سەفەری ناوەکی شاعیر سنووردار دەکـا. شـیـعـری «سـتـوونی» و «ئازاد»، زیاتر شیعرێکی گۆرانی ئامێزە. کەواتە ئاواز و نەوا ڕەگەزێکی سەرەکی شیعری ستوونین. ئەو شێوازە شیعرییەش زیاتر دەربڕی هەست و کــەف و کـوڵی ناخی شــاعـیــرە، بەڵام شــیــعــری نوێ بە لێک نـزیک بوونەوە و تێکەڵاوبوونی لەگــەڵ پەخــشـــان، توانی ئەو پێکهــاتە قــاڵـب دراوە هەڵوەشێنێتـەوە و ئاسـۆیەکی فـرە ڕەنگی بۆ تێـهـزرین و ڕوانینی ناوەکی شاعیـرو شیـعر ئاوەڵا کـردەوە. کـەواتە پەخشانە شیعر کردەیەکە لە نووسین، نەک ئاخاوتن، یان ئاوەزێکی سـەرزارەکی. ئەو وەرچەرخـانەش پەیوەسـتــە بەکـۆی ئەو پاشـخـانە هزری و ڕۆشنبـیـرییـە نوێیـەی کـە لەجـیـهــانی ڕۆژئاوا بەتایبـەتی و ژیانی مـرۆڤـایەتی بە گـشـتی هاتنە کـایەوە. لێرەوە دەبێ بزانین کـە شـیـعـری سـتـوونی، شیعرێکی جەماوەرییە و لە کاتی خوێندنەوەدا وابـەســتــەیە بەئاوازی دێرەکـــان. بەواتایەکی دیکە، پەخشـانە شیـعر پابەندە بە ئاسـتی نووسین و خوێندنەوە، کەچی شیعری ستوونی پابەندە بە ئاخاوتن و گوێگرتن، بەڵام دەبێ بزانین شیعری ئازاد، مانای شیعری ستوونی

نیــیــە، بەڵکو پێکهــاتەیەکی ئاوەڵای، هەم شــیــعــری «پەتی» و هەمــیش پەخشــانە شیعر بەخۆوە دەگرێ. لە پەخشــانە شیــعردا وێنە، ڕســتەکـان لێک گرێدراون و دواجاریش دەق دەبێ بریتی بێ لە یەکاتییەکی هارمۆنی کراو. هاوکـاتیش پەخشـانە شیعر خۆی لە کۆپلەبەندی بەدوور دەگرێ، یان بە نەریتی کێشی پەنجەیی. پەخشانە شیعر شیعرییەتەکەی لە جەستەگەلێکی کۆپلەی لێک ئاوێزانەوە ڕادەگــەیەنێ.کــەواتە ئەو تەرزە شــیــعــرە سەفەرەکەی تاکۆتایی دەقەکە ناپچڕێ. دەکرێ پەخشانە شیعر کۆپلە کۆپلەیی بێ، لێ ئەو کۆپلانە پێوەندییان پێکڤە هەیە، بەڵام نووسینی شیـعر بە قـاڵبی کـێشی پەنجەیی، کە شیـعری نوێی کوردی پێ دەناسرێتـەوە، قورسایی دەخاتە سەر ئاواز، کە ئەمـەش مانای جوانی شیـعر دەبەخشێ. ئەم جۆرە شیـعرەش زیاتر هی گوێیە نەک خوێندنەوە و ڕامان ئامێزی. بەواتایەکی گشتی، پەخشانە شیعر بریتییە لە ئامادەیی زەین، کەچی شیعری ســتــوونی، یان ئەو شــیــعــرەی لەســەر کـێـشی پەنجــە دەنووسرێ، بریتییە لە هەست و سۆز و ئاهەنگ ئامێزی. هاوکاتیش پەخشانە شیعر، چرایەتییەک، شەبەنگێکە لە فــەلســەفــاندنی بوون، کــەچی شــیــعــری ســتــوونی و ئاهەنگدار، پانتــایــیــەکــە لە وەسف و ڕازاندنەوە. جیاوازەکانی ئەو چەشنە شیعرە. بەپێی ئاگایی من، لەو ئامـاژە خـێـرایەیاندا کـۆ دەبنەوە، بەڵام ئەمـڕۆ شـیـعـر گەردوونە لە کۆی هەمـوو ئەو ڕەگـەزانە. لەبۆیە شیـعـر کردەیەکی سنووردار نییە، بەڵکو ئامادەبوونی شیعرییەت کۆڵەگەی هەموو چەشنە شیعرێکە.

**ڕامان:** لە شیعری نوێدا کورتبڕی لەوشە و چڕبوونەوەی وێنە و جۆرێک پێوەندی لەنێوان شیـعر و شێوەکـاریدا هەیە، شیـعـر لە وەسف و شتـی زیادەڕۆیی خـۆی بەدوور گـرتووە، بە هەمـان شـێـوە شـێـوەکـاریش گـەیشـتـووە بە چڕکردنەوە لە ڕۆشنایی، لەم بارەیەوە ڕوانینت چۆنە؟

**هەندرێن:** شیـعر پێشـتریش هەر چڕکردنەوەی ژیان و ڕامانەکان بووە. سـەیری کۆپلە شیـعرەکانی، بۆ نموونە، (مـەحوی) بکەن، دەبینین لە چڕترین وێنەدا کـۆی دۆخی بوونایەتی دەهزرێنێ. کــەواتە کــۆی بۆچوونەکــانم لە هونەری چڕکـردنەوەدا بەو کـۆپلەی خـۆم خـەتم دەکـەم: **جیابوونەوە دەربڕینی وێنەیە و/ بێ دەنگ بوونمان نەمانی وشەیە./ وشەکانیشمان بێ وێنەن.**

لە شــیــعــری نوێدا ئەو پێــوەندییــەی نێــوان شــیــعــرو شێوەکاری، ئاکامگیرییەکە لەو پاشخانە ئاڵۆزەی دیرۆکی مــرۆڤ و نــووسین بەگــشــتــی. بەکــورتــی بەربڵاوبوونی ســەرچاوەکــانی زانیــاری و قــووڵبــوونەوەی زەبر و زەنگ لەجیهـان و بەرخۆربوونی ئاخاوتن و بوارەکانی نووسین. ڕۆڵی مــیــدیای بینراو و بیــســتــراو؛ واتا کـۆی ئەو بەرخـۆربوونەوەی زانیـاری و کـەڵەبوونەی پەشـۆکـاوی لەناخی مـرۆڤـدا، وای کـردووە کـە شـیـعـر لە پێـوەندی دۆســتـانەی لەگـەڵ ڕەنگ و و وێنای تابلۆدا، لە چڕترین پەیڤـیندا، کۆخـەمی مـرۆڤ و ڕوانینەکـانی ئامـادە بکا. لەکن من، ئەو دەست پێـوەگـرتنەوەی شـیـعـر بەزمـان و نمایشـکردنی کـۆخـەمێک لە ڕۆشنایییـەکی چڕدا، یەکـێکە لەو بەخـشندەییـەی شـیـعـرییـەت. شـیـعـر ڕێگایەکـە بۆ داوەتکردنی مـرۆڤ بۆ وەسـتـاندنی ئەو زەبرو زەنگەی کـە دژی چییەتی مرۆڤە. ئەو چڕکردنەوەیە تروسکاییەکە لە دۆشـدامانەکانمان بەرانبـەر بێ بەها بوونی بەهای ژیان و زانینەکان و ئەو تاڵانکارییەی کە شەڕ و توندڕەوییەکـان دروستییان کردووە.

**ڕامــان:** نەوەی بەجێماوی گرفتە سەختەکانی کوردن، ئایا توانیــوتانە ڕۆحی کــوردی دەرببــڕن و بگەڕێنەوە بۆ دەلالەت و هێماکانی؟

**هەنــدرێن:** وەک من دەبینم، لە بواری نووسیندا، ئێمە دەبێ هەڵســەنگاندنەکــانمان ســەبارەت بە زۆر ڕوانگەی چەقــیــو کــە نووســەرانی پێشــوو، یان زادەی نووســەرە ئایدیۆلۆژییــە باڵادەســتــەکـانی نووسـینی کـوردین، ڕاڤـە بکەینەوە و بەشێکیان توورِ هەڵبدەین. بەم جۆرە ئێمە بە چاوێکی تر بڕوانینە واتای «ڕۆحی کـوردی و دەلالەت و هێـماکـانی»، چونکە ڕۆحی کوردی چییەتییەکی جێگیر نیــیــە، بەڵکو لە گــۆڕاندایە. لەو ڕوانگەیەوە ئەگــەر ڕوانگەکـانمان مـشـتـومـاڵ بکەین، دەتوانین وێناگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ لە دەقگەلی فــەرامــۆشکراوی نەوەکــاندا بەدیار بخەین، کە نادیار کراون. هاوکاتیش، «دەلالەت و هێـمـاکـان» فـرە مـانان، لە هەر وەختـێکدا ئەو شـتـانە گــۆڕانیــان بەســەر دێ و ڕەهەندی دیکە بەرهەم دێن. دواجـار پرسی گـەڕانەوە بۆ هۆکرد و هێـمایەکانی بوونی کـورد، بە جـووڵەی زمـان و مـیکانیـزمی بیـرکـردنەوەی ڕەخنەوە گــرێدراوە. ئەوە زمـــای هزرینە ئەو بەهایانە دەدۆزێتەوە.

**ڕامـان:** لە چرکەساتی نووسیندا گەیشتووی بەدەربڕینی حاڵەتی تەسەوف و تەواو ڕۆحی، لە هەمـوو شتەکانی دی

دووركەوتبیتەوە؟

**هەندرێن:** شیعر نووسین وەک پرۆسەیەک لە دڵەڕاوکێ، بێ دەنگی و سەرمەستی، کەشوهەوا و سرووتێکی ڕۆحانییە. لەکاتی نووسینی هەندێ شیعردا، هەرچەندە لەناو خەڵکدا نووسیومن، کەچی سرووتی نووسین وای لێ کردووم کە تەواو ئاگام لە دەوروبەری خۆم نەمێنێ. شیعر نووسین سرووتێکە لە توانەوەی خود لە ناو شەپۆلەکانی زماندا. شیعراندن خۆی، خەڵوەتگایەکە لەماڵی زماندا، تێک ئالانێکی ئیرۆسیانەی نێوان جەستەی زمان و شیعرییەتی دەقە، شاعیر و شیعرە، بەناو یەک وەربوونی شەپۆلی ناوەکی و دەرەکییە. چرکەساتی شیعر نووسین، چڕکردنەوەی ئاراستە تواوەکانی بوون و ڕوانینە ورووژاوەکانە.

**رامان:** چۆن پانتایی ڕۆحی شیعر پیشان دەدرێت لەکاتێکدا ڕۆحی شیعر بەهۆی زمانەوە خۆی پێشکێش دەکات و جیهانبینی ڕوونی دەگەیەنێ؟

**هەندرێن:** پێشتر وتمان شیعراندن پرۆسەیەکی ناوەکییە، لەوێدا زمان و شیعر ئاوێتەی یەکتر دەبن. ئەگەر زمان ڕێگای شیعر بێ، ئەوە مانای «ڕوونی» ناگەیەنێ، بەڵکو گەردوونێکە لە لەرینەوە. زمانیش لە شەبەنگی خۆیدا ڕوخسارییەکانی شیعر نمایش دەکا. هەرچەندە بۆ من پرسیارەکەت «ڕوون» نییە، بەلام شیعر و زمان لە پرۆسەی لێکچڕژانەکەیاندا، جیهانێکی سەرابییە، دیمەنێکە لە بێ دەنگی. شیعر لە یەکاتییەکەیدا سیمایەکی پیرۆزانە دەنوێنێ، چونکە سەفەرە پرژاوە ناوەکییەکان دەچنێتەوە. شیعر لە ڕوخسارە دەرەکییەکەیدا شەوقدانەوەی بێ دەنگی ناوەکییە؛ زمانەکەیەتی. زمانیش جەستەی ڕۆحی شیعرە.

**رامان:** ئایا لەناو دەقی شیعریدا سۆز و فیکر یەک دەگرنەوە، یان هەردووکیان بە ڕەهەند و قەوارەی جیاجیا دەربڕین لە بوون و ژیان و مردن دەکەن و بە ڕووبەری سەربەخۆدا دەڕۆن، یان دەتوانین بڵێین ئەمە شیعری سۆزە و ئەمەشیان شیعری فیکرە؟

**هەندرێن:** من لە چەند وتار و گفتوگۆدا لەو بابەتە دواوم. بۆ نموونە لە وتاری «شکۆمەندی بوونایەتی لە ڕێڕەوی شیعراندنی هزری زماندا» و وتاری «زمان بۆ مرۆڤ ئاسۆیەکە لەنێوان ئاسمان و زەویدا»، ڕەهەندی شیعریم ڕاڤە کردووە، بۆیە خوێنەری ڕێزدار، ئەگەر حەز بکا دەتوانێ بگەڕێتەوە سەریان، بەلام دەکرێ بێژین، کە هەر شێوە شیعرێک ڕوخسار و تایبەتمەندی خۆی هەیە، یان دەکرێ بڵێین، شیعری سۆز، ژانرێکە و شیعری هزریش ژانرێکی دیکەیە. لەو ڕوانگەیەوە، خودی شیعر لەتاکە پێناسەیەکدا کۆتایی نایێ، بەڵکو شیعر گەردوونێکە لە فرە مانا و فرە شێواز. هاوکاتیش ئەوە مانای ئەوە نییە شیعری «فیکر»ی بەتاڵە لە «سۆز»، هاوکاتیش شیعرێک نییە، دوور بێ لە شەبەنگی «سۆز». وێڕای ئەمەش بە ڕای من، شێوازە شیعرێک هەیە، کە ئەزموونی ژیان، مردن؛ بوون لە تۆڕێکی هزریدا دەچنێتەوە، وەلێ بە هاوئاهەنگییەک لەگەڵ سۆزدا، چونکە بوونی مرۆڤ و سروشت بەشێکی بریتییە لە سۆز. هاوکاتیش وەک پێشتر وتمان، شیعر چڕکردنەوەی ئەزموون، سەربردەی شیعر و زمانە لە سەفەرە هاوبەشەکەیاندا، بەلام تەرزە شیعرێک هەیە چنینەوەی ڕووە دەرەکییەکەی ژیانە، ئەو شێوازە شیعرییە لەسەر زمانی ڕۆژانە دەژی، بۆیە ئاهەنگ بەسەریدا زاڵە. ئاهەنگێکیش زیاتر هەستەکییە، چونکە بەکارهێنانی زمانێکی گشتییە، بەلام شیعری«فیکری»، کە من پێم خۆشە لێرەدا بە شیعری «ڕوانینی کراوە» ناودێری بکەم. ئەو شێوازە شیعرییە، کۆی ڕەهەندەکانی ژیان، مەرگ؛ پرسی بوونایەتی، لە یەکاتییە چڕەکەیدا دەچنێتەوە. ئەو تەرزە شیعرە ئاراستەکەی بەرەو گەردوونێکی نەبینراوە، تاکو ئاوەدانی بکاتەوە، لەرینەوەی ئەو شێوازە شیعرە، مەرامی نیگەرانی و دۆشدامان کردنی خوێنەرە، بۆیە گۆشەگیر و ناکۆمەڵایەتییە. کەچی شیعری «سۆز» کۆمەڵایەتییە و سروشتەکەی سەرزارەکییە.

**رامان:** زەبروزەنگی مێژوویی و کتێب، هەست و خەون. سەرچاوەی بەرهەمهێنانی شیعرین، زەبروزەنگی مێژوویی و کتێب دوو سەرچاوەی دەرەکی و بەرجەستەن، هەست و خەون دوو هێزی ناوەکی و خواوەندی داهێنەرن، ئاستی شیعرییەت لەم نێوانەدا لەچیدایە؟

**هەندرێن:** شیعر بە کۆکردنەوەی کۆی ئەو ڕەگەزانە، کردەی پێشهاتە. واتا شیعراندن بەخشینی زمانێکی جوانکارانەیە بە ئەو ژیانە، تاکو خەرمانەیەکی پیرۆز بە ڕوخساری جیهانە گەمارۆدراوەکان بە مەرگ بکێشێتەوە. لەو دیدەوە، ئاستی شیعرییەت لەم نێوانەدا، دۆزینەوەی ڕەهەندە ونەکانی ئەو بوونە کە بە زەبروزەنگی فەرامۆش دەکرێ. ئەمەش بۆ خۆی ئەفراندنی پێشهاتە، چڕکردنەوە

و به جووڵەکردنی کۆی دەنگە پەرشوبڵاوەکانە بەرەو ئەو گەردوون و بوونە فەرامۆشکراوەمان. کەواتە «شیعرییەت لەم نێوانەدا»، ژیانەوە و ئاوەڵاکردنی ئەو هەست و خەونانەیە لە جەستەی جوانکارانەی زماندا کە «زەبروزەنگی» دەرەکی دەمبەستی کردوون. شیعرییەت دەنگ هەڵبڕینی ناخی زمانە بەڕووی بێ بەها بوونی بوون و ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکان.

**ڕامان:** لە شیعردا گەڕان بەدوای مانادا گرنگە، یان چۆنیەتی وتن و دەربڕین و پرسیار دروستکردن؟

**هەندرێن:** مانا خۆی هەیە، ئەرکی شیعر ئەوەیە چۆن ئەو مانایە چڕدەکاتەوە و وەردەرچەرخێنێ. شیعر خەرمانەیەکە لەڕەنگی مانا، تاکو سەرنجکێشمان بکا و خۆشی بەرەو پرسیارێکی ئاوەڵا وەرچەرخێ. شیعر بە پێکهێنانەوەی مانا، ئاسۆی تێڕامان و پرسیار بەرهەم دەهێنێ، بەڵام هاوکاتیش کاتێک شیعر مانا وێران دەکا، پرسیار دورووژێنێ. لێرەوە خەمی شیعر بەدواگەڕانی مانا نییە، بەڵکو خۆی سەرچاوە و ئاسۆی مانایە. هاوکاتیش شیعر تێکشکاندنی مانا و پێکهێنانەوەی ڕوانینێکی بزواوە. شیعر گەڕان نییە بەدوای مانا، بەڵکو گڕکانی مانایە. شیعر ورووژاندنی گومانە لە مانایە جێگیرکراوەکان و ئاوەڵاکردنەوەی گەردوونی فەرامۆشکراوی مانایە. بۆیە شیعر پێشهاتێکە پەژارەی مرۆڤ کۆدەکاتەوە، کە بریتییە لە بیرکردنەوە. کەواتە بیرکردنەوە سەرچاوەی مانایە.

**ڕامان:** شیعری کوردی هەوڵیداوە ناسنامەی خۆی بەرجەستە بکات، بەهۆی ئەم بەرجەستەکردنەشەوە لەناو شیعری میللەتانی تر جیابکرێتەوە، ئایا سەرچاوەی ژیانی شیعری کوردی پەیوەستە بە ڕیشەی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی خۆی، یان نا؟

**هەندرێن:** ڕاستییەکەی، ئەو پرسیارە سەرنجکێشە، چونکە ئەگەر گومانمان لە ڕەسەنی «ڕیشە»ی ڕۆشنبیریی کورد هەبێ، دەبێ لە ڕوانگەگەلێکی فرە بواردا ئەو گومانە ڕۆشن بکەینەوە. وەک دەزانین هەتا ئەمڕۆش یەکێک لەو سەرچاوانەی کە زمان و مێژووی کوردی پاراستووە، شیعر بووە. هاوکاتیش لەپاڵ خەباتی بە چەکداریی کورد، ئەوە شیعر بووە کە داکۆکی لە ڕیشەی نەتەوەی کورد کردووە. کەواتە شیعری کوردی خاوەن سەرچاوەیەکی کوردییە، بۆیە وێڕای شەڕی ڕیشەکێش کردنی ڕیشە کوردییەکەی، سەدە دوای سەدە ژیانەکەی ئامادە بووە. ڕاستە شیعری کوردی بۆ فراژانی ڕیشەکەی خۆی و ئامادەکردنی بوونەکەی، ئەزموونی هونەری شێوەیی لە زمانەکانی دەوروبەر و دوورەکانی خۆیەوە وەرگرتووە، بەڵام لە هەموو ژانرەکانی تری نووسین زیاتر ڕەسەنایەتی ڕۆحی کورد و خۆی پاراستووە. بەخوێندنەوەی شیعری شاعیرگەلی پێشان و ئێستای کوردی دەتوانین تامی پەژارەی بوون، سرووتی ژیانی مرۆڤ و سروشت و گەوهەری ڕیشەیەی کوردی بکەین. بەم جۆرە شیعریش ئەو جەنگەیە کە دژی ئەو مەترسیانەیە کە دەخوازێ سەرچاوەی بوونمان فەرامۆش بکا. شیعری کوردیش لە حزبەکانمان زیاتر خەمخۆری سەرچاوەی زمانەکەی بووە و نەیهێشتووە فەرامۆشی ڕیشەکەی تاڵان بکا. دەبا ئەو دەربڕینە گومانبڕەی (نالی) لە ڕەسەنی «ڕۆحی کوردی» لە شیعردا بخوێنینەوە، کە ئاوەڵاکردنەوە و چڕترین «جەنگ»ی ناسنامەی ڕۆحی کوردییە:

**تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**
**ئیمتحانی خۆیە مەقسودی لە (عمدا)وا دەکا**

لەوەش زیاتر:

**«کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا»**

**ڕامان:** لە هیچ داهێنراوێکی ئەدەبیدا نووسەر پێوەندی لەگەڵ ڕۆمانسیەت کۆتایی پێنەهاتووە، کەچی لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا پڕوپاگەندە بۆ ئەوە دەکرێت شیعر لە ڕۆمانسیەت داببڕدرێت و ببێتە پرۆسەیەکی تەواو مەعریفی. لەم دوو بۆچوونەدا شیعر بەکام لادا دەبەیت؟

**هەندرێن:** ڕەنگە کەسانێک هەبن، بەهۆی زۆر هۆکارەوە، پێناسەی تاکڕەهەندیان بۆ «ڕۆمانسیەت» هەبێ، ڕەنگە لە خودی دەستەواژەی «تەواو مەعریفی»یش جۆرە گرفتێک هەبێ. ئەمن لە ئاخاوتنی ترمدا ڕوانگەی خۆم بۆ شیعر نیشان داوە، هەربۆیە لێرەدا بوارمان نییە لەو پرۆسەی دابەشکارییەدا بدوێم. هەڵبەتە لای من شیعر نە «تەواو ڕۆمانسیەت»ە و نە «تەواو مەعریفی»شە. شیعر ئەوەیە و ئەویش نییە؛ شیعر گەردوونێکە لە هەموو سەرچاوە و ڕووناکییەکانی بوون تامێک، تیرێژێک،زانینێک و هەستێک وەردەگرێ و ئەزموونێک بەرجەستە دەکاتەوە، کە من پێشتر بە پێشهات ناودێرم کرد، شیعر لەرینەوەی ئەزموونە. ئەمەش چونکە دوای ئەوەی هەموو پریشکە پرژاوەکانی

کۆکردنەوە، بەو لەرینەوەیە بانگی ئێمە دەکا بۆ ئەوەی ئەو گەردوونە داهێنراوە نوێیەی ببینین. بەم جۆرە شیعر لە پەیڤینە شەپۆلدارەکانیدا بەنەوایەکی ڕۆمانسیانە ڕەهەندە ماریفییەکان دەبێژێ. شیعر چونکە بە سروشتەکەی خۆی ئیرۆسییە، بۆیە ڕۆمانسیانە دەنوێنێ، بەڵام دڵی کانییەکە لە ماریفە. کەواتە تاکو لێک ترنجانی ئیرۆسیانەی هەردوو ڕەگەز لە شیعردا جەخت بکەمەوە، دەخوازم ئەو دێرە شیعرەی خۆمتان بە یاد بێنەوە: «منیش لە ڕوانین بترازێ، هیچی ترم نییە بۆ هاتن». وابزانم ئەمە وێناندنێکی هەم ڕۆمانسی و هەمیش ماریفییە بۆ بە هانا چوونی داوایەک و دەربڕینی ژیانێک.

**رامان:** هەمیشە دەسەڵات دەیەوێت شیعر شێوازی ڕاگەیاندن وەربگرێت و لەگەڵ واقیعی سیاسی وڵات یەک ئاست بێت، شاعیر ئەگەر ئەم داوایەی جێبەجێ کرد بەهای ڕاستەقینەی شیعرییەت لەدەست دەدات. بۆچوونتان لە بارەی ئەو شاعیرانەی شیعر دەکەنە پاشکۆی سیاسەت و دەسەڵات چییە؟

**هەندرێن:** لەبەراییدا با پێکڤە ئەو هەڵوێستە ڕەسەنەی (مەحوی) بخوێنینەوە، کە بەر لە سەد ساڵ زیاتر لە ئێستا، سەبارەت بە سووککردنی پایەی هونەر و ئەفراندن ڕایگەیاندووە، کە دەفەرمووێ:

**«ئەمرۆ لەکن زەمانە هونەر بۆتە قەشمەریی**
**شێری ژیانی بۆ چییە، مەیموونییە گەرەک»**

ئەو هەڵوەستە شیعرییەی (مەحوی) لە هەمبەر دیاردەی بێ ڕێزکردنی هونەر، کتومت هەمان ئەو بێ ڕێزیکردنەوەی شیعرە کە دەسەڵات هەوڵی بۆ دەدا. دەسەڵات هەمیشە حەزی کردووە هەموو شتێک بکاتە کەرەسەی خۆی. هاوکاتیش دەسەڵات هەوڵ دەدا گشت بوارەکان بتەنێتەوە، کە سوودی بۆ ئەو هەیە. لای ئێمەش بەهۆی ئامادەیی ڕاشکاوی شیعر لە کۆمەڵگادا، بۆیە حزبەکان، وەک سەرچاوەیەک لە دەسەڵات، هەوڵیانداوە خۆیان جڵەوی شیعر بکەن. هەربۆیە ئەو مەیلی بە «جەماوەر بوونە» زۆرێک لە شاعیری کوردی بەرەو حزبەکان کێش کردووە. لە بواری شیعری ئێمەدا ئەو شاعیرانەی کە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانیان بۆ دروشم و ڕاگەیاندنی حزب تەرخان کردووە، هەوڵیش دەدەن، وەک ڕەخنەگر و پێوانەساز، پێوانەی شیعری «جەماوەر»ی بکەنە واتای سەرکەوتنی شیعر. وەک پێشتریش وتم، ڕوانگەکانی ئێمە بۆ ناسینی شیعر و بەرزکردنەوەی شاعیر، بەرهەمی یارییەکانی حزب و دەسەڵاتن. بە بڕوای من ئەو شاعیرانەی کە هەڵوێستی شیعری و وابەستەیی حزبی و دەسەڵات، بە هەر بەهانەیەک بێ، تێکەڵاو دەکەن، تاکو هەم پێداویستی دەسەڵات ڕاپەڕێنن و هەمیش خوێنەری شیعریەتی شیعر ڕازی بکەن، هەمان ڕۆڵی دەسەڵات لە دروشماندن و حەماسەتاندنی شیعر دەگێڕن. لەکن من شیعر و شاعیر هەمیشە واتای بەرهەڵستکارێکی جوانناسی دەبەخشێ. شیعر بەرهەڵستکارێکی دەسەڵاتخوازانەی دەسەڵاتێک نییە، بەڵکو بەرهەڵستکاری ئەو چوارچێوە و وێنایە قەتیسماوانەیەتی، کە جوانی و بەرهەڵدراوی ڕوانینەکان دەشێوێنێ و لە قاڵبی خۆی دەیناسێنێ. شیعر بەڕێوەیە، دەسەڵاتیش لەمپەرە لەو شەپۆلانەی کە لەناخی کۆمەڵگا و شاعیردا دەجمێن. هەربۆیە لە ئایندەدا خوێنەرێک لە دایک دەبێ کە بە هەڵوێستی جوانناسیانە ئەو تەرزە شیعرەی کە لە قۆناخێکدا ڕۆڵی ڕاگەیاندنیان بینیوە، لە جیهانی ئەفراندن دووریان بخاتەوە. ئەو شاعیرانەی کە لە قۆناخێکدا دەسەڵات بە ڕاگەیاندنەکانی کردوونی بە جەماوەریی، هۆکردی ئەو بێ بەهاکردنەی شیعرن، کە ئەمرۆ شیعری کوردی بە دەستییەوە دەناڵێنێ، کێشەی دەسەڵات هەر خۆی نییە، بەڵکو ئەو پرۆسەیەکە لەبواری ڕۆشنبیریدا بەرهەمی دەهێنێتەوە.

**رامان:** چرکەساتی ڕووداوە ڕۆژانەییەکان زۆرجار دەبێتە سەرەتای دروستبوونی دەقێک، کەچی لە دەقەکەدا هەموو تەمەن بە تۆخی ڕەنگ دەداتەوە، سەرەتاکە دەبێتە شتێکی کاڵ و بچووک، ئایا لە دەقی قووڵبیندا چرکە سەرەتاییەکان گرینگن، یان تێڕامانەکانی هەموو تەمەن؟

**هەندرێن:** وەک من دەیبینم، خودی دەقی شیعری پێشهاتە. دەکرێ هەندێک دەق بە سەرەتایەکی «کاڵ و بچووک» سەفەرەکەی دەست پێبکەن و دەقێکی تریش بە پێچەوانەکەی بێ. لێ دەق لە کۆی وێستگە، کۆپلە، پارچە کۆکراوەکانی ئەزموونەکانیدا، لەیەکایەتی جەستەی شیعردا چڕ دەکاتەوە. من لەوە تێناگەم کە شیعر تەنیا لەسەر ئەو «چرکە سەرەتایی، یان تێڕامانەکانی هەموو تەمەن» خۆی بەرجەستە بکاتەوە. شیعر بریتییە لە ڕەنگدانەوەی جیهانبینی شاعیر و هونەری دۆزینەوەی ئەو ئەزموونە نادیاریانەی کە تەمەن پەی پێنەبردوون. بەم

جۆرە دەقی شیعری مشتومالکردنی ڕەهەندە پرژاوەکانی بوونایەتییە. وەلێ هەندێک جار ئەزموونێک لە ژیان دەبێتە پانتاییەکی کارا لە تەقینەوەی پێشهاتە جماوەکانی ئەزموونی تەمەن. بۆیە شیعر پێشهاتێکە لە تەمەنی ئەزموونی ڕوانین، نەک تەنیا ئەزموونی تەمەنی شاعیر. کەواتە (نالی) واتەنی: **«سەری هەر مووی بەدەنم طەرزە تەمەننایێکە/ گەردشی تووکی سەرم و دووکەڵی سەودایێکە... (نالی) ئاسوودە نییە طوولی نەمامی عومرت/ بە نەفەس دێت و دەچێت، ئەصڵی لەسەر بایێکە».**

**ڕامـــان**: ئەگەر شیعرێک لەمڕۆدا نەژیەت لەهیچ سەردەمێکی تردا ناژیت، واتە شیعرێک جیهانبینی تێدا نەبێت و نەپاراستراببێت لە تەمومژی بەتاڵ، ناتوانێت بچێتە ناو ژیانی داهاتوو (نالی و گۆران و...) ژیانی سەردەمی خۆیان بە هەموو هێزیانەوە خستووەتە ناو دەقەکانیان و دەقەکانیان ژیان دروستی کردوون، بۆیە لەناو بەردەوامی ژیان جوولەدارن، بۆچوونتان لەبارەی ئەو دەقانەی نقوم کراون لە تەمومژی ساختە و بەتاڵ چییە؟

**هەندرێن**: لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا ڕۆشناییەکمان خستەسەر پرسی «تەمومژی بەتاڵ»، هەربۆیە ئەو دەقەی کە خۆی لەسەر دەربڕینە تەمومژییەکان هەڵدەچنێ، دەبێ لە تایبەتمەندییەکەی خۆیەوە سەیری بکەین. هاوکاتیش، دەکرێ پێناسەیەکمان هەبێ بۆ ڕەهەندی «تەمومژی بەتاڵ» چونکە دەکرێ تەمومژی نمایشێک بێ لە دۆخی ناوەکی شاعیرێک و ئەزموونی ژیانەکەی. وەلێ لە ڕوانگەیەکی ترەوە، لەکنە من، دەقێکی هەڵچنراو بە «تەمومژی» ئەو پانتاییەیە کە دەق هێشتا لە ئاشکرا کردن و ئاوەدانکردنەوەیدا نادیارییەک دەستەوەستاوە. ئەو چەشنە تەمومژییە، کە بەتاڵە لە شوێن پێی ئەزموونێک، زمان سەرگێژ دەکا، نەک بەرەو ئاراستەیەکی ڕووناکی دەبا. دەقێک کە ساختە بێ، نەبێتە لە دایکبوونی شیعر، بەڵکو دەبێتە مردنی خۆی، بەڵام شیعر لە پرۆسەی ئاوەڵابوونەوەیدا شەبەنگێک لە «تەمومژ»ی دەپۆشێ کە ئەمەش خەرمانەیەکە لە نیگەرانی مینا پیرۆزانەی دەرکەوتن.

**ئا: ڕامان**



سالّح سووزەنی، شاعیر و ڕەخنەگر، سالّی١٩٦٠ لە شاری سەقز لەدایکبووە. لەسالاّنی دەیەی هەشتا و نەوەد لە ئەدیبە چالاکەکانی کوردستانی ڕۆژهەلاّت بووە و ماوەی پتر لە حەوت سالّە یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروە. هەنووکەش هەروا بەگوڕ بە نووسینی شیعر و وتاری ڕەخنەگرانەوە سەرقالّە و چەند دیوانە شیعر و کتێبێکیشی لەسەر ڕەخنە ئامادەی چاپە.

## سالّح سووزەنی (شاعیرو ڕەخنەگر):
## ئەدەب لە مێژوو تێدەپەڕێ.. نوێخوازیش بزاڤێکی بوێرانەیە بۆ تێپەڕین لە قۆناغی فەرهەنگی نەریتی بەرەو خەلّقی کولتووری شارستانی

**دیانە: عەبدولخالق یەعقووبی**
**(بۆکان)**

*** تۆ سەرەتا وەک شاعیر هاتیە نێو جیهانی ئەدەبەوە، بەڵام دواتر لە بواری ڕەخنەش دەستت بەکارکرد، چی تۆی هاندا لە پەنا شیعر ئاوڕ لە ڕەخنەش بدەیەوە؟**

– نەک لای ئێمە، بەڵکو زۆرێ لە ڕەخنەگران لەسەر ئەو باوەڕەن کە زمانی شیعر لە وڵاتانی جیهانی ڕۆژهەڵات لە مێژوویەکی درێژخایەندا زمانی زاڵی زارەکی و پانتایی نڤیسانیش بووە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بووبێ کە ڕۆژهەڵات بە گشتی زێدی پێغەمبەران بووە و ئوستوورە زەدەیە، وەک دەزانین ئوستوورە و شیعریش هەردووکیان بەپێی پێناسەیەکی گشتی زمانی ناخودئاگای کۆمەڵ بوونە و نزیکایەتی زۆریان لەگەڵ یەکدی هەیەکە من نامەوێ بچمە ناو ئەو وێکچوویی و جیاوازیانەوە– تەنیا دەڵێم ئاشنایی من لەگەڵ ئەو دوو بوارەی ئەدەب زێدەتر یەکەم بەهۆی خوێندنەوەی بەردەوام بوو لەکاتی لاویمدا، دووەم هەست بە پێداویستی نوێگەری لەو دوو بوارەدا. چەند دۆستێک بووین کە «وەحشەتناک» دەمانخوێندەوە و وەک ئەزموونی نڤیسان من بۆ دەربڕینی ئەو تەوژمەی کە بەرەی ئەو خوێندنەوانە بوو، سەرەتا ڕووم لە شیعر کرد، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە زەمینەی عەینی ئەوکات (واتە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی پاشایەتی و بزووتنەوەی چەند بارەی گەلی کورد بۆ داوا ڕەواکانی لە مێژینەی) بۆ شیعر و شوعار یان دروشم ئامادەتر بوو، لای ئێمە کەسانێکی کەم دەیاننووسی و ئەو تاقمەش کە دەیاننووسی زۆربەیان شاعیر بوون و شیعر لەلایەن جەماوەریشەوە خوازیاری زێدەتری هەبوو. ڕەنگە شیعرەکانی ئەو سەردەمەی منیش زێدەتر وەڵامی ئەو داخوازییەی دابێتەوە تا ڕووکردێکی ڕاستەقینەی زمان بەرەو شیعرییەت (بە بۆچوونی ئێستاکەم) ئەو شیعرانەش، بەس لەم لاو ئەولا دەخوێندرانەوە و هەوڵی بڵاوکردنەوەم بەشێوەی چاپ بۆ نەدەدان. ئەوکات لێرە گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنی ئەوتۆش نەبوو، بۆ ئەوەی بڵاویان بکەینەوە (لەبیرمە ساڵی ٦١(١٩٨٢ز) بەزەفتێکی شکاوی ئەوساتەی ماڵ ئێمە لەگەڵ جەلال مەلەکشا شریتێکمان تۆمارکرد..) ئەوە دواجار بوو کە گۆڤاری سروە لەسەر مامۆستا هێمن بڵاوکرایەوە و زۆرێ لە شاعیران و نووسەرانی ئەوساکە کەوتنە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، بە پێچەوانەوە من وەک یەکەمین هەنگاو بۆ بڵاوکردنەوە، وتارێکی ڕەخنەییم لەسەر شیعرێکی جەلال بۆ بەڕێ کردن، کە من لام وابوو لە باری تەبایی وێنەگەلی دێری و ئەستوونی (عموودی)یەوە یەکیان نەدەگرتەوە و سەیر ئەوەبوو کە جەلال لەنامەیەکدا بۆی نووسیبووم کەباشی بۆ چوویتە بۆوەی ئەو شیعرە لە ڕاستیدا دوو شیعر بووە و سەفحەئارای سروە لە خۆڕا کردوویەتی بە شیعرێک(!!) ئەو نامەی جەلال ئێستاش ماوە ڕەنگە کاتی خۆی بڵاوی کەمەوە، بەدوای ئەوەدا دوای ماوەیەک یەکەم شیعری من لە گۆڤاری سروەدا بڵاوکرایەوە؛ **«پەپوولە: ئاگر هانی باڵەکانم پێی هەڵفڕە..»** دواجار بەشی یەکەمی وتاری ڕەخنەیی **شاعیرانی لاو لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبیدا** بڵاوکرایەوە، هەرچەند بەشی دووەمی ئەو وتارە بە گوتەی جوانەمەرگ مارف ئاغایی تا ڕۆژی هەناردن بۆچاپ سەفحە ئاراییش کرابوو، بەڵام لەناکاو بەرپرسانی سروە بە چەند هۆیەکەوە (لایان وابوو سیاسەتی تێکەڵ بووە(!!) بڵاوی ناکەنەوە: کەوایە ئەگەر بە تەواوی بمەوێ وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە دەبێ بڵێم چ لە باری متالا و چ لە باری هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەوە من شیعر و ڕەخنەم پێکەوە دەست پێکرد، هەر چەند متالای ڕەخنەییم ئەو دەمیش زێدەتر بوو وئاستی نووسینی ڕەخنەیشم/ ئەوکات/ لە شیعرەکانم بەرزتر بوو، هەربۆیە ڕەحمەتی مارف بەردەوام لە نامەکانیدا ولە دانیشتنی دۆستانەدا جەختی لەسەر درێژەدان بە ڕەخنە بوو وداوای وتاری ڕەخنەیی لێدەکردم بۆ سروە کە ئەوکات لەوێ بوو. وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد– خوێندنەوەی زۆر و جیدی لە ڕەخنەگرانی ئەوسای فارس کەسانی وەک بەراهەنی و میرعەلایی و کەدکەنی تا حقووقی و تاد...، جۆرە هاندانێک بوو بۆ من کە ڕووبەڕووی ڕەخنەی ئەدەبی (لە ئەدەبی کوردیدا) ببمەوە کە ئەوسات بەڕاستی ڕێبوارانێکی ئیجگار دەگمەنی هەبوو و بڵاوکردنەوەی «شاعیرانی لاولە هەڵسەنگاندنی ئەدەبیدا» کە ئەوسالانە بەشێوەیەکی زانستی ئاوڕی لە زمان و وێنە و کێش وبیچمی زیهنی دەقی شاعیرانی «ئەوکات لاو »دابۆوە بەڕاستی دەستپێکی باش بوو بۆ ڕەخنەی ئەدەبی بەشێوەی جیدی. وەک دەزانن پێشتر ڕەخنەی لای ئێمە بەس شەڕەجنێو یان پیاهەڵگوتن بوو بە شاعیران یان نووسەرانێک کە دۆست یان دوژمنی بەناو ڕەخنەگر بوون، نەک خوێندنەوەیدەق بەپێی بووتیقا یان بابەتی و هیرمنۆتیکانە. لە درێژەی کاری ڕەخنەییشدا هەوڵم دا بۆ یەکەم جار لە کوردستان ڕەخنە بەرەو خوێندنەوەی چەند لایەنە بەرم خوێندنەوەی گوڵی شۆران لە شەش گوشەنیگاوە هەوڵێکی جیدی بوو لەو بوارەدا کە ئێستا لای زۆرێ لە ڕەخنەگران بۆتە باو و چەند خوێندنەوەیی جێگای خۆی کردووە..

## لەمێژە شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی دەپێوم و نەگەیشتوومەتە کۆتایی هیچیان

***** وەک ئاماژەت بۆ کرد تۆ لەو شاعیرانە بووی کە شان بە شانی شاعیرانێکی وەک جەلال مەلەکشا، ڕەحیم لوقمانی، لە جەنگەی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ شیعری بەرخوودان و بەرەنگاریت دەنووسی و دواتریش هاو هەناسە لەگەڵ شاعیرانێکی گەنجتر وەک مارف ئاغایی و فەرەیدوون ئەرشەدی و ئینجا داکارو دواتر بەرەی نوێخوازی وەک یوونس ڕەزایی و شاعیرانی جیاواز لە نوێکردنەوەی شیعری هاوچەرخی کوردیدا هەوڵت داوە و هەنووکەش هەروا بەردەوامی پێوەندی نێوان ئەم شاعیرانە لەگەڵ خۆت و هەمووشتان لەگەڵ پێشەنگی شیعری نوێی کوردستان ڕۆژهەڵات واتە سوارە ئیلخانی زادە لە ڕوانگەی دەقی شیعرییەوە چۆن دەبینیت؟

– لەمێژە شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی دەپێوم و نەگەیشتوومەتە کۆتایی هیچیان... لەو ماوە درێژخایەنەشدا زۆر هاوڕێم پێ گەیشتووە زۆرم لێ وەکشاوە و زۆرێکی تر جێیان پڕ کردوونەتەوە، بەڵام ڕێگا هەر ئەوەیە کە سەرەتا بڕیار بوو بیبڕین.. تاقی کردنەوەی نوێ و خەڵقی ڕچەی نوێتر و هەموار کردنی بەردەکانی سەر ڕێ و سەر لەنوێ درێژە پێدان بەڕیگایەکی نامۆی دیکە و...تاد.

وەک گوتم: لام وایە ساڵی (٨٢) بوو لەگەڵ جەلال مەلەکشا شریتە شیعرێکمان تۆمار کرد و هەندێ شیعر دورشممان تیایدا بڵاوکردەوە. دواجار لەگەڵ بەڕێزان مارف ئاغایی و فەرەیدوون ئەرشەدی چەند هەوڵێکمان دا بۆوەی شیعری نوێ بینینە فرۆمگەل نوێترەوە و دواجار بەیاننامەی داکار و بەڕێزان ئازاد ڕۆستەمی و بێهزاد کوردستانی و برایمی ئەحمەدی نیا و دۆستانی دیکە و هەوڵدانێکی تر لەگەڵ بەرەیەکی دیکەی شاعیران (کە بەناوگەل جیاوازی وەک جیاواز خوازان و شیعری شێت. بەرەی سێ و چوار و نوێترخوازان، لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ئاوڕیان لێدرایەوە)، ئێستاش ماوم و ڕێگە درێژەی هەیە وەک هەموو بوارەکانی دیکە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ باسی پێوەندی بکەین دەبێ بڵێین شاعیرانی دوای سوارە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەداخەوە جگە لەچەند هەوڵێک کە ئەویش زێدەتر لە لاسایی کردنەوە دەچوو، لە باری زمان و شێواز و مۆسیقای عەرووزییەوە ڕێچکەی سوارەیان نەپێوا. هۆکارەکانیش لە ڕوانگەی منەوە ڕەنگە ئەمانەبێ کە؛ یەکەم شیعری سوارە ئەوکات بەس (شار) و (خەوەبەردینە)ی ئەویش بەشێوەی دەست نووس بڵاوبیووە و کەم لە شاعیرانی لاو بەتۆخی لەگەڵ دەقەکانی ئاشنا بوون. ئەو بۆچوونەش لەسەر ئەو دوو شیعرانە هەبوو ئەوە بوو کە سوارە ئەو کات لەژێر شوێن پەنجەی شاعیرانی فارس و زمانی چریکی ئەو سەردەمەدا بووە و زێدەتر لاسایی کردۆتەوە و (شار) وەک شیعرێکی ڕۆمانسی دژ بە شاری مۆدێرن و گەڕانەوە بۆ جوانی دێ دەهاتە خوێندنەوە، بڕوانە دەمەتەقێی ئەو سەردەمە لە گۆڤاری سروەدا لەلایەن جەلیل ئازادیخواز و کەسانی دییەوە.. خەوە بەردینەش وەک (ماسیە ڕەشە بچکۆلەکە)ی سەمەد بیهرەنگی دەخوێنرایەوە، هەڵبەت بە زمانێکی شاعیرانەترو دەوڵەمەندتر. هێشتا زۆری مابوو بۆ ئەوەی کەسێکی وەک ڕەهبەر مەحمودزادە ئەو دوو شیعرە بە شێوەی جیدی هەڵسەنگێنێ و سوارە وەک قوتبێکی گرینگی بواری نوێخوازی گرێ بدات بە (گۆران)ەوە و شاری دەسەڵات و شاری ئارمانی شۆڕشگێران (دەریا) پێکەوە هەڵسەنگێنێ، ئینجا ئێمەومانان ئەو ساڵانە هەموو خوێندنەوەکانمان بەزمانی فارسی بوو، ئەو شیعرانەی بە کوردی دەماندیتن زێدە شیعری عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس و... بوون کە بەهۆی تایبەتمەندی ناوچەیی و دەسەڵاتی زمانی سیاسییەوە زێدەتر دەوریان دەگێڕا و شوێن پەنجەیان لەسەر شاعیرانی ئەم دیو لە شیعری سوارەیی (کە من ئێستا لام وایە چ لە باری بووتیقا وچ خوێندنەوەی هێرمنوتیکیانە و بابەتی لەو شیعرە شوعارییانە دەوڵەمەندترە) جەلال ئەو ساڵانە لە حاڵ و هەوای (پەشێو)یدا قەڵەمی دەوەشان و گەیشت بەناو بانگێ، بۆ وی ئەگەر لەبیرتان بێ جەلال ئەوکات لە «سروە» تاقە گۆڤاری کوردستانی ئەم دیودا بوو و دەرفەتی بڵاوکردنەوەی لە ئێمەومانان زێدەتر بوو، ئێمە باوەکو دۆستایەتی زۆرمان هەبوو، بەڵام من بەهۆی هەندێ کێشەی سیاسی و گیروبەندەوە، باوەکو لەو جۆرە شیعرانەم زۆر هەبوو... (دەفتەرگەل سەمفۆنیا و دیاری و هەزار دیوانی کەڵەگەت لە پرسەدا) بەڵام زۆر کەمیان لێ بڵاوکرایەوە. دوای بڵاوبوونەوەی وتاری ڕەخنەیی شاعیرانی لاو لە هەڵسەنگاندنی ئەدەبیدا لەگەڵ مارف و فەرەیدوون زێدەتر پێکەوە دەکولاین، مارف چەند شیعرێکی لە گۆڤاری سروەدا بۆ بڵاو کردمەوە، بەڵام وەک ئاماژەم پێکرد مارف حەزی لەوە بوو کە من بەردەوام

وتاری ڕەخنەی ئەدەبی بڵاوبکەمەوە، هەربۆیە چەندین وتاری ڕەخنەی ئەدەبیم لەو ساڵاندا بڵاوکردەوە و زێدەتر وەک ڕەخنەگر لەناو دۆستانی تازەدا دەناسرام تا شاعیر- بەڵام شیعر خۆی بە هیچ ئەرێ و نەبییەکەوە نابەسێتەوە وەک گوتم من یەکجار زۆر دەمخوێندەوە و زۆریش تامەزرۆیی نوێگەری بووم. هەندێ هەوڵم دا بۆ وەی بتوانم زمانێکی تایبەت بەخۆمم هەبێ و لەگەڵ هەموو دۆستایەتی ئەو بەرێزانەدا هەرگیز نەچمەوە سەر شێوە بەکارهێنانی ئەوان لە باری زمانەوە وەک سەرەکیترین فۆرم... مارف جوانەمەرگ بوو و فەرەیدوونیش پەروازەی هەندەران و من دەفتەری درۆ مۆقەددەسەکانم کۆتایی هات، دەستم کرد بە (شیعرەسات)ەکان کە لام وایە گەورەترین شوێن پەنجەی بەجێهێشت و بەرەی دواتر زێدەتر ئاوڕیان لێ دایەوە .. و.. ڕچەگەلی نوێتر ساز بوو.

* «داکار» چی؟

- لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکیش بە پرۆسەی شیعری داکار بکەم؛ وەک لە وتووێژێکی دیکەشدا (بۆ گۆڤاری رامان) ئاماژەم پێکردووە هەوڵەکانی ئێمە لە ڕێگای فەرەیدوون ئەرشەدییەوە پێوەند دەبێ بە هەوڵدانی چەند دۆستێکی دیکەوە لە مەریوان وبەیاننامەی داکار ساڵی ١٣٧٧ی هـ لەچوارەمین پێش ژمارەی سیروان بڵاودەبێتەوە کە ناوی منیشی بەژێرەوە بوو بێ ئەوەی تا کاتی بڵاوکردنەوەکەی دیبێتم، ئەو بەیاننامەیە هەرچەند لە بەیاننامەکە دەرنەچوو و دۆستان پەروازە بوون، بەڵام گۆمی مەندی سەلەفیەتی ئەدەبیی شڵەقاند و دەروازەیەکی دیکە کرایەوە بۆ ڕوانینی نوێتر و جیاوازتر و دەمەتەقێ و شەڕە قەڵەمی باشی بەدواوە بوو کە هەمان ئەو شتە بوو کە داکار دەیویست.

* تۆ پێت وایە ئەدەبیاتی کوردی تاچەندە توانیویەتی خۆ لە پێوانە گشتییەکانی ئەدەبێکی سەرکەوتووی جیهانی نیزیک بکاتەوە؟.

(گەر ئاماژە بە هەندێ داهێنەر و دەقی ئەدەبەکەمان بکەی دەتوانین پتر لە وەڵامەکەت کەڵک وەرگرین)

- پێوانەکانی ئەدەبی جیهانی گشتی نین و قاڵبێکی دیاریکراویان نییە کە ئێمە ئەدەبیاتی خۆمان لەو قاڵبە دەین بۆ ئەوەی بزانین خۆمان لە ئەدەبی جیهانی نیزیک کردۆتەوە یان نا...

ئەدەبیات ڕۆحی زیندووی هەموو گەلانی جیهانە کە لە زماندا دێتە نواندن و دەنگدانەوە و گەشە و نەشە. دیارە زمانی هەر نەتەوەیەکیش جیاوازی سەرەکی و بنەڕەتی لەگەڵ زمانەکانی دیکە هەیە و جگە لەوەش کولتوور و چۆنیەتی ژیان و باری مێژوویی تەنانەت جوگرافیای و...تاد هەر نەتەوەیەک ناڕاستەوخۆ و لە کەناڵی زیهنی شاعیر یان ئەدەبیەوە دێتە پانتایی نقیسان و دواتر بڵاوکردنەو... هەرچەندە دواتر پێکهاتە خوزان هەوڵیان دا ئەو زیهنیەتانەش لە ئوستوورەو ئەفسانەکانەوە تا چۆنیەتی جلوبەرگ و تەنانە خواردمەنی لە هەموو جیهاندا پێکەوە ببەستنەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن زیهنی مرۆڤ بەگشتی بەپێی پێکهاتەیەکی وەک یەک یا نزیک لە یەک کاردانەوەی هەیە، بەڵام وەک دەزانین ئەوە تەنیا خوێندنەوەیەکی دیکەیە و بەس، ئینجا ئەدەبی جیهانی بە واتایەکی زۆر ساکار یانی ئەدەبی هەموو جیهان کە هەڵبەت ئێمەش بەشێکین لەو جیهانە. کەوایە گرینگ ئەوەیە بزانین ئێمە چیمان کردووە یان چیمان بەو ئەدەبە جیهانییە زیاد کردووە. دیارە بە هەمان ئەندازەش لە ئەدەبی جیهانی نیزیک بووینەتەوە..

بە بڕوای من هۆی نەبوون یان لاوازبوونی ڕۆشنبیری لای ئێمە بەگشتی هەمان ڕوانینە لە زۆربەی دیاردەکانی دەوروبەر، بۆ وێنە ئەدەبیات لە جیهاندا مێژووی درێژخایەنی هەیە و لە ڕەوتی بەردەوامدا بووە و لەزۆر ڕێباز و قوتابخانە و دژ قوتابخانەی تێپەڕاندووە و ژانرگەل جیاوازی پێکهێناوە کە ئەدەب لای ئێمە بەس لەم ساڵانەی دواییدا خوێندوویەتەوە و هەوڵی داوە نموونەیان لی سازبکاتەوە و هەنگاوی باشیشی هەڵێناوە، ژانرگەل چیرۆک- ڕۆمان، شانۆنامە- سینەما ڕەخنەی ئەدەبی لای ئێمە خاوەنی مێژوویەکی ئەوتۆ نییە و زمانی کوردیش، زمانێکی جیهانی نییە لەمێژوویەکی درێژخایەندا نەک هەر دەسەڵاتێک پشتی نەگرتووە، بەڵکو دەیان دەسەڵات نوقمی زەوی کردووە. بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی دەسەڵات- مەعریفە و سازکردنی یەکدی ئاساییە ئەگەر زمانی ئەدەبی مەش لەجیهاندا هێند بەرچاو نەکەوتبێ، دڵنیام ئەگەر شاری مۆسیقارە سپییەکان بە زمانی ئەڵمانی- فەرەنسی یان ئینگلیسی و چووزانم ئێسپانیولی بنووسرابا ئێستا ڕۆمانێکی ئەوپەڕجیهانیش بوو، بەڵگەش بۆ قسەکانم.. فیلمەکانی یڵماز گۆنای و بەهمەن قوبادی-یە، لەبەر ئەوەی زمانی وێنە زمانێکی جیهانییە... باوەکو هیچ مێژوویەکی کاری سینەمایی لەپشت سینەماکارانی کورد نییە دەبینن چۆن بوونەتە بەرهەمی جیهانی و ناوبانگ دێننەوە، بەڵام ئەگەر هەر ئەم پرسیارەت لەمەڕ شیعری کوردی بکردایە، وردتر دەمانتوانی بەرئاوردێکی عەینی تر بکەین؛ شوێن

پەنجەی نێوان دەقێتی شیعری فارس- تورک، عەرەب- دەقی شیعری کوردی دەوڵەمەند کردەوە و زمانی شیعری کلاسیکی کوردی بەهۆی کەڵک وەرگرتنی بەجێی لەزمانی دەوڵەمەندی ئەوان شوێنگە و پلەوپایەکی ئەوتۆی بۆ خۆی پێک هێناوە و گەمەیەکی بوێرانەی بەو زمانانە کردەوە. مەلای جەزیری، نالی، مەحوی، مەولەوی تاوەگۆزی لەو شاعیرانەن کە خوێنەری چالاکی سەردەم بە خوێندنەوەی دووبارەی دەقەکانیان دەتوانێ بیانهێنێتە ڕیزی شاعیرانی جیهانیی. بۆوەی ئەوە خوێندنەوەی دووبارە و چەندبارەیە کە دەق زیندوو ڕادەگرێ و لە تەمومژ و تێپەڕینی زەمەن و دەیپارێزێ و بەشێوەیەکی نوێ و نوێتر دەینوێنێتەوە، ئەگینا بەبێ خوێندنەوەی جیهانی دەقی جیهانیشمان نابێ، ئەدەبیش وەک هەموو مەعریفەیەکی دیکەی ژیانی مرۆڤ، ویتگونشتاین گوتەنی جۆرە یاری و کایەکی زمانییە کە لە پێوەندی لەگەڵ دەقی پێش خۆی نێوان دەقێتی و خوێندنەوەی نوێدا. درێژدەبێتەوە و بێ کۆتایین. بەخۆشییەوە ڕەخنەگرانی سەردەم خۆیان لەو بوارەش داوە و دەتوانن بڕواننە خوێندنەوەکانی خودی خۆت لەسەر نالی و مەحوی و ئاوڕدانەوەی کەسانی دی لە گۆشەنیگای فۆرمالیستی و پێکهاتەخوازانە و دیاردەناسانە هێرمۆتیکیانەی هەر ئەو شاعیرانە. من کاتی خۆی لەم ڕوانگەوە نالی و خوێندنەوەی نوێیەکانی سەردەمم و بڵاوکردەوە و هەوڵم دا دەقی نالی لە چەندین گۆشەنیگای ڕەخنەیی نوێ بێنمەوە ناو کایەکە، دیارە ئەم هەوڵانە چەند بەهێز بن، ئەوەندەش دەتوانی هیواداربین کە دەقەکانمان زیندوون. لەبیرتان نەچی ئێستا ڕەخنەگر و خوێنەر دەورێکی ئەوتۆیان هەیە لە خولقاندنی دەقی جیهانی و تەنانەت ناوچەییشدا شیعری نوێی کوردی (جیا لە ڕۆمان و چیرۆک..) ئەودەوڵەمەندییەی ئەدەبی کلاسیکی لەپشت بوو، هەربۆیە لە فۆرمی نوێ نوێتری خۆشیدا لەگۆران و سوارە و ڕوانگە و کفری و ئەم دواییاندا نوێترخوازاندا بەڕای من لەگەڵ ڕەوەتی ئەدەبی جیهانی بوونە و لانی کەم لە ئەدەبی دراوسێکانی کە هەر کامەیان کەڵە شاعیرانی گەورەیان لەپشت بووە- دوانەکەوتوونە، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم کرد زمانی کوردی زمانێکی جیهانی نییە و غەدری گەورەی لێکراوە... ئاشووری یەکێک لە ڕەخنەگران و ڕووناکبیرانی فارس دەڵێ؛ مەڵبەندی سەرەکی زمان لە هەموو پانتاییەکانی ژیانی مودێرندا زمانگەلی ئینگلیسی- ئەڵمانی- فەرانسەیی بوونە و زمانگەلی دیکە یان لاسایی وانیان کردۆتەوە یان وەرگێری ئەو زمانانە بوونە بۆ ناو زمان و گوتاری مودێرنەی خۆیان، زمانی کوردی بەو پێیە ڕەنگە وەرگێڕی زمانی دەستە دووەمی ئەو زمانانە بووبێ لە زمانگەلی دیکەوە و ئەمەش وای کردووە کە ئێمە تەنانەت لەبواری ئەدەبیشدا بەردەوام هەوڵی تاقی کردنەوەی ئەزموونەکانی و قوتابخانە سەرەکی و ناسەرەکی ئەوانمان دابێ، بەڵام جیهان یەکجار بچووک بۆتەوە و من بەش بەحاڵی خۆم هەوڵی مرۆڤ بۆ گەشە و نەشە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە هەوڵگەلێکی جیهانی دەبینم و ئاوەها دابەشیان ناکەم. من مافی خۆمە فرۆکەم هەبێ، هەرچەندە لەسەرەتادا من فڕۆکەم ساز نەکردبێ. من مافی خۆمە بەپێی «بوطیقا» دەق بخوێنمەوە و هەرچەند ئەرەستۆ لە هۆزی من نەبێ بۆوەی مرۆڤ بەگشتی یەک هۆزە و ئەوە دەسەڵات و سیاسەت و ئایدۆلۆژییە لێکیان جوێ دەکاتەوە و شەڕی گەورە گەورەیان بۆدەنێتەوە و ئەدەبیات ڕەنگە خاوێنترین و جوانترین ئەزموونی مرۆڤ بێ کە بۆ هەموو مرۆڤ دەنووسرێ، نەک بۆ خێڵ و نەتەوە و وڵاتێکی تایبەت. بە قەولی شاملوو «ئێمە خاوەنی دەردی هاوبەشین» و ئەدەب ڕەنگە چێژ و خۆشی هاوبەشیشمان بێ! لە بواری ئەدەبی نوێشدا وەک ئاماژەم کرد ئەدەبی کوردی باش هاتۆتە پێش ئەگەر بمانەوێ ئاماژە بە هەندێ داهێنەر و دەقی نوێخوازی دوای ڕوانگە و کفری بکەین دەتوانین لە بواری شیعریدا باسی ئەنوەر مەسیفی و فەرهاد پیربال و فۆرمخوازەکانی هەولێر بکەین لە سەرنجدان بە بیچمی زیهنی چەند بازنەیی و چۆن نووسین لە بری چی نووسین، هەروەها نوێترخوازان یان شاعیرانی جیاواز (بە بۆچوونی فەرزاد میر ئەحمەدی) لە بواری سەرنجدان بە سێڵاوی هۆش و چەند دەنگی بوونی دەق و دەستکاری کردن و گرینگیدان بەزمانی شیعری و بەگشتی نوێتر کردنەوەی فۆرم و بابەت و... کە بە ڕاستی جێی باسن. لە بواری چیرۆک و ڕۆمانی نوێشدا چیرۆک و ڕۆمانەکانی عەتا نەهایی، قادر هیدایەتی و بەختیار عەلی و شێرزاد حەسەن و... جێی سەرنجن.. عەتا نەهایی لەبەر هەوڵدان بۆ تەبایی لە ڕادەبەدەری

**وەرگێڕان پردێکی مێژووییە بۆ پێوەندی و هاوتەبایی و جیهانی کردنی فەلسەفە و زانست و هونەر و مێژوو بە گشتی**

فـۆرم و ناوەرۆک لـه باڵندەکـانی دەم بادا– سـەید قـادر لەبەر شێوه دەربڕینی نوێتر و زمانی جیاواز له نۆڤیلێتی دەنگی نوختەدا، بەختیار عەلی بەهۆی کەڵک وەرگرتنی بەجێ له زانیـاری و ئاگـایی گـووشـراو نێـوان دەقـێـتی هونەری له ئوسـتـووره و فـەلسـەفـه و زانسـتـه کـۆمـەڵایەتیـیەکـانەوه تا ژیانی مـێـژوویی مـرۆڤ و ڕەخنەکاری دەسەڵاتی کوردی... شێرزاد حەسەن بەهۆی بەرجەسـتـەکـردنی کـۆمـەڵگای دەست باوک و گـرێ جنسییەکانی ئەو کۆمەڵگاو... دەق و کەسانی دیکەش هەنه که ڕەنگه لەم دەرفەتەدا باسیان نەکرابێ..

له بواری ڕەخنەی نوێشـدا حـەتم دەبێ ئـامـاژه بکەینه گرووپی ڕەهەند له باشووری کوردسـتـان و نوێخـوازان له ڕۆژهەڵات.

* تۆ گرینگایەتی بزاڤێکی بەگوڕ و بەهێزی وەرگێڕان بۆ ئەمرۆی ئەدەبی کوردی لەچیدا دەبینێ؟

– به ڕای من وەرگێڕان پردێکی مێژووییه بۆ پێوەندی و هاوتەبایی و جیـهـانی کـردنی فـەلسـەفـه و زانست و هونەر و مێژوو بەگشـتی.. بۆ نموونه له باری مێژوویییەوه وەرگێرانی بەرهەمی فەیلەسووفانی یۆنانی کۆن لەسەدەی سێـهـەمی کـۆچی بوو بەزمـانی عـەرەبی ئەم کـاره ئەو دەسـتکەوته گـەوره جـیـهـانـیـیـه له چنگ فـەوتان و شەوەزەنگی سەدەکانی ناوەڕاست له ئەورووپا پاراست و دواجار لەگەڵ زانستەکانی ئەوسای ڕۆژهەڵات گەڕایەوه بۆ ئەورووپای سەدەی ١٢و ١٣و زەمـینه و بەسـتـێنێکی لەباریان ڕەخـسـانـد بۆ پێـشکەوت و لەدایک بوونی سەدەکانی نوێتر، ئەمەش بەڕاستی دەستکەوتێکی گەوره بوو کـه حـاشـا هەڵنەگـره. دووەم وەرگـێـڕانی هونەری ئەفـسـانه نووسی کـەسـانی وەک هۆمـێـرو سـۆفـۆکل و ئاشیلۆس و سیسرۆ بوو بەزمانه ئەورووپییـەکـان و بووه هۆی ناسینی ناخودئاگای زیهنی جیهانی مرۆڤ و... یان وەرگـێڕانی کلیلەو دەمنه له سانسکریتەوه بۆ زمـانگەل عـەرەبی و فـارسی... و دەیان نموونەی تر کـه به ڕاسـتی دەستکەوتگەلێکی جیهانین له سەدەکانی نوێشدا زانست و فەلسـەفه و تەکنۆلۆژیا و هونەری خۆرئاوا گەشەیەکی سەرسورهێنەری هەبووه و وڵاتانی دیکه تەنیا له ڕێگەی زمان و وەرگـێڕانەوه هەوڵیـاندا لەو کـاروانه نەخافـڵێن و وەدوا نەکەون. ئەم ڕەوته بەردەوامه و زمانەکـانی عـالەم بەهۆی وەرگێڕانەوه گوتارەکانی خۆیان وه شەپۆلان دەخەن و له هەمـوو بـابەتێـک وەردەگـرن و دەنێـرنه دەرەوه، ئەم بزاڤـه به هەوڵ و هیـمـەتی دەیان کـەسی وەک تۆ له کـوردەواریدا وڕێ کـەوتـووه و لەلایەکـەوه دەبێـتـه هۆی

دەوڵەمـەندبوونی زمانەکـەمـان و لەلایەکی دیکەوه بەرەی ئێستا و داهاتوومان ئاشنای زۆر ڕێبازی نوێی دیکه دەکا له پانتاگەل جۆراوجۆری بەرینایەتی زمـاندا... بەداخەوه ڕەنگه لەبەر تازه دەسـتـپـێکردنمانەوه یان ئاشنانەبوونی باش لەسـەر هەردوو زمـانی بنێـر و وەرگـر یان کـەم دەسـەڵاتی خـۆمـان و به پەله بوونمان هەندێ تێکسـتی وەرگێردراو دەبینین که مەبەستیان نەپێکاوه یان له ئاست تێکسـتی سـەرەکی بەلاریدا چوونه و...تاد کـه ئەمـه ئاسـایی نیـیـه و حـەتم دەبێ لەپاڵ ئەو بزاڤـەدا ئاوڕ له بزاڤی ڕەخنه لەسـەر وەرگـێـڕانیش بدەینەوه، هەوڵی بەرئاورد کردنی تێکستەکـان گۆڕوتینێکی تازەتر دەداته بزاڤی وەرگـێـڕانی کـوردیش. به داخەوه هەنێ له قـەڵەم بەدەستـان وەرگێڕانیان لا ئاجووری ببانییه و به چاوی سووکەوه لەوەرگێڕان دەڕوانن... که کاتی خۆی وەڵامی ئەوانه دراوەتەوه و پێـویست به دووباره کـردنەوه ناکـات بەس پێویسته ئەوه بڵێم، یەکێ لەخاڵه سەرەکییەکانی به جیهانیبوون و بزاڤی بەگوڕ و هێزی وەرگێڕانه، له هەموو زمانه زیندووەکانی جیهان و به پێچەوانەوه..

* وەک دەزانین ئەو ئەدەبیـاتەی له کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵات سـەری هەڵداوه خـۆرسک و خـۆبژێی وه ئەدەبیاتێکه پشتیوانییەکی حکوومەتی و ناحکوومەتی نیـیـه، بەڵام له کـوردسـتـانی باشـوور بارودۆخـەکـه به پێـچـەوانەوەیه له وێندەرێ دەیان دامـودەزگـای حـزبی و حکوومی پشـتـیوانی له بزاڤی ڕۆشنبیری دەکەن ئەم دوو دۆخـه جیـاوازه چ خـەسار یان دەستکەوتێکی لەم دوو بەشەی کوردستان لێ کەوتۆتەوه؟

– هەوێنی سـەرەکی بۆ وەڵامـدانەوه بەم پرسیـارەی تۆ دەگـەڕێتـەوه بۆ پێـوەندی و ملمـلانێ و یەکگرتن و لێکدابڕانی دوو گـوتاری مـێـژوویی بەناوی مـەعـریفـه و دەسەڵات و چۆنیەتی خوێندنەوەی ئەو دوو گوتاره. هەنێ ڕووناکـبـیـران ئەم دوو گـوتاره له هاودژایەتی یەکـدیدا دەخـوێـننەوه و لایـان وایه دەسـەڵات بەردەوام له سەرکوتکردنی مەعریفەدا بووه و بەو پێیه مێژوو دەبێته مـێـژووی دەسەڵاتی سـەرکـوتکەرو مـەعـریفـەش بەردەوام بەرەنگـاری کـردووه و لـه هـەوڵی ڕووخـانـدن و تێکشکاندنی دەسـەڵاتدا بووه. ئەمـه بۆچوونێکی کلاسیکییه که دەسەڵاتی بەس بەدەسەڵاتی سیاسی و حکومـەتی زانیـوه و وەک ئەرکـێکی شـۆڕشگێـڕانه هەوڵیـانداوه هەمـوو مـەعـریفـەیەک بۆ بەرەنگاری و دژایەتی ئەو جـۆره هێـزه تەنیـا له حـاڵەتی دژایەتیـدا بخـوێننەوه، جگه لەوه بخەنه بەرەی دەسەڵات و دژایەتی

بکەن. فاکتی مێژوویش بۆ بەڵگەهێنانەوەی ئەم بۆچوونە سەدەکانی ڕەشی ناوەڕاستی ئەورووپایە کە دەسەڵاتی زمانی ئاینی و سیاسی بەتوندی دژی هەر چەشنە مەعریفەیەکی زەمینی دەوەستان و کوشت و بڕی ڕووناکبیران ئاسایی بوو. ئەم بۆچوونە بەڵام ئەوەی لەبیرچوو بوو کە دەسەڵاتی سەدەکانی ناوەراستی ئەورووپا پشت ئەستوور بوو بە فەلسەفە و مەعریفەی ئەرەستۆ و دەسەڵاتی زمانیی (مەعریفەی) ئاینی کلێسا و لە خۆڕا (واتە بەبێ مەعریفە) ساز نەببوو مێژوو بەگشتی نیشان دەدا کە دەسەڵات و مەعریفە لە هەوڵی سازکردنی یەکدیدان و بەردەوام یەکدی بەرهەم دەهێننەوە، ئەمە بۆچوونی دووەمە لە چۆنیەتی پێوەندی دەسەڵات و مەعریفە کە هیچ دەسەڵاتێک بەبێ مەعریفە و هیچ مەعریفەیەکیش بەبێ دەسەڵات ناچەسپێ، هەر بۆیە دەسەڵات لەم خوێندنەوەیەدا بەس دەسەڵاتی حکوومی و سیاسی نییە، بەڵکو دەبێتە ئیپیستمەیەکی زمانیی زاڵ کە ڕەنگە هەر لە زمانی باوکی یەکەمەوە ساز بووبێ و سەرەتا لەناو بنەماڵەدا کاریگەری خۆی دەنوێنێ و ئینجا لە ڕێگەی سازکردنی کولتوور و پەروەردەوە کاریگەری خۆی دەنوێنێ و ئینجا لە ڕێگەی سازکردنی کولتوور و پەروەردەوە کۆمەڵگا دەتەنێتەوە. لەم بۆچوونەدا گوتاری زاڵ بەس گوتاری سیاسی ناگرێتەوە. لێرەدا دەسەڵات هێزێکی نادیارە کە تانوپۆی لە دەروون و نەستی کەسایەتییەکانی کۆمەڵگادا تەنیوەتەوە و دەسەڵاتی سیاسی و حکوومی بەخواست و ئیرادەی ئەو دەسەڵاتە بەرهەم دێ، لێرەدا ئوستورە و ئاین (ناخودئاگای کۆمەڵ) و کولتوور تێکەڵ بە مەعریفەی سەردەم دەبن و بەرەنگاری ئەو بەشەی دیکەی مەعریفە دەبنەوە کە مقاومەت و بەرەنگارییان دەکا، ئەویش نە لەبەر ئەوەی بەگشتی چەمکی دەسەڵات ڕەفز بکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانێ کاتێ خۆی دەسەڵاتێکی دیکە ساز بکا. کەوابوو ئاساییە ئەگەر لە کۆمەڵگادا هەرچەشنە مەعریفەیەک لەگەڵ یان دژ و ناتەبا لەگەڵ هێز و دەسەڵاتێک هەبوونیان هەبێ، دیارە گوتارگەل بەسترا و هەوڵی مانەوە دەدەن و مانەوەی خۆیان لە ڕەفزکردنەوە و دژایەتی گوتارگەلی ئاوەڵاوکراوەدا دەبینن و بە پێچەوانەوە گوتارگەلی کراوە گەشە و دەسەڵاتدارێتی خۆیان لە ڕاکێش کردنی هەموو هونەر و مەعریفەی مرۆڤدا پێناسە دەکەن، هونەرو ئەدەبیش ڕەنگە لەم

## یەکێ لە خاڵە سەرەکییەکان بە جیهانی بوونی بزاڤی بە گوڕ و هێزی وەرگێڕانە

یاسایە بەدەر نەبێ، ئەگەر شاعیران لە مەعریفەی ئەفلاتوونی دەکرێنەوە دەرەوە بە مانای فەوتانی دەسەڵاتی هونەر و شیعر نییە و نەبووە، ئەدەب و هونەر بەهۆی نواندنی خەون و خولیاو ئاواتەکانی مێژوویی مرۆڤ وستێتیکیای دەق، دەسەڵاتێکی دیکەی زمانی ونیشانەیی ساز دەکا کەدواجار تەنانەت گوتارگەلی ئاینیش هەوڵیاندا بیهێننە ژێر ڕکێفی خۆیان، بە تایبەت ئەم دۆخە لە کوردەواری خۆماندا بەهۆی نەبوونی دەرفەت و هێزی دەسەڵاتدارێتی زۆربەی گوتارە نائەدەبییەکانیش دەسەپێ بەسەر هونەر و بەتایبەت ئەدەبداو ئەدەبیات تەنانەت هەڵگری باری شۆڕش و نیشتمانپەروەریش دەگرێتە ئەستۆ و دەبێتە کۆی مەعریفەکانی ئینسانی کورد و ئەمەش لەحاڵێکدایە کەلە ڕەوتی مێژوومانددا (دوای شکستی یەکجارەکی مادەکان) ئێمە خاوەنی دەسەلاتێکی ئەوتۆ نەبووینە کە پشتیوان و یارمەتیدەری ئەو بزاڤە ئەدەبییە بووبێ، هەر بۆیە دەبینین لەچاو ئەو سالانە، واتە لەو کاتەوە کوردایەتی بووژاوەتەوە و خاوەن دەسەلاتێکی حکوومییە چ لە باری کەمایەسی و چ چەندایەتییەوە ئەدەبی کوردی گەشەی سەندوە..

لەم حاڵەدا گرینگ ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی خۆی لە گوتارێکی بەسراو یان کراوەدا پێناسە بکا. ئەگەر دەسەڵاتی کورد خۆی لە ڕەوتی ژیانی شارستانی و ئازادیخوازی و دیموکراسیدا پێناسە بکا ئەرکی سەرشانیەتی پشتیوانی ئەدەب و ڕەخنە و هونەر و ڕۆشنبیری کوردی بکا، تەنانەت ئەوکاتانەی دژ یان ڕەخنەکارانە لێی دەڕوانن، دیارە لێرە کەمترین دەرفەت و لەوێ باشترین دەرفەت ڕەخساوە بۆوەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بە گوڕو تاوتر هەوڵی سەربەخۆیی بدا و بۆ بەشێکی گرینگی سێ کوچکەی دەسەڵات-ڕۆشنبیریی- خەڵک.. ئەمارەت بنێتەوە و بەرەو ئاسمان هەڵکشێ! بە خۆشییەوە (بۆ وەڵامدانەوەی بەشی کۆتایی پرسیارەکەت) دەبێ بڵێم پردی پێوەندی و دەزگاکانی پێوەندی جەماوەر و دێی بچووکی جیهانی ئەم دیو و ئەو دیوی نەهێشتۆتەوە. ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیش هەمان ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردییە و ئێستا دەیان پشتیوانی هەیە! خوا خۆشیان کا!

* داهاتووی جیهانی ئەدەبی کوردی چۆن دەبینی؟ ئایا پێت وانییە ئەدەبی کورد پێویستیبە پێداچوونەوەیەک بەسەر بارودۆخی شێواوی خۆیدا هەیە؟

– ئەدەبی کوردی تازە کەوتۆتە گرۆگاڵی تازەگەری و تاقیکردنەوەی ڕچەگەلی نوێ و نوێتر... هێندە نییە ژانرەکانی ئەدەبی و هونەری خۆیان لە شیعر جوێ کردۆتەوە و هەوڵی سەربەخۆیی خۆیان وەک ڕەخنە، ڕۆمان، شانۆ، کورتە چیرۆک و سینەما و... دەدەن، ئەمەش هەوڵێکی پیرۆزە و من بە گەشبینییەوە دەڕوانمە داهاتووی ئەدەب و هونەری گەلەکەمان. ئەوە تایبەتمەندی ئەدەبی هەر وڵاتێکە کە بەردەوام لەخۆی بکۆڵێتەوە و خۆی لەژێر زەڕەبینی ڕەخنەدا ببینێتەوە و گومان لە هەمووی دیاردەکانی دەوروبەر بکا و تەنانەت خۆی هەڵوەشێنێتەوە و هەوڵی کاژخستن و نوێتر بوونەوە بدا و ئەو پێداچوونەوەیە تەنیا تایبەتی ئەدەبی کوردی نییە، بەڵام ئەگەر مەبەستت لەو پێداچوونەوە سازاندنی ئەدەبیاتێکە لەسەر یاسای و ڕێسایەکی تایبەت ئەوە ناشێ و ڕێی تێناچێ بۆ وەی ئەدەب بە درێژایی مێژووخۆی لە بازنەی (ئەبێ) و (نەبێ)کان دەرباز کردووە و لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا نابەسترێتەوە. بڵا هەموو ڕێگاکان بپێورێن و خوێندنەوە و ڕاڤەکاری بکرێن– دڵنیام– ئەوەی پێوبستە دەمێنێتەوە و بەرەومان دەڕوا، ئەوەش کە نەیپێکا دەتوێتەوە، ئینجا مەبەستت لە شێواو چییە– ئەدەبی کوێ شێواو نییە کە ئەدەبی کوردیش وا لێ بکەین؟ شێواوی ئەدەبیش ڕەنگە تەعبیر لە شێواوی و ئاڵۆزی ئەم جیهانە هەزار سیما و ڕەنگاڵە و فتوشاپاوییە بێ: ئەگەر فەلسەفە و ژیانی مرۆڤ ئاڵۆز و شێواوە،. ئەدەبیش حەتم دێقۆزێتەوە و پەل و پۆشی دەداتێ.. بۆی دامە چۆ!

* پێوەندیی نێوان ئەدەبیات وکولتوور چۆن لێک دەدەیەوە؟ ئەدەبیاتی کوردی چی بە کولتووری نەتەوەییمان بەخشیوە و چی لێ وەرگرتووە؟

– کولتوور وەک بەشێکی گرینگی ئاگایی و پێش ئاگایی لە فیکر و تەنانەت جەستەی نووسەر و شاعیردا تواوەتەوە و خودی ئەدەبیش لە درێژایی زەمەندا ڕەنگە ببێتەوە بە بەشێکی دیکەی کولتووری نەتەوەیی و بەردەوام وەک سەرچاوەیەک وایە کە ئەدەبی گەلان لێی هەڵگۆزیوە و لە فۆرم گەل جیاوازدا نواندوویەتەوە و بابەتگەل ئەدەبیاتیش زۆربەیان هەمان بابەتگەل کولتووری بوونە، ئەشق ژیان مەرگ– شەڕ و خەبات و شکست و تا دەگاتە حەکایەت و بەیت و باو زاراوە و ... کە لە پرۆسەی بە دەق بوون و نێوان دەقێتیدا دێنەوە پانتایی ئەدەب، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ ئەدەب ئەمانە وەک سەرچاوە و کەرەسە و مەتریالی خاو وەردەگرێ و تێکەڵ بەخەون و خەیاڵ و فانتازیا و ڕەوتی ژیانی سەردەم دەکا و ڕەنگە لەوەشی تێپەڕێنێ... سەیرکەن لە (پێکەنینی گەدا– حەسەن قزڵجی) وە تا (شاری مۆسیقارە سپییەکان– بەختیار عەلی) و (بیربا)، چەند لەگەڵ ئەوکەرەسە گەلە ڕووبەڕوو دەبینەوە، باوەکو هیچ کام لەو چیرۆک و ڕۆمانگەلە ڕاستەوخۆ بە ئامانجی کولتوور نووسینەوە نەنووسراون شیعریش هەروەتر: مەم و زینی خانی چەند لەگەڵ کولتووری نەتەوەیی ئێمە و دراوسێکان تێکەڵە... شیعری نالی و مەولەوی تا شێرکۆ و دواتر نوێ و نوێتر خوازان لە زۆر دەقی خۆیاندا لە کولتووری خۆماڵی نزیک بوونەتەوە..بەگشتی من کولتووری هەر نەتەوەیەک لە زەماندا دەخوێنمەوە و وەک دەزانن زمان وەک سیستەمێکی نیشانەیی لەنوێترین دۆخ و بەستێن و بەدەق کردندا سەرەکیترین کەرەسەی ئەدەبیاتە. کەوایەمن لام وایە هەموو ئەدەبیاتی گەلان وەک زمان بەشێکن لە فەرهەنگی نەتەوەییمان، بەو پێیە ئێمە لە هەر قۆناخێکی بەدەق کردندا وەگر و پێدەری کولتووری نەتەوەیی خۆمانین و ئەمەش دژایەتییەکی لەگەڵ نوێخوازیدا نییە شەهید موختاری گۆتەنی «ئێمە ناچارین نوێخواز بین و شایانی ئەو نوێخوازیەشین»

**«دڵنیا بووم «شەمێ»لای وابوو حەڵاڵی**
**یانی ڕووتی**
**شەرعیش لای ئەو یانی پرسیار..»**
بەژمارەی تەلەفۆنەکانی عالەم

نوێخوازی بزاڤێکی بوێرانەیە بۆ تێپەڕین لە قۆناخی فەرهەنگی نەریتی بەرەو خەڵقی کولتووری شارستانی، نوێخوازان لەگەڵ ئەوەیدا کە ڕەخنەکاری کولتووری نەریتین بۆ سڕینەوەی هەرچەشنە خورافە، وەهەم، بت سازی و ئایین گەل سەیر وسەمەر و ناتەبا لەگەڵ زانست و ژیانی نوێ... لە هەمان حاڵدا پردێکی پێوەندیشن لەنێوان ئەو دوو کولتوورەدا... ئاخر کولتووریش وەک هەموو دیاردەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی مەنگ و ڕاوەستاو نییە و بەردەوام دەبێ لە ڕەوت و گەشە دابێ، ئەگینا بەرە بەرە دەبێتە وردە فەرهەنگ و فەرهەنگی گەلانی دی دەیخۆن! من پێشتر لەسەر ئەم بابەتەم نووسیوە و نامەوێ درێژدادڕی لەسەر بکەم. دۆستان دەتوانن (فەرهەنگ زنجیرەی بێ کۆتایی مەدلوول) بخوێننەوە و بە چاوی ڕەخنەوە لێی بڕوانن!

* سوپاس بۆ دانیشتنەکەت!

– هەر بژیت و سەرکەوتوو بیت!

# کێشەی میتۆد لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا
## (لێکۆڵینەوەیەکی تیۆرییە)

د.فوئاد ڕەشید
(زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

ڕەهەند و لایەنە جیاجیاکانی بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پێویستی بەچەندین توێژینەوەی بابەتییانەی سەربەخۆ هەیە، چونکە زۆربەی کێشە و پرسەکانی پێوەند بەم بزاڤە زانستییانە ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم بوارە میتۆدبەندییە.

کێشەکانی پێوەند بە میتۆدەکانی ڕەخنەوە- بە بۆچوونی ئێمە- بەشێوەیەکی گشتی لەدوو لایەنی سەرەکییەوەیە:

**یەکەم**: زیاتر پێوەندە بەمیتۆدۆلۆژیاوە، واتە بە مەسەلەی میتۆد بەندی کاری ڕەخنەیی و چۆنیەتی و چەندایەتی ئامادەبوون و نەبوونی میتۆد لە ڕەخنەی ئەدەبیدا.

**دووەم**: زیاتر پێوەندە بەو ڕەهەندە فیکری و فەلسەفییانەی کە لەپشت هەر میتۆدێکی ڕەخنەییەوەن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە سنووری لایەنی یەکەمدا، هەوڵدەدات- بەشێوەیەکی تیۆری- پەنجە بخاتە سەر دوو جەمسەری گرنگی کێشەکانی میتۆدی ڕەخنە و کێشەی زاراوەی میتۆد لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا.

هێندەی ئێمە ئاگاداربین، لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەم بوارەدا، ئەنجام نەدراوە، هەر ئەمەشە هۆکاری گرنگی نووسینی ئەم باسە.

### میتۆدی ڕەخنەیی
### چەمک و بنەما

بە پێویستی دەزانین، بەر لە لێکۆڵینەوەی جەمسەرە جیاجیاکانی کێشەی میتۆدی ڕەخنەیی، چەمکی میتۆدی ڕەخنەیی بەشێوەیەکی بابەتییانە ڕوون بکەینەوە. هەڵبەتە ئەم چەمکە لە ژێدەرەکانی ئەدەبیاتناسیدا لە

دیدوبۆچوونی جیاواز و بەدەربڕینی جیاجیاوە، پێناسە و شرۆڤە کراوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین زیاتر جەخت لە پێناسە بابەتییەکانی چەمکەکە بکەینەوە.

بەمەبەستی بەدەستهێنانی پێناسە و بۆچوونێکی بابەتییانەش، پێویستە لە هەردوو زاراوەی (میتۆد) و (ڕەخنە) وردبینەوە، چونکە ئەم هەنگاوە زووتر و زیاتر لەم مەبەستەمان نزیک دەکاتەوە.

بە سەرنجدان لە چەند سەرچاوەیەکی بواری (میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی) و (میتۆدی توێژینەوەی ئەدەبی)، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زاراوەی میتۆد (method- المنهج) بە دەربڕینی جیاجیا پێناسە کراوە.

ئەمانەی لای خوارەوە چەند نموونەیەکی ئەم دەربڕینە جیاوازانەن:

+ میتۆد ئەو ڕێگایەیە کە دەتگەیەنێتە ئەنجام و مەبەستێکی دیاریکراو. (١)

+ میتۆد، واتا ئەو ڕێگاو ڕێبازەی کە لە پێشکەشکردن و خستنەڕووی بابەتێکدا پەیڕەو دەکرێت. (٢)

+ میتۆد بەشێوەیەکی گشتی ئامرازێکی دیاریکراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو. (٣)

+ میتۆد بریتییە لەو ڕێگایەی کە دەگاتە ڕوونکردنەوە و دیتنەوەی ڕاستییەک لەبواری زانستەکاندا، هەڵبەتە ئەمەش بەپێی چەند یاسایەکی گشتی کە بەسەر ئەقڵدا زاڵە و کردارەکانی دیاری دەکات، تا دەگاتە ئەنجامێکی دیاریکراو. (٤)

+ میتۆد بەگشتی ئەو ڕێگایەیە، یان ئەو کەرەستە و تەکنیکەیە کە لە ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت. (٥)

ئەگەرچی ئەم پێناسانە لەڕووی دەربڕینەوە لەیەکدی جیاوازن، بەڵام دەکرێ لە کۆی هەموویاندا پێناسەیەکی هەمەلایەن دیاری بکەین و بڵێین، میتۆد ڕێگاو ئامرازێکی دیاریکراوە، ئەم ڕێگایە لە چوارچێوەی سیستەمێکدا خاوەنی هەنگاوو کەرستەی تایبەتی خۆیەتی کە تێکڕا لە ڕوونکردنەوەی کێشەیەک، یان سەلماندنی بابەتێکی زانستی پەیڕەو دەکرێت و بەکاردەهێنرێت. هەڵبەتە چۆنێتی و چەندایەتی کەرەستە و هەنگاوەکانی هەر میتۆدێک وەکو یەک و چەسپاو نین، بەڵکو ئەمە لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکەی زانستی دەگۆڕێت و هەر بوارێک تاڕادەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە. (*)

ئەم پێناسانەی ئاماژەمان پێکرد بۆ زاراوەی میتۆد بوو بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام بۆ پێناسینی زاراوەی میتۆد لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا کە دەگاتە (میتۆدی ڕەخنەیی) دەکرێ بڵێین، ئەگەر ڕەخنەی ئەدەبی لە پێناسەیەکی بابەتییانەدا بریتی بێت «لەو لێکۆڵینەوەیەی کە گرنگی دەداتە پێناسە و پۆلینکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان» (٦) ئەوا میتۆدی ڕەخنەیی بریتی دەبێت لەو هەنگاو و کەرەستانەی کە (توێژەر- ڕەخنەگر) لەم کرداری پۆلینکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەدا سوودی لێدەبینێت.

لەم میانەدا هەر میتۆدێک لە بەرامبەر ناسنامە و ئەرکی ئەدەب و ڕەخنەشدا، جیهانبینی و ڕوانینی هونەری خۆی هەیە، جا کەرەستە و هەنگاوەکانی نێو هەر میتۆدێک لەبەر ڕۆشنایی ئەم هزر و ڕوانینەوە دەبێت لێرەوە دەکرێ بڵێین، بنەمای پێکهاتەی میتۆدی ڕەخنەیی بریتییە لە جیهانبینی و هەنگاوی پراکتیکی، (٧) ئەم هەنگاوەش بێ کەرەستەی ڕەخنەیی نانرێت.

مەبەست لە (جیهانبینی) ئەو ڕوانینە فەلسەفی و هونەرییانەیە کە لە پشتەوەی میتۆدی ڕەخنەییدایە. کەرەستەی ڕەخنەییش، بریتییە لەو زاراوە ڕەخنەییانەی کە ڕەخنەگر لە پراکتیزەکردنی ڕەخنەدا بەکاری دەهێنێت. ئەم زاراوانەش ڕاستەوخۆ لە میتۆدەکەوە وەردەگیرێن. ڕەخنەگر لەپاڵ ئەم کەرەستەیەدا، ڕۆشنبیریی هەمەلایەنەی خۆیشی بەکاردەهێنێت. (٨)

هەڵبەتە بوونی جیهانبینی جیاواز، میتۆدی ڕەخنەیی جیاجیای لێکەوتووەتەوە، بۆیە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا چەند میتۆدێکی جیاواز هەن و هەریەکەیان بەپێی جیهانبینی خۆی ئەرک و پێکهاتەی کاری ڕەخنەیی دیاری دەکات. (**)

### کێشەی میتۆدی ڕەخنەیی لە بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبیدا

بێگومان میتۆدەکانی ڕەخنە زادەی هەلومەرجی مێژوویی و نێوەندی ڕۆشنبیری جیاوازن، بەو مانایەی کە هەر میتۆدێک- بەشێوەیەک لە شێوەکان- هەڵگری بیروبۆچوونە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییەکانی ئەو زەمینە و قۆناغە مێژووییە دەبێت، کە میتۆدەکەی تیا داڕێژراوە. (***)

لەبەر ئەم هۆیەشە کە هەر میتۆدێک ڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە لە بەرامبەر ڕۆڵی ئەدەب و ئیستاتیکای دەق و ئەرک و پێکهاتەی بزاڤی ڕەخنەیی، هەر لێرەشەوە هەر میتۆدێک لە گۆشەنیگای ڕوانینی خۆیەوە تێکستی

ئەدەبی دەخوێنێتەوە و چۆنێتی و چەندایەتی گرنگیدان و نەدانیـشی بە هەر ڕەهەندێکی تێکسـتـەکـە بەندە بەم ڕوانین و تێگەیشتنەوە.

جـیـاوازی نێـوان مـیـتـۆدەکـانی ڕەخنەی ئەدەبی، کۆمەڵێک پرسـیـار و بابەتی جیـاجیـای لە ئاسـتـەکـانی فـەلسـەفی و ئیـسـتـاتیکی و ڕەخنەیی هێناوەتە ئاراوە. ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە جـیـاجـیـاکـانی هەر ئاسـتـێک، توێژینەوەی تایبەتی و تیۆرتەسەلی دەوێت. ئێمە لێرەدا بەپێی پێداویستی بابەتیبانەی لێکۆڵینەوەکەمان- لەنێو ئاستی ڕەخنەییدا- باس لە چەند ڕواڵەتێکی کێشـەی میتۆدی ڕەخنەیی دەکەین لەنێو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی خۆیدا.

ئەم بابەتەش ڕاستەوخۆ پێوەندەبە مەسەلەی ئامادەبوون و نەبوونی میتۆدی ڕەخنەییەوە لەکاری ڕەخنەییدا.

### كێشەی ئامادەنەبوونی میتۆد

ئەم کێشـەیە لەو کـارە ڕەخنەیـیـانەدا بەدی دەکرێت کـە ڕەخنەگر لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیدا، پشـتی بەهیـچ مـیـتـۆدێکی ڕەخنەیی نەبەسـتووە، بەڵکو تەنیـا لە ڕوانگەی بۆچوون و هەست و چێژی تاکـەکـەسی خۆیەوە قسەی لەسەر دەقەکە کردووە، ئەم جۆرە کارانەش زۆرجــــار بە ڕەخنـەیەکی زاتـی، یان (بـۆچوونـکـاری= انطباعی) لە قەڵەم دەدرێت.

کـێـشــەی ئەم جــۆرە ڕەخنانە لەوەدایە، کـە سـەرەڕای ئەوەی هیـچ ڕەهەندێکی دەقـەکـە بەشـێـوەیەکی بابەتی و هونەرییـانە ڕوون ناکـاتەوە، لە ڕووی پراکـتـیـکـیـشـەوە، دوور نیـیــە- ڕاسـتــەوخــۆ، یان ناڕاسـتــەوخــۆ- کــارە ڕەخنەییـەکـە گرێبـداتە کـێـشـەیەکی، یان پێـوەندییـەکی زاتییەوە.

لەم میانەدا (جیروم ستولنیتز) ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەخنـەگـــــری (بـۆچوونـکـاری= Expressionist= انـطبــاعي) لە بیـاڤی ئیـسـتـاتیکی دەردەچێت و ڕەنگە باس لە هەر شتێک، یان هەموو شتێک بکات. (٩)

کـەواتە ئامادەنەبوونی مـیـتـۆدێکی ڕەخنەیی لە ڕووی زانستییەوە بەرهەمێکی بابەتیبانەی لێناکەوێتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە نەبوونی میتۆد لە هەر بزاڤێکی ڕەخنەییدا، بە کێشە و قـەیرانێکی ڕەخنەیی و ڕۆشنبیـریی لە قـەڵەم دراوە.

### كێشەی ئامادەبوونی میتۆدێک

لێرەدا مـەبەست لەو کـارە ڕەخنەییـانەیە کـە ڕەخنەگر، لەکرداری شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیدا، تەنیا یەک میتۆدی ڕەخنەیی پەیڕەو دەکات.

کـێشـەی ئەم (تاک مـیـتـۆدییـە) لەوەدایە کە قـەوارەی تێکستی ئەدەبی فرە ڕەهەندە (زمانەوانی، ئیستاتیکی، سـایـکۆلۆژی، ئایدیۆلۆژی، سـۆسـیـۆلۆژی، فـەلسـەفی)، بەڵام هەر میتۆدێک پتر گرنگی و بایەخ بە یەک لایەن و ڕەهەندێکی دیاریکراو دەدات. بۆ نموونە، مـیـــتـــۆدی ڕەخنەی مـێـژوویی، تەنیـا بـایەخ بەقـۆناغی مـێـژوویی و باری ڕامیـاری و جڤاکی نووسەر و جڤاک دەدات. (١٠) مـیـتـۆدی سـایکۆلۆژیش زیاتر سـەرقـاڵی شیـکردنەوە و تاوتوێکردنی جەمسەر و مەودا دەروونییەکانی نووسەر، یان دەق دەبێت. (١١)

ڕەنگە ڕەخنەگر بە بەکارهێنانی میتۆدێکی دیاریکراو، بتوانێت ئەو ڕەهەندەی کە میـتۆدەکە کاری بۆ دەکات، بە تێــــروتەســـــەلی ڕوون بکاتەوە و لەم ڕووەوە دەقـــــە ئەدەبیـیـەکـەمـان بەباشی پێ بناسـێنێت، بەڵام ئەم کـارە خۆی لەخۆیدا دەکاتە فەرامۆشکردنی ڕەهەندەکانی دیکەی نێو دەقەکە.

(مـایکل ڕیڤـاتر) لە ئاماژەکردنێکیدا بەتاک ڕەهەندی ئەو میـتۆدەی کە تەنیا بایەخ بە شیکردنەوەی پێکهاتە و ئەدگـار و پێوەندییـە زمـانەوانییـەکـانی نێـو دەقی ئەدەبی دەدات، دەڵێت:

«شـیکردنەوەیەکی سینتاکسـیـیانەی هەر شیـعرێک لە سینتـاکـسی شیـعرەکە بەولاوە، شـتـێکی دیکەمـان پێ نابەخشێت» (١٢)

واتا تـەنیــــا لایـەنێـکمــــان بـۆ ڕوون دەکــــاتەوە و ڕەهەندەکـانی دیکە پشت گـوێ دەخـات، لەم ڕوانگەیەوە ڕەخنەی (یەک میـتۆدی) بەکارێکی تاکڕەهەند لە قـەڵەم دەدرێت، بەو مـــانـایەی کـــە نـاتوانێت خـــوێندنەوەیەکی هەمەلایەنی بۆ هەموو لایەنەکانی دەق پێشکەش بکات.

### ئامادەبوونی چەند میتۆدێک

لە ئەنجـامـی دەرک کـردن بە دەسـتـەوەسـتـانی تاقـە مـیـتـۆدێک لەپەیبـردن بە ڕەهەندە جـیـاجـیـاکـانی دەقی ئەدەبی، هەندێک لە ڕەخنـەگــــران هەوڵـیــــان داوە بۆ شــــیـکردنەوە و هەڵســــەنگاندنی دەق ســــوود لە چەند میتۆدێکی ڕەخنەیی ببینن. واتا ڕەخنەگر نەک هەر خۆی پەیوەست ناکــات بە یەک مـــیــــتـــۆدەوە، بەڵکو لە هەر میـتۆدێک ئەو لایەنە وەردەگرێت کە خزمـەتی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکەی خۆی بکات. (١٣)

هەندێک ڕەخنەگر خودی ئەم کارە کە هیچ میـتـۆدێکی

بە تەواوی تیا نییە، بە میتۆدێکی سەربەخۆ دادەنێن و لەم تێگەیشتنەوە پێیان وایە، میتۆدبەندی لەنەبوونی میتۆدێک دایە.(١٤)

رووی پۆزەتیڤییانەی لێکدان و تێکەڵکردنی میتۆدەکان لەوەدایە کە زیاتر لە رەهەندێکی دەق روون دەکاتەوە، بەمەش تارادەیەک وێنەیەکی هەمەلایەنەی دەق دەخاتە بەرچاو، بەڵام نابێ ئەو راستییە فەرامۆش بکەین کە تێکەڵکردنی چەند میتۆدێکی رەخنەیی لەچوارچێوەی یەک کاری رەخنەییدا، ئەگەر لە هۆشمەندییەکی رەخنەیی و لەبەر رۆشنایی ئامانجێکی پلان بۆ دارێژراو نەبێت و رەخنەگر بەپێی پێداویستی بابەتییانە سوود لە هەر لایەنێکی میتۆدە جیاجیاکان نەبینێت، ئەوا جۆرە نەسازی و پەرتەوازەیی و لێک دابڕانێک دەکەوێتە نێوان هەنگاو و بەشەکانی کارە رەخنەییەکەوە، لە سەرووی هەموویانیشەوە لەنێوان شیکردنەوەکانی رەخنەگر لەلایەک و ئەنجامی کارەکەی لەلایەکی ترەوە.(١٥)

لەسەروبەندی ئەم کێشەیەدا، ئێمە پێمان وایە، بە لەبەرچاوگرتنی فرەرەهەندی دەق و گوتاری رەخنەییش، ئەستەمە و کارێکی زانستییانە نییە، گەر چوارچێوەیەکی چەسپاو و نەگۆڕ بۆ رەخنەگر دیاری بکرێت و داوای لێبکرێت فلانە میتۆد بەکاربهێنە و ئەوی دی پەیڕەو مەکە، بەڵکو چاکتر وایە رەخنەگر بۆ ئەنجامدانی کارێکی رەخنەیی و سوود بینین لە میتۆدەکانی رەخنە، چەند خاڵێک رەچاو بکات، گرنگترینیان:

١- ئامانجی کارە رەخنەییەکە: دیارە هەر کارێکی رەخنەییش ئامانج و پەیامی خۆی هەیە. جا ئایا چی میتۆدێک و چی هەڵوێستێکی میتۆدبەندییانە، ئەم پەیامە دێنێتە دی؟ لێرەدا سروشتی ئەم پەیامە و زیرەکی و رۆشنبیری رەخنەگر رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە چۆنێتی و چەندایەتی ئامادەبوونی میتۆد.

٢- رەچاوکردنی سروشتی پێکهاتەی سیما و بنەمای دەق، دیارە هەندێ جار جۆری پێکهاتەی ناوەرۆک و ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی، بڕیاری جۆری میتۆدەکە دەدات، چونکە مەرج نییە تاکە میتۆدێک توانای شیکردنەوە و راڤەکردنی هەموو دەقێکی هەبێت.(١٦)

لێرەشدا رۆشنبیری هەمەلایەنەی رەخنەگر، رۆڵی خۆی دەبینێت لەچۆنێتی بڕیاری هەڵبژاردنی جۆری میتۆدی رەخنەیی.

## کێشەی میتۆدی رەخنەیی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا

بەر لە روونکردنەوەی کێشەی میتۆدی رەخنەیی لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، پێویستە ئاماژە بۆ کێشەی خودی زاراوەی میتۆد بکەین، چونکە نووسەران و رەخنەگرانی کورد تەباو هاوڕانین لە بەکارهێنانی زاراوەیەک لە بەرامبەر زاراوەی میتۆد (Method= المنهج)دا.

### کێشەی زاراوە

لە بزاڤی رۆشنبیری و رەخنەی ئەدەبی کوردیدا- بە ئاستە ئەکادیمییەکەیشەوە- جۆرە ناتەباییەک، نەک هەر لەنێوان چەند نووسەرێکدا، بەڵکو لە بەرهەمی تاکە نووسەرێکیشدا بەدی دەکرێت سەبارەت بەکارهێنانی زاراوەیەک لەبەرامبەر زاراوەی (Method= المنهج)دا.

**ئەم خشتەیە روویەکی ئەم حاڵەتە دەخاتە روو:**

| لێکۆڵەر | زاراوەی بەکارهێنراو | بەماناو مەبەستی |
|---|---|---|
| ئیبراهیم قادر محەمەد(١٧) | رێباز<br>قوتابخانە | (Method= المنهج) |
| محەمەد بەکر(١٨) | رێباز<br>قوتابخانە<br>ئاراستە<br>رێڕەو | (Method= المنهج) |
| ئازاد حەمە(١٩) | ئاراستە<br>رێڕەو<br>میتۆد | (Method= المنهج) |

دیارە بەکارهێنانی ئەم زاراوانە پێکەوە و لە یەک کات و شوێندا، بەمانا و مەبەستی زاراوەی (المنهج) جۆرێکە لە تێکەڵکاری و زاراوەکان، بۆیە پێویستە لێک جودا بکرێنەوە و پۆلێن بکرێن.

جێگای سەرنجە لە رۆشنبیری کوردیدا، وشەی (رێباز) وەک زاراوەیەک، لەزۆر بواری جیاواز و مەبەستی جودا بەکارهێنراوە، وەک لەم نموونانەدا دیارە:

(رێبازی کوردایەتی، رێبازی رۆمانتیکی، رێبازی نەقشبەندی، رێبازی لێکۆڵینەوە، رێبازە ئەدەبییەکان، رێبازی زانستی، رێبازەکانی رەخنە).

لەم نموونانەدا زاراوەی (رێباز) بەدوو مەبەست و مانای

(المنهج) و (المذهب= Doctrine) بەکارهێنراوە، لەنێوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردیدا، بەشێوەیەکی گشتی، لەبەرامبەر (منهج البحث= The method the research)دا (ڕێبازی لێکۆڵینەوە) بەکارهاتووە، بەڵام کە دەگوترێ (ڕێبازە ئەدەبییەکان) ئەمە مەبەست (المذاهب الادبیة= literary school)یە.

لە ڕاستیداجۆرە جیاوازییەک لەنێوان زاراوەی (المنهج) و (المذهب)دا هەیە، زاراوەی (المنهج= Mrthod) زیاتر لایەنی هەنگاوی پراکتیکی کردەیی دەگرێتەوە، بەڵام زاراوەی (المذهب= Doctrine) زیاتر لایەنی فیکری و بیروبۆچوون دەگرێتەوە.(٢٠)

هەڵبەتە هەندێک لە نووسەرانی کورد، دەرکیان بەم جیاوازییە کردووە، بۆیە زاراوەی (ڕێباز)یان بۆ هەدوو زاراوەی (المنهج) و (المذهب) بەکارنەهێناوە و لە یەکدییان جوداکردۆتەوە، لە بەرامبەر زاراوەی (Doctrine) نووسیویانە (بیرۆکە)(٢١)، (بڕوا)(٢٢). بۆ زاراوەی (Method)یش هەر (میتۆد)یان بەکارهێناوە.(٢٣)

ئێمەش- لە ڕووی زانستییەوە- وای بە باشتر دەزانین کە لەبواری ئەدەبیاتناسیدا، لە لێکۆڵینەوەکانماندا، بەرامبەر (المنهج) زاراوەی (میتۆد) و بۆ زاراوەی (المذهب)یش زاراوەی (ڕێباز) یان (قوتابخانە) بەکاربهێنرێت. جێگای ئاماژەیە وشەی (بیرۆکە) زیاتر بۆ (خاطره) و وشەی (بڕوا) بۆ (ایمان) بەکارهاتووە. هەرچی وشەی (ئاڕاستە) یان (ڕێڕەو)یشە وەکو زاراوەیەک بۆ ئەو کارە ڕەخنەییانە بەکاربهێنرێت کە بە تەواوی و بەشێوەیەکی ورد میتۆدێکی دیاریکراویان پەیڕەو نەکردووە، بەڵکو تاڕادەیەک سوودیان لە میتۆدێک بینیوە و ئەمەیان تێکەڵ بە ڕەخنەی زاتییانە کردووە. لێرەدا دەکرێ بڵێین، ئەم بەرهەمە ڕەخنەییانە زیاتر بەئاراستەی فلانە میتۆددا چوونە، بەڵام میتۆد بەندی تەواویان تێدا بەدی ناکرێت.

## ئامادەبوونی کێشەی میتۆد لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەچوارچێوەی هەلومەرجە مێژوویی و ڕۆشنبیرییەکەی خۆیدا، کۆمەڵێ پرس و کێشەی گشتی و تایبەتی خۆی هەیە، پێویستە لێکۆڵەرانی ئەم بوارە بابەتییانە شیان بکەنەوە و لایەنە جیاوازەکانی هەڵبسەنگێنن، تاوەکو ڕەخنەی کوردی خودان جیهانبینی و پلانی تایبەتی خۆی بێت. نەبوونی میتۆدی ڕەخنەیی یان چۆنێتی و چەندایەتی ئەم بوونە لەکاری ڕەخنەییدا، بە کێشەیەکی سەرەکی هەر بزاڤێکی ڕەخنەیی، لەقەڵەم دەدرێت؛ چونکە سەرەنجام کێشەی ئەم بوون و نەبوونە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر جۆری پێکهاتە و ڕادەی ئاستی زانستییانەی بزاڤە ڕەخنەییەکەوە دەبێت.

لەو وتار و لێکۆڵینەوانەی کە لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە بڵاوکراونەتەوە، نووسەران و ڕەخنەگران ئاماژەیان بەکێشەداری ڕەخنەی کوردی کردووە، لەم میانەدا- بەشێوەیەکی تیۆری- زیاتر ئاماژەیان بە کێشەی میتۆدی ڕەخنەیی کردووە، ئەمە چەند نموونەیەکی ئەم ئاماژانەن:

+ «ئاشکرایە، گەورەترین کێشەی تاکو ئێستای ئێمە لەکارە ڕەخنەگرییەکاندا نەبوونی ڕێڕەو بووە».(٢٤)

+ «... لە بەشێکی هێجگارگەورەی ڕەخنەی کوردیدا بەرۆژوو بوون لە بەکارهێنانی مەنهەج و کاری مەنهەجیانە لە ئارادایە.. ڕەخنەی ئێمە لە دۆخی کەم خوێنییەکی مەنهەجی کوشندەدا دەژی».(٢٥)

لێرەدا ئەوەی مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە کە قسەی لەسەر بکات، ئەوەیە لەم جۆرە ئاماژە پێدانانە و هاوشێوەکانیان نووسەر و ڕەخنەگران، تەنیا ئاماژەیان بەیەک حاڵەتی کێشەی میتۆدی ڕەخنەیی کردووە، ئەویش ئامادەنەبوونی میتۆدە، بەڵام هەروەک- لە تەوەری یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەدا، باسمان کرد کێشەکانی میتۆدی ڕەخنەیی، یەک حاڵەت نین و کێشەکان هەر لەو سنوورەدا نین کە هیچ میتۆدێک پەیڕەو نەکراوە، چونکە ئەگەر قسە لە پراکتیک کردنی میتۆد بکرێ، ئەوکاتە ئەو پرسیارەش دێتە ئاراوە، ئایا ڕەخنەگر کام میتۆد پەیڕەو بکات؟ میتۆدێکی دیاریکراو، یان سوود لە چەند میتۆدێک ببینێت؟

لە چوارچێوەی میتۆدبەندیدا، ئایا پەیڕەوکردنی تاقە میتۆدێک کۆمەڵێک کێشەی ڕەخنەیی و هونەری لێناکەوێتەوە؟

ئایا سوود وەرگرتن لە چەند میتۆدێک (ئاوێتەکردنی میتۆدەکان) جۆرێک لە پەرتەوازەیی و هەڕەمەکێتی میتۆدی ناخاتە ڕوو؟(****)

کەواتە کێشەکە تەنیا (نەبوونی میتۆد) نییە، کە زۆرجار لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ئاماژە بەم حاڵەتە کراوە، هەر بۆیە جێگای خۆیەتی لە لێکۆڵینەوەکانماندا بایەخ بە سەرجەم جەمسەر و حاڵەتە جیاجیاکانی کێشەی میتۆدی ڕەخنەیی بدەین، چونکە لەلایەک خودی کێشەکە

بەگشتی، فرەلایەنە نەک یەک لایەن، لەلایەکی دیکەشەوە بەشێوەیەک لەشێوەکان ڕەنگدانەوەی ئەو حاڵەتانە لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاناندا (نامەی ماستەر و دکتۆرا) بەدی دەکرێت، کە ئەمەش چەندین لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەڵدەگرێت.

### ئەنجام

لەکۆی خوێندنەوەی برگە جیاجیاکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەکرێ چەند خاڵێکی سەرەکی وەکو ئەنجامێکی باسەکە دەستنیشان بکەین:

١- هەر میتۆدێکی ڕەخنەیی خاوەن جیهانبینی و زاراوەی ڕەخنەیی خۆیەتی.

٢- ئەگەر نەبوونی میتۆدێک، کێشەیەک بێت بۆ کاری ڕەخنەیی و کارەکە بکاتە نووسینێکی سادەی نازانستی، ئەوا بوونی میتۆدیش کێشەی خۆی هەیە، وەک چۆنێتی و چەندایەتی ئامادەبوونی میتۆدەکان لەکاری ڕەخنەییدا و چۆنێتی ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان جۆری کەرەستەکانی میتۆدەکە لەگەڵ پێکهاتەی ئیستاتیکییانەی دەقە ئەدەبییەکە.

٣- لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، جۆرە ناتەباییەک لەنێوان نووسەراندا هەیە، سەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەیەک لەبەرامبەر زاراوەی (Method).

٤- کێشەکانی میتۆدی ڕەخنەیی فرەلایەنن، بەڵام لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بەشێوەیەکی تیۆری و تەنیا ئاماژە بەیەک لایەنی کراوە.

### پەراوێزەکان:

(١) محمد أزهر سعيد السماك وآخرون، الأصول في البحث العلمي، ص٤٢.

(٢) عبدالله العروي وآخرون، المنهجية في الأدب والعلوم الإنسانية، ص٩.

(٣) مجدي وهبة، معجم مصطلحات الأدب، ص٣١٨.

(٤) عبدالرحمن بدوي، مناهج البحث العلمي، ص٥.

(٥) فاضل ثامر، اللغة الثانية، ص٢١٨.

(*) ئەم تایبەتمەندی و جیاوازییە لەکاتێکدا بەزەقی دیاردەکەوێت، کە بوارێکی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەراورد بکرێت لەگەڵ بوارێکی زانستە ڕووتەکاندا (العلوم البحتة).

(٦) م. هـ. المدارس النقدية الحديثة في معجم المصطلحات الأدبية، ت: د. عبدالله الدباغ، مجلة (الثقافة الأجنبية)، العدد(٣) ١٩٨٧، ص٥٦.

(٧) د. مرشد الزبيدي، المناهج النقدية، مجلة (الأقلام)، العدد المزدوج (١-٤) ١٩٩٧، ص١٩.

(٨) د. حسين خمري، بنية الخطاب النقدي، ص٧٥.

(**) بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی دیاری ئەم جیاوازییانە، دەکرێ تەماشای بەشی سێیەم و چوارەمی کتێبی (نظرية الأدب)ی ئۆستن وارین و ڕێنیە وێلَک بکرێت. لێرەدا لە ڕوانگەی دوورونزیکی لە جیهانی خودی تێکستی ئەدەبییەوە، میتۆدەکانی ڕەخنە بەسەر دوو باڵی سەرەکییدا دابەش کراوە: دەرەوەو ناوەوە. بڕوانە: اوستن وارين و رينية ويلك، نظريه‌الأدب، ت: محي الدين صبحي، ص٨٩-١٨١.

(٩) جيروم ستولينتز، النقد الفني، ت: فؤاد زكريا، ص٧٢١.

(***) کاریگەری بوونی ئەم ڕاستییە، وای لە هەندێ توێژەرەوانی ئەدەبیاتناسی کردووە کە لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لەسەر ئەو بنەما و باگراوندە فەلسەفی وئایدیۆلۆژیانە بکەن کە لە پشتەوەی میتۆدەکەوەن. بۆ نموونەیەکی ئەم بابەتە، بڕوانە: محمد سالم سعدالله الشيخ علي، الأسس الفلسفية لنقد ما بعد البنيوية، رسالة دكتوراه بأشراف (د. بشرى البستاني)، كلية الأداب، جامعة الموصل، ٢٠٠٣.

(١٠) بڕوانە: د. فائق مصطفى، د. عبدالرضا علي، في النقد الأدبي الحديث، ص١٦٩.

(١١) بڕوانە: د. عمر محمد الطالب، المذاهب النقدية، ص١٣٢.

(١٢) رينية ويلك، مفاهيم نقدية، ت: د. محمد عصفور، ص٤٤٣.

(١٣) د. عمر محمد الطالب، مناهج الدراسات الأدبية الحديثة، ص١٦٧.

نووسەر لەم کتێبە لە لاپەڕە (٧)دا ئاماژە بەوە دەکات کە کاری تێکەڵکردنی میتۆدەکان- کە خۆی پێی دەڵێت (المنهج التوفيقي)- لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا سەری هەڵداوە و ئەم حاڵەتە بە ڕوونی لە ڕۆژئاوادا بەدی ناکرێت.

(١٤) بڕوانە: د. نعيم اليافي، النقد التكاملي حوار الأسئلة والأجوبة، مجلة (الموقف الأدبي)، العدد (٢٧٣- ٢٧٥) ١٩٩٤، ص١٢٥.

(١٥) حميد الحمداني، في التنظير والممارسة، ص٦-٧.

(١٦) علي الطائي (اعداد)، الشعر و المناهج النقدية الحديثة، ص١٧١.
(١٧) ئیبراهیم قادر محەمەد، ڕۆمانی کوردی له عێراقدا، ل ب.
(١٨) محەمەد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، ل٤-٦.
(١٩) ئازاد حەمە، ڕەهەندی تێرامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ،ل٧٩، ٨٤، ١٠٦، ٤٥١، ٤٥٧.
(٢٠) د. سعيد علوش، معجم المصطحات الأدبية المعاصرة، ص٩٦، ٢٢٣.
(٢١) بەختیار سەجادی، محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، ل٣٢.
(٢٢) ئازاد حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥١.
(٢٣) بەختیار سەجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨.
تێبینی دەکرێت له بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی هاوچەرخدا، بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ زاراوەی (المنهج) هەر زاراوەی (Method) بەکاردێت، بەڵام به فۆنەتیکی کوردی (میتۆد).
(٢٤) ئازاد حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.
(٢٥) مەریوان وریا قانیع، ڕەخنەی ئێمه له دۆخی کەمخوێنییەکی مەنهەجی کوشندەدا دەژی، گۆڤاری (ئاینده)، ژ(٢٤) ١ ٢٠٠١/ ل٨٧.
(****) جگه لەم پرسیارانه که پێوەندن به ڕەهەندی میتۆدۆلۆژییەوە، دەکرێ له ڕەهەندە شارستانی و ڕۆشنبیرییەکەشەوە پرسیاری دیکەش بێته ئاراوە، وەک ئەوەی ئایا دەکرێ ڕەخنەگری کوردی بێ لەبەر چاوگرتنی باری مێژوویی و سیاسی و جڤاکی و میللەتی کورد،تێکستی کوردی له قاڵب و چوارچێوەی ئەم میتۆدانە بەند بکات؟ ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی میتۆدەکانی ڕەخنە زادەی هەلومەرجی مێژوویی و ڕۆشنبیری و شارستانێتی ڕۆژئاوان؟ ئایا ئەم هەنگاوە چەند له خزمەتی ڕەخنەی کوردی دەبێت و چۆن تایبەتمەندێتی ئەزموونی ئەدەبیانەی دەقی کوردی دەپارێزرێت؟
دیارە وەڵامی ئەم پرسیارانە توێژینەوەی تێروتەسەل وسەربەخۆی دەوێت.. جێگای ئاماژەپێدانه (ئازاد حەمە) بەکورتی باسی لەم کێشەیه کردووە. بڕوانە: ئازاد حەمە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩-١١٠.

# بەراوردێک لە نێوان زمانی کوردی و زمانانی دراوسێدا

د. کەمال مەعرووف
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

(٢-٢)

## بەراوردێک لەنێوان زمانانی کوردی و هیندۆئەورووپییەکاندا

کوردەکان لە ڕیزی نەتەوەکانی باکووری دەریای بالتیکن بۆ خاکی کوردستان کۆچیان کردووە، هەندێک لە زانا و توێژەرەوەکان بۆیان دەرکەوتووە کە کورد لە ڕەگەزی ئەڵمانە و لەلای دەریای باڵتیکەوە هاتوونەتە ئەم لایە و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوونە، هەندێکی تر دەڵێن کوردەکان لە وڵاتی ئیسکەندناڤیا بەتایبەتی لە سوێد بە هۆی سەرما و بەفرێکی زۆرەوە بەرەو چیاکانی زاگرۆس کشاون، سۆلاک (Solak) دەڵێ «بەهۆی ئەوەی ڕەنگی موو ڕووخساری کوردان وەکو هی ئەورووپییەکانە، بۆی هەیە کوردەکان لە تیرەکانی باکووری ئەورووپا بن» (١) کوردەکان لە نەتەوەی هیندۆئارییاییەکانن، کوردەکان و فارسەکان سەر بە خێزانی هیندۆئارین، ئەم هۆزانە لە باکووری هیندوستانەوە هاتوون، لە سەدەی دەیەمی پێش زایین دا، لە ئەنجامی ووشکایەتی کۆچیان کردووە، ئەوچەرخەشی بە چەرخی گەلان ناسراوە، ئەم گەلانەش بەهۆی ووشکایەتی و نەبوونی لەوەڕگا بەرەو ئەورووپا چوونە، «بەم جۆرە کوردەکان لە ئەورووپا نیشتەجێ بوون لەوێدا لەگەڵ هۆزانی ئاریایی دەژیان کە لەدەریای قەزوین خوارووی ڕوسیا هاتبوون، دوای هەزاران ساڵ هۆزە کوردەکان و فارسەکان لە ناوچەکە کۆچیان کردوو لەگەڵ خۆیان وشەکانی زمانە ئارییەکانیان لە ئەڵمانی و سوێدی و دانیمارکی و نەمساوی و نەرویجی)یان هێنا و لە هەمان کاتدا کۆمەڵێ وشەی سانسکریتی-یان لەناو

زمانە ئارییەکاندا بەجێ هێشت، کە هۆزانی کورد و فارس قسەیان پێ دەکرد» (٢) (د. شاکر خەسباک) لە پەنجاکاندا لە تێزی دکتۆراکەیدا کە لە زانکۆی لەندەن پێشکەشی کردووە، دەڵێ: لەسەدا شەستی وشەکانی زمانی کوردی بۆنەژادی ئەوروپی دەگەڕێننەوە، هەندێ لە وشەکانی سانسکریتی کە لەناو زمانە ئەورووپییەکاندا بەکاردێن، بۆ نموونە ژمارەی دوو، کە ریشەیەکی سانسکریتی هەیە (Dwan) بە کوردی و فارسی دووە (Du)ە بە ئینگلیزی (two) بە سوێدی تڤۆ(tvao)یە وشەی برا کە ریشەیەکی سانسکریتی هەیە، بە سانسکریتی (bhratr) بە فارسی (برادر) بە کوردی (برا)یە بە ئینگلیزی (brother) بە سوێدی (broder)، وشەی دایک بە زمانی سانسکریتی (ماتر)، بە فارسی (مادر) بە کوردی (مادەر)، بە سوێدی (مامە) بە ئینگلیزی (Mother, Mama) وشەی ئاو ریشەکی سانسکریتی هەیە، کە بە سانسکریتی (Ap)ی پێ دەڵێن، بە فارسی (اب) جێناوی من بە سانسکریتی (Manu) بە کوردی و فارسی (Man) بە سوێدی (Mig, Min)، ئنجا لێرەدا هەندێ لەو وشانە دەخەینە ڕوو کە لە زمانی سوێدی و کوردیدا بەکاردەهێنرێن و هەمان ماناش دەبەخشن، تا ڕادەیەکی زۆر لێکتر نزیکن:

| **کوردی** | **سوێدی** |
| --- | --- |
| ئاخ | ack ئاک |
| ئەها | aha ئەها |
| ئابوونە | abonnemangi ئابونیما |
| ئاوکات | advokatئەدڤۆکات |
| | |
| عەنبەر | ambra ئەنبرا |
| ئەمین | amin ئەمین |
| عەنتیکە، ئەنتیکە | antik ئەنتیک |
| ئاڤێتن | avhysa ئەڤهیسە |
| ئاگاھ | ange ئەنێ |
| هێک، هێلکە | agg ئێگ |
| چەقەڵ | jackal چەکەل |
| برادەر، برا | broder برودەر |
| بیدومیری | bigami بیگەمی |
| بەند (بەستن) | bandبەند |

| | |
| --- | --- |
| بار | bar بار |
| بەبە | baby بەبی |
| بالاکۆنە | balkong باڵکۆن |
| بێری | barett بەرێت |
| چەک | check شێک |
| تۆ | du دو |
| دەرگە | dorr دۆر |
| دڵۆپ | droppe درۆپ |
| دۆڵمە | dolma دۆڵمە |
| ئێک | ett ئێت |
| پۆل | epalett ئیپۆلێت |
| نکۆڵی کردن | forneka فۆرنێکە |
| فێڵ | falska فاڵسکە |
| گرووپ | grupp گرووپ |
| گرتن | gripa گریپە |
| فریز | gras گرێس |
| گوڵی بەهاری خۆرسک | gullviva گوڵ ڤیڤا |
| خلیسک | Glid گلید |
| هۆڵ | Hall هال |
| هەریم | Harem هەریم |
| حەد | hejd هاید |
| هەستە | hasta هاستە |
| هێستر | hastaهێستت |
| هەنگوین | honung هۆنوگ |
| سەید، مستر | herrهێر |
| هونەر | honorar هۆنۆرەر |
| هەینی | helg هێلی |
| حەشیش | hasch هەش |
| کل | kohol کۆل |
| کەوا | kavaj کەڤای |
| کوپ | kopp کۆپ |
| قوڕان | koran کۆران |
| حەبل | kabel کەبل |
| کوبرا | kobra کوبرا |
| کاروان | karavan کارەڤان |
| کۆنگرە | kongress کونگرێس |
| کتک | katt کات |

| | |
|---|---|
| خان | khan خان |
| کێک | kaka کاکا |
| ئەژنۆ | knaکنێ |
| خاکی | kaki کاکی |
| کادر | kader کادیر |
| خەراف | karaf کەراف |
| قەرەبوو | karbon کاربۆن |
| کەندالّ | kanal کەنالّ |
| کۆشک | kiosk شوسک |
| لات، تەمەڵ | lat لات |
| لامپا | Lampa لامپا |
| لێو | Lapp لێپ |
| بلّێسە | Lisa لیسە |
| لیستە | Lista لیستە |
| مانگ | mane مۆن |
| مرد | mordمۆرد |
| مشک | musموس |
| مەخزەن | magasinمەگەسین |
| من | min مین |
| ماسک | mask ماسک |
| نەء | Nej نەی |
| ناو | name نێم |
| نوێ | Ny نی |
| نۆ | nio نیۆ |
| نزیک | nara نێرا |
| بابە | papp پاپا |
| بێجامە | pyjama پیجامە |
| پەپوولە | papill پەپیل |
| پیاسەی دەکا | passera پەسێرە |
| پەڕە | papper پاپەڕ |
| پارچە | part پارت |
| پیرۆز | prosit پرۆسیت |
| پڕکردن | Proppa پرۆپە |
| پرۆڤە | Prova پرۆڤە |
| ڕەگ | rot ڕۆت |
| ڕاست | raktڕاکت |
| وەستان/ئێستگە | station ستاسیۆن |
| شەرم | skame سکام |
| ستێرە | stjarna شێرنا |
| دوو | tva تڤۆ |
| وات | watt ڤات |
| زێبرا (کەری کێوی) | Zebra زێبرا |
| نارنج | orange ئۆرانج |

**وشەی هاوبەش لەنێوان زمانی ئینگلیزی و زمانی کوردیدا:**

| کوردی | ئینگلیزی |
|---|---|
| ئەمین | Amen |
| ئاخ | Ache |
| بەبە | baby |
| بالۆن | balon |
| برا | brother |
| برۆ | brow |
| بەلەسان | balsam |
| بلّێسە | blaze |
| بەربەر | barber |
| بەر | bear |
| بەند | bind |
| بەد | bad |
| بێشە | bush |
| بەلەم | boat |
| کتک | cat |
| تاریک | dark |
| دۆت | daughter |
| دلّۆپ | drop |
| دەرگە | door |
| هێگ | Egg |
| فڕی | fly |
| پەری | fairy |
| تانوت | tapo |
| دوو | two |
| لار | lean |
| لێو | lip |
| داک | Mother |
| ماسولکە | Mascle |
| مانا | meaning |

| | |
|---|---|
| مانگ | mang |
| مارە | marriage |
| ناو | name |
| نۆ | nine |
| پەڕە | paper |
| پۆشین | posh |
| بیبەر | pepper |
| پلان | plan |
| پۆتین | poot |
| ڕێگا | Road |
| ستێرە | star |

**وشـەی هـاوبەش لەنێـوان زمـانی فـەرەنسی و زمـانی کوردیدا:**

| **کوردی** | **فەرەنسی** |
|---|---|
| ئەستێرە | astr |
| بێری | beret |
| بازاڕ | bazar |
| بەربەر | barbare |
| کلیل | cle |
| چەک | cheque |
| ددان | dan |
| فەقیر | faquir |
| فیرارکردن | fuir |
| فەساد | fasade |
| گول | gale |
| ئەژنۆ | genou |
| جەندرمە | gendarme |
| قوڕگ | gorge |
| خلیسکە | glissade |
| حەمام | hammam |
| هۆڵ | hall |
| خاکی | kaki |
| کل | kohol |
| لەمپا | lamp |
| لەو، لەوی | lui |
| لێو | levre |
| پاڵتۆ | manteau |
| موو | meche |
| مرد | mode |
| مردوو | morte |
| مێش | mouche |
| نە | ni |
| نوو | neaf |
| پلەبەپلە | Pas a pa |
| پەپولە | Papillon |
| پێست | peau |
| بێڵ | pelle |
| پێ | pied |
| کێ | qui |
| ڕێگا | Rue |
| ڕەفز | refus |
| تۆ | toi |
| با | vent |
| ساغ | sain |
| سنەوبەر | sapin |
| شەیتان | satan |
| سابوون | savon |
| لەسەر | sur |
| سوور | sure |
| سنگ | sein |

**کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکی لەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا:**

شـاعـیـرانی کـلاسـیکی کـوردی زۆربەی زۆریان لە حوجرەی مزگەوت خوێندنیان تەواوکردووە، قورئانی پیرۆز وفەرموودەکانی پێغەمبەر و زمانی عەرەبییان خوێندووە، لەتەک زمانی عەرەبیدا لە مزگەوتەکاندا زمانی فارسی و تورکیش دەخوێندران، تاکو لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی و تورکی شارەزا بن، بۆیە شتێکی ئاسایی بووە، کە زمان و ئەدەبیاتی دراوسێکانی کورد کاریگەرییان لەسەر زمان و ئەدەبی کـوردیدا دیار بێ، ڕۆشنبـیـرانی کـورد بەپێی زروف و باری سـیـاسی و جـوگـرافی ناوچەکـە، دەبوایە شـارەزایی لە زمـان و ئەدەبیـاتی دراوسـێکاندا پەیدا بکەن، دیارە زمـانی عـەرەبی بەهۆی ئاینی ئیـسلامـەوە، تورکی بەهۆی فـەرمـانڕەوایی و قـوتابخـانە و کـاروباری

دەوڵەتەوە، فارسیش بۆ ئەو کتێبانە دەگەڕانەوە کە لە مزگەوتەکاندا دەخوێندران وەکو گوڵستان و شانامە و پەندی عەتار و سمایل نامە ...تاد.

بەشێکی زۆری شاعیرانی کلاسیکی کوردی، زمانی فارسییان زانیوە و شیعریشیان هەر بەو زمانە داناوە، جا ئەم کارتێکردنە بەهۆی وەرگێڕان و لێکچوونی زمان و دابونەریت و باری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بێ یان بەهۆی ئاینی ئیسلام و باری جوگرافی ناوچەکە بێ، کاریگەریان لەسەر شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردیدا بە ڕوونی و بە ئاشکرایی بەدەر دەکەوێ. کاریگەری حافز و جامی لەسەر شیعرەکانی مەلای جزیری ڕەنگیان داوەتەوە، هەروەها کاریگەری حافز لەهەندێ لە شیعرەکانی (نالی) و (سالم) بەدەردەکەون. شاعیرانی لاویش لەوانە (کەریم دەشتی)، (دلاوەر قەرەداغی)، (بەختیار عەلی)، (ڕێبوار سیوەیلی)، (فەرهاد پیربال) و عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵاو (ئەحمەدی مەلا) و چەندانی تر کەوتونەتە ژێر کاریگەری شاعیرانی نوێخوازی ئێرانی بەتایبەتی سوهراب سپێهری، فروغ فەروخزاد، ئەحمەدی شاملو. شاعیرانی نوێکاری کوردیش (گۆران) و (شێخ نووری) و (دلدار) و هاوڕێکانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تورکییەوە. کاریگەری شیعر و ئەدەبیاتی عەرەبی لە عێراقدا بۆ ساڵانی پەنجاکان دەگەڕێتەوە کە هەردوو شاعیری عێراقی ڕەسافی و زەهاوی کە لە بنەچەدا کوردن، کاریان کردۆتە سەر شاعیرانی نوێکاری کورد، لەوانە زەهاوی کاریگەری بەسەر (بێکەس) و (شێخ نووری شێخ ساڵح) ی شاعیرەوە دیارە، هەروەها ڕەسافی کاری کردۆتە سەر مەلا محەمەدی کۆیی و سەلامی شاعیرەوە، لە حەفتاکانیش شاعیرانی ڕوانگە (شێرکۆ بێکەس) و هاوڕێکانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری گۆڤاری شیعری ٦٩، کە (فازیل عەزاوی) و هاوڕێکانی لەساڵی ١٩٦٩ دەریان دەکرد، پرۆسەی بنیادگەریش بەهۆی وەرگێڕان و کاریگەری ئەدەبیاتی ئەورووپییەوە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا لە حەفتاکاندا ڕەنگی دایەوە، لەلای خۆشمان لە دوو هەزاردا بەهۆی زمانی عەرەبییەوە لەلای هەندێ شاعیر لەوانە لە (ڕەنگدان)ی (شێرکۆ بێکەس) و (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی و هەندێ شیعری (هاشم سەڕاج) و چەندانی تر ڕەنگیان داوەتەوە. هەروەها کاریگەری (ئەدۆنیس) و (نزار قەبانی) و (محەمەد ماغوت) و چەندانی تر بەسەر شاعیرانی حەفتاکان و دوای حەفتاکانەوە دیارە.

**سەرچاوەکان:**


**١- حەبیبوڵڵای تابانی، وەرگێڕانی جەلیل گادانی، هاونەتەوەیی قەومی کورد و ماد، سلێمانی، ٢٠٠٤.**

**٢- الشرق الاوسط، العدد، ٤٧٥٢، لندن، ١٩٩١.**

**3- Abdul karimjani, Svensk- Arabisk ordbok, sweden.**

**٤- تۆفیق وەهبی بەگ و ئەدمۆندز فەرهەنگی کوردی-ئینگلیزی، شارەوانی سلێمانی، ٢٠٠٣.**

**٥- الدکتور جبور عبدالنور والدکتور سهیل ادریس، قاموس فرنسي- عربي، دار العلم للملايين، بیروت، ١٩٨٣.**

**٦- گیوی موکریانی: کۆلکە زێڕینە، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٦.**

**٧- کەمال مەعروف «وشەی هاوبەش لەنێوان سوێدی و کوردیدا» نووسەری نوێ، ژمارە، ٢٩ ،هەولێر ٢٠٠٥.**

# بەرەو گۆڤاری بەڵگەنامەکانی کوردستان

محەمەد عەلی قەرەداغی
(سلێمانی)

گەلانی جیهان- زۆربەیان - دەمێکە لە بواری شوێنەوار و کەلەپوور بەڵگەنامەدا لە پشکنین و گەڕان بەدوایاندا بوونەتەوە و ئەرشیفی نەتەوەیی خۆیان بە نموونە و دیمەنگەلی جوان - جوانی زانایان و هونەرمەندان و پیشەوەران و دەستڕەنگینانی گەلەکەیان ڕازاندووەتەوە. نەک هەر ئەوانە، بەڵکو گەلێکیان زوو بیریان لە بایەخی شوێنەوار و کەلەپوور کردووەتەوە و لەڕێگەی گەریدە و دیبلۆماسییەکانیان و شوێنەوارناسانەوە چییان لەسامانی کەلەپووری گەلانی ژێر دەستە و دواکەوتوو و بەشخوراوی جیهانیش دەستکەوتووە ماشیویانەتەوە و لەدامودەزگاو مۆزەخانەکانی خۆیاندا، یان بەناوی خۆیانەوە، یان بەپشتگوێ خستنی ناوی خاوەنە ئەسڵییەکانیان پاراستوویانە و خاوەنەکانیشیان ئەگەر کێوماڵیشیان بۆ بکەن و سۆراغی هەموو مۆزەخانەکانی جیهانیش بکەن، ڕەنگە شتێکی ئەوتۆیان لێ نەناسنەوە مایەی دڵخۆشییان و بایی ماندووبوونەکانیان بێت.

ئەوەندەم لە بارەی سامانی نەتەوایەتی بەتاڵانبراومان لەلایەن گەریدەو شوێنەوارناسان و باندو قاچاخچییانەوە بیستووە لە شوێن و دەرفەتێکی تایبەتیدا نەبێت، نووسینیان گونجاو نییە.(١)

ئەوەیش لە پاشماوەی شوێنەوارمان و بەڵگەنامەکانمان کە لەدەست دز و باندو قاچاخچی و گەریدەکان ڕزگاری بووە تا ئێستەش خەمی لێ نەخوراوە و لەبەردەمی هەمان هەڕەشە و مەترسیدا چاوەڕوانی چارەنووسی نادیار-

بەڵکو ڕەش-ە.
ئێمەش کە تا ئێستا مێژوومان- وەک پێویست و بە دروستی- نەنووسراوەتەوە، پێویستمان بە بچووکترین بەڵگە و سەرچاوە و هەواڵ هەیە؛ وەک کەرەستەی نووسینەوەی مێژوو سوودیان لێ وەربگرین و کەلێن گەلێکیان پێ پڕ بکەینەوە کە تا ئێستە دەمیان کردووەتەوە.
بۆ ئەمەش دەکرێ- ئەگەر بکرێ و بتوانین- شوێن پێی گەلانی جیهان و دراوسێمان هەڵبگرین و کەڵک لە خیبرەو ئەزموون و شارەزایی ئەوان وەربگرین و چ تایبەتمەندییەکی خۆیشمان هەیە ئامێتە و سەرباری ئەوانەی ئەوانی بکەین.
وەک وتم هێشتا لە کوردستاندا و دوور لە دەستی شارەزاو بە تەنگەوە هاتووی دڵسۆزانە سەدان- ڕەنگە هەزاران- بەڵگەنامەی کەم وێنە و ئاخنراو لە زانیاری جۆراوجۆری بایەخدار لای ئەم و ئەو و لەناو کتێب و دەستخەتە کۆنەکان و(٢) سنووقی ماڵاندا مابن و کار بۆ کردنی بەپەلەیان لەم ڕۆژەدا کە کەرەستەی باشی پاراستنیان زۆر لەدەستدایە ئەرکی گەورە و بەپەلەی سەرشانی بەپرسان و لێپرسراوان و دڵسۆزان و پسپۆڕان و مامۆستاو خەمخۆرانە، هەر خەمساردی کردنێکیش لە عاستیاندا زیانەکەی پێش ئەوەی بۆ مێژووی نەتەوەییمان بگەڕێتەوە بۆ یەکە یەکەی نووسەران و ڕۆشنبیران و ئەوانەمان دەگەڕێتەوە کە لە هەوڵی ئەوەدان شتێک بۆ مێژووی ڕابوردووی کورد بکەن.

**بەڵگەنامە کامەیە:**

ئەگەر لە ڕووی بابەتبەندی و پۆلینکردنی بەڵگەنامەکانەوە سەر بەناو ئەم باسەدا بکەین، دەبینین جۆرەکانی بەڵگەنامە گەلێکن و چەندین باس و بابەت و نامە لەژێر ئەم ناوونیشانەدا جێگەیان دەبێتەوە. لەوانە:
**یەکەم**: قەباڵەی کڕین و فرۆشتنی زەوی و زارو باخ و بێستان و کانی و کارێز و تەنانەت ماین و ئەسپ و ئاژەڵ.
**دووەم**: وەقفنامەی کتێب و قورئان و ڕەز و باخ و جۆگە و کارێز و گوند و مەزرا.
**سێیەم**: شەجەرەی بنەماڵە ئاینی و زاناکانی کوردستان.
**چوارەم**: تەعزیە نامە و وەڵامەکانیان.
**پێنجەم**: قەسیدە و شیعری شیوەن و پیاهەڵدان.
**شەشەم**: ئەو پارچە شیعرانەی کە بە بۆنەیەکەوە بۆ کەسێک نێرراون.
**حەوتەم**: نامەی شەخسی و تایبەتی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی.
**هەشتەم**: نامەی مامۆستایەک بۆ مامۆستایەک بۆ جێگەکردنەوەی فەقێ.
**نۆیەم**: نامەی مامۆستایەک بۆ مامۆستایەک بۆ داواکردن و خواستنی کتێب.
**دەیەم**: فەتوای مامۆستایان بۆ مەسەلەکانی تەڵاق و خولع و بابەتە شەرعییەکانی دی.
**یازدەیەم**: ئیجازە نامەکان کە مامۆستایان بۆ مەلا ئیجازە پێدراوەکانیان نووسیوەتەوە.
**دوازدەیەم**: ئەو شکات و دەعوایانەی لە دادگاکانی پێشوودا تۆمار کراون.
**سێزدەیەم**: هەر فەرمانێک بۆ دامەزراندنی قازییەکان و مامۆستایانمان لە دەوڵەتان، یان لەمیرانی کوردستانەوە دەرچووبێت.
**چواردەیەم**: نامەی ناوبژیکردن و ئاشتکردنەوەی نێوانی دوو کەس، یان دوو هۆز، یان دوو گوند، یان...
**پازدەیەم**: تۆماری ڕووداوەکان کە لەلایەن ڕووداو نووسانەوە لە پەنای دەستخەتەکاندا نووسراون.
**شازدەیەم**: تۆماری مەشقکردنی نووسین و خوێندنی قوتابیان.
**حەڤدەیەم**: وەسیەتنامەکە کە مامۆستایان و گەورە پیاوان نووسیویانە بۆ دوای مردنی خۆیان.

**چەند سەرنجێک:**

ئەم بەڵگەنامانە کە زۆریان بەشێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش نووسراونەتەوە و ئێستە لە دەستی ئێمەدان، دەستی چەندین کەس لە پشتیانەوەیە و کاریان تێدا کردوون.
١- بۆ نموونە کە دەبینین دەقی بەڵگەنامەکە بە سەجع ئارایی و وشەسازی و شێوازێکی ئەدەبی بەرزی عەرەبی، یان فارسی، یان تورکی نووسراوەتەوە، دیارە کاتی خۆی پیاوی خوێندەوار و شارەزاو ئەدیبی بۆ دیاری کراوە و داوای لێکراوە ئەو دەقە- ئیتر لە هەر بابەتێکدا بووبێت- بنووسێتەوە، ئەویش دیارە درێغی لەوەدا نەکردووە کە بە باڵاترین شێوەی ئەدەبی دەقەکە دابڕێژێت،

بەڵام نەبینراوە ئەو کەسە- مەگەر بەدەگمەن- ناوی خۆی بنووسێت. واتە نازانین کێ ئەو دەقانەی داڕشتووە.

٢- ئەو دەقانە بە زۆری بەخەتی خۆشنووسانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە، یان شارەکە نووسراونەتەوە، چونکە گەلێ لەو دەقانە بەخەتێکی نوسخی نایاب، یان ثولث، ئەگەر دەقەکە عەرەبی بێت، یان (نستعلیق)، یان شێوەیەک لە شێوە جوانەکانی خەتی فارسی، ئەگەر دەقەکە فارسی بێت، نووسراوەتەوە، بەڵام لێرەشدا مەگەر دەگمەن، ئەگینا نازانرێت کێ نووسەرەوەی ئەو دەقانە بووە.

٣- ئەو مامۆستایانەی دەقەکانیان مۆر کردووە و شایەتییان لەسەر ناوەرۆکی دەقەکان داوە بەزۆری ئەوپەڕی وردەکاری و ئەمانەتییان لە دەقی شایەتییەکانیاندا- کە بەزۆری لە یەک دوو دێر تێنەپەڕیوە- بەکارهێناوە و نەهاتوون بێ بەڵگە لەخۆیانەوە بەڵگەنامەکان مۆر بکەن.

٤- بەداخەوە ئەو مامۆستایانەی شایەتییان لەسەر بەڵگەنامەکان داوە و مۆریان کردوون، زۆرکەمیان مێژوویان لەدوای نووسینەکەیانەوە داناوە.

٥- ئەوەی لەو بەڵگەنامانە ماوەتەوە و لە دەستدایە ئەوەندە دەستاودەستی کردووە و لوول کراوە و کراوەتەوە



دەقی بەو لوولکراوییەوە گرتووە و لەوکارەشدا بەشێکی پواوە و تێدا چووە و ناخوێنرێتەوە.

وەک چۆن دەقی وایان هەیە بەخەیاڵی پاراستنی لە لەناوچوون، چەند جار پشتی پەڕۆ و قوماش و کاغەزی تێگیراوە و ئەمەش ئەوەندەی دی باری گران کردووە و ڕێگەی تێداچوونی خۆش کردووە. ئەم بەڵگەنامەی دەقەکەیان نووسی، یەکێکە لەوانە و سێ جار بەرگی- یەک بەسەر یەکدا- تێگیرابوو.

٦- جاری واش هەیە بۆ پاراستنی دەقەکە وێنەی وەک خۆی (طبق الاصل)یان لەبەر نووسیوەتەوە و جارێکی دی مامۆستایان شایەتییان لەسەر ئەو نوسخەی دووەمە، یان سێیەمە، داوەتەوە. ئەم دەقەی بەردەستمان دوو جاری دی بەرو دوا نووسراوەتەوە.

یەکێک لەو بەڵگەنامە کۆنانەی من دیومن و کۆنترین دەقە تا ئێستە من دەیبینم و وێنەیم لەلایە، دەقێکە کە ساڵی (٩٠٩ی ک ١٥٠٣ی ز) نووسراوەتەوە، ئەم دەقە دوای نووسینەوەی تازەی، چەند مامۆستایەک شایەتییان لەسەر داوە، یەکێک لەو شایەتانە نووسیویە:

«طبقت هذا السواد باصله الاصيل، فتطابقا من دون نقص و تطويل، حرره الداعي (عبدالعزيز الحسيني) شيخ الاسلام»

لەلایەکی دیشیەوە نووسراوە:

«هذا السواد مطابق لاصله الاصيل. حرره الاقل الاثيم- مۆرەکەی- (شيخ المشايخ وسيم)».

تازەکردنەوەی ئەم بەڵگەنامەیە ساڵی ١٣٣٩ بووە بە دەستی (ملک الکلام) عەبدولحەمید مەجدی سەقزی ئەردەڵانی لەتاران نووسیویەتییەوە. لە دەقەکەدا دەردەکەوێ سکەی ڕەواجی ئەو سەردەمە پێی گوتراوە: (تنکە- تەنکە).

٥- بەداخەوە مامۆستاکان دوای مۆرکردنی بەڵگەنامەکان- چونکە ئەوکاتە ناسراو بوون- ناوونیشانی خۆیان نەنووسیوە و تەنیا مۆرەکەیان داناوە، کە هەر ناوێکی تێدا بووە.

**شێوەی سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامە:**

بەشێکی زۆری ئەو بەڵگەنامانەی باسمان کردن لە ڕووی ناوەرۆکی نامەکانەوە هیچ سوودێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییان نەماوە و باس کردنیان لەو ڕووانەوە بۆ ئەمڕۆی ئێمە هیچ جێگەیەک ناگرێت. بۆ نموونە: یەکێک

ئاشێکی ئاوی بە یەکێک فرۆشتووە و قەباڵەیەکی بۆ نووسراوە، ئێستە جگە لەوەی کەسەکان کەسیان نەماون، ئاشەکەش داری بەسەر بەردیەوە نەماوە و مابێتیش کەس باری لێ ناکا. یان کەرێک، یان گایەک دزراوە و بە نامە هەوڵ بۆ دۆزینەوەو ناسرانی دزەکە دراوە، ئێستە نەگا و نە دز و نەگا دزراو کەسیان نەماون. دیارە لەم ڕووانەوە باس کردنی ئەو بەڵگەنامانە، یان نووسینەوەیان جارێکی دی لە کارێکی بێهوودە زیاتر شتێکی دی نییە.

بەڵام گەلێ جار ئەو نامانە شێخێک، یان مەلایەکی ناوداری ناوچەیەک لە ناوچەکان نووسیویەتی بۆ پیاوێکی ناوداری گوندێ، یان ناوچەیەکی دی، لە پەنای نامەکەدا مێژووی نووسینی نامەکەی نووسیوە؛ لەم ڕووەوە ئەو ڕووداوە دەبێ بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی پڕ بایەخ، هەرچەندە کاتی خۆی بۆ باسی کەرو گادزران نووسرابێت؛ چونکە وا دەبێت ناوی یەکێک لەو دوو کەسەمان هەر نەبیستووە، یان ناوی هەردووکیانمان نەبیستووە، یان ناویانمان بیستووە، بەڵام نازانین کەی و لەکوێ ژیاون. لە مێژووی نامەکەیانەوە بۆمان دەردەکەوێت کەی و لەکوێ ژیاون و لەو سەردەمەدا لەژیاندا بوون.

یان لە پەنای فەتوای مامۆستایاندا کە لەبارەی تەڵاق و خولع و مەسەلەی شەرعی نووسیویانن، ئێستە پرسیارکەر و ژن و مێردو خاوەن باسەکان کەسیان لە ژیاندا نەماون و کەس پێویستی بە باس کردنی خۆیان و مەسەلەکانیان نییە و نەماوە، بەڵام کە بمانەوێ- بۆ نموونە- باسی قازی و موفتییەکانی ناوچەیەکی کوردستان بنووسین، ئەگەر چەند دانەمان لەو بەڵگەنامانە بە کۆن و نوێیانەوە، لەدەستدا بێت ناوی چەندین قازی و موفتی ئەو ناوچەمان دەست دەکەوێت و دەزانین کەی ژیاون و لەکوێ بوون. خۆ ئەگەر مەودای بەڵگەنامەکان فراوان بێت. ئەوە دەگونجێ ناوی کۆمەڵێکی زۆر لەو قازی و موفتیانەمان دەست کەوێت کە لە شوێنانی دیدا ناویانمان نەبیستووە. هەروەها گەلێ جار وا دەبێت یەک فەتوا، یان یەک بەڵگەنامە مۆر و ناوی کەسانێکی زۆری پێوەیە کە دەکرێ لە ڕووی چەند دانەیەکیانەوە مێژووی ژیانی، یان بەشێکی ژیانی، چەند کەس لەو مامۆستایانە لەو بەڵگەنامانەوە وەربگیرێت.

هەروەک نموونەی ئەم قەباڵەیە کە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە، دەبینی ناو و مۆری چەند مامۆستای پێوەیە.

جا ئەگەر چەند بەڵگەنامەی وەهای چەند ساڵێک پێش ئەم بەڵگەنامە و دوای ئەم بەڵگەنامەمان دەست کەوێت، ئەوە ڕوونتر مێژووی ژیانی ئەو مامۆستایانەمان لەدەستدا دەبێت کە لەو سەردەمەدا ژیاون.

دەکرێ وەک نموونەی سوود وەرگرتن باسێکی دیش بێنمە گۆڕێ:

ئەم بەڵگەنامەیەی بەردەستمان بایەخێکی زۆری پێدراوە و دوای ئەوەی کۆن بووە، چەند جاری دیکە نوێ کراوەتەوە و تەنانەت بڕیاری (امان الله خان)ی والی کوردستانی لە بارەوە دەرچووە.

لەم بەڵگەنامەیەدا، بەپێی دەقە کۆنەکە، من گەلێ ناویم بۆ نەخوێنرایەوە، بەڵام لەتازەکردنەوەیەکیاندا لەسەرەتاوە ناوی چەند لەو مامۆستایانە نووسراوە کە کاتی خۆی شایەتی بەڵگەنامەی یەکەم بوون. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتای ئەو تازەکردنەوەیە دەخەمە ڕوو:

«استشهاد می دارد که حدود اربعه قریه قتلو آباد- شهیر به پیرخضران- چنانکه در قباله قدیمه که در کتاب خانه حضرت سید حسن شهیر بملا ابوبکر مصنف پیدا بود، و بجهه کهنگی واندراس در قباله علیحده مرقومه و موشحه بخطوط وختوم مشایخ الإسلام کردستان مرحومین: مولانا ابراهیم، و مولا محمد شریف، و حاجی شیخ محمد قسیم، و سید محمود، و سید زکی... و سائر علما واعیان عهد ایشان.. زیور تجدید پذیرفته و نزد فقیر ضبط است...»

وەک لەم دەقەوە هەندێک لەو ناوانەمان بۆ ڕاست بووەوە، دەقەکە خۆیشی کە مێژووی ساڵی (١٣٠٦ک)ی پێوەیە و ٨٥ ساڵ دوای دەقەکەی دی نووسراوەتەوە ناوی چەند کەسی لە زانا و ناسراوی ئەو سەردەمە وەک: مەحموود و محەمەد و عەبدولقادر و لطفعلی... پێوەیە.

جا ئەگەر بێتو ئەو دەقانەی کە ماون هەمووی دەست بخرێن و بنووسرێنەوە و ئەو ناوی زانایانەی تێیاندایە، جیابکرێنەوە و بابەتبەندی بکرێن، ئەوە سەرچاوەیەکی ڕەوان و دروستی نووسینەوەی مێژووی زانایانمان لەدەستدا دەبێت.

جاری وا دەبێت تەنیا لە دوو سێ بەڵگەنامەدا کە سەر بەیەک ناوچەن گەلێ زانیاری دەست دەکەوێت. لەم بەڵگەنامەی بەردەستماندا ناوی شێخ محەمەد قەسیم هاتووە کە لە ساڵی ١٢٢١دا لە ژیاندا بووە و مامۆستا و مودەڕیس بووە. بەڵگەنامەیەکی بچکۆلەی دیم

لەبەردەستدایە:

محەمەدی کوڕی شێخ عیمادەدین وەک وەفایەک بۆ شێخ محەوەسیم گوندی دەرزیان و شادی ئاباد هیبە و نەذر بۆ شێخ محەمەد قەسیم دەکا باش بخوێنێت و کۆشش بکات و جێگای خوالێخۆشبوو چۆڵ نەبێت.

ئەم بەڵگەنامەیان ساڵی ١١٧٠ نووسراوە. جا ئەگەر ئەم دوو شێخ محەمەد قەسیمە یەک کەس بن، ئەوە دەردەکەوێت کە شێخ محەمەد قەسیم لە ساڵی ١١٧٠دا هێشتا خەریکی خوێندن بووە و فەقێ بووە، بەڵام لە ساڵی ١٢٢١دا مامۆستایەکی ناسراو و مودەڕیس بووە و هێشتا لەژیاندا ماوە.

ئەمە لە دوو بەڵگەنامەوە ئەوەندە زانیاری وەرگیرا، جا ئەگەر چەند بەڵگەنامەی جیا جیای سەر بەو مامۆستایەمان دەست بکەوێت، ئەوە بێ گومان دڕ بەو تەمومژە دەدرێت کە ڕێگەی لەزانینی شتێک لە بارەی ژیانییەوە گرتووە. لەلایەکی دییەوە گەلێ مامۆستایان هەن هەر ناویان کوێر بووەتەوە و بەختیان یار نەبووە لەلاپەڕەیەکی- با بچووکیش بێت- مێژوودا ناویان ببرێت، بەڵام بە ڕێکەوت لە بەڵگەنامەیەکدا دەبینی ناوی هاتووە و کەڵە مەلاو گەورە زانای چەرخی خۆی بووە، لەمەیشەوە گەلێ جار ئەوە دەست دەکەوێت کە ئەو



مامۆستایە لەچ چەرخێکدا ژیاوە.

هەر بۆ بایەخی بەڵگەنامە، با ناوەرۆکەکەشی کاتی خۆیشی بێ بایەخ بووبێت و ئێستەش هیچ دەورێکی نەمابێت، کەچی لە پەنای ئەو ناوەرۆکە بێ بایەخەدا گەلێ زانیاری وەها بەدەست دێت نرخی هەر تەواو نابێت!

وەک من بزانم لە هیچ سەرچاوەیەکی بەردەستماندا، باسی ئەوە نەکراوە ڕەواندز پێش (١٥٠) ساڵ (لیوا- پارێزگا) بووبێت، بەڵام من بەڵگەنامەیەکم لەلایە بۆ (دزرانی دوو کەر!) نووسراوە، کەچی لە پەنای ئەو کێشەیەدا ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ڕەواندز ساڵی (١٢٨٤ک- ١٨٦٧ز) پارێزگا بووە.(٣)

### باسێکی دەستخەتەکە:

دەستخەتی ئەم بەڵگەنامەیە، وەک باسم کردووە یەکێکە لە دەستخەتە کۆنە پواوەکان، لەبەر کۆنی چەند جار تازەکراوەتەوە و لەبەری نووسراوەتەوە. دەستخەتەکە لەبەر پواوی و بۆ پاراستنی سێ جار یەک لەسەر یەک بەرگ و پەڕۆی تێگیراوە و بەو کارەش دەقە ئەسڵییەکە چرچ و لۆچ بووە و زۆر لە وشەکانی لەناو چرچ و لۆچەکاندا تێداچوون.

پێوانەکەی (٢٨× ٤٠)ە. (٢٠) دێری تێدایە، بە خەتێکی نوسخ لە بەشە عەرەبییەکەیدا، (نستعلیق) لە فارسییەکەیدا و بە مەرەکەبی ڕەش و سوور نووسراوەتەوە. وەک زۆربەی بەڵگەنامەکان ناوی نووسەرەوەی دیار نییە وەک لە دەقەکەدا نووسیم ساڵی ١٢٢١ نووسراوەتەوە. خەتەکەی زۆر جوانە، لای چەپی ئاوی بەرکەوتووە و تەڕ بووە، بەڵام بەهۆی چاکی مەرەەبەکەیەوە، مەرەکەبەکە تێکنەچووە و کاڵ نەبووەتەوە و کاری نەکردووەتە سەر خوێندنەوەکەی.

بە ئینشایەکی ڕەوان و باڵا نووسراوەتەوە. نووسەرەوەکەی وەک ئاماژەی بۆ دەکەم لەیەک دوو جێگەدا هەڵەی لە نووسینەوەکەیدا کردووە. هەروەها وەک وتم، ناشزانرێت کێ دایرشتووە.

### ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە:

وێنەی دەقی چەند بەڵگەنامەم لەبەردەستدایە کە گەلێکیان پێوەندییان بە بنەماڵەی مامۆستا مەلا ئەبووبەکری موصەننیفی چۆڕییەوە هەیە و تەئکید لەسەر

ئەوە دەکەنەوە کە گوندی چۆڕ موڵکی ئەو بنەماڵەیەیە.

لەو بەڵگەنامـــانەدا ئەو دانەیەمـــان هەڵبـــژارد کـــە دەقەکـەیم- بەو جۆرەی بۆم خوێنرایەوە- نووسـیـیـەوە. لەبەر ئەوەی ئێمە زیاتر مەبەستمان ئەو زانیارییانەیە کە لە بەڵگەنامـــەکـــە وەردەگـــیـــرێن، نەک ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە کە ئێستە سوودێکی ئەوتۆی بۆ ئێمە نەمـاوە، بە پێـویسـتم نەزانی هەوڵی بە کـوردیکردنی دەقەکە بدەم.

کورتە و پوختەی ناوەرۆکەکە ئەوەیە: کە کتێبخانە و شوێنەوار و بەڵگەنامەکانی مامۆستا مەلا ئەبووبەکری موصەننیف بەزۆری تێداچوون و کارەساتی ڕۆژگار لە بەینی بردوون، لەبەر ئەوەی ئەو زانیارییانەی پێوەندییان بەموڵکایەتی گوندی چۆڕەوە هەیە بە یەکجاری لەبەین نەچن، ئەو دەقە نووسراوە و مامۆستاو گەورە زانایانی ئەو سەردەمەی کوردستانیش شایەتییان لەسەر ناوەرۆکی بەڵگەنامەکە داوە. هەوڵ دەدەم ئەگەر گونجا وێنەی یەک دوانێکی دی لەو بەڵگەنامانە بخەمە ڕوو، کە یەکێکیان فـەرمـانێکی (امـان الله خـان)ی والی کـوردسـتـانە و یەکـێکیـشیـان تازەکـردنەوەی ئەو بەڵگەنامـەیە دوای نزیکەی (٨٥) سـاڵ لەبەر کـۆنبـوون و پەرپووت بـوونی بەڵگەنامە پێشووەکە.

لێـرەدا ئەم پرسـیـارە دێتـەوە ناوەوە کـە شـوێنەواری مـامـۆسـتـایەکی وا ناسراو و بنەماڵەکـانی زانیـاری کـە پشتاوپشت زانایان لێ نەبڕاوە ئاوای بەسەرهاتبێ، دەبێ شوێنەواری بنەماکانی کە لەوان کۆنترن و نەوەی زانایان لێ بڕاوە، چییـان بەسـەرهاتبێ؟ یـان دەبێ ئێسـتـە دوای ئەو مـاوە چ هەواڵێک لە شـوێنەواری بنەمـاڵـەی چۆڕی بزانین؟ یان دەبێ دانراوەکـانی مـامـۆسـتـای مـوصـەننیف چییان بەسەرهاتبێ؟

**دەقی بەڵگەنامەکە:**

«الحمد لله المالک المعطي المانع، الضار النافع، العالم بعـواقب الامـور، الـــذي ينبت بالتـهاب النار نبـاتا خضرا... وأنهارا يخرج منه حبا. کان لم تمسسه نار نور على نور، يعلم خـائنة الاعين و ماتخفى الصدور، ولا يتغير ملکه بتغير الأحقاف(٤) و الدهور، و الصـلاة و السلام على سيدنا محمد الـذي بشـر به في التـوراة والانجيـل و الزبور، و على آلـه واصحابه الفـائزين يوم النشور.

اما بعد: چون در کارگاه بارگاه کن فکان بنای عالم را [بر و تغیرا]... ثابته معمور، و نقش صوری موجودات رادرهرحين و اوان بعنوان طغرای غـرای (کل من عليـهـا فـان)، (وکل يوم هو فـي شأن) منقش مسطور. فرمود، لاجـرم برهر فـردی از افـراد مـتـحـتم کـه مـتـملکات متـصرفـات، و مخصوصات و متعلقات، وقبالجات و مـسجـلات خودرا بقدر قـوای بشـری، و وسعت وقـدرت نظری، از رخنه واخلال واندراس انحلال و تفريت وابلال مصون دارد، واز تکدر تقلبات روزگار وا گذارد. لهذا بنا بحـدوث حوادث روزگـار، وتجدد اغـتـشـاش ازمنه ادوار، قـبـالجـات و سـجـلات اقطاعـات ولات عـادل واجب الاطاعـات، وکـتب خـانه گنجـينه اسـرار وثائق وکالات سـلاله اولاد شـرف الســادات، و زبده اقطاب عـصــره، وخـلاصـة اوليـاء دهره، صاحب الکرامـات الـظـاهـرة، وخوارق العادات المتواترة المتکاثرة، مجتهد الدين فـي اوانـه، قـدوة الواصلين المتفوقين على اقرانه، سيد حسن ابن سيد هداية الپيرخضری المعروف بملا ابوبکر الچوري، نور الله ضـريحـه، و کـثـر منيـحـه. همگی بگردباد تلف مقرون، و پايمال ناملايمات غير مصون بوده اند، بعضی از آنهــا فرتوت، و برخی بمشوشی کلمات و حروف غير منوط، بلکه سلب نقوش و خطوط بر اوها ساری (لا يری ولا يقرأ) در شأن انها حکميت جاری. ازانجمله توقيع رفـيع مطاع، وقبـاله ممهـور مـعـتبـر ملکيت بلانزاع، کـه پادشاه جمجاه ظل الله في الارضين، مقرب الدين لا زال مـقـربايوم الدين. قـريه پيـرخـضـران را من مـحـال کـرەوز باقطاع التـملک و وقف بر اولاد واحفـاد سـيـد مـحـمـد مشـهـور بپير خضر شاهوی مفوض و مرجوع، و مقرر و مدفـوع فرموده ضـايع و تلف شده. شـاهد صدق مـقـال، وچهره نمای شاهد ابن منوال، کتـاب (جامع الکرامات) ست که در ذکر منقبت سيد محمد که از نبيره علی بن موسی...(٥)است، کـه اين زمـان مشـهـور بەپير خضـر شـاهوست وجـه تسـمـيـه... و پيـر خـضـر، و قـريه پيرخضران، وشفقت أمير مقرب الدين قريه پيرخضران را که محدود بحدود اربعه است: حدود اول (قبر فيروز)، حد دويم (برده چوکين)(٦)، حد سيوم (سردره پيداو) حد چهارم (بازوی شرطه) بمحضرت پير خضر بصيغه اقطاع و تمليک و وقف فرمود... براولاد واحفاد معزو اليه بطنا بعد بطن مراتب را بتفصيلا زيور فرموده، وهم شمع شبستان حقيق، و ولی الله على التحقيق، حضرت

ملا ابوبکر در کتاب سراج الطریق همان حکایت را بعینه نقل بالمصدر فرموده.

چون ثبوت و حقانیت ملکیت قریه پیرخضران مر اولاد پیر خضررا بطریق استفاضه وحد تواتر رسیده بدیهی الدلیل و محتاج باقامه بینه بر ثبوت عین مدعا نداشت، حکم قطعی برثبوت ملکیة قریة مذکور بجهة اولاد مرحوم مغفور نمودیم، که اکنون ملک طلق وحق محض مشار الیهم است. احدی در آن دخل ملکیت و تصرف حقیت ندارد. این چند کلمة جهة تجدید توثیق امضای حکم توقیع رفیع، و ترویج قباله نمیقه عتیق، وتذکار مراتب قدیمه معلومه حقیق، قلمی شد، تا لدی الحاجت حجت و معاندان را از درجه اعتبار ساقط و هابط گرداند.

و السلام علی من اتبع الهدی. تحریرا فی غرة ربیع الثانی سنة الف و مائتین واحدی و عشرین. سنه ١٢٢١. من الهجرة النبوي، علی هاجرها افضل الصلاة و التحیة.»

به پەراوێزی ئەم بەڵگەنامەوە شایەتی و مۆری چەند لەگەورە زانایانی ئەو سەردەمەی لە تەک مۆرەکانیاندا پێوەیە، هەوڵ دەدەم چیم بۆ خوێنرایەوە بینووسم.

**یەکەم**: «راینا مضمون القبالة منقولا من کلام سید حسن الپیرخضرانی المکنی بمولی ابو بکر المصنف نور الله مرقده و فضله وهو مشهور في ولایته. وانا الحقیر محمد سلیم.

**دووەم**: راینا مضمون القبالة من کتاب سراج الطریق.

سێ مۆر لە خواریەوە . واپێدەچن:

ابو المحسن. خواهد محمد. یوسف أیها الصدیق.

**سێیەم**: از ملاحظه مضمون سطورها، ومشاهده امهار و خطوط مطالعین امانی شرع مطاع زاد الله فضلهم

واقع است الاقل (التوکل علی الله محمد) یان (الله، محمد، علی، المتوکل عبده.. صادق» (٧)

**چوارەم**: «راینا مضمون القبالة من کتاب السراج الطریق. و ذلک لا ریب فیه علی التحقیق» سێ مۆره ناخوێنرێنەوە، سێیەمیان وەک (یوسف الصدیق) وایە.

**پێنجەم**: (بسم الله خیر الاسلام. الحمد الله و الصلاة والسلام علی رسول الله، و آله خیرة عبادالله. اما بعد: فقد رأینا مضمون القبالة منقولا في کتاب سراج الطریق للعالم العابد الزاهد، ولي الله بلا نزاع، ومحرر المحرر للامام الرافعي بشرح واف بلا دفاع مولانا المصنف السید حسن المکنی بالمولی ابی بکر وشهدنا له بالفضل التام و الصدق في کل مقال و مقام وانا العبد تراب اقدام العلماء الکرام محمد القسیم المدرس المردوخي.»

دوو مۆر لە خواریەوە بۆم نەخوێنرانەوە.

**شەشەم**: «هکذا وجدت في کتاب سراج الطریق ووثقت به فمهرته، وانا الداعي...»

مۆرێک لە خوارەوەیە ئەوەندەی لێ دەخوێنرێتەوە:

«لا اله الا الله الملک الحق المبین عبده إبراهیم»

**حەوتەم**: «رأیت مضمون القبالة في کتاب سراج الطریق، و سمعته بالاستفاضة وحکمت بصحته و أنا الداعي».

مۆرێکی لەخوارەوەیە تیایدا نووسراوە:

«لا اله الا الله الملک الحق المبین. عبده محمود..»

**هەشتەم**: نووسینێکی تر هەیە بۆم نەخوێنرایەوە. ئەوەندەی خوێنرایەوە لەکۆتاییدا نووسراوە (وحکمت بصحة القبالة...)

**لە کۆتاییدا:**

لەکۆتایی ئەم کورتە باسەدا لە بارەی بەڵگەنامەکەوە



دەڵێم:

هێشتا بەشێکی زۆر لەم سامانە گرانبەهایەمان ماوە و ئەوەیش کە ماوە- بە زۆری- جێگەی خۆی نەگرتووە و لای ئەم و ئەو، یان ئەو بنەماڵە و فلان خێزان و فیسار پیاو لە بارودۆخێکی مەترسیداردا هەڵگیراون و هەڕەشەی لەناوچوونیان بەسەرەوەیە، بۆیە هۆشیارکردنەوەی ڕۆشنبیران و خاوەن بەڵگەنامەکان کارێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بەهانای ئەو بەشەی ماوەتەوە بچین. دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەتی وەرزی بێ، یان دووسێ مانگ جارێک بێت، سووچێکی هۆشیارکردنەوەی ئەو کەسانە دەگرێتە ئەستۆ و دەلاقەیەک دەبێت بۆ کەسانێک بیانەوێ چیبان لەو بەڵگەنامانە لایە بلاوی بکەنەوە.

**پەراوێزەکان:**

**١- لە ساڵەکانی حەفتادا سەردانێکی گوندی بەکراوا و گردە دێرینەکەیم کرد. کە لە گردەکە هاتمە خوارەوە و چوومە سەر ئاوەکەی، باسی گردەکەم لەگەڵ یەکێک لە پیاوانی گوندەکەدا کردو هەندێ شتم لێ پرسی، دوایی خۆی باسی ئەوەی کرد کە چەند ساڵێک لەوە و پێش بەردێکی سپی پانی جوان لەسەر ئەو ئاوە بووە، نووسراوی پێوە بووە، کردبوویان بە بەردە نوێژ و نوێژیان لەسەر دەکرد. ڕۆژێ دوو ئینگلیز- مەرج نییە ئینگلیز بووبن، چونکە ئەوان هەر بیانییەکیان بدیایە، پێیان دەوت ئینگلیز- بە سواری جێبێکەوە هاتن، کە چاویان بە بەردەکە کەوت، خستیانە جێبەکەیانەوە و بردیان!**

**(٢) چەندین بەڵگەنامەی پڕ بایەخم لایە کە لەناو کتێبە دەستخەتە کۆنەکاندا وەک (زوائد) بەکارهێنراون. واتە دیوێکیان نامەی مامۆستایان و زانایان بووە بۆ یەکدی و پڕبووە لە زانیاری، کەچی مامۆستایەک هاتووە، سوودی لە دیوە- یان لە بەشە- سپییەکەی وەرگرتووە و، حاشییە و تەعلیقاتی تێدا نووسیوەتەوە و لەناو دەستخەتەکەیدا دایناوە.**

**(٣) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، ڕەواندز ساڵی ١٢٨٤ک لیوا- پارێزگا بووە، گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ٢٦٦.**

**(٤) ئەمە دیارە هەڵەی نووسەرەوەیە و (الاحقاب) ڕاستە.**

**(٥) لێرەدا وشەیەک ناخوێنرێتەوە ڕەنگە (رضا) بێت.**

**(٦) لەم دەقەدا نوختە بۆ (ن)ی (چوکین) دانەنرابوو، بەلام لەو دەقەدا کە تازە کراوەتەوە نوختەکەی هەیە.**

**(٧) مۆرەکەم باش بۆ نەخوێنرایەوە، دوو سێ جۆر خوێندنەوە هەڵدەگرێت، یەکێکیان کە بەلامەوە وایە ئەوە دروست بێت (المتوکل علی الله عبده محمد صادق)ە.**

# ڕێنسانس و ڕۆژئاوا و ئیدوارد سەعید

**ئازاد خدر**

سەردەمی ڕینسانس وەک بووژانەوەیەک و لە دایکبوونێکی نوێ بووە مۆرکی کولتووری ڕۆژئاوا دژی کولتووورە تەقلیدییەکەی ئەوروپا کە لە سەردەمە تاریکەکەی (سەدەکانی ناوەڕاست)دا بەرجەستە ببوو. کۆمەڵگەی ئەوروپی پێش ڕینسانس کۆمەڵگەیەکی هەرەمی و داخراو بوو و تێیدا تاک شوێنی دیاریکراوی هەبوو و لووتکەی هەرەمەکەش بۆ عەقیدەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست تەرخان کرابوو، جووتیاران ڕەنجیان دەدا و پیاوانی ئایینی (ئەکلیرۆس) و ئورستۆکراتی سەربازیش بەرگری ڕۆحی و سەربازیان بۆ فەراهەم دەکردن ئەم هاوسەنگییە لەسەر ڕەتکردنەوەو حەرامکردنی کۆکردنەوەی پارەو سەرمایە بونیادنرابوو، چونکە لەو سەردەمەدا هەر قازانجێک وەک (ڕیبا) سەیری دەکراو کلێسەی مەسیحیش وەک گوناهێکی گەورە لە قەڵەمی دابوو. لە ڕاستیدا دژایەتیکردنی یاخود بەرپەرچدانەوەی ئەو هاوسەنگییە، مۆرکی سەرەکی ئەوتێزە بوو کە ئێستا بەگشتی پێی دەگوترێ (هزر و عەقڵیی ڕۆژئاوایی). هاوسەنگیی کۆمەڵگەی سەدەی ناوەڕاست هەرەسی هێنا پاش ئەوەی شاری (ڤینیسیا)ی ئیتالیا وەک سەنتەرێکی گەورەی بازرگانی سەری هەڵدا وتێیدا بازرگانەکان پتر بە کۆکردنەوەو گلدانەوەی سەرمایە پشت ئەستووربوون و هەموو ئامانجیان دەستەبەرکردنی قازانجی بازرگانی بوو، بەم شێوەیە چەمکی قازانج بووە مۆرکی پرۆسەی ئابووری کۆمەڵگەو هەروەک (ماکس ڤیبەر) ئاماژەی بۆ کردبوو (ناکۆکی کڵێسەو ڕێنسانس

پرۆتستانتیی بووە هۆی دابڕانی کۆمەڵگەی ئەورووپی لە ئایدیۆلۆژیای کڵێسەی سەدەی ناوەڕاست کە لەسەر شێوەی هەرەمی دامەزرابوو و قازانج و کۆکردنەوەی سەرمایە و پرۆژەی ئیندیڤیجوال- فەردی- بەتوندی ڕەت دەکردەوە). بە مانایەکی دیکە ڕینسانسی ئەورووپی بووە مایەی ئەوەی کە تاک دەستپێشخەر بێت لە دیاریکردنی ژیان و چارەنووسی خۆی، ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی دیدو بۆچوون و خودی عەقیدەی کڵێسەو دەرەبەگایەتی سەدەی ناوەڕاست بوو. ئەم ئاهەنگێڕانەو پیرۆزباییە و دەستخۆشییە لە تاک بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەو هزری هیومانتیی (مرۆڤدۆستی) کە بیروبۆچوونێکی نوێی بۆ مرۆڤایەتی هێنایە ئاراوە. ئایدیۆلۆژیای ڕینسانسی ئاسۆیەکی ڕوون و گەشی بۆ مرۆڤی ئەورووپی خوڵقاند و ئەو مرۆڤەی لە سروشت و کۆمەڵگەی بەرزتر ڕاگرت و نرخاند، ئەمەش لە چەندین بواری زانستی و دۆزینەوەی مەعریفی بەدرێژایی پتر لە پێنج سەدەی ڕابردووی کۆمەڵگەی ئەورووپیدا ڕەنگی دایەوە، جگە لەوەش بنەماو پرەنسیپی پێویستی بۆ دۆزینەوەی خاک و کیشوەری نوێی خوڵقاند بۆ تاکەکان و بۆخودی خاچپەرستەکان و تەنانەت دەتوانین بڵێین (کۆلۆمبس)یش لەسەر ئەو ڕاستییەدا بڕواو متمانەی خۆی سازدابوو، لەم بارەیەوە (تزڤیتان تۆ دۆرۆف) دەڵێ «قازانجیی بازرگانی بۆ کۆلۆمبس ئەوەندە گرنگ نەبوو، بەڵکو دۆزینەوەی خاک و کیشوەری نوێ پتر لای گرنگتر بوو. ئەو دۆزینەوەیە لە ڕاستیدا ئامانجێکی هەبوو: گێڕانەوەی گەشتی دەریایی کۆلۆمبس.

بۆیە دەکرێ بڵێین، ئامانجی کریستۆفەر کۆلۆمبس لەو گەشتە دەریاییەدا، بریتی بوو لە گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی وا کە کەس پێشتر نەیبیستبێ- وەک عۆلیس (یۆلیسیس). واتە ئامانجی ئەو لە گێڕانەوەی گەشتەکەی، نە دیاریکردنی شوێن و بەرواری دەستپێکردنی بوو، نە دیاریکردنی شوێن و کاتی کۆتاییەکەی بوو، بەڵکو ئامانجەکەی تەنیا ئەوەبوو: گەشتی دەریایی نوێ».

کەواتە کولۆمبس مۆدێرن بووە بەو مانایەی کە دەراوانێک بووە و بەدوای خاکی نوێدا وێڵ بووە، بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو ویست و ئارەزووەو بیرۆکە مۆدێرنەی ئەو لەنێو کۆمەڵگەی ئەورووپی پێش ڕینسانس نەبووە، هەر لەبەر ئەوەش بووە کە هزرمەندان (ئەدورنۆ و هۆرکهایمەر) بۆ نموونە لە بیرۆکەو فەلسەفە بنەڕەتییەکەی (ئەسینا)ی کۆنیان کۆڵیوەتەوە و ئینجا بۆیان بەدەرکەوتووە کە ئەو بیرۆکەو فەلسەفەیە لە خودی (ئودیسیۆس)ی هۆمیرۆسدا بوونیان هەبووە، ئێمەش کاتێک باسی کولتووری ڕینسانسی ئەورووپا دەکەین، دەبێ بزانین چۆن دروست بووەو پەرەی سەندووە و بە چەندین قۆناغ و هەلومەرجی هەستیار و چارەنووسسازدا تێپەڕیوە، لەمبارەیەوە فەیلەسووفی هاوچەرخی فەرەنسی (پییێر مابیل) دەڵێ: (ئەو کولتوورەی ئەورووپا وەک کەشکۆڵێک و (مەسخ)ێکە، چونکە وەک بارستاییەک و یەکەیەکی دیالیکتیکییە و پێکهاتەی جیاوازی هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا شتێکە و یەکسان نییە بەپێکهاتە جیاوازەکانی، هەژموون و گرنگی ئەو کولتوورە بۆ ئەم هەلومەرج و هەڵوێستە مۆدێرن و نوێیە دەگەڕێتەوە کە دەیەوێ نەریت و کەلەپوورێکی هاوبەش لەنێوان کولتوورەکانی جیهانی ئیمڕۆ دەستەبەر بکات....).

هەڵبەتە کولتووری ڕۆژئاوایی کە میراتگری ڕینسانسی ئەورووپایە، پێویستی بە کولتوورێکی دیکەی بەرامبەری هەیە تاکو خۆی پێ بەرزکاتەوەو بەراورد بکات، واتە وەک کولتووری ڕینسانس پێویستی بە دژێک هەیە، چونکە کولتووری ڕینسانس دژێکی هەبوو و ناوی لێنابوو کولتووری (تارکستانی سەدەی ناوەڕاست). بەم پێیە کولتووری مۆدێرنی ڕۆژئاوا پێویستی بە دژە کولتوورێکی خۆی هەیە کە بیرمەندانی وەک (میشێل ڕیچاردسۆن) ناوی لێناوە (نا ڕۆژئاوا Non west) کە بەپێی شوێن و دەستەواژەی جوگرافی ناوی (ڕۆژهەڵات)ە، چونکە ئەورووپا لەگەڵ ئاسیای ڕۆژهەڵاتدا بەهێزترین و بەربڵاوترین پێوەندی مێژوویی هەبووە. ئەو پێوەندییە مێژووییە بە هەمان ڕێگەو شێوە سەقامگیرو بەهێزبووە کە (جاک لاکان) لە بارەی بونیادنانی تاکی ڕۆژئاواوە وەسفی کردووە: (ڕۆژئاوا لە خۆیەوە نەخوڵقاوە، بەڵکو لەنێو ویستێک و ئارەزوویێک خوڵقاوە کە- ئەوی دیکە بەسەریدا سەپاندوویەتی وەک ویستێک بۆ بونیادنانی خودو لە هەمانکاتدا وەک ئارەزوویێکی خۆی بۆ ئەوەی- ئەوی دیکە- دانی پێبنێ). بەرامبەر ئەوەش، ڕۆژهەڵاتیش وەک قەوارەیەکی جوگرافی و کولتوورێکی جیاواز، ڕۆژئاوا بۆ خۆی خوڵقاندوویەتی بۆ ئەوەی-

هەروەک ئیدوارد سەعید دەڵێ: (خۆی پێ پێناسە بکات). بەپێی ئەم بۆچوونە، کولتووری یابانی و هیندی و چینی بۆ ڕۆژئاوا جیاوازی زۆریان نییە، چونکە هەرسێکیان کولتووری ڕۆژهەڵاتین، هەروەها بۆ نموونە کولتووری ئینگلیزی و کولتووری ئیسپانی لەم ڕووەوە جیاوازنین، چونکە هەردووکیان بە کولتووری ڕۆژئاوایی لە قەڵەم دەدرێن. بەم چەشنە بیرۆکەی (ڕۆژئاوایی) وەک کولتوورێک و قەوارەیەکی بەهێزی جوگرافی مێژوویی دروست بوو، بەڵام ئیدوارد سەعید لە کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی)دا هۆی نەبوونی (بیرۆکەی ڕۆژهەڵات) دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە (گەلانی ئاسیا ئەوجۆرە سەرکێشییە ئیمپریالیەیان بەخۆیانەوە نەبینیوە وەک گەشتەکەی کۆلۆمبس کاتێک کە لە ئیسپانیاوە دەستی کرد بە دۆزینەوەی ڕێگای بازرگانی ڕۆژئاوایی تا ئەندیز). بە مانایەکی دیکە، ڕۆژهەڵات لای ڕۆژئاوا، چەمکێکی نەرێیانە بووە و هەر شتێک بووە کە (نا ڕۆژئاوایی) بێت، هەروەها گوزارشتی لە خودی ڕۆژهەڵات نەکردووە، بەڵکو ڕۆژئاوا بەسەریدا سەپاندووە، یاخود وەک ئامرازێک بووە بۆ سەپاندنی هەژموونی کولتووری ڕۆژئاوایی بەسەریدا. بەم شێوەیەو بەپێی بۆچوونی ئیدوارد سەعید، ڕۆژهەڵات بووە ئەو شوێنەی کە ڕۆژئاوا ئارەزووی بۆی هەیە وەک شوێنێکی ڕۆمانسی و پڕ لە ڕووداوی سەیرو ئەفسووناویی و لوغزی ڕۆحی و ئایینییەکان و دیاردەو بیرۆکە سیحرییەکان و وەک ناوچەیەکی ئارام بۆ تاکی ڕۆژئاوایی، بەڵام سەیر لەوەدایە کە خودی ئەم ڕۆژهەڵاتە بووە ئەو شوێنە کە خودی ڕۆژئاوا نەفرەتی لێکردووە، چونکە کۆنەپەرست و سەرەتایی و گەندەڵە.

ئیدوارد سەعید دەڵێ: (ڕۆژهەڵات بە ناچاری هەموو ئەو سیفەتانەی کە ڕۆژئاوا قێزی لێ بۆتەوە، لەخۆگرتووە، بەرگەی پەراوێز خستن و هەڵوەشاندنەوەی گرتووە. ئەمەش پرۆسەیەکی کلاسیکیی پێوەندیی نێوان خودو بابەتە کە ئایدیۆلۆژیاو هەژموونی ئیمپریالی پێویستی پێیەتی بۆ پراکتیزەکردنی دەسەڵات لەسەر ڕۆژهەڵاتدا. ئەمە پرۆسەی دابەشکردنی عەقڵی جوگرافییە بۆسەر چەند دەقی ئێستێتیکایی و مەعریفی و ئابووری و سۆسیۆلۆژی و مێژوویی و فەلسەفی، بەرفراوانکردنی جیاوازی جوگرافییە لەنێوان دووکەرتی نا یەکساندا: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، دابەشکردنی بەرژەوەندییەکانە.. واتە ئارەزوویەکە بۆ کۆنترۆڵکردن و لکاندنی جیهانێکی جیاواز. چەمکی ڕۆژهەڵاتە وەک گوتارێکی بێ واقیع دروست بوو، بەڵکو وەک مۆدێلێکی ڕۆژئاوایی بۆ هەژموون خۆی و بونیادنانەوەی لەسەر شێوەی خۆی و ئینجا کۆنترۆڵکردن درست بوو....). لە ڕاستیدا وێڕای هەبوو ئەو ڕاستییانەی کە ئیدوارد سەعید لە کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی) دەیانخاتە ڕوو وێڕای شرۆڤەکردنی بۆ چەندین دیاردەی کۆلۆنیالی و پۆست کۆلۆنیالی کە ڕۆژهەڵات بە درێژیی هەزاران سەدە بەخۆیەوەی بینیوە، بەڵام ئەو کتێبەی پتر بە گوتارێکی داخراو پشت ئەستوورە کە ڕەنگە بە دوو دەستەواژەکەی (میشێل فوکو) شی بکرێتەوە، واتە (دەسەڵات و مەعریفە)، بۆیە دەتوانین بڵێین هەڵەو لاوازی کتێبەکەی مەنهەجی (میتۆدی) نییە، بەڵکو فەلسەفییە، چونکە ئیدوارد سەعید لەو کتێبەیدا وێڕای لێکۆڵینەوەو ئەرکۆلۆژیا تێرو تەسەڵەکەی بۆ چەمکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو هۆو هۆکارە ئاڵۆزو هەمەلایەنەکانی لە ڕووی سیاسی و هزرییەوە، بەڵام بەداخەوە تا ڕەدەیەکی زۆر دیسپلین و پرەنسیپی فەلسەفی پێوەندی نێوان دوالیزمی (من و ئەوی دیکە)ی فەرامۆش کردووە و پتر جەختی لەسەر (ڕۆژهەڵاتناسی وەک نموونەیەکی تایبەتی لە هەژموونی ڕۆژئاوایی) کردووە بێ ئەوەی جیاوازی و دابڕانی لەنێوان لایەنە تایبەتییەکانیدا ببینێ، واتە جیاوازی نەبینیوە لە نێوان چەمک و توخمە سەرەکییەکانی پرۆسەی پێوەندییەکان لەنێوان کولتوورە جیاوازەکاندا، ئەو چەمک و توخمانەی جیا نەکردۆتەوە لە هەندێ چەمک و توخمی دیاریکراو کە خودی تێگەیشتنی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات دەستنیشان دەکەن.

ئیدوارد سەعید لەو کتێبەیدا، پێوەندی نێوان (خود و بابەت) دەوروژێنێ بێ ئەوەی لە میکانیزمی خودی ئەو پێوەندییە بکۆڵێتەوە، بۆیە نەیتوانیوە دانی پێدابنێ کە ئەو پێوەندییە، پێوەندییەکی ماددیە و هەر لەبەر ئەوەش بۆچوونەکەی هەرەسی هێناوەو پتر بۆ بۆچوونێکی ئایدیالی وەرچەرخاوە. هەڵبەتە بەڕای ئەو چەمکی یاخود دەستەواژەی (ڕۆژهەڵاتناسی) ئامرازێکە بۆ هەژموونی ڕۆژئاوا، بەڵام ئەم ئامرازە تەنیا مۆرکێکی لاوەکییە لێرەدا نەک سەرەکی، چونکە ئەو مۆرکە بەپێچەوانەی

بۆچوونەکەی ئیدوار سەعید، بە ئاگاییەوە سەری هەڵنەداوە، بەڵکو وەک بەشێک و لایەنێک لە پرۆسەو ڕەوتێکی سروشتی و بۆ پێوەندییەکی فینۆمینۆلۆژی (دیاردەگری) هاتۆتە کایەوە کە تێیدا دوالیزمی (دەسەڵاتدارو کۆیلە: السید و العبد) بەو شێوەو ڕێگەیە تەفاعول دەکەن کە (هیگڵ) لەبارەی (پەرەسەندنی ڕۆح)ەوە ئاماژەی بۆ کردووە. ئیدوارد سەعید ئەو بۆچوونەی (هیگڵ)یش فەرامۆش دەکات و (ڕۆژهەڵاتناسی) وەک چەمکێکی بێ ڕەگوریشە و دابڕاو لە ژینگە و کەشوهەوای خۆی بە باشتر دەزانێ چونکە (خزمەتی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی دەکات).

بەم شێوەیە لەو کتێبەیدا، پێوەندی نێوان (دەسەڵاتدارو کۆیلە)و (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) دەشێوێنێ و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆچوونەکەی بۆ چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی بگاتە بنبەست و ڕێگایەکی داخراو، کە تێیدا هەست و تێگەیشتنی بۆ ئەو پێوەندییەو پرۆسەیە بەخودی دەستەواژەی ڕۆژهەڵاتناسییەوە دەبەسترێتەوە لە جیاتی ئەوەی دەستەواژەی ناوبراو بەو پێوەندییەو پرۆسەیەوە دیاری بکرێت، بۆیە دەبینین بە ناچاری پرۆسەی ئاڵوگۆڕ و تەکافول کە دەبێ لەنێوان دوولایەنەکەی ئەو پێوەندییەدا هەبێ، ئینکار دەکات، ئەمەش وای لێدەکات خودی گوتارە هزرییەکەی خۆی بەرەو هەڵوەشاندنەوەیەکی پووچی ئەو پێوەندییە و دانوساندنەی نێوان کولتووری ڕۆژهەڵات و کولتووری ڕۆژئاوا، وەرچەرخێنێ بەم شێوەیەش ماوە بەهیچ بۆچوونێکی ڕاستگۆ نادات و مەحاڵی دەکات و پێوەندی ناوبراو دەکاتە پێوەندی (هێز)- وەک فەیلەسووف هۆبز و دواتر نیتشێ و فوکو-ە بەڵام ویڕای ئەوەش دەبێ بزانین ئەم بۆچوونەی دژی مەبەستی خودی خۆیەتی، چونکە هیچ نەبێ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەبێ ڕۆژهەڵات لە ئێستای ڕۆژئاوا ببوورێت و پتر لۆمەو سەرزەنشتی ڕابردوویکی ئەبستراکتی ڕۆژئاوا بکات. بێگومان ڕووداو و پێشهاتەکانی جیهان کە لەوەتەی دەرچوونی کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی) ئیدوارد سەعیدەوە چالاکانە بەڕێوە دەچن، پتر جەخت لەسەر گرنگی ئەو پرس و خواستانە دەکەن کە ئەو کتێبە دەیانوروژێنێ و تیشک دەخەنە سەر ئەو کێشە ترسناکانە کە لەنێو جەرگەی ئەو کتێبەدا هەن. ڕەخنەکەی ئیدوارد سەعید لە ڕۆژئاوا بووە مایەی ئەوە کە بڵێین ئێمە لە سەردەمی (پۆست کۆلۆنیالی)دا دەژین، ئەم دەستەواژەیە هاوکات بوو لەگەڵ هاتنە ئارای دەستەواژەی جیهانگری و وەک ئاماژەیەک بوو بۆ هەلومەرجی پاش کۆلۆنیالی، بەڵام ئاخۆ دەتوانین بڕوا بکەین کە ئێمە لەسەردەمی پۆست کۆلۆنیالیدا دەژین لەکاتێکدا کە پێوەندی (هێز) کە لەسەردەمی کۆلۆنیالیدا زاڵ بووە هێشتا هەر وەکو خۆی ماوە، بەڵکو بەهێزتریش بووە؟. هەروەک دەزانین ئیمپراتۆریەتە کۆلۆنیالییەکان کە لەسەدەی نۆزدەیەمەوە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا بەگشتی و لە فەرەنساو بەریتانیادا بەتایبەتی دامەزراون کەسەنتەری کولتووری ڕۆژئاوایین، پاش جەنگی دووەمی جیهانی هەرەسیان هێنا و سەنتەری هێز لە ئەوروپاوە بەرەو ئەمریکا وەرچەرخا، لە کاتێکدا کە خودی ئەمریکا سەردەمی کۆلۆنیالی بەخۆیەوەی نەبینیوە، واتە بەشێوەیەکی فەرمی، دەسەڵاتی کۆلۆنیالی لەسەر هیچ وڵاتێک و گەلێکدا نەبووە، بۆیە کاتێک کە ئیدوارد سەعید باس لە کۆمەڵگەی پۆست کۆلۆنیالی دەکات، دەبێ ئەوەش بڵێ کە ئەمریکا خۆی کۆمەڵگەیەکی پۆست کۆلۆنیالییە، ئەمەش پێچەوانەی خودی بۆچوونەکەی ئیدوارد سەعیدە، چونکە ئەمریکا زۆر زوو و پێش سەردەمی کۆلۆنیالیش بۆتە گەنجینەو عەمبارێکی گەورەی ئەو دەستەواژەیە کە ئیدوارد سەعید ناوی لێناوە (چەمکی، یاخود بیرۆکەی ڕۆژئاوا).

لێرەدا دەپرسین، ئایا بۆچوونەکەی ئیدوار سەعید بۆ چەمکی ڕۆژئاوا، دەتوانێ ئەم جیهانەی ئیمڕۆمان بەخۆوە بگرێ؟ ئەمەش پرسیار لەبارەی ناسنامەی کولتوورەوە لەم سەردەمەدا دەوروژێنێ. بە مانایەکی دیکە، ئایا ئەگەر ئێمە هەموومان هەمان کولتوورو هێمای ڕۆشنبیرمان هەبێت، دەتوانین پێی ڕازی بین؟. بێگومان ئامانجی دێرینی مرۆڤ، نەهێشتنی جیاوازی بووە، چونکە نەوە نوێبەرەکانی مرۆڤایەتی لە چەند کۆمەڵگەیەکی دوور لەیەکترو دابڕاو و داخراودا ژیاون، بۆیە هزرمەندی ئەنترۆپۆلۆژی (جێمس فاریس) دەڵێ: (پێویستە لەسەرمان ئاسەواری- ئەوی دیکە- بشارینەوە و لە هەمانکاتدا جیاوازی نێوانمان بهێڵینەوە).
دینامیکییەتی پێوەندییەکانی نێوان (من و ئەوی دیکە) لێرەدا گرنگەو ستانداردێکە نەک لەبەرئەوەی دەرفەتم بۆ دەرەخسێنێ بۆ زانینی (ئەوی دیکە) و نەک بۆ

ڕیســواکـردنی شـتـێک و لایەنێکی ئەو زانینە، بەڵکو لەبەرئەوەی خـودی ناسنامەی مـرۆڤ و مـرۆڤایەتی پشت ئەستووره بەو پێوەندییانەوە بۆ ئەوەی مانایەک بە ژیان ببەخشن یاخود ئامانجێکی بۆ دیاری بکەن، چونکە ئەوی دیکە دەتوانێ ئەو شـتـانە لەنێـو (من)دا ببـینێ کـە من ناتوانم بیان بینم و هەروەها (من)یش دەتوانم ئەو شتانە لەنێـو (ئەوی دیکە)دا ببـینم کـە لای ئەوی دیکە شـتـی داخـراون. لە ڕاسـتـیـدا ئەوانەی پێـوەندی نێـوان (من و تۆ)یان (ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا) وەک ئیـدوارد سـەعـیـد، قوولترو مەحالتر دەکەن دەیانەوێ وەک خواوەند (لیگبا) لە مـیـتـۆلۆژیای ڤـوودو (Voodoo) و خـــواوەند (هیرمس) لە مـیـتـۆلۆژیای گریکی کۆن، هەردوو لایەنی پێـوەندییـە کـە لەیەکـتـر ئاوارە بکەنەوە. ڕاسـتـە وەک ئیـدوارد سـەعـیـد دەڵێ: (قـەیرانی ئەوی دیکە) لەنێـو جـەرگـەی گـوتارە مـۆدێرنەکـەمـاندا هەیە و هۆیەکـەشی دەگـەڕێـتەوە بۆ (پێـوەندییـە کـۆلـۆنیـالێـیـەکـان)، بەلام جــیــهــانی ئیــمــڕۆ وەک تۆڕێک لە پێـوەندییــە نێـو دەوڵەتیــیـەکـان و ڕاگـەیاندنەکـان و زانسـتـیـیـەکـان وتەکنۆلۆژیا پێـشکەوتووەکـان، مـەبەست و ئامـانجـێکی یاخود پیلانێکی پێشوەختەی کۆلۆنیالیزم نەبووە، بەڵکو دەرەنجامێکی حەتمی ئەم کۆلۆنیالیزمە بووە.

**سەرچاوەکان:**

**١- محنة الثقافة، ميشيل ريجاردسون، الطبعة الاولى، ١٩٩٠.**

**٢- الاستشراق: ادوارد سعيد.**

**٣- فلسفة النهضة، جيمي دورهام، ١٩٨١.**

# کۆمەڵگایەک
# بە خەڵکی گەردیلەییەوە

**«لە نووسراوەکان تەنیا ئەوەم خۆش دەوێ کە بەخوێنی خۆیان نووسیبێتیان. بەخوێن بنووسە تاکو بزانی کە خوێن گیانە.**

**تێگەیشتن لە خوێنی بێگانە ئاسان نییە: ڕقم لەوانەیە کە خوێندنەوەیان لاوەکییە»**

**«نیتشە»**

کۆمەڵگایەک لە پێشکەوتندایە کە بە خەڵکەکەی ئیمکان و دەرفەتی گەشەی مرۆڤانە بدات. بە پێچەوانەی ئەوەوە کۆمەڵگایەکی لە کارکەوتوو پێکدێت بەخەڵکێکی لاواز و گەردیلەییەوە کە جگە لە بیری زیندوو بوونیان، شتێکیان لە زەیندا نابێت و خەڵکەکەی ژیانی ئەورۆیان بۆ کرینی نانی سبەی دەفرۆشن، بەڵام دەبێ بزاندرێ کە هەر ئەو خەڵکە چەندەیان قسە پێیە خەمی نان ئەگەر لێیان گەڕێ» (١).

ئەوەی شیاوی مرۆڤە و لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بەدوای بە کردەوە کردنیانەوە بوون و هەیش، لە کۆمەڵگا پوپولیستیەکاندا، لەوان دەسەندرێتەوە و کۆمەڵگایەکی لەچوارچێوە دراو بە خەڵکێکی ناهومێد لە چاک بوون کە دەرەوەیەک بێجگە لەخۆیان نابینن، پێکدێت. لە مێژووی مرۆڤدا کۆمەڵگای داخراو پێشنیەیەکی کۆنی هەیە، پۆپەر دەڵێ کە وەها کۆمەڵگا گەلێک تایبەتمەندی هاوبەشی دیاریان هەیە- تایبەتمەندیگەلی دیار لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی تایبەتی بیرکردنەوە. بۆ وێنە بنیادەکان و شێوازە

سەباح موفیدی
(سنە)

کۆمەڵایەتییەکان لە هەموویاندا تاڕادەیەک نەگۆڕ و بێ جموجۆڵن، پێگەی تاک لەنێو کۆمەڵیشدا هەروەهایە. دەڵێ هۆی ئەوەش ئەوەیە کە بیرکردنەوە لەو کۆمەڵانەدا سیحراوییە ناعەقڵانی. ئەوەی لەم کۆمەڵانەدا لەسەر ئاکار حاکمە تابۆیە، تا بۆ گەلێک کە زۆرتر چۆنیەتی ئاینییان هەیە، کەوایە ئەو شێوازانەی کە هەن و پتەو و نەگۆڕن ناکەونە بەر ڕەخنە. کەسێک کە لەوەها کۆمەڵێکدا دەژیت ئازادی هەڵبژاردنی تاڕادەیەک کەمە و لە ئاکامدا (بەرپرسایەتی تاکی ئەو لە هەمبەر کردەوەکانیشیدا کەمە. ئەندامانی کۆمەڵگای داخراو تووشی هیچ جۆرە پرس یا دووڕیانێکی ئەخلاقی نابن، چونکە ڕێگای «ڕاست»ی ئاکار نەگۆڕ و دیارە(٢).

هەندێک لەو بڕوایەدان کە گەشەی ڕامیاری دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری. بەرگیری لە گەشەی سیاسی خەڵکی بە ئامێربوونی و مادی پێکدێنێت، هەڵبەت بەبێ بیری ئابووری، چونکە بیروهزریان لێ دزیون، بەڵکو تەنیا بۆ نانی ئەوڕۆ، چونکە سبەی خودا گەورەیە. بەڵێ پیشانیان داون کە بێجگە لە وشەیەک نەزانن، «نان». بەقەدەغەی زانیاری سیاسی، بیری ئابووریش نامێنێت، مرۆڤگەلێک تەنیا لەبیری چارەسەری پێداویستییە فیزیۆلۆژییەکانی ئەوڕۆکەییدا چێ دەبن کە بەدوور لە زانیاری سیاسی و داهاتوو بینی ئابووریدان. بۆیان گرنگ نییە کەچی بەسەریاندا دێت، گەردیلە گەلێکین کە یەکتریان لەبیرچووەتەوە. هەڵبەت ئەمە خۆ لەخەودانە، ئاساییترین دژ کردەوەی خەڵکی گەردیلەیی لە هەمبەر دۆخێکدا کە هەیە. بەوتەی فەیلەسووفی چینی: «کەسێک کە خەوتووە دەکرێ لە خەو هەڵیسێنی، بەڵام کەسێک کە خۆی لەخەو داوە هەڵسانی هەستەمە». کەوایە گەردیلەکان لە هەمبەری کۆمەڵ و دیتراندا بەرپرسایەتیان نییە و چ بێ لایەنن لە هەمبەر ستەم بەسەر هاو جۆریاندا. مرۆڤانی قاپلۆخکراوی سووک، کە بە کۆمەڵ بە سووکە فوویەک دەگواسترێنەوە و بۆ هەر کوێ بیانەوێ ڕایاندەکێشی، ئیتر ئەوەی کە، ساکارە پێکهێنانی کۆمەڵگایەک کە دوابینی ڕووداوە سیاسیەکانی هەستەمە.

لە خەڵکی لەچوارچێوە لێدراوی نێو پووچەڵ و بێ بیر، چاوەڕوانی کردنی پێکهێنانی کۆمەڵگای شارستانی، خولیایەکی پتر نییە. ئەمانە گەردیلەی وشک بوون. ماهاتیر محەمەد گوتەنی: «هیچ دەسەڵاتێک وەکو هزر و بیر نییە» چ زیرەکانە ئەم دەسەڵاتە لەم کۆمەڵگایانە وەردەگیردرێ و کەسیش زاتی پرسینی «چارە چییە؟»ی نییە. پێکهێنانی کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمای کۆنەپەرستی چ بێ ساکارە و لەسەر بنەمای بیر (ئەندێشە) چ هەستەم. گرنگ ڕووخاندنە، بەڵام لەوەها کۆمەڵانێکدا نە تەنیا ڕووخاندن نییە، بەڵکو بەکارهێنانی لە پێشدا چێکراوەکان چ زۆرە و لەسەر تروپکی کۆنەپەرستی کۆشکێک لە خەڵکی لاواز و گەردیلەیی چێکردن چ ساکارە. کۆمەڵگایەکی کۆنەپەرست بە مرۆڤانی ناڕازی و هەمیشە گلەییکەر لە هەموو شتێک، بەڕاستی کە لەوێدا ئەو ڕووداوانەی کە پێشبینی ناکرێن چ زۆرن. ئیتر ئەوەی کە مرۆڤانی کۆنەپەرست ئەگەری هاتنی گۆڕانکاری بەسەریاندا زۆر کەمە.

گرتنی بیر لە مرۆڤەکان، کوشتنی کۆمەڵگایە. ئەم خاپوورکردنەی زەینەکان تایبەتمەندی دیاری ئەم کۆمەڵگایانەیە و ئیتر ئەوەی کە سەیری کوژرانی بیر، نەبوونی توانایی بزووتنەوەی مرۆڤانی گەردیلەیی، بێجگە خۆ لە خەودان و ئێستا بەقوربانی داهاتووی نادیار کردن و ژیانیش قوربانی هەندێک بیرۆکەی بە شوێنەوار بوو کردن. بەوتەی دیل کارنگی: «ئێمە ئەوەین کە هزرەکانمان هەن. ئەگەر من بزانم کە خەریکن سەبارەت بەچی بیردەکەنەوە، دەزانم چ کەسێک، چونکە ئەوە هزرەکانی ئێوەیە کە ئێوە چێدەکەن. بە گۆڕینی هزرەکانتان، دەتوانن ژیانتان بگۆڕن»(٣)، بەڵام لە کۆمەڵگایەکدا کە دەرفەتی گۆڕینی هزرەکان نییە و خەڵکی مەحکوومن بە قبووڵی هزری بە شوێنەوار بووی ئەوانی دیکە، چۆن دەبێ ژیان بگۆڕدرێ؟! ڕەنگە هەموو بەڵێنیەکان لەوێدا هۆشەیەکی پتر نەبێت، هیوادار کردن بە داهاتوو چ ساکارە، چونکە ڕووخاندنی ئێستا ساکار و داهاتوویش نادیارە.

لە بۆ چالاکان هێز پێویستە. خەڵکی بە کۆمەڵی تووڕەی بەگیانی پەک کەوتوو، کەی هێزی جووڵانەوەیان هەیە. بەڵێ لە کۆمەڵگا پوپولیستیەکاندا، تاکەکان بوونەتە گەردیلەیی، گەردیلەگەلێکی بێ گیان و پەککەوتوو. چ زۆرینەیەک لەوانە دەتواندرێ لەیەک بگوشرێن و لە کۆیەکدا خڕ بکرێنەوە، بەڵام چ هەستەمە سەرکوت کردنی مرۆڤانی بەهێز و چ هەستەمە بەدوا ڕاکێشاندنیاندا و چ جوانە پێڕەوی لە خەڵکی بەهێز،

ئەوکاتەی کە خەڵک، هەندێ کەسان بەدوای خۆدا ڕادەکێشن نە هەندێ کەس، خەڵکی بەدوای خۆدا ڕابکێشی. مرۆڤانی بەهێز، کۆمەڵگایەکی نا پوپولیستی و بەهێز پێکدێن کە خەڵکی دەسەڵاتدارن، بەڵام لە کۆمەڵگاگەلێک بەمرۆڤی لاوازەوە، کەسانن کە خاوەن دەسەلاتن نە خەڵک، لە شەکانن کە لە جموجۆڵدان نە هزرەکان. بە ڕاستی نیشانەی مەترسی و هەڕەشە پێویستە لە دەوروبەری ئەم کۆمەڵگایانەدا.

کۆمەڵانێک بە خەڵکی خۆدادۆڕاو و لەخۆ پووچەڵ بوو و لەلایەک ئەوانی دیکەوە پڕەوبوو. مرۆڤانێک بەمێشکی شۆردراوە، کە لەخۆیانەوە شتێکیان بۆ گوتن نییە، غەیری دووپاتی وتەی ڕابردووان و دیترانی زاڵ. کەلتوورگەلی دەستکرد بە خەڵکی شیزۆفرینەوە. بەڵێ بۆ مرۆڤی نائاگا. لەسەر ڕێگای چلاوی، دووبارە بەیەکگەیشتووی دامەزراندا، هەڵبژاردن گەلێک هەستەمە. بەناچار دەبێ هەڵبژێرێ، هەرچی دەبێت با بێت. گەردیلەکان تەنانەت ئیزنی هەڵنەبژاردنیشیان نییە.

بەڵام تێرامانێک پێویستە، بەڕاستی ئەم خەڵکە چ گوناهێکیان هەیە؟ وەها کارەساتێکی مرۆڤانە کە نابێت بە سەرخودای دابێنین. بەلایەکی سروشتە نییە، ئەمانە خولقێنەرەکانیان هەندێک خودایانی زەوین.

کەوایە، ئەم کۆمەڵگایانە مەحکووم بەخەون، بەدۆڕان، دۆڕانی ڕەها، مەحکووم بە سنووردارکردنی خۆیانن و مانەوە لە هزرە بە شوێنەواربووەکان و ڕەق هزربدا، مەحکووم بە نەبوونی پێوەندی لەگەڵ دەرەوەدا، کۆمەڵگایەک داخراو بەخەڵکێکی تامەزرۆی نانی سبەی، خەڵکێکی لاواز و بەبێ هێزی بیروهزرەوە، بەڵام «چەندەیان، پێیە خەمی نان ئەگەر لێیان گەڕێ».

**سەرچاوە:**

**١- وەرگیراو لە شیعری شاملو، «چەها سخن خواهم گفت غم نان اگربگذارد..»**

**٢- دیل کارنگی، آئین سخنرانی، ص٢١.**

**٣- مایکل ایچ لسناف، فیلسوفان سیاسی قرن بیستم، ترجمه خشایار دیهیمی (تهران: نشرکوچک، ١٣٧٨)، ص٢٩٣.**

# چیرۆکەکانی هەزارو یەک شەوە

عەرەبەکان بەو کتێبە دەڵێن: «الف ليلة وليلة» یان کتێبی خورافات، واتە چیرۆکی دروست کراو و باوەڕنەکراو، هەروەها نووسەرە مەسیحییە ئەوروپاییەکانیش بەشێوەیەکی باش نەیاندەڕوانییە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، تا ماوەیەکی زۆر بیروڕایەکی باشیان بەرامبەر بەو شێوە ئەدەبیاتە نەبوو. لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا لە وڵاتی میسر بیروبڕوایەکی خورافییانە بڵاوبووەوە کە هەرکەسێک ئەو کتێبە بخوێنێتەوە، لە ماوەی ساڵێکدا ئەجەل بە شوێنیدا دێت. لە ساڵی (١٩٨٥) کۆمەڵەو دەستە ئایینییەکان ناڕەزایەتی خۆیان لە بەرامبەر دادگای باڵای میسر دەربڕی سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی بەرگێکی کتێبی هەزار و یەک شەوە.

مێژوونووسان دەڵێن، چوارچێوەی ئەم جۆرە چیرۆکانە لە سەدەکانی (٤ - ٥)ی زایینی لەنێو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە. لە سەدەی هەشتی زایینی لە ناوچەی نێوان دوو زێیە کە (میزۆپۆتامیا) واتە عیراقی ئێستا، کتێبێک بە زمانی فارسی بەنێوی کتێبی هەزار ئەفسانە نووسراوە، کە عەرەبەکان پێیان دەوت هەزار خورافە.

کۆنترین دەستنووسی ئەم کتێبە لە تشرینی یەکەمی (١٨٧٩)ی زایینی لە عیراق نووسراوە، واتە شوێنی فەرمانڕەوایی عەباسییەکان کە لە ساڵی (١٧٥٠)ی زایینی فەرمانڕەوای عیراق و هێندێک ناوچەی دیکەیان دەکرد. لێکۆڵینەوە تازەکان دەریان خستووە کە تا

**سارا ئەرمەنی**
**لە فارسییەوە: ئەحمەد ڕەحمانی**
**(کوردستانی ئێران)**

ئەمڕۆش هەموو ئەو شتانەی کە لە چیرۆکەکاندا هاتوون و باسیان لێوە کراوە وەک گەڕەک و بازاڕەکان و هەموو ئەو زانیارییانە ڕاستن کە لەسەر شارەکانی بەسرەو بەغداو دیمەشق و قاهیرەو سەمەرقەندو بوخارا نووسراون. سوڵتان مەحموودی غەزنەوی (٩٩٨ - ١٠٣٠)ی زایینی کە بە هاندەری هونەر، ئەدەبیات، مۆسیقاو زانستی بیناسازی بەناوبانگە، یەکێک بووە لە لایەنگرانی بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە لەژێر ناوچەی فەرمانڕەوایی خۆیدا. چیرۆکەکانی ئەو کتێبە، کە بە بیروڕای هێندێک کەس بەشێک لە ئەدەبیاتی پەروەردەکردنن، بەشێوەیەک کە وانەی میهرەبانی و نەرمونیانی و عەدالەت و جوانی فێری خەلیفە تووڕەو تۆسنەکان دەکرد.

چیرۆک بێژە شارەزاکان کە لە سەراو پەردەی خەلیفەو شازادەکان خەریکی ئەو پیشەیە بوون، بەپێی تێڕوانین و هونەری خۆیان ڕووداوی چیرۆکەکەیان دەگۆڕی، بۆ وێنە، ڕووداوەکانیان وا دروست دەکردو باسیان لێوە دەکرد کە هێندێک کات لە کۆتاییدا بە دەگمەن گوێگر یان خوێنەر دەیتوانی سەرەتای چیرۆکەکەی وەبیربێتەوە. یان بۆ وێنە لە چیرۆکی (پاشا)دا پاڵەوانی چیرۆک سێ جار لەگەڵ کچێکی دیاریکراودا دەبێتە هاوسەر، ئەوە زۆربەی بەهۆی لەبیرچوونەوەو گوێنەدانی گێڕانەوەی چیرۆکە کە بەشێوەی وتن ئەو چیرۆکە بۆ ئامادەبووان دەگێڕرێتەوە.

خۆشترین چیرۆکەکانی ئەو کتێبە، چیرۆکەکانی، عەلی باباو چل دزەکە، سەندبادی دەریایی، عەلائەدین و چرای جادوویی، گوڵی هەنار، پەری دەریایی و مارفی پینەدۆزە. ژمارەی چیرۆکەکانی کتێبی هەزارو یەک شەوە دەگەنە دووسەد دانە، کە لەوانەیە گێڕانەوەی هەر یەکێک لە ئەوان زیاتر لە شەوێکی بخایاندبایە. عەرەبەکان دەستیان کرد بە گۆڕینی نێوی هێندێک لە چیرۆکە ئێرانی و هیندییەکان لەبەرئەوەی بۆ ئەوان بێگانەو نائاشنا بوون. ئەو کتێبەیان بە ئەدەبیاتی خەڵکی دەزانی کە خەڵکی ئاساییش بە زمان و سەلیقەی تایبەت بە خۆیان دەیانگێڕایەوە. لە چیرۆکە جۆراوجۆرەکانی ئەو کتێبەدا ئاماژە بە سەدە جۆراوجۆرەکان، پاشاو دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکان دەکرێت. بۆ وێنە لە پاشای ئەفسانەی سلێمان-ەوە بگرە کە گوایە لە سەدەی (٩٦٥ - ٩٢٧) پ.ز. ژیاوە تا پاشای ساسانی خوسرەو ئەنەوشیروان (٥٣٩ - ٥٧٠)ی زایینی، لە حاتەمی تایی وەک نموونەی گەورەیی و بەخشندەیی عەرەب، تا باق و بریقی سەردەمی (هاڕوونە ڕەشید) لە ساڵەکانی (٧٨٦ - ٨٠٩)ی زایینی و لە فەرمانڕەوایانی دەسەڵاتدار بەسەر میسردا لە ساڵەکانی (١٢٣٣ - ١٢٧٧)ی زایینیدا.

لە چیرۆکی (ئەردەشێرو حاجر)دا وەسفی شکۆ و مەزنایەتی دەربار، بیرو دابونەریتی خانەدانەکان کراوە. لە بەناوبانگترین نێوی ناو چیرۆکەکانی ئەو کتێبە، گوڵی هەنار، فریشتە، ئەفسانە، دین ئازاد، شەهرەزاد، شەیدا، نیازاد، (تاج الملوک)، پەری باشی، جەواهیر، مەرجان، شەمس، سەندیباد، شەهریار، غولام، عەلی خواجە، بابا عەبدوڵلا، جیهانشا، شازەمان، سەمەندەرو... تاد.

بەناوبانگترین چیرۆکی ئەم کتێبە «عەلی بابا و چل دز»ە کە منداڵان و مێردمنداڵان لە هەموو جیهاندا لایەنگری لێ دەکەن و نووسەران سوود لە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە وەردەگرن. هێندێک لەوانە پسپۆڕییان لەبواری چیرۆکدا هەیە، دەڵێن کە ئەو کتێبە بەناوبانگترین کۆمەڵە چیرۆکی ئەفسانەی ڕۆژهەڵاتە کە چوارچێوەی گشتی ئەو نەک لە وڵاتی هیند، بەڵکو لەوانەیە لە میسری کۆنەوە سەرچاوەی گرتبێ. میسر لە زۆر سەدانداا وەک رووگەیەک بووە بۆ هونەرمەندان و جادووگەرەکان و ئەوانەی کاردەستی خێرا دەکەن، ئەوەی کە زیاتر دەوڵەمەندی کرد، ڕەگەزەکانی چیرۆکی فریشتەو ئەرواحی فەرهەنگی ئێرانی، ڕەخنە ئەدەبییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسییەکان لە بەغداو جادووگەران و دێوەکان، مەیدانگێڕانی فەرهەنگ و کۆمەڵگای میسری کۆن بوون، ئەگەرچی تەواوی سەفەرەکانی (سەندیباد) بۆ لای ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هیند و ژاپۆن و دوورگەکانی سۆماترا و شوێنی دیکەبوو، هیچ کامێک تەنانەت لە یەکەمین کتێبدا کە نووسراوە ناوی وڵاتی چینی کۆنی نەبردووە.

لەبارەی خۆشەویستیی تایبەتی چیرۆکەکانی ئەو کتێبە لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا، بیروڕا وایە کە گوایە گوێگرەکان بە بەردەوامی هەموو ڕۆژێ ئێواران لە شوێنێک کۆ دەبوونەوە، چیرۆک بێژێکی بەتوانا هەر بەشە لە چیرۆکەکەی لەگەڵ کۆمەڵێک ڕووداوی سەرسوڕهێنەر بەتام و چێژێکی تایبەتی دەگێڕایەوە،

کـاری ئەوان وەک زنجـیـرە تەلەفـزیۆنییـەکـان، یان درێژەکێشانی بەشە ڕۆمانەکان لە بڵاوکراوەکاندا نییە. ئەگەرچی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شارەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جوانی و ڕەنگاوڕەنگی تایبەت بەخۆی هەبوو، هەستی هونەردۆستی و جوانناسی لەنێو چینەکاندا بەهێز بوو، بەڵام مەسەلەی مردن و بەجێ هێشـتنی ئەو ژیانە لە ئەدەبیـاتی چیـرۆکی ئەوکـاتدا جێگەی تایبەت بەخۆی هەبوو. ئەم جۆرە چیرۆکانە تەنیا تایبـەت بە منداڵان نەبوو، بەڵکو زۆربەی دایکان یان پیـاوانی بەساڵداچووی گـەڕەکـەکـان بوون کـە کـاتێک شـەوان لە دەوری یەکـتـر کـۆ دەبوونەوە بۆ یەکـتـریان دەگێڕانەوە. لە سەردەمی عەباسییەکاندا، ئەدەبی چیرۆک دەورێکی کـاریگەری هەبوو بۆ پێگەیاندن و بارهێنانی سـەرەتایی نەوەی نوێ بۆ ئەوەی بتـوانن پیـشـەیەک وەدەست بێنن.

هونەری چیرۆک بێژی، یەکێک لە گرنگترین هۆیەکانی وەدەست هێنانی داهات بۆ گـرووپە گـەڕۆکـەکـان بوو، ئەرکی ئەو جـۆرە ئەدەبیـاتە، جگە لە بارهێنان و پەروەردەکردنی منداڵان و مێردمنداڵان، ئاگاداربیەک بوو بۆ گـەورەکـان، فـەرمـانڕەواکـان و هێندێک لە مـشـەخـۆرەکـانی کـۆمـەڵگا. منداڵانی دەوڵەمـەندو فەرمانڕەواکـان لەم ڕێگایانەوە لەوانەبوو شتی گـشـتی فـێـربن هەرچەندە ئەو شـتـانە بۆ خـۆخـافـڵاندن بوون. هەروەها لەبواری ئەدەبی و زمانناسییەوە ئاشنایەتییان لەگـەڵ پارچە شـیـعـرو پەخـشـانی جـوان پەیدا دەکـرد. لێکۆڵەرەوانی چیرۆکی (سەندیبادی بەحری) بە وێچووی (ئۆدیسەی هۆمیرۆس) دەزانن، واتە ئەو جۆرە ئەفسانانە لە سـەرەتادا بۆ شـازادە ئێـرانی و یۆنانییـەکـان بە تێپەڕبوونی سەدەکان دروست کـراون. پاشـان خـەلیـفـە عەرەبەکان دەستیان کرد بە کۆکردنەوەیان تا لە داهاتوودا بگەنە دەسـتی چینی خـوێندەوارو بەشـێکی زۆر لە خـەڵک، بە پێـشـکەوتنی شـارەکـان و قـەڵەباڵغی دەوروبەرەکانیان، هەڵکەوتنی هەل بۆ چینە هەژارەکان بۆ خـوێندن، هونەری چیـرۆک وێژی بۆ هۆی دڵخـۆشی و سـەرگـەرمی چینەکـانی خـواروو لە شـار و لە دێ، لە یەکـێک لە چیـرۆکـەکـاندا سـەندیبـاد دوای گـەڕانەوە لە سـەفـەری دووەم بۆ وڵات، یارمـەتی بە هەتیـوان و بێـوەژنەکـان دەکـات، جلوبەرگی گـەرم بۆ هەژاران و پێخواسان دابین دەکات. لە چیرۆکێکی دیکەدا عـەلی بابا مـرۆڤـێکە مـیـهـرەبان و داوێن پاک، بەڵام هەندێ ساویلکەو ترسنۆک. لەو چیـرۆکـەدا بۆ یەکـەم جـار باسی بەکـارهێنانی قـاوە دەکـرێت، ناوێک کـە لە سـەرچاوە عـەرەبییـەکاندا لە سەدەی شازدەی زایینی بەولاوە تۆمار کـراوە، خـاوەن بیـروڕایان لەسـەر ئەو بـاوەڕەن کـە هونەری وێنەکـێـشـان، تەکنیکی چاپ کـردنی کـتـێب و هونەری مۆسیقا لە ئەورووپا کاریگەریی لەو کەشە ڕۆمانتیکییەی چیـرۆکـەکـانی هەزار و یەک شـەوە وەرگـرتووە، دیاردە ڕەنگاوڕەنگ و هەمـە چەشنەکـانی نێـو ئەفـسـانەکـان گـەواهی ئەوەن کـە خـۆشی ژیانی شـار، جـوانی و چێـژ لێـوەرگـرتنی ژیان بەشـێـک بوون لە خـەیاڵی چینە جۆراوجۆرەکـانی ئەو کـاتی کـۆمـەڵگا. مەیدانی زۆربەی چیرۆکەکان، شارە پێشکەوتوو و دەوڵەمـەندەکـانن، بە فـەرهەنگێکی هێندێک پێـشـکەوتووی ڕۆژهەڵاتی و ئیـسـلامی سـەدەکـانی ناوەڕاست. ئەوانە نەک گـەواهی جـوانیی ئەو سـەردەمـەن، بەڵکو شـوێنێکن بۆ ڕووداوی گرنگی مێژوویی و جیهانی.

گەڕەک و شەقامەکان، مزگەوتەکان، کۆشکە جوانەکان، باغـچـەو پارکـەکـان بە باڵـندەی جـوان و ڕەنگـاوڕەنگ و مـیـوە جـۆراوجـۆرەکـان، ژیانی ڕازاوەی ئەو جـیـهـانە، جلوبەرگە گران بەها ئاوریشمییەکان، بۆن و دەرمانە بۆن خۆشەکان، میسک و عـەنبەر، خواردنی خۆش، شەربەتی بەتام، زێڕو زیو و بەردە گرانبـەهاکان، ئەوانە وەسفێکن کە لەو کتێبـەدا هاتوون کە باس لە شوێن و ژیانی چینە فەرمانڕەواکان دەکات.

ئەرنست بلوخ (١٨٥٥ – ١٩٧٧) فـەیلەسـووفی کـۆمـەڵناسی ئەڵمـانی لە کـتـێبـەکـەیدا «اصل امـید» دەنووسێت، چینی کۆمەڵگەی وردە بۆرژوای شارستانی ئەورووپا، لە سەرەتای بەرەو پێشچوونی خۆی، پێویستی بەو جۆرە وەسف و هێزە کێشکردنە سیحراوییەی ژیان و سروشت و وێنە خـەیاڵییـەکـانی هەبوو بۆ پێک هێنانی گـیـانی سـەفـەرکـردن و ئاژاوەنانەوەی لاوەکـانی خـۆی. خـەیاڵی ژیانی سـاکـارو ڕەنگاوڕەنگ و ڕۆمـانتـیک لە غـوربەتدا، لەوانە سـەفـەرکردن بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات، تا ئێستاش ئەو چیرۆکانە خوێنەر وەجۆش و خرۆش دەخات، بە بیروڕای هێندێک لە کۆمەڵناسان، ئەو شتانەی کە لەو چیـرۆکـانەدا باس کـراوە گـەواهی ئەوەن کـە مـرۆڤی

سەردەمەکانی پێشوو بەدوای شارێکدا بوون کە عەدالەت لەودا فەرمانڕەوا بێت. بۆ نموونە لە چیرۆکی بەناوبانگی (مەعرووفی پینەدۆز)دا پیاوێک لە چینی زەحمەتکێش هەیە. مرۆڤێکی پاکە کە دژی خراپەو بەرتیل خواردن و دەسەڵاتخوازیی دەسەڵاتداران خەبات دەکات. بە هاوکاری ڕاستگۆیی و کاری باش و بڕوای پتەو، یاسایەکی عادیلانە لە شوێنی خۆی دەچەسپێنێ.

لە سەدەی (١٩) لە ئەوروپادا کورتکراوەی ئەو کتێبەیان، بەشێکی لابراوی ئەو کتێبە تەنیا بە دزی و بەتایبەتی دەستاودەستی پێدەکرا، چونکە کڵێسای مەسیحی ئەو کتێبەی بە شتێکی خراپ دادەنا، لەبەرئەوەی هێندێک ڕووداوی خۆشەویستی تێدابوون. لەلایەکی دیکەوە ئیسلام سەردەمانێک بۆ ئەوروپای مەسیحی وەک مەترسییەکی گەورە دەژمێردرا. دوای شەڕی خاچپەرستەکان و نشوستی هێنانی سوپای تورکە عوسمانییەکان لە دەروازەی چوونە ژوورەوەی شاری (ڤیەننا) لە ساڵی (١٦٨٣)ی زایینیدا، ترسی ئەوروپا لە هاوسێ نەناسراوە ڕۆژهەڵاتییەکەی کەم بووەوە، بۆ ئەوەڵین جار ئەوروپا بە هاوکاری دیمەنە جوانەکان، مرۆڤایەتی و خەیاڵەکانی ئەو کتێبە وێنەیەکی تازەی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فەرهەنگی ئەوێ دەست کەوت، وێنەیەک کە جیابوو لە ڕاگەیاندن و بیرەوەری تاڵی شەڕی خاچپەرستەکان و بوونی عوسمانییەکان لە ئەوروپا.

یەکێک لەو چیرۆکانەی کتێبی هەزارو یەک شەوە، چیرۆکی کچێکە بەناوی شەهرزاد. شەهریار یەکێک لە شازادەکانی ساسانییە، شەهریار بە مەبەستی دیداری برا بچووکەکەی کە فەرمانڕەوای سەمەرقەندە وەزیرەکەی خۆی ڕادەسپێرێ کە ئەو دیدارە ڕێک بخات. پاش ئەوەی کە (شا زەمان)ی برای شەهریار ئەو داوایە قبووڵ دەکات، ڕێگە دەگرێتە بەر تاکو بۆ لای برا گەورەکەی واتە شەهریار بێت، بەڵام لە ڕێگادا بۆ ئەنجامدانی کارێک دەگەڕێتەوە شارەکەی و کۆشکەکەی خۆی، لەوێ لە باغی کۆشکدا هاوسەرەکەی دەبینێ کە لەگەڵ یەکێک لە خزمەتکارە ڕەش پێستەکان خەریکی چاک و چۆنی-یە، شک و گومان بەسەریدا زاڵ دەبن، دەست دەکا بە کوشت و کوشتاری ژنان لەو ناوچەیەدا. هەر بەین نابەینێ کچێکی جوانی هێناوەو پاشان کوشتوویەتی، خەڵکی شارو کێو کەوتنە ترسەوە، ڕێگەی هەڵاتن و کۆچکردنیان گرتەبەر، چونکە لێیان ڕوون بوو کە بەو زووانە کچێک لەم ناوەدا بە زیندوویەتی نامێنێ. ئەژدەهاکی تازە هەمیشە داوای یەکێک دەکات، لەو کاتەدا شەهرزاد کچی وەزیر خۆی بۆ بەربەرەکانی ژیان و مردن ئامادە دەکات و داوای هاوسەرایەتی لە شازادە دەکات، بۆ پێشگرتن لە بەکوشت چوونی خۆی، بە یارمەتی خوشکەکەی (دینازاد) هەر شەوە چیرۆکێکی خۆش بۆ شا دەگێڕێتەوەو پاشماوە گرنگ و خۆشەکەی بۆ شەوی داهاتوو دەهێڵێتەوە، بەو شێوەیە، گوایە بە ترس و لەرزەوە شەوەکانی چیرۆک وێژی دەگەیەنێتە هەزارو یەک شەو، تا لە کۆتایی خەبەر بە شا دەدا کە ئەو لەو ماوەیەدا سێ منداڵی لێی بووەو منداڵەکان دێنێت بۆ لای باوکیان. شا فرمێسکی شادی دەڕێژێ، منداڵەکان لە ئامێز دەگرێت و بیری کوشتنی شەهرزاد ئەو کچە ئەدیب و چیرۆک وێژە لە مێشکی دەباتەدەر. بە وتەی خاوەن بیروڕایان، لەو ڕێگەیەوە ئەدەبیات دەبێتە هۆی پێشگیری لە کوشتن و ترسان. ئەو گیانی نەخۆشی دەسەڵاتدار تیمار دەکات و بۆ یەکەمجار کچێکی لاو دەست بەسەر کۆشکی بەرزی ئەوکاتی چیرۆک وێژیدا دەگرێت کە تەنیا لەژێر دەسەڵاتی پیاواندا بووەو نیشان دەدا کە بەپێچەوانەی ئەوکات ژنەکانیش خاوەنی ئەدەب و ئەقڵ و مێشک و هونەرن.

**سەرچاوە:**

**(آوای زن)، ژمارە (٣٤)، پاییزی (١٩٩٨).**

# گرنگی (بەرکار) لە ئاستی ڕێزمانی کار و ڕێزمانی چاوگدا

د. شێرکۆ بابان
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئەندازیاری)

**دەستپێک**

لە ئەو کاتەوە کە ئێمە دەستمان داوەتە تۆژینەوە لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا کۆلکەی (بەرکار) وەک ڕەگەزێکی گرنگ و بایەخدار هاتووەتە پێش چاومان لە چەندین جێدا گرنگی ئەم کۆلکەیە دەرکەوتووە، بە تایبەتی لە ڕێزمانی (چاوگ)دا. هەر بۆ نموونە وەک چۆن چاوگی (نووسین) هەیە هەر ئاوهاش چاوگی (نامەنووسین، وتار نووسین، هۆنراوە نووسین، هەواڵ نووسین...) هەیە. بەسەرنجێکی هورد و زرنگ لە ئەو نموونانە دەبینین کە چاوگی (نووسین) خانەیەک هەڵدەگرێت و ئەو خانەیەش دەرگاکەی کراوەیە بە ڕووی کۆلکەی (بەرکار)دا، بە واتایەکی تر لە ئاستی هەر (بەرکار)ێکدا دیوێکی تر لە چاوگی (نووسین) پەیدا دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چاوگانە بە ڕاستەوخۆیی دەبن بە نوێنەری ئەو ڕستانەی کە ئەو (بەرکار)ە هەڵدەگرن، لەلایەکی ترەوە دەبینین کە ئەو چاوگانە سیمای (کار)یان پێوە دیارترە لە سیمای (ناو)، هەر بۆ نموونە چاوگی (نامەنووسین) جیاوازە لە دەستەواژەی (نووسینی نامە) ئەوەی یەکەمیان سیمای ڕستەیەک هەڵ دەگرێت لە چەشنی (من نامە دەنووسم)، چونکە وشەی (نامە) بە هەمان ڕێزمانی کاری (نووسین) وەک کۆلکەی بەرکارە چی لە ڕستەکەداو چی لە چاوگی (نامە نووسین)دا، بەڵام لە دەستەواژەی (نووسینی نامە)دا هەڵوێستەکە جیاوازەو دوو (ناو) بە ئامرازی (ی) بەستراون بەیەکەوە هەر لەبەر ئەو هۆیانە دەشێت چاوگێکی وەک (نامەنووسین) ناوبنرێت (چاوگی بەرکاردار) و جودا بکرێتەوە لە

جۆرەکانی تر لە هەندێک چاوگیشدا کۆلکەی (بەرکار) واتای کارەکە دەگۆڕێت، هەر بۆ نموونە واتای چاوگی (سوێند خواردن) و (خەفەت خواردن) جیاوازە لە واتای چاوگی (خواردن) و (نان خواردن). هەر لەبەر ئەوە پێویستە دەروازەیەک بکەینەوە بۆ کۆلکەی (بەرکار) لە ڕێزمانی چاوگدا، چونکە واتای چاوگ دەگۆڕێت.

**چاوگ وەک کوانوویەک لەبۆ ڕیژەکانی کار**

لەنێو فەرهەنگی زماندا ناشێت و نابێت گشت ڕێژەکان تۆمار بکەین، دەبێت ئەو چاوگە دیاری بکەین کە گەردان دەکرێت و ئەو ڕێژانەی لێ دروست دەبن. هەر بۆ نموونە چاوگی (خواردن) ڕیزێک لە ڕێژەی ڕستەسازیانە دەخاتەوە، وەک:

**من دە (خۆ) م**
**من (خوارد) م**
**من دەم (خوارد)**
**من (خواردبوو)م**
**من (خواردوو)مە**

ئەو ڕێژانەی کە بە (کەوانە) دیاری کراون دەگەڕێنەوە بۆ چاوگی (خواردن) و دەشێت چاوگەکەیان بکەین بە نوێنەریان لەنێو فەرهەنگدا و لە تەنیشتی وشەکەوە هێمای (کار) دیاری بکەین. ئەمەش بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ پاشکۆی فەرهەنگەکە و لەئەوێدا گەردانامەی گشت ڕێژەکانی ئەو کارە ببینین. لەلایەکی ترەوە دەشێت وشەی (خواردن) وەک (ناوی چاوگ) سەودا بکەین و وشەی (ناو) یان (ناوی چاوگ) بە هێمایەک دیاری بکەین لەلایەوە. لە ڕاستیدا وشەی چاوگ، چی لەبۆ کاری (خواردن) و چی لە بۆ هەر چاوگێک لەزمانەکەدا، ئەوە پەسند دەکات کە وەک (کار) و کە وەک (ناو) سەودا بکرێت. لە زمانی فەرەنسییدا ناوی چاوگ دادەنرێت و بەهێمای (کار) دیاری دەکرێت. هەر بۆ نموونە بۆ کاری (خواردن) دەنووسرێت (manger) و لە تەنیشتیەوە هێمای (کار) دادەنرێت و لە پاشکۆی فەرهەنگەکەشدا، گەردانامەی گشت ڕێژەکانی ئەو کارە دیاری دەکرێت.
لە زمانی ئینگلیزیدا، چاوگی (to eat) بەکاردەهێنرێت، پاشان وەک وشەی (to) گشتییە لادەبرێت و دەکرێت بە (eat) و هێمای کاریش لە لاپەڕە دادەنرێت. تەنانەت لە زمانی فەرەنسیدا فەرهەنگ هەیە بۆ گەردانامەی گشت کارەکان کە ژمارەیان نزیکەی دوازدە هەزارە. یان لەزمانی ئینگلیزیدا هەمان فەرهەنگ هەیە بۆ شەش هەزار کار. لە زمانی کوردیشدا، مامۆستای پایەبەرز (تۆفیق وەهبی) ئەو جۆرە گەردانامەیەی پەیڕەو کردووە، یان مامۆستا (عەبدوڵڵا شاڵی) ڕابەرێکی بڵاوکردووەتەوە بۆ کارەکانی زمانی کوردی.

**بەرکار لە ئاستی چاوگدا**

لە زمانی کوردیدا، ئەگەر لە گۆشەنیگای (بەرکاری ڕستە)وە لە (چاوگ) بڕوانین و هەندێک لە ئاکارە ڕەسەنەکانی زمانەکەمان دەبینین. لە ڕاستیدا زمانەکەی ئێمە زۆر حەز لە بەکارهێنانی (بەرکار) دەکات. تەنانەت هەندێک جار کۆلکەی (بەرکار)ی ڕستەکە واتای کارەکە دەگۆڕێت، وەک:

**(نان) خواردن**
**(سوێند) خواردن**
**(داش) خواردن**
**(بەش) خواردن**
**(خەفەت) خواردن**
**(خەم) خواردن**

لە ئەم نموونانەدا، وشەی بەرکار (نان، سوێند، داش، بەش، خەفەت، خەم)، واتای کاری خواردنی دابەش کردووە و ئەگەر (بەرکار)ەکە لابەین، ئەوا واتایەک دەچەسپێت لە چەشنی نموونەی یەکەم (نان) خواردن)، وەک:

**(نان) خواردن**
**(گۆشت) خواردن**
**(کولیچە) خواردن**
**(میوە) خواردن**
**(سەوزە) خواردن**
**(کێک) خواردن**
**(کەباب) خواردن**
**(....) خواردن**

له ئەم نموونانەدا هەرچەندە وشەکانی (نان، گۆشت، کولیچە، میوە، سەوزە، کێک، کەباب،...) بریتی بن لە (بەرکار)، بەڵام واتای کاری (خواردن)یان دابەش نەکردووە و ڕووداوی فیزیاوی کارەکە پتەوە و زیندووە و بنجییە. لە ئەم ئاستەدا، دەتوانین دوو نموونە بخەینە بەر بەراورد، وەک:

**نموونەی یەکەم: (نان) خواردن**

**نموونەی دووەم: (سوێند) خواردن**

لە نموونەی یەکەمدا، وشەی (نان) بریتییە لە (بەرکاری ڕستەسازیانە) و بەس. لە نموونەی دووەمدا وشەی (سوێند) لەلایەکەوە بریتییە لە (بەرکاری ڕستەسازیانە) و لەلایەکی ترەوە بریتییە لە (کۆلکەیەکی واتاسازیانە). کەواتە، وشەی (سوێند) هەم (بەرکار)ە و هەم (واتا گۆڕ). لە ئەم جۆرە بەکارهێنانەدا، واتای وشەی (سوێند) دەبێت بە (واتابەست) لە بۆ واتای پەنامەکی لەکاری (خواردن)دا. ئەوەش لە یاد نەکەین کە لابردنی وشەی (سوێند) دەبێت بەهۆی لابردنی واتای (سوێند خواردن) و گەڕاندنەوەی واتای کاری (خواردن) بۆ (خواردن)ی ئاسایی. لە نموونەی یەکەمدا، لابردن و لانەبردنی وشەی (نان) هیچ ناگۆڕێت لە واتای کاری (خواردن). بێگومان، ئەم دیاردەیە بریتییە لە بەڵگەیەکی بەکار لە بۆ میکانیزمی (واتاگۆڕکێ) بە وشەی (بەرکار). بە واتایەکی تر، کۆلکەی (بەرکار) گرنگییەکی واتاسازیانەی خۆی هەیە، چونکە ناتوانرێت لابردرێت لە هەندێک (کار)دا، یان لە هەندێک (چاوگ)دا. کەواتە کاتێک کە چاوگی (خواردن) ئاوەژوو بوو بە کۆلکەیەکەوە وەک بەرکاری (سوێند)، واتاکەی دەگۆڕێت و دەرگای کارێکی تر دەکاتەوە، کە پێوەندی بەکاری (خواردن)ەوە نییە. تەنانەت لەزمانانی تریشدا، کاری (سوێندخواردن) کارێکی سەربەخۆی هەیە.

**بەراورد لەگەڵ زمانی عەرەبیدا**

لە زمانی کوردیدا، دەشێت چاوگی (کار) لەگەڵ (بەرکار)دا، بە دوو جۆر بنووسین، وەک:

**جۆری یەکەم: نان خواردن**

**جۆری دووەم: خواردن(ی) نان**

لە جۆری یەکەمدا، وشەی (نان) بریتییە لە (بەرکار) و لەسەر پلیکانەی کاری (خواردن) دانیشتووە. لە جۆری دووەمدا، وشەی (خواردن) وەک (ناو)ێک سەودا کراوە و ئەو ناوە بە ئامرازی بەستن (ی) جووت کراوە لە ناوێک لە چەشنی (نان). کەواتە، ئەم دەستەواژەیە هاوڕێزمانە لەگەڵ دەستەواژەیەکدا، وەک (ئاوی ڕووبار). لە زمانی عەرەبیدا، هەردوو نموونەکە بەرانبەر بە واتای بنجی (اكل الخبز) دەوەستن. کەچی، ئەگەر بە کوردی لێکیان بدەینەوە، دەبینین کە جۆری یەکەم (نان خواردن) ناتوانرێت بە قاڵبەکەیەوە بکرێت بە عەرەبی، بەڵام نموونەی دووەم (خواردنی نان) دەشێت بەراورد بکرێت بە واتای (اكل الخبز). کەواتە، زمانەکەی ئێمە جۆرە چاوگێکی هەیە و ئەو جۆرە چاوگە دەتوانێت (بەرکاری ڕستە) لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت. هەر بۆ پراوە، وەک چۆن چاوگی (خواردن) بریتییە لە کوانووی ئەم ڕێژانەی خوارەوە:

**من دەخۆم**

**من خواردم**

**من دەم خوارد**

**من خواردبووم**

**من خواردوومە**

هەر ئاوهاش، چاوگی (نان خواردن) بریتییە لە کوانووی ئەم ڕێژانە:

**من (نان) دەخۆم**

**من (نان)م خوارد**

**من (نان)م دەخوارد**

**من (نان)م خواردبوو**

**من (نان)م خواردووە**

یان، بە هەمان شێوە چاوگی (سوێند خواردن) بریتییە لە کوانووی ئەم ڕێژانە:

**من (سوێند) دەخۆم**

**من (سوێند)م خوارد**

**من (سوێند)م دەخوارد**

**من (سوێند)م خواردبوو**

**من (سوێند)م خواردووە**

ئێستا، ئەگەر ئەو سێ دەستە نموونەیە بەراورد بکەین دەبینین کە دەستەی سێیەم لە واتای بنجی کاری (خواردن) لای داوە و واتایەکی تری هەڵبەستووە، کە ناتوانرێت بەراورد بکرێت، بەشێوەیەکی بنجی، بە هەمان واتا لەزمانێکی تردا. کەواتە، کۆڵکەی (بەرکار) لە ڕوخساری چاوگدا نرخی خۆی هەیە و دەتوانرێت واتای تازە پەیدا بکات.

## بەرکار لە چاوگی تێنەپەڕدا

لە ئەو نموونانەدا کە لە پێشەوە باسکران، تەنیا هەر کاری (تێپەڕ) سەودا کرا، وەک:

(-) خواردن: (نان) خواردن: (سوێند) خواردن لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە چاوگە هەر لە ئاستی چاوگی (تێپەڕ)دا برەویان هەیە و لە ئاستی چاوگی (تێنەپەڕ)دا ئەو میکانیزمە چالاکی نانوێنێت، مەگەر چاوگە تێنەپەڕەکە بکەین بە (تێپەڕ). بۆ نموونە، کاری (سووتان) کە تێنەپەڕە دەشێت بکرێت بە تێپەڕ، (سووتاندن) و ئەوسا (بەرکار) وەربگرێت، وەک (دارسووتاندن). لەگەڵ ئەوەشدا، میکانیزمی تێپەڕاندنی کاری تێنەپەڕ، وەک (سووتان: سووتاندن) بریتییە لە میکانیزمێکی والا بە ڕووی کارە تێنەپەڕەکاندا. کەواتە، گشت کارە تێنەپەڕەکانیش دەتوانن (بەرکار) جووت بکەن لەگەڵ (چاوگ)، یان دەتوانین بڵێین، جووت بوونی (بەرکار) لەگەڵ چاوگدا بریتییە لە دیاردەیەکی گشتگر، بە ڕاستەوخۆیی بۆ گشت چاوگە تێپەڕەکان و بەناڕاستەوخۆیی بۆ گشت کارە تێنەپەڕەکان. لە ڕێزمانی کوردیدا، ئەم جۆرە چاوگە بە (چاوگی لێکدراو) ناسراوە و ئەو وشانەش کە لە ئەم چاوگەوە گەردان کراون، بە (وشەی لێک دراو) ناسراون. واتە، بەهیچ جۆرێک باسی وشەی (بەرکار) ناکەن و لەگەڵ زۆر بابەتی تردا تێکەڵ و پێکەڵی دەکەن. خۆزگە ڕێزماننووسان و مامۆستایانی زمانی کوردی دانیان بە ئەو ڕاستییەدا دەنا کە کاری زمانی کوردی دیاردەی (بەرکارگری)ی تێدا بەرجەستەیە و ئەو دیاردەیە برشت و بزاڤی دەخاتە گەڕ و چاوگی (بەرکاردار) پەیدا دەکات. ئەمجار لە ئەو جۆرە چاوگەوە بزاڤی واتاسازی و وشەسازی دەکەوێتە بزاوتن. خۆزگە مامۆستایانی بەڕێز هەنگاوی سفریان لە پەڕێزی چاوگدا دەکردەوە و ڕۆڵی (بەرکار)یان لە ئەو پەڕێزەدا بدیبا، تا هەنگاوەکانی پاش (هەنگاوی سفر) بە قنجی و بەخنجی دەکرانەوە. هەر لە بۆ پراوە، ئەگەر وشەی (دار) لە چاوگی (دارسووتاندن)دا بە بەرکار بناسین، ئەوا لە ئەم وشانەش هەر بە (بەرکار) دەی ناسین، وەک: (دارسووتاندوو، دارسووتێنراو، دارسووتێنەر، دارسووتاو، دارسووتێن، .... تاد)

بێ گومان ئەم دیاردەیە گشتگرە و بەربلاوە و ڕووبەری زمانی نووسین پڕ دەکاتەوە. هەر لەبەر ئەوە دەشێت ڕێگە دژوار و نووتەکەکانی نێو ڕێزمانی کوردی پێ کورت بکەینەوە و منداڵانمان دەرباز بکەین لە ڕێزمانێکی بێ ڕێسا و بێ بنەما و بێ دەستوور.

## نموونەیەکی سەیر

لە ئەو کۆپلانەدا، کە لە پێشەوە باس کران، ئەوە دووپات دەکرایەوە کە تەنیا هەر چاوگی تێپەڕ بۆی هەیە کە (بەرکار) هەڵ بگرێت، وەک:

**خواردن: نان خواردن**
**سووتاندن: دارسووتاندن**

لە بەراوردکردنی ئەو نموونانەدا، دەرکەوت کە کاری تێنەپەڕیش دەتوانێت (بەرکار) هەڵ بگرێت، وەک:

**(ماڵ) سووتان، (جەرگ) سووتان**
**(ناوک) کەوتن، (میوان) هاتن،...**

بێ گومان، ئەگەر ئەو وشانە (بەرکار) نەبان، ئەوا نەیان دەتوانی لەگەڵ چاوگ ڕیز ببن. هەر لەبەر ئەوە، دەشێت ئەم دیاردەیە حەشارگەی جۆرێکی تر لە میکانیزمی (تێپەڕاندن) بدۆزێتەوە و کارە تێنەپەڕەکان بە جۆرێکی تر وەربچەرخێن بە دیوی (تێپەڕ)دا، وەک:

| | | | |
|---|---|---|---|
| **من** | | **م** | |
| **تۆ** | | **ت** | |
| **ئەو** | **(ماڵەکە)** | **ی** | **سووتا** |
| **ئێمە** | | **مان** | |
| **ئێوە** | | **تان** | |
| **ئەوان** | | **یان** | |

لە ئەم میکانیزمەدا، ڕستەی تێنەپەڕی (ماڵەکە

ســـووتا) وەرچەرخـــاوە بەســـەر هەر شـــەش كـــەســـە ڕێزمانییەكەدا و شەش ڕستەی تێپەڕ ئاسای چێ كردووە لەسەر ئاسەواری ڕستەیەكی تێنەپەڕ لە چەشنی (ماڵەكە ســـووتا). واتە، چەند گـــۆڕانكارییـــەك بەســـەر ڕســـتـــە تێنەپەڕە بنجیەكەدا هاتووە، وەك:

**یەكــەم**: شەش جێناو بۆ هەر شەش كەسە ڕێزمانییەكە بار كراون كە ڕۆڵی (بكەر) بگێڕن، وەك:

**من: (م)**

**تۆ: (ت)**

**ئەو: (ی)**

**ئێمە: (مان)**

**ئێوە: (تان)**

**ئەوان: (یان)**

**دووەم:** ئەركی ئەو جێناوانە ئەوەیە كە ببن بە خاوەنی بكەری ڕستەكە و لە ئاستی خۆیاندا بیكەن بە چەشنێك لە (بەركـار) و لە ئاسـتی كـارەكـەشدا، هەر بە (بكەر) بمێنێتەوە.

**سێیەم:** بە ئەم كردەوەیە، ڕێچكەیەكی تری سێنتاكسی دەدۆزرێتەوە و لە ئەو ڕێچكەیەدا خاوەنێك پەیدا دەبێت لە بۆ ئەو وشـەیەی كـە دەكـەوێتـە پاڵ چاوگـە تێـپـەڕەكـە، وەك:

**ماڵ سووتاو: ئەو كەسەی خاوەنی ماڵە سووتاوەكەیە**

ئەگــەر ئەم نموونەیە بە بەراوردەوە بخـــەینە بەرانبـــەر كـارێكی تێـپـەڕ، وەك (مـاڵ سـووتاندن)، ئەوا هەردوو واتاكە لە یەكتری جودا دەبنەوە:

**مــاڵ ســووتاندوو: ئەو كـــەســەی كـــە بكەرە لە ئـاســتی بەركاری (ماڵ)دا.**

كەواتە لەناوی (ماڵ سووتاو)دا، وشەی (ماڵ) ئەگەر (بەركار) بێت بە خاوەنێتی بووە بە (بەركار) یان لەناوی (مـاڵ ســووتـاندوو)دا، وشــەی (مــاڵ) بریتــیــیــە لە (بەركار)ێكی بنجی.

**چـــــوارەم:** بەپێی ئەوەی كـە لە خـاڵەكـانی سەرەوەدا گـوترا، دەشێت (بكەری ڕسـتـە)، كە بریتـییـە لە(مـاڵ) وەك (بەركـار) لەگـەڵ چاوگـدا جـووت بێت، وەك (مـاڵ ســووتان) ئەگــەر ڕێژە گــەردان كــراوەكــان بەجــێناوی خاوەنێتی (م، ت، ی، مان، تان، یان) لە ڕستـەسازیدا سەودا كرابن.

**پێنجـــــەم:** ئەو جـێناوانەی كـە دەچنە سـەر بكەری ڕستەكە، چەند ئاكارێك هەڵ دەگرن:

– لە بكەری ڕســتــەكــە (مـاڵ) نابنەوە و ناهێـڵن كـە (بكەر)ی ماڵ لابردرێت، یان بكرێت بە جێناوی لكاو.

– جـێگۆڕكێ ناكـەن و لە ڕابردوو ڕانەبردوودا، هەر بە هەمـــان ڕوخـــســـاری (م، ت، ی، مـــان، تان، یان) دەمێننەوە.

**وشەی (خۆ) لە ئاستی چاوگدا**

لە ناوەڕۆكی ئەم نووسینەدا، گرنگی كۆڵكەی (بەركار) لە ئاســتی(ڕێزمــانی كــار) و (ڕێزمـــانی چاوگ)دا دەرخراوە. هەر بۆ نموونە دەگوترێت:

**من (–) دەنووسیم: من (نامە) دەنووسم**

**تۆ (–) دەنووسیت: تۆ (نامە) دەنووسیت**

**ئەو (–) دەنووسێت: ئەو (نامە) دەنووسێت**

**ئێمە (–) دەنووسین: ئێمە (نامە) دەنووسین**

**ئێوە (–) دەنووسن: ئێوە (نامە) دەنووسن**

**ئەوان (–) دەنووسن: ئەوان (نامە) دەنووسن**

ئەم دوو سێـتـە ڕسـتـەیە بریتین لە ڕێژەكـانی دەمكاتی ڕانەبردوو. سێتەكەی دەستە ڕاست دەگەڕێتەوە بۆ چاوگی (نووسین)، بەڵام ئەوەی دەســتــە چەپ دەگـــەڕێتـــەوە بۆ چاوگی (نامـە نووسین). بەواتایەكی تر، لە نموونەكـانی دەستـە ڕاست ڕێزمـانی چاوگی (نووسین) بەرجەستـەیە، بەڵام لە نموونەكـانی دەســتــە چەپدا، ڕێزمـــانی چاوگی (نامـەنووسین) بەرجەسـتـەیە. كـەواتە چاوگی تێـپـەڕی (نووسین) خـانەیەكی چۆڵی هەڵ گـرتووە بۆ (بەركـار)ی ئەو ڕستانەی كە لە پەرێزەكەیدا گەردان كراون، وەك:

**{(...) نووسین}:**

**{(نامە) نووسین}**
**{(وانە) نووسین}**
**{(هەواڵ) نووسین}**
**{(وتار) نووسین}**
**{(هۆنراوە) نووسین}**
**{(....) نووسین}**

لە ئەم ئاســـتــەدا، دەشــێت وشــەی (خــۆ)یش وەك (بەركار) سەودا بكەین، وەك:

**{(ــــ) نووسین}: {(خۆ) نووسین}**

بێ گومان، دانان بە ئەم جۆرە چاوگە بەرجەستەیەدا بریتییە لە یەکێک لە ئەو کەڵکە گەورانەی کە (بەرکار) دەیخاتە سەر ڕێزمانی (چاوگ). لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە چاوگە دەرگایەک دەکاتەوە، بۆ ئەو کارانەی کە (بکەر) و (بەرکار) بۆ هەمان کەسی ڕێزمانی دەگەڕێتەوە، وەک:

**تۆ خۆت دەشۆریت؟**
**تۆ خۆت دەنووسیت؟**
**تۆ خۆت دەگریت؟**

لە ئەم ڕستانەدا، دەستەواژەی (خۆت) لە بەرکاری ئاسایی دەچێت، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بە ڕێزمانی (کاری خۆیی) هەنگاو بکەینەوە، دەشێت جێناوی (ت) لاببەین، وەک:

**تۆ خۆ(ـ) دەشۆریت؟**
**تۆ خۆ(ـ) دەنووسیت؟**
**تۆ خۆ(ـ) دەگریت؟**

بێ گومان ئەم ڕستانەی دوایی کاری خۆیی هەڵ دەگرن، وەک (خۆشۆرین، خۆنووسین، خۆگرتن) و ئەم چاوگە خۆییانە ڕووبەرێکی گەورەتر دەبەخشن بە ڕێزمانەکە و مەودا و بڕشتی بەرزدەکەنەوە. هەر بۆ نموونە لەسەر ئەندازەی (جل شۆر، نامەنووس، هەواڵ گر)، ڕیزێک وشەی تر هەیە لە چەشنی (خۆشۆر، خۆنووس، خۆگر). یان، لە ئەم وشانەوە، کە بریتیین لە (ئاوەڵناو)،ناوی واتایی هەیە، وەک (خۆشۆری، خۆنووسی ، خۆگری)، لەسەر ئەندازەی (جل شۆری، نامەنووسی، هەواڵگری).

سەبارەت بە گرنگی ئەو ئاڵوودەبوونەی (کار) بە (بەرکار)ەوە، دەشێت بە چاوی ڕێزەوە بڕوانین لە (بەرکار)، بە تایبەتی لەبواری (زاراوەسازی)دا، چونکە ئەو کۆلکەیە کاریگەری خۆی لەواتای کارەکاندا دەردەخات.

**پوختەکاری**

لە ڕووبەری ئەم نووسینەدا، چەند بەرەنجامێک هەیە و دەشێت بیانخەینە بەر پوختەکاری و ڕێزیان بکەین و لێیان بدوێین، وەک:

* لە ڕێزمانی ئاڵۆز و دژواری کاردا، وا پێ دەچێت کە دیاردەی (بەرکارگری) بڕشتی زۆر بێت، چونکە (چاوگ) حەزی لە (بەرکار) گرتنە و هەروەک ڕستە (بەرکار) دەگرێت و لەگەڵ خۆیدا دەیگوزەرێنێت.

* کۆلکەی (بەرکار) بۆی هەیە بچێتە سەر (چاوگ) لەگەڵ ئەو جۆرە (بەرکار)ەدا بخرێتە نێو لاپەڕەی فەرهەنگە، چونکە واتا دەگۆڕێت. بۆ نموونە کۆلکەی بەرکار (سوێند) کە چووەتە سەر کاری (خواردن)، بە هەردووکیان واتای کارێکی تازەیان پەیداکردووە.

* لە ڕێزمانی چاوگدا، کۆلکەی (بەرکار) بۆی هەیە بچێتە سەر چاوگی (تێپەڕ). لە چاوگی (تێنەپەڕ)دا، بکەری ڕستە بۆی نییە بچێتە سەر چاوگ، مەگەر بە (خاوەنێتی). لە ئەم میکانیزمەدا کۆلکەی (بکەر) سیمای (بەرکار) هەڵ دەگرێت و بکەری ڕستەکە دەبێت بە خاوەن.

* بەپێی خاڵی پێشوو، جۆرێکی تر لە دیاردەی (تێپەڕاندن) پەیدا دەبێت. هەر بۆ نموونە، ئاوەڵناوی (ماڵ سووتاو) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە خاوەن ماڵەسووتاوەکەیە، نەک بۆ واتایەک لە چەشنی (ماڵی سووتاو) بەڕاستەوخۆیی و بە تێنەپەڕی.

* چاوگی (بەرکارگر) بریتییە لە یەکێک لە ئاکارە گرنگ و کاریگەرەکانی ڕێزمانی کوردی. لە ئەم ڕووەوە، دەشێت بایەخ بە ئەم جۆرە کارە بدرێت.

* چاوگی (بەرکارگر) بۆی هەیە وەک کەرەستەیەکی بەکار و بلیمەت بگاتە نێو بزاڤی (زاراوەسازی) و پسپۆڕانی ئەو بوارە کەڵکی گەورەی لێ وەربگرن.

* وەک ڕستەکانی هەر چاوگێک (بەرکار) وەردەگرن لە بزاڤی ڕستەسازیدا هەمان چاوگ بۆی هەیە کە هەمان (بەرکار) لەگەڵ خۆیاندا ڕێک بخات و جووتی بکات بەخۆیەوە.

* لە نموونەیەکدا وەک (نامەنووسین) پێوەندی نێوان هەردوو وشەی (نامە) و (نووسین) لە پەرێزی ڕێزمانی کاردایە، هەرچەندە کۆی هەردوو وشەکە (ناوی چاوگ) پێک بهێنن.

* وشەی چاوگ، وەک (خواردن) خانەیەکی (بۆش) هەڵ دەگرێت بۆ (بەرکار)و هەر بەرکارێکی (بەجێ) بۆی

هەیە ئەو خانەیە پڕ بکاتەوە، بەڵام هەندێک لە ئەو بەرکارانە واتایەکی تازە پەیدا دەکەن. هەر بۆ نموونە، لە (میوەخواردن، نان خواردن، شیرینی خواردن)دا دیاردەی (واتا گۆڕین) لە ئارادا نییە، بەڵام لە (سوێندخواردن، خەم خواردن، خەفەت خواردن)دا، واتا گۆڕین هەیە. بەواتایەکی تر، ئەم چاوگانەی دوایی دەبێت بە (بەرکار)ەوە بچنە نێو بزاڤی ئاخاوتنەوە، چونکە واتاکانیان، بە ئەو(بەرکار)ەوە بەرجەستە دەبێت کە هەڵیان گرتووە.

* وشەی (خۆ) بۆی ببێت بە (بەرکار) و وەک کۆلکەی (بەرکار)یش بچێتەسەر (چاوگ). لە ئەم بزاڤەدا، دیوێکی تر لە چاوگ پەیدا دەبێت و دەشێت ناو بنرێت (چاوگی خۆیی) یان (کاری خۆیی)، وەک (خۆکوشتن، خۆنووسین، خۆ گرتن...) بێگومان ئەم جۆرە چاوگە واتاکەیان ترازاوە و لای داوە لە ڕێچکەی واتا بنجییەکەیان.

* لە ڕێژەکانی (کاری خۆیی)دا، دەشێت جێناوەکانی (م، ت، ی، مان، تان، یان) لاببەین. واتە، لە جیاتی ئەوەی بڵێین (ئێمە خۆمان دەشۆین)، بڵێین (ئێمە خۆ دەشۆین).

* بزاڤی (بەرکارگری) زۆر زەقە و ئاشکرایە بە زمانەکەماوە، کەچی ڕێزماننووسان نەیانخستووەتە نێو وانەی ڕێزمانەوە، چونکە لە ئەو زمانانەدا کە دەیزانین، ئەو دیاردەیە بە ئەو چەشنە خەست و گرنگ نییە.

**سەرچاوە:**

*** عەبدوڵڵا شاڵی، ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و بۆ فەرمان، بەغدا، ١٩٧٦.**

*** لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، بەغدا، ٢٠٠٤.**

*** T.Wahby & C.J.Edmonds, Kurdish-English dictionary, Osford university press, u.k 1966.**

*** Le nouveau Bescherelle 1, lart de conjuguer, dictionnaire de (12000) verbs, Hatier, Paris 1980.**

# جیهانگەرایی میدیا (چەمک و سروشتەکەی)

ویلیام هاچن
لە عەرەبییەوە: تاریق کاریزی

(٢-٢)

**أ- شۆڕشی ڤیدیۆ و کاسێت**

ئەو پەرشـوبڵاوییـەی کـەوتە نێـو خـەڵکی لە سـۆنگەی ئامێری ڤـیدیۆ کاسێت (VCRS)ەوە بوو، کە خەڵکی بۆ دیتنی خـۆیان لەنێـو شـاشـەی تەلەفـزیۆندا بەکـاریان هێنا. لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵ، ئامێری ڤیدیۆ کاسێت و کاسـێت دریان بەهەر هەمـوو شـوێنێکی جیـهـان دا، بە فراوانتر لەوەی بەر لە سەدەیەک چاپەمەنی پێی گەیشت. ئەم پەرشـوبڵاوییـە وڵاتانی هەژاریشی گـرتەوە وەک چۆن ڕۆژئاوا و کۆمـەڵگا دەوڵەمەندەکانی ئەوێشی تەنییەوە. ئامێری ڤـیدیۆ کاسێت بەرسنگی حکوومەتەکانی گرت، هەروەها بەرسنگی ئێـزگـەکـانی ڕادیۆ و کـەناڵەکـانی تەلەفزیۆنیشی گرت، کە هەواڵ و هەمەڕەنگیان قۆرخ کرد بوو.

بە ئامـێری ڤـیدیۆ کاسێت، ئیـدی هەر کـەس دەتوانێ لاوێتی خـۆی بپـارێزێ (بە تۆمـارکـردنی ئاهەنگ و بۆنەکـانی)، ئازادی ئەوەشـیـان بۆ فـەراهەم بوو کـە بە ئارەزووی خـۆیان ئەوەی دەیانەوێ ببـبـینن، نەک ئەوەی حکوومـەت (یان باوکان) دەیسەپێنن، وەک دەردەکەوێ، ئەوەی کە پتر حەز لە دیتنی دەکەین بریتییە لە فیلم، یان گـۆرانی ڕۆژئاوا. هەر بۆ نموونە لە سعـوودیەدا، بینەران تەنیا یەک شتیان لە بەردەمدایە ببیبنن، کە کەناڵێکی توندڕەوی تەمـومـژاوی تەلەفـزیۆنە، چونکە بەرنامـەکـان لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتدان. لە ئاکامدا، ئامێری ڤیدیۆ کـاسێت بەکـار دەهێنرێ بۆ دیتنی فـیلمی قـەدەغـە کـە لە ڕۆژئاوا دێتە بەرهەم، بە زۆریش بە قاچاخ دێتە وڵاتەوە.

**ب- ڕۆڵی زمانی ئینگلیزی**

زمانی ئینگلیزی لە ئاستی جیاجیادا زمانی گەیاندنی جیهانییە، کە یەکێکە لە دە زمانی گەورەی جیهانی و بە پلەی دووەم دێت و (٤١٥) ملیـــۆن کـــەس لە دوازدە وڵاتدا قـــسەی پێ دەکـەن. زمــانی چینیش لە پلەی یەکەمدایە، دوای ئەوانیش زمانی دیکە دێن وەک زمانی ئیسپانی و عەرەبی و ئەڵمانی.

زمانی ئینگلیزی فراوانترین زمانە کە لە جوگرافیای جۆربەجۆردا بەکاردێت، لە جیهاندا (٤٠٠)ملیۆن کەس بەو زمانە دەخوێن، یان زمانی دووەمیانە پاش زمانی دایک. هەروەها ســەدان کــەسی دیکەش هەن کــە بە ڕادەیەکی کەم ئاشنای زمانی ئینگلیـزین، سەرکردەکان لەنێو سەدان کەسان و زۆربەی دیدار و دیمانەکانیشیان چ بۆ ڕۆژنامـــە بێت، یان بۆ ڕادیۆ و تەلەفـــزیۆنەکـــانی جــیــهــانی، بە زمــانی ئینگلیــزییــە. هەروەها زمـانی ئینگلیـزی بووەتە زمـانێکی جیـهـانی، زمانی زانست و تەکنەلۆژیا و زمانی سەرەکی کۆمپیوتەر. ئەو شتەی پاڵ بە خـەڵکـیـیـەوە دەنێت فـێـری زمـانی ئینگلیـزی بن، ئاسـانی ئەو زمـانەیە، پێنج یەکی جـیـهـان دەتوانن بە ئینگلیزی بدوێن، بەڵام بە پلە و ڕادەی جیاجیا.

**ج- خامۆش بوونی کولتووری پۆپ**

ڕۆژئاوا خۆی بڕیار دەدات کە نەک هەر شەڕی ساردی بردووەتەوە، بەڵکو شـەڕی پڕکـردنەوەی کــاتی دەست بەتاڵی جیـهـانیـشی بردووەتەوە. ڕۆشنبـیری جەماوەری یەکـــێکە لە هەناردەی پڕ لە قــــازانجی ویلایـەتە یەکگرتووەکـانی ئەمـریکا. لە کـاتی شـەڕی ساردا، ئەمریکا کۆششی دەکرد بۆ هەناردنی چاکترین بەرهەمی ڕۆشنبیری، بەڵام ئێستا گفتوگۆیەک لە ئارادایە کە خلێت و خاشی ڕۆشنبیری ئەمریکا بەرەو جیهان شەپۆل دەدات کــە بریتــیـــیــە لە ڕیکلامی بازرگــانی بەکــار بردن و ئایدیۆلۆژیای پێکەنین و جـەفـەنگ. لە سـاڵی ١٩٩٧دا میـچیکۆ کاکوتانی ڕەخنەی لە ڕەوشـەکە گـرت و وتی: (هەناردەی ڕۆشنبـیـری ئەمـریکا زۆر لەوەی مـەزندەی دەکەین، خراپترە. ئێمەش لەلای خۆمانەوە ئەو شتە بەکار دەبەین کـــە پێی دەڵێن زبڵ و زاک). ســـەبارەت بەو ئامرازانەی مـیدیا کە کولتـووری میللی بە شێـوەیەکی فـراوان بڵاو دەکـەنەوە، ئەوانەی بە ئاراسـتـەی فـراوان کردنی ئامـرازەکانی مـیدیای فرەڕەگـەز کار دەکەن، وەک کۆمەڵەی (مردۆخ) و (ئۆول تایم وارنەر) و (دیزنی ئەی بی سی) و (بێرتە ئیسمان) و (ڤیاکۆم سی بی ئێس)، هەروەها چەندین دەزگای دیکە، کە هەمەجۆر ڕۆشنبیری میللی دێننە بەرهەم و دابەشی دەکەن.

**٥- هەموار کردنی کردەی ڕۆژنامەوانی**

ڕابەری ڕوون و ڕەوان بۆ ئابووری تازەی جـــیـــهـــان دەخـوازێت کـە سـیـاسـەت و ئابووری و زانیـاری زۆر بە خـێـراو وردی بێنە دەسـتــەوە، پاشـان لە سـەرانسـەری جــیـــهـــاندا بخـــرێنە خـــزمـــەتی بازاڕ و بازرگـــانی و وەبەرهێنانەوە. کـرانەوەی کـۆمـەڵایەتی و تێکەڵ بوونی کۆمەڵگاکان، چاکترین دەرفەتە بۆ تەواوکاری لە ئاستی جیهاندا، ئەمەش پێویستی بە ڕۆژنامەگەرییەکی ئازاد و بەرپرس هەیە. ئەزمـــونی ئەمـــرۆی ڕۆژئاوا لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، بەو ئاراستەیە کار دەکات.

**أ- بە درێژایی بیست و چوار کاتژمێر هەواڵی تەلەفزیۆنی**

لە ویلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمـــریکادا بینەران کاریگەریی ئەم کەناڵانە دەبینن، کەناڵی (سی ئێن ئێن) و (ئـێم ئێـس ئێـن بی سی) و (سی ئـێن بی سی) و (فۆکس نیوز) کە بە سیستەمی کێبڵ بە درێژایی بیست و چوار کـاتژمـێر هەواڵ پێـشکەش دەکـەن، کە هەواڵی ناوخۆ و چیرۆکە هەواڵ دەگوازنەوە، ئەم کەناڵانە لە ڕێی گەیاندنی ئاسمانییەوە، بەرنامەکانیان لە ئاستی جیهاندا پەخش دەکەن. گرینگترین هەواڵی جیهان دەگوازنەوە، بە تایبەتی کەناڵی (CNN) و (BBC)ی بەریتـانی کە پێـشـبـڕکـێی لەگـەڵدا دەکـات، بەوەی هەردووکـیـان بە شێوەیەکی فراوان لە جیـهـاندا دەبینرێن، هەر بۆ نموونە بەرنامەکانی (CNN) لە (١٤٠) دەوڵەتدا دەبینرێن. ڕاپۆرتەکانیشی لە کاتی هەر قەیرانێکی نێودەوڵەتیدا، وەک ئەو هێرشە ئاسمانییەی پەیمانی ناتۆ کردییە سەر سربیا و کۆسۆڤۆ، دەگەنە زۆربەی وڵاتانی جیهان. تۆڕی میدیای نێودەوڵەتی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە بینەرانی ڕاکـێـشـاوە. لە کـاتی شـەڕی کـەنداویشـدا، تەنانەت بینەرانی تەلەفـزیۆن لە هیندسـتـانیـشـدا لە کـەناڵی (CNN)ەوە ئاگـاداریی هەواڵەکـانی ئەو شەڕە دەبوون، ئەمـە سیـفـەتێکی دیاری هیندییـەکـان بوو کـە بەدەر لە کـۆنتـرۆڵی حکوومـەت، بە دوای هەواڵی نێـودەوڵەتیـدا دەچوون.

کەناڵی (CNN) لە کاتی قەیرانی نێودەوڵەتیدا، بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە هەواڵ ڕۆڵێکی نێودەوڵەتی دەگێڕێت. ڕاپۆرتەکانی ئەم کەناڵە لە هەموو پایتەختەکانی جیهاندا دەبینرێن، هەر بۆیە هەموو سەرکردەیەکی سیاسی و دیبلۆماسی تەماشای بەرنامەکانی (CNN) دەکات، ئاواتیش دەخوازێ کە ئەو کەناڵە دیمانەیان لەگەڵدا بکات، بۆ ئەوەی هەموو جیهان بە بیروڕاو بۆچوونی خۆیان ئاشنا بکەن. لە شەڕەکانی مەیداندا (شەڕی سەربازی) پەیامنێرانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەنێو گەرمەی بۆردوومانی ئاسمانی و ئاگری فڕۆکە و تۆپ و تانکدا دەبن. لە کاتی شەڕی کەنداودا، کەناڵی (CNN) بە لایەنگیری کردن لە سەدام حوسێن تاوانبار کرا، چونکە پیشەگەرانە کاری دەکرد. کاتێ ئەو کەناڵە جیهانییانەی نووچە، کە ورد و پیشەگەرانە کار ناکەن، لە ڕاستیدا تۆمەتیان نادرێتە پاڵ و لە بواری هەواڵدا خزمەتێک پێشکەش بە نەتەوەکان ناکەن کە لە ئاستی خواست و پێویستی ئەواندا بێت.

ئامرازەکانی میدیای نێودەوڵەتی، کە دەزگاکانی فرەڕەگەزیش دەگرێتەوە، هەروەها کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، ڕوانینێکی جیهانی بە دەوری خۆیاندا کۆ دەکەنەوە و بە دەمارگرژییەکی کەمەوە تەماشا دەکرێن. لەو کەناڵە تەلەفزیۆنیانەی بیست و چوار کاتژمێر کار دەکەن، کەناڵی (CNN) ڕووبەڕووی ململانێ دەبێتەوە لەگەڵ کەناڵی (BBC)، هەروەها لەگەڵ دەزگای ڕۆبێرت مەردۆخ و (Fox News) و کەناڵی (MSNB)، هەر کەناڵێک لەم کەناڵانە بەرامبەر بە ڕووداوەکان دیدی تایبەتیان هەیە، هەر بە چەشنی هەردوو کەناڵی (CNN) و (BBC)، کە لە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەبارەت بەو بەدواداچوونە سەراپاگیرەی ئابووری، زۆرترین بینەریان هەیە.

**ب- هەواڵی ئابووری و میدیای ئازاد**

کەناڵگەلی ئابووری زۆر بەگوڕ و هێزەوە لە پێشبڕکێدان لەگەڵ بازاڕەکانی دراودا وەک (داوجۆنز) و (ڕۆیتەرز) و بازاڕەکانی دی. ئەم بازاڕانە ئەنجامەکانی سەودا و کردەکانی کڕین و فرۆشتنی پشک (سەهم) لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا بڵاو دەکەنەوە. هەروەها ململانێیەک ڕووی لە گەشەسەندنە لە نێوان ئەو لایەنانەی کە لە بازاڕی زانیاری نێودەوڵەتیدا بەشدارن.

کەناڵی بوومبێرگ بە نموونە، (٩٥٠) پەیامنێری لە (٧٩) نووسینگەی سەرانسەری جیهاندا هەیە، تازە بە تازەش لەگەڵ کەناڵەکانی دیکەدا کەوتووەتە ململانێیەکی توند. سەرباری ئامرازەکانی میدیای چاپ کراوی تایبەت و پسپۆڕ لە ئابووریدا. هەر هەموویان دوایین هەواڵی ئابووری و ئاماری بازرگانی ڕادەگەیەنن کە بازاڕی جیهانی و دەزگای تێکەڵ و هاوبەش و حکوومەت و وەبەرهێنەران، بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ئابوورییان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێویستیان پێیان دەبێت.

لە ساڵی ١٩٩٠ دا، گەشەکردنێک لە چەند وڵاتێکی ئاسیا (سەنگافوورە و مالیزیا و ئەندەنووسیا) کە ڕژێمی دیکتاتۆری حوکمڕانی دەکردن، دروست بوو. ئەو ڕژێمانە سانسۆڕیان خستبووە سەر چاپەمەنی نێودەوڵەتی وەک (ئاسیان وۆڵ ستریت ژورنال) و (فار ئیسترن ئیکۆنۆمیک ریڤیو) و (ئینتر ناشنال هیراڵد تریبیون) بەهۆی ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتە وردانەی بڵاویان دەکردنەوە، کە لەگەڵ سیاسەتی ئابووری و سیاسییانەی ئەو وڵاتانەدا کۆک نەبوون. ئەو سانسۆڕە تەمەن کورت دەبێت، چونکە لە سایەی سانسۆر و سەرکوت کردنی هەواڵدا گەلان ناتوانن لە ئابووری جیهاندا بەشدار بن. میدیایەک کە ئازاد بێت و یاساش بیپارێزێ، لە گواستنەوەی چالاکییەکانی سیستەمی ئابووریدا کارا دەبێت، کە لە ڕێی ئەوەوە ئیدی وڵاتان دەتوانن سەرمایەی بیانی بۆ خۆیان ڕاکێشن. چین بە نموونە تا ئێستا میدیای ئازادی نییە کە بە وردی باس لە چاکە و خراپەی حکوومەت بکات، بەتایبەتی لە بواری گەشەپێدانی ئابووریدا، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ڕۆژنامەنووسان ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریان هەیە لە هاندانی وەبەرهێناندا، ئەویش لە ڕێی ڕۆژنامەی (بارۆنز) و (فۆرچن) و (بزنز ویک) و (نیویۆرک تایمز) و (وۆڵ سترت ژورنال)ەوە، چینیش لە گەنگەشەدایە لەبارەی بایەخی ئەوەی کە میدیای ئازادی هەبێت.

**ج- ململانێی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژئاوا**

لە ڕووخانی کۆمۆنیزم (بلۆکی سۆسیالیزم) و کۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە، چەمکی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژنامەگەری و میدیای جەماوەری ئیدی خۆی سەپاند و بووە تاکە مۆدێل لە جیهاندا. نەتەوەکانی دی (بێ لە نەتەوەکانی

ڕۆژئاوا) ئامراز و پێداویستی ئەوتۆیان نییە کە ڕۆژنامەگەرییەکی کارای پێ دەستەبەر بکەن، هەروەها لە ڕووی کردەنیشەوە هەژارن. ڕۆژنامەنووس لە نەتەوەی پاشکەوتوودا هەمیشە وێڵی دوای سەربەخۆیی و ئازادی پیشەکەی خۆیانن، چاویشیان لەوەیە ئەو سەربەخۆیی و ئازادییە لە حکوومەت بەدەست بهێنن، ئیدی لە نێو ئەو نەتەوانەدا ئەرکی ڕاگەیاندن دەبێتە خزمەت کردنی حکوومەت، یان دەسەڵات. ئەم ڕۆژنامەنووسانە گەرەکیانە بەو جۆرەی دێتە دەست، زانیاری بڵاو بکەنەوە، نەک وەک ئەوەی حکوومەت گەرەکییەتی. ڕۆژنامەنووسان لە سایەی حکوومەتی دیکتاتۆریدا دەیانەوێ دەنگیان بگاتە ڕۆژنامەی (فایننشال تایمز) و (ئاسیان وۆڵ ستریت ژورنال) بۆ ئەوەی هەواڵی گرنگ و هەستیاری خۆیانی تێدا بڵاو بکەنەوە وەک گەندەڵی دارایی، سەربەخۆیی و ئازادی لەم کارەدا دەبیننەوە. کادیرانی تەلەفزیۆنی ئەنچۆر (Anchor) لە پاکستاندا تەماشای هەواڵەکانی کەناڵی (CNN) دەکەن، بۆ ئەوەی فێربن کە کەناڵەکانی ئەمریکا چۆن چۆنی هەواڵ دادەڕێژن و چۆن دەسکاری دەکەن و بە بینەرانی دەگەیەنن.

**د- ڕووخاندنی ئەلیکترۆنیانەی کۆمۆنیزم**

لە ساڵانی شەڕی سارددا، گەنگەشەیەک لە ئارادا بوو لەبارەی دابەش کردنی سیستەمەکانی میدیای نێودەوڵەتی بۆ پێنج بەش: کۆمۆنیزم و دیکتاتۆریەت و ڕۆژئاوا و شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوو. کەچی لەم سەردەمەدا کە سەردەمی جیهانگیرییە، خەڵکانێک هەن میدیای نێودەوڵەتی دابەشی سەر دوو بەش دەکەن: دیکتاتۆری و ڕۆژئاوا. پێداگرتنی جاران سەبارەت بە مافی حکوومەت لە کۆنترۆڵ کردنی لێشاوی هەواڵ و کۆت و بەندکردنی ڕۆژنامەنووس بەسەرچوو. گەنگەشەی ئەمڕۆ لەبارەی ئەوەیە کە هەواڵ و زانیاری بە چەشنی زانینەکانی دی، دەبێ ڕێ لە هاتنیان نەگیرێ، ڕۆژنامەنووسیش مافی ئەوەی هەیە لە هەر کوێیەکی هەواڵی دەست بکەوێت، بڵاوی بکاتەوە و بەدواداچوونی بۆی هەبێت. پسپۆڕانی ڕاگەیاندن لەوەدا کۆکن کە ئەو هەواڵ و زانیارییەی لە ڕۆژئاواوە دەهات، بەشدار بوو لە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی (جاران) و ڕژێمە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا (مەبەست دەوڵەتانی سۆسیالیستە وەک ڕۆمانیا، چیکوسلوڤاکیا، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، بولگاریا و ئەوانی دی). کۆمۆنیزم ئەو قۆرخەی لەدەست دا کە خستبوویە سەر هاتنی هەواڵ و زانیاری لە میدیای ڕۆژئاوا و ئەو ئێزگانەی بەرنامەکانیان لەسەر شەپۆلی کورت بڵاو دەکەنەوە، بەوەی هەواڵ و زانیارییەک بە گوێگرانیان دەگەیەنن کە لە ڕێی دیکەوە بەدەستیان نایەت. لەمەش زیاتر، میدیای ڕۆژئاوا وێنەی خۆی و میکانیزمی ئازادانەی کارکردنی خۆی خستە ڕوو، هەروەها مۆسیقای وڵاتان و شێوازی ژیانی ڕۆژئاوا و پەیمان و بەڵێنی ڕۆژئاواییانە سەبارەت بە ژیانێکی جوان و دیموکرات و بازاڕی گەشەکردووی ئابووری و ئاستێکی بەرزی ژیان و گوزەرانی دەگواستەوە. هەر هەموو ئەو شتانە توخمی ڕەسەنن بە ئاراستەی ڕۆیشتن بەرەو جیهانگیری.

گوێگر و بینەرانی نێودەوڵەتی کە دەکەونە بەر میدیای نێودەوڵەتی هەر ساڵ زۆر بە خێرایی زیاد دەکەن. بە ملیۆنان مرۆڤ کەوتنە نێو چوارچێوەی (گوندی ئەلیکترۆنی)یەوە، ئەویش لە سایەی کەناڵگەلی تەلەفزیۆنی کە لەگەڵ یەکدا لە ململانێدان و بریتین لە کەناڵی ئاسمانی و کەناڵی کێبڵ، هەروەها ئەو ئێزگانەی بەرنامە بە شەپۆلی کورت بڵاو دەکەنەوە و ئینتەرنێتیش. لە ڕێی ئەو ساجەی پێوەندە بە مانگی دەسکرد و ئەریەلەوە، تاکە کەس دەتوانێ لەهەر شوێنێکی جیهاندا تێکەڵ بەو گوندە ئەلیکترۆنییە ببێت. خەڵکی لە چین و بە تایبەتی لە هیندستاندا تەکان دەدەن بۆ گەیشتن بەو ڕەوتەی لە جیهان بە ئاراستەکەیدا دەڕوات. نزیکەی ٣٫٥ ملیار مرۆڤ دوایین گەمەی ئۆلۆمپییان دیت. بەشداری هەرە فراوان لەلایەن گوێگر و بینەرانی چینەوە بوو، چونکە ٩٠٠ ملیۆن چینی لە ڕێی سێ کەناڵی ئاسمانییەوە کە شەو و ڕۆژ ڕووداوەکانیان دەگواستەوە، لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا ژیان.

نەتەوە دیکتاتۆرییەکان (واتە ئەو حکوومەتە دیکتاتۆریانەی حوکمی گەلانیان دەکەن) ناتوانن تا سەر هەواڵ و زانیاری قۆرخ بکەن. ئەو حکوومەتانە ناتوانن ڕێ لە هاتنی زانیاری لە دەرەوەوە بگرن و ناشتوانن ڕێ لە هاووڵاتییان بگرن لە بەدەست هێنانی هەواڵ و زانیاری. سەرباری ئەوەی میدیای نێودەوڵەتی و فاکس و تەلەفۆن و ئەنتەرنێت، ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری ئاسان کردو

سنوورێکی بۆ سانسۆری حکوومەت بەسەر هاتنی زانیاری دانا. بۆ نموونە کاری سیستماتیکیانەی چین بۆ قەدەغە کردنی ساجی سەتەلایت(Satellite Dishes) نوشووستییەکی گەورەی هێنا. هەمان کار لە هەندێ وڵاتی ئیسلامی (وەک عێراق لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو) کرا بۆ ڕێگرتن لە فرۆشتنی سەتەلایت و ساجەکەی. ئەو حکوومەتانە گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە دەتوانن ڕێ لە هاووڵاتییان بگرن لە بەدەست هێنانی زانیاری و هەواڵ و بەرنامەی هەمەڕەنگ لە ڕێی بەکارهێنانی ئەو جۆرە ئامێرانەوە.

هەرچی ئینتەرنێت و چاپەمەنی (ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی) و ئامێری ڤیدیۆ کاسێت و کاسێتی تۆمار کراوە، ئەوە پاڵی بە کەسانەوە نا کە پێوەندی لەگەڵ یەکدا بکەن و هەواڵ و بابەتی هەمەڕەنگ لەبارەی خۆیان ببینن، هەروەها گەیشتن بە ئەو دیوی سنووری نەتەوەیی، ئامێری فۆتۆکۆپی و ئامێری دیکەی نوێ شۆڕشێکی سیاسییان لەنێو نەتەوەکاندا بەرپا کرد. ئەگەر بمانەوێ لەمەش زیاتر بڕۆین، دەکرێ بڵێین کە ئەو میدیایەی بەرنامەکانی لە دەرەوە دێن هەواڵ و زانیاری بەو هاووڵاتیانە دەگەیەنن کە دیلی دەستی حکوومەتەکانیان بوون، چونکە لەو کاتەی میدیای ئەو حکوومەتانە ڕێکلام و پڕوپاگەندەی بڵاو دەکردەوە، هاوکات دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی مافی مرۆڤیان پێشێل دەکرد و هاووڵاتی ئەشکەنجە دەدا و سیاسیانی نەیاری بەند دەکرد و مافی میدیای سەربەخۆی پێشێل دەکرد کە لە هەوڵی ئەوەدا بوو یارمەتی هاووڵاتیان بدات و بەو ئاراستەیەیان ببات کە لە پڕوپاگەندەی حکوومەت ڕزگاریان بێت. میدیای ڕۆژئاوا لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدایە بۆ واز هێنان لەو پێشیلکارییانەی دژ بە مرۆڤ ڕوو دەدەن. لە ساڵانی دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستی لە باشووری ئەفریقا، یان لە سەردەمی دەسەڵاتی مارکۆس لە فیلیپیندا، ئەوە میدیا (وەک پێ دەچێ) بەشدار بووە لە گۆڕانی سیاسیدا، ئەویش بە گەڵاڵەکردنی ڕایەکی گشتی نێودەوڵەتی کە بتوانێ گوشار بخاتە سەر حکوومەتەکان. گواستنەوەی وێنەکانی جینۆساید لە بۆسنە و دواتر لە سربیا لەلایەن میدیای ڕۆژئاواوە، هەنگاوێک بوو بۆ بزواندنی ئەمریکا و ئەوروپا کە دەست بخەنە نێو ڕەوشەکەو ئەو کردارە نامرۆییانە ڕابگرن.

**هـ- مەترسییەکانی سووربوونی ڕۆژنامەنووس لە کارەکەیدا**

بەدواداچوونی ڕووداوەکان و کاری ڕاگەیاندن لە وڵاتانی نائارام و پڕ لە ئاژاوە ، بۆ پەیامنێری بیانی یان کارمەندانی ڕاگەیاندنی ناوخۆ پڕ مەترسییە کە بەردەوام ڕووبەڕووی گرتن و سزادان و تیرۆر دەبنەوە. لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی داوە کە لە ساڵی ١٩٨٩وە تا ساڵی ١٩٩٩، (٤٧٢) ڕۆژنامەنووس لەکاتی کاری ڕۆژنامەوانیدا کوژراون. زۆربەی وڵاتانی جێی مەترسی ئەمانەن: جەزایر، کۆلۆمبیا، ڕووسیا، تاجیکستان، کرواتیا، بۆسنە، فلیپین، تورکیا، ڕواندا، پیرۆ و .. سەرباری ئەوەی سەدان ڕۆژنامەنووس لەو وڵاتانەدا تووشی گرتن هاتوون.

**٦- ئەو ڕەخنەیەی لە میدیای جیهانگەرایی دەگیرێ**

لە ساڵی ١٩٩٨ دا ئەلباران گوتی: (ئێمە لە سەردەمی بازاڕی ئەپستیم و خۆشگوزەرانیدا دەژین، گەلێ میدیای فرەڕەگەز هەیە کە کار بۆ دۆزینەوەی بازاڕێکی هاوبەشی میدیا دەکەن، بەو مەرجەی لەلایەن گشت ئەو کەرتانەی لە پیشەسازی میدیاکەدا بەشدارن، ئەو بازاڕە سەرپەرشتی بکرێت. گرنگترین ئەو فاکتەرانەی جیهانگەرایی میدیایان مەیسەر کردووە ئەمانەن: کۆمپانیای فرەڕەگەزی بازرگانی و دەسکەوتەکانی تەکنەلۆژیا و سەربەخۆیی بەردەوامی میدیا و گەشەی بێ پسانەوەی ئابووری جیهان. وێڕای ئەوە ئاراستەی بەرەو جیهانگەرایی میدیاش دوور نەبوو لە ڕەخنەی گاڵتەجارانە).

ئاراستەی بەردەوامی میدیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەو ئاکامە گەیشتووە؛ دەرکردنی ڕۆژنامەی زیاتر و دامەزراندنی زۆرترین ئیزگەی ڕادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆن و گۆڤار و دەزگای چاپ کردنی کتێب و ستۆدیۆی بەرهەم هێنانی فیلم و تۆمارگای دەنگ و کەناڵی کێبڵ و کەناڵی ڤیدیۆ و خزمەتگوزاری دیجیتاڵی دەسکرد و ماڵپەڕی ئەنتەرنێت و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و کۆمپانیای فرەڕەگەز، ئەمانە لەوانی جاران گەورەتر و بە ژمارە کەمتر و زاڵ بەسەر جیهاندا. ڕۆژنامە سەرەتاییەکان، یان کۆمەڵە ڕۆژنامەکانی بەرایی، وەک

هیـرتست (Heartst) و سکریپس ( Scripps) و جـانێت (Gannett) و، کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی وەک (CBS) و (NBC) و (ABC) گـەشـەیان کـرد و بوونە دەزگای فرە خزمەت، کە نەک هەر هەواڵ و زانیاری و هەمـەرەنگ دێننە بەرهەم، بەڵکو چەندین دەزگـای دیکەش هەڵدەسـوورێنن. ئەم دەزگـایانە فـرەخـزمـەت و فـرەرەگەزن، سـەودا بە بەرهەمی ڕاگەیاندنەوە دەکـەن لە چەشنی هەمەرەنگ و بابەتی کولتووری میللی، سەرباری هەواڵ و زانیـاری گـشـتی، ئەویش بە پێی داهاتی خەملێندراوی خۆیان. سـەوداکـاری کـۆمـپـانـیـای تایم وۆرنـەر (Time Worner) (بەر لەوەی لەگـەڵ کـۆمپانیای ئەی ئۆ ئێڵ (AOL)دا ببێتە هاوبەش) گـەیشتـە ٦ر٩ ملیـار دۆلار، سەوداکـاریی کـۆمـپـانـیـای دیزنـیـش (Disney) گـەیشتـە ٢١ ملیـار دۆلار، هی کـۆمـپـانـیـای ڤـیـاکـۆم (Viacom) کـە کـەناڵی (CBS)یش دەگرێتـەوە گـەیشتـە ١٨ر٩ ملیار دۆلار، هی کۆمپانیای نیوزکۆرپۆرێشن(News Corpora-tion)یش کە موڵکی (مردۆخ)ە گەیشتە ١٣ر٦ ملیار دۆلار و، هی کـۆمـپـانـیـای بێـرتلسـمـان (Bertelsman)یش گەیشتە ٢١ر٧ ملیار دۆلار وهی سـیـاگـرام (Seagram)یش گـەیشـتـە ٢١ر٣ ملیـار دۆلارو هی کـۆمـپـانـیـای جـەنەراڵ ئەلیکـتـرۆنیش (کـە خاوەنی کەناڵی NBCیە) گەیشتە ١٥ر٣ ملیار دۆلار. کۆمپانیا گرنگەکانی دیکەی بواری بەرهەم هێنانی میدیا ئەمانەن:

Adva)،(Kirch)،(Matsushita)،(Sony)
،(Globo)،(nce Publication
Canal)،(Televisa)
.(United Media)،(Hachette)،(Plas

تێکەڵ بوونی ئابووری کە لە ئاکامی لەیەکدی نزیک بوونەوەی کـۆمـەڵگاکـانی ئەورووپا، بەتایبـەتی لە ڕۆژئاوای ئەورووپا، هاندەر بوو بۆ جیهانگەرایی میدیا. ئەو کۆنترۆڵە ماوە درێژەی ئەورووپا بەسەر بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێوەندی خزمەتگوزارییەوە هەی بوو (وەک پۆستـە و تەلەگراف و تەلەفۆن) کە یارمـەتیدەر بوو بۆ بەکارهێنانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، وەک هەنگاوێک وا بوو بۆ سـوود وەرگتن لە خـزمـەتگوزاری تەکنەلۆژیا. ئەم ڕەوتەی بە ئاراسـتـەی بەهێـز کـردن و تێکەڵ کـردنی هەمەجۆر ئامرازی میدیا، هەنگاوێک بوو بە ئاراستەی وەدی هێنانی جیهانگەرایی. کۆمپانیای فرەڕەگەز لە بواری مـیـدیادا، وەک (AOL Time) و (Worner) و (Disney) و ( Murduch) و (NBC)، باڵیان بەسەر بازاڕی نێودەوڵەتیدا کێشا لە بواری خزمەتگوزاری تەلەفزیۆن و فیلمی سینەمایی و هەواڵ و بەرهەمی دیکە میدیا.

### أ- لایەنی ئەرێنی جیهانگەرایی میدیا

هێـرمـان و مـیـک چیـسنی ڕەخنەیان لە مـیـدیای ئابووریداری نێـودەوڵەتی گـرت و لەبەر چەندین هۆ ڕەخنەیان لە گـەشـەسـەندنەکـانی گـرت، هەردووکـیـان سەنتەرالیزمی هێزی ئامرازەکانی میدیا بە باش دەزانن، هەروەها بە تەواوی ئیـدارە دانی مـیـدیای جـەماوەری و پێـشـکەش کـردنی خـزمـەت لە ئاسـتی ئامـرازەکـانی ڕاگەیاندن ڕەت دەکەنەوە. ئەوان ئامرازەکانی میدیا بە هەڕەشـەیەک بۆ سـەر دیموکراسی دەزانن، بەهۆی ئەوەی ئاستی بەشداری کردنی جەماوەر کەم دەکەنەوە و ئاستی زانینی جەماوەر بە کاروباری گشتی کەم دەکەنەوە. وا لە کولتووری کات بەسەربردن دەڕوانن کە لەگەڵ سیستەمی دیموکراتیدا ناکۆکە، وا لە ئامرازەکانی میدیا دەڕوانن کە هۆکارێکن وا دارێژراون کە دڕ بە بازاڕ بدەن، نەک وەک پێویستییـەکی پێوەندی کردن لە نێوانی هاوولاتیاندا. ڕەخنەی ڕۆژنامەوانی بە پارێزەوە دەڕوانێتە کۆمپانیای فرەڕەگەز، ئامرازەکـانی مـیدیا وەک ئەوەی ڕەخنەگران دەیبینن، دەکـەونە بەر هەڕەشـەی دەزگاکـانی فرەڕەگەز، ئەویش بە بەکارهێنانی میدیا بۆ بەدەست هێنانی قازانج. ڕەخنەگران پێشبینی دەکەن بەهای دەزگاکای ڕاگەیاندن ڕوو لە کـزی بکات، لەگـەڵ پشـتگوێ خسـتنی ئەو دەنگانەی بانگەشـە بۆ کـێبـڕکێ و ئامـادە نەبوون بۆ گەنگەشە کردن لەبارەی بابەتی هەواڵەوە دەکەن.

لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕەخنەگـران ترسی ئەوەیان هەیە کـە لە پێناو شـتی تایبـەتدا، بنەمـاکـانی ڕۆژنامـەوانی بکرێتـە قـوربانی. هەر بۆ نموونە ڕۆبێـرت مـردۆخ کـەناڵی (BBC)ی لە مانگە دەسکردەکەی خۆی دوور خستەوە، پاش ئەوەی (BBC) بەرنامەی بۆ چین پەخش کردو ئەم شتەش نارەزایی حیزبەکان و دەزگاکانی حکومەتی لێ کەوتەوە.

هەندێ لە ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان، کە مەترسی لە کارکردنێکدا نییە کە بۆ بەدەست هێنانی هەواڵ و بەدواداچوونی ڕووداوە، بەڵکو کێبرکێ لەبواری دابەش کردنی هەواڵ و زانیارییە بەهۆی کێبڵەوە، یان لە ڕێی سیستەمی مانگی دەسکرد، یان پەخشی ئاساییە. لەم بوارەدا ململانێ قەوما، بەوەی تایم وارنەر (Time Warner) پەنای بردە بەر ڕێ گرتن لە مەردۆخ (Murdoch) کە هەواڵ پەخش بکات کە بە درێژایی ٢٤ سەعات بە سیستەمی کێبڵ لە شاری نیویۆرکدا پەخش دەکرێت.

**ب- بەرسڤ بۆ ڕەخنەی ئامرازەکانی میدیای جیهانی**

کەسانی دی هەن کە دەڵێن ئامرازەکانی میدیای نێودەوڵەتی، بە چەشنی جیهانگەرایی، زیاتر لە زاراوەیەکی پۆزەتیڤی هەیە. گفتوگۆ لەبارەی ئەوەشەوە کرا کە بە ملیۆنان خەڵک هەن کە بەر لە ئێستاش هەواڵ و زانیارییان بەدەست دەهێنا، بەتایبەتی لە چین و هیندستاندا، بەڵام جیهانگەرایی ئامرازەکانی میدیایان پێ چاکترە. لە بواری گەیاندندا، ئێستا خەڵک پتر لە هەڵبژاردنێکیان لە بەردەمدایە: کاتی بەتاڵی خۆیان چۆن بەسەر دەبەن؟ حەز دەکەن چی لە تەلەفزیۆندا ببینن، یان چی بخوێننەوە؟ بەو داهاتەی خۆیان، کە لە ئاکامی بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و گوزەران چنگیان دەکەوێت، ئاخۆ حەز دەکەن چی بکڕن؟

(جیمس واتسۆنی) زانای ئەنترۆپۆلۆژیا لە ساڵی ١٩٩٩دا گوتی: ژیانی گوندنشینانی چین بە پێی ئەوەی کە لە ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە پێی ئاشنام، گۆڕاوە، چونکە چینی ئیستا کراوەن، ئەمیش بەهۆی ئەوەی پشت بەو هاوولاتیانە دەبەستن کە حەز دەکەن بین بە بەشێک لە جیهان. منیش وای دەبینم کە جیهانگەرایی گرنگترین فاکتەر بوو بۆ هێنانی دیموکراتیەت بۆ چین. وا باوە کە ڕەخنەگران بڕوایان وا نییە کە گەشەکردنی بازاڕ و قازانجی ئابووری، پاڵنەرێکی ئەوتۆن کە ڕەنگە بتوانن کولتووری نەتەوایەتی، یان خەسڵەتی نیشتمانی بپارێزن. بۆیە پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر: دەبێ بازاڕەکان ڕێکوپێک بن و پێداویستی نیشتمانییانەی خەڵکیان تێدا بێت و هەمەجۆر کاڵاو بەرهەمیشیان تێدا بێت، بۆ ئەوەی ئەم بازاڕانە بەرەو ڕووی داگیرکاری دەرەکی نەبنەوە.

هەروەها دەبێ پارێزگاری لە بەهاو دابونەریتی کولتووری و مێژوویش بکرێت. جیهانگەرایی گەوهەری گۆڕانە، ڕاستییەکی بەرجەستەشە نەک خواست و ئەگەر. گەنگەشە لەبارەی ئەوەوە کرا کە دەگونجێ کولتوورەکان یەک بگرن، دەکرێ بۆ شوێنانی دی بگوازرێنەوە و بڵاوبکرێنەوە، لەبری ئەوەی چاو ببڕینە هەندێ مەبەستی وەهمی، دەبێ کۆمەڵگا لە پێناوی چەند ئامانجێکدا خەبات بکات وەک: لەگەڵ ئەوانی دی ڕێک نەکەوێت، بەڵکو لەوان بگات، ئامرازەکانی میدیای نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گەوهەرییان هەیە لە گەیاندنی کۆمەڵ بەم ئامانجە.

**٧- ڕادیۆی کورتە شەپۆل و دیپلۆماسیەتی گشتی**

ئێزگە (کە بەرنامە بە شەپۆلی کورت بڵاو دەکاتەوە و خەسڵەتی ئەوەی هەیە کە دەنگ دەگەیەنێتە مەودای دوور) ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە گەیاندنی نێودەوڵەتیدا. لە شەڕی سارددا، پتر لە (١٠٠) ئێزگە (سەرباری ئێزگەی تایبەت) بەرنامەیان ئاراستەی نەتەوەکانی دی دەکرد، بە ملیۆنان مرۆڤ بە زمانی جیاجیا گوێیان لە هەواڵ دەبوو، سەرباری مۆسیقا و زانیاری و بەرنامەی جۆربەجۆر.

جیاوازییەکی زۆر لەنێوان زمانەکاندا هەیە، بەڵام گوێگر هەواڵی بە گوێرەی دڵی خۆی هەڵدەبژارد کە گوێی لێ بگرێت، سەرباری ئەو مۆسیقایەی چێژی پێ دەبەخشێت. ئەو ئێزگانەی پەخشیان بە شەپۆلی کورتە، ئەو هەواڵانەی کە بڵاوی دەکەنەوە وەک ڕیکلام وایە بۆ ئەوانی دی. پێچەوانەی ئەوەش هەر وایە. هەروەها ئەو مۆسیقایەی لایەنێک پەخشی دەکرد بۆ ماوەی پتر لە (٥٠) ساڵ مایەی بێزاری بوو بۆ ئەوانی دی. لە ڕێی ئێزگەوە، دیپلوماسیەتی گشتی (لەمیانەی هەواڵەکانی حکوومەتێک بۆ کارکردن لە حکوومەتێکی دی یان گەلەکەی) وردەکاری شەڕی ساردی کۆنترۆڵ کرد. ئیدی حکوومەتەکانی لە ساڵی ١٩٩٠ دا یەکگرتن ئەڵمانیا و دابەش بوونی یەکێتی سۆڤیەتیان دیت. لە ڕادیۆی مۆسکۆ و ڕادیۆی بێژینگ و دەنگی ئەمریکا و ئێزگەی (BBC) و ڕادیۆی (ئەورووپای ئازاد) و ڕادیۆی (دیوتچ وێل) و (دەنگی قاهیرە)وە.. دەنگی بەرز دەردەچوو و کاری لە جەماوەر دەکرد.

**أ- مەودای نێودەوڵەتیی ئێزگە**

گوێگرانی ئیزگە (ئەوانەی بە شەپۆلی کورت بەرنامە پەخش دەکەن) تا ئیستا و بەردەوام ڕوو لە زیاد بوونن. ئیزگەی (BBC) پتر لە (٢٠٠) ملیۆن گوێگری هەیە. بەپێی ڕاپۆرتەکانی فرۆشتەنی، پتر لە (٦٠٠) ملیۆن ئامێری ڕادیۆ لە جیهاندا هەن. نیوەی ئەو ژمارەیە لە ئاسیا و ئەفریقایە. ئەو هەواڵانەی بە شەپۆلی کورت و درێژ دەگوازرێنەوە سەلماندیان کە سەرکەوتوون لە هەڵسووڕاندنی قەیرانی سیاسی و هەوڵەکانی کودەتا لە وڵاتانی ئەفریقا. لە هەندێ حاڵەتدا ناکرێ ڕێ لە پەخشی ڕادیۆی لۆکاڵ بگیرێ، کەچی بە ئاسانی ڕێ لە هاتنی ڕۆژنامە دەگیرێ. کاتێ کەسێک گوێ لە ئیزگەی (BBC) یان دەنگی ئەمریکا دەگرێت، دەزانێ چی لە وڵاتەکەیدا ڕوو دەدات جا ئەو کەسە لەهەر شوێن و دەوڵەتێک بێت. لەکاتی کارەساتی ئەتۆمی (چرنۆبڵدا) لە یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٨٦ دا، حکوومەتی سۆڤیەت بە ڕادەیەکی زۆر کەم زانیاری دایە دەزگاکانی میدیا، هەر بۆیە گوێگران لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و یەکێتی سۆڤیەتی (جاران) بۆ زانینی هەواڵی کارەساتەکە پشتیان بە (ئیزگەی ئەورووپای ئازاد) بەست.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ساردیش، پەخش کردنی پروپاگەندە بەسەر هەندێ دەڤەری نائارامدا درێژەی کێشا، وەک: چڕکردنەوەی پروپاگەندە لەسەر کەنداوی فارس پاش داگیر کردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، لەکاتی خەباتی چەکداری لە یوگسلاڤیای(جاران) لەنێوان سرب و کراوات و موسڵمانانی بۆسنە، کاتێ لە چیندا مافی مرۆڤ پێشێل کراو لە کاتی شەڕی (پەیمانی باکووری ئەتڵەسی - ناتۆ) (NATO) لە کۆسۆڤۆ و سربیا، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئیزگەی دەنگی ئەمریکا و ئازادی ئەورووپا و ڕادیۆی ئازادی ئاراستەی بەڵکان کرد، ئەویش لە ڕێی بەرنامە هەواڵی یەکگرتوو بە پێنج زمان و بەدرێژایی ٢٤ سەعات لە ڕۆژێکدا، هەر تەنیا بۆ گەیاندنی بۆچوونی ئەمریکا سەبارەت بە شەڕی ناتۆ (NATO) بە زمانی یوگسلافی. بەڵام لەگەڵ فراوانی بوونی بازنەی ئابووری لەسەر ئاستی جیهاندا، ئیزگەکان ئیدی پتر بایەخیان بە کاروباری ئابووری و زانیاری و دارایی دا. هەرەس هێنانی ئابووری وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و کاریگەری بەسەر ئابووری ڕۆژئاوا، باڵی کێشا بەسەر هەواڵی ئابوورییانەی جیهان. سیخوڕی سیاسی گۆڕا بە سیخوڕیی ئابووری، هەروەها زیاتر بایەخ بە چەتەیی نێودەوڵەتی درا لە بواری فیلمی سینەمایی و ڤیدیۆ کاسێت و دیسک و کۆمپیوتەر. هەر بۆ نموونە ٩٠٪ی ئەوانەی لە چیندا کۆمپیوتەر بەکار دەهێنن، لە بواری کڕین و فرۆشتنی بەرنامەی ئەلیکترۆنیدا بوونە چەتە. لەبواری ئامێرەکانی میدیای نێودەوڵەتیدا، ڕیکلام و بازاڕگەری وەک ئەرک و فەرمانێکی یەکسان بە پروپاگەندە و دیپلۆماسیەتی گشتی تەماشا دەکرێ. ئەمەش پەیوەستە بە ڕادەی ئەوەی وەک خەرجیی ڕیکلام دەدرێت، بۆ بەرێ کردنی کاڵا و فرۆشتنی بە ئاسانس.

**ب- چالاکی ئەمریکا لە بواری دیپلۆماسیەتی گشتیدا**

لە بواری ئیزگەی نێودەوڵەتیدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ئەم کاتە بە قورسی گەشە دەکات. چەندین ساڵ بەر لە دامەزراندنی ئیزگەی دەنگی ئەمریکا، کۆشکی سپی و کۆنگرێسی ئەمریکا ڕازی بوون بە دامەزراندنی هەمەجۆر خزمەتگوزاری ئازادی ڕادیۆ، وەک (ڕادیۆی ئەورووپای ئازاد) و (ڕادیۆی ئازادی) (ئاراستەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران کرا بوو) و (ڕادیۆی ئاسیای ئازاد) و (ڕادیۆی عێراقی ئازاد) و (ڕادیۆی ئێرانی ئازاد) و (ڕادیۆی مارتی) و (تەلەفزیۆنی مارتی) و (ڕادیۆی دیموکراتیەت بۆ ئەفریقا) سەرباری (وۆردنێت). سەبارەت بە پەخشی تەلەفزیۆنی ئەمریکی، چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی هەن کە هەفتانە (٢) هەزار سەعات هەواڵ و بەرنامە بە (٦١) زمان پەخش دەکەن، کەسیش ناتوانێ ژمارەی بینەران بخەملێنێ. وێرای ئەوە ئامارێک هەیە کە ئاماژەی بە (٨٦) ملیۆن کەس دەکات لە سەرانسەری جیهاندا کە بەرنامەی ئەو کەناڵانە دەبینن. ئەوانەی گوێ لە ئیزگەی (ئازادی ئەورووپا) و (ئەورووپای ئازاد) دەگرن ژمارەیان دەگاتە (٢٠) ملیۆن کەس. ئیزگە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا (ئیزگە ئاراستە کراوەکان) پتر لە (٣٥٠٠) کەسیان وەگەڕ خستووە بۆ بەجێ گەیاندنی کاری میدیاییان کە کاری ئیزگەیی دەکەن، کە جگە لە دەستەی ئیزگەی بەریتانی (BBC) هاوتا و هاوشانێکیان نییە. لە هەندێ شوێنی

ئەورووپای ڕۆژهەلات و یەکێتی سۆڤیەتی جاران، ژمارەی گوێگرانی ئیزگەی دەنگی ئەمریکا بەردەوام ڕوو لە کەمی دەکات، چونکە لەو شوێنانەدا شێوازی ڕۆژنامەگەریی ئەورووپا برەوی پەیدا کردووە. دوای ئەوەی نووسینگەکانی لە ئەورووپا داخست، ئیزگەی دەنگی ئەمریکا بایەخی میدیایی خۆی لە ئەفریقا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیادا چڕ کردەوە. پتر لە ٢٠٪ی گوێگرانی دەنگی ئەمریکا لە نایجیریادان. ئیزگەی نێودەوڵەتی تەنیا نین لە شۆڕشی گەیاندنی نێودەوڵەتیدا. ئینتەرنێت و ئامێری پەخشی دیجیتال لە ڕێی مانگی دەسکردەوە، کۆتاییان بە سیستەمی پەخشی ئاسایی هێنا کە پێویستی بە وێستگەی ناردن و بەهێزکردنەوە بوو لە سەرانسەری جیهاندا. ئیزگەی دەنگی ئەمریکا و ئازادیی ئەورووپا و ئەورووپای ئازاد کەوتنە وەشاندنی هەواڵ و بەرنامەکانیان لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی خۆیان. ئیدی گوێگر هەر هێندە کۆمپیوتەرێکی وابەستە بە تۆڕی ئەنتەرنێتی هەبێت، جا چ لە چین بێت، یان سیبیریادا بێت، لە توانایدایە هەر کاتێکی ئارەزوو بکات، گوێ لە بەرنامەی ئەو ئیزگانە بگرێت.

ئێستا، ئیزگە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا و ڕۆژاوا، وەک دەستەی ئیزگەی بەریتانیا(BBC) و دیوتچ ویلی دەتوانن بژاردەیەکی گوێگرانی خۆیان لە ئەکادیمیست و قوتابیانی زانکۆ و ئەندامانی حکوومەت هەڵبژێرن، ئەویش لە ڕێی زیادکردنی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی بۆ ئەو ئیزگانە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا، یان بە وەرگرتنی پەخشەکەی بە ئامێری ڕادیۆی دیجیتال (Digita Transmission)، گەیاندنی نێودەوڵەتی لە ڕێی ئەم کەناڵانەوە ئێستا خێراتر و کەم خەرجیترە و زۆر بە ئەستەم حکوومەتەکان دەتوانن هانی هانییان بخەنە سەر.

**٨- ئایندەی جیهانگەرایی میدیا**

ئایندەی ئامرازەکانی میدیای نێودەوڵەتی نادیارە، ئەمە چ لەبارەی گۆڕانی تەکنەلۆژیاوە، یان سەبارەت بە ڕۆڵی بێ سنووری لە بواری سیاسەتی ئابوورییەوە.

لێشاوی بەردەوامی هەواڵی جیهانی بە درێژایی ٢٤ سەعات لە ڕۆژێکدا و گەیشتنی لەوپەڕی خێراییدا بۆ شوێنی جیاجیای جیهان، هۆکارێکە بۆ گۆڕانی گێتی و ڕوانینی ئێمە بۆ جیهان. کێرڤ و ئاماژەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە لێشاوی میدیا بەردەوام ڕوو لە زیاد بوونە. زۆربەی هەواڵ ئیدی بەرەو باکوور، یان باشوور، ڕۆژهەلات، یان ڕۆژاوا ئاراستە دەکرێت، نەتەوەکانیش ئیدی نەک هەر پێشوازی هەواڵ دەکەن، بەڵکو هەواڵیش دەنێرن.

ڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی و هی دیکەشی بایەخ بە پاراستنی جۆرایەتی ڕۆژنامە دەدەن، بەها باوەکانی ئازادی و سەربەخۆیی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە جیهاندا، درێژەیان دەبێت و دەمێننەوە، کە ئیدی لەدایک بوونی دەزگای میدیای فرەڕەگەز دەبینێ، کە بەشێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە بەدەست هێنانی قازانج دەدات لە پرۆژەی کات بەسەر بردندا (وەک بەرهەم هێنانی بەرنامەی کێبرکێ و کامیرای شاراوە و بەرنامەی هەمەڕەنگ)، بەجۆرێ ئێمە پێویستمان بە ڕێکخستنی کاری ئامرازەکانی میدیای نێودەوڵەتی دەبێت، بۆ ئەوەی نەبێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئازادی دەربڕین، یان ئازادی بازاڕی میدیا سەرکوت بکات. هاوکاری و کێبرکێی نێوان ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بەڵگەی ئەوەیە (چ لۆکاڵ بن، یان جیهانی) هاوولاتیان لە خۆ ئامادە کردندان بۆ پێشوازی کردن لە جۆرە هەواڵ و زانیارییەکی گشتی و چاک. ئایندەی سەرکەوتنی ئامرازەکانی میدیای نێودەوڵەتی بەندە بە ئابووری بەهێزی جیهانەوە، کە ئەویش لەلای خۆیەوە بەندە بە ژمارەی ئەو کەسانەی لە نێو نەتەوە جیاجیاکاندا دەتوانن پشتگیریی دیموکراتیەت و کرانەوە بکەن لەنێو کۆمەڵگا و بازاڕەکانی ئابووریدا، کە پێویستە هەڵسوکەوت تێیدا بە یاسا و ڕێسا بێت.

ڕۆژنامەگەریی نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا ناکۆکە، ڕێگای نادروست بەرەو کۆڵێ هەڵەت دەبات. لە دەوڵەتانی وەک ڕووسیا و ئەندەنووسیا، تا ئێستا لە بواری بازرگانی و ئابووریدا پەرەسەندن و ئارامییان بەدەست نەهێناوە، دەزگاکانیشیان پێویستیان بەوە هەیە کە بە شێوەیەکی تەواو بەشدار بن لە ئابووری جیهاندا. نەتەوەی دیکەش هەن دیموکراتییەتەکەیان تەنیا بە ناوە و ڕاستییەکانیش ئاماژە بە زاڵ بوونی دیکتاتۆریەت دەکەن. بۆیە دەبینین ئەو دەوڵەتانە لە نێو گرفتە ناوخۆییەکانیدا خنکاون، بۆیە پێویستیان بە هێزی سەربەخۆ و توانای کارکردن

هەیە لە پێناو دامەزراندنی ئامرازی میدیای نێودەوڵەتی کە هەواڵی ناوخۆ و دەرەکی بە هاوڵاتیان بگەیەنێت.

**پەراوێز:**

١- جیهانگەرایی وا پێناسە دەکرێت کە (سیستەمێکی نێودەوڵەتییە جیهان بەرەو تێکەڵی و تێک چرژان و پێکەوەنانی ئابووریی یەکگرتووی جیهانی دەبات). جیهانگەرایی میدیاش دەکرێ وا پێناسە بکەین کە (سیستەمێکی گەیاندنی نێودەوڵەتییە کە هەست کردن بە سنوور دەتوێنێتەوە): حەبیب کەرکوکی.

٢- ژێدەر-Encyclopedia of International Media and Communication, Volume 2, Copy right 2003, USA.

٣- حەبیب کەرکووکی (وەرگێڕی ئەم بابەتە لە ئینگلیزییەوە بۆ عارەبی)، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵیارێکی بواری میدیایە لە شاری کەرکووک، ١٩٧٥ لەدایک بووە، قوتابی دکتۆرایە لە کۆلێژی ڕاگەیاندن/ زانکۆی بەغدا، بڕوانامەی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی زمان/ زانکۆی بەغدا بەدەست هێناوە، لە کۆلێژی ڕاگەیاندنی هەمان زانکۆدا بەکالۆریۆسی لە ڕۆژنامەگەری بەدەست هێناوە، لەساڵی ٢٠٠٥دا بە نامەی (گوتاری سیاسی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی کورد) بڕوانامەی ماجستێری لە کۆلێژی ڕاگەیاندنی بەغدا بەدەست هێناوە.

٤- جیهان بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە، یەکەمین قۆناغ پێی دەگوترێ قۆناغی کشتوکاڵ، کە لە پەیداپوونی مرۆڤەوە تا (٣٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا درێژەی کێشا، دووەمین قۆناغ قۆناغی پیشەسازییە، کە لە (٣٠٠) ساڵ بەر لە ئێستاوە تا ساڵی ١٩٩٠ درێژەی کێشا، سێیەمین قۆناغ و دوایین قۆناغ پێی دەگوترێ قۆناغی زانیاری، یان گەیاندن، کە لە ساڵی ١٩٩٠ەوە دەستی پێ کردووە تا ئێستا: (حەبیب کەرکووکی).

٥- جیهان پێنج شۆڕشی دیوە: شۆڕشی ئاخاوتن، لەو کاتەی مرۆڤ بە قسە هاتووە بۆ تێگەیاندنی ئەوانی دی. شۆڕشی نووسین، سۆمەرییەکان یەکەمین کەس بوون کە نووسینیان داهێنا و شێوازی نووسینی خۆیان لە تابلۆی قوڕ ناونا (نووسینی مێخی). شۆڕشی چاپ، کاتێ گۆتەنبێرگ یەکەمین چاپخانەی لە جیهاندا داهێنا. شۆڕشی ئامرازەکانی میدیا، بە داهێنانی تەلگراف و تەلەفۆن و بێتەل و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، شۆڕشی کۆمپیوتەر و مانگی دەسکرد کە شۆڕشی پێنجەمە: (حەبیب کەرکووکی).

٦- تەلەفزیۆنی کارلێکار (Interactive Television) بەرهەمێکی سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیارییە، لەم سیستەمەدا هێڵی کێبڵ تەلەفزیۆنی بە ناوەندی پەخش دەبەستێتەوە، بینەرانیش دەتوانن ئەو بەرنامانە هەڵبژێرن کە دەیانەوێ بیانبینن. ئەم سیستەمە بواری ئەوەش دەداتە بینەر کە ڕای خۆی لەبارەی بەرنامەکان بدات و ئەو گۆرانی و فیلم و زنجیرانەش هەڵبژێرن کە دەیانەوێ بیانبینن، هەروەها ڕاستەوخۆ ئەو کاڵایانەش بکرن کە لە ڕیکلامدا پیشان دەدرێن. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ژاپۆن و هەندێ وڵاتی ڕۆژاوا ئێستا کار بەم سیستەمە دەکرێ: (حەبیب کەرکووکی).

٧- تاکایەتی، واتە ئامرازەکای میدیای نوێ و ئەو سیستەمانەی لە گەیاندندا بەکار دێن، بوونە مایەی پەرت و بلاوکردنەوەی جەماوەر. ئیدی جەماوەر تێکڕا تەماشای یەک کەناڵی تەلەفزیۆن ناکەن، یان گوێ لە تەنیا ئیزگەیەک ناگرن. جەماوەر پەرتوبلاو دەبنەوە و دەبنە دەستەی جیاجیا. دەستەیەک تەماشای نمایشی جلوبەرگ دەکەن، دەستەیەکی دی تەماشای فیلم دەکەن، یەکی دی تەماشای گۆرانی دەکەن، ئیدی بەم جۆرە. ئەم پەرتوبلاوییە وای لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ئیزگەی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کرد پسپۆڕایەتی لە جۆرە هونەرێکدا پەیدا بکەن، جا دەبینی کەناڵ هەیە گۆرانی کۆن پەخش دەکات، یان گۆرانی نوێ، یان ڤیدیۆ کلیپ، یان ڕەنگە فیلمی کۆن، یان نوێ، یان شانۆگەری...... (حەبیب کەرکووکی).

٨- تێکست: تەکنیکێکە بواری داکردنی هەزاران لاپەڕە و وێنە دەدات، هەروەها لە یەک کاتدا نمایش کردنیان. ئەم تەکنیکە بەرهەمێکی تەکنەلۆژیای زانیارییە.

٩- پسپۆڕانی زانیاری دووپاتی دەکەنەوە کە گەورەترین ئەو مەترسیانەی لەم ڕۆژگارەدا بەرەو ڕووی دەوڵەتان دەبێتەوە، کە زانیاری ڕاستیان لە لا نییە کە یارمەتیدەریان بێت بۆ دەرکردنی بڕیاری سەرکەوتوو، وڵاتانی هەژار لە پای نەبوونی ئەم جۆرە زانیارییە، بە ملیۆنان دۆلار لە دەست دەدەن.

# هاتنەوە سەر بنجوبناوانی میتافیزیک

مارتن هایدیگەر
لە ئەڵمانییەوە: دکتۆر حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - بەشی مێژوو)

دیکارت بۆ (پیکو)ی نووسیوە کە بنەماکانی فەلسەفەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسایی:

«بەم پێیە فەلسەفە هەمووی وەک درەختێک وایە ڕەگەکانی میتافیزیک، قەدەکەی فیزیک لقەکانیش کە لە قەدەکەی کەوتوونەتەوە زانستەکانی ترن...»(١) «بەرهەمەکانی دیکارت چاپی ئادەم و تانری، بەندی ٩، ل: ١٤».

ئێمە دەپرسین، بۆ ئەوەی لەلای ئەم وێنەیە بمێنینەوە، لە چ زەوییەکدا ڕەگەکانی ئەم درەختەی فەلسەفە جێگای خۆیان دەدۆزنەوە؟! لە چ بنەمایەکەوە ڕەگەکان و بەهۆی ئەوانەوە تێکرای درەختەکە ئاووشلە و هێزی شین بوون و گەشەکردنیان دەستگیر دەبێت؟! کامە کەرەسەیە کاریگەرە، کە لە بنەماو زەوییەکەدا شاردراوەیە، لەو ڕەگانەدا کە درەختەکە ڕاگیردەکەن و خۆراکی دەدەنێ، هەیە؟!

جەوهەری میتافیزیک لەچیدا تانوپۆی خۆی پێکدەهێنێ؟! میتافیزیک، ئەگەر لە بنەماکەیەوە سەرنج بدرێت،چییە؟! میتافیزیک لە بنەڕەتدا بە گشتی چییە؟!

ئەو وابیر لە بوونەوەر دەکاتەوە کە بوونەوەرە. لە هەموو کات و جێگایەکدا، کە بپرسرێ، بوونەوەر دەبێ چی بێت، بوونەوەر وەک ئەمە دێتە بەرچاو. لەم ڕوانگەیەوە بیری میتافیزیک دەربارەی سەرچاوەی بوونەوەر، لە بارەی داهێنەری ڕووناکیی دەپرسێ. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەپێی پێویست ڕوونە بۆ هەموو سەرنجدانێکی بوونەوەر ڕوون و ڕەوانیی (شەفافیەت) دەستەبەر دەبێ.

بە هەر شێوە و جۆرێک بوونەوەر هەمیشە شرۆڤە بکرێت، ئیتر بە مانای گیان بێ کە ڕێبازی گیانیی

Spiritualism دەیکات یان وەک کەرەسە و هێز سەرنج بدرێت وەک لەلای مەتریالیستەکان وایە یان وەک گۆڕان و ژیان یان وەک بۆچوون یان وەک خواست یان وەک جەوهەر Substanz یان وەک خود Subjekt یان وەک وزە یان وەک گەڕانەوەیەکی هەمیشەیی هەمان شت، هەموو جارێک بوونەوەر وەک بوونەوەر لەبەر تیشکی بووندا بەدەردەکەوێ، لە هەموو کات و شوێنێکدا (Ueberall)، ئەگەر میتافیزیک بۆچوونی لەبارەی بوونەوەرەوە هەبێت، بوون خۆی بە تیشک ڕووناک کردۆتەوە. بوون (وجود) گەیشتۆتە ڕەوشی پەردە بەسەردانەدراوییەکەی. ئایا و چۆن بوون ئەم جۆرە پەردە بەسەردانەدراوەییە (Unverborgen heit) لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و ئایا و چۆن بەگشتی خۆی لە میتافیزیکدا و وەک ئەمە جێگیر دەکات، بە شاردراوەیی دەمێنێتەوە. بوون (وجود) لە جەوهەرە بەدەرکەوتووەکەیدا، واتە هەقیقەتەکەی چییە، بەبیردا نەهاتووە. لەگەڵ ئەمەشدا کە میتافیزیک وەڵامی پرسیاری دەربارەی بوونەوەر وەک ئەمە دەداتەوە قسە لە کراوەیی هەست پێنەکراوی (بوون) دەکات. ڕاستیی بوون بۆیە دەکرێ بەو بنەمایە ناوببرێت کە میتافیزیک وەک ڕەگو ڕیشەی درەختی فەلسەفە خۆی تێدا داکوتاوە و پێی دەژی.

لەبەر ئەوەی میتافیزیک سەرگەرمی پرسیاری بوونەوەرە وەک بوونەوەر (Seiende) هەمیشە هەر لەلای بوونەوەر دەمێنێتەوە و هیچ جارێک ناگەڕێتەوە سەر بوون وەک بوون (Sein). وەک ڕەگوڕیشەی درەختەکە ئاوو خۆراک و هێز بە قەد و لقەکان دەبەخشێ. ڕەگوڕیشە لەبنەماو زەویدا بڵاودەبێتەوە بۆ ئەوەی لەوەوە درەختەکە گەورەببێ و بەجێی بهێڵێ. درەختی فەلسەفە لە ڕەگی نێوزەوی میتافیزیکەوە شین دەبێت. ڕاستە بنەماو زەوی ئەو کەرەسەیەن کە ڕەگی دەرەختەکە تێیاندا خۆی دادەکوتێ، بەڵام شین بوونی درەختەکە ناتوانێ هیچ جارێک زەوی و بنەمای ڕەگەکە بەو جۆرە بگرێتە خۆی، هەروەک ئەوەی بەشێک بن لە درەختەکە و لە درەختەکەدا بشاردرێنەوە و ون بن. بگرە پتر ڕەگەکەکان تاوەکو ڕیشۆڵە ناسکەکانیان لە زەوییەکەدا خۆیان دەدۆڕێنن و ون دەبن، بنەماکە بنەمای ڕەگەکەیە: لەودا لەپێناوی سوود و قازانجی درەختەکە خۆی لەبیر دەچێتەوە. ڕەگەکە لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر بە شێوازی خۆی، خۆی بداتە دەست ڕەگەزی (ELement) زەوی، هەر سەر بە درەختەکەیە. ئەو ڕەگەزەکەی و خۆی لەمدا بزر و لەدەست دەدات. ئەو وەک ڕەگ گوێ بەزەوییەکە نادات، بەڵای کەمەوە بەشێوازێک وەک ئەوەی ئەو جەوهەرەکەی بێت بە پێچەوانەی ئەم ڕەگەزەوە گەشە بکات و لەودا خۆی بڵاوبکاتەوە. وادانراوە کە ڕەگەزەکە ئەگەر ڕەگەکە خۆی تێدا بڵاونەکاتەوە ڕەگەز نابێت.

میتافیزیک، ئەوەندەی بە بۆچوون بۆ بوونەوەر وەک بوونەوەر، دەچێت، بیر لە بوون خۆی ناکاتەوە. فەلسەفە خۆی لەسەر بنەماکەی کۆ ناکاتەوە(٣). بەردەوام ئەو بەجێدەهێڵێ و ئەمەش بەهۆی میتافیزیکەوە دەکات، بەڵام هیچ کاتێک لەدەستی ڕاناکات. ئەوەندەی هزر ڕێگا دەگرێتەبەر لە بنەمای میتافیزیک شارەزابێت، ئەوەندەی ئەو هزرە کۆشش دەکات بیر لە ڕاستیی بوون خۆی بکاتەوە، لە جیاتی ئەوەی بەبۆچوون بۆ بوونەوەر وەک بوونەوەر بچێت، ئەوە ئەم هزرە بە چەندین شێواز میتافیزیک بەجێدەهێڵێ. ئەم هزرە، کە لە ڕوانگەی میتافیزیکەوە سەیری بکرێت، جارێکی تر دێتەوە سەر بنەمای میتافیزیک. تەنیا ئەوە، کە ئیتر وەک بنەما(٤) دەردەکەوێ، بە مەزەندە Vermutlich، ئەگەر هەر لە ئەوەوە شارەزایی پەیدا بکرێت، شتێکی ترە و دەرنەبڕدراوە و، بەم پێیە جەوهەری میتافیزیک شتێکی تر دەبێ لەوەی کە میتافیزیک بێت.

هزرێک کە بیر لە ڕاستیی بوون دەکاتەوە، هیچی تر تەنیا بە میتافیزیک ڕازی نابێت، بەڵام دژی میتافیزیکیش بیرناکاتەوە. ئەو، بۆ ئەوەی بە زمانی وێنە قسە بکەین، ڕەگوڕیشەی فەلسەفە هەڵناکێشێ، بەڵکو بنەمایەکەی (بناغەکەی) بۆ هەڵدەکەنێ و زەوییەکەی بۆ دەکێڵێ. میتافیزیک یەکەم بابەتی فەلسەفە دەمێنێتەوە، بەڵام بە یەکەم بابەتی بیر ناگات. میتافیزیک لەوەدا بیر لە ڕاستیی بوون دەکاتەوە دەبەزێنرێ. لاف لێدانی میتافیزیک کە دەستی بەسەر پێوەندی گرنگی «بووندا» دەگات و هەموو پێوەندییەک بە بوونەوەرەوە وەک بوونەوەر دیار و دەستنیشان دەکات لاواز و بێهێزە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم «پووچەڵکردنەی میتافیزیک» میتافیزیک لانادات. ئەوەندەی مرۆڤ بوونەوەرێکی ژێر بێت ئەوە ئەو بوونەوەرێکی میتافیزیکیە. چەندە مرۆڤ خۆی وەک جەوهەرێکی زیندووی ژێر تێبگات، ئەوەندە میتافیزیک بە قسەی کانت Kant سەر بە سروشتی

مرۆڤـە، بەڵام بەپێچەوانەشەوە بیر دەتوانێ، ئەگەر بۆی هەڵبکەوێ، بچێتەوە سەر بنجوبناوانی میتافیزیک، بیێتە مایەی بەرپابوونی گۆڕانێکی جەوهەری مرۆڤ کە لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا بارگۆڕینێکی میتافیزیک دێتەکایەوە.

ئەگەر لەکاتی کرانەوەی ئەم پرسیارەدا دەربارەی راستیی بوون قسە لە پووچەڵکردنی Ue-berwindung میتافیزیک کرابێت، مانای ئەوەیە:

## بیرکردنەوە لەبوون خۆی

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، تاوەکو ئێستا، بەسەر بیرنەکردنەوە لە بنەمای رەگوریشەی فەلسەفە تێدەپەڕێ. ئەو کۆششە هزرەی لە «بوون وکات سالی ١٩٢٧ز» دا کردمان بەو رێگایەدا هەنگاوی ناوە رێگا بۆ ئەو پووچەڵکردنەوەیەی میتافیزیک کە بەم جۆرە تێی گەیشتراوە، خۆش بکات، بەڵام ئەوەی ئەم جۆرە هزرە بەسەر رێگای خۆیدا دەبات، دەکرێ تەنیا هەر ئەوەی دەبێ بیری لێبکرێتەوە خۆی بێت(٥) بوون خۆی و چۆن بوونەکە خۆی لێرە پێوەندی بە بیرێکەوە هەیە، هیچ کاتێک و بەهیچ جۆرێک تەنیا هەر لەلای هزر ناوەستێ. ئیتر چۆن بوون خۆی رووبەرووی هزرێک دەبێت، بەرەو هەڵبەزینەوەیەکی دەبات، کە بەهۆیەوە خۆی لە بوونەوە دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو بەپێی بوون وەک بوون بێت.

بەڵام بۆچی دەبێ ئەم جۆرە پووچەڵکردنەوەیەی میتافیزیک گرنگ و ناچاریی بێت؟ ئایا دەبێ و پێویستە بەم شێوازە تەنیا هەر ئەو دیسپلینەی فەلسەفە، کە تائێستا رەگوریشە بووە بەهۆی یەکێکی بنەرەتییەوە فراواتر بکرێت و جێگاکەی بگیردرێتەوە؟! ئایا کێشەکە بریتییە لە گۆڕینی رێبازی کۆشکی تێکرای فەلسەفە؟ نەء، یان دەبێ و پێویستە بەهۆی هاتنەوەسەر بنجو بناوانی میتافیزیک هەڵومەرجێکی فەلسەفە کە تائێستا پشتگوێ خراوە پەردەی لەسەر لابدرێت و پێشەکیی لەبەرچاو بگیرێت و ئەو تا ئێستا بنەمایەکی پتەوە و قایمی نییە و هەر بۆیەشە ناتوانێ ببێ بە راستێکی رەها؟ نەء.

بە جۆرێکی تر حازریی یان لەبەرچاو نەبوونی راستیی رووبەروو دووچاری مەترسیی و هەڵسەنگاندن دەبێت: نەک رەوشی فەلسەفە، نەک تەنیا فەلسەفە خۆی، بەڵکو نزیکیی و دووریی لەوەوە کە فەلسەفە وەک هزرێکی بۆچوونی بوونەوەر، وەک بوونەوەر، جەوهەر و ناچارێتی خۆی لێوە دەستگیر دەبێت.

دەبێ بریار لەسەر ئەوە بدرێت ئایا بوون خۆی پشت ئەستور بە راستییە تایبەتییەکەی خۆی لە توانایيدا هەیە پێوەندی خۆی بە جەوهەری مرۆڤەوە پشت راست بکاتەوە، یان ئایا میتافیزیک لەوەیدا کە پشت لە بنەماکەی دەکات رێگر دەبێ لەوەی پێوەندی- بوون- بەمرۆڤەوە پشت ئەستور بەجەوهەری ئەو پێوەندییە بگاتە ئاستی روون و رەوانیی، کە مرۆڤ والێبکات سەر بە بوون بێت.

میتافیزیک لەوەڵامدانەوەکەی ئەو پرسیارەی دەربارەی بوونەوەر وەک بوونەوەر دەکرێ، پێشەکیی بەبۆچوون گریمانەی بوونی کردووە. ئەو ناچارییانە دەربارەی بوون دەدوێ، هەروەها بۆیە ئینجا بە بەردەوامیی، بەڵام میتافیزیک بوون خۆی بە قسەکردن ناهێنێ، چونکە ئەو نە دەربارەی بوون Sein لە راستییەکەیداو نە دەربارەی راستیی وەک دانەپۆشراوەیی و دەربارەی ئەمەش لە جەوهەرەکەیدا، بیرناکاتەوە.

جەوهەری راستیی هەمیشە بۆ میتافیزیک تەنیا لە روخساری بنچینەیی راستیی زانیندا و لە دەستەواژەکانی ئەمەدا دەردەکەوێ. دانەپۆشراوەیی دەکرێ بە واتای ڤیریتاس Veritas لەپێش راستییەوە بێ. وشەی یۆنانی: دەرکەوتن، راستیی، ئەو وشەیەیە کە بە هێمایەکی هەست پێ نەکراو جەوهەری بوون (ئێسێ esse) دەبەخشێ. ئەگەر بابەتەکە بەم جۆرە بێت، ئەوە بیرکردنەوەی بۆچوونانەی میتافیزیکیی ناتوانی هەرگیز بە ئازادیی بەم جەوهەرەی راستیی بگات، ئەگەرچی بەگەرمیی سەرگەرمی خۆ خەریک کردنیش بێت بە توێژینەوەی مێژوویی فەلسەفەی پێش سوکرات، ئەوە ئەمە بریتی نابێ لە جۆرە لەدایک بوونەوەیەکی نوێی Reniassance هزری پێش سوکرات، بەڵکو- ئەم مەبەستە بەپێچەوانەی ژیرو خێرایی و هەڵەشەییە- بریتییە لە بایەخدان بە حازریی Ankunft جەوهەری دەرنەبڕدراوی پەردە لەسەر لادراو، کە بوون وەک ئەمە جاری هەبوونی خۆی داوە.(٦) لە هەمانکاتدا راستیی هەر لە ئەناکسیماندەرەوە تاوەکو نیتشێ بۆ میتافیزیک بە درێژایی مێژووەکەی بە شاردراوەیی ماوەتەوە. لەبەرچی میتافیزیک بیر لەو ناکاتەوە؟! ئایا ئەو پشتگوێ خستنەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تەنیا هەر

پێوەندی بەشێواز و جۆری بیری میتافیزیکییەوە هەیە؟! یان پێوەندی بە چارەنووسی جەوهەریی میتافیزیکەوە هەیە کە خۆی دەستبەرداری بنەماکەی خۆی دەبێت، چونکە بەهۆی لەبەرچاو نەمانی پەردە لەسەر لادراویی هەمیشە جەوهەرییەکە لەمەدا، بەتایبەتی لە شاردراوەییەکەدا، نامێنێ، تەنانەت بۆ سوود و قازانجی پەردە لەسەرلادراوەییەکە، کە ڕاستەوخۆ یەکەمجار وەک بوونەوەر دەکرێ دەربکەوێت؟!

لەگەڵ ئەمەشدا ئێستا میتافیزیک بەردەوام و لە ڕەوشی جیاوازی گۆڕاودا قسە لە بوون دەکات. ئەو خۆی ئەو بۆچوونە دەوروژێنێ و پشت ڕاست دەکاتەوە گوایە بەهۆی خۆیەوە پرسیار دەربارەی بوون دەکرێت و وەڵام دەدرێتەوە. میتافیزیک بەتەنیا خۆی هیچ جارێک ئەم پرسیارە ناکات. ئەو ناپرسێ، چونکە ئەو تەنیا بوون بەبیریدا دێت کاتێک بوونەوەر وەک بوونەوەر لەبۆچوونیدا ڕەنگ دەرێژێ. ئەو مەبەستی بوونەوەرە بەگشتی و هەمەکیی و قسە لەبوون دەکات. ئەو ناوی بوون دەهێنێ و مەبەستی بوونەوەرە وەک بوونەوەر. دەستەواژە و دەربڕینەکانی میتافیزیک هەر لەسەرەتای دەستپێکردنیانەوە تاوەکو کۆتاییان بە شێوازێکی سەیروسەمەرە و دەگمەن لەچوارچێوەی تێکەڵ بەیەکتریی کردنی بوونەوەر و بووندا دەجووڵێنەوە. ئەم تێکەڵ کردنە، بێ گومان دەبێ وەک ڕووداو نەک وەک هەڵە بیری لێبکرێتەوە. ناکرێ فاکتەر و هۆکارەکەی بەهیچ جۆرێک لە پشتگوێ خستنێکی ڕووت و ئاسایی بیرکردنەوەدا یان لە ساکاریی و سەرپێیی دەربڕیندا هەبێ. بەهۆی ئەم تێکەڵ بە یەکتری کردنە هەمیشەییەوە بۆچوون دەگاتە لوتکەی سەرلێشێوان، کاتێک کە مرۆڤ لافی ئەوە لێدەدات گوایە میتافیزیک پرسیار و کێشەی بوون دێنێتە پێشەوە.

وادێتە بەرچاو کە میتافیزیک بەهۆی جۆرو شێوازێک کە ئەو بیری پێ لە بوونەوەر دەکاتەوە، لەوێ مابێتەوە، بەبێ ئەوەی جەوهەرەکەی بەربەست بووبێ پێوەندی سەرەتای بوون بەجەوهەری مرۆڤەوە لە مرۆڤی قەدەخە کردبێ.

دەبێ چۆن بێت، ئەگەر لە ئارادارنەبوونی ئەم پێوەندییە و لەبیرو یادچوونەوەی ئەم لەئارادانەبوونە هەر لە زوویەکەوە جیهانی نوێیان دیارو دەستنیشان کردبێ؟!

چۆن دەبێت ئەگەر لە ئارادا نەبوونی بوون هەمیشە مرۆڤ بەتایبەتی هەر بە بوونەوەر بسپێرێ، بەجۆرێک کە مرۆڤ لەو پێوەندییەی بوون بە جەوهەرییەوە (هی مرۆڤ) بە تەواوەتی بەجێهێشترابێ و ئەو بەجێهێشتنە لە هەمانکاتدا بە شاردراوەیی مابێتەوە؟. چۆن دەبێ، ئەگەر ڕەوشەکە وەهابێت و ئەگەر لە زوویەکەوە هەر بەم جۆرە بووبێت؟! چۆن دەبێت ئەگەر هێمایەکان ئەو نیشان بدەن کە ئەو لە یادچوونەوەیە بیەوێ لە پاشەڕۆژدا خۆی پترو باشتر بخاتە نێو لەیادچوونەوەوە؟!

ئایا ئەمە دەبێتە دەرفەتێک بۆ مرۆڤێکی بیرکەرەوە، لە بەرامبەر ئەم چارەنووسی بووندا جۆرە لوت بەرزییەک Uberheblich بۆ خۆی دەستەبەربێ؟! ئایا ئەگەر ئەمە پێکبێت، لەگەڵ ئەمەدا دەرفەتێک ناڕەخسێ، لەم دەستبەرداربوونەی بووندا بەهیواو بەڵێنی پووچ بەجۆرێکی ترو بەخۆشییەکەی دەستکردی خۆمان- خۆمان بەتەفرەبەرین؟! ئەگەر بێتو، دەستبەردابوونی بوون بێتە کایەوە، دەرفەتی بەس بوو نابێت، بیرێک کە لە بوون بیردەکاتەوە، دووچاری تۆقاندن ببێ، بەم پێیە هیچی تر نەخوازرێ لەوە بەولاوە لەنیگەرانیدا بچێتە ژێرباری چارەنووس و قەدەری بوون، بۆ ئەوەی لەسەرەتادا هزرکردن دەربارەی دەستبەرداربوونی بوون بەلایەکدا بخرێت؟! ئینجا ئیتر ئایا هزرێک ئەمە دەخوازێ، ئەگەر ئەم نیگەرانییە چارەنووسییە تەنیا ڕەوشێکی دڵتەنگ هێنەر بێت؟! ئایا ئەم چارەنووسییەی بوونی ئەم نیگەرانییە چ پێوەندییەکی بە سایکۆلۆژی و شیکردنەوەی دەروونییەوە هەیە؟!

گریمان، پووچەڵکردنی میتافیزیک وەک ئەو کۆششە وابێ کە پێش هەمموو شتێک جارێک مرۆڤ فێربێ ئاگای لە دەستبەرداری بوون ببێ، بۆ ئەوەی بە ئەزموون شارەزای ببێ و ئەو شارەزاییە سەبارەت بە بوون لەلای مرۆڤ تۆماربێ و لەوێدا بسپێردرێ، ئیتر هەر ئەم پرسیارە: «میتافیزیک چییە؟!» لە پێویستی بوون بە دەستبەرداربوونی بووندا بەکراوەیی دەمێنێتەوە، بگرە دوور نییە بۆ هەموو بیرکردنەوەیەک ناچارییەکی ئەوپەڕی ناچاریی بێت.

ئیتر ئەمە لەوەوە کەوتۆتەوە کە کاتی خۆی هزرو بیرکردنەوە دەبێ بەبیرکەرەوە. ئەمەش لەوەدا دەبێت، ئەگەر هزرو بیرکردنەوە، لەجیاتی ئەوەی بە پلەیەکی بالای کۆششەکەیان بگەن و بچنەسەر بنچینەیەکی تر. ئەو هزرەی لەلایەن بوونەوەرەوە وەک بوونەوەر کراوە و

بۆیە ئیتر بۆچوونە و بەهۆیەوە ڕێگا ڕووناک دەکاتەوە بەهۆی هزرێکی ترەوە کە لە بوون خۆیەوە کەوتۆتەوە و ئیتر بۆیە سەر بەهزریشە لادەبردرێ.

بیرکردنەوەکان لەو بارەیەوە، چۆن بۆچوونی میتافیزیکی، تەنیا میتافیزیکیانە بە شێوازێکی کاریگەر وسوودبەخش لەژیانی ڕۆژانە و گشتیدا دەکرێ بەکارو چالاکییەکی ڕاستەوخۆ، سووڕانەوەیە لە جوغز و بازنەی بەتاڵدا. چەندە بیرکەرەوە ببێ بە هزرو بیر، چەندە گونجاوتر ئەو خۆی لە پێوەندی بوونەوە لەو نزیک کردەوە ئەوەندە هزر لە خۆیدا بێگەردتر لە کردارێکی وەک خۆیدا دەبێت:

لە هزرێکدا کە بۆ ئەو بەبیردا هاتووە و ئیتر هەربۆیە ئەوخۆیەتی کە بیری لێکراوەتەوە.

بەڵام کێ هەر بیر لەوە دەکاتەوە کە بەبیردا هاتووە؟!

مرۆڤ شت دادەهێنێ. هزر بەیەک ڕێگادا ببردرێ کە بە هۆیەوە پێوەندی ڕاستیی بوون بەجەوهەری مرۆڤ بگات، ڕاڕەوێک لەبەر دەم هزردا دەکرێتەوە بۆ ئەوەی بوون خۆی بیر لە ڕاستییە تایبەتییەکەی خۆی بکاتەوە، بەرەو ئەو ئاقارو ئاستە، ئەو هەوڵ و کۆششەی هزرکردن کە لەکتێبی «بوون و کات»دا داومانە بەرێگاوەیە. بەم ڕێگایەدا، کە دەڵێ: بۆ سوود و قازانجی پرسین دەربارەی ڕاستیی بوون ڕامان و بیرکردنەوە دەربارەی جەوهەری مرۆڤ ئەوپەڕی پێویستە، چونکە ئەوەی دەرنەبڕدراوە لەبەر ئەوەی لەسەرەتاوە تاقیکردنەوە پێویست بە ساغ بوونەوەکەی لە یادچوونەوەی بوون خۆی هەموو مەزەندە بەلایەکخەرەکانی تێدایە، بەپێی ڕاشکاویی و نەشاردراوەیی بوون پێوەندیی بوون سەر بە جەوهەری مرۆڤە بگرە بەبوون خۆیەتی. ئیتر چۆن لە کردن هاتووە ئەم مەزەندەیە تاقیکراوەیەش تەنیا ببێ بە پرسیارێکی دەرنەبڕدراو، بەبێ ئەوەی پێشتر هەموو کۆشش و هەوڵەکان بۆ ئەوە بووبن کە دەستنیشان کردنی جەوهەری مرۆڤ بەهۆی ڕێبازی خودییەوە بگرە لەو پێناسەیەوە کە بەزیندەوەرێکی ژیری دادەنێ بەدەست هێنرابێ؟ بۆ ئەوەی پێوەندی- بوون- بە جەوهەری مرۆڤەوە هەروەها بۆ ئەوەی جەوهەری کردارو پێوەندی مرۆڤ بە ڕای گشتییەوەی، بەکراوەییەوە (لەوێ- Da-) بوونەوە وەک بوون و هەروەها بۆ ئەوەی بە وشەیەک بپێکرێ بۆ دەڤەری جەوهەر We-sensbereich، کە تێیدا مرۆڤ مرۆڤە، ناوی بوون Dasein هەڵبژێردراوە. ئەمە بەکاردێت، ئەگەرچی میتافیزیک ئەو ناوە بۆ ئەو بابەتە بەکاردێنێ کە بەبوونی مرۆڤ Existentia، ڕاستەقینە، هەڵکەوت و بابەتیی ناودەبرێت، جگە لەمە، ئەگەرچی، تەنانەت بەکارهێنانی ئاسایی چەمکی «بوونی دیاریکراوی مرۆڤ» لە ئاخاڤتندا بەواتای میتافیزیکی وشەکە بەکاردێت.(٧) بۆیە هەموو- جارێکی تر بیرکردنەوەیەک- بە فیڕۆ دەچێ ئەگەر مرۆڤ بڕوای واهێنابێ کە لە کتێبی «بوون و کات»دا لەجیاتی هۆش وشەی «بوونی دیاریکراو» بەکارهێنرابێ.

وەک ئەوەی لێرەدا بابەتەکە بریتی بێ لە بەکارهێنانی چەند وشەی جیاواز، هەروەک ئەوەی بریتی نەبێ لەوەی یەکێک و تاکە کەسێک کە پێوەندی بوون بە جەوهەری مرۆڤەوە و ئینجا پێش هەموو شتێک، کە بەخەیاڵی ئێمەدا هاتووە(٧)، شارەزایی و ئەزموونی تێروتەسەلی جەوهەریی مرۆڤ سەبارەت بە پرسیاری سەرەکیی/ بخرێتە بەر دەم بیر و هزر.

نەک تەنیا وشەی بوونی دەستنیشانکراو Dasein لەجێگای وشەی «هوشیاری» دەرناکەوێ، بگرە چەمکی «بابەت»یش وەک بوونی دیاریکراو لە جێگای ئەو وشەیەی مرۆڤ وەک هوشیاری بە بۆچوون بۆی دەچێ دەرناکەوێ، پتر وشەی «دازاین- بوونی دیاریکراو» کە پێش هەموو شتێک جارێک وەک جێگا، بە تایبەتی وەک شوێنی ڕاستیی بوون بە شارەزایی بەدەست هاتووە کە دەبێ بەم پێیە بەبیردابێت ناودەبرێ و بەکاردێت.

وشەی «دازاین» کە لە لێکۆڵینەوەی «بوون و کات»دا بیری لێکراوەتەوە لە بڕگەی سەرەکیی «ل٤٩»دا باسکراوە کە بەم جۆرەیە:

«- جەوهەری- دازاین لە بوونە مرۆڤییەکەیدایە». مرۆڤ بە ڕاشکاویی وابیر دەکاتەوە کە لەزمانی میتافیزیکدا وشەی بوونی مرۆڤ Existenz هەمان شت دەگەیەنێ کە وشەی «دازاین» دەیداتە دەست، بەتایبەتی ڕاستەقینەیی و ڕیالیستی، ئەوهەڵکەوتانە هەر لە ڕەبەوە تاوەکو دەنکەزیخ و چەوێک (Sand Korn)، ئینجا بەهۆی ئەو ڕستە و دەستەواژەیەوە، ئەگەر بێتو مرۆڤ ڕاستەوخۆ لێی تێبگات، سەختی و گرانی ئەوەی دەبێ بیری لێبکرێتەوە، لە وشەی دەزاینەوە، دوورخراوتەوە بۆ وشەی بوونی مرۆڤ. ناوی (Existenz) لە «بوون و کات»دا هەر تەنیا بەواتای

بوونی مرۆڤ بەکارهاتووە. ئەگەر بەڕاستیی وشەی بوونی مرۆڤ بە بیردابێت دەکرێ جەوهەری دازاین بەبیرو هزردا بێت، بە تایبەتی لە کراوەییەکەی بوون خۆیدا کە خۆی دەردەخات و دەشارێتەوە، خۆی ساغ دەکاتەوە و دوور دەکەوێتەوە، بەبێ ئەوەی ئەم ڕاستییەی بوون لە دازایندا وشکایی بێت یان ناکرێ بە هیچ جۆرێک بەپێی جۆری ئەم دەستەواژەی میتافیزیکە، لەگەڵیدا بێ بەیەک کە دەڵێ:

هەموو بابەتییەک وەک بابەت خودیەتییە.

ئایا وشەی (Existenz) (بوونی مرۆڤ) لەکتێبی «بوون و کات»دا چ واتایەک دەبەخشێ؟!

وشەکە جۆرە شێوازێکی بوون ناودەبات و بگرە بوونی ئەو بوونەوەرە کە بۆ ڕاشکاویی و کراوەیی بوون بە کراوەیی دەوەستێ، لەوەدا کە ئەو وەستاوە و کە دەچێتە ژێر بارییەوە، چوونە ژێر بار لە ژێر ناوی «نیگەرانی»دا وەک ئەزموون دەستگیر دەبێت. ئەو جەوهەرە دەرەکییەی (ekstatische) بوونی دەستنیشانکراو بەهۆی نیگەرانییەوە بەهزردا هاتووە، کەچی بە پێچەوانەوە نیگەرانیی Sorge تەنیا لە جەوهەری دەرەکیی بوونەکەیدا بە تەواوەتی دەبێتە بابەتی ئەزموون و شارەزایی. ئەم جۆرە چوونە ژێر بارە ئەزموونییە- جەوهەری ئەوەیە کە لێرەدا وەک دەرەکیی بوون بیری لێدەکرێتەوە. جەوهەری دەرەکیی بوونی- بوونی مرۆڤ- هەر لەبەر ئەمە بە تەواوەتی تێی ناگەیشترێ، ئەگەر هاتوو مرۆڤ تەنیا هەر وەک «لە دەرەوەدا وەستان» بۆی بچێ و ئەم «لەدەرەوەدایە» وەک «ڕێگایەکی» ناوەکیی ناوەوەی هوشیاریی و هی گیان تێی بگەیشترێ:- ئەگەر واتێبگەیشترێ ئەوە بوونی مرۆڤ هەمیشە لە «خودێتییەوە» و لەلایەن جەوهەرەوە (Substanz) بەهێزو بۆچووندا دەهێنرێ، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا «دەرەوە- aus» وەک لێک جیابوونەوەی کراوەیی بوون خۆی لەبیردادەمێنێتەوە. ڕەوشی- دەرەکیی بوون- بەندە، ئەمەش شتێکی سەیرو دەگمەنە، بەوەوە لەناو «دەرەوە» و «لەوێدا» بووەستیت یان نە شاردراوەی دابێ وەک ئەوە چۆن بوون خۆی حازرە. ئەوە کە بە ناوی «بوونی مرۆڤەوە» دەبێ بیری لێبکرێتەوە، ئەگەر هاتوو وشەکە لە چوارچێوەی هزردا بەکارهێنرا، کە پابەندی ڕاستیی بوون بێت و لەوەوە کەوتبێتەوە بیربکاتەوە، وشەی پێداگرتن (Instandigkeit) بەجوانترین شێوە دەری دەبڕێت. پێویستە ئێمە تەنیا بەتایبەتی لەناوەوە وەستانی کراوەیی بوون، بەلایەکدا خستنی لەناوەوەدا وەستان «نیگەرانی» و بەردەوامیی لەوپەڕی دەرەوەی «بوون و مردن»دا پێکەوە و ئینجا تەواوەتیی جەوهەری بوونی مرۆڤ بە هزر و بیرماندا بهێنین.

بوونەوەر کە بەشێوازی بوونی مرۆڤە، مەبەست لە مرۆڤە. مرۆڤ تەنیا خۆی بوونەکەی جەوهەرییە. بەرد هەیە، بەڵام بوونەکەی جەوهەریی نییە. درەخت هەیە، بەڵام بوونەکەی جەوهەریی نییە. ئەسپ هەیە، بەڵام بوونەکەی جەوهەریی نییە، ڕەب هەیە بەڵام بوونەکەی جەوهەریی نییە. ئەم ڕستەیە:

«مرۆڤ تەنیا خۆی بوونی جەوهەریی هەیە.»

بەهیچ جۆرێک مانای ئەوە نییە کە تەنیا هەر مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕاستەقینەیە و هەموو بوونەوەرەکانی تر ناواقیعین و تەنیا هەر ڕوخسارن یاخود بۆچوونی مرۆڤن. ئەم دەستەواژەیە:

«مرۆڤ بوونی جەوهەرییە».

وادەگەیەنێ مرۆڤ ئەو تاکە بوونەوەرەیە، بوونەکەی بەهۆی لەناوەکیی وەستانی ڕاشکاوییدا لە نەشاردراوەیی بووندا لە بوونەوەیە، لە بووندایە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. جەوهەری بوونێتی مرۆڤ هۆکاری ئەوەیە کە دەری دەخات چۆن مرۆڤ بۆی دەکرێ بوونەوەر وەک بوونەوەر بە هزر و بۆچوونی خۆیدا بهێنێ و دەتوانێ هوشیاریی لە بارەی ئەوەوە هەبێ کە بەبۆچوونیدا هاتووە. هەموو هۆشیارییەک پێشەکییانەبەمەرج بوونی جەوهەری دەرەکیی وەک جەوهەری بوونی مرۆڤ گریمانە دەکات کە بوونی جەوهەریی essentia ئەو واتایە دەدات، مرۆڤ ئەوەندەی مرۆڤە حازر و ئامادەیە، کەچی هوشیاریی نە لە پێشدا کراوەیی بوونەوەر دادەهێنێ و نە کراوەیی و ڕاشکاوەیی بوونەوەر بە مرۆڤ دەبەخشێ. بۆ کوێ و لەکوێوە و لەچ ڕەهەندێکی ئازاددا دەبێ هەموو ئامانجەکییەتییەکی هوشیاریی چالاک و دەستبەکار بێت، ئەگەربێتو مرۆڤ جەوهەرەکەی خۆی لە پێداگرتندا دەستگیر نەبێت؟! مرۆڤ چیتر دەتوانێ بکات ئەگەر هاتوو بە گەرمیی بیر لەوە بکاتەوە وشەی «بوون» لەنێو ناوی «هوشیاریی» و «هۆشیاریی خودیدا» وەک جەوهەرێکی بوونیانەی ئەوەی هەیە کە بوونی هەیە ناوبنێ؟! شت خۆی بێت جەوهەری ئەو بوونەوەرە دەستنیشاندەکات کە هەیە بەڵام بوونی مرۆڤ نە لە

بوونی خـــودیدا و نه ئەو خـــۆی بەهۆی ئەمـــەوە دیارو دەستنیشاندەکات.

چونکە، لەبەر ئەوەی هزری مـــیـــتـــافــیــزیکی بوونی خودێتی مرۆڤ لە جەوهەرکەیەوە یان ئەوەی لەبنەڕەتدا خۆیەتی، بەهۆی خودەوە دیار و دەستنیشاندەکرێت، بۆیە پێـویسـتـە ڕێگای یەکـەم کـە لە مـیـتـافـیـزیکەوە بەرەو جەوهەری دەرەکـیـانەی بوونی مرۆڤ ئاراسـتە دەکـات، بەهۆی دەسـتـنیـشـانکردنی مـیـتـافـیـزیکیـیـانەی بوونی خودێتی مرۆڤ پیادە بکرێت. (بوون و کات- پ: ٦٣و ٦٤).

لەبەر ئەوەی پرسیارکردن دەربارەی بوونی مرۆڤ هەموو کاتێک تەنیا هەر خزمەتی سوود و قازانجی تاکە پرسیار دەربارەی هزر دەکـــات، بەتایبـــەتی ئەو پرســـیــــــارە ورووژاوەیەی دەربارەی ڕاســـتـــیی بوون وەک هۆکـــار و بنەمـای شـاردراوەیی مـیـتـافـیـزیک دەکـرێت، هەربۆیە ناونیـــشـــانی لێکـۆڵینەوەکـــە، هەوڵی هاتنەوە ســـەر بنجوبناوانی میتافیزیک دەدات، نەک «بوون و کات» و هەروەها نەک «هوشـیـــاریی و کـات» بەڵکو. «بوون و کـاتە» ئەم ناوونیـشـانە ناکرێ وەک ئەوانەی باون بیـری لێبکرێتـەوە: بوون و گـۆڕان، بوون و ڕوخسـار، بوون و هزر، بوون و پێویست. لێرەدا ئیـتـر هەمـوو بوونێک وەک سنوور بۆ دانراو بیـــریی لێکراوەتەوە، هەروەک ئەوەی «گـۆڕان» «ڕوخـسـار» «هزر» «پێویسـتـە» سـەربە بوون نەبن، بەڵام ئەگـەرچی ئەوان بە ئاشکرا نەک هیـــچن و بوویە سـەر بەبوونن، بوون، لەکـتـێبی «بوون و کـات»دا لەکـات بەولاوە نیـیـە، لەوەدا کـە «کـات» بەنازناوی Vorname ڕاسـتـیی بوون ناوبراوە ئەو ڕاسـتـیـیـەی جەوهەری بوونە و بوونیش خۆی خۆیەتی. بۆچی کەوابوو ئێستاکە «کات» و «بوونە» ؟!

بیـرکـردنەوە لەسـەرەتای مێژوو کـاتێک تێیـدا بوون لە هزری یۆناندا دەرکـەوتووە، دەکـرێ نیـشـــان بدرێت کـە یۆنانیـیـەکـان هەر لەزووەوە شـارەزاییـان لەوە هەبووە و پەیان بەوە بردووە کە بوونی بوونەوەر حـازریی حـازر بوو بووە. کاتێک ئێمە وشەی یۆنانی بوون بە Sein (بوون) وەردەگێڕین ئەوە وەرگێڕانەکە لە بواری زمـاندا ڕاست و دروستە ئێمە تەنیا دەنگێک لە جێگای دەنگێکی تردا دادەنێین، بەڵام کـاتێک ئێمە بەخۆماندا دەچینەوە بۆمان دەردەکـەوێ کـە ئێـمـە وەک یۆنانیـیـەکـان بیـر لە وشـە یۆنانییەکە ناکەینەوە و بەرامبەر بەمەش واتایەکی ڕوون و ڕەوانی «بوون» بە بیـرمـاندا نایەت، بەڵام ئێـمـە چی دەڵێین کـاتێک لەجـیـاتی وشـە یۆنانیـیـەکـە وشـە ئەڵمـانیـیـەکـە و لەجێگای وشـە ئەڵمـانیـیـەکـە وشـە یۆنانییەکەو esse جەوهەر دەڵێین؟! ئێمە هیچ ناڵێین، وشـە یۆنانی و لاتینی و ئەڵمـانیـیـەکـە بەهەمـان شـێـواز بەکەڕولاڵیی دەمێننەوە.

ئێـمـە کـاتێک ئەم وشـە باوە بەکـاردێنین تەنیـا خۆمـان وەک هەنگاو هەڵگرو داهێنەری گـــەورەترین بیـــری بێـمـــانایی هەڵدەخـەڵەتێنین کـە لەهزردا پەیدابووە و تائێستا هەر بە دەسەڵات و دەست ڕۆیشتووی ماوەتەوە. وشە یۆنانییەکە دەڵێ:

حـازر و ئامـادەیی، جـەوهەری ئەم حـازر و ئامـادەییـە قـووڵ لەسـەرەتای ناوی بووندا شـاردراوەتەوە. بۆ ئێـمـە وشە یۆنانییەکانی لەم بابەتە ئەم واتایانەیان هەیە:

بەبێ ئەوەی بەبیـرداهاتبێ حـازریی دەست ڕۆیشـتـووەو شاردراوەیی و ئێستاو بەردەوامیی کات نیشان دەدات. بوون وەک بوون بەبێ شاردراوەیی لە کاتەوە دەکەوێتەوە. ئیتر کات نە شاردراوەیی نیشان دەدات، واتە بەڕاستیی بوون، بەڵام ئەوکاتەی کە دەبێ بیری لێبکرێتەوە بەهۆی پرۆســە و ڕەوتی گـۆڕانی بوونەوەرشـارەزایی لە بارەیەوە دەستگیرنەبووە. کات بە ئاشکرا جەوهەرێکی ترە(٨)، کە نەک بەهۆی چەمکی کـاتی مـیـتـافـیـزیکەوە نەک هەر بەهزردا نەهاتووە، بەڵکو هیچ جـارێک و هیـچ کـاتێک نابێ بەبیردا بێت و بیری لێ بکرێتەوە.ئیتر ئاوەها کات لەپێش هەمـوو شتێکدا دەبێ بەنازناوێک کە دەبێ بیری لێبکرێتەوە و هی ڕاسـتیی - بە شـارەزایی و ئەزمـوون بەدەستهاتووی بوون بێت..

هەروەک چۆن لە یەکـەم ناوی بوونی مـیـتـافـیـزیکیـدا جەوهەری شاراوەیەکی کات بەرچاوکەوتووە، ئەوە لە دوا ناویـشـیـــدا هەبووە: «لەهاتنەوەی هەمـیـشـــەیی و هەتا هەتایی هەمـــان شـــتـــدا» .بەدرێژایی مـێـــژووی (بوون) لەقۆناغی میتافیزیکدا لەلایەن جەوهەرێکی(٩) بەبیردا نەهاتووی کـاتەوە کـۆنتـرۆڵ کـراوە. ئەوکـاتە وەنەبێ لە تەنیشت جێگاوە بووبێ، هەروەها لەنێویدا نەبووە(١٠)

هەر کـــۆشش و هەوڵێکی گــواســـتــنەوەیی بۆچوونی بوونەوەر وەک بوونەوەر لە هزردا بۆ ڕاســـتـــیی بوون، پێـویسـتــە، لەو بۆچوونەوە هەنگاو بهـاوێژێ، هەروەها تاڕاددەیەکیش ڕاستیی بوون بەبۆچووندا بهـێنێ کە ئەم بۆچوونە بەناچاریی جـۆرێکی ترە و لەکـۆتاییـدا وەک

بۆچوون بە پێچەوانەی ئەوەوە دەبێ کە دەبێ بەهزردا بێت.ئەو پێوەندییەی کە لەمیتافیزیکەوە کەوتۆتەوە، هەوڵ دەدات پێوەندی بە ڕاستیی بوونی جەوهەری مرۆڤەوە هەبێت وەک «تێگەیشتن» دادەنرێت و وەردەگیرێ، بەڵام لێرەدا تێگەیشتن لە هەمانکاتدا و بە هزردا دێت کە لە نەشاردراوەیی بوونەوە پەیدابووە. ئەمە شتێکی دەرەکییە، واتە نەخشە و پرۆژەیەک کەلە دەقەری ناوەکیی کراوەدا وەستاوە. ئەو دەقەرە Der Be-reich، کە خۆی لە پرۆژەدا وەک کراوە (لێرەدا بوون) دەردەخات و ساغ دەکاتەوە کە وەک شتێک (لێرەدا بوون وەک ئەوەی خۆی لە نەشاردراوەییدا بێت) دەنوێنێ، پێی دەگوترێ واتا. (بوون و کات ل١٥١ بەراورد بکە)

گریمان کات بەشێوەیەکی شاردراوەو شێوازێکی ژێرپەردەیی سەر بە ڕاستیی بوون بێت، ئەوە پێویستە هەموو پرۆژەیەکی ڕەنگرێژی ڕاشکاویی و کراوەیی ڕاستیی بوون وەک تێگەیشتنی بوون لەکاتدا وەک ئاسۆیەکی شیاوەکیی پێوەندییەکانی بوون ببینێ. (بوون و کات. پەرەگرافی ٣١-٤٣ هەروەها ٦٨ بەراوردبکە).

پێشەکی لێکۆڵینەوەی (بوون و کات) لەلاپەڕەی یەکەمدا بەم چەند دەستەواژەیە کۆتایی هاتووە:

«بە لایەکدا خستنی کردەکیی پرسیارەکە دەربارەی واتای «بوون» مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە. لێکدانەوەو شرۆڤە کردنی کات وەک ئاسۆیەکی شیاوەکیی هەموو جۆرە تێگەیشتنی واتا بەگشتی ئامانجێکی کاتەکییە.»

بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرای هێزی لەبیرچوونەوەی بوون، کە تێیدا هەموو فەلسەفەیەک نقوم بووە، بەڵام لە هەمانکاتدا بووە بە داواکارییەکی گەرموگوڕ و پێداگر لە «بوون و کاتدا» و واش ماوەتەوە، ئەوەیە کە فەلسەفە نەیتوانیوە بە سووک و ئاساییی دڵنیاییەکی گومان هەڵنەگری ڕەها nachtwand Ler بداتە دەست بەهێزتر بێ لەو هێزەی لەبیرچوونەوە و لابەلایی بەهۆیەوە بەلای تاکەس پرسیاری تایبەتی بوون و کاتدا تێپەڕیوە. ئینجا هەربۆیە بابەتەکە بریتی نییە لە بەهەڵە تێگەیشتنی کتێبێک، بەڵکو بریتییە لە دەستبەرداربوونمان لە بوون.

میتافیزیک دەڵێ، بوونەوەر وەک بوونەوەر چییە. ئەو «دەستەواژەیەکی» تێدایە دەربارەی (بوونەوەر)، ئەو ناونیشانەی دواتر کەوتۆتەوە ئۆنتۆلۆژی (بوونی گشتی) جەوهەرەکەی دیارو دەستنیشان دەکات، ئەگەربە ئازادی گریمانە بکرێت کە مرۆڤ بەپێی ناوەرۆکە تایبەتییەکەی و نەک بەپێی واتا تەنگەبەرەکەی سکولاستی تێی بگات. میتافیزیک لە قەدەغە و پاوانی بوونەوەر وەک بوونەوەردا دەجولێتەوە. ئەو بە بۆچوون بۆ بوونەوەر وەک بوونەوەر دەچێ. بەم شێوازە میتافیزیک هەموو کاتێک بوونەوەر وەک بوونەوەر بە تێکڕایی، بوونەوەری بوونەوەر بە بۆچوونی خۆیدا دەهێنێ، بەڵام میتافیزیک بوونەوەری بوونەوەر بە دوو شێواز و جۆر بە بۆچوونیدا دەهێنێ:

جارێکیان تێکڕای بوونەوەر وەک بوونەوەر بەواتای گشتی و هەمەکییەکەی، لە هەمانکاتدا، بەڵام تێکڕای بوونەوەر وەک بوونەوەر بە واتا ئەوپەڕی بەرزەکەی و هەربۆیە ئینجا بوونەوەری خواوەندیتیش. نە شادراوەیی بوونەوەر وەک بوونەوەرێک لەمیتافیزیکی ئەرستۆتلسدا بەم دوو ڕەنگییە خەت و خاڵی داوە (بڕوانە: میتافیزیک T, E, K).

میتافیزیک لە خۆیدا و لەبەر ئەوەی بوونەوەر وەک بوونەوەر دەکات بە بابەتی بۆچوون دووجار ڕاستیی بوونەوەر بە گشتی وبەبەرزی یەکڕەنگ دەکات. ئەو بەپێی جەوهەرەکەی لە هەمان کاتدابە واتا تایبەتییەکەی و ئۆنتۆلۆجییە و لاهووتیشە.

ئەم جەوهەرە ئۆنتۆ- لاهووتییە تایبەتییەی فەلسەفە پێویستە بەجۆرو شێوازێک ساغ بکرێتەوە، چۆن ئەو بوونەوەر وەک بوونەوەر (٥٧) بە دەردەخات. تایبەتمەندی و کارەکتەری تیۆلۆجییانەی ئۆنتۆلۆژی لەوە پێک نەهاتووە کە میتافیزیکی یۆنانی دواتر لەلایەن کڵێسەی مەسیحییەوە وەرگیراوە و لەلایەنیەوە گۆڕانی بەسەردا هێنراوە. ئەو پتر بەو جۆرە پێکهاتووە چۆن هەر لە زووەوە خۆی لە بوونەوەر وەک بوونەوەردا دەرخستووە. ئەم نەشاردراوەییەی بوونەوەر ئەو شیاوەکیی ودەرفەتەی داوەتە دەست لاهووتی مەسیحی گۆڕو توانا و هێز بە بەر فەلسەفەی یۆنانییدا بکات، ئیتر ئەمە بۆ سوود و قازانج لێ وەرگرتنی بووبێ، یان بۆ بەدکاربێ، دەبێ لاهووتییەکان پشت ئەستوور بە شارەزایی و ئەزموونی مەسحییەت بڕیاربدەن کاتێک بیردەکەنەوە، چی لە نامەی پۆڵسی پەیامبەر Apostels Paulus بۆ خەڵکی کۆرینتدا نووسراوە:

ئایا ڕەب واینەکردووە کە دانایی جیهان ببێتە نەزانین و گێلیی: Torheit؟!

(یەکەم نامە بۆ خەڵکی کورینتس) ۱: ۲۰

هەر چۆنێک بێت، دانایی ئەم جـیـــهـــانـە، بەپێی سوورەتی یەکەم ئایەتی ۲۲ ئەوە بووە کە یۆنانییـەکـان سەرگەرمی بەدواداگەڕانی بوون. ئەرستۆتلس ئەمەی بە تایبـەتمەندیی فـەلسـەفـە داناوە کە بە تایبـەتی بەدوایدا گەڕاون. ئایا لاهووتی مەسیحی جارێکی تر بڕیار دەدات بەپێی قسەکەی پەیامبەرەکە فەلسەفە بەڕاستی بکاتە جۆرە نەزانین و گێلییەک؟!

میتافیزیک وەک ڕاستییـەکی بوونەوەر وەک بوونەوەر دوو ڕەنگە، بەڵام بنەمـاو هۆکـاری ئەم دوو ڕەنگییـە بۆ مـــیـــتـــافـــیـــزیک بە نەکـــراوەیی مـــاوەتەوە (Verschlossen) ئەمـــەش نەک وەک شـــتـــێکی ڕێککەوت یان وەک ئەنجـامـێکی پشـتگوێ خـستن. مـیـتـافـیـزیک ئەم دوو ڕەنگیـیـە وەردگـرێ و پەسـەندی دەکـات: خـۆی چۆنە وەهابێت: بۆچوون بۆ بوونەوەر وەک بوونەوەر. مـــیـــتـــافـــیـــزیک هیچ ڕێگاو بواری تری هەڵبـژاردنی لەبەردەسـتـدا نییـە. مـیـتـافـیـزیک وەک مـیـتـافـیـزیک لەئەزمـوون و شـارەزایی–بوون– بەهۆی جـەوهەری تایبـەتی خـۆیەوە دوورو بەدەرە. ئەو بوونەوەر (۵۷) هەمـیـشـە تەنیـا لەوەدا بە بۆچووندا دەهێنێ چۆن خـۆی وەک بوونەوەر لەبەر دەم ئەمـەدا نـیـشـان دەدات. میـتـافیزیک لەوە بێـخەمە و بایەخی پێنادات، چی لەو بوونەوەرەدا ڕاستەوخۆ، کە پەردەی لەسەر لادراوە، خۆی شاردۆتەوە.

دەکــرێ ســەردەمــێک پێــویست و ناچاریی بێت، سەرلەنوێ جارێکی تر بیـر بکرێتـەوە، وشـەی (OV) وشــەی «بوونەوەر» بە تایبـەتی چی دەڵێ. بەم پێـیــە پرسـیـار دەربارەی بوونەوەر جـارێکی تر خـراوەتەوە نێـو بیـرەوە (بوون و کـات، پێشـەکـیی، بەراورد بکە). بە تەنیـا ئەم هێنانەوەیە دووبارەکـردنەوەی سـاکـارانەی پرسـیـارەکەی ئەفلاتوون و– ئەرستۆتلس نییـە، بەڵکو بەپێـچـەوانەوە لەوە دەپرسێ کـە خـۆی لە بوونەوەردا حەشاردراوە.

لەســەر بنەمــای ئەم حـەشـاردراوەییـە لە بوونەوەردا مـیـتـافـیـزیک دامـەزراوە،ئەگـەر ئەو بە جـۆرێکی تر بۆچوونەکـــەی دەربارەی بوونەوەر لەوەدا کـــەبوونەوەرە ڕەنگبـــڕێژێ. ئەم جـــارێکی تر پرســـینەوەیە لەو حەشاردراوەییەدا ، لەلایەنی میتافیزیکەوە، سەرگەرمی گەڕانە بەدوای بنەما بۆ ئۆنتۆلۆژی هەر لەبەر ئەم هۆیەیە

کـە هەوڵەکـە لە «بوون و کـات دا، ل:۱۳) خـۆی بە ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی ناودەبات.

ناوونیشانەکە وەک هەموو ناوونیشانێکی تر دەستوبرد لەم کـایەیەدا وەک نەگـونجـاوو سـەرنەکـەوتوو خـۆی دەردەخات. لەلایەنی مـیـتـافـیـزیکەوە بیری لێبکرێتـەوە ئەگەرچی ئەو شتێکی ڕاست دەبێژێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا مـرۆڤ بە هەڵە دەبات: چونکە ئەوی لێـرەدا دروسـتـە گواستنەوەیە لەمیـتافیزیکەوە بۆ گەیشتنە بیرکردنەوە لە ڕاستیی بوون (وجود). ئەوەندەی ئەو بیرکردنەوەیە خۆی وەک ئۆنتـۆلۆژی بنەڕەتیـیـانە نیـشـان بدات، بەو ناونانە کـۆسپ دەخـاتە سـەر ڕێگای تایبـەتی خـۆی و تاریک وتەمومژاویی دەکات.

ناوونیشـانی «ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی» لەو بیـروبۆچوونەوە نزیکە هزر کە هەوڵی بیرکردنەوە لە ڕاستیی بوون دەدات نەک وەک ئەنتـۆلۆژی سـەرگەرمی ڕاستی بوونەوەربێت، وەک ئۆنتـــۆلۆژی بنەڕەتی خـــۆی، بگـرە جـــۆرێکە لە ئۆنتۆلۆژی. لەوەدا کە هزر و بیر کردنەوە لە ڕاستیی بوون وەک هاتنەوە سەر بنجوبناوانی مـیـتـافـیـزیکی دەڤـەر و پاوانی هەمـــوو ئۆنتـــۆلۆژییـــەکی بەیەکـــەمین هەنگاو بەجێهێشتووە.

کـەچی هەمـوو فـەلسـەفـەیەک بە پێـچـەوانەوە، کـە ڕاسـتـەوخۆ یان ناڕاسـتـەوخۆ لە چوارچێـوەی بۆچوونی «ترانســـتـــێندینتس»دا ببـــزوێت بەناچاریی بە واتا جـەوهەرییـەکـەی ئۆنتـۆلۆژییـە، ئیـتـر ئەگـەر بخـوازێ بنەمـایەکی ئۆنتـۆلۆژی دابنێ یان بیەوێ ساغی بکاتەوە کەئۆنتۆلۆژی شێواندنێکی تیۆریی ئەزموونە.

ئەگەر هزر بە ئاشکرا، هەوڵبدات بیر لە ڕاستیی بوون بکاتەوە و ئیـتـر بە شـێـوازە کـۆنەکـە کـەلە دابوونەریتی بۆچوونی بوونەوەر وەک بوونەوەر مـــاوەتەوە، تەنانەت ئەگـەر خـۆیشی کە لەم بۆچووندا سـەرگـەردان و پابەند بێ، ئەوە بە مـەزەندە لەلایەکەوە ڕامـانێکی یەکـەمین و هەروەها هاندانی گـــواســـتنەوە لە بۆچوونەوە بۆ هزری بیرکەرەوە پێویست و ناچاری تر نییە لەم پرسیارە:–

میتافیزیک چییە؟!

کـرانەوە و شـرۆڤـەکـردنی ئەم پرسـیـارە لەم وتارەدا بە پرسـیـارێکی تر کۆتایی دێت. کە بە پرسـیـاریی بنەڕەتیی مـیـتـافـیـزیک ناودەبرێت و بریتـیـیـە لە: بۆچی بەگشـتی بوونەوەر هەیە و بگرە پتر، هیچ، نەبووە؟!

ئیـتر لەم نێـوانەدا فرە دەربارەی نیگەرانیی و دەربارەی

هیـچ (Nichts)، کە لەم نووسینەدا قسـەیان لێکراوە، لێرەو لەوێ گوتراوە.

بەڵام هیچ کـاتێـک هیـچ کـەسـێـک دەربایسـتـی ئەوە نەهاتووە، بیـربکاتـەوە، بۆچی دەبێ وتـارێـک Vorle-sung بەهۆی بیـرکـردنەوەوە لە ڕاسـتـیی- بوون- هەوڵبدات لە هیچ و لێرەوە لە جەوهەری میـتـافیـزیک بیربکاتەوە، پرسیـارە ناوبراوەکـە بە پرسیـاری بنەمـایی میتافیزیک بکات بە بابەتی توێژینەوە. ئایا ئەمە زمانی گوێگرێکی هوشیار و بە ئاگار بەگومان و ئەگەر ناگێڕێ کـە دڵگەرمـیی دژی نیگەرانی و دژی هیچ ئەوپەڕی گرنگە؟ ئێمە خۆمان دەبینینەوە کە بەهۆی پرسیارێکی سکولاستیەوە دووچاری ئەگەرو گومان بووین کە ڕامان، هزرین بە ڕێگای هیـچـەوە بەرەو گـەیشتن بە بوون هەوڵبدات لە کۆتاییدا دێتەوە سەر پرسیارێک دەربارەی بوونەوەر. سەرەڕای ئەمـە ئەم پرسـیـارە بەپێی شێـوازە باوەکەی میـتافیـزیکیی کەماوەتەوە بە سەرەتای بۆچی؟ دەست پێدەکات. ئەگەر هۆیەکییانە بپرسرێ، بیرکردنەوە لە بوون بۆ سـود و قـازانجی زانین بە بۆچوون دەربارەی بوونـەوەر لـە بـوونـەوەرەوە بـە تـەواوەتـی لـە خـــۆی هەڵدەگـەڕێتـەوە. زۆر پێـویست ناکـات کـە پرسـیـارە سکولاستـیـەکـە لە مـیـتـافـیـزیکی لایبنیـتس دا- لە بنەماکانی سروشت و بەهرەی خواییدا(١١) بە ڕاشکاوی کراوە بهێنینە کایەوە، کە بەم جۆرە بووە:

بۆچی شـتـێک هەبووە و هیچ نەبووە؟! (تێکڕای بەرهەمـەکـانی. چاپی گیـرهارد. بەرگی شەشەم ل٦٠٢ پەراوێزی ٦)

ئایا وتارەکە، تواناو شیـاوەکیی دەربارەی سەختـیی گـوێزرانەوە لە مـیـتـافـیـزیکەوە بۆ جـۆری تری هزر و بیـرکـردنەوەی تێدا نەبووە؟! ئایا لەکۆتاییـەکـەیدا وەک لایبنیتیس Leibniz پرسیارە میتافیزیکیەکە دەربارەی هۆکـاری سـەرەکی هەمـوو شـتـە بوونەوەرەکـان دەکـات؟! کـەوابوو بۆچی بەپێی دابو دەسـتـور ناوی لایبنیـتـس نەهێنراوە؟

یان برسیـارەکە ئەوپەڕی بەواتایەکی تر کراوە؟ ئەگەر لەبارەی بوونەوەر پرسیـارەکە نەکرابێ و بۆ ئەمـە یەکـەم هۆکـاری بوونەوەر ئاشکرا کـرابێ، ئەوە پێـویسـتــە پرسـیـارەکـە لەو بارەیەوە بکرێت، کـە بـوونەوەر نیـیـە. ئەوەی پرسـیـارەکە ناوی دەبات و بەگەورەیی دەینووسێ ئەمـەیە: هیـچ، کـە وتارەکـە وەک تاکـە کـەرەسـە و بابەت بیری لێکردۆتەوە. داواکارییە پێویستەکە نزیک بۆتەوە، لەکـۆتـایی ئەم وتارەدا جـارێکیـان بەهۆی ڕوانگە تایبەتیەکەیەوە، بیر لە ناوەرۆکی بۆچوونەکەی بکرێتەوە ئەوەی کە بە پرسیـاری بنەڕەتیی میـتـافـیزیک ناوبراو، کۆنتـۆژی بنچینەیی وەک پرسیـارێک لە بنەما و بنچی میـتـافـیـزیکەوە بێت و وەک پرسـیـارێک دەربارەی ئەم بنەمایە بکرێ و وەڵام بدرێتەوە، وایە.

کەوابوو چۆن دەبێ و پێویستە ئێمە لەو پرسیارە بگەین ئەگەر بێتو وتارەکە بۆ سوودو قازانجەکەی بیر لە مەبەست و مرازە تایبەتییەکەی خۆی بکاتەوە؟!

پرسیارەکە بەم جۆرەیە:

بۆچی بەگشتی و تێکرایی بوونەوەر هەیە و بۆچی پتر- هیـچ- نیـیـە؟! هەر لێـرەدا دەکـرێ، گـریمان ئێـمـە لە چوارچێوەی میتافیزیکدا بە شێوازە کۆنەکە میتافیزیکیی نەماوین، بەڵکو بەهۆی جەوهەرو ڕاستیی میتافیزیکەوە بیر لە ڕاستیی بوون دەکەینەوە، پرسیارەکـە بەم شێوەیە بێت:

بۆچی و هۆی چیـیـە لە هەمـوو کـات و جـێگایەکـدا بوونەوەر لە پێشەوەیە و مافی بوون بە خۆی ڕەوا دەبینێ، کـەچی ئەوەی کـە بـوونەوەر نیـیـە، ئەوەی وەک (هیچ). تێـدەگـەیشـتـرێ، وەک بوون بە لە هزر و یادچووەوە دەمێنێتەوە؟!

هۆی چییە و لەچییەوە کەوتۆتەوە کە بوون بە تایبەتی هیچ بێت و هیچیش بەتایبەتی نەبوو نا حازر بێت؟! ئایا ئەمـە لەوەوە کـەوتۆتەوە کـە لە هەمـوو مـیـتـافـیـزێکدا دیاردەیەکی پتـەو و نەگۆڕاوە کـە «بوون» لەخـۆیەوە پێی دەگەیشترێ و لە ئەنجامدا (هیچ) لە بوونەوەر سووک و ئاسانترە؟! بابەتی بوون و هیچ بە کردەکی بەم جۆرەیە، خۆ ئەگـەر بەجـۆرێکی تر بایە لایبنیـتس لەو شـوێنەی ناومـان هێناو لێـمـان خـواسـتـەوە بۆ ڕوونکردنەوە نەیدەگوت:

«هیچ لە هەموو شتێکی تر ئاسانتر و سووکترە»

ئەوی وەک مەتەڵ و گرێ کوێرە دەمێنێتەوە، ئەوەیە، کە بوونەوەر هـەیە ist. یان ئەوەیە کـە بوون هەیە؟ یان ئەم ڕامان و بیـرکـردنەوەیە بۆی ناکـرێ بمانگەیەنێتـە نزیک مـەتەلەکـە Ratsel کـە خـۆی لە بەبوونی بوونەوەرەوە کەوتۆتەوە؟

ئیتر وەڵامەکە هەرچۆنێک بێت لەو نێوانەدا کاتی ئەوە هاتووە کە وتاری فرە گازندەکراو: میـتافیـزیک چییە؟

جـارێک له کـۆتـاییـەکـەوە بیـری لێـبکرێتـەوە، لە کۆتـاییـەکـەیەوە نەک لـەلایەن مـرۆڤـێکی ئەندێشـەیی خەیاڵاوییەوە.

**پەراوێز:**

**١- ئەم پەرەگرافە لە تێکستەکەدا لەلایەن نووسەرەوە بەزمانی فەرەنسایی نووسراوە. (وەرگێڕ).**

**٢- لە چاپی پێنجـەمی سـاڵی ١٩٤٩زدا نووسـراوە: ڕووناک کردنەوە.**

**٣- چاپی پێنجەم ساڵی ١٩٤٩ز: بوون و بنەما: هەریەکن.**

**٤- چاپی پێنجـەم سـاڵی ١٩٤٩ز: بوون وەک نا بنەمـا Sein als Nichtgrund.**

**5- چاپی پێنجەم سـاڵی ١٩٤٩ز: بیـرکـردنەوە مـانـای چییـە؟ (was hei Bt Denken?)**

**٦- چاپی ساڵی ١٩٤٩ز: بوون، ڕاستیی، جیهان، ڕووداو.**

**٧- ئەوی سـەرنج ڕادەکـێشـێ لەم کـایـەیەدا ئەوەیە هایدیگەر بە ئارەزووی خۆی و بەبێ پشت بەستن بە ڕێ وشوێنی ڕێزمانی زمانی ئەڵمـانی وشـە بەکـاردێنێ و چەمک دادەڕێژێ، بۆیە سـەختـە ئەو واتایە بە کـوردی بدرێتـە دەست کـە نووسـەر مـەبەستـیـەتی. ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێ: هایدیگەر وشەی (Dasein)ی ئەڵمـانی بەمـانـای بوونی دیارو دەسـتنیـشـانکراو بەکـاردێنێ بەرامـبـەر بە وشـــەی لاتـینی (Existentia) کـــە واتـای بـوونی مـــرۆڤ دەبەخشێ. وەرگێڕ.**

**٨- لە چاپی پێنجـەمی سـاڵی ١٩٤٩زدا: بـەڵام نەک لـەلایەن ئێمەوە وەک خود.**

**٩- چاپی پێنجـەم سـاڵی ١٩٤٩ز: کـات چوار ڕەهەندییـە: یەکەمیان، هەموو کۆکەرەوە ڕەهەندەکە بریتییە لە نزیکیی.**

**١٠- لەچاپی پێنجەمی ١٩٤٩زدا هاتووە: قۆناخەکـە تێکرای مێژوو بوونە.**

**١١- لە چاپی پێنجەمی ١٩٤٩زدا هاتووە: کات- جێگا-**

**١٢- وەرگـێـڕ ئەم شـاکـاری لایبنیـتـسی کـردووە بە کـوردی و چاوەڕێی دەرفەتی چاپکردن دەکات.**

**سەرچاوە:**

**Heidegger, Martin., Der Ruekgang in - den Grund der Metaphysik. In: Vittorio Klosterman. Frankfur a/M. 5. Auflage 1998.S.7-25.**

# پاڵەپەستۆکانی ژیان و کاریگەرییەکانی بەسەر فەرمانبەرەوە

د. ڕێزان عەلی ئیبراهیم
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

زاراوەی پاڵەپەستۆ یەکێک لەزاراوە هەرە باوەکانی نێو قسەی ڕۆژانەی نێوان تاکەکانە لە چەندین جۆرە پسپۆڕایەتی زانستی و پیشەیی و تەمەن و ئاستە کۆمەلایەتییەکاندا هەیە. دەکرێ بڵێین ئەو کاتە دێتە گۆڕێ کە داواکارییەکان بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنرێت. لە هێندێ کاتدا پاڵەپەستۆ دەگەڕێنرێتەوە بۆ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی و لە هەندێ کاتی تردا پاڵەپەستۆ ئاماژە بەو گۆڕانکارییە جەستەییانە دەدات کە دەرەنجامی ئاکامی پێداویستییەکانی ژینگەن، هەندێ جار ئاماژە بە وەڵامدانەوەی دەروونیی تاک دەدات، پاڵەپەستۆ تەنیا پێداویستییە دەرەکییەکان ناورووژێنێ، بەڵکو لەوانەیە ئاکامی هیوا و ترس و پێشبینییەکان و بیروڕاکانمان بێت. کەواتە پاڵەپەستۆکان بریتین لەو عەزیەت و ماندووبوونە کە بەهۆی پێداویستییە زۆرەکانی ژیانمان کەوتۆتە ئەستۆمانەوە.

کەواتە ئەم زاراوەیە ئاماژە بەو هۆکارە پاڵەپەستۆییە دەرەکیانە دەدات کە کەوتۆتە سەر شانی تاک بە پلە یەک کە دەبێتە هۆی هەست کردن بە ناڕەحەتی، کاتێ کە بە توندی ئەم پاڵەپەستۆیانە ڕوولە زیادبوون دەکات و زۆر دەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی تاک توانای هاوسەنگی لەدەست بدات و هەڵسوکەتی ڕۆژانەی خۆی بگۆڕێت بۆ هەڵسوکەوتێکی ترەوە.

ژیانی ئادەمیزاد پڕە لە پاڵەپەستۆ، چونکە ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە، هیچ شتێک لەسەر باری خۆی نامێنێ، هەر گۆڕانکارییەک لە ژیاندا دوورماندەخاتەوە لە هاوسەنگی ئەمەش وامان لێدەکات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئامادە بین بۆ بەرپەرچدانەوە و

بەرەنگاربوونەوەی، ئەمانە هەموو پاڵەپەستۆ سەرەکییەکانن و لەوانەیە هەندێ لەو پاڵەپەستۆیانە ئەرێنی بێت وەک (پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی، دەسکردن بە کارێکی نوێ، گواستنەوە بۆ شارێکی تر، بەرزبوونەوەی پلە) لەوانەشە نەرێنی بێت وەک (جیابوونەوە، نەخۆشی، مردن)، هەموو ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر تاک.

بەم شێوەیە هەر هەڵوێستێک ببێتە هۆی هەرەس هێنان و نەمانی ئاوات و دۆڕاندن و نائارامی لە ژیانی کەسایەتی و پیشەیی هەڵوێستێکی پاڵەپەستۆییە. پاڵەپەستۆ بە نیسبەت فەرمانبەر لەوانەیە لە دەرەوەی ژینگەی کارکردندا بێت وەک پاڵەپەستۆی ئابووری و خێزانی و پاڵەپەستۆی کەسایەتی، لەوانەشە لە نێو ژینگەی کاکردندا بێت، واتە پاڵەپەستۆکانی کارکردن، وەک پاڵەپەستۆی ڕۆڵی ئەوکەسە لە کارکردندا، کە باری سروشتی کار و ژینگەی دەروونی کارکردن و سەرپەرشتی کردن و بەڕێوە بردن و.. تاد دەگرێتەوە.

فەرمانبەر زۆر ئەرک دەگێڕێ، ئەو ئەندامێکە لە خێزان، لە یانە و لە کۆمەڵەی برادەران لە فەرمانگە یان لەو کۆمپانیایەی کاری لێدەکات، هەر ڕۆڵێک لەم ڕۆڵانە سەرچاوەی پاڵەپەستۆیەکن بۆ تاک.

لەگەڵ ئەوەی کارکردن لەلایەن هەرکەسێکەوە بریتییە لە گرنگترین چالاکی لە ژیانی ئەو تاکەدا، بەڵام ئەم تاکە چالاکی نییە. زۆربەی خەڵک ژیانێکی جۆراوجۆریان لە دەرەوەی ژینگەی کارکردن هەروەها لە ناوەوەی ژینگەی کارکردندا هەیە. ڕووداوەکان لە دەرەوەی ژینگەی کارکردن دەبێتە هۆی دروست بوونی پاڵەپەستۆکان کە لە ڕۆژانی دواتردا کاریگەری لە کارەکانیان دەکات. بەم شێوەیە دەتوانین پاڵەپەستۆکانی ژیان لەلای فەرمانبەر دابەش بکەین بۆ:

**یەکەم: پاڵەپەستۆکانی ژیان لە ژینگەی خێزان و بواری کۆمەڵایەتی:**

بێگومان ئەم کێشە و پاڵەپەستۆیانەی لە ژیانی خێزانداری و کۆمەڵایەتیدا هەیە کاریگەری لەسەر تەندروستی جەستەیی و دەروونی فەرمانبەر و کارەکەیدا هەیە، لەو کێشانەی لە ژیانی خێزانداری و کۆمەڵایەتیدا هەیە و پاڵەپەستۆکان دروست دەکات:

**أ- هاوسەرێتی:**

کاتێک دووکەس لە دوو ژینگەی خێزانی جیاوازدا لەیەک شوێندا دەژین و بڕیار دەدەن تا ماون لەگەڵیدا بژین، ئەوە نیشانەیەکە تا هەندێ گۆڕانکاری ڕووبدات، بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەرێتیان سەرکەوتووبێت لەلایەن ژن و پیاوەکەوە پێویستی بە کۆمەڵێک خۆگونجاندن هەیە، هەروەها تەبایی و لێک تێگەیشتن و خۆشەویستین، یارمەتیدان و خۆگونجاندن بۆ هەر گۆڕانێک بە شێوەیەکی جێگیر دەبێتە هۆی دروست بوونی پاڵەپەستۆیەکان لێرەدا ڕێگەی نەگۆڕ بۆ خۆگونجاندن لەلایەن ژن و مێردەوە هەیە، هەندێ جار لەلایەن مێرد وەک تێگەیشتنێکی قووڵ بۆ ئاواتەکانی ژن و پێداویستی ئەقڵی و دەروونی و ئارەزووەکانی، بەڵام لەوانەیە هەندێ جار بەربەست هەبێ و نەهێڵێ ئەم تەباییە دروست بێت، ئا لێرەدا پاڵەپەستۆیەکان بەدەردەکەون کە زۆرجار وادەکات ژیانی هاوسەرێتی بەردەوام نەبێت. هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ڕۆڵی باوی هەریەک لە ئافرەت و پیاو ڕوودەدا، دەبێتە هۆی دروست بوونی دەیان جۆر پاڵەپەستۆ. زۆربەی ئافرەتان ئێستاکە بۆ کارکردن دەچن، ئەو توانایەی ئافرەت بۆ دەسکەوتی ماددی وای لێکردووە کە لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بن، لەهەمان کاتدا ڕۆڵی باوی پیاو وەک بژێوپەیداکەری ماڵ و منداڵ بەرەو کزی دەچێت، هەندێ پیاو لەبەر ئەم هۆیە هەست بە پاڵەپەستۆ دەکەن، لەلایەکی تریشەوە هەندێ لە ئافرەتی ناو ماڵ لە ئاکامی ڕۆڵ گێڕانیان وەک مێینەیەک هەست بە پەککەوتەیی دەکەن کە ئیشەکەیان تەنیا لە چوارچێوەی منداڵ بوون و پەروەردەکردن دەرناچێت، لەوانەیە حەز لە کار بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا هەست بە گوناه دەکەن ئەگەر بڕیاریان دا منداڵ بوون ڕابگرن و دوای بخەن بۆ ئەوەی سەرکەوتن لە کارەکانیان بەدی بێنن.

کارکردن و پیشە کاریگەرییەکی ئەرێنی بۆ تەندروستی دەروونی ئافرەت هەیە بەوەی باری ماددی چاکتر دەبێت، متمانەی بەخۆی دەبێت، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرفراوان دەبێت، بێزاری و ڕۆتینی ژیانی نامێنێ، بەڵام ئافرەت لە پەروەردەکردندا پاداشت کراوە لەسەر هەندێ تایبەتمەندیی دەروونی وەک ملکەچی و گوێڕایەڵی و بێ توانایی و نەرێنییەتی، بۆیە ئافرەتی هاوچەرخی ئەمڕۆ هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ گۆڕینی ڕۆڵەباوەکەی تا لە ڕێزی زیادبکات، بێگومان ئەم هەوڵدانەی ئافرەت پێویستی بە سەرف کردنی وزەیەکی زۆر دەبێت و وا لە ئافرەت دەکات

هەست بە ماندوبوون و پاڵەپەستۆ بکات.

لەوانەیە هەندێ ململانێ لەو پێوەندییەی نێوان ژن و مێرد رووبدات. دواتر هەڵچوون و نارەحەتی دروست دەبێ و دەبێتە هۆی نارازی بوون و تووڕەیی کە لە رێگەی مشتومڕ و شەڕوشۆڕ و ناکۆکی گوزارشتی لێ دەکرێت. ئەگەر ئەو ناکۆکیانە درێژەی کێشا ئەوە، دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی زۆرنەخۆشی سایکۆسۆباتی «جەستە دەروونی» و کۆسپ و گرفتە سێکسییەکانیش سەرچاوەیەکی ململانێن. ئەگەر پێداویستی یەکێک لە هاوسەرەکان جیاواز بوو لەگەڵ ئەوی تر، ئەوە دەبێتە هۆی نارازی بوون و پاڵەپەستۆ لە نێوان ژن و مێرد و پێوەندی نێوانیان تێک دەچێ و دەبێتە هۆی جیا بوونەوەیان.

لەوانەیە منداڵ سەرچاوەیەکی تری ململانێ بێت، هەروەک چۆن سەرچاوەی کامەرانی و خۆشییە، رێ گرتن لە سکپڕی هەلی هەڵبژاردن دەدات بە ئافرەت بۆ رێگەدان بە منداڵ بوونی یان نەهێشتنی. ئەم ئازادییەی ئافرەت بەرپرسێتی و پاڵەپەستۆ بەسەر ئافرەت دەسەپێنێ و دەبێتە هۆی ململانێ نانەوە لە نێوان ژن و مێرد، هەروەها پێشبینی کردنی بوونی منداڵ دەبێتە هۆی کاردانەوەی جیاجیا لەلایەن ژن و مێردەوە. لەوانەیە یەکێکیان بەم بوونە دڵخۆش بێت، بەڵام ئەوی تریان دڵتەنگ بێت. بوونی منداڵ خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی نەمانی ئازادیی ژن و مێرد، بۆ نموونە کە منداڵ نەخۆش دەکەوێت دایک و باوک تووشی دڵەڕاوکێ دەبن و پاڵەپەستۆ دروست دەبێت، یان بەهۆی نەمانی توانای خەوتن و مانەوە لەماڵ، هەروەها نزم بوونەوەی داهات بەهۆی زیادبوونی خەرجی، پاڵەپەستۆ دروست دەبێت، یان کاتێک منداڵ لە رەفتاری راست لادەدات و ئاستی فێربوونی لە قوتابخانە بەرەو نزم بوون دەچێت.

هەروەها پاڵەپەستۆ بەهۆی تەمەن و پەککەوتن و مردنی یەک لە هاوسەرەکان دروست دەبێت، مردنی هەریەک لە ژن و مێرد بەگشتی بە پاڵەپەستۆی هەرە گەورە و توند دادەنرێت کە لەوانەیە زۆربەمان پێیدا تێپەڕین، چونکە پێداویستی دیکە دەسەپێنێتە سەر توانامان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی تازە. کێشەکانی ژیان و نارەحەتییەکانی کاردەکاتە سەر تاک و لەلایەنی جەستەیی و دەروونی و پیشەییەوە.

**ب- جیابوونەوە:**

جیابوونەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە رێگاکەشی پڕە لە کێشە، نەک تەنیا کێشەی یاسایی و هاوسەرگیری، بەڵکو کێشەی دەروونیشی لێدەکەوێتەوە. جیابوونەوە پڕە لە نارەحەتی و ململانێ و خەم و زیان و ئێش و ئازار، ئەو مێردەی هەست بەوە دەکات کە رەتکراوەیە و خۆش ناویستریێ و قبووڵ کراو نییە و رازی دەبێت بە جیابوونەوە، لەهەمان کاتدا حەزیشی لێ نییە، هەست بە تووڕە بوون و ناخۆشی دەکات زیاتر لەو مێردەی خۆی جیابۆتەوە، ئەوە جگە لە ئاسەواری ناخۆشی جیابوونەوە وەک لە دەستدانی ژن یان مێرد، برادەرایەتی، خۆشەویستی، نەمانی پێوەندی و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ منداڵەکانیش نامێنێ، ژیانی تایبەتی و ژیانی خێزانی لەدەست دەدات، هەروەها هیوا و ئاوات و خۆزگەکانیش لەدەست دەدات، لە ئاکامی جیابوونەوەشدا منداڵەکان تووشی شڵەژانی دەروونی و ئاکار دەبن و ئاستی خوێندنیان نزم دەبێتەوە، لەوانەشە منداڵەکانیان بەهۆی ئەم جیابوونەوەیەش تووشی کێشەی یاسایی بن، چونکە جیابوونەوە رووداوێکی شۆک ئاسایە بۆ منداڵ.

**ج- مردنی کەسی خۆشەویست و نزیک:**

مردنی کەسێکی ئازیز لە رووداوە هەرە کاریگەرەکانی ژیانە لەسەر ئادەمیزاد، هەمووشمان لەبەردەم ئەوەداین کەسێکی نزیک و ئازیزمان لێ بمرێ. کە مردن روودەدات دەبێتە هۆی دروستبوونی هەندێ رەفتاری وا کە گوزارشت لە خۆنەگونجاندن بکات، لەوانەشە کاردانەوەکە راستەوخۆ دوای مردنەکە نەبێت، بەڵکو دوای دوو مانگ یان سێ مانگی سەرەتای مردنەکەبێ، لەوانەشە ئەم حاڵەتە خەمۆکییە چەند مانگێکی زۆر درێژە بکێشێت.

**د- پاڵەپەستۆکانی نیشتەجێ بوون:**

لەوانەیە باری نیشتەجێ بوون وەک (ستەم، پاکوخاوێنی، ئارامی و ئاساییش، دراوسێ) هەموویان هەڵوێستی پاڵەپەستۆیی بن کە کاریگەرییان لەسەر رەوشتی تاک هەبێت.هەروەها لە پاڵەپەستۆیە هەرە گەورەکانە لەدەرەوەی دامەزراوەکە گواستنەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر. کە پاڵەپەستۆیەکی زۆر بەهێزە بۆ هەموو ئەندامانی خێزان، نیشانەکانی شۆکی گواستنەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی نوێ بریتییە لە (ڕاڕایی، تەمبەڵی، نەخۆشی جەستەیی ترسناک، خەمۆکی)

هۆیەکەشی نەبوونی توانایی و هۆشیارییە کە لە ژینگەی کارکردنە تازەکەدا هەیە، ئەم جۆرە گواستنەوەیەش دەبێتە هۆی زیادبوونی پاڵەپەستۆیەکان لەسەر ئەندامانی خێزان و دایک و باوک، تەنانەت کاردەکاتە سەر منداڵەکانیش.

**هـ- پاڵەپەستۆ ماددی و ئابوورییەکان:**

بێگومان بەرزبوونەوەی پێداویستییەکانی ژیان، تاکەکەسەکان تووشی دڵەڕاوکێ دەکات. نیگەران بوون لەکەمی یان نەبوونی ئەو برە پارەیەی کە هەیانە بۆ کڕینی خواردن و جلوبەرگ و خزمەتگوزارییەکانی تر، لەوانەیە ببێتە پاڵەپەستۆ توندوتیژ بەسەریاندا. بەردەوام بەرزبوونەوەی نرخی خواردن و جلوبەرگ و چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزاری و فێربوون، هێزی تاکەکان لاواز دەکات و دەبێتە هۆی دروست بوونی ترس لە بێکاری و نەمانی یان وەستانی کار. بۆ مانەوەی تاک لە ئاستێکی ئابووری بەرز و چاک، هەوڵدەدات بەدوای ئیشی زیاتر بگەڕێ. بێگومان کاری تر لەپاڵ کاری خۆمان دەبێتە هۆی داهات و دەستکەوت، بەڵام لە هەمان کاتدا لە حەسانەوە و خۆشیمان کەم دەکاتەوە و توانامان لاواز دەکات، ئەمەش لە زۆر هەڵچوون و تووڕەبوون و دڵەڕاوکێدا بە دەردەکەوێت، دواتر کێشە ماددییەکان و کێشە ئابوورییەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی پاڵەپەستۆ و ماندووبوون و کێشەی خێزانی و پاشان دەبێتە هۆی نزم بوونەوەی هێزی تاک لە کارەکەیدا.

**و- کێشە و تەنگوچەڵەمەی ڕۆژانە:**

جگە لەو پاڵەپەستۆ بەردەوامانەی هەیە. ئەو پاڵەپەستۆ ڕۆژانەی ژیان بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دروست بوونی زۆر کێشە دادەنرێت کە خۆی لە خۆیدا زۆر گرنگ نییە ئەو تەنگوچەڵەمەیە بەشێکە لە ژیان، بەڵام کە کۆدەبێتەوە و زۆر دەبێت، دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دروست بوونی پاڵەپەستۆ چونکە کاتێک ئەو تەنگو چەڵەمانە زۆر دەبن، پاڵەپەستۆ زیاد دەبێت و توانای بەرەنگاربوونەوەی کەم دەبێتەوە، دواتر ئاکامی دەبێتە ئاکامی ناڕەحەتی و ماندووبوون و کەم خەوی و کەمی توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، تەنگوچەڵەمەکانیش ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانە دەگرێتەوە وەک چاوەڕوانکردن بۆ ماوەیەکی زۆر و دوورودرێژ، قەرەباڵغی و وەستانی هاتوچۆ، لەبیرچوونەوەی هەندێ شت، کاروباری خێزانی ئەم تەنگوچەڵەمەی ڕۆژانە لەوانەیە کاریگەری لەسەر تەندروستی تاک هەبێت.

**ی- ڕووخان:**

کاتێک ئامانجێک دیاری دەکەین بۆخۆمان دواتر ڕێگەمان لێ دەگرێت بۆ گەیشتن پێی، هەست بە ڕووخان دەکەین، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی پاڵەپەستۆ، ڕووخان حاڵەتێکی هەڵچوونی نێگەتیڤە و بەندە بەو ئامانجانەی نەمانتوانیوە بەدەستیان بێنین.

**دووەم: پاڵەپەستۆکانی ژیان لە ژینگەی کارکردندا:**

بێگومان هەندێ کار پاڵەپەستۆ زیاتر دروست دەکات لە هەندێ کاری تر، هەر کارێک لە کارەکان لەوانەیە پاڵەپەستۆ دروست بکات، بەتایبەتی ئەگەر ڕووخان و ماندووبوون و دڵەڕاوکێ و ململانێی تێدا بێت، بێگومان هۆکارەکانی پاڵەپەستۆ لە کارکردندا جۆراوجۆرن:

هەندێکیان تایبەتە بە ژینگەی سروشتی کار و هەندێکی تریان کۆمەڵایەتی و دەروونییە، لەوانەیە وەزیفە خۆی لە خۆیدا چەند هۆکارێکی پاڵەپەستۆ بگرێتە بەر وەک زیادبوونی بەرپرسێتی لە کارکردندا و کەمی سەربەخۆیی، زۆربەی سەرچاوەکانی پاڵەپەستۆ لە کارکردندا بریتییە لە (کەم هەستکردن بە ئاسایش، کەم بەکارهێنانی کەسانی کارامە و کزی و هەمەجۆری و نوێکاری لە کارکردندا، کەمی یان زیادبوونی داواکارییەکانی کارکردن، کرێ و مووچەی کەم، بارودۆخی کارکردنی ناخۆش، کەم ڕێزگرتن لە کارەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

بەم شێوەیە دەبینین سەرچاوەی پاڵەپەستۆیەکان جۆراوجۆرن، وەک سروشتی ڕۆڵی کارەکە، باری سروشتی کار، ژینگەی دەروونیی کار.

ب- سروشتی ڕۆڵی پیشەیی پێکدێت لە: پاڵەپەستۆی ڕۆڵ ئەمانە دەگرێتەوە:

**١- تەمومژی لە ڕۆڵ بینیندا:** تەمومژی لە ڕۆڵ بینیندا ئەو کاتە بەدەردەکەوێ کەتاکەکەس زانیارییەکانی بە تەواوی لە لا ڕوون نییە بۆ ئەو ڕۆڵەی لە کاردا هەیەتی و نازانێ چی لێ چاوەڕوان دەکرێ و پێویستە لەسەری چ بکات. یان ڕوون نەبوونی ڕۆڵی پیشەیی دەبێتە هۆی

دروست بوونی زۆر کێشەی دەروونی وەک (ناڕەحەتی لە کارکردن، دڵەڕاوکێ، ڕووخان، ناڕازی بوون لەکار، کەم بوونی متمانە بە خود، ڕووخانی تەندروستی دەروونی و جەستەیی، بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن، خەمۆکی و خۆبەکەمگرتن، نزم بوونی ڕازی بوون لە ژیان، تزم بوونەوەی هاندەری کارکردن و ئارەزووی بە جێهێشتنی کار.

**٢- ململانێی ڕۆڵ بینین:**
ململانێ لەسەر ڕۆڵی کارکردن دروست دەبێت. کاتێک تاک هەندێ شت ئەنجام دەدات و ئارەزووی ئەوەی نییە بیکات یان هەست ناکات بەشێکە لە شارەزایی و پسپۆڕی کارەکەی. واتە (نادیاری پەیام و ئەرکەکان) گرنگترین ئاکامی ململانێ لە ڕۆڵ بینیندا (نزم بوونەوەی ئاستی ڕازی بوون لەکار، دڵەڕاوکێ، نەخۆشییەکانی دڵ، بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن، زیادبوونی ڕێژەی کۆلیسترۆڵ و قەڵەوی، کەمی توانای بڕیاردان، کزی و کەمی داهێنان).

**٣- ئاسانی ڕۆڵ:** لەوانەیە پاڵەپەستۆ کاتێک دروست بێت کەتاک هەست بکات ئەو ڕۆڵەی پێی سپێردراوە ئاسانە، یان شتی سادە و ساکار ڕاپەڕێنێ، چونکە تاک ئەم دەورە ئاسانە بە ڕووخان دەزانێ، بەهۆی ئەوەی ئارەزوویەکی مرۆڤانەی بۆ خود سەلماندن بە هۆی کارەوە هەیە.

**ب- باری سروشتی کارکردن:**
ئەوەی گومانی تێدا نییە جۆر و باری دەورووبەرمانە لە ژینگەی کارکردندا. کاتێک کارێک دەکەین تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر ئەنجامدانی کارەکەدا هەیە. ئەو خێراییەی پێویستە بۆ ئەنجامدانی کارەکە، هەندێ لەم بارانە لەوانەیە ببێتە هۆی بە ئاسانی ڕاپەڕاندنی کارەکان و هەندێکی تریان دەبێتە بەربەستێک بۆ ئەنجامدانی کارەکان. ئێمەی مرۆڤ حەزمان لە کارکردنە لە بارێکی گونجاو و مام ناوەندی وەک ژینگەی لەبار و تەندروست لە ڕووی دەنگەدەنگ و پلەی گەرمی و ڕووناکی و شێ و پاڵەپەستۆی کەشوهەواوە، بەڵام ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆی دروست بوونی پاڵەپەستۆ گەر لە سنووری خۆی بەرزبووەوە، واتە (زۆربوون و نزم بوونی) زیاد لە ڕادەی پێویست پێی دەوترێت پاڵەپەستۆیەکانی ژینگەیی دەوروبەر. هەندێ دامودەزگا هەیە باری کارکردن تێیدا پێویستی بە پلەیەکی بەرزی گەرمی هەیە یان پێویستی بە دەنگە دەنگێکی زۆر هەیە یان ڕووناکییەکی نزم یان گەرم و ساردییەکی زۆر. ئاشکرایە ئەم بارودۆخانە سەرچاوەیەکی سەرەکی پاڵەپەستۆیەکە، چونکە کاریگەریی نەرێنی لەسەر تەندروستی تاک هەیە، بۆیە دابین کردنی کەشێکی گونجاو بۆ کارکردن بۆتە جێگای گرنگی پێدان، چونکە دەبێتە هۆی چاککردن و زیادبوونی بەروبووم و بەرزبوونەوەی گیانی مەعنەوی تاکەکەسەکان.

**ج- ژینگەی دەروونی کار:**
هۆکاری تر هەیە لە ژینگەی کارکردن کە دەبێتە هۆی دروست بوونی پاڵەپەستۆیەکان وەک (پێوەندی تاکەکەسی، گفتوگۆکردن، ناڕازی بوون) ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی ناڕەحەتی و شڵەژان، چونکە هەر شوێنێکی کار بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە.
هەندێ شوێنی کار دەبێتە مایەی دڵخۆشی و ئارامی، بەڵام هەندێ بە ئینتیما یان پشتیوانی کردن یان پشگیری کردن ، بۆیە ئەو کارکردنەی پێوەندییەکی بەهێز و باشی تێدایە وەک کەم کەرەوەیەکە بۆ پاڵەپەستۆیەکانی کارکردن.
پێوەندییە بەهێزەکانی نێوان تاکەکان لە کاردا، هۆکارێکی سەرەکی و کاریگەرە لەسەر تەندروستی تاک. پێوەندی خراپ و ناخۆش وەک (کەمی متمانە، کەم پشتگیری کردن، کەم گرنگیدان، یان گوێنەدان بە کێشە و هەوڵنەدان بۆ چارەسەرکردنی کە لەوانەیە لە شوێنی کارەکانیدا دووچاری کارەکانی بێت دەبێتە هۆی ناڕەحەتی دەروونی و ناڕازیبوون لە کار و هەست کردن بە هەڕەشە لەسەر پیشە و خۆشی تاک).
جگە لە ململانێ (سنووردرابوونی دەرفەتی بەشداریکردن و پاڵپشتی لێکردن، یان ڕێکنەکەوتن لەسەر سەرکردایەتیکردنی گرووپ، هەڕەشەکردن لە ئازادیی تاک و سەربەخۆییەکەی، بەشداری نەکردن لە دەرکردنی بڕیارەکان، نەبوونی هەستی ئینتیما لای تاک، کەموکوڕی لە هاتوچۆ، سنووربەندکردنی ڕەفتاری) هەموو ئەمانە سەرچاوەی پاڵەپەستۆن.
جۆری سەرکردایەتی لە کارکردندا لەوانەیە ببێتە سەرچاوەیەکی پاڵەپەستۆیەکان لە ژینگەی کاردا، بەتایبەتی لە ئیدارەی دیکتاتۆرییانەدا.

**پاڵەپەستۆیە دەروونییەکان:**
وەک (دڵە ڕاوکێ، ڕووخـان، ملمـلانێ، نیگەرانی، هەست بە ئێش و ئازارکردن... ئەم پاڵەپەستۆیە دەبێتە هۆی دروست بوونی زۆرکێشەی جەستەیی و دەروونی، کەوا لە تاک دەکات توانای بەرهەم هێنان و بەخشـینی نەمێنێ، بەتایبەتی لە بواری کارکردندا.

## شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ پاڵەپەستۆیەکانی ژیان و بەرەنگاربوونەوەی

دەتوانین شێوازەکانی مامەڵە کردن بکەین بە دوو جۆر:
یەکـەم: شـێـوازە پۆزەتیـڤـەکـانی بەرەنگاربوونەی پاڵەپەستۆیەکانی ژیان:
ئەو سـتـراتیـژییـەتانەی ڕاسـتەوخـۆ مـامـەڵە لەگـەڵ هەڵوێستە پاڵەپەستۆیەکاندا دەکات، بۆ کەم کردنەوە و ڕزگـاربوون لێی و نەمـانی، وەک چارەسـەرکـردنی کێشەکان. بێگومان ئەو کەسەی توانایی چارەسەرکردنی کـێـشـەی هەبێت، کـاراترە لە بەرەنگاربوونەوەی پاڵەپەستـۆیەکـان. ئەم سـتـراتیـژییـەتانە بریتـییـە لە (دیاریکردنی کێشەکە و دانانی چەند ڕێگاچارەیەک بۆی و هەڵبـژاردنی چارەسـەری گـونجـاو و پراکـتـیـک کـردنی چارەسەرکردنی کـێـشـەکە و دواتر پاڵەپەسـتـۆیەکە بەم چارەسەرکردنە کەم دەبێتەوە.

**لە شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی پۆزەتیڤ:**

١- کـارکـردن لە سایەی ڕووداوەوە/ سـوود وەرگـرتنی تـاک لە ڕووداوەکـانی ژیان و ڕاسـتـکردنـەوەی پێشـبـینییـەکـانی داهاتوو بەهۆی بیـرکـردنەوەیەکی لۆژیکیـیـانە لە پێکهـاتەکـانی سـروشـتی ڕووداوەکـە، ئەمـەش یارمـەتیـمـان دەدات کـە چۆن مـامـەڵە لەگـەڵ ئەم ڕووداوە و ڕووداوگەلی تر بکەین.

٢- پاڵپشتی کۆمەڵایەتی/ بریتییە لە هەوڵدانی تاک بۆ گـەڕان بەدوای ئەو کـەسـانەی پاڵـپـشـتی لە ئێش و ئازارەکەی دەکەن و ڕێنمایی دەکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکـە و دۆزینەوەی یارمـەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەشێوەیەکی پۆزەتیڤیانە تر.

٣- پێـوەندییـە کـۆمـەڵایەتییـەکـان/ بریتـیـیـە لە دۆزینەوەی تاک و گـەڕان بەدوای هەناسـەدانێک بۆ ڕووداوەکـەی کـە بەسـەری هاتووە، ئەمـەش بەهۆی دروستکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تر و بوونی لەگـەڵیـاندا، گـرنگیـدان بە دروسـتکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ برادەرە کۆنەکان و نوێیەکان و خزم و کـەسـان تاکـو یادەوەری پەیوەست بە ڕووداوەکـان لەبیـر بکات.

٤- گەشە پێدانی توانسـتە خودییـەکان/ بریتیـیـە لە تەرخـان کـردنی خـۆی بۆ کـار و سـەرفکردنی توانا و ئەنجامدانی پرۆژەکان و دانانی پیلانی نوێ کە ببێتە هۆی تێـرکـردنی پێـداویسـتـیـیـەکـانی و لادانی ئەو بیـروبۆچوونانەی پەیوەستن بە ڕووداوەوە، ئەمـەش وای لێدەکات هەست بە ڕازی بوون لە خود بکات.

٥- پەلە نەکـردن/ هەوڵدانی تاک بۆ پەلە نەکـردن و زۆرکردن لە خود بۆ چاوەڕوان کردن بۆ کاتێکی گونجاو.

دووەم: شێـوازە نێگەتیـڤەکـانی مـامـەڵە کـردن لەگـەڵ پاڵەپەستۆیەکانی ژیان:
لێـــرەدا تاک هەوڵ دەدات لە بەرەنگـاربوونـەوەی ڕاستـەوخۆی هەڵوێستـەکانی پاڵەپەستـۆ دروست دەکەن دوورکەوێتەوە. پەنا دەباتە بەر ئەو ڕێگایانەی بۆ گۆڕینی هەست و بیـروبۆچوونی بەرامـبـەر هەڵوێسـتـەکە، واتە ڕێکخستنی هەڵچوونەکانی زیاتر لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و چارەسەرکردنیان.

چەند شـێـوازێکی نێگەتیڤ بۆ بەرەنگاربوونەوە هەیە لەوانە:

١- نێگەتیـڤگەرایی/ لەکـەمی ئەو کـۆشـشـەی تاک بەکاری دەهێنێت و لەگەڵ هەڵوێستە پاڵەپەستۆییەکاندا بەدەردەکـەوێت. زۆر مـومـارەسـەکـردنی چالاکی تر وەک نووسین و سەیرکردنی تەلەفزیۆن.

٢- گـۆشـەگـیـری/ واتە شـاردنەوەی ڕووداوەکـە و دوورکەوتنەوە لەوەی پێی بلێ کێشـە، زۆرجـار لۆمـەی خۆی دەکات کە ئەو هۆکاری ئەو کێشەیەیە کە تێیدایە.

٣- هەناسەی هەڵچووناوی/ تاک کرداری وا بکات کە پێـوەندی بە کێـشـەکەوە نییـە و نابێـتـە ڕێگەیەک بۆ بەتاڵبوونەوەی گرژییەکانی.

٤- نکۆڵیکردن (خۆخەڵەتاندن) فەرامۆشکردنی ترسی هەڵوێسـەکـە، داننەنان بە ڕووداوەکـە کـە لەوانەیە ئەو دەرفـەتەی بداتێ زانیاری زیاتر سەبارەت بە هەڵوێسـتـە پاڵەپەسـتـۆییـەکـە کـۆبکاتەوە، بەڵام نکۆڵیکردن لە واقیعەکە لەوانەیە کێشە دروست بکات و دواتر نەتوانرێ بەرگەی بگرێت و بەرەنگاری ببێتەوە.

٥- باوەشکردن بە ئاییندا، وەکـو زۆر دوعـاکـردن و مومارەسەکردنی دابو نەریتی ئاینی و ئامادەبوون لە بۆنە

ئاینییـەکاندا، گەڕانەوە بۆ ئاین سەرچاوەیەکی هاندانی ڕۆحییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵوێستی پاڵەپەستۆیی.

بەم شـێـوەیە شـێـوازی پۆزەتیڤ لە بەرەنگاربوونەوەی پاڵەپەسـتـۆیەکـان پێـویسـتی بە دەست نیـشـانکردنی سـەرچاوەی پاڵەپەسـتـۆیەکـانە و نەهێـشـتنێـتی، بەڵام شێوازی نێگەتیڤ تەنیا نیشانەکانی کەم دەکاتەوە یان لە توندییەکەی کەم دەکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی کاتی.

زۆرجـار ئێـمـە شـێـوازی نێگەتیڤ بەسـەر شـێـوازی پۆزەتیڤ پەسەندتر دەکەین، لە ئاکامدا دووچاری هەندێ (شڵەژانی دەروونی) دەبین. بەرەنگاربوونەوەی پۆزەتیڤ پێـویسـتی بەوە هەیە تاک بەرەنگاری واقـیـعـەکـە بێت و هەرچۆنێک بێت و هەرچەندیش ترسناک بێت، ئەمـەش پێویستی بە هەوڵدان و هاندان و یارمەتیدانی خەڵکانی ترە کە بە هۆی ئەزمـوون و شـارەزاییـمـان فـێـردەبین چۆن خـــاوەن هێــــز و توانست بین بـۆ بەرەنـگـاربـوونـەوەی کـێـشـەکـانمان. ئەگـەر شـێـوازەکـانی بەرەنگاربـوونەوە شـکسـتـی هێنا، تـاک هەست بە نەمـــانی هیـــوا و ئاواتەکـانی دەکـات و تووشی بێ هیـوایی دەبێت و وا هەست دەکـات ئەم هەڵوێـسـتـە زۆر قـورسـە و ناتوانێت چارەی بکات یان کـۆنتـرۆڵی بکات. ئەم هەست کـردنە بەبێ توانایی و بێ هیـواییـە دەبێـتـە هۆی دەرکـەوتنی خـەمـۆکی، دواتر ئەگـەر زۆربێت دەبێـتـە هۆی نەک بیـرکـردنەوە لە خـۆکـوشتن، بەڵکو هەندێ جـار بەڕاسـتی خـۆی دەکـوژێ. کـەواتە سـەرنەکـەوتنی تاک لە بەرەنگاربوونەوەی پاڵەپەستۆیەکانی ژیان دەبێـتـە هۆی دەرکـەوتنی هەندێ شـڵـەژانی دەروونی و جـەسـتـەیی و نەخۆشی دەروونی و جەستەیی.

**سەرچاوەکان:**


**١- اسماعيل، بشري، ٢٠٠٤، /ضغوط الحياة والاضطرابات النفسية، مكتبة الانجلو المصرية القاهرة.**

**٢- الداهري، صالح حسن احمد، ٢٠٠٥/ مبادىء الصحة النفسية، ط، دار وائل للنشر.**

**٣- العناني، حنان عبدالحميد، ٢٠٠٣/ الصحة النفسية، ط٢، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع عمان.**

**٤- اليعقوبي، حيدر حسن، وآخرون، ٢٠٠٤/ الارشاد النفسي والصحة النفسية، ط١.**

**٥- صبحي، سيد/ ٢٠٠٣/ المخاوف المرضية/ مجلة النفس المطمئنة، ٢٠٠٣، انترنيت.**

# یادەوەری جەستە

نیهاد جامی

خوێندنەوەی ڕووبەر و پانتاییەکانی جەستەی کوردی بابەتێکە بەرەو چەندین تێگەیشتنی جیاوازمان دەبات، بەتایبەت گەر بمانەوێ تۆماری مێژوویی بۆ جەستە ئەنجام نەدەین، بەڵکو تێگەیشتنی فەلسەفی بە جەستە ببەخشین، ئەوەش لە ڕێگەی ئیشکردنەوە بە کۆمەڵە چەمکێکی فەلسەفی، کە چەمک دابەزێنینە ئاستی پراکتیزە کردنەوە، لە پێناو خوێندنەوەی دنیای کوردی، ڕۆڵی دەزگاکانی سەرکوتکردن کە تاچەند بەشداری لە سەرکوتکردنەوەی جەستە دەکەن، بۆ پرۆژەیەکی لەم چەشنەش ڕاستەوخۆ پشت بە چەمکە فەلسەفییەکانی میشێل فوکو دەبەستین بەهۆی ئەوەی ئەو فەیلەسوفە ئیشی لەسەر ئەو چەمکانە کردووە، بەڵام مەبەستمان نییە ئەو تێگەیشتن و دەرەنجامە بسەپێنینەوە سەر جەستەی کوردی، هێندەی لە ڕێگەی چەمکەکانەوە دەمانەوێ جەستە بخوێنینەوە، خوێندنەوەی جەستە، خوێندنەوەی هەریەکە لە بنیاد و گوتارەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەگرێتەوە، وەستانە لەسەر وێنەی حەرام لەجەستەی کوردیدا، ئەو چەمکە توانای ئەوەی هەیە ئاسۆیەکی نوێمان لەبەردەمدا ئاوەڵا بکات بۆ خوێندنەوە، مێژووی بنیادنانەوەی چەمک مێژووی بەردەوامیدانە بە ئیشکردنەوە لەسەر گۆڕینی دەرەنجامی ماناکان، بەتایبەت کاتی ئەو ئیشکردنە لەسەر چەمکەکانی فوکو ئیش بکات، ئێمە بەر لەوەی لەتێڕوانینی فەلسەفی فوکو بۆ جەستە و گواستنەوەی چەمکەکان بەمەبەستی خوێندنەوەی جەستەی کوردی بێینە دوان، جارێ هەوڵ دەدەین، لەسەر بنیادنانی چەمکە فەلسەفییەکانی فوکو بوەستین، کە چەندین بیریار و فەیلەسوفی تر ئیشیان

لەسەر چەمکەکان کردۆتەوە.

چەمک چییە؟ ئایا توانای خوێندنەوەی نوێی هەیە بۆ دەق؟ ئەو ڕووبەرە نوێیە کامەیە کە لە خوێندنەوە بە چەمک دەبەخشرێت؟ ئایا فەیلەسووف لەتوانایدا هەیە سەرلەنوێ چەمک بنیاد بنێتەوە؟ پرسیارکردن لە چەمک گەڕانەوەیە بۆ پرسیارکردن لە فەلسەفە، کە پێوەندی نێوان چەمک و فەلسەفە دەبێت بە پێوەندی فەیلەسووف بە پرسیارەوە، ئەوەش دەمانباتەوە سەر پرسیارەکەی دۆلۆز لە فەلسەفەدا، پرسیارێک کە بەدوای کۆمەڵێک پرۆژەی فەلسەفی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە پرسیارکردن لە فەلسەفە کاتی هاتووە، بۆیە لەوەڵام بەو پرسیارەش فەلسەفەی بە خولقاندنەوەی چەمک ناوبرد، کاتی بمانەوێ لەئاستی پرسیاری فەیلەسووفەوە سەیری دەق بکەین، دەبێت ئەو سەیرکردنە دابەزێنینە نێو ئەو تێگەیشتنەی کە ئەو دەقە تاچەند توانای خولقاندنەوەی چەمکی هەبووە، بەوەی ئاخۆ پرۆسەی خولقاندنەوە توانای بەخشینی مانای جیاواز و ڕووبەری نوێی هەیە؟ ئەوەش ئەو کاتە وەڵامەکەیمان دەست دەکەوێت کە مانای پێشووی چەمکمان ناسیبێت، بەواتایەکی تر دەبێت هەردوو دەقەکە بناسین کە چەمک مانای جیاوازی تێدا بەرهەم دێنێت، بۆیە کاتی سەیری چەمکە فەلسەفییەکانی فوکو دەکەین، لە خوێندنەوەی خۆرهەڵاتناسییانە لای ئێدوارد سەعید، دەبێت هەریەک لەو چەمکە بەکار هاتووانە لەوێوە سەیر بکەین، کە تاچەند توانای دەرەنجامی نوێی دەبێت بۆ مانا، ئایا دەتوانێت سنووری مانا فوکوییەکان تێ بپەڕێنێت، یان لەناو ڕەوانبێژی فوکویی دەسووڕێتەوە؟ ئەگەر لەڕووی زاراوەییەوە سەیری ئەو چەمکانە بکەین کە کاری پێ کردوون، ئەوە کۆمەڵە چەمکێکی فوکویی لەنێو دەقەکە دەبینین، بەڵام کاتێک لەڕووی فەرهەنگییەوە سەیری چەمکەکان دەکەین، ئەوسا ئەو مانا زاراوەییە تێدەپەڕێنێت، دەچێتە نێو کۆمەڵە مانایەکی فەرهەنگی کە پێوەندی بە دیدی خۆرهەڵاتناسییانەوە هەیە.

ئەگەر فوکو توانی هەریەکە لەو چەمکانەی بەکاریان دێنێت، سەرلەنوێ بارگاوی بکات بە مانای نوێ، لەناو ئەو چەمکانە پرسیار بخولقێنێت بۆ مەعریفەی خۆرئاوایی، ئەوا ئێدوارد سەعیدیش هەوڵی داوە چەمکە فوکوییەکان بگۆڕێتە سەر مەعریفەی خۆرهەڵاتی، ئەو پرسیارەش بگوازێتەوە بۆ خوێندنەوەی خۆرهەڵاتناسییانە، بۆ ئەوەش توانی هێز و مەعریفە وەک دوو چەمکی فوکویی لەیەکتری جیا بکاتەوە، کە لای فوکو پێوەندییەکانی هێز بۆ مەعریفە توانای بەرهەم هێنانی دەسەڵاتی هەیە، وەک چۆن دەسەڵات بۆ خۆشی بەرهەمی ئەو پێوەندییە، بەڵام سەرباری جیاکردنەوەی کەوتە ژێر گرێمانەی ئەو چەمکە، بەواتای چەندە ویستی لەیەکتریان جیا بکاتەوە، بەڵام دواجار نەیتوانی دەسبەرداری ئەو تێگەیشتنە فوکوییە بێت، کە فوکو بە جۆرە نوێنەرایەتی کردنێک بۆ ماتریالێک ئەنجام دەدات بەمەبەستی مانەوەی نەوەکو جێگۆڕکێ کردن، بۆیە ئەگەر ئەو خاڵە لەواقیعدا بوونی نەبێت، بەڵام فوکو لەناو بیرکردنەوەدا دەیسەپێنێت، ئەو سەپاندنە نوێنەرایەتییەکی خۆبەتی، بۆ گەمەکردن لەگەڵ چەمک و بارگاویکردنی ئەو چەمکە بەو وێنە خولقێنراوە، کە لەناو بیرکردنەوەدا دەیهێڵێتەوە، کە بنەماو ئیشکردنە لەسەر ئەو تێگەیشتنەی مارکس بۆ خۆرهەڵاتناسی کە خۆرهەڵات ناتوانی نوێنەرایەتی بکات، بەڵکو دەبێت نوێنەرایەتی بکرێن، ئێدوارد سەعید نەیتوانیوە دەسبەرداری ئەو تێگەیشتنە بێت و بیگۆڕێت، ئەگەر لە ئاستی دەقیش وەک ڕەوانبێژییەکی فوکوییش سەیری بکەین، ئەوا نەیتوانیوە بیگۆڕێت، چونکە وێنەیەکی نێو واقیع نییە کە خۆی جێگیر بێت، بەڵکو ڕوانینی فەلسەفی جێگیر دەکات، لێرەوە تێدەگەین گۆڕینی واقیع بۆ دەق ئاسانترە لە گۆڕینی چەمکێک کە لە مانا زاراوەییەکەی دەق، وەک زەمینەیەک بۆ کارکردن وەری گرتووە، چونکە «حەقیقەت شتێکە و نوێنەرایەتیکردنیش لە وێنەی بنیادنانی ڕاگەیەندراو بە کاریگەری پاڵنەرەکان شتێکی ترە» (١) بەڵام ئەوە مانای چییە؟ ئایا مەبەست لە دروست کردنی کەلێنێکە لەنێوان حەقیقەت و دەق؟ لەوە دەچێت ڕێک پێچەوانەکەی ڕاست بێت، لای سەعید ئەو نوێنەرایەتیە گەیشتنە نێو حەقیقەتی واقیعە، نەک دابڕان بێت لێی، ئەوەش مومارەسە کردنەوەیە بۆ گوتار، ئەو تێگەیشتنە بۆ مومارەسەکردنی گوتار ڕەت ناکرێتەوە، بەڵکو گەشەی پێدەدرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی گوتار بەپێی چەمکە فوکوییەکە دەرەنجامەکانی دووبارە بکاتەوە، بەڵکو بە دەرەنجامی نوێ دەگات، کە تایبەتە بە خۆی، چونکە هەر زەمەنە و هەڵگری گوتارێکی تایبەتمەندە، ئەوە بەپێی دۆخی زەمەنی نییە، بەڵکو مەبەست لە پرسیارە هەنووکەییەکانی زەمەنە، بۆیە ئەوە

به ئاگاهاتنەوەیە بەرامبەر بە چەمکی گوتار، چونکە «چ گوتارێک بە تێپەڕینی زەمەن دەیەوێت خۆی بسەپێنێت، بەڵکو ئەوە هۆکار و دەرەنجامە، ئەوە هونەر کاری تێدا ناکات لەبەکار هێنانی دەسەلاتدا» (٢)، بەڵکو هانی دەدات بۆ بەگژداچوونەوەش، ئەو گۆڕانەش بۆ گوتار دەبێتە دەرکەوتنی ئەو حەقیقەتەی کە چەمک لەڕەخنەوە بەرەو ناسین دێت، بەواتای کاتێک فوکو لەڕێگەی چەمکەوە ڕەخنەی ئاراستەی مەعریفە کرد، لەڕێگەی ڕەخنەگرتنی لە مێژووی (شێتی، سێکسوالێتی، سزا) کولتووری خۆرئاوای خستە ژێر ڕەخنەوە، مێژووی لە ستایش و بێگوناهی دەردەکرد و دەیخستە نێو کایەیەکی گوناهبار، بەم جۆرەش مەعریفەی خۆرئاوایی دەبووە مەعریفەیەک بۆ گومانکردن، ئەو گومانەش دەیگەیاندە پرسیاری ئەرکیۆلۆژی لەمێژوو، پرسیارێک کەدەبوو بەو ڕابردووەدا بچێتەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئەو لەناو سێنتەر (خۆرئاوا) ڕەخنە لەسێنتەر دەگرێت، هەرچی سەعیدە لەڕێگەی خۆرهەلاتەوە (کەنار) ڕەخنە دەگرێت، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لەڕەخنە مەعریفە بۆ چەمک بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو چەمک بەنێو گەڕان و ناسین دەبات بۆ دەسکەوتنی مەعریفە، بەلام ئەو ناسینە لە جەوهەردا گەشتێکی فەلسەفییە، سەرەڕای ئەوەی کار بەچەمکە فوکوییەکان دەکاتەوە، دیدی فەلسەفی تریشی فەرامۆش نەکردووە، لەوانە «تێڕوانینی گرامشی لەبارەی هەیمەنەی ڕۆشنبیری و پێوەندییەکانی نێوان هەریەکە لەکۆمەڵگای مەدەنی و سیاسی لەلایەک، لەلایەکی تریش وێناکردنی هیومانیزمی پێشکەوتوو، پێوەندی سەعید بە هیومانیزمی خۆرئاوایی ئاڵۆزە، کە دەکرێ ئەو هیومانیزمە خۆرئاواییە وا دەست نیشان بکرێت، کە کۆمەڵە بەها و بیرۆکەی وابەستەیە بە وێناکردنی سەردەمی ڕۆشنگەری لەبارەی مێژووەوە» (٣) کە دواجار دەقە، سەرلەنوێ مانای جیاوازی بە چەمک بەخشیوە، فرەمانایی چەمک قووڵبوونەوە و تێڕامانە بەنێو پرسیارکردن لە فەلسەفە، بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئێدوارد سەعید لەئاستێکی فەلسەفیەوە سەیر بکەین، پێوەندی بە خوڵقاندنەوەی چەمکەوە هەیە، هەڵبەت بۆ هەر فەیلەسووفێکی تریش لەسەر ئەو تێگەیشتنە ڕاست دەردەچێت، کاتێک توانای ئەوەمان هەبوو ئەو ڕووبەرە نوێیە ببینین کە چەمک بۆخۆی دەست نیشانی کردووە، دیارە بەتەنیا سەعید نییە کە توانیویەتی گەشە بە چەمکە فوکوییەکان بدات، ئەگەر سەیری کارەکانی محەمەد ئەرگۆن بکەین، دەبینین ئەویش لەسەر چەمکەکانی (گوتار، ئەبستیم، ئەرکیۆلۆژیا)ی فوکو ئیش دەکات، بەلام بەمانای جیاواز کە تایبەت بێت بە خوێندنەوەی خۆی، بۆ ئیشکردن لەسەر ئایین، کە قسەکردن لەویش تەواو جیاوازە لەو پرۆژەیەی سەعید کە هەریەک بە پرۆژەی سەربەخۆ سەیر دەکەین.

ئەو کاتەی لە مێژووی سەرکوتکردنی جەستە بدوێین، هەرگیز ئەو دوانە بەرەو تۆماری ڕووداوەکانی ڕابردوو نامان بات، هێندەی لەناو خوێندنەوەی ئەو ڕووداوە دەبینەوە بەرهەم هێنەری کۆمەڵێک مانای تر بۆ جەستە، هۆیەکەشی ئەوەیە ستراتیژی ئەو کارەمان هەر لە سەرەتاوە هێندە ڕۆشنە کە ڕێگە بەخۆی نادات بەرەو تۆمارە مێژووییەکان بڕوات، دیارە مەبەست لەڕۆشنی ئەو کارە، مەبەست لەوەیە ئێمە هەر لە سەرەتاوە مەبەستمان ڕوونە، کە نامانەوێ کاری مێژوو نووسین بۆ جەستە ئەنجام بدەین، بەڵکو دەمانەوێ لەتێڕوانینێکی میتۆدیانەوە سەیری مێژووی سەرکوتکردنی جەستە بکەین، بۆیە ئەوە ئێمە نین، بەڵکو میتۆدی خوێندنەوەیە ڕێگە نادات بەرەو تۆماری مێژوویی بچین، هێندەی دەمانخاتە ناو مومارەسەیەکی فیکری، ئەوەش قسەکردنەوەیە لە کۆمەڵێک چەمکی ڕەخنەیی بۆ جەستە و پێوەندی دەزگا سەرکوتکارەکان کە تاچەند جەستە سەرکوت دەکەنەوە، ئەوەش بۆخۆی قسەکردنێکی تاڕادەیەک جیاوازە، چونکە جەستە باسێکە لە ڕۆشنبیری ئێمە بە تەواوی فەرامۆش کراوە، بۆیە چەندە کولتووری کوردی ڕۆڵی سەرەکی لەو سەرکوتکردنە بینیوە، بەهەمان شێوە گوتاری ڕۆشنبیریمان لەبەرامبەر ئەو باسە گوناهبارە، ئەو باسەی کە بەردەوام کولتوور گوناهبار دەکات، باسێکە دەبێت بیخەینە نێو گومانکردنەوە، کاتێ گومانمان لەو تێگەیشتنە کرد، پێویستمان بەوە دەبێت سەرلەنوێ پرسیار لە جەستە بکەینەوە، پرسیارکردن بەمەبەستی نوقم نەبوونە لەناو بێئاگایی بەوەی خۆمان لەناو گرفتە سەرەکییەکە ون نەکەین، بەڵکو پێویستمان بەوەیە لە جەوهەری گرفتەکە نزیک بینەوە، چونکە ئەوەیان باسێکی ڕاستەوخۆیە کەپەیوەست بێت بەژیانی ئێمەوە.

جەستە چییە؟ ئایا جەستە پێوەندی بەڕۆشنبیرییەوە هەیە، یان تەنیا لەهەناوی کۆمەڵگا هاتۆتە بوون؟

ئەگەرچی پرسیارکردن لەجەستە پرسیارە لەکۆی ئەو کولتوورەی کە جەستە هەڵگریەتی، بەڵام ئێمە لەپانتاییەکی دەست نیشان کراوەوە هەوڵ دەدەین باز نەدەین لەسەر بونیادی پێکهاتەی کە دەبێ بە گوتاری کولتوور، کە لەڕاستیدا گوتاری جەستەیە.

ئەگەر لەپێناسێکی سادەوە بۆ جەستە دەست پێبکەین، بەوەی جەستە پێکهاتێکی ئۆرگانی فیزیکی بێت و ڕووبەرێکی بۆخۆی تەرخان کردبێت، لەناو ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییە گەشە بەخۆی دەدات، ئەودۆخە دەیکات بە هەڵگری نەریت و ئاکاری تایبەت بەو کۆمەڵگایە، دواتر کۆی ئەو ئاکارەی جەستە بووە بە شوناسی ئاکاری کۆمەڵگا، بەڵام ئەوە مانای وانییە کە جەستە ئاکار دەسەپێنی، بەڵکو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان گریمانەی دەکەن لەڕێگەی جۆرێک لەبیرکردنەوەوچەپاندن، کە خوڵقاندنی شوورەیەکە بۆ چالاکییەکان و سانسۆرکردنیان، سانسۆرکردن بە تەنیا پەیوەست نییە بە ڕێگە نەدان بە پێوەندییەکان، بەڵکو یەکێک لەو هۆکارانەی کۆمەڵگا بۆ شەرعیەتدان هێز لە ئایین وەردەگرێت (خۆداپۆشینی جەستەیە) ئەوەش ترسێکی دیاری کۆمەڵگای ئێمەیە لە جەستە، هەر بۆیە هەریەکە لە گرووپە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان و هێزە ئیسلامییەکان هێزی بەشداریکردن لەگەڵ یەکتر بە خاڵی مانەوەی ئەو ئاکارە سەیر دەکەن، کە لەدوا دەیەی سەدەی بیستەم بینیمان، چۆن ویستیان لە ڕێگەی داپۆشینی جەستە مۆدی ئاکارێکی داخراو بسەپێنن، دیارە ئەگەر مۆد پەیوەست بێت بە سەردەمی ئەمڕۆ، ئەوا مۆد لەکۆمەڵگای ئێمەدا پەیوەست بوو بە ئاکاری خێڵەکی تاکە بیانووش خۆبەستنەوە بوو بەئیسلامەوە.

هەر بەوەندەش وازیان نەهێناوە، بەڵکو دژایەتی کردنی خۆیان بۆ گەنج کورت کردۆتەوە بۆ شەڕی پیاوبوون، کە هەڵبەت پیاوبوون وابەستە کراوە بەو سیفاتە خێڵەکییەی کە ئیسلام لەبیاباندا هەڵگری بوو، ئەو ئاکارە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بووە بەهەڵگری دەلالەتی ئەوەی بتوانین لەهەر شوێنێک ئەو عەقڵە خێڵەکییە ئامادەیی هەبوو بڵێین، پرۆسەی ئامادە نەبوونی گەنج لەئارادایە، چونکە لەهەر شوێنێک دژایەتی کردنی ئەو عەقڵەمان بینی مانای وایە گەنج پرۆسەی ئامادەبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، بۆ دژایەتی کردنی یاساکانی بیابان، ئەوەش لەبنەماوە پێوەندی گەنجە بە جەستەوە، ئەو پێوەندییە کورت ناکرێتەوە لەناو پرۆسەی سێکسی، بەڵکو ئەوە هێزە دواکەوتووەکانی ئێمەن دەیانەوێ پێوەندی گەنج و جەستە لەناو سێکس کورت بکەنەوە، هەر بۆیە شەڕی ئەو هێزە دواکەوتووانە لەگەڵ گەنج دەبێ بەشەڕی (خۆ داپۆشین) و (خۆ دەرخستن).

گەنج کۆمەڵە ئاماژەیەکی خۆ دەرخستنی هەیە کەپەیوەستە بە ژیانی ئەوەوە، ئەوەش ئامادە بوونی گەنجە لەناو مۆدی سەردەم، لەجۆری «جلوبەرگ، قژبڕین، ملوانکە» هەریەکە لەو دیاردانەی گەنج لەلای هێزە سەلەفییە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان بۆ پیاو نەبوونی ئەو توێژە ناو دەبری، ئەو ناوبردنە هەوڵێکە بۆکوشتنی گەنج و گواستنەوەی بۆ ناو ئاکاری خێڵەکی و یاسای بیابان، هەرچی ملوانکە و زنجیریشە بۆ گەنجی کوڕ بە بەشێک لە سووکایەتی سەیرکراوە، چونکە پێیان وابووە ئەوە بۆ ژنانە، لەکاتێکدا لە ژنیشی قەدەغە دەکات تەنیا کاتی ئاهەنگ و نێو نوێنی خۆی نەبێت، ئەوەش وەک سەرکەوتووی باری ئابووری مێرد لەو شوێنانە سەیر دەکرێت، وەک چۆن ڕێگەدان بەخۆڕازاندنەوەی ژن وەک ستایش و سەرکەوتنی پیاوە بەسەر نەیارەکانی، کەچی لەباری ئاساییدا ئەو خۆ دەرخستنەی لە ژنیش قەدەغە کردووە و گۆڕیویەتی بە خۆداپۆشین، خۆداپۆشینیش مانای گواستنەوەی گەنجە بۆ ناو کۆمەڵێک دەمامک کە وەزیفەی ئەکتیڤبوون لەجەستە بسەنێتەوە و ڕۆح لەشوێنی ئەوەدا ئەو ڕۆڵەی پی بسپێردرێت، ئەگەر کوڕ بۆ وێنەی پیاوبوون پێویست بێت (جامانە، ڕیش، تەزبیح، گۆچان)ی هەبێت، ئەوە داپۆشینی ژن تەنیا حیجاب بوونیەتی، چونکە جەستەی ژن لەناو ڕووبەری لەزەت بترازی، بە هیچی تر نەشوبهێندراوە، حیجاب بوونیش تاکە تێگەیشتنێکی ئەو عەقڵەیە کەپێی وایە لەو ڕێگەیە دەتوانێ جەستە بکوژێ و ڕۆح زیندوو ڕابگرێت، ژن ئەگەرچی لەکۆمەڵگای کوردیدا زۆربەی جار ناچار بووە ملکەچی ئەو بڕیارە بێت، چونکە دڵنیابووە سزاکەی کوشتنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی لە ئاهەنگەکاندا، یان ئەو کاتەی دێتە ناو بازاڕ بۆ پێویستییەکانی، گەورەترین حەقیقەت دەبینین ئەویش ئەوەیە کە ئەو ناتوانێ دەسبەرداری جەستە بێت، ئەو خانمە سەرپۆش بەسەرەی، کە ملوانکەیەک بەسەر لاملی شۆڕبۆتەوە و لەنزیک مەمکەکانی وێنەی دڵی سەر ملوانکەکە شوێنێکیان داگیرکردووە، بۆخۆی سەرنج ڕاکێشانی

هەموومانە، بەرامبەر بەو ئارەزووە گەورەیەی ئەو بۆ ژیان.

ئەگەر جەستە لە هەناوی کۆمەڵگاوە دیدێکی گۆشەگیریانەی بەسەردا بسەپێنری، ئەوا ڕۆشنبیری کوردی بەشدارێکی ترە لەو داپۆشینە لەڕێگەی سەپاندنی ئایدیۆلۆژیاوە، ئایدیۆلۆژیا هەر بەو مانا تەسکەی نا کە ئایدیۆلۆژیای حزب بێت، بەڵکو ڕۆشنبیری کوردی لەناو بەرگی کوردبوونەوە ڕۆڵێکی نێگەتیڤانەی بینیوە بۆ دیلکردنی جەستە، ئەو بەشداری گەمەیەکی کردووە، دواتر گەمەکە بە دیلکردنی جەستە کۆتایی هاتووە، دیلیەتی زەمینەی دۆخێکی خوڵقاندووە کە لەسەر ڕابردوو کار بکاتەوە، بۆیە ڕۆشنبیر ئەو ڕابردووەی کردووە بە کولتووری کار لەسەر کراو، کولتووری جەستە کولتووری سەرکوتکردنەوە بووە، نەک تەنیا بۆکورد، بەڵکو ئەو خاڵەیان هەموو ئەو کۆمەڵگایانە دەگرێتەوە کە شەرعیەتدانی ژیان وابەست کراوەتەوە بە ئاینن، جەستە جگە لە پانتاییەکی حەرام بۆ پرۆسەی سێکسی وەک ڕووبەرێکی ئەکتیڤ نەبینراوە، هەر بۆیە ئەگەر سەیری سەمای خۆرهەڵاتی بکەین، دەبینین سەمایەکە پەیوەستە بەدەرخستنی جەستەی حەرامکراو، نمایشکردنی جەستەیە وەک ڕووبەرێکی سێکسی، مانای ئەو کۆنەستییە کە جەستەی چەپاندووە، لەکاتێکدا سەمای خۆرئاوایی هێندەی دەیەوی کەشفی نهێنی ئەودیوی جەستە بکات، خۆی ناکات بە دەروازە بۆ ورووژاندن، وەک لە سەمای ئیسپانیدا دەبینین سەمازان سەری بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە، وەک ئەوەی لەگەڵ خودا بدوێت، ئەوەش دواندنی ڕۆحە لەتەک سەمادا، هۆیەکەشی ئەوەیە جەستە بونیادێکی ئەکتیڤی بوونە، بەپێچەوانەوەی جەستەی خۆر هەڵاتی کە جەستەیەکی حەرامکراوە، جەستەیەکە مێژووی بوونی یەکسان کراوەتەوە بە مێژووی حەرام، بۆ خوێندنەوەی ئەو مێژووە بەهیچ چەشنێک پێویستمان بەوە نییە بزانین سەرەتای ئەو سەرکوتکردنەوەیە بۆ کوێ و بۆکەی دەگەڕێتەوە، هێندەی پێویستییەکی زۆرمان بەوەیە لە پێوەندی دەزگا سەرکوتکارەکان تێبگەین و کەشفی ئەو دەزگایانە بکەین لەناو دامەزراوە کوردییەکاندا، کە ئەوەش پێویستی بەخوێندنەوەی جەستەیە لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەو کارەش پێویستی بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک چەمکی فەلسەفی هەیە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو چەمکانەوە بتوانین جەستە بخوێنینەوە، ئێمە لەو سەرەتایەوە هەوڵ دەدەین کۆمەڵێک چەمک دابەزێنینە ناو ئەو نووسینە و لەو ڕێگایەوەش هەوڵی بەدواندنی جەستە بدەین.

ئەوکاتەی دەمانەوێ جەستە بدوێنین، مانای وایە نامانەوێ چیتر ڕۆح هەموو بەهاکان بۆخۆی بگەڕێنێتەوە، چونکە ئەوکارە لەسەر فەرامۆشکردنی جەستەوە وەستاوە، ڕازی نەبوون بەو فەرامۆشکردنە هەوڵێکە بۆ خوڵقاندنی شۆڕش، ئەگەر بێتو چەمکی شۆڕش لەو ڕەوتەدا ڕاست بێت، کە مانای کودەتایەک بێت بەسەر ڕۆحدا، ستراتیژی ئەو شۆڕشە دوو قۆناغی ڕۆشنی لەپشتەوەیە ئەویش (بەختەوەری) و (چێژ)ە.

چێژ کە ڕۆح لە ڕێگەی چەپاندن لەخۆی قەدەغە دەکات و نایەڵێت خود بگات بە ئۆرگازم، ئەوەش هەوڵێکی دەزگا سەرکوتکارەکانە لە پێناو نەگەیشتن بە بەختەوەری، بەختەوەری بەهۆی چەپاندنەوە بووە بە وەهمێک کە دەشێ لە دنیایەکی غەیبیانیدا پێی بگەین، ئەو دنیایە لەسەر ئەرزی واقیعی بوونی نییە، بۆ ئەوەی بەو دنیا غەیبیانییەش بگەین، دەبێت بیر لە پیرۆز کردنی ڕۆح بکەینەوە و جەستە فەرامۆش بکەین، بۆیە کاتی جەستە دەیەوێ بەختەوەری و چێژ لەناو ئەو دنیایە بدۆزێتەوە، مانای وایە جەستە پرۆژەی بیرکردنەوە لەشۆڕشی لەلایە، بۆ ئەوەی چیتر چێژ و بەختەوەری دوو بونیادی نائامادەبوو نەبن، ئامادە نەبوونی ئەو دوو بونیادە بە پەراوێزکردنی جەستەیە، مەبەست لەو پەراوێز نەکەوتنەوەیە بۆ ئەوەیە تاپۆ نەکرێنەوە بە سیستمێکی دەست نیشان کراو لەحەرام، چونکە تەسلیمبوون بەو سیستمە بەمانای دەست نیشان کردنی جەستەیە لەناو چوارچێوەیەکی دەست نیشان کراو، ڕێک وەک ئەو دۆخەی جەستەی کوردی تێیدا دەژیت، بەوەی جەستە کورت کراوەتەوە بۆ مومارەسەی سێکسی لەناو چوارچێوەی خێزاندا، ئەگەر دەنگێک هەبێت، پێی وابێت ئەوە هۆکارێکە بۆ پێوەندی مرۆیی دەبێت بێدەنگ نەبین لەو پێوەندییەی کە کوشتنی ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرهەمی ئەو پێوەندییە نامرۆییە، کە قبووڵ کردنی ژیان وەک ئەوەی هەیە دۆزەخێکە، چونکە لەنێوان پرۆسەی ژیانی هاوسەری و جەستە وەک بکەرێکی ئەکتیڤی نێو ژیان جیاوازییەکی زۆر هەیە، کە هەوڵ دەدین دواتر لەبارەیەوە بدوێین، بەوەی ڕۆڵی جەستە چییە، لەکاتێکدا کورت کردنەوەی جەستە لەناو ژیانی هاوسەریدا

پرۆسەیەک نییە بۆ گەیشتنە چێژ و بەختەوەری، بەڵکو پرۆسەیەکە بۆ خولْقاندنی منداڵ .

پێوەندی جەستە بەهەریەک لە دەزگا و مێژوو پێوەندییەکە بۆ قسەکردن لەزەمینەی گوتاری سەرکوتکردن، چونکە ئەو گوتارە بارگاوی کراوە بەچەمکێکی ئاکاری، بەڵام ئەو بارگاوی کردنە بنیادی ڕاستەقینەی ئەو گوتارە نییە، بەڵکو بنیادی ئەو گوتارە لەهەناوی دەزگا سەرکوتکارەکان و مێژووی سەرکوتکردن بەرهەم هاتووە، ئەوەش پێوەندی فیکری ئیستدلالی و بنیادی ئابوورییە، ئەو دوو بنیادە بۆ جەستەی کوردی پێوەندی بەکۆی مێژووی سەرکوتکردنەوە هەیە، چونکە بوونی بنیادی ئابووری لەلایەن ڕەگەزێک وای کردووە ڕەگەزی بەرامبەر پەراوێز کراوبێت، وەک چۆن بوونی ئابووری بەدەست گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لاوازکردنی تاک بووە لەناو کۆمەڵگادا، ئەو لاوازکردنەش بووە بەسەرکوتکردن، بەردەوامی بەخشین مێژوویەکی بەو سەرکوتکردنە بەخشیوە .لەلایەن دەزگا سەرکوتکارەکان، ئەو دەزگایەش چەندە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەشێوەی پێکهاتی خێڵەکی لەکۆمەڵگای کوردیدا نەهێشتووە خێزان بەپێی دەلالەتی نوێ دروست بێت، لەڕووی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئابوورییەکی سەربەخۆ، ئەوەش لەسەر ئاستی تریش بووە بەمێژوویەکی بەردەوام، مێژوویەک وای کردووە لە ئاست گرووپەوە بۆ ئاستی ڕەگەزی بگوازرێتەوە، ئەو میکانیزمە سەرکوتکارییە مێینەی کردووە بەو تاکە بێ دەسەڵاتەی کە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان شەرعییەت بەنێرینە بدەن لەپێناو پتەوکردنی دەزگا سەرکوتکارەکان، چونکە ئەو مێژووە پرۆسەی سەرکوتکردنی سێکس بە بەشێک لەخۆی سەیر دەکات، ئەو سەیرکردنەش هاو یەکسان کردنی پێوەندی نێوان سێکس و سەرکوتکردنە .چونکە مێژووی سێکس مێژووی سەرکوتکردنە، بۆیە بۆ سەرهەڵدانی زانستی سێکسی پێویستە دەزگا سەرکوتکارەکان ڕەت بکرێنەوە، چونکە پێوەندی نێوان مێژووی سەرکوتکردن و دەزگا سەرکوتکارەکان، لەسەر ئاستی گێڕانەوەی مێژووی ئاکار و ڕەفتار و مێژووی کۆمەڵایەتی نییە بۆ پرۆسەی سێکسی، هێندەی دەوردانی ئەو بابەتەیە لەناو مێژووی فیکردا .تائەو ساتە وەختە قسەکردن لەو پرۆسەیە، دوان نەبووە لە مێژووی ئەو پێوەندییە و پرۆسەکە وەک زانستێک، بەمانای باسێک نەبووە لەناو میتۆدێکی فەلسەفییەوە، بەڵکو پاڵنەرەکانی چەپاندن زمانی هێناوەتە دوان، لەو بەدەنگ هاتنەش نەمان ویستووە ڕووبەرێک بۆ جەستە تەرخان بکەین، بەڵکو زمان هەڵساوە بەگێڕانەوەی جەستە بۆ ناو چەپاندن، ئەوەش ڕەخنەیە لەنائاگایی ئاکاری کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی (ئاگایی هەنووکەیی) نەخاتە نێو مێژوو، بەڵکو ئەو نائاگاییە مێژووییە لەهەنووکەدا ئامادە بکاتەوە بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەوەی چۆن نوقمی نێو (نائاگایی مێژوویی) بووە، بۆیە نووسینەکانی ئەو بوارەش نەیانتوانیوە لە سیاقی ئاکاری کۆمەڵایەتی نەسووڕێنەوە و (جەستە، زمان، مێژوو، دەزگا، زانست) بخەنە نێو گوتارێکی فەلسەفییەوە .

کاتێ بمانەوێ لە دەرەوەی چەپاندنەوە، بەڵکو لەناو بونیادەکانی ئەو گوتارەوە لە جەستە و پێوەندی زایەندی بدوێین، دەبێ چەمکی دەسەڵات فەرامۆش نەکەین، چونکە ئەگەر دەسەڵات (بەپێی چەمکە فوکوییەکە) بریتی بێت لەپێوەندییەکانی هێز، ئەوا دەسەڵات دەبێ بەو گوتارە سێکسییەی کە پێوەندییەکانی هێز کۆی بونیادەکانی پێک دێنێت، ئەوەشیان باسێکی فەرامۆش کراوە لە ڕۆشنبیری جەستەی کوردیدا، بەڵکو کولتووری جەستە لەو نێوەندەدا کولتوورێکی داخراوە، کولتوورێکە نەبوونی دیدێکی ڕۆشن و ئامادە نەبوونی میتۆد بۆ خوێندنەوەی ئەو کولتوورە، بەداخراوەیی هێشتوویەتیەوە، کاتێ لەتێگەیشتنی (فوکو)وە سەیری ئەو بابەتە دەکەین مەبەستمان لەوەدایە، بۆ خوێندنەوەی کولتووری جەستە جیاوازی لەنێوان خود و جەستەدا بکەین، نەبوونی ئەو جیاوازیە پێوەندی بەو ڕابردووە چەپێنراوە هەیە، کە مێژووی سێکس ..مێژوویەکە وابەستەیە بەمێژووی گوتارەکان، چونکە لەگەڵ هاتنی قۆناغ و دۆخی کۆمەڵایەتی نوێش، گوتارەکان نەیانتوانیوە سێکس لە ڕەوتی مێژوویی دەربکەن، بەڵکو بووە بەخاڵێک لەنێوان ئاکار و ڕەفتار، کە ئەگەر ئەو دووانە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا بەیەک واتا ڕاڤەکرابن، ئەوا دوو واتای جیاوازیان هەیە، یەکەمیان (ئاکار) بەرهەمی داکۆکی کردنی ئەو بەها کۆمەڵایەتییەیە کە کۆمەڵگا هەڵگریەتی، هەرچی (ڕەفتار)ە لای فوکو بەهونەری بوون ناسراوە و بە (ئیتیکا) ناوی دەبات، ئەوەش دیارخستنی ڕەفتاری تاکە، بەواتای پێشڤەچوونی گوتارەکان هەوڵی خولْقاندنی ئەو جیاوازیەیان نەداوە، بەڵکو ویستوویانە

ڕەفتاری تاک لەناو ئاکاری کۆمەڵگا بتوێننەوە، ئەوەش وای کردووە پێوەندی سێکس و گوتارەکان ببنەوە خاوەن یەک مێژووی هاوبەش .کاتێ دەکەوینە بەردەم چەمک، ئەوا چەمک دەبێ بەپێکهاتەی مێژووی سێکسوالیتی، ئەو مێژووەش لەناو خۆیدا مانا بەو چەمکانە دەداتەوە لە دەرەوەی دامەزراوە سەرکوتکارییەکان، ئەوەش لەدایکبوونی زانستی ڕەفتارە، کە زانستێکە لەناو فەزای دەسەڵاتەوە پێوەندی نوێ دەخولقێنێت، ئەو پێوەندییەش جەستەی نەخوێنراو دەباتە نێو ڕووبەرێکی جیاواز کە کۆی ئەو کولتوورەی جەستە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی دەکەوێتە نێو ڕەخنەوە، ئەوەش ڕەخنە لەوە دەردەکات قسە لە پێوەندی نێوان جەستە و کۆمەڵگا بکات، بەڵکو بەر لەهەر شتێک دەبێ جەستە لەخود جیا بکاتەوە، ئەو جیاوازییەش پێوەندی بەو پێشنیارە فەلسەفییەی مەرگی مرۆڤەوە هەیە، ئەو مەرگەش دەگەڕێنینەوە نێو ڕەخنەگرتن لەمرۆڤی تازەگەری، ئەو مرۆڤە کە بەلای (دیکارت)ەوە بوونی ئەو پێوەندی بەبیرکردنەوە هەیە .

مرۆڤی تازەگەری مرۆڤێکە لەگەڵ کۆجیتۆکەی دیکارت دێتە بوون، ئەو مرۆڤە بڕوای بەجیاکردنەوەی خود نییە لەجەستە، بەڵکو مرۆڤێکە تەواوی بوونی خۆی وابەستەی بیرکردنەوەی دەکات، بیرکردنەوە مانای بوونی پێدەبەخشێت، بەمانای خود و جەستە لەو کاتەدا (ئیتیکای مرۆڤی بیرکەرەوە)ی(٤) پێ دەبەخشن هەرگیز ئەو ئیتیکایە دابەش نابێتە سەردوو بوون لەناو مرۆڤدا .

بەمانای تازەگەری مرۆڤ وەک جەستەیەک نابینێت، کەخاوەن بوونێکی سەربەخۆ بێت، بەڵکو تەواوی جەستە لەناو خود کە پێکهاتەی مرۆڤەکەن بوونیان وابەستەی بیرکردنەوە دەکات، ئەوەش بوون یەکسان دەکاتەوە بە عەقڵ، بۆیە مرۆڤ بەلایەوە (مرۆڤی عاقڵ)ە بوونی هەیە (مرۆڤی شێت) مرۆڤێکە کە توانای بیرکردنەوەی لەدەست داوە بوونی نییە، لێرەدا بوون لەنێوان شێتی و عەقڵدا ڕووبەڕووی گومانمان ناکاتەوە، هێندەی ئەگەر عەقڵ پێوەندی بە سیستمێکی زمانەوانییەوە هەبێت و شێتی لەناو ئەو سیستمە شوێنی نەبێتەوە، ئایا دەتوانرێ ئەو زمانە فەرامۆش بکرێت کە شێتەکان بەدامەزراوەی نەست دەبەستێتەوە؟ چونکە داهێنان لەدەرەوەی ئەو دامەزراوە نەستییەوە نەهاتۆتە بوون، تەنانەت پێوەندییەکی بەردەوام لەنێوان شێتی و داهێنانەوە هەیە، (ئارتۆ و نیتشە و مالارمێ) سێ نموونەی مرۆڤی خۆرئاوایین کە بەپێی تێگەیشتنی تازەگەری دەبێ بەبیرکەرەوە سەیریان نەکەین، چونکە پێوەندیان بەو زمانە عەقڵانییەوە نییە، بەڵام دەبینین نەست زمانێکی سەربەخۆی هەیە، وەک هەست خاوەنی سیستمێکی تایبەتمەندە و تەنانەت ئەو زمانە لای نیتشە دەبێ بەزمانی ڕەخنە، یەکەم دابڕان لە عەقڵی تازەگەری دەخولقێنێت، بۆیە ئەگەر دیکارت توانی زەمینەی لەدایکبوونی تازەگەری بێنێتە بوون، ئەوا نیتشەش توانی ئەو عەقڵە بخاتە ژێر ڕەخنەوە، ڕەخنەی نیتشە لەتازەگەری لەوێوە قووڵ دەبێتەوە، کاتێ پێی وایە دیکارت لەبەرامبەر مرۆڤی خۆرئاوایی تووشی دەسخەڕۆدان هاتووە، بەڵام بۆ فوکو ئەوەندە نەبووە مایەی تەئویلکردن بۆ دیکارت، بەڵکو ئەو خوێندنەوەکانی (هیگل، نیتشە، هۆسیرل، هایدگەر)ی هێنایەوە ناو تەئویلکردنی، بۆیە ئەوە کولتوورێکی فەلسەفی نێوان لایەنگرانی تازەگەری و نەیارانی بوو، کە فوکو ڕەخنەی پێ دەگرت، تەنانەت ئەو کولتوورە ببووە جومگەکانی چارەسەرکردنی بۆ فەلسەفەی دیکارت، کە هەریەک لەو فەیلەسووفانە لەڕێگەی پرۆژەی فەلسەفی خۆیانەوە بە دیکارتی دەگەیاندنەوە .بۆیە تازەگەری چەندە بەقۆناغێکی ترەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا بۆتەوە، ڕەخنەگرتن لەتازەگەریش ئەو ڕابردووە تازەگەری خستە ناو تەوەری ڕەخنەوە، بەوەی بەیەکەم زەمینەی دامەزراندنیدا بچینەوە، بەتایبەتی کاتێ دەبینین فوکو لەکۆجیتۆکەی دیکارتەوە ڕەخنە نیتشەییەکە گەشە پێدەدات لە ڕێگەی گۆڕینی (بیرکردنەوە)ی دیکارتی بۆ (هەڵەکردن) .

هەڵەکردن کاتێ دەبێ بەپێوانە بۆ سەپاندنی بوون، بەمانای زمانی نەست شوێنی عەقڵ دەگرێتەوە، چونکە تازەگەری پێی وایە ئەوانەی هەڵە دەکەن شێتەکانن، چونکە توانای بیرکردنەوەیان لەدەستداوە، فوکوش کاتێ هەڵەکردن لەشوێنی بیرکردنەوەدا دەبینێت ڕاستەوخۆ دەیەوێ ڕەخنەگرتنی لەتازەگەری لەناو ئەو دابەشکردنە بۆ عەقڵ و شێتی پۆلێن بکات، کە پۆلێنکارییەکە لەبنەماوە لەزمان نەگەیشتووە، تازەگەری لەوە نەگەیشتووە کە نەست زمانێکە ناکرێ بکرێتە دەرەوە، بۆیە کاتێ بمانەوێ لە پێوەندی جەستە بدوێین،

پێوەندییەکە بەپێی زمانی عەقڵی تازەگەری سنووری بۆ کێشاوە، بۆ بەزاندنی ئەو سنوورەش پێویستە لە رەخنەگرتن لە تازەگەرییەوە دەست پێبکەین، بەبێ رەخنەگرتن لەو رابردووە توانای ئەوەمان نابێت لەمانا و بوونی جەستە نزیک بکەوینەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤی تازەگەری بناسین، دەبێ رەخنە لەو مرۆڤە بگرین .بەبێ رەخنەگرتن لەو مرۆڤە ناتوانین قسە لە مرۆڤێکی رەخنەگر بکەین کە خود و جەستەی تێدا لەیەک جیا بکەینەوە. تازەگەری لەرێگەی دیکارتەوە چەمکی (خودگەرایی) هێنایە بوون، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا جەستەی بەتەواوی فەرامۆش کرد، جەستە بەهایەکی نەبوو، بەڵکو بەهای جەستە بەهای خود دەست نیشانی دەکرد، ئەو فەرامۆش کردنەش پێوەندی بەو ئاستی بیرکردنەوەیە هەبوو، کە هەموو ئەوانەی دەکەوتنە دەرەوەی ئەم پرۆسەیە بێ نرخ سەیر دەکران، گەرانەوەی جەستە بۆ ناو ئەو چالاکییە مانای بەخشینەوەی رەهەندێکی ئیتیکییە بۆ جەستە، کە ئەو کاتە ئیتیکا تەنیا جەستە وەک بوونێکی فەرامۆش کراو ناگەرێنێتەوە، بەڵکو پرسیاری ئاکاریش دێنێتە بوون، ئەوەش پرسیارێک نابێت بۆ ئاشتکردنەوەی جەستە و خود، بەڵکو پرسیارکردن لەماناکانی جەستە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی جیاوازی، جەستە لەرێگەی پرسیارەوە جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ خود دەست نیشان دەکات، ئەوەش پرسیارە لە چییەتی جەستەوە، ئەگەر پرسیار لەچییەتی جەستە یەکسان بکەینەوە بە پرسیارکردن لەچییەتی خود، ئەوساتە چییەتی پرسیار رووبەرووی جیاوازی نێوان ئەو دووانەمان دەکاتەوە، چونکە ئەو پرسیارە جیاوازی جەوهەری دەردەخات، بەوەی گەر خود چەمکێک بێت وابەستەبێ بە پرۆسەی بیرکردنەوە، بەو پرۆسەیە مانای بەخشینی بوونی ئەوبێت، ئەوا بوونی جەستە دوو ئاراستەی کەینونی ئەو دەردەخەن، ئەوانیش (سروشتی جەستە) و (کولتووری جەستە)ن، جەستە لە فکری تازەگەری بوونێکە و پەراوێز کراوە، چونکە شوێنی گومانە، بەوەی ئەو کە نەتوانێ بیرکردنەوە بیکات بە خاوەنی (مەعریفی جەستە) بە مانای کاتێ جەستە نەبێ بە خاوەن مەعریفەیەک، ئەوە دەبێ بخرێتە ناو پرۆسەی گومانەوە، تازەگەری ئەوەی بیرچوو کە کولتووری جەستە بەرهەمی مەعریفەی جەستەیە، بەڵام مەعریفەیەک پێوەندی بە عەقڵەوە نییە. سروشتی ئەو پێکهاتە و گەشە فیسیۆلۆژیییە کە جەستە تێیدا دەست بە بزاوتە سەرەتاییەکان دەکات و تێکەڵ بە دۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت .ئەو دۆخە لە خەسڵەتی سروشتی خۆی دەیگوازێتەوە ناوجەستەی کۆمەڵگا، کۆمەڵگاش بەهۆی سیستمێکی ئاکاری پیادەکراو دەیکات بەشوناسی (ئاکاری کۆمەڵگا)، ئەو چەمکی ئیتیکە ئاکارییە تەواو بوونە لە ئاراستەی سروشتی جەستە بۆ چوونە ناو ئاراستەیەکی تر کە ئەویش کولتووری جەستەیە، ئەو کولتوورەی خاوەن یادەوەرییەکی سانسۆر کراوە، کە ئاراستەی یەکەمی جەستە لەناو کولتووردا سانسۆر کراوە، ئەوەش کولتووری داگیرکردنی جەستەیە، ئەو داگیرکردنە مانای وا نییە جەستە لە بوونێکی ئەکتیڤەوە بەرەو مردن دەچێت و ماناکانی پرسیار لەلایدا کۆتایی دێت، بەڵکو ئەو سیستمە ئاکارییە سانسۆری خستۆتە سەری .

بۆیە ئەگەر تازەگەری پێی وابێت ئەوە مردنی جەستەیە و ئیدی جەستە تەنیا بەچوونە نێو خودەوە دەتوانێ رەهەندێکی لاواز بەخۆی ببەخشێتەوە، ئەوە هەڵەیەکە، چونکە داگیرکردنی جەستە مردنی نییە، بەڵکو زەوتکردنی ئەو ئیرادەیە لەناو سیستمێک کە دەرچوون لەو سیستمە مانا بەخشینەوەیە بەجەستە، بەڵام تازەگەری چونکە جەستە دەکاتەوە بەشێک لەناو میکانیزمی دامەزراوەکانی خۆی، بۆیە ئازادبوونی وەک وەهم سەیر دەکات، لەشوێنیدا ئاخاوتنی خود بەو ئەلتەرناتیڤە دەبینێ، کە دەتوانێ ببێ بە بوونێکی چالاک، ئەوەش چەپاندنێکی تری جەستەیە .

جەستە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ هەر یەک لەرەگەزەکان هەڵگری مانایەکی جیاوازە، چونکە لەبنەرەتدا جەستە لە ئارەزووی سێکسی بەتاڵ کراوەتەوە، وەسف کردنی بۆ جەستەی نێرینە گەرانە بەدوای وێنەی پاڵەوان، جەستەی نێرینە هێز بەخشینە بەخود، کەچی هەرچی جەستەی مێینەیە جەستەیەکی پەراوێزکراوە، جەستەیەکە بوونی سووکایەتییە بۆ کۆمەڵگا، ئەو کولتوورەی جەستە کولتووری سانسۆرکردنی سروشتی جەستەیە، بوونی ژن وابەستە نییە بەجەستەوە، بەڵکو بوونی پێوەندی بەخودەوە هەیە، ئەو بۆئەوەی خۆی بسەپێنێ دەبێ دەسبەرداری جەستە بێت و هەوڵی سەپاندنی خود بدات، (لەیلا قاسم، زەکیە ئەلکان، لەیلا زانا) بەرهەم و سەپاندنی ئەو خودەیە، لەسەر ئەو بنەمایەی کەجەستەی بێ خود مانای جەستەی بێ دەنگن، چونکە بوونی

وابەستەی خودە، جەستە لەڕێگەی خودەوە توانای قسەکردنی هەیە، ئەو جەستانەی ناتوانن قسە بکەن، جەستەیەکی کۆن و بەسەرچوون، بەراوردکردنی بەو ڕابردووە بێ بەهاکردنی مرۆڤە بۆ سەردەمێک کە مرۆڤ لە ئەشکەوت ژیاوە و ژیانی سەرەتایی لەگەڵ سروشت تێکەڵ بووە، خاوەن کولتوور و ژیارێک نەبووە، بێ ئەوەی نرخ بۆ ئەوە دابنرێت ئەو ئاراستە و قۆناغەی جەستە لەتەک سروشتدا ژیاوە، جەستە لەناو بێ دەنگی خۆی توانای زمان و ژیانێکی تایبەت بەخۆی هەبووە .

تەئویل کردنەوەی مێژوو تێگەیشتنە لە ڕابردوویەک کە تەئویلکار لەناو زەمەنی خۆیدا مردنی مێژوو ڕابگەیەنێت، ئەو مردنەش ڕێک بەو مانا (نیتشە)ییەیە کە بۆ ئازادبوونی مرۆڤ مەرجە مێژوو بمرێت، نیتشە ئاوا باس لەو مردنە دەکات «تاڕادەیەکی باش شیاوە کە مرۆڤ بتوانێ بژیێت بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە وەک ئاژەڵە، بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانی بژیێت بێ ئەوەی لەبیری بکات» (٥)، چونکە بەلای نیتشەوە مردنی مێژوو، ئازادبوونی مرۆڤە، چونکە بەو مردنە دەوڵەت شوێنی یەزدان و زانست شوێنی ئایین دەگرێتەوە .بۆیە مردن چەمکێکە لای نیتشە گوزارشت لە (بیرچوون) دەکات، ڕێک بەپێچەوانەی دیکارتەوە بەلای نیتشە بیرکردنەوە مردووە، ئەو مردنەشی لەفۆرمی مردنی یەزدان ڕاگەیاند، مردنێک کە مردنی عەقلانییەتی دیکارتی بوو، لە شوێنیدا بە دوای مرۆڤێکی باڵا دەگەڕا کە خاسییەتی سوپەرمانی لە خۆدا کۆکردبێتەوە، ئەو ڕەخنەیە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو مرۆڤە هەبوو، بەتایبەتی کاتێ بەلایەوە مرۆڤ یەزدان دەکوژێت، بەو مردنە توانای خۆی لەدەست دەدات، ئەوەی بە ناتەواوی بەجێهێشت، تا فوکو مردنی ئەو مرۆڤەی ڕاگەیاند، مردنێک کە خود و جەستە تێیدا لەناو ئەو مرۆڤە جیادەکردەوە، بۆیە گەڕانەوە بۆ مێژوو، گەڕانەوەیە بۆ مانا فوکوییەکە بۆمێژوو، کە مەبەست لەگۆڕینی مێژووە بۆ یادەوەرییەکی هاودژ .ئەوەش هەوڵێکە بۆ گۆڕینی مێژووی سەرکوتکردن، مێژوویەک لەڕێگەی دەزگا سەرکوتکارەکانەوە، شوناسی پاکیزەیی داوە بە جەستە، ئەو پاکیزەییە سەرکوتکردن بووە، لەپێناو کوشتنی ڕەهەندی بوونی جەستە وەک ئیتیکایەکی چالاک، بەخشینی وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی پێداوە لەناو ژیانی هاوسەری، وەزیفەیەک لەپێناو خوڵقاندن و زۆربوون و پتەوکردنی ئەو پێوەندییە بووە، نەوەک لەپێناو چێژ بەخشین لە ڕێگەی جەستەوە، چونکە بوونی ئەو دەزگا سەرکوتکارییە لە ڕووی پاوانکردنی ئابووری لای پیاو بەڵگەی ئەوەیە خێزان بەرژەوەندی ئابووری دەیهێنێتە بوون، نەک غەریزەی ئیرۆسی جەستە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو غەریزە جەستەییە وەک تاوانی شێتی سەیر دەکرێت، تاوانێک عەقڵ لێی بەرپرسیار نابێت، بۆیە ئەگەر شێتەکان دەبێ بخرێنە شێتخانەوە، ئەوا تاوانباریش دەبێ بخرێتە زیندانەوە، ئەگەر چی تاوانی جەستە لای ئێمە تاوانێکە لەنێوان (زیندان) و (کوشتن) پۆلێن کراوە، تاوانێکە ئەگەر پیاو بخاتە زیندانەوە، ئەوا ژن بەکوشتن کۆتایی بەتاوانەکەی دێت، چونکە ئەو بارگاوی کردنە بەچەمکی ئاکار، هاو واتاکراوەتەوە بەتکانی ئاکاری خێزان، ئەوە لەکاتێکدا ئەو سانسۆرە ئاکارییە خراوەتە سەر ژن لەسەر پیاو بوونی نییە، تەنانەت زیندان پێوەندی بەئاستی پرۆسەکەوە هەیە، کەزیندان تەنیا ئەوساتە پیاوی تێدا دەئاخنرێت، ئەگەر ویستبێتی لاقەکردن ئەنجام بدات، دەنا زیندانیش نایگرێتەوە، بۆیە مێژووی سەرکوتکردنی جەستە، مێژووی کۆیلەکردنی ژن بووە، بەوەی لەناو دەزگا سەرکوتکارییەکان پێوەندی تریش لەدایک دەبێت، ئەوەش مومارەسەکردنی پیاوە لەناو ئەو دەزگایە لەڕێگەی سەرکوتکردنی ژن، کە ئەوەش پتەوکردنەوەی دەزگاکەیە، سەرباری ئەوە، ئەوەی جێگەی سەرنج بێت لە کۆمەڵگای کوردیدا، کولتووری جەستە زاڵە بەسەر ئەو دۆخە لە کاتێکدا دەبوایە سروشتی جەستە پێکهاتەی ئاکاری کوردی بێت، چونکە کولتوور و دۆخی شاربوون و ژیار ئاستێکی لاوازە و کەمتر لەکاردایە لەو کۆمەڵگایەدا، بەڵکو ئاستی دووەم زیاتر لەناو ئێمەدا ئیش دەکات، بەهۆی خەریک بوونی کۆمەڵگاکەمان بەکشتوکاڵ و بەشێکی بەشوانکارەیی بەتایبەت لەلادێیەکان.

ئەگەر ئەو کولتوورە لەناو شار و بۆ ئەو چینەی کە فەرمانبەر و خوێندکار و لەناو دامەزراوە حکومییەکان کار دەکەن لەئارادا بوایە، ئەو کات ئەوەمان ناودەبرد بەگۆڕین لە دۆخی سروشتییەوە بۆ کولتووری ژیاریی، بەڵام دەبینین لادێییەکان زیاتر وابەستەبوونی خۆیان بەو کولتوورە ڕاگەیاندووە، ئەوەش پێوەندی بەدوو فاقیەتی مرۆڤی کوردییەوە هەیە(٦)، پێوەندی بەگەشە و گۆڕینی دۆخی کۆمەڵایەتییەوە نییە. ئاوێتەبوونی ئەو دوو

ئاراستەیە پێوەندی بەنەبوونی پرۆسەیەکی تەئویلکاری هەیە کە گوتاری مێژوویی و زمانی جەستە تێیدا تەئویل نەکراوە، چونکە گوتار و زمان لە پێوەندییەکی جەوهەری بەردەوامدان، ئەوەش لە پێوەندی زمانەوانی نزیکمان دەکاتەوە، کەجەستە بەبێ هیچ دەربڕاوێک دەری خستووە، لە قۆناغێکدا کە کولتووری جەستە کولتووریکی ئاماژەکاری سروشتی مرۆڤ بووە، لەسەر ئالوگۆڕکردن لەگەڵ ئەو گوتارە مێژووییە، ئەوەش بووە بەهۆی لەدایکبوونی سێ پێوەندی، لەسەر تێگەیشتن لەبنەما فەلسەفییەکەی فوکووە پۆلێنی دەکەین، یەکەمین پێوەندی گوتار بە مەعریفە، پێوەندییەک بووە جەستە تێیدا پێوەندی خۆی لەگەڵ مەعریفەی باو دەرخستووە، بەوەی غەریزەی سروشتی ئەو هەر کاتێک ویستی ئازادە لە سێکس کردن، بەپێی پۆلێن کردن و حەرامکردنی جەستە، ئەو پێوەندیە جەستەییە پیرۆزی داوە بەجەستەی مێینە، وەک پیرۆزێک دانیشتووە دەبێ قوربانی بخرێتە ژێر دەستەوە، بۆیە نێرینە کاری ڕاووشکاری ئەنجام داوە، ئەوەش چوونە سەر پێوەندی دووەمە کە دەسەڵاتە، دەسەڵات بەو مانایەی کە پێوەندییەکانی هێز دەیخولقێنێت، پێوەندی هێزی ئەو مرۆڤە پێوەندی جەستەیی نێرەکان بەمێینەوە، ئەوەش وای کردووە پێوەندی سێیەم لەنێوان دەسەڵات و مەعریفە بەبێ ئەو ناتەواوبن، بۆیە بوونی پێوەندی سێیەم وەک حەتمیەتێک دەرکەوتووە کە ئاکارە، ئەوەش پێوەندی گوتارە بەخودەوە، ئەو پێوەندییەش بەستنەوەیە لەنێوان خود بە سێکسەوە، بەبێ پرۆسەی سێکسی ئەو پێوەندییە ئامادەیی نابێت، بەئامادەبوونیشی خود لەناو جەستەوە بەشداری دەکات، چونکە لەناو ئەو پرۆسەیە جەستە بوونی ئەکتیڤ بەرهەم دێنێت، بەرهەم هێنانیشی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ هەردوو پێوەندییەکەی پێشوو، چونکە دەبێ پێوەندی دەسەڵات بەخودەوە لەڕووی لەدایکبوونی منداڵ، کەئەوەش بنیادنانی گرووپی کۆمەڵایەتییە، منداڵنانەوە مانای دەسەڵات بەخشین بەو پرۆسە سێکسییە، وەک چۆن ئەو پرۆسەیە مەعریفە بەرهەم دێنێتەوە لەڕووی چێژ و بنیادنانی مەعریفەی ئاکاری. ئەو سێ پێوەندییەش لەسەر پێوەندییەکانی گوتاری مێژوویی و زمانی جەستەوە دروست بووە، کە بەرهەمی سروشتی جەستەیە، لەگەڵ ئەو سروشتی بوونە گۆڕاوە بۆ کولتوور، بەپێی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە و تەکنەلۆژییە تا دواتر دۆخی سروشت بوونی خۆی ون کردووەو دژایەتی بۆ دۆخی سروشتی ڕاگەیاندووە.

یادەوەری جەستەی کوردی یادەوەرییەکە هەڵگری سەرکوتکردنەوەیە، یادەوەرییەکی تۆقێنراوە، ئەو جەستەیە هەڵگری توندوتیژیە، لەنێوان گوتارەکاندا شوورەی نێوان خۆی و خود بەرزتر دەبینێت، ئێمە لەسەرەتا ئاماژەمان بۆ پڕۆژەی تازەگەری کرد، کە چۆن لە ڕێگەی کۆژیتۆکەی دیکارتەوە هەموو پایەیەک دەدرێت بە خود و جەستە دەکرێتە دەرەوە، ئەوەی گرنگی دەبێ ئەوە خودی عەقڵە، جەستە بێ ئەو خودە هیچ بەهایەکی نابێت، لەکۆمەڵگای کوردیدا گۆڕانێک لەو تێگەیشتنە نییە، هێندەی دەزگاکانی سەرکوتکردنەوە توندتر سەیری ئەو پێوەندییە دەکەن، ئەو کاتانەی جەستە فەرامۆش دەکرێت، حەقیقەتی خود ون دەکرێت، حەقیقەتی ئەوەی خود هەمیشە ئارەزووی سەیرکردنەوەی جەستەی خۆی دەکات، ئەو ئارەزووە خاوەنی ڕەهەندێکی نەرسیسیانەیە، بەوەی سەیرکردنەوەی وێنە ..شەیدا بوونە بە وێنەی خۆی، خود هەمیشە ویستوویەتی جوانی جەستە ببینێت، ئەو جوانییە بەلایەوە توانای هەیە چالاکی و گۆڕان بێنێتە کایەوە، بەوەی جەستە گەر نەتوانی عەقڵ تێپەڕێنێت، ئەوە ڕازی نییە بەوەی لەو بەکەم بایەختر سەیر بکرێت، لەنێوان دۆخی سروشتی و دۆخی تەکنەلۆژی وێنە گۆڕانی بەسەردا دێت، لە دۆخێکی بگۆڕەوە دەچێتە دۆخێکی نەگۆڕ، بەمانای گەر سروشت بۆ وێنەی جەستە چرکەساتێکی چێژ بێت، ئەوا لە دۆخی تەکنەلۆژی وێنە وەک وێنەیەکی ماددی دەمێنێتەوە، چونکە گەر جەستە لە دۆخی سروشتی بۆ وێنەی خۆی بچێتە سەر ڕووبار، لەناو ئاودا سەیری وێنەی خۆی بکات، دواتر ئەو وێنەیەی لە ڕێگەی ئاوێنە لەسەر ڕووبارەوە گواستەوە بۆ ماڵ و شوێنە جیاوازەکانی وەکو ژووری نووستن و خۆشۆرین(٧)، ئەوە جگە لەوەی وەک ڕووبار نییە، کە تاکە بەردێک توانای شێواندنی وێنەکەی هەبێت، ئاوێنە بەشکانیشی، پارچە شکاوەکانی توانای نمایشکردنەوەی وێنەی جەستەیان هەیە، جەستە لە ڕێگەی ئاوێنەوە دژایەتی فەرامۆشکردن و سەرکوتکردنەوە دەکات، بەڵام ئەو دۆخە نەیتوانی وێنە بکات بە ماددی، بەڵکو دۆخی تەکنەلۆژی ئەو خەونەی بۆ جەستە هێنایە دی، لە ڕێگەی کامیرای فۆتۆگرافەوە، کە جەستە بتوانێ وێنە جێگیر بکات و پارێزگاری لە وێنەی

خۆی بکات، هەڵگرتنی وێنە پارێزگاری لەوێنەی جەستە کرد، بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا مۆبایلی کامێرا کە ڕاستەوخۆ دژایەتی بۆ سەرکوتکردنەوە ڕاگەیاندووە، توانی وێنەی خۆی وەک ئەوەی ئارەزوو دەکات لەپێش چاوبێت، یان ئەو جەستەیەی کە ئەو شەیدایەتی وەک خۆی وێنەی بگرێتەوە، هەمیشە لەگەڵیدا بێت، وێنە وەک ئامـاژەیەکی بکەر بۆ توانا و وزەی خەفەکراوی چالاکی مرۆڤ، کە لەنێوان سەرکوتکردنی جەستە لە هەر گوتارێک نەیهێشتووە ئەو وزە خەفە کراوە ئازاد بێت، چونکە گوتارەکان نەیانتوانی جەستە ئازاد بکەن، سەرباری ئەو بانگەشەکارییەی ڕایانگەیاند.

ئامادەبوونی جەستە لەناو ڕووبەری وێنە دەبێت بە گوتارێکی سەربەخۆ بۆ خوێندنەوە، بەوەی جەستە لە ڕێگەی خوێندنەوەی سیمیۆلۆژی بۆ وێنە، دیکۆمێنتێک دەخاتە بەر دەست بۆ وەدەست کەوتنی شوناس، شوناس بۆ خۆی لە لای فوکو بە یەکەمین بەرهەمەکانی دەسەڵات دادەنرێت، هەرچی پێوەندی بە شوناسی خودیشەوە هەیە، فوکو دیسان وەک بەرهەمێکی تری دەسەڵات سەیری دەکات، دەسەڵات بەو پێیەی کە بریتی نییە لە «کۆمەڵێک میکانیزمی نەفی و ڕەتکردنەوە و دوورخستنەوە، بەڵکو بەرهەم هێنەریەتی، لەبەر ئەوە بەکردەوە دەچێت بەرەو بەرهەم هێنانی فەردەکان خۆیان، جیابوونەوەی فەرد و شوناسی فەرد هەردووکیان بەرهەمی دەسەڵاتن» (٨) وێنە بەتەنیا گوزارشت نییە لەپارێزگاریکردنی یادگارییەک، بەڵکو وێنە دەلالەتێکی زەمەنییە بۆ خوێندنەوەی شوناس، چونکە ئەو دیاردەیەی سێکسی کە لەڕێگەی وێنەی مۆبایلەوە شەقامی کوردی هەراسان کرد، هەڕەشەکردنی وێنە بوو لە ئاکاری کۆمەڵایەتی، گەڕانەوە بوو بۆ حەقیقەتێکی فوکویی، چونکە پێشتر پێوەندی جەستەی بە گوتارەکانەوە بۆ ئاشکرا کردبووین، ئەو نووسیبووی «لە تێڕوانینی مێژووی گوتارەکانەوە، پێویستە یەکەم جار مێژووی سێکس بنووسینەوە» (٩) وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئەو نووسینەوە مێژووییە تۆمارکردنی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو خوێندنەوەی ئەرکیۆلۆژییە بۆ ڕابردوو، هەڵدانەوەی دەمامکی سەر ئەو ڕووخسارەیە کە بەدرێژایی مێژوو دەیەوێ پێمان بڵێت جەستە گرفتێکی نییە، بەڵام جەستە بووە بە حەقیقەتێکی شاراوە، سەرکوتکردنەوەی جەستە کوشتنی زمان بووە، ئەوەش جیاوازی کۆمەڵگای کوردییە لەو کۆمەڵگا خۆرئاواییەی کە فوکو باسی لێوە دەکات، چونکە بەلای فوکو خۆرئاوا سێکسی سەرکوت نەکردۆتەوە، بەڵکو کردوویەتییە سەنتەرێک بۆ ئاشکرا کردنی حەقیقەتی خۆی، بەمانای جەستەی مرۆڤ لە خۆرئاوا بەرهەم هێنانەوەی حەقیقەتە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگای کوردیدا جەستە سەرکوت کراوەتەوە بۆ شاردنەوەی حەقیقەت، ئەوەی بووە بە سێنتەریش ئەوە جەستە نییە، بەڵکو چەپاندنە، بەهەڕەشەی لادان لەنەریتی کۆمەڵایەتی و لادان لە دەستووری ئایین، کە وای کردووە جەستە لەناو وێنەدا ببێتە ئاماژەیەکی هەمیشەیی بۆ بەرهەم هێنانەوەی ماناکانی حەرام، حەرامێک چەندە ئایین لێی بەرپرسیار بێت، ئەوا نەریتی کۆمەڵایەتی چەندین جار زیاتر بەرپرسیارە، چونکە حەرام لەدەلالەتی ئایینی گواستراوەتەوە بۆ دەلالەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەوە لەکاتێکدا نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە تێگەیشتنی فوکو بۆ جەستە بەتەنیا قسەکردن نییە لەجەستەیەکی ئامادەی نێو دامەزراوەکان، بەڵکو لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ مێژوو، دەچێتە سەر ڕەگوڕیشەی مێژووی سەرکوتکردن، ئەوەش ئیشکردنەوە بوو لەسەر چەمکی مێژووگەرێتی نوێ.

مێژووگەرێتی نوێ، چەمکێکە فوکو هێنایە بوون، لەڕێگەی ئیشکردنەوەیەکی نوێ لەناو مێژوودا، ئەگەرچی ئەو چەمکە لای گادامێر وەک ئاگاییەک دەرکەوتووە، بەڵام کەمتر ئاماژە بەو مێژووگەرێتییەی گادامێر دەکرێت، ئەوەش زیاتر پێوەندی بەو میکانیزمە هێرمنیۆتیکییە هەیە، کە مێژوو تێیدا لە چەند تەوەرێکدا دەیالۆگ دەکات، ئەگەر بمانەوێ ئەو مەسەلەیە زیاتر ڕوون بکەینەوە، دەبێ بڵێین لە هێرمنیۆتیکای فەلسەفی مێژووگەرێتی نوێ دەیەوێ لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لەو ڕابردووە کانتییە بۆ ئیستێتیکا، یان بۆ تێگەیشتن لەهەڵە مێژووییەکان خۆی دەربخات، هەرچی لەلای فوکویە، مێژوو ئاراستەیەکی ڕەخنەیی نییە، بەڵکو ڕابردوو ئەو زەمینە ڕەخنەییەی تێدایە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی پێوەندی و ئامراز و تەئویل کردنەوەی حەقیقەت و ئەبستیم بەمێژووگەرێتییەکی نوێ دەگات، نەوەکو تەئویلی ڕابردوو بکات بۆ هەنووکە، چونکە لای فوکو مێژوو بابەتێکە بەرەو زانین دەچێت، زانینێک نەچێتەوە ناو ڕابردوو، بەڵکو هاودژکردنەوەی ئەو مێژووە لەڕێگەی مێژووی دەقەوە، ئەو مێژووە لای گادامێر

ڕەخنەی لی دەگـــیـــرێت، لەڕێگەی تەئویل کـــردنەوەی ڕابردوو، بەڵام هەرچی فـوکـویە ئەو مـێـژووە دەخـاتە ناو پێـــوەندی ســەرلـەنوێی خــوێندنەوە، ئەویش لە ڕێگەی گۆڕین و فەرامۆش کردنی مانا مێژووییەکانی چەمک، ئەوە مانای وا نییە (مـێـژووگەرێتی نوێ) چەمـکـێـکی گادامێری نەبێت، بەڵکو ئەو میکانیزمە فەلسەفیە لە فوکو جیاوازە، دەتوانین بڵێین لای فوکو میکانیزمێکی قــووڵـتــرە و توانا و سنووری فــراوانـتــرە لەناو زاراوە و چەمکی فـەلسـەفی، بەڵام دواتر مـێـژووگـەرێتـیـیـەکـە هەردووکیان دەیانەوێ بەمەعریفە بگەن، بۆ دەست نیشان کردنی ئەو مەعریفەیەش پێویستە ئەوە بڵێین کە گادامێر لە فوکوی وەرنەگرتووە، بەڵکو لە هایدگەری وەرگرتووە، چونکە هیـرمنیـۆتیکای فـەلسـەفی گـەشـە پێـدەری هیـرمنیـۆتیکای هایدگەرە، بەڵام هەرچی فـوکـویە، ئەو چەمکە لە نیتشە وەردەگرێت، دیارە هایدگەریش هەر لە تەئویلی بۆ نیـتشـە پێی گـەیشـتـووە، ئێـمـە چەندە ئەوە ناڵێین کە فوکو ڕاستەوخۆ لە هایدگەری وەرگرت، بەڵکو لەدەقی نیتشەی وەرگرت، بەڵام ئەو یەکێکە لە نیتشەییە هایدگەرییەکان.

سـەرکـوتکردنی جەسـتـە بەپێی جیـاوازی گـوتارەکـان گـۆڕانی بەسـەردا هاتووە، لە دەرەوەی دۆخی سـروشـتی مرۆڤەوە، گوتارێک نییە جەستە ئازاد بکات، بەڵکو هەر گـوتارێک بەپێی ئەو فکرەی هەڵگریەتی سیـسـتـمێکی کـۆنتـرۆڵ کـردنی بەسـەردا دەسـەپێنێ، لەهەر شـوێنێک گوتار بانگەشەی بۆ ئازادبوونی جەستە کرد، مانای وایە گـوتار پرۆژەیەکی نوێی پێیـە بۆ کـۆنتـرۆڵ کـردن، دەبێت گــوتارە هاودژەکــان بۆ ئێـــمــە چۆن پۆلین بکرێن؟ ئەو پۆلینکارییەی گوتار بەسەر قۆناغە سیاسییەکان پۆلین دەکــــــات، خـــــــەونێـکی ئـایـدیـۆلـۆژی لـە پـشـت بیرکردنەوەکانیەتی، چونکە جەستەی کوردی هەمیشە دوو گـوتاری هاودژ ویـسـتـوویەتی کـۆنتـرۆڵی بکەن، ئەوانیش گوتاری ئیـسـلامگەرا و گـوتاری تازەگـەرین، هەریەک لەو گــوتارە چەندین گــرووپی کـۆمـەڵایـەتی و سیاسی لە خۆی کۆکردۆتەوە، گوتاری یەکەم گوتارێکە دەیەوێ دنیـامـان لەناو تاکـە تەفـسـیـری ئایین بۆ کـۆ بکاتەوە، ئەوە تەنیا هێزە ئیسلامییەکان نین سەر بەو گـوتارەن، بەڵکو گـرووپە کـۆمـەڵایەتییـە جیـاوازەکـان و ناوەندەکانی تری فەرهەنگی دەبنەوە بەشێک لەو گوتارە، ئەوەش بەزمانی ئاڵتۆسێر پێوەندی بە ڕۆڵی کاریگەری

دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەتەوە هەیە، چونکە مزگەوت و پۆلیس وەک دوو دەزگـای ئایدیۆلۆژی دوو سیـسـتـمی جیـاواز بەڕێوەیان نابات، بەڵکو سەر بەیەک سیـسـتـمی ئەخلاقی و دینی و کۆمەڵایەتین، کە دواجار لەناو ئایینـدا کۆدەبنەوە، هەرچی گوتاری دووەمە دەیەوێ پێمان بڵێت، کـە ئەو بەتەواوی ئایینی لەخـۆی کـردۆتە دەرەوە، بەڵام لەڕاستیدا کۆنترۆڵی خۆی بەسەر جەستەدا سەپاندووە، بۆئەوەی لەســەر هەریەک لەو دووگــوتارە بێــینە دوان، پێویستمان بە تێڕامانی قووڵتر هەیە بۆ خوێندنەوەی ئەو دیدە، بەڵام بەرلەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەین، پێویستە لەسـەر چەمکی گـوتار جارێکی تر هەڵوەستە بکەینەوە، گــوتار چییــە؟ بەچی دەوتری گــوتار؟ ئایا پێناسـەیەکی ڕۆشنمان هەیە بۆ ئەو چەمکە؟ بەلای فوکو گوتار بریتییە لە «کـۆمەڵە دەربڕاوێک کە ئینتیـما بۆ خودی پێکهاتە گـوتاریەکـە دەکـات، بەتەنیـا یەکەیەکی ڕەوانبێـژی، یان وێنەیی بەرامبـەر نییـە، لەبەر ئەوەی بۆ ناکـۆتا دووبارە دەبێــتــەوە، دەکـرێ لەسـەر دەرکـەوتن و بەکـار هێنانی لەڕێگای مێـژووەوە هەڵوەستە بکەین، چونکە گوزارشت لە ژمــارەیەکی دەوردراو دەکــات لەو دەربڕاوانەی کــە دەتوانن دەست نیشـانی مەرجەکانی بوونی بکەن» (١٠) دیارە خـسـتنە ڕووی ئەو پێناسـەیە بەو مـەبەسـتـەیە کـە چەمکی گوتار لەتێڕوانینی باو جیـا بکەینەوە، بتـوانین ڕۆشنایی بخەینە سەر تێگەیشتنمان بۆ گوتار، کاتێ لەو چەمکەوە سەیری گوتار بکەین، پێویستمان بەدەرخستنی ڕۆڵی ئەو دوو گـوتارە هاودژیە لەبەرامبـەر جـەسـتـەدا. هەرکــاتێک بمانەوێ بۆ جــەســتــەی کــوردی مــێــژووی ســەرکـوتکردنی گـوتارەکــان دەست نیـشـــان بکەین، کاریگەری و هۆکارەکانی بخوێنینەوە، لە ڕاستیدا بەدوای کـارێکی ئەسـتـەم دەکـەوین، چونکە تێکسـتێکی کۆنمان نییە لەسەر ئەو سەرکوتکردنە ڕامان بگرێت، ئەوەی هەیە ئیحای تێکستی شیعری کلاسیکییە، نەوەک تێکستی نووسراو مێژووی لەدایکبوونی سەرکوتکردنی جەستە بێت، هۆیەکـــەشی ئەوەیە هەر لە ســـاتەوەخــتی سەرکوتکردنەوە تا ئەو شوێنەی لەسەر جەستە تێیدا دەنووسین، ساتەوەختێکە بەر لە جەستە زمانی سەرکوت کـردۆتەوە، بەمـەبەسـتی ئەوەی نەوەکـو لەو بابەتە نزیک بکەوێتـەوە، بەڵام ئەوە کـێـیـە زمـان سـەرکـوت دەکـات؟ پرسـیـارەکـە دەبێت ئەوە بێت، کاتێ بمانەوێ ئەو مێژووە بناسین، دەبێ بەدوای تێگەیشتن و ڕاڤـەی کـۆمـەڵگا

بکەوین بۆ ژیان، ئەوەی دواجار ناونراوە (ئاکاری کوردی) ئاکاری کوردی چییە؟ ئەوکاتەی ئاماژە بۆ ئاکار دەکەین بەتەنیا مەبەستمان چەمکێکی سێکسی نییە بۆ جەستە، چونکە بەشێک لە ئاکار ڕەفتارە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لەو تێگەیشتنە باوە بۆ ئەخلاق جیای بکەینەوە، ئاکاری کوردی وێنەیەکی کۆلاژکراوە لەنێوان ئایین و ئەفسانە و حیکایەت، ئەو وێنە کۆلاژکراوە بووە بە ئاکاری کوردی، ئاکارێک بارگاوی کراوە بە توندوتیژی، هەر لادانێک لەو ئاکارە بەتوند و تیژی وەلام دراوەتەوە، ئەوە جگە لەو توند و تیژیەی وەک وێنەی دۆزەخێک لەدوای کۆتایی هاتنی دنیا، هەڕەشە دەخاتە سەر ئارەزوویەکی ژیاندۆستی، تا وای لێ دێت، گوتاری ئیسلامگەرا دەبێت بە گوتاری ئاکاری کوردی. لەدایکبوونی هەر گوتارێک بەدوای ئەو گوتارە توانای ڕزگار کردنی ئەو جەستەیەی نییە، بۆیە تازەگەری چەندە وەک گوتارێک بەدژی ئایین ئیش بکات، بەلام ئەو گوتارە لەکۆمەڵگای کوردیدا توانای سڕینەوەی زەبر و زەنگی گوتاری پێشووی نییە، چونکە گوتارێکە هێندەی نوقمی نێو وەهمی ئەو تازەگەرییە دەبێت، بەهیچ شێوەیەک ناتوانی گوتارێکی ئەنتۆلۆژی بێت بۆ جەستە، بۆیە تازەگەری بەڕوویەکی تردا بەشدار دەبێتەوە لەسەرکوتکردنەوە و سڕینەوەی ئارەزوو، بەمانای هەر پرۆژەیەک بەناوی تازەگەری بێتە پێشەوە، پرۆژەیەک نییە بۆ ئازادکردنی جەستە، بەڵکو پرۆژەی هەڕەشەکردنە لە ئارەزوو .هەرچی پێوەندی بە گوتاری ئیسلامگەراشەوە هەبێت، کە گوتارێکە بەپێی پرەنسیبی ئایینی سەیری تەواوی شتەکان دەکات، جەستە بەیەکێک لە گەورەترین حەرامەکان سەیر دەکات، ئارەزووکردنی جەستە بۆ چالاکییەکان، وەک پرۆسەیەکی شەیتانی دەبینێت، نایەوێ جەستە لەناو دەلالەتی سێکسی سانسۆرکراو بێنێتە دەرەوە، نەهاتنە دەرەوەی دەرفەتی ئەوەی بۆ دەکاتەوە، بەتەواوی کۆنترۆڵی بکات و بایەخ بەڕۆح بدات، چەمکی ڕۆح لەو گوتارەدا چەمکێکی فانتازیایی و وەهمییە، چەمکێکە توانای ئەوەی نییە سنوور و ئاسۆیەک دەست نیشان بکات، ئەوە جگە لەوەی بەدژی تێگەیشتنی خۆشی دەوەستێتەوە، گەر جەستە زیندانی ڕۆح بێت، ئەو زیندانە لەناو ئەو گوتارەدا لەژێر پەیمانی کۆمەڵایەتی و ڕێگەدانی دەستووری گوتارەکە ئازاد دەبێت، بەپێی ئەو بڕیارەی کە لەسەری کۆکن لەڕێگەی فرە ژنییەوە، بەڵام ئەو ڕێگایە گوزارشت لە ئارەزوویەکی نێرینەیی و سەرکوتکردنی جەستەی مێینە دەکات، ئەوەش دەلالەتە بۆ ئەوەی کە مێینە خاوەن جەستە نییە، بەڵکو نێرینەش لەناو ئەو گوتارە خاوەنی نییە، تاکە شتێک کەنێرینە هەیبێت، ئەوەیە ئەو جەستەی هەیە نەک خاوەنی بێت، هەرچی مێینەیە شتێکی نییە تاخاوەنی بێت، بەڵکو ئەوەی خاوەنی جەستەیە گوتارە، گوتارە توانای بەخشین و لێ سەندنەوەی هەیە، بوون لەو گوتارەدا گوزارشتێکی فیسیۆلۆژی نییە، بەڵکو بوون دەلالەت لە ڕووبەرێک دەکات کە توانای بەخشین و وەرگرتنی ئارەزووی هەبێت، وەک ئەوە خۆی دەیەوێت، ئەوەش مانای وایە ئەوەی بووە بە زیندانکردنی جەستە ڕۆحە، ڕۆح لەژیانی کوردیدا پانتاییەکی ژیانی بوونە، ئەو ژیانەی خولقاندنی شوورەیەکە بۆ زیندانیکردنی جەستە، چونکە ئەو گوتارە خەیاڵگەیەکی ئەفسووناوی بۆ جەستە بەرهەم هێناوە، بەوەی پەرەپێدان بە ڕۆح میکانیزمی گەیشتنە جەستەیە، ئەو گەیشتنە ..بەتەنیا گەیشتن نییە بە جەستە، بەڵکو بەر لەهەر شتێک، گەیشتنە بە بەتاڵکردنەوەی شەهوەت، گوتار لێرەدا حیکایەتی فانتازی لەپشت ئەو خەیاڵگەیە دروست کردووە، ئەو گوتارە هەوڵی داوە کۆلاژێک لەنێوان ئایین و ئاکاری کۆمەلایەتی دروست بکات، بەوەی ئایین و سیاسەت و کۆمەڵگا هێزی بەردەوامبوون و مانەوە لەیەکتری قەرز دەکەن.

گوتاری دووەم گوتاری تازەگەرییە، ئەو گوتارە بەرەنجامی پێوەندی نێوان شار و دامەزراوەکانی تازەگەرییە، گوتارێکە لە ڕوخساردا باس لەئازادی دەکات، ئەگەرچی ئەو لە بنەڕەتدا لەسەر سڕینەوەی ڕابردوو ئیش دەکات، بەلام تازەگەری کوردی (ئەگەر ئەو دەستەواژەیە ڕاست بێت) توانای سڕینەوەی ئەو ڕابردووەی نییە، ئەگەر تازەگەری بۆخۆی لەگەڵ کۆژیتۆکەی دیکارت توانی خود و جەستە لەیەک جیا بکاتەوە، بەو مانایەی جەستە بێ خودێکی بیرکەرەوە شتێک نەبێت، بەواتای بوونێکی تری بەجەستە نەبەخشی، بەڵکو بوون بەخشین بوو بە عەقڵەوە، پرسیارکردن لە عەقڵ وەستانە لەسەر پایەی سەرەکی تازەگەری، تازەگەری هیچ بەهایەک بەجەستە نادات، بەڵکو جەستە بەلایەوە ماتریالێکە بۆ خۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانی، ئەوەش جیابوونەوەیە لەنێوان پێوەندی

زمانەوانی عەقڵ و جەستە، چونکە جەستەی بێ عەقڵ بەلای تازەگەرییەوە دەچێتە قۆناغی شێتییەوە، ئەو لۆژیکەی تازەگەری بووە هۆی ئەوەی فوکو پرسیار لەبارەی زمانی شێتەکانەوە بکات، کە گەر ئەوە زمانی عاقڵەکانە ئەی زمانی شێتەکان کامەیە؟ بۆیە فوکو وتی «ئەگەر هات و زمان پێوەندی بەعەقڵەوە هەبوو، شێتیش جیابۆوە لەعەقڵ، ئەوە بەپێی پێویست مانای وایە، شێتی جیابۆتەوە لە زمان، لەزمانی عاقڵەکان، کەوابێ کامەیە زمانی شێتەکان» (١١)، چونکە تازەگەری کە لە دەرەوەی زمانی عاقڵەکان زمانێکی تر قبووڵ نەکات، مانای وایە قبووڵ نەکردنی هەریەکە لە (مالارمێ و نیتشە و ئارتۆ)یە، چونکە ئەو سێیانە لە کولتووری خۆرئاواییدا پێوەندییان بە زمان و جەستەوە هەبووە نەوەک بەزمان و عەقڵ، بەهۆی ئەوەی زمانی ڕەخنەیی نیتشە بەدژی عەقڵانییەتی خۆرئاوا بوو، شانۆی ئارتۆش شانۆیەک بوو جەستە شوێنی گوتراوە زمانەوانییەکانی دەگرتەوە، ئەوەی پێی دەوترێ زمانی عەقڵ بەتەواوی دژایەتی دەکرد، وەک چۆن زمانی شیعری مالارمێ، زمانێکە ئاماژە دەربڕی ئاشکراکردنی نهێنی خەفەکراوی عەقڵە.

ئەگەر جەستە لە گوتاری یەکەمدا بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی ئاکاری ئایین و کۆمەڵگادا بێت، ئەوا لە گوتاری تازەگەریدا، جەستە لەژێر کۆنترۆڵی دەزگاکانی سەرکوتکردنەوەیە، ئەو دەزگایانە لەکۆمەڵگای کوردیدا بریتین لە «پەرستگا، پۆلیسخانە، حزب، ڕێکخراوەکان، ناوەندەکانی خوێندن» کە لەژێر ناوی ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەڕێوە دەچن، ئەو ئۆرگانانە بیانوو بۆ شەرعیەتدان بە کۆنترۆڵ کردن دەدۆزنەوە، ئەوە وای کردووە کە ڕۆڵی خۆیان وەک ناوەندی کۆمەڵگای مەدەنی بگۆڕن بۆ کۆنترۆڵ کردنی چالاکی جەستەیی، بە شێوە و ستایلی جیاواز، بەوەی ببنە چاودێر بەسەر ڕەفتاری تاکەکانەوە، دیارترینیان کۆنترۆڵ کردنە لە ڕێگەی پۆشاکەوە، چونکە پۆشاک وەک ئاماژەیەکی دیاری جەستە نوێنەرایەتی لەناردنی گۆڕینی دەلالەت دەکات، کە بارت لە سیمیۆلۆژیای جەستە بە وردی ئیشی لەسەر دەکرد، ئێمە لێرەدا تاڕادەیەک خۆمان لە فوکو بەدوور دەگرین، تاوەکو بتوانین لەبارەی ئاماژەکانی جەستەوە تێ بگەین.

سیمیۆلۆژیا زانستێکە لەناو زمان هاتە بوون، کە مانای زانستی ئاماژە دەگەیەنێت، «میتۆدێکی ڕەخنەییە بۆ ڕاڤەکردن، دامەزراندنی پێوەندی نێوان ئاماژە و زمانە، خوێندنەوەی ئەو ئاماژانەیە کە لەناو زماندا کاردەکەن» (١٢) ئەو زانستە بۆ جەستە توانیویەتی بنیادی کەشفکراو بکات بە ئاماژەی زمانەوانی، جەستە لە نەوتراوێکەوە بکات بە وتراوێکی نێو زمان، بەوەی پێوەندی جەستە بە پۆشاکەوە دەبنە خوڵقێنەری گوتاری سیمیۆلۆژی، گوتارێک توانای خوێندنەوەی ڕەخنەیی بەجەستە دەبەخشێت، ئێمە لە نموونەیەکی (بارت)ەوە سەیری ئەو گوتارە دەکەین، کە پێی وایە خانمان کاتی پۆشاکێکی نوێی بازاڕ دەپۆشن، بۆئەوەیان نییە جوانی جەستەیان لە ڕێگەی ئەو پۆشاکەوە دەربکەوێت، هێندەی بەمەبەستی دەرخستنی جوانی پۆشاکەکەوەیە (١٣)، ئێمە ئەو نموونەیە دادەبەزێنینە ناو کۆگانی شاری کوردی، هەموومان لە ئێستادا چەندین شێوەی جۆراوجۆری پۆشاکی خانمان دەبینین، بەڵام جۆراوجۆریان تەنیا لە شێوەی جیاوازی دوورمان و نەخشەسازییە، دەنا یەک فۆرمی مۆدیل زاڵە بەسەر تەواوی پۆشاکەکان، ئەویش شێوە گەچلاوی پۆشاکەکانە، ئەو مۆدە مۆدێکی خۆرئاواییە، خانمانی کورد وا ڕاهاتوون کە چوونە بازاڕ پۆشاکەکانیان بەجوانترین شێوە ئوتوو بکەن، بەڵام کڕینی ئەو پۆشاکانە و لەبەرکردنیان بەشێوەیەکی بەربڵاو لەبەردەم دووفاقییەتی فکریمان دادەنێن، ئێمە کۆمەڵگایەکین دەمانەوێ جەستە لەناو فۆرمی تازەگەری دەربخەین، کەچی کۆمەڵگای خۆرئاوایی کۆمەڵگایەکی پاش تازەگەرییە، بۆ هاتنە ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان بڕوای بە ئوتووکردن نییە، ئوتووکردنی پۆشاک لەسەردەمی تازەگەریدا تێیدا ژیا، بۆیە قبووڵ کردنی ئەو پۆشاکە بۆ ئێمە بۆ جوانکردن و نیشاندانی جەستە نییە بەجوانترین شێوە، بەڵکو وەکو بارت دەڵێت بۆ نیشاندانی دوایین مۆدیلی پۆشاکە لەڕێگەی لەبەرکردنی جەستەوە، یان ئەو پانتۆڵە باریکەی کوڕان لەبەری دەکەن، ئەو پۆشاک لەبەرکردنە پرۆسەیەکی ئاماژەکارییە، پێوەندی بە بەرهەم هێنانەوەی دەلالەتی جەستەیی هەیە، بەوەی جەستەی من هێندە ڕێکە توانای نمایشکردنی ئەو پۆشاکانەی هەیە، ئەوەش چەندە لە ڕووکەشدا ئەومانا بارتییە دەگرێتە خۆی، لەڕوویەکی تردا بۆ جەستەی کوردی پێوەندی بەنمایش کردنێکی هۆشیاری ئەوجەستەیەوە هەیە، هۆشیاری بەو مانایەی پێی وایە

ئەو شارییە و لەگەڵ کولتووری شار دەژیێت، چونکە بڕوای وایە پۆشاک دەتوانێ ئاستی پێشکەوتنی دەربخات، ئەگەرچی ئەوە هۆشیاری نییە، بەڵکو فۆرمێکە دەیەوێ پێمان بڵێت ئەو تاکە، هۆشیاری شاری هەیە، چونکە لەپشت ئەو هۆشیارییەوە لەنێو ئاماژەکان مەسەلەیەکی ئیرۆتیکی شاردراوەتەوە، چونکە پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە «ئیرۆتیکا بووە بەئاماژەیەک نەک بەئارەزوو» (١٤) مەبەست لە چەمکی ئارەزوو، ئارەزووی سەرنج ڕاکێشانە بۆ سێکس، ئەوکاتەی ئیرۆتیکا لە ئارەزوو دەگۆڕدرێت بۆئاماژە، مانای وایە چیتر ئیرۆتیکا لەناو تاکە دەلالەتێکی دەست نیشان کراو کۆتایی نایەت، بەڵکو ئیرۆتیکا دەبێ بەخاوەنی فرەدەلالەتی بەهۆی بەئاماژەبوونی، یەکێک لەئاماژەکانی جەستە، پێوەندی بە ئاماژە وەستانی جەستەیە، ئەگەر پۆشاک ئاماژەیەکی نێو ئەو گوتارە سیمیۆلۆژیە بێت، ئەوا ئەو گوتارە لە ڕوویەکی تردا متمانە دەکاتە سەر بێ کەڵک بوونی بەشێکی تری جەستە، بێ کەڵک بوون دەبێتە بازاڕێک بۆکۆکردنەوەی سەرمایە، سواڵکەرێکی کوێر یان ئیفلیجێک کە لەسەر کورسی پەکەوتەیی دانیشتووە لە ڕێگەی بێ کەڵک بوونی ئەندامێکی جەستەی، دەیەوێ خۆی بژیێنێت، بەڵام جەستەکانی تر ئەوانی یارمەتی ئەو دەدەن، هەرگیز نایانەوێ پرسیار لە جیاوازی جەستەی خۆیان لەگەڵ جەستەی ئەو بکەن، هێندەی وەک بەزەییەک تەماشای دەکەن.

بۆ ئەوەی بەدوای ئەو دوو نموونەیە دەلالەتەکانی جەستە بەدژی یەک بەکار نەهێنینەوە، پێویستە بتوانین جیاوازی بایەلۆژیا و ئیرۆتیکا بکەین، ئەوەش (بۆدریار) جیای کردەوە بەوەی دەبێت «جیاکاری بکەین لەنێوان جەستەیەک کەهەڵگری پاڵنەرێکی بایەلۆژییە، لەگەڵ جەستەی ئیرۆتیکی کە هەڵگری ئارەزووە وەک ئاماژەی گۆڕینەوە، بنیادێکی فەردی بۆ لەزەت فرمان بە یەکەمیان دەکات، بەڵام ئەوی تریان بەکارهێنان و گۆڕینەوەی کۆمەڵایەتییە لەڕێگەی خواستی میکانیزمی و نەخواستنی وەزیفی فرمانی پێ دەکات» (١٥) دیارە جیاکردنەوەی ئەو دوو دەلالەتە لەیەکتری هەردووکیان هەڵگری ئیرۆتیکان، ئەگەرچی (بۆدریار) نایەوێ ناو لەوەی یەکەمیان بنێ ئیرۆتیکا، بەڵام ئەوەی دووەمیان وەزیفەیەکی ئیرۆتیکی بەجێ دەگەیەنێت، وەک ئەوەی تر نییە، وەزیفەی ئیرۆتیکی لە کۆمەڵگای مۆدێرنیتیدا جەستەی دەکات بە ڕیکلامێک بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان، لە ڕێگەی ڕیکلامی میدیاکانەوە، کە ئەو دیاردەیە لای ئێمەش دەیەوێ سەرهەڵ بدات، ئەوەش جەستە وەک کەناڵێک بۆ ڕیکلام کردنی کەرەستەکانی بازاڕ بەکاری دێنێت.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(١) بين ادوارد سعيد و فوكو /سعد محمد رحيم، الموقف الثقافي، العدد ١٧ السنة الثالثة ١٩٩٨، ص٤٩**

**(٢) تفكيك النظم المعرفية /رامان سلدن، ترجمة :سعيد الغانمي، افاق العربية مايس ١٩٩٢ ص ٧٥**

**(٣) فوكو و غرامشي والانسانوية في كتاب الاستشراق لادوارد سعيد، ترجمة :حاتم عبدالهادي، الزمان العدد ١٣٦٢**

**(٤) ناونیشانی وتارێکی (مطاع صفدی)ە، کە بۆ پێشەکی دەقە وەرگێڕدراوە عەرەبییەکەی کتێبی (ئیرادەی مەعریفە)ی فوکو نووسیویەتی.**

**(٥) عالم فوكو/ فرنسوا دوس/ المنار، العدد ٢ شباط ١٩٨٥ /ص ١٤٨**

**(٦) بۆ قسەکردن لەسەر دووفاقی کەسێتی کوردی، لە کتێبێکی تردا بەدرێژی لەسەری وەستاوین، بۆیە لێرەدا ناچینەوە سەری، بەڵام بۆ کاتی پێویست دەکرێ خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە: خودی کوردی لەنێوان کەسێتی دووفاقی و تراژیدیای ئەنفالدا/ نیهاد جامی، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری ڕووناکبیری هەتاو، هەولێر ٢٠٠٤**

**(٧) بۆیەکەم جار ئاوێنە لە سەدەی شازدەیەم دۆزرایەوە، ئەو کات بە قۆنداغی چەکەوە بوو، سەربازەکان سەیری وێنەی خۆیانیان تێدا دەکرد.**

**(٨) حوارات و نصوص/ ميشيل فوكو- جاك دريدا، ترجمة: محمد ميلاد، دار الحوار- الطبعة الاولى ٢٠٠٦ /ص٣٥**

**(٩) عالم فوكو/ فرنسوا دوس/ المنار، العدد ٢ شباط ١٩٨٥/ ص ١٨١**

**(١٠) مفهوم الخطاب في فلسفة ميشيل فوكو/ بيان الكتب/ ٢٨ مايو ٢٠٠١**

**(١١) هەمان سەرچاوە**

**(١٢) ڕەخنەگرتن لە تازەگەری/ نیهاد جامی، (کتێبێکە لەژێر چاپدایە)**

**(١٣) ما فلسفة الجسد/ الشاذلي الساكر، مرافيء فلسفية، الطبعة الاولى/ ١٩٩٤**

**(١٤) اسطورة الجسد/ رشيد الحاجي، فكر و نقد العدد ٣٠**

**(١٥) هەمان سەرچاوە.**

# پاڵەوان لە ئەفسانەو حیکایەتی میللیدا

**محەمەد سلێمان عەباس**

**(٢-٢)**

## گەڕان و ڕێگای پاڵەوان

زۆر ئەفسانە هەر لەسەرەتاوە لەسەر گەڕانی پاڵەوان بەدوای نەمری، یان بەخت، یان ئازادکردنی دەزگیران و خۆشەویست، یان گیای نەمری، یان تەمەن درێژی، هەمیشە گەنجی، ئاوی پیرۆز،.... دامەزراوە زۆری پاڵەوانەکان لە هەرەتی ژیان و لاوێتیدا واز لە کەسوکارو وڵاتی خۆیان دێنن و ڕێگای هات و نەهات و پڕ مەترسی دەگرنەبەر.

جا ئەم گەڕانە هەر ئامانج و هۆیەکی هەبێ و لە ئەنجامی هەر کێشەیەکەوە سەرهەڵبدات وەک بەدوای بەخت و ڕزقی زۆردا بگەڕێ، یان بیەوێ چارەسەری کێشەیەک بکات، یان گرێی نهێنییەک بدۆزێتەوە، سەر هەڵدەگرێ و دەڕوا، هەندێ جاریش بەدوای ئەو شت و شوێنانەدا گەڕاوە کە هۆی زیندووبوونەوەن وەک (ئاوی نەمری) و (سێوی نەمری) و (وڵاتی نەمری)..... بۆ نموونە گەڕان بەدوای نەمرییدا، بۆ خۆی بیرۆکەیەکی ئەفسانەییە و گەڕانیشی بەدواییدا کارێکی ئەفسانەییە، لەنێو ئەفسانە کوردییەکان زۆر دەق هەیە لەسەر ئەوە بنیادنراوە کە پاڵەوان بەدوای نەمریدا دەگەڕێ وەکو میرمح و خدری زیندەو پیرەژن و.... یان گەڕان بەدوای نهێنی، ئەم جۆرە ئەفسانەیەش لەسەر زانینی نهێنییەک و گەڕان بەدوای گرێ و هۆیەکەیدا دادەمەزرێ.

ئەم نهێنیدۆزی و گەڕانەش کارێکی ئاسان نییە و پاڵەوان پێویستی بە پشوو درێژی و هێزی بازوو عەقڵ و هۆش و فڕوفێڵ زۆر هەیە، هەروەها پێویستی بە گورزی گران و شیری تیژ و کوشتن و خوێنڕشتن هەیە.

زۆر ئەفسانەو حیکایەتی گەلانی دنیا هەن کە پاڵەوان بەدوای یەکێک لەم بابەتانەی سەرەوەدا گەڕاوە، ئەم حیکایەت و ئەفسانانەش زۆریان مۆرکی کۆنیان پێوەیەو ریشەیان بۆ رۆژگاری بەرای دەگەڕێتەوە.

لە ئەفسانەی کوردی زۆرجار باسی کەسانی تەمەن درێژ دەکرێ ئەو تەمەن درێژییەش بەئاسانی نایەتەدی، بەڵکو رەنج و کۆشش و جەربەزە دەوێ، زۆرجاریش باسی چۆنییەتی بەدەست هێنانی ئەم تەمەن درێژییە دەکرێ، ئەم تەمەن درێژییەش هیواوخواستێکی هەمیشەیی مرۆڤە، بۆیە لە ئەفسانەی هەموو گەلێکدا حیکایەت و ئەفسانەی تەمەن درێژان زۆرە.

وەکو لەنێو ئەفسانەکاندا دەردەکەوێ، پاڵەوان زۆری هەوڵداوە بۆ بەدەست هێنان هیواو ئامانجەکانی گەڕاوە و زۆر رێگای گرتۆتەبەر.

لەم هەوڵدانەش پەنای بۆ زۆر شت بردووە، هەر لە جادوو و ئەفسوون و هونەر و کەرستەی دیکەی ئەفسانەیی وەک ئەنگوستیلەی سیحراوی، کڵاوی سەخرەجن، بەرماڵی فڕین، ئاوێنەی جیهانبین.

زۆربەی جاران رێگای پاڵەوان ئاراستەیەکی پێچەوانەی هەیە، واتە پاڵەوان لە واقیعەوە بەرەو رەمزو وەهم و خەیاڵ دەڕوات و سەفەر دەکات.

پاڵەوان هەوڵی بەردەوام دەدات بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکەی و بە دوایدا دەگەڕێ، بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجەش پەنای بۆ زۆر (هۆ) و (رێگا) بردووە، کە ئێستا ئەم هەوڵدانانە لەنێو حیکایەت و ئەفسانەکان و پەندە فۆلکلۆریەکاندا ماوەتەوەو لە هەندێ پەیکەرو نووسینی کۆندا بەزۆر شێوە بەرجەستەکراون، هەندێک لەو پاڵەوانانە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکەی رێگای دوورودرێژ مەترسی دەگرنەبەر تا دواجار دەگەنە ئەم ئاواتە.

ئەوەی پاڵەوان لە رێگای (چوون) و (هاتن)ەوە تووشی دەبێ، هەمووی پەندو حیکمەتن بۆ پاڵەوان.

لە دەقە ئایینییەکاندا کە پەیامبەران رۆڵی پاڵەوان دەبینن تێیدا لە گەشتە رۆحی و ئەفسانە ئامێزەکەیدا لە چوون و هاتنەوەدا بەهەشت و دۆزەخ دەبینێ و سزای خراپەکارو پاداشتی چاکەی سەر دنیا دەبینێ، بۆیە ئاینە گەورەکان فێرمان دەکەن کە ئەزموونەکانی سەفەرو گەشتی پاڵەوان دەلالەتێکی گەورەی هەیە لە ژیاندا.

رێگای پاڵەوان رێگای هات و نەهاتە، رێگایەکە پڕاوپڕە لە دێوو درنج و سیحربازو جەردەو رێگر، پاڵەوان درک بەوە دەکات کە رێگایەکە بەم شێوەیە مەترسیدارە کەچی بەدڵخۆشییەوە بەرەو ئەو رێگایە دەڕوات، کە جیهانی موغامەرەو جەربەزەیە، پاڵەوان بڕوای وایە جەربەزەیی هەرچەندە زۆر بێت، ئەوا باشترو خۆشترە، بەپێی ئەو بنەمایەی هەر شوێنێک مەترسی لێبێ، ئەوا سەروەری وشکۆمەندی لەوێیە.

رەنگە پاڵەوان داوای ئامۆژگار بکات، بەڵام مەرج نییە گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکە بێت، لە ناخیدا هاندەرێک هەیە بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجەی و هیچ ترس و بەربەستێک نایگەڕێنێتەوە و ژیان لای پاڵەوان بریتییە لە زنجیرەیەک لە پاڵەوانیەتی و مێرخاسی و بە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتییەکی نوێ ژیانی خۆی سەقامگیرو کامەران دەکات و کردەوە پاڵەوانییەتییەکانی پێشووی وای لێناکات واز لە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی تازە بێنێت، بەتایبەتی ئەگەر هۆو ئامانج و هاندەرێکی هەبێت، مەترسییەکانی ئەو رێگایە پاڵەوان پەشیمان ناکاتەوە، واتە پاڵەوان لەهیچ شتێک ناترسێت و حەز دەکات بچێتە مەیدانێکەوە کە کەس نەوێرابێ بچێتە ئەو شوێن و مەیدانە و پاڵەوانیەتی لای ئەو سنووری نییە.

لە قۆناغی یەکەمی گەشتە نائاساییەکەی پاڵەواندا، پاڵەوان دەبێ سەنتەری ژیانە رۆحییەکەی خۆی کە کۆمەڵگەیە، بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی نادیار، ئەو شوێنە نادیارە چەند سەرنج راکێشە ئەوەندەش ترسناکە، کە بەزۆر جۆرو شێوەی جیاواز وێنادەکرێ: دارستان و جەنگەڵ، وڵاتێکی دوور، چوونە ئاسمان، چوونە ژێر زەوی، یان دوورگەیەکی دوورو ترسناک وەک گەشتەکەی گلگامش و گەشتەکەی ئۆدسیۆس، لەم شوێنانەدا بەردەوام سیحربازو دێوو درنج و شەڕانگێزی جۆراوجۆر دەژین، کە سەرچاوەی مەترسین و دەبنە کۆسپ و رێگر لەبەردەم پاڵەوان، بۆیە پاڵەوان دەبێ بتوانێ هێزی جەستەیی و جەربەزیەتی بنوێنێ، هەروەک (تیسیۆس) ئەنجامی دا کاتێک گەیشتە شاری (ئەسینا) زەوی باوک و باپیرانی هەواڵی میناتۆری پێگەیشت، یان رەنگە لەلایەن هێزی چاکە، یان خراپە بەرەو شوێنێکی نادیاری ببەن، وەک (ئۆریسوس) کاتێک بای پۆسایدۆن بەرەو قووڵایی دەریای ناوەڕاستی برد. شوێنە نادیارەکان وەک:

بیابان و جەنگەڵ و قووڵایی دەریا شوێن و مەیدانێکی لەبارو گونجاون بۆ ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی.

پاڵەوان هەمیشە و لە هەموو ئەفسانەیەکدا جەربەزایەتی خۆی لە گەشتکردن بەرەو ناداری و ئەودیوی شتە ئاشناودیارەکان خۆی دەنوێنێ و بریاری ئەنجامدانی ئەو ئەرک و کارەی داوە.

بوێری و ئازایی و سەرکەشی و گەشت کردن بەرەو جیهانی ژێرەوە، رەگەزێکی بنچینەییە لە زۆربەی حیکایەت و ئەفسانەی پاڵەوانان، بۆ نموونە شامانەکانی باکووری ئاسیاو سابیریا و هەندێک خێڵەکانی هیندیە سوورەکان سەفەر دەکەن و بەدوای رۆحە وێڵەکاندا دەگەرێن و لە میانی گەشتەکەدا شامان بەرگێکی سیحراوی کە نوێنەری باڵندە، یان ئاسکی رەنە لەبەردەکات.

پاڵەوانی ئەفسانە کە لە خیوەت، یان، ماڵ و کۆشک دەست پێدەکات و بەرەو شوێنێکی نادیار دەچێت و ماڵ بەجێدێڵێ و سەرهەڵدەگرێ و شەیدای ویستەکانی دەبێ و لەرێگادا، یان لە شوێنەکەدا تووشی درندە ودێو... دەبێت کە پاسەوانی لە شتەکە (دەروازەی شتەکە) دەکات، لێرەدا پاڵەوان پێویستی بە گورزی گران و شیری تیژو هێز، یان عەقڵ و هۆش، یان فروفێڵ هەیە بۆ ئەوەی ئەو هێزە شەرخوازە ببەزێنی و سەرکەوتن بەدەست بێنی و بچێتە ناو مەملەکەتی تاریکی (ململانێی دووبرا، ململانێ لەگەڵ ئەژدیها، قوربانیدان) کە لەوێدا پاڵەوان دەکەوێتە دنیایەکی دووروبزر و هەوڵی جێبەجێکردنی مەرامەکانی دەدات.

پاڵەوان جیهانی هێزە نامۆیەکان دەبەزێنێ و دەستووری باوی ئەو جیهانە دەشکێنێ، بۆیە هەندێک لە هێزە شەرخوازەکان هەرەشەی لێدەکەن وسەرچاوەی مەترسی بۆ پاڵەوان و هەرکاتێک پاڵەوان بگاتە بازنەی ئەفسانەییەکە، ئەوە مانای وایە لە دادگای خواوەند رەتبووەو پاداشت دەکرێت، پاداشتی ئەم سەرکەوتنەش لە جووتبوون لەگەڵ (خواوەندی دایک) یان (هاوسەریەتی پیرۆز) خۆی دەنوێنێ، یان بتوانێ ئەوشتەی بۆی هاتووە (دزینی ئاگر، رزگارکردنی دەستگیران) یان بەدەست هێنانی (رۆشنکردنەوە، گۆران، ئازادی) ئینجا دوای ئەوەی پاڵەوان ئەو نیعمەتەی دەستی کەوتووە لەگەڵ خۆی دەیهێنێ و دەگەرێتەوە بۆ ناو ژیانی کۆمەڵگەو واقیع، بۆ ئەوەی موغامەرەو جەربەزەو مێرخاسی پاڵەوان بگاتە ئاستی تەواوی و کامڵبوون، پێویستە بەر لە گەرانەوەی بۆ ناو میللەت و کۆمەڵگە (جیهان) لە مەترسی و چەرمەسەریەکان رەتببێت و دەربازببێت. لە زۆربەی حیکایەتەکاندا ئەنجامدانی ئەرکێکی گرنگ و ترسناک مەرجێکی سەرەکییە بۆ (هاوسەرگری)، بۆیە لە هەموو شوێن و لەهەموو زەمەنێکدا هاوسەریەتی (جووتبوون) رەگەزێکی سەرەکی وبنچینەییە لە هەندێک حیکایەت و ئەفسانەدا.

لە هەندێک ئەفسانەدا ئەو شوێنەی پاڵەوان کردەوەو ئەرکەکانی تێدا ئەنجام دەدات بە لووتکەو ناوەراستی جیهان دادەنرێت و بەهۆی ئەو ئەرکانەی پاڵەوان ئەنجامی داوە خێروخۆشی و بەرەکەت بۆ جیهان دێنێت، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە پاڵەوان لەپێناو ئەوشتانەی هەیە تێنەکۆشاوە، بەڵکو لەپێناو ئەوشتانەی کە پێویستە ببێت و بێتە ئاراوەو تێکۆشاوە و ئەو ئەژدیهاییەی پاڵەوان دەیکوژێت نوێنەری واقیع و بارودۆخەکە دەکات و بەکوشتنی دێو، یان ئەژدیهاکە بارودۆخەکە دەگۆرێت بەتایبەتی کە پاڵەوان لەناو تاریکیدا گەراوەتەوەو لەگەڵ خۆیدا سەرچاوەی رووناکی هێناوەو زانیاری سەبارەت نهێنی و رازی کەوتنی زاڵم وستەمکار پێیە.

شەری نێوان پاڵەوان و دێو بڵاوترین شێوەی ئەفسانەیە، بەشێوەیەکی روونتر، بابەتی سەرکەوتنی خود بەسەر ئاراستەکانی داشکانەوەدا دەخاتە روو و پێویستە لەسەر پاڵەوان بتوانێت توانا و هێز لە تاریکییەکە وەربگرێت.

پاڵەوانەکان هەموو هەوڵێک بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی خواستەکانیان بۆ دیاری دەکات، واتە بەکورتی سەرکەوتوو دەبن.

بەشێوەیەکی گشتی لە ئەفسانەکاندا پاڵەوان شەری دژی درندەکە دەباتەوە، بەڵام ئەفسانەی دیکەی پاڵەوان هەیە کە تێیدا پاڵەوانەکە تەسلیمی درندەکە دەبێت، نموونەی ناسراوی ئەم حاڵەتە یونس و نەهەنگەکەیە. لێرەدا درندە دەریاییەکە پاڵەوان قووت دەدات و بەشەو لە گەشتێکی دەریاییدا لەخۆرهەڵاتەوە دەیبات بۆ خۆرئاوا و پاڵەوانەکە لەناو تاریکیدا دەمێنێتەوە کە شێوەیەک لەمەرگ دەنوێنێت.

بەپێی ئەم وێناندنە، رەتبوون لە دەزگاو دەروازەی

ئەفسوونی کە خۆی لە سکی نەهەنگدا دەنوێنێت و هێمایە بۆ ڕەحمی دایک و پاڵەوان بەرەو لە دایکبوونێکی نوێ دەبات کە لە زۆربەی ئەفسانەکانی جیهاندا هەیە.

لە بری ئەوەی پاڵەوان سەرکەوتن بەدەست بێنێت، پاڵەوان قووت دەدرێت و دووچاری مەرگ دەبێتەوە. ڕەتبوون لەم دەرگاو دەروازەیە وەک زاڵ بوونە بەسەر خود، واتە لێرەدا پاڵەوان بەرەو دەرەوەو جیهانی دیارو بینراو ناڕوات، بەڵکو بەرەو ناخ و ناوەوە گەشتەکەی دەست پێکردووە بۆ ئەوەی دووبارە لە دایک ببێتەوە، هەروەک ئینناندا کۆمار وامی دەڵێت: «هیچ بوونەوەرێک ناگاتە ئاستی باڵاو تەواوی بوون، تا نەگاتە پلەی نەبوون و فەوتان.»

لێرەدا سکی نەهەنگ خۆی لە دەلالەتێکی ئەفسانەیی دەنوێنێ، چونکە سک ئەو شوێنە تاریکەیەکە شتەکان تێیدا هەرس دەکرێت و وزەی نوێی لێی پەیدا دەبێت.

پێویستە پاڵەوان بەرگەی ئازاری ئەو ئەزموون و کەشفەی ئەم گشتە تاریک و دەریاییە بگرێت، بۆ ئەوەی فێربێت و بتوانێت خۆی لەگەڵ هێزی تاریکیدا ساز بکات و سەر لەنوێ سەر هەڵ بداتەوە.

لە ئەفسانەو حیکایەتەکاندا بۆ مان ڕوون بۆوە کە زۆر هۆ و ئامانجی جیاواز هەیە کەوا لە پاڵەوان دەکات سەر هەڵ بگرێت و باکی بەساردو گەرمی نەبێت تا ئەوەی بۆی چووە دەستگیری نەکات سەرێکەو دەیباو گەڕانەوەی بۆ نییە، ئەوەش وەنییە بە ئاسانی ئەنجام بدرێت، بەڵکو دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆرو ڕزگار بوون لە مەترسی سامناک ئینجا ئاواتی دێتەدی.

پاڵەوان بەدەست و هێزو بازووی خۆی ناتوانی ئەم هەموو کارانە ئەنجام بدات، ئەگەر یارمەتی نەدرێ لە لایەن خێرخوازانەوە کە دەکرێ بەدووهێز، هێزی بەرجەستەیی وەک ئەسپ و پەری و جنۆکە.... هێزی دووەم هێزی ئەندێشەو ئەفسووناوی وەک سیمرخ و چەرخ و فەلەک و هیتر... وەک: یەکەم: خدری زیندە کە لە شێوەی دەروێشێک، یان پیرەمێردێکی ڕیش سپی نوورانی لەکاتی تەنگانەدا پەیدا دەبێت و ڕێگای سەخت ئاسان دەکات، بەڵام دەمێنێتەوە کە وتەکانی ئەم خێرخوایە بەڕێکوپێکی جێبەجێ بکات بۆ نموونە لە مەمی ئالاندا خدری زیندە لە ڕێگا خۆی پیشانی (مەم) دەداو ئامۆژگاری دەکات چۆن لە ڕووباری جزیرە بپەڕێتەوەو خۆی لە داو و تەلیسمی کچە جادووکەرەکە دەرباز بکات.

دووەم: ئەوانەی چاکەی لەگەڵ کردوون و پاداشتی چاکەکەی دەدەنەوە لە تەنگانەوکاتی پێویستی ئامادە دەبن وەک سیمرخ، یان مار، یان باز، یان ئەسپ....

سێیەم: ئەو شۆخانەی ڕفێنراون کاتێ پاڵەوان دەبینن هاتووە دێوەکە بکوژێ و ڕزگاری بکات، ئەوان ڕێگای کوشتنی بۆ ئاسان دەکەن بە نیشاندانی کوولەکەی ڕۆحی دێوەکە کە لەنێو چیدایەو لەکوێیە؟.

چوارەم: جنۆکەو هێزە خێرخوازەکان بە کەڵکی دێن و یارمەتی دەدەن.

واتە لەکاتی تەنگانەو ناخۆشی و مەترسیدا، مرۆڤی یاریدەدەرو خێرخواز بەهانای پاڵەوان دێت و ڕزگاری دەکات ئەویارمەتییەش بەهۆی ئەو ئامرازە ئەفسوون و سیحرییانەیە کە پێشکەشی پاڵەوانی دەکات وەک: ئەنگوستیلەو ئەسپ،.... بەهۆی ئەو ئامرازە سیحرییانە پاڵەوان دەتوانی لە دەست هێزە بەدوشەڕخوازەکان ڕزگاربێ، یان بەهۆی ئەو ئامرازانەوە ئامانجەکەی بەدەست بێنێ، بۆ نموونە لە داستانی (ئۆدیسە)دا کەسایەتی ڕێنیشاندەر لە کەسی (کیرکی) بەرجەستە دەبێت و لە داستانی (ئەنیادە) لە (سیبیلا) بەرجەستە دەبێت و لە داستانی (گلگامش)دا لە کەسایەتی (سیدوری) بەرجەستە دەبێت.

بەم شێوەیە لە زۆربەی ئەفسانەو حیکایەتەکاندا دەبینین پاڵەوان لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا بەچەند کەسێکی (پەروەردەکار)ی بەهێز دەگات کە وای لێدەکەن بتوانێت ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێت کە بەبێ یاریدەی ئەوان نەیدەتوانی بیانکات، بەم جۆرە دەبینین سیسیۆسی پاڵەوانی یۆنان پۆساپرۆنی خواوەندی دەریای هەبوو کە پشتیوان و ڕابەری بوو، پێرسیۆس ئەسینای هەبوو، ئەخیل شیرۆنی دانا پاڵپشت و مامۆستای بوو.

ئەگەر لە ئەفسانەی زۆربەی گەلاندا گەشتی دووری پاڵەوان بۆ ڕزگارکردنی کەسێک، یان پاراستنی وڵات بێ، یان بەدەست هێنانی کەسایەتییەکی کامڵ بێ، یان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێکی ئازادو تەواوبێ، ئەوا ئەو سەفەرو گەشتەی مەمی ئالان، یان بارام پاڵەوانی حیکایەتی (ئەکوانی دێو) لە فۆلکلۆری کوردیدا لە

ئازایەتی بەدەر نییە، بەتایبەتی کە لە مەمی ئالاندا شەڕ بۆ نیشتیمان دێتە کایەوە.

**هەندێ لە پاڵەوانە ناودارەکان**

- گلگامش: پاڵەوانێکی دیارو ولێهاتوو و کەم وێنەو ئازابوو، چەندین کار پاڵەوانانەی کردبوو. گلگامش دووبەشی خواوەندو پاشاو کوڕە پاشابوو، لە مێژوودا بەپێنجەمین پاشای بنەماڵەی (ئۆرۆک)ی سۆمەری داندراوە، لە ژیاندا وەک پاڵەوان و پاشا خۆش و کامەران ژیابوو، بۆیە نەیدەویست لە ژیان دابېڕێ. وەکو لە داستانی گلگامشدا دیارە پاش ئەوەی ئەو ڕووەکە سەیرە بەدەست دێنێ هەموو ئەشق و ماندووبوون لەبیر دەکات و بە ئاسانی لە دەستی دەداو دەیدۆڕێنێ.

ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی داستانی گلگامش سەیری ژیانی ئەوکەسایەتیانە بکەین کە لە ئەفسانەی کوردیدا بەدوای نەمریدا گەڕاون، ئەوا بە ئاسانی خاڵە هاوبەشەکان دەدۆزینەوە، بۆ نموونە (میرمح) کە وەک کەسایەتییەکی ئەفسانەی کۆنی کوردی لە پاش داستانی گلگامش کۆنترین داستانە کە باس لە گەڕان بەدوای نەمرییدا دەکات.

- هەرقەڵ: لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا پاڵەوانێکە بە ئازایی و بەتوانایی ناسراوە و چەندان کاری ئەفسانەیی ئەنجامداوە، کورسی زیۆس خواوەندەو ئەلکومانی ئەمفیتریۆنە، پاڵەوانێکی ئازا و سەرکەش بوو، کە هەر بە منداڵی دوومار دەخنکێنێ، لە ژیاندا زنجیرەیەک پاڵەوانییەتی ئەنجام دەدات بۆ نموونە: لەکاتی لاویدا توانی شێرێک بکوژێت و پێستەکەی کەوڵ کردوو کردیە بەرگ بۆ خۆی، دواتر ئەو هۆزەی بەزاند کە باجێکی زۆریان لەسەر شاری (تیبە)دانابوو، هەروەها لەلایەن خواوەند هیراوە ڕاسپێردرابوو کە دوازدەکاری تایبەتی ئەنجام بدات تا خواوەندەکان لێی خۆش بن، کارەکان بریتی بوون لە: کوشتنی شێرەکەی ئێما، پاشان کوشتنی هایدرا کە ئەژدیهایەکی نۆسەربوو، ئینجا دەبوو ئاسکە قۆچ زێڕین و سم برۆنزیەکەی ئارتیمس بە زیندوویی بگرێت، پاشان بەرازە کێوییەکەی سەرچیای ئێرمانتۆس ڕاو بکات، ئینجا بەیەک ڕۆژ تەویلەکەی شائۆگیان پاک بکاتەوە، پاشان دەبوو ڕەوە تەیرە زەلامخۆرەکان لەناو ببات کە دەنووک و چنگ و باڵی برۆنزیان هەبوو، ئینجا ئێسترە مرۆڤ خۆرەکانی دایپۆمێدس بدزێت.

- ئەخیل: یەکێکە لە پاڵەوانەکانی داستانی (ئەلیادە)، بەهێزترین و ئازاترین پاڵەوانی ئەو داستانەیە، کوڕی بلیۆس و تیمەیە، دایکی بە منداڵی لە ئاوی ڕووباری (ستیکس)ی هەڵێناوە، بۆ ئەوەی نەمر بێ و هەمیشە بژی، کە نەمری بەدەست دێنێ ماوەیەکی زۆر سوود لەو نەمرییە دەبینێ، بەڵام چونکە نەمرییەکەی خاڵی لاوازی خۆی هەیە، دواجار بەم خاڵە لاوازە ئەم شتە بەنرخە دەدۆڕێنی، بەڵام (پاریس) ئەو نهێنییە دەزانێ کە پاشپانی ئەخیل بە ئاو تەڕ نەبووە، بۆیە تیرێکی ژەهراوی لەو شوێنە دەداو دەیکوژێ.

- پیرسیۆس: لە ئەفسانەی یۆنانیدا ئەو پاڵەوانەیە کە میرۆسای گۆرگۆنی کوشت، پیرسیۆس کوڕی زیۆسی خواوەندە.

بۆ لیدیکێسی پاشای سێرڤۆس داوای لە پیرسیۆس کرد کەللەسەری میدۆزای بۆ بهێنێت، ئەو دێوە سەیری هەر کەسێکی بکردبایە دەیکردە بەرد، هێرمس شمشێرێکی پێدابوو کە هەرگیز نەدەشکا، مەتالێکیشی لە ئەسیناوە بەدەست کەوتبوو، کە دەیپاراست لەوەی ببێ بە بەرد.

پێرسیۆس میدۆزای دۆزیەوەو کوشتی و کەللە سەرەکەی خستە ناو توورەگەیەکەوەو ڕۆیشت و زۆر بە پەرۆش بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە (سفیروس) ولای دایکی خۆشحاڵی و شانازی پێوە بکات و لەوی دایکی خۆی لە چنگ بولیدێکتێس ڕزگارکرد، بۆیە زۆر خێرا بۆ دوورگەی (هسبرید) گەڕایەوە.

لەگەڵ پەرییەکاندا بەدرێژایی شەو لە بێستانەکەدا سەمای کرد و وەک پاڵەوانێک ئاهەنگی گێڕاو لەخۆشیانا مەست بوو.

- سیسیۆس: لە ئەفسانەی یۆنانیدا مەزنترین پاڵەوانی ئەسینایيەو کوڕی ئەبگێسی پادشای ئەسینایە، یان بۆ سابرۆنی خواوەندی دەریایە، سەفەرە ترسناکەکەی بە وشکانیدا دەکات و هەرچی ڕێگرو دڕندە ودرنجێک بهاتایە ڕێی، لەناوی دەبردن، لەوانە سکیرۆن و سیمنیس

و بوو کروستێس، یەکێک لە کارە دیارەکانی تسمیۆس کوشتنی میناتۆرە، کە دیۆێک بوو نیوەی مرۆڤ و نیوەی گابوو.

تسیۆس هەمیشەو بەردەوام مەشقی دەکرد و دەچووە سەرچیاکان و دەهاتە خوارەوە، بۆیە جەستەیەکی بەهێزی هەبوو هەربۆیە ڕۆژێکیان ڕووی لە (با) کردو گوتی: یان دەبێ ببمە پاڵەوان، یان با نەبم.

- ڕۆستەم: گەورەترین پاڵەوانە لە شانامەی فیردەوسیدا، کوڕی (زاڵ)ە و باوکی (سوهراب)ە، ڕۆستەم هەر لە منداڵییەوە ئازایەتی نواند و دیارترین کارەکانی: کوشتنی دێوی (ئارزنک)ە دوای ئەوە لەگەڵ (٤٠٠) جنۆکە شەڕی کرد و هێرشی کردە سەران و لەناوی بردن.

- زاڵ: ئەم پاڵەوانە باوکی ڕۆستەمە، کاتێک زاڵ لە دایک بوو لە هەموو ڕوویەکەوە کامڵ بوو، تەنیا پرچی نەبێت کە سپی بوو، فیردەوسی دەڵێ: کاتێک زاڵ لە دایک بوو وەک (مانگ) دەدرەوشایەوە، بەڵام پرچی وەک سەری مرۆڤە پیرەکان سپی بوو، بۆیە (سام)ی باوکی فەرمانی دا لەسەر شاخی (بورز) فڕێیدەنە خوارەوە، بەڵام خودای عیشق ئەو منداڵەی هاوێشتە دڵی باڵندەی سیمرغ بۆیە هەڵیگرتەوەو لەگەڵ فەرخەکانی خۆیدا بەخێوی کرد تا گەورەبوو، ئەوەبوو سامی باوکی لە خەودا بینی کە کوڕەکەی ماوەو نەمردووە، باڵندەی سیمرغ منداڵەکەی هێنایەوە ناودەستی باوکی لە شانامەدا هاتووە: کە زاڵ کەوتە داوی ئەڤینی (روزابە)ی کچی میهراب شا شاری (کابۆل) و زۆر کۆششی کرد تا بەدەستی هێناو دواجار هێنابی و پاڵەوانی ناودار (ڕۆستەم) یان بوو.

- جەمشید: یەکێ لە پاڵەوان و ناودارەکانی ئەفسانەو مێژووی کۆنی ئێرانە، تەمەنێکی درێژی هەبووە، بۆیە توانی لە دروستکردن ئامێری جەنگ و شیر و ڕم هونەر بنوێنێ، دیسان لە ئارمووش و خوری پۆشاک بچنێ و بدروێ.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەڵێین پاڵەوان لە ئەفسانەو حیکایەتی میللیدا، بابەتێکی ئاڵۆزو سەرنج ڕاکێشە و چەندین لێکدانەوە دەگرێتەخۆ لەوانە، لێکدانەوەیەک کە چالاکی و سەرهەڵدانی پاڵەوان بۆ پەژارەیی و ناخۆشی ژیان دەگەڕێنێتەوە، لێکدانەوەیەکی دیکە پەیوەستی دەکات بەیاخی بوونی مرۆڤ لەخواوەند، یان یاخیبوون لە دابونەریت و سیستەمی گەردوون، لەم ئەفسانانەدا بەشێوەیەکی مێرانی و حەماسی باسی پاڵەوان و کارە ئەفسانەییەکانی دەکات.

ئەم ئەفسانانەش کۆنن و هی ئەو سەردەمانەن کە پاڵەوان وەک خواوەند چ هەر خۆیان، یان لەگەڵ پەری و دێوودرنج و مرۆڤی نیو خواوەندو مرۆڤی ئاسایی ڕۆڵی تێدا دەبینن.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**


**١- البطل بألف وجه- تأليف جوزيف كامبل- ترجمة حسن صقر- دمشق- ٢٠٠٣ ل٤٥، ٤٨، ٦٧، ٧٩، ٩٠، ٩٨، ١٠٤، ١١٣، ٢٣٤، ٢٦٤، ٢٥١.**

**٢- سلطان الاسطورة- جوزيف كامبل- ترجمة، بدرالديب- القاهرة- ٢٠٠٢ ل٥٢، ٦٢، ٦٩، ١٧٥، ١٨٤، ٢٢٤.**

**٣- ميثولوجيا الابطال و الالهة- برنارد ايفسلن- ترجمة- حناعبود، دمشق- ١٩٩٧- ل٦، ١٠، ١٨، ١٢٩.**

**٤- المسيحية واساطير التجسيد- تأليف دانيال باسوك- ترجمة سعورستم- دمشق- ٢٠٠٢- ل٤٢- ٤٣.**

**٥- معجم ديانات واساطير العالم- أمام عبد الفتاح امام القاهرة- الجزء الثاني ل١٢٧، ٤٨٧**

**٦- قاموس الانثروبولوجيا- دكتور شاكر مصطفى سليم- كويت- ١٩٨١- ل٤٤٦.**

**٧- نظرية الادب- تأليف مجموعة مؤلفين- ترجمة جميل نصيف- بغداد- ١٩٨٠- ل١٧٧، ١٤٨.**

**٨- سحر الاساطير- ألبيرل- ترجمة- حسان ميخائيل- دمشق- ٢٠٠٥- ل١٦٨، ١٨٤.**

**٩- گەڕان بەدوای نەمرییدا، مەولوود ئیبراهیم حەسەن- هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٥، ١٢٧، ل١٤٦، ١٤٩، ١٣٣، ١٦٨، ١٧٤، ١٨٨.**

**١٠- مرۆڤ و هێماکانی- کارڵ یۆنگ- وەرگێڕ: ئاوات ئەحمەد- سلێمانی- ٢٠٠٥- ل١٧٢، ١٦١.**

**١١- کاروانی فۆلکلۆر- ژ (١)- ١٩٩٠- ل٢٠، ١٢.**

**١٢- گۆڤاری (رامان)، ژ (٦٠). ٢٠٠١- ل٢٢٩، ٢٣١.**

# سەرزەمینی دێرینی ئازەربایجان

لە فارسییەوە: وریا قانیع

لە یەکێک لە هەفتەنامەکانی بڵاوکراوە لە ئازەربایجان وتارێک چاپ کرابوو کە نووسەرە ڕێزدارەکەی مێژووی کورد و زمانەکانی کوردی و فارسی بە توندی خستبووە ژێر پرسیارەوە ئینکاری زمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردی و ناسنامەی مێژووی کورد لە ورمێ و ئازەربایجان، لە ئاوێنەی مێژوودابوو. ئەمەش چەندین جارە کە ئەم جۆرە بڵاوکراوانە بۆ بەدەست هێنانی نیازی ڕامیاری و ڕاکێشانی سەرنجی خوێندەواران و زیاتر نەتەوەی دێرینی کورد ڕادەکێشێتە ژێر پرسیار لە کەشوهەوای چاپکراوانی دەسەڵاتداری سەر کۆمەڵگای مەدەنی سوود وەرگرن. بەداخەوە بە پێچەوانەی یاساکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە بڵاوکردنەوەی وەرامەکانیشیان خۆیان لادەدەن. بەشێوەیەک کە هاونژادانی ئێمە بەهۆی ئەم هێرشانەوە لە سنووری مێژوویی ئاترۆپاتگای زادگای دێرینی خۆیان دوچاری بێزاری دەبن. نووسەری وتارەکە دەڵێت (جوگرافیای پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا) هەم لە چەند شوێنێکی نووسینەکەیدا دەیخوێنینەوە کە دەڵێت: ورمێ و سەلماس، خۆی، ماکۆ... لە بناغەدا شوێنی نیشتەجێی ئەرمینیەکان بووە).

لە ڕاستیدا وەرامی ئەم وتارە گەلێک سادە و ئاسانە یەکەم ئەرمینیەکان نەتەوەیەکی ئاریایین و لە نژادی ڕەسەنی ئێرانن. دووەم ئێستا لە ناوچەی ورمێ و ئەو شوێنانەی ناومان بردن نزیکەی (٤٠٠) کلیسایان تێدا هەیە کە زۆربەیان لە فەهرستی شوێنەواری دێریندا بەکۆنی نزیکەی هەزار ساڵێک لەمەوپێشەوە تۆمارکراون ئەمەش خۆی لەخۆیدا نیشاندەری ڕاستی زادگای

ئەرمینیەکانە لە کەناری نەتەوەکانی کورد و ئازەری و ئاشووری کە لە ورمێ و ناوچەکانی دیکەدابوون؛ نووسەری وتارەکە لەو تانە و تەشەرانەی لە کتێبەکانی مێژوویی و ئەدەبیاتی فارسیدا، دراونەتە پاڵ تورک گلەیی کردووە. بە دڵنیاییەوە دەڵێین، بە پشت بەستن بە بەڵگە مێژووییەکان ئاگادارییەکانی دێرینە ناسەکان و لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتناسان مێژووناسی ناوخۆ و دەرەکی هەموویان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە لە ئێراندا نژادێک بە ناوی تورکەوە نەبووە ئەگەر نیازی نووسەرەکە زمانی نەتەوەی دلێری ئازەرییە لە سەرانسەری نووسراوەکانی ئەم سەرزەمینەدا جگە لە باسی دلێرییان هیچ شتێک تۆمارنەکراوە ئاشکرایە زمانی خەڵکی ئازەربایجان شێوەزارێکی ئێرانییە پابەندە بەزمانە دێرینەکانەوە هەر مێژوونووسێک بە نیازی ئەوە کە زمانی ئازەری خەڵکی ڕەشیدی ئازەربایجان بە ناونیشانی زمانێکی ئێرانی و خەڵکی ئێرانی نەزانێت. لە هیچ گۆشە و کەنارێکی بەڵگەیی مێژووییدا هیچ کارناسێک بوونی نەتەوەی تورک زبان لە ئێراندا بەناونیشانی نەتەوەی ئێران ئاماژەیەکی بۆ نەکراوە بەم بەڵگانەی خوارەوەش شێوەزاری ئازەری زمانێکی ئێرانییە زمانی ئێستای خەڵکی بێشکەی دلاوەر پەروەری ئازەربایجان لە سێ لایەنەوە دەتوانین لێی بکۆڵینەوە:

(١) لە ڕووی فۆنۆتیکەوە یان بەکارهێنانی زاراوەکان: شێوەی زمانی ئێستای ئازەربایجان تێکەڵەیەکە لە شێوەزاری ئازەری دێرین و فارسی کە کەمێک زاراوەی تورکی کاری لێکردوون.

(٢) لە ڕوانگەی ڕێزمانەوە یان ئێسکبەندی زمانەوە: زمانی ئێستای ئازەری هەرچەندە زاراوەی هەندێک زمانی باستانی ئێرانی بە زۆری چوونەتە ناویەوە شێوەیەکی زمانی تورکی لەخۆ گرتووە.

(٣) لە ڕووی کەرەسە پێکهێنەرەکانی چ زارەکی و چ ماناکانی: زۆربەیان لە ڕەگەزی ئێرانییە. زمانی ئێستای ئازەربایجان لەگەڵ گۆڕانکاریەکانیدا لەگەڵ زمانەکانی دیکەی ئێراندا و لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی زاراوەکان و پەندەکاندا، ڕواڵەتێکی هاوبەشی هەیە ئەم وتارە لەوە دەدوێت کە دانیشتوانی ناو شارە ئازەرییەکان هەروەکو هەموو هاونیشتمانییەکانی دیکەی خۆیان بیردەکەنەوە و تەعبیریان دەردەبڕن پەند دەهێننەوە. هەروەکو ئاگادارین، دانیشتوانی ئازەربایجان، لە وتووێژدا، شێوەزارێکی تایبەتیان هەیە، فارسی بەشێوەیەکی تایبەتی بەکاردەهێنن. بەکارهێنانی ئەم جۆرە شێوەزارە لە شێوەزاری هەر ژنێکەوە کاریگەری هەبووە. ئێرانی بوونی شێوەزارەکە دەگەیەنێت دانیشتوانی ئازەربایجان بە دەمارگیری ئێرانی گەرایی (چییەتی) بەشێوەیەک دەربڕینی واژەکان ئاهەنگی شێوەزارەکەی دێرینیان پاراستووە.

## هەڵسەنگاندنی واژە فارسییەکان و ئازەری

هاوئاهەنگی زمانی دێرینی ئازەری بەناونیشانی شێوازێکی زمانی مادی شایستەی ئینکاریکردنی نییە لەگەڵ ئەم هاوشێوەییە لە زمانی ئێستای ئازەری، لەگەڵ ئەوەشدا هێرشی فراوانی خۆی نیشان دەدات.

خەوی تورکستانێکی یەکگرتووی یەک نەتەوەیی: لە حوزەیرانی (١٩١٨) ژمارەیەک لە تورکەکانی تورکیە دەوڵەتێکیان بەناوی یەکسانی (مساوات) دروست کرد بۆ مەبەستی داگیرکردنی وڵاتی مادی کوردەکان و ئەرمینیەکان، ناوی تورکستانی یەکگرتوویان لەخۆ نا. لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی، تورکەکانی عوسمانی ئەوەیان دەردەبڕی کە تورکستان کراوە بە دوو بەشەوە نیوەی لە باکوور و بەشێکی لە باشووری ڕووباری ئاراس ماوەتەوە نیازی داگیرکردنی ئەو ناوچانەیان هەبوو لەو کاتەوە خەونی تورکستانێکی یەکگرتوو بە بەشێک لە نیازە بابردووەکانی دەستەڵاتدارانی تورکیە دەژمێردرێن.

## ناوەکانی ئازەربایجان

ناوی ئازەربایجان بەم شێوانەی خوارەوە لە کتێبە مێژووییەکاندا هاتووە. ئاتروپاتگان، استرابو، ئاترۆپاتنە، هیرودوت، ئازەربایجان، مێژووناسی بیزەنتی (سەدەی ٦ زایینی) ئازرباد قان (بەرهەمێکی ئەرمەنی) ئازەربایجان. ابن خردادیە و مێژوو نووسەکانی عەرەب، ئازر ئاباد گان، شانامەی فیردەوسی، ئازرپێکان شیروانی، ریاض السیاحة.

## ڕیشە ناسینی زاراوەی ئازەربایجان

ئاتور یا ئازەر، پات یان بای، کان یان گان، ئاتور:

ئازەرپات، پاییدن= چاودێریکردن.

ئاتورپات: چاودێری ئاگر، گان، نسبەتە یانی شوێن یا جێگا، بۆ زەویش بەکاردەهێنرێت ئاتر، ئاگر یا ئازەر، لە زمانی ئاوێستایی و مادی دێریندا هاتووە. لە زمانی پەهلەویدا ئاتور= ئازرەخش و ئاتەش= ئاگر، لە فارسیدا ئازەر= ئاتەش لە کوردیدا ئاگر. لە زمانی ئازەریدا (ئات)ە ئەم زاراوەیە لە هەموو شێوازەکانی کوردی ئەمڕۆکەدا هەر بەم شێوە و بەمانای چاودێری کەری ئاگر کە مەبەست لە چاودێری کەری ئاتەشکەدەی ئازرگشب بووە. لە ئێستادا لەبەشی کوردنشینی تەختی سلێمان لە تەکاب ئەفشار، دایە.

## ئازەربایجان لە مێژوودا

یاقوتی حەمەوی لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا لە کتێبی (معجم البلدان)دا دەنووسێت: (ئاران ناوێکی ئێرانییە خاوەنی سەرزەمینێکی فراوان و گەلێک شارە کە یەکێکیان شاری گەنجەیە و...) دانەری مێژووی (گزیدە= هەڵبژاردە) لە بارەی ناولێنانی ئازەربایجانەوە دەنووسێت: (پیاوێکی ئازەرباد، ناو لە ڕۆژگاری شاپوری زوالاکتاف، لە ئازەربایجاندا داوای پێغەمبەرایەتی کرد دانیشتوانی ئەو ویلایەتە باوەڕیان پێ کرد ئازەربایجان بەو ناوەوە ناونراوە (مستەوفی) لە مێژووی گزیدە، لە لاپەڕە(١٤٢)دا دەنووسێت: (نووسەری فەرهەنگی ئانند راج، ئازەربادی ناوبراو بە موبەدێک دەزانێت کە ئازەرباگان، یان بەو ناوەوە ناو ناوە) استرابوی جوگرافی زانی یۆنانی لە کتێبە مێژووییەکەی خۆیا (کتێبی ١١/ باب ١٣) ناوی سەردارێک بەناوی ئاترۆپات، ئاترۆپاتوس، دەبات کە لە جەنگی نێوان داریووشی سێیەم و ئەسکەندەری مەقدونی لە درگا و گایا، ئەردەبیلی ئەمڕۆکە فەرماندەی لەشکری داریوشی سێیەمی هاخامەنشی بووە. زاراوەی (تورک) لە ئەدەبیاتی هۆنراوەی ئازەری بەمانای بێگانە هاتووە، قەترانی تەورێزی لە شاعیرە ناسراوەکان و ناودارانی ئازەربایجانییە لە چامە جوانەکانی خۆیدا لە زۆری تورک و خراپیان لەسەر زەمینی ئازەربایگان دەدوێت و دەڵێت: (هەرچەندە ئەمڕۆکە هەر کاتێک بیانەوێت سەرانەیان لێدەستێنن)..تاد.

(ابن اثیر) لە بارەی ڕووداوی ساڵی (٤٥)ک م، تالانکاری و کوشتاری دانیشتوانی ئازەربایجان لەلایەن تورکەکانەوە دەنووسێت:

(تیرە نیوە وەحشییەکانی تورک لە تەواوی سەرزەمینەکانی ئازەربایگاندا پەرشو بڵاوبوونەوە لە ئازاردانی دانیشتوان دەستیان نەپاراست) لە شیعرەکانی هومامی تەورێزی، شێخ سەفیەدین ئەردەبیلی، ماما عیسمەت کشفی و یەعقوب ئەردەبیلی، عبدالقادری مەراغەیی و.. تەنیا زاراوەیەکی تورکیان تێدا نییە هەموو زاراوەکانی ناو دیوانەکانیان لە زاراوەی ئازەری پێک هاتووە.

## لە بارەی واژەی تورک

واژەی تورک: لە زمانی پەهلەویدا بەمانا تورانیەکەی یانی بێگانە، تورک لە زمانی فارسیدا یانی (کلاوخود) زاراوەی تورک یانی بە بەهێز و قایم ناوبراون. لە سەدەی پێنجەمی زاینیدا تیرە ئوردووییەکان لەگەڵ هۆزەکانی ئاشینا تێکەڵ بوون ناوی تورکیان لە خۆیان نا. ئەم واژەی تورکە لەنێو چینیەکاندا لە سەرەتاوە بەشێوەی توکیو، بوو وردە وردە بوو بە تورک و لە ئەنجامدا بوو بە (ترک) عەرەبەکان بە هەموو ڕەشماڵ نشینانی ئاسیای ناوەندییان دەوت ترک. واژەی تورک لە شانامەی فیردەوسیدا لە هەموو شوێنێکدا بە مانای تورانی و بێگانە هاتووە، لە (بورهانی قاتیع) دانراوی محەمەد حسەین خلف تەورێزی ئەم واژەیە بە مانای گەورە کچ و بەمانای مەعشوقە و غوڵامیش هاتووە. واژەی تورک بە پێی بەڵگە و سەرچاوەکانی مێژووی بەکارهێنان و کاریگەری زمانی تورکی لە ئێراندا لە سەردەمی غەزنەوییەکان و سەلجوقییەکانەوە هاتە کایەوە لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی بە هاتنی مەغۆلانی هێرشبەر. ئەم زمانە بڵاوبووەوە زمانی ئازەری شێوە زارێکی ڕەسای ئێرانی بوو لە ئەنجامی هێرشە فەرهەنگییەکانی بیانیان و قەڵاچۆکردنی هۆزی دلاوەری ئازەری کەوتە ژێر کاریگەرییانەوە، بەڵام ڕیشەی ئەم شێوەزارە گەلێک قووڵەوە داچووە، ئەمڕۆکە لە سەرلاوان و خەڵکانی بیرتیژی ئازەربایجان پێویستە، کە بە وریاییەوە دەست بە نوێکردنەوەی ئەم زمانە پیرۆزە ئێرانییە بکەنەوە. لە زاراوە بیانییەکانی پاک بکەنەوە لە هەندێ شوێنەواری مێژوویی عەرەبەکانەوە لە بارەی

زمـانی ئازەربایـجـانیـەوە ئاوا هاتووە: (ابن حـوقـل) لە گەشتنامەکەیدا لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا دەنووسێت.

(زمـانی دانیـشـتـوانی ئازەربایـجـان بە زۆری ئەرمـەنی و فارسییە لەنێویاندا عەرەبیش برەوی هەیە) ئەبو ئیسحاق ئیبراهیم ئەستەخری کە لە ساڵی (٣٤٦)ک م،دا مردووە بە گێرانەوە لە کـتێبی (صور الاقـالیم، ئەبو زەید سـهل بەڵخی کـە ئەویش لە سـاڵی (٣٢٢)ک م مـردووە نووسـیویەتی: ئەم دەوروبەرەی ئازەربایجـانە هەمـوویان زمـانی عـەرەبی و فـارسـیـان دەزانی و دانیـشـتـوانی ئەردەبیل زمانی ئەرمەنی دەزانن (فارسییەکەیان گەلێک ئاسانە).

نووسەری وتارەکە دەنووسێت: (من لە هیچ کتێبێکی مێژوویدا تاکو جەنگی سەلیبی هەرگیز ناوی کوردەکانم نەبینیـوە..) پێـویسـتـە بزانن لەپێش مـادەکـانەوە هۆزی مـاننا (مـانانا)، هیت و لە پێش ئەوانیشەوە هۆرییەکان لەم ناوچانەدا کە ئەوان بە ورمێ ناویان بردووە، دەژیان. کە چەندین نیشـانە و شوێنەواریان لە تەپەی حەسەنلوی سندووس و گـوێ تـەپەی ورمێ و واسکە بەرچاو دەکـەون بە پێـچـەوانەی بۆچوونەکـانی نووسـەرەوە لە شـوێنەوارە مێـژووییـەکانی ئێران و عـەرەبی و یۆنانی و ئاشووری و سـۆمـەری لە هەمـوو سـەردەمـە کـۆنەکـاندا لەگـەڵ ناوی کـورددا ڕووبەڕوو دەبێـتـەوە. لە پێـشـەکی شـەرەفنامـەی ئەمـیـر شـەرەفـخانی بتلیـسی لاپەڕە (١٣) چاپی تاران (١٣٤٣)دا هاتووە (شولگی یەکێک لە پاشا ناودارەکان لە دوای دانیشـتنی لەسەر تەختی دەسـتەڵات دەستی بە فــراوانکردنی وڵاتەکــەی کــرد لە ســاڵی (٢٨)ی پاشایەتیەکەیدا ناوچەی (ئەنشائی) داگیرکرد لە کۆتایی پاشایەتیەکەیدا دانیشتوانی چیاکانی کوردستان ڕاپەڕین ئەویش لەشکری بۆ ئەو ناوچانە ڕەوانە کــرد گــەلێک شاری ئەو ناوچانەی تاڵان کرد لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی کـیـمیل سین جێنشـینی شولگی بارودۆخی ناوچەکـانی دامــینی زاگــرۆس هێــمن و ئارام بوو بـازرگــانەکــانی لاجیوەرد لە خۆرهەڵاتی ئێرانەوە تا نێوان دوو ڕووبار لە هاتوچۆدا بوون لەم ڕۆژگارەدا کیمیل سین بۆ بەهێزکردنی فەرمـانڕەواییـەکەی ناوچە ڕاپەڕیوەکانی کـوردستـانی دا بەدەست فـەرمـانڕەواییـەکی بە توانا بە نـاوی ڤاراد نانار varad nannar.

بە پەیوەست بوونی حـوکـمــڕانی ئێلی سـۆبارتوو و ناوچەی کــورد kurd یان پێـسـپـارد توروودان ژن thu-reau dakgin دەنووســـێـت هۆزی ســـوبارتۆ لە دراوسێیەتی هۆزی سودا بووە درایو driuer کە یەکێکە لە خۆرهەڵاتناسانی بەناوبانگ دەنووسێت: (سو su لـە نزیکی دەریاچەی واندا بووە) مـێژووی شـەرەفنامـە ناوی قەڵایەک بە ناوی سو suوە دەبات کە لە ناوچەی بتلیسا بووە) (ئارامـیـیـەکـان شـاری su یان بە بیت فـــارد و Bethfardu نووسـیـوە، شارێک کـە بە ناوی جزیرەی ئیبن عـومـەرەوە بەناوبانگە بەناوی گزرتاد و قـرد و ga-zurdu kardu ناونراوە یۆنانیـەکـان بە دانیـشـتـوانی بۆتان و جزیرەی ئیبن عـومـەریان دەوت (کرد خوی= کورد خۆی) خـۆی لە زمانی ئەرمـەنیـدا نیـشـانەی کـۆبوونەوەی کۆمـەڵێکە لە شوێنێکدا گوایە نووسـەرە یۆنانییـەکان ئەم ناوەیان لە زمـانی ئەرمەنیـەکانەوە وەرگرتووە لەکـاتێکدا تیگرانی دووەمی پاشای ئەرمـەنستـان لە سەدەی یەکـەمی پ ز. وڵاتی کـورد خـوی داگـیـرکـردووە (وزریی نوسی) فـەرمـانڕەوایی ئەو شـوێنەی کـوشـتـووە، پاشـایەک کـە لە کـردوئن بەنـاوی (مــانی ســاروس) پاشــایەتی دەکــرد، ئەســـتـــرابۆ مـــێـــژوونووسی یۆنـانی دەنووســێت لاوانی (ئەنشائی) وایان پەروەردە دەکردن کە لە سەرماو گەرما و باوبۆراندا بەرگـەگـر بن و بە هێـزو توانابن شـەوانە لە هەوای ئازاددا بە چاودێری گـەلەو ڕەوگـەوە خـەریک بن میوەی داری ناو دارستـانەکانیشیان دەخوارد بە مـانەیان دەوت (کــوردک) kurdak. کەسـانی کـوردک بە ڕاو و ڕووت دەژیان.

زانیـارییـەکانی کـارناسانی دێرینەناسی و لێکۆڵینەوەی خــۆرهەڵاتنـاس و مــێــژوونووســانی نـاوخــۆ و دەرەکی هەمـوویان لەسەر ئەوە ڕێک کـەوتوون کە ئێـمە لە ئێراندا نژادێک بەناوی تورکەوە، نیمانە ئەگەر مەبەستی نووسەر زمــانی نەتەوەیی دلاوەری ئازەربیــە لە ســەرانســەری نووســـینەکــانی ئەم نـاوچەیە جگە لە ڕوونکردنەوەی دلاوەری ئەوان هیچی تر تۆمار نەکراوە.

(کوردک یانی جەنگاوەر و دلێر) لە زمـانی ئاشووریدا ناوی کـــورد بە دوو زاراوەی وەکــو کـــاردۆ، کـــاردوا، نووسراوە و بەرچاو دەکەوێت کە بە مانای بەهێز و توانا و پاڵەوان دێت، ئەم زاراوانە لەگــەڵ ناوی کــورد و وڵاتی کوردستـاندا هاوئاهەنگییـەکی تەواویان هەیە. (کرداک= کــورداک یـان کــردوک= کــوردۆک)ەکــان بابە گــەورەی

کوردەکانی ئەمڕۆکەن ئەسترابۆ لەوێدا کە دەڵێت لاوانی فارسی دلێرانە پەروەردە دەکران و پێیان دەوتن کورداک بەهۆی ئازایەتی کوردەکانەوە بووە کە بە مانای جەنگاوەر و دلێر ناویان دەرکردبوو. دەبێت ئەوەش بزانین کە ناوی ناوچەکانی کوردۆکەکان لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانییەکاندا بەکردون ناویان براوە)

(لە ئاوێستادا تووشی سێ واژەی، کورتە، کورتی، کورتو) دەبین کە مانای کارد و شمشیر دەگەیەنن زاراوەی کورد لە ڕەچەڵەکی ئەم واژەوە بە هەمان مانا وەرگیراوە. دووبەردی هەڵکنراو لە سەردەمی توکولتی ئەنیورتای پاشای ئاشوور دۆزراوەتەوە کە لەیەکێکیاندا زاراوەی گوتی و لەوی تریاندا زاراوەی کورتی نووسراوە).

ئەم زاراوە دێرینانەی کاردا، کاردۆخی، کورتوخی، کردی= کوردی، کارداک سیرتی، کردیای= کورد یای، کردوئە= کوردوئە، کارداویە، کارتاوی، کارد یا کارخوی و کاردا هەموویان لە یەک ڕیشەوە بە کۆمەڵێک دەوترێت کە لە ئەمڕۆدا کوردیان پێ دەڵێن.

گزنەفۆن مێژوونووسی ناوداری یۆنانی کە یەکێک بوو لە قوتابییەکانی سوقرات لە گەڕاندنەوەی دە هەزار یۆنانیدا لە (٤٠١پ ز)، ناوی سەرزەمینی کوردەکان دەبات و دەنووسێت: (ناوچەکەیان تا بۆتان ڕۆیشتووە) نووسەری وتارەکە ئورارتوەکانی بە تورک داناوە. لە کاتێکدا کە شتێکی وەها نە لە مێژووە کۆنەکان و نە لە مێژووی هاوچەرخدا نییە! زاراوەی ئورارتو یا ئوراشتو بۆ یەکەم جار لە شوێنەوارەکانی ئاشووردا هاتووە. گەلێک لە کارناسانی مێژوویی و دێریناسی جیهان زاراوەی ئورارتویان بە هاوکێشی زاراوەی خالیدی یا کوردی ناوبردووە. خالیدییەکان بەپێی بەڵگەکانی دێرینە ناسی بە لقێکی کوردەکان دەژمێردرێن. کە لەسەدەی نۆیەمی پ.ز لە کەناری دەریاچەی واندا دەوڵەتێکیان بەناوی هالیدا (خالیدی) پێک هێنا لە ئەدەبیاتی عیبریدا ئەم زاراوەیە لەژێر ناوی ئاراراتدا و مێژوونووسانی یۆنانی بە ئالا رودی، خالد وی و خالدایوی ناویان بردوون. بەپێی بەردە نووسراوەکان «ماوەی فەرمانڕەواییان تا دەرکەوتنی (ئارامنە) درێژەی کێشاوە» ئارامنەکان زاراوەی کرد= کورد یان بە زاراوەی (کردوخ= کوردۆخ) لێکداوەتەوە. مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامی وەکو بلازەری و تەبەری کوردیان بە ناوەکانی قردای و بقردی ناوبردووە.

یاقوتی حەمەوی بە گێڕانەوە لە ئیبن ئەسیرەوە دەڵێت (بلوکی بقردی بەشێک بووە لە ناوچەی جزیرەی ئیبن عومەر و دووسەد دێهاتی هەبووە و شارەکانی (الثمانین)، جوودی، فەیرووز شاپوور لە کەناری چەپی ڕووباری دیجلە دا بووە. لە سەردەمی سەرکەوتنەکانی عومەری کوڕی خەتاب ناوچەی ناوبراو لەلایەن موسڵمانەکانەوە داگیرکراوە لەوەش بەدواوە سەرزەمینی بەقردی بە جزیرەی ئیبن عومەر ناودەبرا. زاراوەی گوتی لە هەزارەکانی سێیەم و دووەمی پ.ز بە خەڵکانێک دەوترا کە لە کوردستان و ئازەربایجانی ئێستادا دەژیان. یەکێک لە مرۆڤناسانی کۆنشناسی فەرەنسی لە دوای لێکۆڵینەوە لە بارەی نەتەوە دێرینەکان و بەراوردکردنیان بەرانبەر بە مرۆڤی هاوچەرخ و دانیشتوانی ئێستای کوردستان بە وردبوونەوە لەو وێنە و هەیکەلانە کە لە گوتی و لولوبیانەکان بە جێماوە دەنووسێت: ئەم تاقمە مرۆڤە لەناو مرۆڤەکانی زاگرۆسیدا زۆر و زەبەندن بێجگە لەو دوو کۆمەڵەی کە باسمان کرد مرۆڤی دیکەش بەناوی ئیلامی کەمێک خوارتر لەسەر زەمینی گوتییەکان و لولوبیان یانی لە سنووری خوڕەم ئابادی ئەمڕۆکەوە تاوەکو نزیکەی کەنداوی فارس ژیاون. کە ئەوانیش لە پێش هاتنیان بۆ سەرزەمینی ئێران لەگەڵ گوتییەکان و لولوبیان لە یەک شوێندا ژیاون.

سەرهەنگ مێجەرسونی بەریتانی دەنووسێت (ئەگەر سەرنجێک لە سەردەمی گوتییەکان لەناو سەدەکانی پازدە و شازدەی پ.ز بدەین دەبینین کە نایریەکان لەپێش مادەکانەوە هەبوون و لە کوردستاندا دەژیان و ترسیان خستبووە نێودڵی دراوسێیەکانیان لەدواییدا ئەم نایریانە بە کورد خوێنراونەتەوە).

لە بارەی پەرستگا کۆنەکانی گوتییەکانەوە لە زاگرۆس دەتوانین ناوی ئەشکەوتی کەرەفتوو بەرین کە لە خاکی (ئویاتو) لەنێوان شارەکانی دیواندەرە و سەقزدایە. ژوورە زۆر و زەبەندەکانی ئەم ئەشکەوتە پیرۆزە دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش پەرستگای (هراکلیس) بووە و لەسەر دیواری ژوورێکی ئەم پەرستگایە ناوی (هراکلیس) لەگەڵ چەند وتەیەکی یۆنانی هەڵکەنراوە لەژێر ئەم ناوەدا وێنەی سوارێک هەڵکەنراوە کە پێوەندی بە گۆدەرزی ئەشکانییەوە هەیە کە چیرۆکی سەرکەوتنی ئەو بەسەر مهردادی پاشای ئەرمەنستان ڕادەگەیەنێت. تاسیتی

ڕۆمی لەبارەی ئەم پەرستگایەوە دەنووسێت (لە جەنگی گۆدەرز و مهردادی پادشای ئێران پەنای بەم پەرستگایە برد ئەمەش بووە هۆی سەرکەوتنی لە دواییدا بە یادگاری ئەم سەرکەوتنە وێنەیەکی ئەم جەنگەی لەسەر دیواری ژوورێکی پەرستگاکەی دروست کرد) هۆزی دێرینی لولو کە شوێنی نیشتەجێیان لە بەردە نووسراوەکانی بابلیدا لەژێر ناونیشانی لولوبومدا نووسراوە لقێکن لە کوردەکانی ئارارات شوێنی نیشتەجێیان لە ناوچەی زەهاوی شارەزوور و سلێمانی بووە. کارناسی دێریننناسی بەناوبانگ پرۆفیسۆر ئەدمونز لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بەردە نووسراوەکەی دەربەندی گاور کە لە هەڵکۆڵینەکانی چیای قەرەداغ و دەشتی زەهاو بەدەستی هێناوە و ئەم بەردە نووسراوە لە (٢٨٠٠٠) ساڵ پ.ز دەدوێت. لەبەردە نووسراوەکەی ئاشوور ناسیر پالی دووەم لەسەدەی نۆیەمی پ.ز وا دەردەکەوێت کە سەرزەمینی لولو گەلێک ئاوەدان بووە. دانیشتوانی بە پیشەوەران و هونەرمەندانی زیرەک دەژمێردران. پاشای ئاشوور ژمارەیەکی لەوانەی برد بۆ ئاشوور لە ڕووی پیشەسازییەوە بەهرەیان لێ وەردەگرتن دکتۆر سپایزر دەنووسێت (هەندێک لە پاشایانی ئاشوور لە سەدەی «١٩ و ٢٠ پ.ز» لە لولوبیەکان بوون) (سەدەی ٢٣پ.ز) نارامسین لەنەوەی سارگۆنی پاشای ئاکاد لەبەردە نووسراوەکەی خۆی لە دوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنەکانی لەبارەی لولوئیەکانەوە دەدوێت. یەکێک لە پادشا بە دەسەڵاتەکانی لولوئیەکان ئانوبانینیە کە وێنەی خۆی و خوای ئەشتاری لە چیای (پاتیر) لە سەرپۆلی زەهاو هەڵکەندووە. هۆزەکانی کاسی لە ناوچەی کرماشان ژیاون و لە هۆزە کۆنەکانی کوردستان دەژمێردرێن کاسییەکان لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا لەبەرامبەر هاتوچۆ لە ڕێگای بابلەوە بۆ هەگمتانە= هەمەدان هەموو ساڵێک سەرانەیەکی لە دەوڵەتی ئێران دەسەند. ئەلیکساندەری مەقدۆنی لەگەڵ ئەم نەتەوە دێرینەدا جەنگیوە. سەردارەکەی بەناوی ئەنتیفونوس کە لەناو هۆزی کاسی لە دەربەندی پردی (تنگ گلو) تێپەڕیوە. بەردێکی نووسراو لە [گاندشی پاشای کاسی بە جێماوە لەو بەردەدا خۆی بە پاشای چوارگۆشەی جیهان ناوبردووە) میتانییەکانیش یەکێکن لە نەتەوەی دێرینی کورد لە (١٥٠٠پ.ز) بناغەی دەوڵەتێکی گەورەیان دامەزراند کە لە دەریای مدیترانەوە تاوەکو چیاکانی خۆرئاوای زاگرۆس درێژ بووبووەوە. پایتەختی میتانییەکان لە سەرەتاوە لە خاپوور بووە لە دواییدا بۆ شاری ئاراپخا (کەرکووکی) ئێستا گوێزرایەوە. لە بارەی میتانییەکان و سۆبارییەکانەوە بەناونیشانی باب و باپیرانی نەتەوەی کورد لەلایەن شوێنەوارناسانی ناوخۆ و دەرەکی هەزاران بەردی نووسراو بە بەڵگەی شوێنەواری دێرینەوە لە هەڵکۆڵینەکانی کەرکووک و بغازگوی دۆزراونەتەوە.

یەکێک لەم بەردە نووسراوانە پێوەندی بە توشراتای پاشای ئەم نەتەوە دێرینەوەیە کە (٦٠٠) دێر دەبێت. یەکێکی دیکە لە باب و باپیرانی کوردەکانی ئەمڕۆ نەتەوەی بەدەسەڵاتی سۆبارییە. کە ناویان لە هەزارەی سێیەمی پ.ز لە بەردە نووسراوەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژگاری لوگال ئانی موند، بە ناونیشانی سوبیر هاتووە لە بەردە نووسراوەکانی نارامسین لە بارەی ئەم نەتەوەوە بەناوی سوباریتم لێیان دواوە، ئەم بەردە نووسراوانە شوێنی نیشتەجێیان لە سنوورەکانی خۆرئاوای ئیلام تا کێوەکانی ئامانوس لە ئاسیای بچووک و خۆرئاوای ئەسکەندەروونە و ئاتانە دەستنیشان کراوە. هۆزی نایری لە باب و باپیرانی کورد و لە ڕۆژگاری دێرین دەژمێردرێت تیگلات پلایزری یەکەم پاشای ئاشوور لەگەڵ «٢٣» کەس لە فەرمانڕەوایانی نایری لە دەشتی ملازگرد جەنگێکی گەورەی کردووە لە کەناری ڕووباری دیجلە ئەوانی شکاندووە لەبەردە نووسراوەکەی خۆیا بە درێژی لە بارەی ئەم جەنگەوە دواوە. لە ساڵی (٩١٠پ.ز) لەشکری ئاشووری بۆ داگیرکردنی ناوچەی کوتموخ کە لەنێوان ڕووباری دیجلە و چیای ئاراراتدایە و لەگەڵ نایرییەکاندا جەنگیوە. ناوچەکەی ئەوانی داگیرکردووە. توکولتیش لە (٨٩٠-٨٨٤ پ.ز) لەگەڵ نایرییەکاندا جەنگیوە زۆربەی فەرمانڕەوایانی ئاشوور لە دژی ئەم نەتەوە جەنگیون لە ساڵی (٧٤٣ پ.ز) کۆمەڵێک لە نایرییەکان لە خۆرئاوای خۆرهەڵاتییەوە پەلاماری ئاشووریان داوە تاکو ناوەڕاستی وڵاتی ئاشوور چووەتە پێشەوە. تیگلات پلایزری چوارەم گەلێک بەزەحمەت ئەم نەتەوەی لەخۆی دوورخستووەتەوە تاکو پشتی چیای ئارارات شوێنیان کەوت. سەنحاریبی پاشای بەتوانای ئاشوور کە لە ساڵەکانی (٧٠٥-٦٧٢پ.ز) پاشای ئاشوور بوو لە ساڵی (٦٩٩پ.ز) لە دەوروبەری چیای

ئارارات لە دژی ئەم هۆزە جەنگێکی سەختی بەرپاکردووە چۆنیەتی جەنگەکەی لەبەردە نووسراوەکەی خۆیدا تۆمارکردووە..

سونەی، خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگ لە بارەی نایرییەوە دەنووسێت: (وڵاتی نایرییەکان تەنیا بریتی نەبووە لە بەشێک لە ڕووباری زابی گەورە، بەڵکو پاشاکانی ئاشووری هەروەکو تیگلات پلایزر و نەوەکانی دیکەی ئەو نەتەوانەی کە لە ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و خۆرئاوای نیفاتس یانی ناوچەکانی (دیاربەکر، خەرپوت، دەرسیم، تاکو چیاکانی بتلیس و توروس) دەژیان نایرییان پێ دەوترا. لەسەردەمی تیگلات پلایزر (١١٠٠پ.ز) ئەمانە لە ناوچەی نایری بوون و لەدواییدا بە کردوئن= کوردوئن، کردین= کوردین کرد= کوردی ناوبراوە بەپێی بەڵگە دێرینەکانی سەردەمی ئاشووری لە ڕۆژگاری پاشایەتی توکولتی- ئینۆرتا کە لە دەوروبەری (١٢٥٥-١٢١٨پ.ز) فەرمانڕەوای ئاشوور بوو لە بەردە نووسراوەکاندا لە بارەی نایرییەکانەوە دواوە. ئەم پاشایە دەنووسێت: نایرییەکان کە لە نیوەڕۆی دەریاچەی واندا دەژیان ملکەچی ئاشوورییەکانی کردوون. لە ڕۆژگاری تیگلان بلسری یەکەم (١١١٦-١٠٩٠ پ.ز) ئاشوورییەکان بەشی نیوەڕۆی خاکی نایرییەکانیان داگیرکرد. ئاشوورییەکان لە بەردە نووسراوەکانی خۆیاندا دەریاچەی وانیان بە دەریاچەی نایری ناوبردووە. بەپێی بەڵگە دێرینەکان هۆزی مانا، لقێکن لە دانیشتوانی دێرینی زاگرۆس و لە باب و باپیرانی کوردەکانن. ماناکان لە هەزارەی یەکەمی پ.ز لە ناوچەی زاموا (شارەزوور) دەژیان، لە دواییدا دەستیان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی گەورە لە خۆرئاوای ئێراندا کرد. لە سەدەی نۆیەمی پ.ز لە بارەی هۆزی مانابیەوە لە ساڵنامەکانی ئاشوورییەوە لێیان دواون بە پێی بەردە نووسراوەکانی ئاشوورییەکان پایتەختی ماناکان شاری ئەیزرتو بووە کە دەکەوێتە «٥٠» کیلۆمەتری شاری سەقزی ئێستا. لە سەردەمی ڕژێمی پەهلەوی شوێنەواریان لە زێوبەی لای سەقز دۆزراوەتەوە. لەلایەن باندێکی جوولەکەوە (ئەیوب)ی رەب النوعی گەنجینەی زێوی کە بریتی بوو لە دەیان تابووتی زێڕ، سکە، تابلۆ... بە تاڵان چوو. ئەم شوێنەوارە بەپێی بیروڕای دێرینشناسانی جیهانی، بێ وێنە و هاوتا بووە ئێستاش لە مۆزەخانەکانی جیهان و وڵاتی ئیسرائیل هەڵگیراون و چاودێریان دەکرێت و بە یادگاری پڕ شکۆی باب و باپیرانی نەتەوەی کورد لەو ڕۆژگارە دێرینەدا دەژمێردرێن.

فەرهەنگی شەهری، لەبارەی هونەر و پیشەسازی گەنجینەی زێوی لەسەردەمی دێریندا لە هونەر و زیرەکی باب و باپیرانی کوردەوە دەدوێت خاکی مانا بریتییە لە ناوچە بەهێز و تواناکانی خۆرئاوای ئێران لە سەدەی هەشتەمی پ.ز لە خۆرئاوای ئیلام چەندین پاشای ئەم زنجیرەیە فەرمانڕەوا بوون کە هەمیشە لەگەڵ وڵاتی ئاشووردا لە جەنگدا بوون بەشێک لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ورمێ، لە کەناری (سفید رود= چەمە سپی)یەوە لە نیوەڕۆی خۆرهەڵاتی ورمێ هەروەکو (Zikurtu) سارگارتن، ئاندیاء لوایشدیش vish-dish بەشێک بوون لە قەڵەمڕەوی مانا و لەژێر دەسەڵاتی ئەم زنجیرەیەدابوون سارگۆنی دووەم پاشای ئاشوور (٧٢٢-٧٠٥پ.ز) لەبەردە نووسراوەکەی (خرس ئاباد) نووسیویەتی (شانازی دەکەم کە لە ساڵی شەشەمی پاشایەتیمدا لە (پرتو) سەربازگەکانی مانابیەکان و زێوی و دژە سەختەکانی ئەوانم تێک دا) نەتەوەی ماد بە باب و باپیرانی کوردی ئەمڕۆکە دەژمێردرێن لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی حەوتەم بناغەی دەوڵەتی ماد دانرا. [سەلمانسری دووەم لە ساڵی (٨٤٤ پ.ز) پەلاماری وڵاتی مادی دا هەتاوەکو وڵاتی ئامادی و خارخار (دێهاتە کورد نشینەکانی ئێستای سەر بە شارستانی تەکابی ئەفشار) پێشڕەوی کرد. ئەمە بۆ یەکەم جارە ناوی ماد لەبەردە نووسراوەکانی ئاشووردا هاتووە].

خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگ مامۆستا سایس دەنووسێت [مادەکان کۆمەڵێکن لە کورد کە لە خۆرهەڵاتی خاکی ئاشوور دەژیان. خاکەکەشیان تاوەکو نیوەڕۆی دەریای قەزوین درێژبووەوە. بێگومان زمانی مادەکان زمانی کوردی بووە] باسیل نیکیتن لە مێژووە بەهادارەکەی خۆیدا دەنووسێت: [نژادی کورد نیشانەی تیرە و بەرەبابە کۆنەکانی لولو، گوتی و کاسی، میتانی، سوباری، نایری، مانایی، کردوک و ئورارتون. کە ئەمانە هەموویان پاشماوە و نەوەی ئارایین و زمانیان زمانی مادی بووە و هەریەکەیان شێوەزارێکی کەمی جیاوازیان هەبووە کە پێی دواون].

لە کتێبی (عیشق و سەڵتەنەت)دا نووسراوە [زمانی مادەکان زمانی کوردی بووە زۆربەی خۆرهەڵاتناسان ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن].

دارمستتری ئێراننناسی بەناوبانگ دەنووسێت: ئاوێستا لە ڕۆژگاری مادەکاندا نووسراوە زمانی مادەکانیش هەمان زمانی ئاوێستایە دەتوانین زمانی کوردیش بە پاشماوەی هەمان زمان دابنێین. نۆڵدکە دەنووسێت: [ئەگەر بەردێکی نووسراوی پاشاکانی ماد بدۆزینەوە وا دەزانم هەروەکو زمان و نووسراوەکانی سەر بەردە نووسراوەکانی پاشایەتی فارس بێت هیچ گومانیشی تێدا نییە کە زمانی مادی لە زمانی فارسی کۆنەوە گەلێک نزیک بووە، چونکە دانیشتوانی فارس و ماد زمانی یەکتریان بە باشی دەزانی. چۆن فارسی و کوردی لەیەکەوە نزیکن و هەماهەنگی لە کۆنیشدا وەهابوون].

لەکارنامەی ئەردەشێری بابەکان، هەمیشە ناوی پاشایەکی کوردی مادی براوە کە ناوی [کوردانشای مادی] بووە کە دوژمنی ئەردەشێری بابەکان بووە ئەردەشێر لەگەڵیدا جەنگیوە، بەڵام شکاوە و سەرنەکەوتووە و پەنای بۆ دێیەک بردووە. لە دوای ماوەیەک دووبارە لەشکری کۆکردووەتەوە بە چوار هەزار سەربازەوە هێرشی شەونخوونی کردووەتە سەریان و نزیکەی هەزار کوردی مادی کوشت هەندێکیشی بریندار کرد هەندێکیشی لێکردن بە کۆیلە، پاشای کوردە مادییەکان لەگەڵ کوڕەکانیدا و برادەرانی و دەست و پێوەندەکانی بەدیل گرت و تالانێکی زۆریشی بەدەست هێنا و ڕەوانەی پارسی کردن. حمداللەی مستەوفی لەکتێبی (القلوب)دا دەنووسێت [پایتەختی کوردستان لە ڕۆژگارانی ڕابردوودا شاری بەهار، بوو لە دوای ئەوەش سوڵتان ئابادی چەمچەماڵی نزیک چیای بێستون بووە] بەو وتانەماندا دەردەکەوێت تەواوی نەتەوە دێرینەکانی ئەم سەر زەمینە ئەوەشی کە نووسەری وتارەکە نووسیوبەتی بەشێک بوون لە نەتەوە دێرینەکانی ئێران و باب و باپیرانی کوردی ئەمڕۆکەن، شاری ورمێ بەتێپەڕبوونی مێژوویی بارداری گەلێک ڕووداوی گرنگ بووە لەوانە وەکو: جەنگی سەفەوی و عوسمانلی کە بە جەنگی چاڵدێران ناسراوە جەنگی سەفەوییەکان لە قەڵای دمدم کە لە کتێبی [تاریخ عالەم ئارای عەباسی]دا باسی لێوە کراوە. ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری شەمدینانی، ڕاپەڕینی هەمزەئاغای مەنگوڕ، شۆڕشی سمایل خانی سمکۆ کە هەموویان کورد بوون. لە ئانی نیای سەفەوی، شێخ سەفیەدین ئەردەبیلی لە دانیشتووانی سنجاری کورد نژاد بووە.

بەپێی بەڵگە مێژووییەکان زەردەشت لە شاری شیز [بەشی کوردنشینی تکابی ئەفشار] لەدایک بووە ئاتەشکەدەی گەورەی ئازەر گشسب لەم ناوچەیە دایە لە (٩٠٪)ی زاراوەکانی ئاوێستای لە زمانی کوردی ئەمڕۆکەدا کاریگەرییان هەیە. کاریگەری زمانی کوردی لەسەر هەموو بەردە نووسراوەکانی دێریندا دەتوانین بیان بینین زۆربەی زاراوەکانی بەردە نووسراوەکانی تەختی جەمشید و بیستوون کوردین، بۆ نموونە لە بەردە نووسراوەکاندا هاتووە: (داریوش وتی) (وتی) لە زمانی کوردی لەجیاتی «گفت»ی فارسی بەکاردێت. نووسەری وتارەکە زمانە بەهێزەکانی فارسی و کوردی بە زمانی تورکی داناوە سەرەڕای هەزاران بەرهەمی نەمری ئەدەبیاتی فارسی و زمانی فارسی بەشێوە زار (لەهجە)ی داناوە. لە نووسەری وتارەکە دەپرسین: ئایا بەردێکی نووسراو هەیە کە بەزمانی تورکی و نامۆ کە هیچ پێوەندییەکی بە ئێران و ئێرانی و ئازەری و ئازەربایجانییەوە نییە نووسرابێت و دۆزرابێتەوە؟!

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری کەهکشان، ژمارە(٧٣)، (تێبینی: لە وەرگێڕاندا وتارەکە کورت کراوەتەوە).**

# دیدو جیهانبینی ڕێژیسیۆر

**د. فازیل جاف**
**(سوێد)**

داهێنانی ڕێژیسیۆر لە چیدا خۆی دەنوێنێ؟ لە دیدی تایبەتی و جیاهەڵکەوتووییدا، لە تایبەتمەندی و مۆرکی شەخسیدا، لەوەدا کە چەند دەتوانێ بیسەلمێنێ بەرهەمەکەی جودایە و تایبەتە بە خۆی و لاساییکردنەوە و کۆپی بەرهەمێکی دیکە نییە. دید و جیهانبینی ڕێژیسیۆر دوو چەمکن لە مەیدانی هونەرو زانستی دەرهێناندا هاوشانی یەکن و هاوتەریبن. دید و جیهانبینی ڕێژیسیۆر زۆر جار لەلایەن گەلێ کەسەوە، تەنانەت ئەوانەی ڕەخنەگر و پسپۆڕی شانۆشن، بۆ یەک مەبەست بەکاردەهێنرێن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دوو وشەیە مانایان جودایە و یەک مەبەست ناگەیەنن. ڕاستە هەردوو وشەکە بە ڕواڵەت لەیەک دەچن و وەکو توخم سەر بەیەک گرووپن، بەڵام دوو کۆنسێپتی جیاوازن.

دیدی ڕێژیسیۆر، واتە هونەری بینین و کەشفی ئەو ئایکۆن و سیمبوڵ و هێماو دەلالاتانەی کە کەسانی دیکە نایانبینن. ڕێژیسیۆری خاوەن دید پەی بەشت گەلێک دەبا کەسانی دیکە پەی پێ نابەن، یان کەسانی دیکە ناتوانن بەو شێوەیە پەیان پێ بەرن ڕێژیسیۆر دەیبا. واتە دیدی ڕێژیسیۆر هێزی کەشفکردنە، هێزێکە کە لە ڕوانگەی تاکەکەسی و هەڵوێستی وجودی ڕێژیسیۆر خۆیەوە سەر چاوەدەگرێ، وەکو داهێنانێکی ئاست بەرز و دەگمەن جێی خۆی دەکاتەوە. لەو ترۆپکەدا دیدی ڕێژیسیۆر قەت لاسایی ناکرێتەوە و بە کەس کۆپی ناکرێ.

**جیهانبینی ڕێژیسیۆر**

هەرچی جیهانبینی ڕێژیسیۆرە،گەشتی ژیان و ئەزموون

و فەلسەفە و بیروباوەڕی ڕیژیسیۆر دەگرێتەوە. کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا گەلێ گرنگە و بنەماو بڕبڕەی پشتی جیهانی هونەریی ڕیژیسیۆر پێکدێنن. لێرەدا ڕیژیسیۆر چەند ڕاستگۆیانە و چەند بەکەرەستەی هونەری گوزارشت لەو گەشتە بکا ئەوەندە داهێنانەکانی قووڵ و پڕ مانا و چڕتر دەبن.بەپێچەوانەشەوە چەند درۆ و زەیف و ساختە بنوێنێ، ئەگەر بۆ ماوەکی کورتیش دەستکەوتی هەبێ و چواردەوری بخەڵەتێنێ، لە ئاکامدا هەر لایەنە هونەرییەکەدەدۆڕێنێ و شوناسنامەی دەردەکەوێ.

**جیهانبینی و گەشتی ژیان**

هەنگاوی یەکەم بۆ گوزارشت کردن لە سەفەری ژیانی خۆت وەکو ڕیژیسیۆر ڕاستگۆییە، ڕاستگۆییش لەوەداخۆی دەنوێنێ کە چەند دەتوانی و دەوێری خودی خۆت بیت و کەسێکی دیکە نەبیت، تەنانەت ئەگەر ئەوکەسە نموونەی بەرزیشت بێ. پەنابردنە بەر گەشتی ژیانی خۆت هەنگاوێکی گرنگە لە ڕیژیسیۆریدا، چونکە ئەگەر نەوێری حەقیقەتی شەخسی خۆت بەرجەستە بکەی، هەرگیز ناتوانی حەقیقەتی کەسانی دیکە کەشف بکەی.

هەربۆیە دیراسەکردنی گەشتی ژیان و جیهانبینی لە بواری خوێندنی هونەری ڕیژیسیۆریدا بابەتێکی سەرەکییە، چونکە ئەم بابەتە ئیدی دەبێت بەسەرچاوەی یەکەم و کانگای سەرەکی داهێنانت، ئەگەر درۆت لەگەڵ ئەم سەرچاوەیە کرد یان خیانەتت لێکرد، هەرگیز نابی بەڕیژیسیۆرێکی بەهرەمەند.

لە ئینستیتوتی درامی لە ستۆکهۆڵم وانە و مەشقی سەرەکی خوێندنی ڕیژیسیۆری، ڕاهێنانێکە لەبارەی گەشتی ژیانی ڕیژیسیۆری قوتابی. ڕاهێنانەکە بەم جۆرەیە: ڕیژیسیۆری قوتابی دەبێ بابەتێک لەبارەی ژیانی خۆی بنووسێ. پاشان وەکو ڕیژیسیۆر کاری لەسەر بکا. ئەم مەشقە بەلای دانەرانی ئەم پرۆگرامەوە، گەلێ گرنگە، چونکە پێیان وایە قوتابی پاش ئەوەی دەبێ بە ڕیژیسیۆر لەسەرانسەری بەرهەماکانیدا، بەخۆی بزانێ یان نەزانێ، دەگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوەیە.

ئەم مەشقە هەر لەسەرەتاوە قوتابی هان دەدات کە خۆی بێت و کەسێکی دیکە نەبێت. نازانم کام فەیلەسووف گوتوویەتی: هەمیشە هەوڵ بدە نموونەیەکی پلە یەکی خۆت بە، نەک نموونەیەکی پلە دووی کەسێکی دیکە. ئەم



مایرهۆڵد، گۆردن، تایرۆف

گوزارشتە زۆر بە وردی لەگەڵ ڕۆڵ و داهێنانی ڕیژیسیۆردا دەگونجێ، چونکە ڕیژیسیۆر هەر ئەوەندەی لاسایی کەسێکی دیکەی کردەوە، هەر ئەوەندەی دەنگی کەسێکی دیکە بکا بە دەنگی خۆی، یان لەگەڵ خۆی درۆ بکا، ئیدی بەرهەمەکانی ڕووکەشانە و کرچ و کاڵ دەبن و سیفەتی داهێنان لەدەست دەدەن.

ئەم بۆچوونە ڕیژیسیۆر لە گوزارشتەکانی ژیانی تایبەتی و لە دەرەوەی شانۆشدا دەگرێتەوە، بەڵام دیدی ڕیژیسیۆر پێوەندی ڕاستەوخۆی بەکانگای ڕۆحی و زەینی و ئیحساسییەوە هەیە و کانگای ئەفراندن و داهێنانیەتی و بەهرەیەکی دەگمەن و بێ وێنەیە، بۆیە لاسایی کردنەوەیان مەحاڵە.

مێژووی هونەر دەمێکە ئەوەی سەلماندووە کە ئەوانەی لاسایی ڕیژیسیۆرێکی دیکە دەکەنەوە مایەپووچ دەبن، نەوەکو ئەو ڕیژیسیۆرە داهێنەر دەبن و نەخۆشیان دەبن بە خاوەنی داهێنانی خۆیان.

کۆپی کردنەوەی ڕیژیسیۆرێکی خاوەن دید و داهێنەر وەکو ئەوە وایە شانۆکارێکی بێ بەهرە لە تەنیشت ڕیژیسیۆرێکی بلیمەتەوە بوەستێ و وێنەی لەگەڵدا بگرێ، وێنەکەش لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا بڵاوبکاتەوە، تاکو لە سێبەری ئەودا حیسابی داهێنەری بۆ بکرێ.

**ڕیژیسیۆری خاوەن دیدی تایبەت و دەقی شانۆیی**

ڕیژیسیۆری خاوەن دیدی تایبەت، دەتوانێ دەقێکی ئاسایی و هەزاران جار بەرجەستەکراو بە درێژایی سێ هەزار ساڵی مێژووی دێرینی شانۆ، لە فۆرمی

داهێنانێکی نوێدا وەک ئەوەی ســەرلەنوێ لە دایک بوویێتەوە پێشکەش بکات.

لای ڕیژیسیۆری خاوەن دیدی تایبەت بەخۆی، هەموو دەقێکی کۆن و کلاسیک و باو، هەمیشە نەمر و نوێیە و وەکو ئەوە وایە بۆ یەکەم جار یان سەرلەنوێ نووسرابێتەوە. بۆ ڕیژیسیۆری خاوەن دید هەموو دەقێک سەرلەنوێ دەخوێندرێتەوە و هەموو بەرهەمێکی لەسەر خوێندنەوەیەکی جیاواز بنیاد دەنێ. ڕیژیسیۆری خاوەن دید دەتوانێ هەر دەقێکی کلاسیکت بۆ بکا بە هاوچەرخ و وای چارەسەر بکات، وەکو ئەوەی لە ئەمڕۆدا و بۆ ئەمڕۆ نووسرابێت.

## دیدی ڕیژیسیۆر و دەقی شانۆیی

سەرەڕای ئەم هێزە لەبن نەهاتووەی دیدی ڕیژیسیۆر کە خەیاڵ و ئەندێشە و فانتازیا سەرچاوەیەتی، ئەوەش بزانە کە دیدی ڕیژیسیۆر هەرچەندە قووڵ و داهێنەرانە و جیاهەڵکەوتوو بێت، قەت ناتوانێ دەقێکی خراپ و لاواز بکا بە شاکار. کەس ناتوانێ مانای قووڵ و داهێنانی هونەری لەسەر بنەمای تێکستی لاواز و بەدەر لە تەکنیکی دراماتۆرگیانەی پتەو بینا بکا. هەر تێکستێک درامانووسی وەستاو کارامە نەینووسیبێ، نابێتە خاکێکی بە پیت و بنەمایەکی پتەو بۆ دیدی ڕیژیسیۆرو کەرەسەی ئینسانی و هونەری ئەکتەرەکانی.


هەر ئەمەش نهێنی ئەو شانۆنامانەمان بۆ دەردەخات کە هەزاران ساڵە بەردەوام پێشکەش دەکرێن، هەندێ جاریش تەنانەت هاوکات لەسەر چەند شانۆیەک و لە هەمان شاردا پێشکەش دەکرێن، بەڵام بەدیدی جیاواز. ئەم شانۆنامانە سەرەڕای ئەوەی شاکارن و مەیدانی تاقیکەی ڕیژیسیۆرانی خاوەن دید و بەتوانان، هاوکات مەیدانی نوشستی و فەشەلی ڕیژیسیۆرن، ئەگەر خاوەن دیدی تایبەت و جیهانبینی خۆیان نەبن.

دەفەرموو بڕوانە چەند کەس لە پێشکەشکردنی شەکسپیردا سەرکەوتوو بوون و سەردەکەون؟ ئەم بۆچوونە لەگەڵ بەرهەمی هەریەک لە شانۆنامەنووسە داهێنەرەکانی وەکو ئیبسن، ستریندبێرگ، بیکێت، چیخۆڤ دەگونجێ، بزانە ئەو ڕیژیسیۆرانە چەند دەگمەنن، بەڵام کێ بە دەقی خۆماڵی ناوێرێ! بە تایبەت ئەو دەقانەی لەسەر فۆلکلۆر و بابەتی گاڵتە و گەپ و بەزم و فشقیاتی میللی دەدوێن. لەتەرزی دووەمدا بەزەحمەت بۆت دەردەکەوێ ڕیژیسیۆر خاوەن دیدی تایبەتییە، نەخێر ئەم گوزارشتە ڕەنگە وەکو دارشتن گونجاو نەبێ، چونکە ڕیژیسیۆری خاوەن دید و توانای هونەریی پەنا ناباتە بەر دەقی لاواز و بابەتی کرچ و کاڵ. بگرە لەو جۆرە دەقە لاوازانەدا هەر بە زەحمەت بۆت دەردەکەوێ کە ڕیژیسیۆر بوون و شەخسیەتی هەیە.

## پشکنەری میبیرهۆڵد وەکو نموونەیەک

پێم وایە شانۆنامەی پشکنەری گۆگۆل لەدەرهێنانی میبیرهۆڵد نموونەیەکی هەمیشە زیندووی دیدی داهێنەرانەی ڕیژیسیۆرە. ئەوەی میبیرهۆڵد لە پشکنەری گۆگۆڵ-دا بەدی دەکرد هیچ ڕیژیسیۆرێکی دیکە پەی پێ نەبردووە. دەڵێن میبیرهۆڵد لە پشکنەردا هەموو بەرهەمی ئەدەبی گۆگۆڵی چڕکردووەتەوە بەرجەستەشی کرد. پێش میبیرهۆڵد و پاش ئەویش، ئێستاشی لەگەڵدا بێ، گەلێ ڕیژیسیۆری بەتوانا ئەم شانۆنامەیەیان خستۆتە سەر شانۆ، بەڵام داهێنانی کەسیان نەگەیشتۆتە ئاستی داهێنانەکەی میبیرهۆڵد. تایبەتمەندی داهێنانی میبیرهۆڵد وەکو ڕیژیسیۆر لە خوێندنەوەی تایبەتی خۆیدا بۆ گۆگۆل دەردەکەوت. ئەو تایبەتمەندییە لە جیهانبینی خۆی و شیکردنەوە و بەرجەستەکردنی دیدو جیهانبینی گۆگۆلدا بوو.

ئەوەی میبیرهۆڵد لەو دەقەدا دەیبینی تاکو ئێستاش کەس نەیبینیوە و کەسیش ئەو خوێندنەوە بێ هاوتایەی بۆ ئەو دەقە نەبووە. سەرنجی نمایشە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم بدە، بۆت دەردەکەوێ کە چەند نمایشێک هەن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و لە مێژووی شانۆدا بە نەمریی ماونەتەوە. لەمانە نمایشی شازادە توراندۆتی ڤاختانگۆڤ و دایکە کوراجی برێخت و ئەکرۆپۆلیسی گرۆتۆڤسکی و مەهاباراتای پیتەر برووک و بەسەرهاتی ئەسپێکی تۆڤستۆنۆگۆڤ. ئەم نمایشانە دەگمەنن، چونکە گوزارشت لەدیدی دەگمەن و بێ هاوتا دەکەن. ئەگەر ڕیژیسیۆرانی ئەم بەرهەمانە خاوەنی دیدی ئاسایی و بەرتەسک بوایەن، ئێستا ناویان لە کتێب و سەرچاوەکانی مێژووی شانۆ و ڕەخنەی هونەریدا ئاوا بە نەمری نەدەبرا. دیدی ڕیژیسیۆر لەو بەرهەمانەی کە ناوم هێنان گەیشتوونەتە ئاستێکی ئەوەندە تایبەت و دەگمەن، تەنانەت لەناو بەرهەمەکانی ئەو ڕیژیسیۆرە مەزنانە خۆیاندا، دووبارە نابنەوە. چونکە دیدی تایبەت کەشفە.. کەشفێک کە نەبینراو/ باتینی دەکات بە زاهیری و بەبینراو و پتر لە شێوەی ئیلهام و وەحیدا خۆی دەنوێنێ.



ئەمەش هەموو ڕۆژێک ڕوونادات. برووک بۆی نالوێ جارێکی دیکە ماهارباتا یان خەونی نیوەشەوێکی هاوینەی شەکسپیر بەو شێوە بێ ئەندازەیە بەرجەستە بکاتەوە.

ئەگەر پیتەر برووک بەرهەمەکانی ئێستای لە کوردستاندا پێشکەش بکات، بێگومانم لەوەی کە ئەزموونکارەکانی کوردستان لێی تووڕە دەبن و دەڵێن «ئەمەیە برووک، بەمە دەڵێن ڕیژیسیۆری جیهانی؟ ئێمە چاوەڕێی شتێکی گەورەمان لێ دەکرد، بەڕاستی هیچی پێ نییە». بێگومان برووک یەکێکە لە ئەزموونکارەکانی شانۆ لە سەرتاسەری جیهاندا، چونکە ئیزافەی کردۆتە سەر ڕێبەرانی بەرلەخۆی. لەنمایشەکانیدا یەک تۆز تەقڵەلێدان و سەرمەقولات خواردنەوە بەدی ناکەی، کەسێک نابینی لەناو تابووتێک نووستبێ یان مەنۆلۆگێکی دوور و درێژ لەناو بانیۆی حەمامدا بڵێ. برووک دید و جیهانبینی خۆی بەرامبەر بە ژیان و بەرامبەر بە هونەری شانۆ لە نمایشێکی سادەدا چڕ دەکاتەوە. واتە لای برووک ئاڵۆز لە سادەدا خۆی دەنوێنێ. ئینجا وەنەبێ ئەوەی برووک ئێستا دەیکات، ئاسان بێ و بە هەموو کەسێک بکرێ. ڕاستە ئەو شێوازە سادەیە، بەڵام سادەیەکی قووڵ و سەختە، سادەییەکە هونەرمەند پاش ئەزموونێکی ڕاستگۆیانەی دوورو درێژ پێی دەگات. بەرهەمێکە کە دەیبینی ڕەنگە پێت وا بێت ئەو شتە بە هەموو کەسێک بکرێ، بەڵام دڵنیابە وانییە.

هەر لەبەر ئەوەی گەر بتەوێ باس لە برووک بکەی دەبێ پێش هەموو شتێ لە ڕاستگۆییەکەی بگەی، جا بۆ ئەوەی لەو ڕاستگۆییە بگەی، دەبێ تۆش ڕاستگۆ بیت، ساختەچی و موزەیەف و درۆزن نەبیت. ئەم ئەرکەش بۆ زۆر کەس قورس و سەختە. بە سادەیی و قووڵی گوزارشتکردن خۆی لەخۆیدا کارێکی گەلێ سەختە، پشت بە خوێندنەوەیەکی قووڵ و تایبەتی ژیان دەبەستێ.

دیدی تایبەتی ڕیژیسیۆر وەکو وەحی وایە، هەموو ڕۆژێک نایەتە خوارێ و لە هەموو بەرهەمێکی هەمان ڕیژیسیۆردا بەدی ناکرێ، ڕیژیسیۆران لەو ئاستەدا وەکو پێغەمبەران وان، ئێ خۆ پێغەمبەرانیش هەموو ڕۆژێک وەحییان بۆ دانابەزێ، بەڵام کە دیدی تایبەتی لای ڕیژیسیۆر گەڵاڵە بوو ئەو دەم بەرهەمێک دەخوڵقێ کە بێ وێنە دەبێ و لە هیچ بەرهەمێکی دیکە ناچێ.

دیدی تایبەتی ڕیژیسیۆر سیمۆتیکای خۆی هەیە، ماناکانی لەکانگایەکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرن، گوێ بە پێوەری باو و ڕۆژانە نادەن. گەر بتوانی دیدی تایبەتی خۆت بخەیتە ڕوو، پێم وایە بێ سێ و دوو بەرهەمێکی جیاهەڵکەوتوو دەخوڵقێنێ.

ئەو ڕیژیسیۆرانەی لەم ئەرکەدا سەردەکەون ئەوەندە باسی تازەگەری و ئەزموونگەری و پێشەنگی و دوا مۆدێلی بازاڕی شانۆ ناکەن و خۆیان بەم زاراوانەوە سەرقاڵ ناکەن.

## دیدی ڕێژیسێر و کەرەستەی هونەری

هەر دیدێک کەرەستەی هونەری خۆی پێویستە کە زمانی ئێستێتیکای ئەو نمایشە دەخوڵقێنێ، خۆ ئەگەر بڵێی وانییە، پێ لەسەر ئەم بۆچوونەم دادەگرم و دەڵێم گەلێ ڕێژیسێری بەتواناو خاوەن سەنعەت هەن، بەڵام خاوەن دیدی تایبەت نین.

ئێمە کە زۆر جەخت لەسەر سەنعەت و پیشەکاری، دەکەین، پێویستە ئەوەش لەبیر نەکەین کە هەموو تەکنیک و دەستڕەنگینی و کارامەییەک دەبێ لەپێناو گەیاندنی دیدی تایبەت و کەشفی هونەری و داهێناندا بێ، ئەگەر وانەبێ سەنعەتکاری و دەست ڕەنگینی و وەستایەتی قەوارەیەکی بۆش و هەیکەلێکی بێ ناواخنی لێ دەکەوێتەوە. ئەوەش زۆرجار لە ئەزموونی شانۆی وێنە و شانۆی جەستە لەپێناوی جەستە و بەرهەمی ئەزموونکارانەی کەسانی کەم مەدرەک و کەم ئەزموونڤدا دەردەکەوێ، کە ڕەنگە هەندێ جار چاو و هەستمان بخەڵەتێنن، بەڵام وەکو هونەر بۆشن و کاریگەری بەجێ ناهێڵن.

## دیدی تایبەت و ئەزموونی ژیان

کۆلێژەکانی شانۆ دەتوانن ڕێژیسێری ئەکادیمی و خاوەن سەنعەت پەروەردە بکەن، بەڵام دیدی تایبەت کاری کۆلێژ و زانکۆ و پەیمانگاکانی شانۆ نییە و بگرە پێوانەی بە ئەزموونی سەرانسەری ژیانەوە هەیە. دیدی تایبەتی ڕێژیسێر لە فەلسەفەیەوە بۆ ژیان سەرچاوە دەگرێ، هەر ئەم فەلسەفەیەش تێڕوانینی ئێستێتیکانەی لە هونەردا دەخەمڵێنێ. خوێندنەوەی ڕێژیسێر بۆ دەق هەر لەتێڕوانینە فەلسەفییە ئێستێتیکییەوە سەرچاوە دەگرێ.

تێڕوانینت بۆ ژیان چەند قووڵ بێ، تێڕوانینت بۆ دەق ئەوەندە قووڵ دەبێ. بە واتایەکی دی، ئەگەر تێڕوانینت بۆ ژیان جیاوازبێ لەگەڵ تێڕوانینی زۆرینەی خەڵکدا، هونەریانە بێ، داهێنەرانەبێ، ئەوەندە خوێندنەوەت بۆ دەق تایبەت و هونەریانە و داهێنەرانە دەبێ، چونکە ناکرێ ببی بە خاوەن تەکنیک و چارەسەرێکی داهێنەرانەی تایبەت و جیاهەڵکەوتوو، گەر خۆت خاوەنی دید و جیهانبینی نەبی.

ئەگەر ڕێژیسێر لە پێناوی پارە و کۆشک و پایەو نەرجسیەت و خۆ بە گەورە زانین هونەری خۆش بوێت و هونەرەکەیشی ئامرازو کەرەستەیەک بێ بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، نابێ چاوەڕێی دیدی تایبەتی و جیهانبینی لێ بکەی، هەرچەندە ئەو ڕێژیسێرەش لە ڕاستیدا هەر خاوەن دیدی تایبەتییە، بەڵام لە بوارێکی دیکەی ژیاندا نەک لە شانۆدا، ڕەنگە لە بواری سامان و بزنێسدا بێ، ڕەنگە لە بواری سیاسیدا بێ، بەڵام بێگومان لە بواری هونەردا نییە.

## شێوازی ڕێژیسێر و خوێندنەوەی دەق

هەموو شێوازێکی تایبەتی ڕێژیسێر، هەموو جۆرە ئەزموونگەرییەک، نوێخوازییەک، پێشەنگییەک لە خوێندنەوەی تایبەتی دەقەوە سەرچاوە دەگرێ، واتە خوێندنەوەی تایبەتی و جیاهەڵکەوتووی ڕێژیسێر بۆ ژیان، چونکە ڕێژیسێر لە زەمەنی دەقدا زەمەنێکی دیکە دەبینێ، لە فەزای دەقدا فەزایەکی دیکە دەبینێ، لە نەبز و ڕیتمی دەقدا ڕیتمێکی دیکە دەبیستێ، لە کێشەشدا کێشەی خۆی و مرۆڤی هاوچەرخ دەدۆزێتەوە. ئەمەش نابێ تەنیا بە قسە بێ و تەنیا وەکو تیۆر باس بکرێ، بگرە دەبێ لەسەر شانۆدا ببینرێ و بە تێرم و کەرەستەی هونەری بەرجەستە بکرێ. لەلایەکی دیکەوە گەلێ جار باسی نوێخوازی، پێشەنگی و ئەزموونگەری وەکو لاف و گەزاف دەکرێ، بەڵام بەبێ بنەمای ئێستێتیکی و ئەزموونی تایبەت و دەنگی ڕەسەنی خودی شانۆکار ئەم فەرمایشتانە بازنەی قسەی ڕووت تێناپەڕێنن.

## خوێندنەوەی دەق... خوێندنەوەی مەجازی و سیمبۆلیستانە

لەبەرنامە و پرۆگرامی خوێندنی هونەری ڕێژیسێری لەزۆربەی کۆلێژەکانی جیهاندا، دوو بابەتی سەرەکی هەن کە قوتابی ڕێژیسێر دەبی چاک بیانخوێنێت، ئەویش شیکردنەوەی دەق و شیکردنەوەی نمایشە.

لەشیکردنەوەی دەقەوە ئاشنای بنەماکانی هونەری شانۆنامەنووسین دەبێ، کە بۆ ڕێژیسێر گەلێ گرنگە بزانێ بەچی دەگوترێ دەقی شانۆیی، لە کام دەقەدا ئەو مەرجانە هەن کە دەبێ لە شانۆنامەیەکدا هەبن.

بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لە ڕێگای ئەم دەرسەوە قوتابی ڕێژیسێر فێری خوێندنەوەی دەق دەبێت. ڕێژیسێران بە ژمارە گەلێک زۆرن، بەڵام ئەوانەی کە جیاوازی نێوان دەقی چاک و دەقی خراپ دەزانن گەلێ کەمن. لەوانەش کەمتر ئەوانەن کە دەزانن دەقی شانۆیی بخوێننەوە. ئەو ڕێژیسێرانەی کە دەزانن کام دەق باشە و



کامیان خراپە بەداخەوە ژمارەیان گەلێ کەمە. ڕیژیسیۆری وا هەیە، تەمەنێکی دوور و درێژە ڕیژیسیۆرە، بەڵام لە بواری دەقناسی و خوێندنەوەی دەقدا کوڵەوارە، ئەمەش بۆ خۆی گرفتێکی گەورە و کوشندەیە.

یەکێ لەو ڕەخنانەی کەلەلایەن ڕەخنەگرێکی شانۆوە ئاراستەی شانۆنامەی مەرگ و کچ کرابوو، ئەوەبوو گوایە شانۆنامەکە میلۆدرامابوو! بیهێنە پێش چاوی خۆت شانۆگەرییەکەی ئاریێل دۆرفمان میلۆدراما بێت!

بەڕاستی سەیرە، من پێم وایە ئەم شانۆنامەیە لە سینەمادا زۆر سەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی ڕیژیسیۆری بەهرەمەندی جیهانی ڕۆمان پۆلانسکی هەولی دابوو یەک تۆز شێوازی میلۆدراما بە دراماکە بدات، بەڵام دەقەکە ئەوەندە دوورە لەو شێوازەوە کە گۆڕانکاری قبوولْ ناکات. ئەمە تێکستێکە ئەوەندە شانۆییە، ئەوەندە سایکۆلۆژییە تا سەر ئێسقان. ئەمە تەنیا نموونەیەکی دەق نەناسی و بێ توانایییە لە بواری خوێندنەوەی دەقدا، ئینجا ئەگەر ڕەخنەگر ئەوەندە شارەزای شانۆ بێت ئەی دەبێ بە بینەری ئاسایی چی بڵێین!. ئەمە وەکو ئەوە وایە شانۆنامەیەکی پینتەر بە میلۆدراما لەقەڵەم بدەی.

هونەری شانۆنامەنووسین یەکێکە لە هونەرە سەختەکان، هونەرێکی گەلێ نزیکە لە هونەری شیعر و سیمفۆنیاوە، ئەمە ئەگەر وەستا بینووسێ، مەبەستم لە وەستا کەسانی وەکو شەکسپیر و مۆلییر و چیخۆڤ و بیکێت...تاد.

تایبەتمەندییەکانی دراما و مەرجەکانی و زمانی درامی لەگەڵ شیعرو مۆسیقادا گەلێ هاوبەشن، هەرچەندە ڕۆماننووسەکان پێیان وایە، شانۆنووسین هونەرێکی گەلێ لەڕۆمان و چیرۆکەوە نزیکە، بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیە و گەلێ لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە دراما بە پلەی یەکەم لە کرۆکی شیعرو مۆسیقادایە و لە ڕۆماندا بەدەگمەن دەردەکەوێ. هەربۆیەش بەدەگمەن ڕۆماننووس هەن، کە توانایان بەسەر شانۆ نووسیندا بشکێ، بەڵام شاعیران ئاسانتر لە بواری شانۆ نامەنووسیندا بەهرەی خۆیان دەسەلمێنن. من بەش بەحاڵی خۆم تا بتوانم چیرۆکنووس و ڕۆماننووس بۆ نووسینی شانۆنامە هان نادەم.

دیدی تایبەتی دەرهێنەر لە خوێندنەوەی دەقدا دەردەکەوێ. ئەگەر خوێندنەوەی ڕیژیسیۆر کەشف و ڕوانگەی خودی ڕیژیسیۆری گەیاند، ئەوە کاری ڕیژیسیۆر داهێنەرانە دەبێ، ئەگەر نا واتە خوێندنەوەی ئەمیش وەکو خوێندنەوەی کەسانی دیکەیە، واتە بەرهەمێکی تەقلیدییە، ڕیژیسیۆر لەو دۆخەدا خۆی لە دوو بازنەدا

دەدۆزێتەوە.

**یەکەمیان**: بازنەی تێکست و نووسەرە.

**دووەمیان**: بازنەی نمایش و خودی ڕێژیسیۆر خۆیەتی.

ئینجا لەو کێشە وجودییەدا ڕێژیسیۆر دەبێ خودی خۆی هەر لە سەرەتاوە لە تێکستدا بدۆزێتەوە.

مەرجی یەکەم ئەوەیە تێکستەکە وەکو گوتمان دەبێ داهێنان بێ و بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری بێت. تاکو بتوانێ ببێتە بنەمای کەشفی ماناو هێمای قووڵ و گوزارشت کردن لە جەوهەری بوون و ژیان. ئەمە مەرجی یەکەمە، بەڵام ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەس نییە.

ئەوەتا ڕۆژانە دەبینین چەندین شاکاری شەکسپیر و لۆرکا و ڕاسین و چیخۆڤ بەدەستی ڕێژیسیۆرانی ناشی و بێ تواناوە سەقەت دەکرێن. واتە مەرجی دووەم ئەوەیە کە ڕێژیسیۆر خوێندنەوەی خۆی بۆ دەق هەبێ.

ئەمە ئەرکی یەکەمی ڕێژیسیۆرە، چاکتر وایە بڵێم قوتابی ڕێژیسیۆرە- چونکە من باوەڕم وایە نەوەکانی سەردەمی خۆم بەم جۆرە فێرنەکران، یان هەر فێرنەکران، بۆیە ڕێژیسیۆری باشیان لێ هەڵنەکەوت- ئەویش ئەوەیە کە ڕێژیسیۆر دەبێ فێر بکرێ چۆن دەق بخوێنێتەوە.

گوتمان دەقی شانۆ واتە دراما، دراماش جگە لە ستروکتووی فەرمان و ڕووداو لە جەوهەردا شیعرو هێمایە، هەر ئەم دوو ڕەگەزەشە کە دراما لە ڕۆمان و چیرۆک و تا ڕادەیەکیش لە فیلم دوور دەخاتەوە، بۆیە ڕێژیسیۆری قوتابی دەبێ هەر لە سەرەتاوە لە خوێندنەوەی دەقدا، فێر ببێ کە خوێندنەوەی دەقی شانۆ پێویستە لەسەر بناخەی دراما بڕوا، نەک لەسەر بناخەی خوێندنەوەیەکی چیرۆک ئاسا یان ڕۆمان ئاسا بێ، دەنا ڕێژیسیۆر هەرگیز ناگاتە مەبەست.

## جیهانی واقیع.. جیهانی مەجاز

ڕێژیسیۆرانی کەم ئەزموون گەلێ جار گلەییان لەدەقە، ڕەفزی دەق، باڵادەستی دەق، دەسەڵاتی دەق، هەموو ئەم جۆرە گوزارشتە بەکاردەهێنن و وەکو مۆدە بەکاری دێنن، بەڵام ئەگەر دوور لە بەڵگە و هەڵوێستی پۆست مۆدێرنیستەکان، کە بەچاوێکی جودا و ڕەتکەرەوانە تەماشای دەق دەکەن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کێشەی سەرەکی ڕێژیسیۆر لە خوێندنەوەی بە هەڵەی دەقدایە، کە من پێم وایە دەبێ خوێندنەوەی دەق لەسەر دەستوورێکی مەجازییانە (شیعریانە)ی سیومبۆلیستانە بڕوا.

کە دەڵێم مەجازییانە، چونکە جیهانی سەر شانۆ، واقیعی سەر شانۆ بە بەراورد لەگەڵ ژیان بەگشتی و واقیع خۆیدا، بریتییە لە مەجاز و هێما و نیشانەگەلێکی خەست و کورتکراو چ وەکو زەمان و چ وەکو شوێن و چ وەکو جەوهەر، بۆیە هەموو خوێندنەوەیەکی دەقی شانۆیی بەدوور لەم ئەرکە ئاکامەکەی هەڵەی گەورەی لێ دەکەوێتەوە خوێندنەوەیەکە دوور لە سروشت و زمانی هونەری شانۆ.

لە وانەکانی سەرەتای ئاشنابوون بە جیهانی شانۆ، قوتابی شانۆ بەگشتی و ڕێژیسیۆری قوتابی بەتایبەت دەبێ فێری خوێندنەوەی مەجازییانەی سیومبۆلیستانەی دەق بکرێ، بێ خوێندنەوەی مەجازیانە و سیمبۆلیستانەی دەق جیهانی سەر شانۆ دەبێت بە جیهانێکی دوور لە سروشت و جەوهەری هونەری شانۆ، دەقی شانۆییش ئەرک و پێکهاتی خۆی لە دەست دەدات.

بەشێوەیەکی گشتی بێ توانایی ڕێژسیۆر لە تێگەیشتنی هێزی شاعیرانە و ڕەمزی ناو دەق، جۆش و وزەی سیمۆلۆژیانەی ناو شانۆنامە، وا لە دەق دەکا تەنیا وەکو جەستەیەکی مردوو خۆی بنوێنێ. ڕێژیسیۆر لە ئاکامی ئەم خراپ تێگەیشتنە گەلێ جار بەدەست دەقەوە دەناڵێنێ، لە ئاکامدا لێی لا دەبات، کورتی دەکاتەوە، سەقەتی دەکات و بەدەستی خۆی گەلێ لایەن و سیمای جوان و داهێنەرانەی دەشێوێنێ.

## شێوازی تەقلیدی

زاراوەی شێوازی تەقلیدی لە دەرهێناندا زاراوەیەکی گەلێ باوو بڵاوە و بەگشتی وەکو سیفەتێکی نێگەتیڤ بەکار دەهێنرێ. شێوازی تەقلیدی لە دەرهێناندا واتە ڕێژیسیۆر دوای نووسەر دەکەوێ و تێبینێ و فەرمایشتەکانی دقاودەق جێبەجێ دەکا، واتە ڕێژیسیۆر هەوڵ دەدا تا بۆی بکرێ جیهانی نووسەر و بۆچوونەکانی و تێبینییەکانی هەمووی دەقاودەق بەرجەستە بکا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی مەدرەسییە، یان ئەکادیمییە و ئاسان نییە. بە واتایەکی دیکە، دەتوانی ڕەفزی شێوازی تەقلیدی بکەی، چونکە نوێکاری و داهێنانی تێدا نییە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە کارێکی تەقلیدی ئاسانە و بە هەموو کەسێک ئەنجام دەدرێ، هەروەها مانای ئەوە نییە کە جەمهووری خۆی نییە و داواکار و بازاڕی کز بێت، ئەمە هەر نەبێ لە ئەورووپادا وایە.

برووک بەم شانۆیە و چەند جۆرێکی دیکەی شانۆ

تەقلیدی دەڵێ شانۆی مردوو یان شانۆی کوشندەو بە ملیۆنان بینەری هەیە و ئەوانەیشی کە کاری تێدا دەکەن لە ئاستێکی بەرزی وەستایەتی و حیرەفییەتدان.

شێوازی تەقلیدی واتە شێوازی مەدرەسی، شێوازی ئەکادیمی، واتە سەنعەت و کارامەی. ئەگەرچی تووشی ڕاچەنین و سەرسوڕمانمان ناکات، بەڵام لە ڕووی پێکهاتی نمایش و تەکنیکی دەرهێنان و دارشتەی هونەرییەوە کارێکی ئاسان نییە و ڕەنگە سەرەڕای تەقلیدیەتەکەی بە سەنعەت و تەکنیکەکەی سەرسام بین. لە کارامەییدا گەلێ لەو ڕێژیسێرە بێ ئەزموون یان کەم ئەزموونانەی کە دەم لە ئەزموونگەریتی دەدەن پێی نەویرن.

جێگای داخە زۆرینەی ئەوانەی دەم لە ئەزموونگەریتی دەدەن، ئەوانەن کە خۆیان بێ ئەزموونن، بۆ نموونە ڕێژیسێرێکی بێ ئەزموون کە کتێبێکی لەسەر ئەزموونگەریتی نووسیبوو، لە واقیع و کاری پراکتیکدا چوار مانگی ڕەبەق بەدەست شانۆنامەیەکی یەک پەردەیی نیو سەعاتی گیری خواردبوو و چەندی دەکرد نەیدەتوانی بیخاتە سەر شانۆ، تاکو هاوەڵەکانی بەکاری هەرەوەزی بۆیان تەواو کرد. پاش ئەوەی شانۆنامەکە بە سەقەتی پێشکەش کرا، ئنجا بە ئەزموونگەری لەقەڵەم درا.

داخوازیمان لەڕێژیسێر ئەوەیە بەر لە هەموو شتێک دەبێ خاوەنی دیدێکی فەلسەفی و ئینسانی بێ، ئەم دیدەش دەبێ بەشێوازی وەستایانەو بەسەنعەتکاریی بەرجەستە بکرێ. داهێنانی ڕێژیسێر دەبێ ئەم دوو لایەنەی تێدا بێ.

تەماشاکردنی بەرهەمی ڕێژیسۆرێکی ئەکادیمی خاوەن سەنعەتی بێ داهێنان چەند ناخۆشە، ئەوەندەش تاماشاکردنی بەرهەمی ڕێژیسۆرێکی کەم ئەزموون و بێ سەنعەت ئەستەمە. من بەوە تێر نابم بۆ نموونە ڕێژیسۆر باس سیموتیک و دال و مەدلوول بکا بەڵام کەرەستەی جێبەجێکردنی ئەم تێرمانەی نەبێ، یان لە زمانی میزانسین نەزانێ، نەزانێ چۆن لەسەر شانۆ کۆمپوزیسیون دروست بکات، بەکوردی سەری لە تەکنیکی شانۆ دەرنەچێ و نەتوانێ مۆسیقا یان ڕووناکی و دەنگ لە جێگای پێویستدا بەکاربهێنێ و وەکو پێویست بەکاریان نەهێنێ، کە ئەمانە خۆیان لە خۆیاندا لە ڕووی پراکتیکەوە جەوهەری پیشەی ڕێژیسۆرن.

من بەش بەحاڵی خۆم بەرهەمی ئەم جۆرە ڕێژیسۆرانەم بەلاوە خراپترە لەو ڕێژیسۆرانەی کە بە شێوەی تەقلیدی کار دەکەن، بەڵام بەرهەمەکانیان وەستایانە دارێژراوە، بگرە هەندێ جار زیاتر چێژ لە دەرهێنانێکی تەقلیدی- کە وەستایەک ئەنجامی دابێت- وەردەگرم.

ئەم تەرزە ڕێژیسێرانە لە شانۆ ڕەسمییەکانی ئەورووپادا زۆرینەن، چونکە بەگشتی ڕێژیسێر ئەگەر وەستا نەبێ لەو شانۆیانەدا کاری پێ ناسپێردرێ- بەلامەوە لە بەرهەمی ئەزموونگەرێکی ئارەزوومەند چاکترە.

ئەکادیمیاو کۆلیژەکانی دراما، ڕێژیسۆری قوتابی سەرەتا بەشێوازی تەقلیدی هونەری دەرهێنان ڕادەهێنن و فێری یاسا بنچینەییەکانی کاری ڕێژیسێری دەکەن. دەشبێ هەر وابێ، چونکە ڕێژیسێر دەبێ ئاشنای یاسا بنەڕەتییەکانی دەرهێنان بکرێ و چاک فێر بکرێ کەرەستەکانی دەرهێنان بەکاربێنی و دەست ڕەنگینی و کارامەیی و وەستایەتی تێدا بەدەست بهێنێ، قوتابی ڕێژیسێر پاشان خۆی لەوانەیە بە ئاستی نوێخوازی، ئەزموونگەریتی، پێشڕەوایەتی و پۆست مۆدێرنیزم بگات.

ڕەنگە بەم ئاستەش نەگات، تازەکردنەوە لە داهێناندا و ئیزافەکردن و دەنگی تایبەت لە هونەردا بەشی هەموو هونەرمەندێک نییە. ئەمەش یاسای سروشتە، بۆیە هەموو هونەرمەندێک دەکرێ داهێنەر بێ بە دوور لەوەی کە نۆیخواز و ئەزموونگەرە یان نا، بەڵام ڕێژیسێر هەرچۆنێ بێت، دەبێ بەقۆناغی قوتابییەتیدا تێپەڕێت.

وا بزانم پیکاسۆ و بەرهەمەکانی باشترین بەڵگەن.

## ئەزموونگەریتی و گای تەکعیبی

پیکاسۆ چەند جار وێنەی ئاسایی گایەکی کێشاوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا وێنەی گایەکی تەکعیبی بکێشێ، سەرەتا گایەکی ئاسایی و بەشێوەیەکی تەقلیدی کێشاوە، ئنجا زنجیرە وێنەیەکی گا، تاکو لە کۆتاییدا گەیشتە گایەکی تەکعیبی.

کێشەی ئەزموونکارانی بێ ئەزموون لەوەدایە کە هێشتا فێری ئەوە نەبوون وێنەیەکی تەقلیدی گا بکێشن، دەیانەوێ وێنەیەکی تەکعیبی گا بکێشن. بێگومان وێنەیەکی ناقۆڵاو نابووت ئەنجام دەدەن، لە کۆتاییشدا نەفێری وەستایەتیە تەقلیدییەکە دەبن و نە ئەزموونێکی نوێش بە دەست دێنن. وەکو ئەو شانۆکارەی لێدێ کە هەر باسی نوێخوازی و ئەزموونگەریتیمان بۆ دەکا و کتێب دوای کتێبیان لەسەر دەنووسێ، کەچی شانۆنامەیەکی نیو

سەعاتی پێ دەرناهێنرێت.

### دیسانەوە پیکاسۆ

لە دنیـای وێنەکێـشـان و نەقـاشـیـدا، هونەرمـەند لە مەیدانی هونەری کلاسیکدا بەهرەی خۆی جۆش دەدا. لە قـۆناغـی فـێـربوون و ڕاهێناندا دەبێ کـار لەسـەر هونەری کـلاسـیک بکا، ئنجـا باز بۆ هونەری نوێ و نوێخـوازی بدا، بەڵگەشـمـان پیکاسـۆیە، کـە تەمـەنێکی دوور و درێژی بە ڕەسـمی کـلاسـیکی بردە سـەر و تێـیـدا وەسـتـایەتی و کـارامـەیی خـۆی وەدەست هێنا، ئنجـا داهێـنـان و بەهـرەی خـــۆی لـە بـواری نـوێخــوازی و پێشەنگایەتی و ڕەسمی مۆدێرندا سەلماند.

سـەرنج بدە، بۆچی زۆربنەی قـوتابی و شـاگـردەکـانی سـتـانیـسلاڤسکی بوون بە کەڵە ڕیژیسـێـۆر، مـیـیـرهۆڵد، ڤاختانگوف، سورلجینسکی.... بە قۆناغی مەدرەسی و تەقلیـدییـەتدا ڕەت بـوون، واتە بە قـۆناغـی ڕاهێنان و فـێـربوونی بنەمـا سـەرەکـیـیـەکـانی ڕیژیسـێـۆری، هەر هەمووشیـان ڕێچکەی تایبەتی خۆیان دۆزییەوە، چونکە بناغـەی کـارەکـەیان لە ڕووی سـەنعـەتکاری و زاڵ بوون بەسەر پیشەی ڕیژیسێۆردا پتەو بوو.

### دوو دیدو دوو جیهانبینی

ئەگـەر باش دیقـەت بدەین، تێـدەگـەین کـە جیـاوازی نێـوان مـیـتـۆدی سـتـانیـسلاڤسکی و مـیـیـرهۆڵد تەنیـا جیـاوازی نێـوان دوو تەکنیک یان دوو شـێـواز یان دوو میتۆدی ڕاهێنانی ئەکتەر نییە، بەقەد ئەوەی یان بەر لە هەموو شتێک جیاوازی دوو دیدە، دوو بۆچوونە بۆ هونەر و بۆ ژیان، یەکـەمـیـان پشت بە واقـعـیـیـەت و دەروونی مـرۆڤەوە دەبەسـتـێت، دووەمـیش پشت بە گـرۆتێـسک و مـەجاز و سـیـمـبـۆلیـزم و فـۆرمەوە دەبەسـتـێت. گـەر لەم جیـاوازییـەی دید و جـیـهـانبـیـنی هەردوو ڕیژیسـێـۆر تێبگەین، ئیـدی تێگەیشـتـنمـان لە تەکنیـک و شێـوازی هەردووکیان ئاسانە.

جیـاوازی نێـوان شـانۆی سـتـانیـسـلاڤسـکی و شـانۆ برێخت بەر لەوەی جـیـاوازی نێـوان دوو تەکنیـک بێ، جیـاوازی نێـوان دوو جیـهـانبـیـنیـیـە. بە هەمـان شـێـوە جیـاوازی نێـوان ئارتۆ و بۆ نموونە برێخت، یان جیـاوازی نێوان برێخت و گرۆتۆڤسکی. لە ڕاستیدا سەنعەتکاری وتەکنیکی تایبـەت بەخـۆت دوای جیـهـانبینی تـایبـەت بەخۆت گەڵاڵە دەکات.

### دەرهێنان و دژەوەستان

گـرنگـتـرین ئەرکی ڕیژیسـێـۆر دۆزینەوەی دژاودژییـە... ئەگـەر خــۆت بە فــۆرم و چارەســەری حــازربەدەست نەبەستیتەوە، تەنیا دوای پرۆسەی داهێنان بکەوی و پەنا بەریتــە بەر ئیلهــامی خــەیاڵ و فــەنتــازیای خــۆت و مەرجەکـانی داهێنان و خودی خۆت ئێسـتـا و لە ئێرەدا، دەشێ بگەیتــە تۆنە ڕەنگاوڕەنگەکـانی درامـا. دەبینی ئەوتۆنانە لە کـوێدا خـێـران، لە کـوێدا خـاون، لە کـوێدا ڕوونن و لە کوێدا تاریکن.

هەوڵ بدە هەمـوو ئەم تۆنە جیـاوازانە بپارێزی، با هیچ یەکێ لەمـانە ئەوی دیکە نەسڕێتەوە. یەک ڕەهەندی هەڵ مـەبژێرە، یەک ڕیتـمی... یەک ڕەنگی دوژمنی شـانۆیە، چونکە ژیانی تێدا نییە، واتە درامای تێیدا نییە. هەوڵ بدە حـاڵەتە ئینسـانیـیـەکـانیش یەک تۆن نەبن. با یەک شێواز وەرنەگرن.

با ڕووناکی دوای تاریکی بێ، با خـاوی دوای گـرژی و تیــژی بێ، با ئازایەتی دوای ترسنۆکی بێ، یان هەمــوو ئەمانە بە پێچەوانەوە بن. ئینجا نەک هەر ئەوەندە با ئەم حاڵەتانە بە تەنیـشت یەکـەوە بن. بەمـە گـرۆتێـسک یان تەغـریـب یان ئەبسـێـۆرد/ لا مـەعـقــول یان سـرووت، دروست دەبێ.

پارادۆکس و مـاکی دژاودژی یاسایەکی بنەڕەتی ژیانە، دراماش وەک جەوهەر ژیان لەسەر بەردەوامی و گـەشـەی دژاودژی وەسـتــاوە. ڕیژیسـێـۆر دەبێ زۆر زیرەکـانە و بە وردی مـامـەڵە لەگـەڵ ئەم مـەسـەلەیە بکات و بزانێ چۆن دەیاندۆزێتەوە. بۆ بەدیهـێنانی ئەم مەبەستەش پێـویستی بەوەیە باش لە تێـکست تێــبگا... بۆ خــوێندنەوەی تێکست پێـویستی بە میـتـۆد هەیە.. چەند بە قـووڵی لە تێکست بگەی ئەوەندە چاکـتـر دژاودژییـەکـانی ناوی دەدۆزییەوە.

دۆزینەوەی دژاودژی ناو شـانۆنامـەکـەت وەکـو گـرتنی نەبزی گـیـانلەبەر وایە. ئەگـەر دەمـاری ڕاسـتـەقـینەی دراماکە نەگری، نەبزی نادۆزیتەوە. نەبز و ڕیتم و ڕەنگ و دەنگی ناو دراماکـەت، با ببینرێن، با ببـیـسـترێن، با هەست پێبکرێن.

# گۆرانی و مۆسیقای نوێ، یـان هونەری لاسایی کردنەوە

مستەفا غەفوور

من لەو ڕوانگەوە دەدوێم کە ئاواز وەک کلێشە، یان پەرێزی مۆسیقا، دەنگ وەک مۆسیقای ژێی زیندوو، پێکەوە دەبنە ئاوێتە خۆراک بۆ گیانی ئادەمیزاد .ئەگەر تەنیا یەکێکیان لەو ئاستەدا نەبێت ، یان ڕێژەی تێکەڵ کردنیان نەگونجاو بێت، کە ئەو ڕێژەیە بە پێی ئاکاری دەنگ مەزندە دەکرێت، ئەوە لاسەنگی بەرجەستە دەبێت، ئەوسا نەک هەر هیچ تامۆچێژێک بەدەستەوە نادات، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبنە فاکتەرێکی نێگەتیڤ لەسەر هەستی ئادەمیزاد، کە ئەمەش خۆی پێوەری لە مەحەکدانی هەرگۆرانییەکە.

ئاواز و گۆرانی هەر گەلێک لەگەڵ ئەوی تر جوێیە، هەریەکەیان ڕیشەیەکی قووڵ و مێژوویەکی درێژی هەیە، بەدرێژایی سەدان ساڵ لەگەڵ گەشەکردنی ئەو گەلە گەشەی کردووە. هەندێک نەتەوە هەن گەلێک خەسڵەتی نەتەوایەتییان کاڵ بۆتەوە، بەو واتایە لەو کاتەوە کەوتۆتە ژێر پاڵەپەستۆ گەشەی نەکردووە، یان لەبەر هێندێک هۆکاری تر لاواز بووە، کەچی کولتووری گۆرانی و فۆلکلۆریان هێشتا هەر زیندووە، لەوانە پەشتووی ئەفغانستان، سلافییەکان، باسکەکانی ئیسپانیا... هەتا کوردەکانی تورکیا و لوڕەکانی کوردستانی ئێرانیش. لەگەڵ ئەو پاڵەپەستۆ هەمەلایەنەی شۆڤێنیستەکانی تورک و فارس دەیخەنە سەریان، کەچی هونەری گۆرانییان نەک هەر مۆرکی کوردەواری پێوەیە، بەڵکو ڕوویەکی پرشنگداری ناسنامەی نەتەوەییانە. ئەگەر نەتەوە درەختێک بێت گۆرانی و فۆلکلۆر ڕەگی هەرە

قوولّیەتی کە بەخاکی مێژووەکەیدا ڕۆچووە .کۆنفۆشیۆس دەڵێ: «ناسینی گەلان لە ڕێگەی گۆرانییەکانیانەوە بایەخی پترە وەک لە ڕێگەی یاساکانیانەوە». کێ هەیە گۆرانی هیندی و ڕووسی و چینی و ئازەری نەناسێ، یان نەتوانێ لە گۆرانی نەتەوەکانی تر جیایان بکاتەوە. کەواتە بۆ ناسینی هەر نەتەوەیەک، پێویستە پێش هەموو شتێک بواری گۆرانی و فۆلکۆرەکەی تاووتو بکرێ.

گەلی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی خاوەنی بوارێکی بەرینی گۆرانی و فۆلکلۆرە، پۆلێن کردنی بەشەکانی ئەم بوارە بەپێی مێژووی لەدایک بوون و سەرهەڵدانیان، باری ژیان و ئاستی کۆمەلایەتییان دیاری دەکات. ڕۆژهەلاتناسان بۆ زانینی خەسڵەتە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، بۆ دیاری کردنی پێوەندی تاکەکان، هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی خاک، بۆ زانینی ئەشق و ئەوین و ئاستی هونەری، تیشکیان خستۆتە سەر فۆلکلۆرو هونەری گۆرانی. کەواتە ئەم هونەرە ڕەنگدانەوەی مێژووی کردەی کۆمەڵە، ڕەنگدانەوەی هەستی دەروون و کێشە کۆمەلایەتییەکانە، بۆیە منیش بەپێویستی دەزانم بەسەرنجەوە چاوێک بەئاستی ئەمڕۆی گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا بخشێنم.

ئەمڕۆ هونەری گۆرانی لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکانیدا لە ئاستێکی بەرزدایە. بێ گومان نوێخوازی لەهەر ڕەهەندێک دابێ لووتی بە لووتی ئەم تەنگژانەوە دەبێ، کە زۆرجار هونەرەکە لەسەر ڕاستای خۆی لادەدەن، یان لە ناخەوە دەیشێوێنن، یان دەیکەنە دیلی کۆمەڵێک پرەنسیپ کە فریان بەسەر ڕەسەنایەتی هونەرەکەوە نییە. ئەمانە وێکڕا ناسنامەی نەتەوەیی لە هونەری گۆرانی دەستێننەوە. وەک توولەنەمامێک دوای هەڵکێشان و بەسەرچوونی وەرزی خۆی لە هیچ زەویەکدا شین نابێتەوە. دوور نییە ئەمە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی بە جیهانی بوون بێ، بەلام ئێستا ئێمە لەکوێ و بە جیهانیبوون لەکوێ، ئێمە هێشتا بەتەواوی سەربەخۆ نەبووین، تا دەرگایەکانمان بخەینە سەرپشت، کورد گوتەنی گوێدرێژمان هێشتا نەکڕیوە تا ئاخوڕی بۆ هەڵبەستین.

مۆسیقاو دەنگ هەردووکیان زادەی ژێن، یەکەمیان زادەی ژێی کانزایی ئەوی تریان زادەی ژێی زیندوو.دەرئەنجامی لەرینەوەی هەردوویان دەنگە، بەلام دەنگیان لێک جیایە. دەکرێ هەزاران ئامێری مۆسیقا دروست بکرێت دەنگی هەموویان لە هەموو ڕوویەکەوە یەکسان بێت، کەچی کەمتر هەڵدەکەوێ دوو دەنگی ئادەمیزاد لێک بچن، وەک چۆن وێکچوونی هەمەلایەنەی دوو ئادەمیزاد مەحاڵە وێکچوونی دەنگی دوو ئادەمیزادیش هەروا، چونکە هەردووکیان دەگەڕێنەوە سەر بنەمای بوونەوەر کە ئەویش زنجیرەی (DNA)یە. دەنگی دەزگای مۆسیقا لە دەروونێکی وشکەوە واتە بێ گیان دێتەدەرێ، وەلێ دەنگی ئادەمیزاد لەدەروونێکی گەرم و پڕ لە ڕەمز و ڕازەوە سەرهەڵدەدا. دەرهێنانی ڕیتمێکی موزیک کات و ساتی بۆ نییە، بەلام دەنگی مرۆڤ گوزارشتی دەروونە، لەگەڵی هاوئاهەنگە، کات و ساتی دەبێ فەراهەم بێ.

فاکتەرگەلێکی ناوەکی هەن کار دەکەنە سەر کردەی ئەو دوو ژێیە. فاکتەرەکانی دەزگای مۆسیقا تێکڕا فیزیکین، لەژێر کۆنترۆڵ دان، چۆن بخوازین ئاوا دەرەخسێن، وەلێ فاکتەرگەلی ژێی زیندوو فیزیکی نین ، دەکرێ بڵێین ڕەنگدانەوەی فاکتەرەکانی دەرەوەو ناوەوەی مرۆڤن. دەنگی دەزگا مۆسیقیەکان بۆ هەر ئیقاع و توێ دەنگێک ساز و کۆک دەکرێن ، بەلام دەنگی گۆرانیبێژان کۆک ناکرێ و توێ دەنگی هەریەکەیان جیایە، لەبەر ئەوە هیچ گۆرانیبێژێک ناتوانێ لەسەر هەموو ئاستێک کار بکات، بۆ هەموو ئاوازێک گۆرانی بڵێت، یان بەسەر هەر بەستەو مەقامێکدا زاڵ بێت. سەرکەوتن بەسەر زۆربەی بەشەکانی ئاواز و گۆرانیدا بەهرەمەندی هونەرمەندەکە دەگەیەنێ و نیشانەی دەنگ خۆشییەتی، چونکە گونجاندنی دەنگ بۆ هەر ئیقاع و ڕیتمێک مانای بالابوونی (ئیلاستیستی) تاڵەکانی دەنگە. لێرەدا مەبەست دەزگا وەتەرییەکانە بەتایبەتی کەمان، چونکە بە بنیادی هونەری مۆسیقا دادەنرێ.

حەسەن زیرەک یەکێکە لەو گۆرانیبێژە بێ هاوتایانەی توانیویەتی بەپێی توێ دەنگی خۆی لە زۆربەی بوارەکاندا گۆرانی بڵێ و بەسەر گۆرانییەکەشدا زاڵ بێ، بێ زۆر لە خۆ کردن وەک لای هەندێ گۆرانیبێژ بەدی دەکرێ. لە هەر ئاستێکدا گۆرانی گوتبی سەرکەوتوو بووە. بەپێی پێوەری فیزیکی دەنگی حەسەن زیرەک پانتاییەکی بەرفراوان دەگرێتە خۆ، بەلام دیسانیش بۆ گوتنەوەی گۆرانییەکانی خاڵقی، یان تاهیر تۆفیق، یان عەلی مەردان دەست نادا. دیارە هەموو گۆرانیبێژێک ناتوانێ وەک حەسەن زیرەک

بەسەر ئاواز و گۆرانیدا زاڵ بێ، کەچی بەداخەوە زۆر لە هونەرمەندان بێ لەبەر چاو گرتنی ئەم خاڵە لاسایی دەکەنەوە، بۆیە نەک هەر سەرکەوتوو نین، بەڵکو ئاوازو گۆرانییەکانیان تێکداوە.

هەر گۆرانیبێژێک توێ دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە، لەو ئاستە بەرەو ژوور، یان بەرە ژێر گۆرانی بڵێ، دەنگەکەی ئەو تامەی خۆی لە دەست دەدات.

ئەگەر گوێ لە گۆرانییەکانی مامۆستا خاڵقی دا بگرین، دەبینین زۆر وەستایانە بە لەبەر چاوگرتنی توێ دەنگی خۆی و ئەو بوارەی گۆرانی تێدا دەڵێت، لەگەڵ هەڵبژاردنی جۆری مۆسیقاو ئاوازەکەی، بەکەڵک وەرگرتن لە کوردییەکی پەتی تایبەت بەو ناوچەیەی ئەوجۆرە ئاوازە دەیگرێتەوە، هەر جارە شاکارێکی گۆرانی خولقاندووە، جگە لەبەهرەی دەنگیشی، شارەزایانە مامەڵەی لەگەڵ هونەرەکەی کردووە، دەزانێ دەنگی لەگەڵ چ ئاوازێک و بۆ چ ریتمێک دەلوێ، لەچ ئاستێک بێژێ و لە چ ئاستێک خۆی ببوێرێ. نە لاسایی کەس دەکاتەوە نەدەشتوانن لاسایی بکەنەوە. مەبەست لە نەتوانین: نەخولقاندنی هەمان تاموچێژ، یان باشتر. کەواتە خۆی هەڵناخەڵەتێنی و گاڵتەش بە هونەری گۆرانی ناکات.

زۆربەی هونەرمەندانی ئەمڕۆ بە تایبەتی ئەوانەی لە هەندەران سەریان هەڵداوە بێ ئەوەی هونەری گۆرانی کوردی دەرک بکەن، دەستیان داوەتە هونەری بێگانە، ئەم قۆناخەیان فەرامۆش کردووە کە گەلەکەمان پێیدا تێدەپەڕێ. هیچ کام لەوانە لە سوورانەوە لە خولگەی بزاوتی سێکسی بەولاوە (کە لام وایە بەشێکی بەرچاوی گۆرانییە تازەکانی ئەمڕۆ لەو خولگەیە دان) بەرهەمێکی ئەوتۆیان نییە گوزارشت لە واقیعی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، هەتا خۆشەویستی ئەمڕۆی کوردەواری بکات. ڕابردوو هیچ، لە ئێستاشدا ناژین، ئەوانە لە ئایندەی ئێستاماندا دەژین کە ئەورووپای ئەمڕۆیە، بەڵام لەسەر چ بنەمایەک؟ تەنیا پەتای خۆرئاوایان بەدیاری هێناوەتەوە .دڵنیام سەرکەوتن بەبێ بڕینی پلە بەپلەی ئەم بوارە هەڵنگوتنی تێدایە، ئەوەی جێگای داخە نەک تەنیا خۆیان، بەڵکو کۆمەڵگاش دەگرێتەوە.

گۆرانی لەئەنجامی هەستێکی دەروونی و کارلێکی دەرەکی لەگەڵ هاوئاهەنگی توێ دەنگی خودی گۆرانیبێژەکە دەخولقێ. کات، بۆنە و شوێنیش یارمەتی دەرن. گوتن، یان گوتنەوەی گۆرانییەکە بە نەبوونی یەکێک لەم هۆکارانە، سەقەت دەبێ. ناتەبایی لەگەڵ فۆڕمۆڵی گۆرانی (دەنگ، ئاواز، مۆسیقا، هۆنراوە، یان بەیت) گۆرانیبێژ ناچار دەکات، یان وشەکان بجوێت، یان دەنگی لەژێر پەردەی مۆسیقاکەدا بشارێتەوە، کە بیسەر نە لێی تێدەگات و نەچێژی لێوەردەگرێت. لێرەدا جگە لە تەبایی نێوان پێکهاتەکانی گۆرانی کوردی، ڕەسەنایەتی هەر یەکێک لەوانەش گرینگە، چ ئاواز چ مۆسیقا چ هۆنراوە، بەبێ هەریەک لەوانەش واتە دەنگی ڕووت دەبێ دڵنشین بێت .دەنگی ڕەسەنی گۆرانیبێژ بەتەنیاش گوێگر حەزدەکا گوێی بۆ ڕادێرێ وەک: دەنگی حەسەن زیرەک، ماملێ، خاڵقی، دیلان، تاهیر تۆفیق، شاهرۆخ، عادل هەورامی (کە لەسەر گۆرانی هەورامی ڕەسەن کار دەکات)، دیاری قەرەداخی، ئەژدەر وەهبی و گەلێکی تریش.

لێرەدا دەمەوێ ئەوە بخەمە بەرچاو، گەلێک گۆرانیبێژ تەنیا بەپشتیوانی تەکنیکی مۆسیقای ئەمڕۆ توانیویانە ببنە گۆرانیبێژ، کە زۆر جار دەنگ لە لێشاوی دەنگی مۆسیقا و ئامێرەکانی دیکەدا دەخنکێت و گوێگر ناتوانێ دەنگی گۆرانیبێژەکە مەزندە بکات .خۆ ئەگەر دەنگەکە لە گۆرانییەکە دابڕین کەس هەستی پێناکا، چونکە دەنگەکە پاشکۆی مۆسیقاکەیە لە کاتێکدا لە گۆرانی ڕەسەندا مۆسیقا و تێکڕای سیستمی گۆرانییەکە پاشکۆی دەنگن.

لە گۆشەنیگایەکی ترەوە، پێویستە گۆرانی گوزارشت لە بابەتێک، لە ڕووداوێک لە شتێک، یان لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی بکات، تا ئەو بابەتە گشتگیر تر بێت ئەو گۆرانییە سەرکەوتووترە. دەگمەنی و سەرنج ڕاکێشی بابەتەکەش گرینگە. جۆرەکانی خۆشەویستی زۆرن، ژیان هەمووی لەسەر خۆشەویستی دامەزراوە، تا پارەو سەرمایە جێگای خۆشەویستییان نەگرتبۆوە، خۆشەویستی فاکتەرێکی سەرەکی گۆڕانکارییەکان بوو، شۆڕش هەڵایسێن، ئاور کوژێنەوە، حەماسەت خوڵقێن بوو.

گۆرانی ڕەسەنی پێشوو گوزارشتی لەهەموو بوارەکان دەکرد، لە بواری کۆمەڵایەتی، چینایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری و بواری ئایینی.. وەلێ ئێستا هونەری گۆرانی تەنیا گوزارشت لە خۆشەویستی مویتەزەل و توێژێکی

تایبەت لەو گەنجانە دەکات کە تووشی پەتای خۆرئاوا بوون، بەرەو خۆرئاوابوون و پشتگوێ خستنی کەلەپوور ئاراستە دەکرێن. لەوەش بگوزەرێین، زۆربەی کلیپەکان نە لە کوردستانن نە کەرەستەکانیان کوردستانییە، چەند ئافرەتێکی بیانی، لە ئاستێکی نیمچە سێکسیدا، لەچەند شوێنی جیاجیای ئەورووپا، لەگەڵ تیپی موزیکی بیانی، لەوانە تورکی، بۆ گوزارشت کردن لە ئەوینێکی بیانی ئاسا، شتێک دەخولقێنن کە لە فریودانی گەنجەکان، خۆرانان بەولاوە، خزمەت کردن بەهونەری گۆرانیی تێدا شک نابەم. ئەمە کوێی فڕی بەسەر گۆرانی کوردییەوەیە؟ تا چ ڕادەیەک گوزارشت لە حاڵی نەتەوەکەمان دەکات؟ تا کوێ فاکتەری هاندەرن بۆ بەرەو پێشوەچوونی هونەری گۆرانی کوردی، یان پاراستنی کولتووری نەتەوایەتی؟

من ناتوانم نکۆڵی لەوە بکەم کە گۆرانی و مۆسیقای کوردی گەشەی سەندووە، یان ئەو پێشکەوتنە ڕەت بکەمەوە کە بەخۆیەوە بینیوە، بەڵکو دەمەوێ ئەو کەموکورتیانە بەرجەستە بکەم کە تازە لە دایک بوون، لەوانە ناگشتگیری و نامۆ بوون بۆ ئەو نەوەیە پێ دەنێتە کامڵ بوون کە هێشتا وزەو توانای ئەوتۆی پێیە بتوانێ بەشداری گۆڕانکارییەکان بکات، هەروەها لادان لەسەر بنەمای گۆرانی کوردی کە هێندێک دیاردەی خولقاندووە لە واقیعی کوردستان جوێیە .

ئەگەر بێینە سەر لایەنی گشتگیری، جگە لە گۆرانیبێژە کۆنەکان، کەس ئاوڕی لە بەیت و لاوک و حەیران نەداوەتەوە، کە هەنووکە واقیعی خولقانیان لە کوردستان لە ئارادایە. بەندەن و لێرەوار ماون، شوان و شوانکارە هەن، هەرەوەزو سەرخەرمان، ڕەزو دێبەر، باغ و بێستان، بێری و ڕانەمەڕ، کوێستان و ڕاوەکەو، هۆبەو هەوار، هەموویان هەوێنی ژینی لادێی ئەمڕۆن. کام گۆرانیبێژ، کام حەیرانبێژ، کام لاوکبێژ، گوزارشتی لەم بوارانە کردووە. ئەنفال کۆستی میللەتێکە، هەزاران داستانی تراژیدی نەتەوەکەمانی لەخۆ گرتووە، هەزاران دۆستی بێ دەزگیران کرد، کۆستی هەزاران بنەماڵەی خست، هەزاران دڵی پڕ لە ئاوات و سوێی خستە ژێر گڵ. کوا ڕەنگدانەوەی ئەم کارەساتانە لە هونەری گۆرانی و مۆسیقای ئەمڕۆدا؟ ئەوانەی لەم بوارەشدا بەتوانابوون لاڕێ بوونە، (تەنیا عارەب) لەجیاتی پەرە بە حەیرانبێژی خۆی بدا، لاسایی لاساکەرەوەکان دەکاتەوە، زاهیر جەلال لە زنجیرە درامای (بووکی ژێر دەواری ڕەش)دا شیوەنێک دەگێڕێ هێمن وتەنی نەی نەیکردووە، کەچی خەریکە شوێن پێی گۆرانیبێژە تازەکان هەڵدەگرێت، کە خەریکن هونەر دەخەنە سەر هێڵی بازرگانی، کە ئەمەش پەنسیپی خۆی هەیە و ئەمان بەسەقەتی لێی حاڵیبوون.

ئەو کۆمەڵە شایەرەش کە لە بواری زەماوەندو گۆرانی هەڵپەڕکێ سەریان هەڵداوە، هۆیەکەی پتر لایەنی مادییە دەنا شایەریش، یان گۆرانیبێژی شایی و هەڵپەڕکێش شوێنەواریان کوێر دەبۆوە، هەرچۆنێک بێت ئەو هونەرمەندانە ئەو بوارەیان زیندوو ڕاگرتووە، من بەش بەحاڵی خۆم دەسخۆشییان لێدەکەم.

بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان دیموکراسی، فیدراڵییە، کە سەرەتای قۆناخێکی نوێیە بۆ گەشەسەندنی گەلەکەمان، سەرەتای ئازادی و تەقینەوەی تواناکانە، سەرەتای بنیادنانەوەو سەرلەنوێ دەسپێکردنەوەی هەندێک لە بوارەکانە، خۆجێکردنەوەیە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، سەرەتای پتەوکردنی پێگەی گەلەکەمانە بۆ سەربەخۆیی، کەچی سروودی نەتەوایەتی هیچ لایەکی لێنەکراوەتەوە، ئەگەر بشبووبێ، یان لە سروود ناچێت، یان مەرجەکانی سروودیان تەواو نییە، یان شایەرێک بۆ خۆشکردنی گەڕی شایی دەیبێژێ .لە کاتێکدا ئاوازی سروود و ئەو دەنگەی بۆ سروود دەلوێ، ئەو ئامێرانەی بۆ سروود بەکاردێن لەگەڵ هی گۆرانی جیاوازن. هەندێ دەنگ تەنیا بۆ سروود دەشێن، یان بەواتایەکی دی لە بواری سرووبێژیدا سەرکەوتوون. شەجەریانی فارس تەنیا لەو بوارەدا پسپۆڕە، کۆنسێرتەکانیشی هەر بەو ئاراستەیەن .ئاهەنگەران بوارێکی تری سروودی دینی و حەماسی پەرە پێداوە. لە جەنگی ئێران و عیراق ڕۆڵێکی باڵای هەبوو، ڕووی لەهەر بەرەیەکی جەنگ بکردایە ئەو بەرەیەی دەهەژاند. ئێمە سروودبێژی وەک نەجمەدینی غولامی، ڕەزازی، زاهیر جەلال و....مان هەیە کە دەنگیان پتر بۆ سروود دەست دەدا، کەچی لەسەر هێڵی گۆرانی نوێ کاردەکەن کە لە زۆربەی بەرهەمەکانیاندا سەرکەوتوو نین، کە چاو بە واقیعی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا دەخشێنی، وا هەست دەکەی گەلەکەمان هیچ کێشەو گرفتێکی نییە وەک گەلانی ئەورووپا هەموو قۆناغەکانیان بڕیوە و لەبەر دەرگای عەولەمەن!

لایەنێکی تری فەرامۆشکراو، گۆرانی و مۆسیقای منداڵانە کە بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە تا لەو قەتیسمانە ڕزگاری بێت، هێشتا بەپێی قۆناخی منداڵی توێژینەوەی لەسەر نییە تا بەرهەمەکانی پێ لە مەحەک بدرێ، کە دەبێ وەک منداڵ هەست ناسک بێ، نەکەوێتە سەر ئاراستەی هونەری سینەمای ئەمڕۆ کە هەمووی کوشتوبڕە. سوکرات دەڵێ: «پەروەردە کردنی ڕۆح بە هۆی هۆنراوەو مۆسیقا بنەمای سەرەکی پەروەردەکردنە» کەواتە گۆرانی و مۆسیقا تەواوکەری پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵە.

بەتاووتو کردنی ئەم بوارە جۆر و چۆنیەتی گۆرانی و ئاوازو مۆسیقای منداڵ دەردەکەوێ، واتە دەبێ دوور بێ لە زەبرو زەنگ و خەم و تراژیدیای ژیان، دوور بێ لە هەژاندنی غەریزەی سێکس و دنیای پڕ لە کارەساتی گەورەکان، دەبێ گوزارشت لە هەستی خاوێن، کاڵوکرچی بیرو بۆچوون، گەمە، سروشت و ژینگەی منداڵ بکات، کەبەداخەوە هێشتا شتێکی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێ.

هەم خودی ئەدەبی منداڵان لە ئاستی پێویستدا نییە و هەم ئەم بوارەش بۆ هونەرمەندانی گۆرانیبێژ سوودبەخش نییە، ئەم دوو فاکتەرەش بواری گۆرانی و مۆسیقای منداڵانیان بە لاوازی هێشتۆتەوە .جگە لەوە سترانبێژ لە ناو توێژی منداڵاندا کەمە.

فارس لە بواری فێرکردندا شێوازێکی تازەیان گرتۆتەبەر، ئەویش بەکارهێنانی ئاواز و مۆسیقایە وەک فاکتەرێکی تێگەیاندن. بە پێی پرەنسیپی نوێ لەسەر ڕیتمی مۆسیقا ئەلف و بێی زمانەکەیان فێری قوتابیانی سەرەتایی دەکەن.

لە دوای هۆنراوەکانی شاعیری بەتوانا مامۆستا (ع. ع. شەونم) و هۆنراوەکەی کاک شەریف و کردنە گۆرانی لەلایەن هونەرمەند نەجمەدینی غولامی چیترمان بەر گوێ نەکەوت، لەگەڵ لەدایکبوونیان فاتیحایان خوێندرا، خۆ ئەگەر پەرەی پێبدرایە، ئەوە ئەمڕۆ فاکتەرێکی کاریگەر دەبوو لە بواری فێرکردندا.

لایەنێکی تری ئەم بوارە گوتنەوەی گۆرانییەکانە، یان بەواتایەکی تر لاسایی کردنەوەیە. وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد گوتنەوەی گۆرانی گۆرانیبێژانی ڕەسەن کارێکی ئەستەمە، چونکە ئەگەر کتومت وەک خۆی بێ و گۆڕانی پۆزێتیڤی تێدا نەکرێت (وەک دەنگێکی خۆشتر، تەکنیکی مۆسیقایەکی باشتر، دابەشکاری، هەماهەنگ کردنی دەنگ و مۆسیقا...)، ئەوە نەگوتنەوەی باشترە لەوەی گۆرانییەکە بشێوێنی کە ئەمەش ستەمێکە دەرهەق بە گۆرانیبێژی پێشوو خیانەتیشە بە گۆرانی کوردی. ڕاستە لاسایی کردنەوە لە لایەک سەرکەوتوویی ئەو گۆرانییە، یان خاوەنی ئەو گۆرانییە دەگەیەنێ، بەڵام لەلایەکی ترەوە بێ توانایی گۆرانیبێژی لاسایی کەرەوە دەردەخا، چونکە گۆرانیبێژ نەک پێویستە خاوەنی بەهرەی دەنگ بێ، بەڵکو دەبێ داهێنانیشی هەبێ، بەپێی توێ دەنگی خۆی ئاواز بخوڵقێنی، شارەزایی پەیدا بکا ،مەشق و پراوەی هەبێت، هەوڵ بدا شێوازێکی خۆی هەبێ، یان پەرە بەو شێواز و قوتابخانانە بدات کە لە ئارادان. تا بۆی بکرێ لاسایی نەکاتەوە، ئەگەر لاسایی کردەوە گۆڕانکاری پۆزەتیڤ بەسەر گۆرانییەکەدا بێنێ، کەموکورییەکانی دەسنیشان و بنەبڕ بکا لەسەر تەکنیکی تازە و ئەدایەکی نوێ، وەک هەندێک لەو گۆرانیانەی زەکەریا هونەرمەندانە نوێی کردوونەوە.

هێندێک شانازی بەوە دەکەن کە دەنگیان لە دەنگی فلان گۆرانیبێژ دەچێت، ئێمەش خۆشحاڵین دەنگی هونەرمەندە بەرزەکانمان هەر زیندوو و شوێنەواریان هەر ئاوەدان بێ، بەڵام بۆ دەبێ گوتنەوەی گۆرانییەکانیان و تەنانەت لاسایی کردنەوەی ڕەفتارەکانیشیان بێت لەکاتی گۆرانییەکەدا .دەبا لەسەر هەمان ڕەوش بەئاوازێکی نوێ هۆنراوەیەکی جوێ، لە بوارێکی دیکەدا سترانان بێژن. ئەگەر هیچیشیان لە باردا نییە با هیچ نەڵێن، یان پەنا بۆ لایەنێکی تری ئەو هونەرە بەرن. من لاسایی کردنەوە بە پێی دیسپلین بۆ خوڵقاندنی بەرهەمێکی باشتر نەک هەر ڕەتناکەمەوە، بەڵکو بە کارێکی باش و پێویستی دەزانم. بۆ نموونە مامۆستاو هونەرمەند عەزیزی شاهرۆخ، کەمتر لاسایی دەکاتەوە، یان گۆرانی دەڵێتەوە، وەلێ لە گوتنەوەی گۆرانی مامۆستا باکووری و شیرین بەهارەی مامۆستا تاهیر تۆفیق، گیانێکی تازەی بەبەردا کردوون. هەروەها مامۆستا خالقی گۆرانی (شاخی گوێژەی مامۆستا ڕەشۆڵ)ی بەشێوازێکی ئەوتۆ گوتۆتەوە لام وایە هەرکەس گوێبیستی بووبێ، ناگەڕێتەوە سەر ئەسڵەکەی.

بەکورتی من واهەست دەکەم گۆرانی و مۆسیقای کوردی خەریکن لەسەر هێڵی بازرگانی زۆربەی ئاکارەکانی خۆیان لەدەست دەدەن، ئەمەش پتر پەیوەستە بەکارتێکردنی ڕۆژئاوا و پەنا بردنە بەر شێوازەکانی

تورک و فارس و عەرەب، کە نیشانەی بێ توانایی هونەرمەندانی ئەم بوارەیە. گۆرانی و مۆسیقا خەریکن لە خۆراکی گیانەوە دەبنە ئامرازیک تەنیا بۆ پێوەندی لەگەڵ (جنسی لەتیف) و گوزارشت لە قۆناغی پێشەنگی سێکس دەکەن کە ئەویش تایبەتە بە خەسڵەتی زۆربەی جانەوەران.

* * *

دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ، پەسەند کردن، یان نەکردنی گۆرانییەک، ئاوازێک، یان پارچە مۆسیقایەک لە لایەن هەر کەسێک، یان هەر توێژیکی کۆمەڵایەتی، یان نەوەی نوێ مانای باش و خەراپی ئەو بەرهەمە ناگەیەنێ، یان سەرنەکەوتوویی ئەو هونەرمەندە نییە، چونکە پەسندکردن و چێژ وەرگرتن بۆ گەلێک فاکتەرو هۆی تایبەت دەگەڕێتەوە.

لە بەندەن و لێڕەواران، دەستەی مازووچن و گەڵبڕان، با لاوژە هەڵکاتە بەندێکی حەیرانی، یان لاوکەکی بێژیتن، ئەو دەم تامەوچێژی لاوک و حەیرانی وەدەردەکەوێت، لەسەر خەرمانان با مەشکەی فوودەن و بالۆرەی وەگەڕ بێخن، دەشت و دەری داگریتن، بزانە چۆن سۆزو هەستی هەرزەکاری دەجوولێ و گێرە بەگوڕ دەچەرخێ، بۆ لاوان واقیعی خۆشەویستی و سەرەتای کارو فەرمانە، بۆ کیژان خەونی دایکایەتی و ماڵ پێکەوەنانە، بۆ پیران هێنانەوە یادی بیرەوەرییەکانە.

دوای ڕووخانی مەملەکەتی کوردستان و تێشکانی شۆڕشی شێخی نەمر، حەماسەتی بەردە قارەمان بوو بە سیمبولی کوردایەتی و هەوێنی شۆڕشەکانی دواتر. کاوێس ئاغا بەردە قارەمانی کردە داستان و گیانێکی شۆڕشگێڕی بەبەر لاوکی کوردیدا کرد. کەم کورد هەبووە ئەو کاتە تامی لێنەکردبێت. سروودەکانی شۆڕشی ئەیلوول ئاگری خەبات و بەرخۆدانیان خۆش دەکرد، وێردی سەر زمانی لاوان بوون. دوای پیلانە گڵاوەکەی دوژمنان و نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ و لە سێدارەدانی خوشکە لەیلا، محەمەد جەزا بە لایلایەکەی کوردستانی گریاند، گوزارشتی لەو پەرۆشە کرد کە حەماسەتی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی خولقاندەوە.

سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٩ پێشمەرگەیەکی ئارپیجی لە شان بووم کە لە ئیستگەکانی شۆڕش گوێبیستی سروودی پێشمەرگەی پارتیزان دەبووم لەگەڵ خوێنی لاویەتیم و واقیعی ژیانم تێکەڵ دەبوو حەماسەت دەیگرتم، بەڵام ئێستا نەپێشمەرگەی شاخم و نەپارتیزانی لە ئارا دایە، کەواتە ئەو سروودە جگە لە دەنگ و ئاوازێکی مۆسیقای ڕووت بۆ من تامێکی تری نییە، مەگەر هێنانەوە یادی بیرەوەرییەکانم کە سەرمایەی شانازیمن.

شیرین بەهارەکەی مامۆستا تاهیر تۆفیق لە سەردەمی خۆیدا ئاگری کردەوە، خۆ ئەگەر هەڵبەستی (هەر کوردین و هەر کورد دەبین) ئەوسا بکرایە سروود، بێ گومان کڵپەیەکی تری دەبەخشییە ئاوری ئەو حەماسەتە کە ڕەنگە پتر لە ئێستا تاموچێژ و کاریگەری هەبایە .لێرەدا مەبەستم ئەوەیە پەسەندکردنی هەر ئاوازو سروود و مۆسیقایەک پێوەندی بە واقیعی ژیانی (تاک و کۆمەڵەوە هەیە)، ئەگەر پتر ورد بینەوە، هەر هونەرێک گوزارشت لە حاڵ و دەروونی هەر تاکێک بکات، بەناخیدا دەچێتە خوارێ و هۆگری دەبێت، بۆیە گۆرانییەکانی ئەوین و خۆشەویستی ئافرەت جێگای پەسندی لاوەکانن بەتایبەت هەرزەکاران، لێرەشدا لاوانی لادێ پتر تام لەو گۆرانیانە دەکەن کە لەگەڵ واقیعی ژیان و خۆشەویستی ئەواندا دێتەوە ، نەک گۆرانییە مۆدێرنەکانی ئەمڕۆ.

گوتنی لاوک و حەیران لە پارک و باخچە گشتییەکان ئەو تامەی بناری چیاو بەندەنان نادات، سروودی نەورۆزی حەسەن زیرەک هەرگیز وەک ڕۆژانی نەورۆز و سەری ساڵی تازە تامی نییە کە لەگەڵ گوڵ و گوڵجاڕ و بەهاری سەر سەوز دەبنە خۆراکی گیانی هەر کوردێک. کەواتە بۆ پەسەند کردنی هەر ئاواز، گۆرانی، یان مۆسیقایەک، جگە لە واقیعی ژیان، کات و بۆنە و شوێنیش نەک هەر گرنگن، بەڵکو فاکتەری سەرەکین، نەبوونی هەر یەکێکیان کارێکی نێگەتیڤ دەکاتە سەر بەرهەمەکە.

ئاواز و گۆرانییەکی خەماوی هەرچەندە بەهێزو سەرکەوتوو بێ و باشترین سترانبێژ چڕیبێتی لە بۆنەیەکی شادیدا قێزەونە. بەپێچەوانەوە گۆرانییەکی شادی سەرکەوتوو بۆ بۆنەیەکی خەماوی نابێت، وەک ئەوە وایە قورئان بە گۆرانییەوە بگوترێتەوە کەئێستا شیعەکانی ئێران دەستیان داوەتێ، دوور نییە شیعە کاربەدەستەکانی عیراقیش بۆمان بکەنە دیاری سەر تەلەفزیۆن و میدیاکان، وەک دیارییەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو. بە بۆچوونی من گۆرانی و مۆسیقا کارلێکی

پاراسـایکۆلۆژیان هەیە، دوای هاوئاهەنگیـان لەگـەڵ ڕیتمی ژیانی هەر مرۆڤ، یان گیـانلەبەرێک، دەیخەنە ژێر کـۆنتـرۆڵی خـۆیانەوە، وەک خـەواندنە لە پرۆسـەی هیپنۆتیـزمـدا. مـۆڵکردنی مـێگەلی شـوانان بە ئاوازی بلوێری شـوان بەرەبەرە مـێگەلەکـە کـۆدەکـاتەوە، دەیانخەوێنێ و ئارامییەکی ڕۆحیان پێدەبەخشێ، لەکاتی خـەوتندا ئیـقـاعـێکی نەرم و لەسـەرەخـۆی گـۆرانی و مۆسیقا، وەنەوزی پێش خەوتنی گوێگر قووڵ و لێدانی دڵی هێـور دەکـاتەوە .جووڵانیش هەر لەسەر ئەو ڕیتـمە پرۆسەی خەوتن خێراتر دەکات، هەر بۆیە دیلانێ لەسەر خەوتنی گەورەو بچووک کاریگەرە، زانایان مۆسیقایەکی ئارام دەکەنە ئامۆژگاری بۆ خەواندنی هەر منداڵێک .بـە پێچەوانەوە ڕیتمی توندوتیژی گۆرانی و مۆسیقا لەگەڵ شوێنی مەترسیـدار دڵەخورپە وەدیدێنن، تەنانەت ئەگەر لەسـەر شـاشـەی تەلەفـزیۆن و ڕادیۆش بێت، لەئەنجـامـدا هۆکـارێکی نێگەتیڤ لەسـەر دەروونی منداڵ دروست دەکەن.

خـوو دەرئەنجـامی مـیکانیـزمـێکە لە سیـسـتـمی دەمارەکیدا، بە بەردەوام بوون لەسەر کارێک دەخەملێ. هۆرەی جافی ئاوازێکی کاریگەر و بەتامە لای خەڵکانی دەڤەری هەورامـان ، گـۆرانییـەکـانی مـحەمـەد عـارفی جزیری و عیسا بەرواری شاکاری ئاوازو گۆرانین لە لای کوردەکانی کرمانجی ژووروو، کەچی بۆ ئێـمەی سۆرانی ئەو تامـوچێـژەی نیـیـە، چونکە بەردەوام نەبوون لە گوێگرتنیان و تێکەڵ نەبوون لەگەڵ واقیعی ژیانیان ئەو میکانزمە دروست نەبووە تا ئێمە بتوانین تامی لێبکەین. هەر لەبەر ئەو هۆیە: قـاوە تاڵە کەچی هێندێک تام لەو تاڵاوەی قاوە دەکەن.

ڕیتمی هەر دەنگێک لە میکانیزمەکانی گیانی مرۆڤ بەدەر بوو کـارلێکی نێگەتیـڤی دەبێت، ڕێژەی ئەو کـارتێکردنەش بەندە بە ڕێژەی توندوتیژی ئەو دەنگەوە، ڕەنگە سەرەتا هەستی پێ نەکرێت، بەڵام لەگەڵ بەردەوام بوونی وردە وردە شوێنەواری دەردەکـەوێ، کـە هێندێک جـار خـوو پێـوەگـرتن و ڕاهاتنە، هێندێک جـار قـێـز لێبوونەوە و تووڕە بوونە وەک فـیتـووەکـەی ڕەسواغـا*. لادێییـەکانی ئێمە بۆ ئاودانی گۆێدرێژ و هێندێک ئاژەڵ فـیتـوویەکی تایبەت بەکـار دێنن، کـە زۆر جـار لە ئاوازە بیانییەکاندا گوێبیستی ئەو فیتووە بوومە، خۆ ئەگەر بۆ شوانێک لێبدرێ دەیکاتە فەرتەنە.

هێندێک دەنگی دیکە هەن قـێـزەونن، بەگـشـتی سـروشـتی ئادەمـیـزاد تێک دەدەن، ئەگـەر درێژە بکێشن تووشی حاڵەتێکی تایبەتی دەکەن. وەک سیرەی ئاسن و شووشە، ئاسن و چیمەنتۆ. کەواتە ئەو دەنگانە لە ڕیتمی ئادەمیـزاد بەدوورن، بە واتایەکی تر ناکـەونە بازنەی ئەو دەنگانەی ئادەمیزاد لەسەریان ڕاهاتووە.

بەم پێیە گۆرانی و ئاوازی کوردی ڕەسەن لە گۆرانی و ئاوازی بیـانی جیـادەکرێتەوە، لە خۆتەوە هەست دەکـەی لەو بازنەیەدا نین کـە تۆ لەسـەریان ڕاهاتووی، مـەرجیش نییە ناخۆش بن. بۆ نموونە: سەکسیفۆن، ترۆمبێت، ڕەبابە و سـێتـاری هیندی.. دەنگی گـۆرانی ڕووسی و دەنـگی تیژی گۆرانی چینی، لەو دەنگانەن کە زەحمەتە ئێـمە وا بە ئاسانی خوویان پێوە بگرین و تامیان لێ بکەین.
کـەواتە پاراسـتنی ڕەسـەنایەتی گۆرانی و ئاوازی کـوردی پێـشـمـەرجی بنیـاتنانەوەی ئەو بوارەیە، لەسـەر ڕێبـازی پێـشـوو، بە تەکنیک و ئەدەبی نوێی گـۆرانی و چڕین لە هەمـوو بوارەکـاندا، نەک برەودان بە یەکـێکیـان و هەڵبـواردنی ئەوانی تر. لەبەر چاو گـرتنی کـات و بۆنە و شوێنیش پێویستن، دەتوانین بڵێین: بڵاوکردنەوەشیان لە کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، پێویستە کاتیان چ وەک شەو و ڕۆژ چ وەک سەردەم لەبەرچاو بگیرێ.

لە کـۆتاییـدا، خـۆ ئەگـەر لەسـەر ئاسـتـێکی بەرز ئەنجوومەنێکی هەڵسەنگاندنی هونەری گۆرانی و ئاوازو مۆسیقا لە گۆرانیبێژانی بە ئەزموون و پسپۆڕانی ئەو بوارە دابمەزرێ، هەم بۆ هاندانی سترانبێژانی بە زیپک و هونەرمـەندانی هەڵکەوتووی ئاواز و مـۆسیـقا بەسـوودە، هەم ئەم قـۆناغـە تازەیەی ئەمرۆمـان بەهرەدارتر دەبێت و پتر گەشە دەکات.

*** ڕەسواغا پیاوێکی شێت بوو لە دەڤەری پشدەر، هێندێک جار کـە فـیـتـوویان بۆ لێـدەدا، تووڕە دەبوو، هێندێک جـاریش گـوێی نەدەدایە، لێیـان دەپرسی بۆ؟ لە وەڵامـدا دەیگوت فـیـتـووەکـەی من باریک و درێژە!**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە


## (کەریمی حەمە مەلا - ١٩٠٦- ١٩٨٥)

وریا ئەحمەد

لێم پرسی: ئەو گۆرانیبێژ و مەقامبێژانەی لە کۆیە ناودار و هاوتەمەنت بوون، کێ بوون؟

گوتی: عەبەی چایچی، لە کۆیە چایخانەیەکی (برنجی ـ پلە یەک)ی هەبوو، لەگەڵ (مەلا ئەسعەد) شەوان دادەنیشتن غەزەلیان دەخوێندەوە، دەنگی لە مەلا ئەسعەد خۆشتر بوو، هاوتەمەنی ئەویش بوو، بەڵام نەشئەت ئاغا (کوڕەزای ئەمین ئاغای ئەختەر)ە دەنگی لە هەردووکیان خۆشتربوو! دیسان هەر لە کۆیە، مەلا ئەسعەد و سێوە و دیسان مامۆستای سێوە لە کۆیە ناوی(حەنیلەخڕە) بوو، من دیومە کاری (مووڕێس) بوو، دواجار وای لێهات لەبەر ئیختیاری دەنگی نووسا! قادرئاغا هەبوو لە کۆیەماڵی لە گەڕەکی (هەواوان) بوو دەنگی خۆش بوو، کاتێک لە عەسکەری گەڕایەوە، ئامێرێکی (قانوون)ی لەگەڵ خۆی هێنابوو، ئەو وەختە لە کۆیە جارێ کەس ئامێری قانوونی هەر نەشدیتبوو! بیرمە بەو قانوونەی مەقامی چاکی دەژەند، لە عەسکەری فێری ببوو! ئەندامی موزیکی (جوقی) عەسکەری بوو! (عەبدولئەحەد جەردیس) لەگەڵ (سەید سەلمان، سەید ئەمین، سەید ئەحمەد) پێنج شەش موزیکژەن بوون، دەهاتنە کۆیە (حەکیمی چایچی) بە پارە لەگەڵیان ڕێک دەکەوت، خەڵکی کۆیەش بە پارە دەچوون بۆ چایخانە بۆ دیتنیان وەک ئاهەنگی ئەمڕۆ لە هۆڵەکان دەکرێت، ئەو وەختە ئەو کارە لە چایخانەدا سازدەکرا! ئەحەی ناسر کە خەڵکی سلێمانی بوو، وەکو خۆی کەم بوو، هەندێ جار دەهاتە کۆیە، هاوتەمەنی مەلا ئەسعەد بوو، گوتم: ئەدی بۆ نموونە: (حەمەدەمینە گۆجە، یان قالە کەچەڵ) ؟

گوتی: قادر و ئەوانی دی شاگرد بوون شتێکی ئەوتۆ نەبوون! گوتم: باشە ئەمڕۆ لە کۆیە کێ بە جێگری سێوە و مەلا ئەسعەد دادەنێیت؟ گوتی: هیچ کەسێک بە جێگری ئەوان نازانم! بەڵام دوای ئەوەی من زۆرم لێکرد، گوتی: کەمێک تایەر تۆفیق! گوتم: لە نەوەی پێش ئێوە بەو پێیەی خاوەنی گوێچکەیەکی باشی موزیکی، مەبەستم سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریت، کێ بوون ئەوانەی لەو بوارەدا دەستیان هەبوو؟ (لێرانەدا دایکم هاتە قسە)، بۆیە دایکم گوتی: (حەمەدەمینی عەلەی، ڕەزاقی خاڵە سمایلی، خاڵی سەمەدی حاجی تەهای بوو، لە ماڵی ئەمین ئاغای ئەختەر



**کەریمی حەمە مەلا**

گەورە ببوو، بەستەی زۆری دەزانی، دواتر گوتی: هەرچەندە من ئەمین ئاغام نەدیتووە!) گوتم: مامە کەریم ئەی لە گوندەکانی چواردەوری کۆیە، دەنگخۆش هەبوون؟ گوتی: لە گوندی خزمەکانی خۆمان (کانی وەتمان) پیاوێک بە ناوی (حاجی حوسێن چاوشین) هەبوو، بەیتی (ناسرو مارمار)ی دەگوت، دەنگیشی لە ڕادەبەدەر خۆشبوو! گوتم دایکم ناوی حەمەدەمینی عەلەی هێنا، دەزانی کێیە؟ گوتی: (مەلا قادر) کوڕیەتی و کاکەمین و سوورەش کوڕی ئەو مەلا قادرەن و نەوەی حەمەدەمینن، گوتم کاک کەریم دەبێ شتێکم بۆ بلێیت، گوتی دەنگم نەماوە (شایانی باسە، ئەو ڕۆژەی ئەم چاوپێکەوتنەم لەگەڵ مامم، کەریمی حەمە مەلا ئەنجام دا، تەمەنی لە دەوری هەشتا ساڵیدا بوو) شتێکی بۆ گوتم لەسەر ئەم هۆنراوەی حاجی قادری کۆیی نەمر:

**لەسەر شەو ڕۆژی داناوە**
**مەڵێن فێسی لەسەر ناوە**

لێرەدا مامم شتێکی وەبیر هاتەوە و گوتی: لە سابڵاخێ، کاتێک (عەجەم) شەڕی لەگەڵ (سمکۆ)ی کرد و تاڵانی کردن و (شکاک) هەڵاتن، هاتنە ئێرە، دوو گەنجیان تێدابوو (سەعیدەکۆر و شێخ محەمەد)ی برای مەقام گوتن و

گۆیندەیی پاش خۆیان حەرام بوو! دواتر گوتی (شیرین شبیری*) پێیان نەدەگەیی! گوتم: یەکێک لەو گۆرانییانەت بیر نەماوە، ئەوانەی ئەو وەختە ئەوان دەیان گوت؟

**موتریبی خۆش نەوا بگۆ**
**تازە بە تازە نەو بەنۆ**
**بادەیێ دڵ گوشا بجۆ**
**تازە بە تازە نەو بەنۆ**

نموونە(١)

ئاوازی ئەو گۆرانییەی سەرەوە، ڕێک لەسەر ئاوازی گۆرانی (توخوا شوانان) بوو! مامم گوتی: ئاوازی ئەو گۆرانییە ئەو دوو برایە هێنایان بۆ کۆیە! دیسان ئاوازی گۆرانی (وەرگەڕێ ئاوێزانت بم) هەر ئەوان هێناویانە! مامم دیسان گوتی: ئێوارەیەکیان لە (ئوتێل ڕەشید لە کەرکووک) تووشیان هاتم، گوتیان: میرزا کەریم یاخوا بەخێر بێیت، چاومان ڕوون بووەوە وەرە با بچینە سەربان (سەربانی ئوتێل) هەندێ غەزەلت بۆ بخوێنینەوە! چونکە دەیانزانی زۆرم حەز لێیە! بۆ دەنگیان شێت ببووم.

کاتێکیش دەستیان بە گوتن کرد، خوا شایەدە ترسی ئەوەم لێنیشت، ئوتێلەکە بڕووخێت بەهۆی ئەو هەموو عالەمەی بۆ گوێگرتن لە دەنگیان، لەو سەربانە کۆبوونەوە؟ داوایان لێکردن بچن بۆ (چایچانە) گۆرانی بلێین، (شایانی باسە ئەو کاتە وا باو بوو، لە جیاتی هۆڵی ئەمڕۆ لە چایخانە گۆرانی دەگوترا، بە مەبەستی خەڵک ڕاکێشان بۆ چایخانەکان واتە بۆ بازاڕ گەرم کردنی خاوەن چایخانەکان بووە!) خەڵکی دی پێیان گوت: دەتانبەین بۆ بەغدا تا لەسەر (قەوان) گۆرانی تۆمارکەن! کەچی وەڵامیان دانەوە و گوتیان: دەچینەوە بۆ سابڵاخێ! هەر ئەو ماوەیە کەسێکی دی هەبوو بەناوی (غەفوور ئاغا) لە ماڵی ئێمە بوو، شاگردی بابم بوو، ئەویش هەر کوردی ئەودیو بوو لێی قەومابوو، بە ناچاری بۆ کۆیە هاتبوو، شەوی یەکەم هاتن گوتیان: ئێمە میوان و ئێوەش خانەخوێ! بابم گوتی: یاخوا بەخێربێن و سەرچاومان هاتن، باوکم لێی پرسی چ کارێک دەزانی، گوتی تەنیا لێف دوورین! باوکیشم دوکانێکی بۆ گرت و غەفوور ئاغا، دەستی بەکارکرد، چەند ڕۆژێک لە




**نموونە (١)**

مالّی ئێمە بە میوانی مانەوە، دواتر باوکم خانووی بۆ گرتن، پاشان ماوەی سالّێک لەو کارەدا بەردەوام بوو لە کۆیە وەک چاکترین لێفدروو دەنگی دایەوە! دواتر دیتمان دەنگی لە ڕادەبەدەر خۆشە، ئەو کاتانەی ئیشی دەکرد لەبەرخۆیەوە دەیگوت! باوکم پێی گوت: وەرە لەگەڵ خۆمدا دەتبەم بۆ بەغدا و لەوێ چەند قەوانێک بخوێنە، گوتی: وەستا پارەم دەدەنێ؟ باوکم گوتی: ئەرێ وەڵلاّ، ئیدی لەگەڵ باوکمدا بۆ بەغدا چوو، کە هاتەوە گوتمان چی بوو غەفوور ئاغا؟ گوتی: (سەفحەیەک ـ قەوانێک)م خوێند، گرامەفۆنێک و قەوانێک و چل ڕوپیەشیان دابووێ!

گۆرانییەکەش ئەمە بوو:

**به کووچەدا بێم وەی وەی**
**یا بێمە مالّت دەی**
**بگرم سەرکولّمەت وەی وەی**
**تەڕ ناکەم خالّت دەی**
**کیژێ مەڕۆجوانی**
**سێوی سەرلکانی**
**چەن لەبەر دلاّنی**

نموونە(٢)

دواتر گرامەفۆنەکەشمان بە چل ڕوپیە بۆ فرۆشت و ئیتر هەستا گەڕایەوە بۆ سابلاّخێ.

مامم دواتر گۆرانییەکی دیکەی بۆ گوتم بە ناوی:

**موژدە لە بولبول داهی**
**فەسلّی گولاّن ئامادە**
**گولّ بە هەمی ڕەنگ و ڕوو**

**دیدەنی خەرامادە**

گوتم ئەم گۆرانی (لەبەر نازی چاوبازان)ی وەفایی، یەکەم جار لە چ کەسێکەوە بیستووتە؟ گوتی: (ئەحەی ناسر) بە دەنگە خۆشەکەی منی کوشتبوو؟ دەهاتە مالّی (فەرەج ئەفەندی) بۆ کۆیە، ئەو کاتە من سێزدە سالاّن بووم، ئەو لە تەمەنی دەوری چل سالّیدا بوو، کەسێکی دی هەبوو (برایم خان)ی ناو بوو، هەر کوردی ئەودیو بوو، ئەو دەنگخۆشانەی (شکاک) گۆرانی زۆریان لەگەڵ خۆیاندا بۆ کۆیە هێنا!

**تێبینی:**

مامم بە گەنجی دەنگێکی زۆر خۆشی هەبووە و کاتێکیش من تازە پێم دەنایە ئەم دنیای هونەرەوە، ئەو پیر ببوو، بەلاّم کاتێ شتێکی بۆ دەگوتم (ئەویش پاش تکا و ڕجایەکی زۆر) وەستایی بەو گوتنانەیەوە دیاربوو، مەقامناس بوو، دەیزانی دەنگ شیرین کێیە! مامم ڕۆژی هەشت، یان نۆی ئاداری سالّی (١٩٨٤) کۆچی دوایی کرد.

* (شیرین شبیری) ژنە گۆرانیبێژێکی نازداری فارس بوو لە حەفتاکاندا، هاتە بەغداو لە تەلەفزیۆندا چەندین گۆرانی و مەقامی تۆمار کرد، بەلاّم هەم دەنگی لە ڕادەبەدەر شیرین و هەم لە جوانیشدا، وێنەی کەم بوو، مامم مریدی ببوو، هەرچەند جار بهاتایە بۆ مالّمان، داوای گوێگرتنی ئەو گۆرانییەی لێدەکردم و منیش دلّیم نەدەشکاند و شریتەکەم بۆ دەخستە سەر و پێم دەگوت مامە: تۆ شێتی جوانییەکەی بوویی نەک دەنگەکەی! بەم قسەیەم زەردەخەنەیەکی دەکرد..

ئەم چاوپێکەوتنە لە مالّی خۆمان، ڕۆژی (١٩٧٩/١٠/٦) لە کۆیە لەگەڵ مامی خۆم ئەنجامم داوەو بەشێکیشی لە مالّی مامە کەریم خۆیان ئەنجام دراوە.



# مێژووی کارل زایس




له ساڵی ١٨٨٨ز کارل زایس کۆچی دوایی کرد. پیشەساززانێکی ئەڵمانی بوو لە شاری بینا کە کارگەکەی خۆی لەوێ دامەزراندبوو کە تەنیا پسپۆری لە بوار دروست کردنی هاوێنەدا هەبوو لەگەڵ ئەو ئامێرانەی کە پێوەندیان بە هاوێنەوە هەبوو، پاشان لەسەر ئاستی جیهانیدا ناوی دەرکرد.

کارل زایس لە شاری فایمر ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٨١٦ز لە دایک بووە، پێنجەمین کوڕە لەنێو ١٢ ئەندامی خێزانەکەیان لەوکاتەی نیوەیان مردن، شەشیان لە ژیان بەردەوام بوون.

کارل هێندە پەرۆشی خوێندن نەبوو بە قەدەر ئەوەی حەزەی لە ئامێرەکانی پیشەسازی بوو، لەبەر ئەوە باوکی لە خوێندن عەفووی کردو لە قوتابخانەی فلیمار دەری هێنا لە قۆناغی دواناوەندی، لەساڵی ١٨٣٤ز وازی لەقوتابخانەکەی هێنا چووە شاری بینا، لەوێ لەسەر دەستی باشترین مامۆستای میکانیکی دەرسی خوێند، لە دوای ساڵی داهاتوودا ڕێگایان پێدا محازەراتەکانی بیرکاری و زانستی سروشتی لە زانکۆ بخوێنێ.

ساڵی ١٨٣٨ز خوێندنی تەواوکرد، بەڵام ئەوکات لە توانایدا نەبوو وەرشەیەکی ئیش کردنی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێ، چونکە یاسای ئەوکات سەپاندبووی کە هەر کەسێ بیەوێ دەزگایەک دامەزرێنێ، دەبێ ماوەی ٤ ساڵ لە دەرەوەی شار کار بکات، دوای ئەوەیکە مۆڵەت وەردەگرێ دەتوانێ لەشار ئیش بکات و وەک خاوەن پیشەیەک دەزگا دابمەزرێنێ.

ئا بەم جۆرە لە ساڵی (١٨٣٨ تا ١٨٤٥ز)ی بەسەر

**لە عەرەبییەوە: فارس سەعدی**

برد لەنێـوان ئەم شـارانە شـتوت ککارد و دارمـشـتـاد و بەرلین، لە کارگەکانی مەشقی دەکرد، ساڵێکی لەشاری ڤیـەنا بەسەر برد کە بەشارێکی مەڵبەندی پیشـەسازی ئەورووپای ناوەڕاست دەژمـێـردرا، مـەشـقی دەکـردو گوێڕایەڵی مـحـازەراتی کۆلێـژی ئەندازیاری میـکـانیـکی بوو.

کـارل بڕیاری دا کـەوا کـارگـەیەک لەشـاری فلێـمـر بکاتەوە، بەڵام مۆڵەتی پێ نەدرا، چونکە لە شارەکە دوو کـارگەی تریش هەبوون، بۆیە بڕیاری دا کـەوا لە (بینا) کـار بکات، بەڵام ڕۆتینیـاتی ئیـقـامـە وەرگـرتن هێندە ئاسان نەبوو.

تەنیـا بۆ قـوتابیـان نەبێ، بۆیە وەک قـوتابی خـۆی لە کـۆلێـژی زانسـتی ناونووس کـرد. پاشـان داوای مـۆڵەتی کـرد، نەیتـوانی مـۆڵەتەکـە وا بە ئاسانی وەرگـرێ، ڕۆژی ١٧ی نۆڤەمبەری ١٨٤٦ کارگیەکی بچووکی کارل زایس دامــەزراند لە شــاری (بینـا)، ئیش دروست کــردنی هاوێنەی گەورەی تێدەکرا، لەگەڵ بڕینەوە، جامی ئاوێنە بۆ چاککردنەوەی کامێرەکان.

لە پاڵ کـارگەکـە، دووکـانێکی دانا چاویلکەو هاوێنەو ترمۆمەترات و لەو بابەتانەی تێدا دەفرۆشت کە لە دەرەوە دەی هێنان.

زایس حـەزو خـەونەکـانی ئەوە نەبوو وەک بازرگـانێک بێت، بەڵـکو دەیویست ببێـتـە وەسـتـایەکی پیشـەسازی، ئەوە بـوو لەسـاڵـی دواتر مـیـکرۆسکۆبی دروست کـرد. ڕۆژنامەی زانست زۆر بەو پیشەسازییە هەڵدا.

خەڵک و پسپۆڕان ڕوویان تێ کردو لێیان کڕی بەهۆی باشی و کـەمی نرخـەکـەی، بەڵام هێندە دڵخـۆش نـەبوو بەسـەرکـەوتنی دروست کـردنی مـیکرۆسکۆب کـە لە دەسـتکاری خـۆی بوو، تا ئەڵـمـانیـا تووشی گـرانی بوو و لەگـەڵ لاوازی ئابووری. دوای هەڵگـیـرسـانی شـۆڕشی سـاڵی ٨٤٨ زای بەناوبانگ. کـارل زایس تەحـەمـولی ئەوەی نەکرد و چەند میکروسکۆبی نارده دەرەوەی وڵات. پاشان لەگەڵ چاک بوونەوەی بارودۆخەکە باری کارگەش چاک بووە.

کارگەی کارل زایس گەشەی سەند تا وای لێهات بووە بەناوبانگـتـرین کـارگـەی هاوێنەکـان و ئەوشـتـانەی پابەندبوون پێیانەوە.

بەڵام کێبڕکێی ئەورووپا بارگرانییەکی نایەوە، کـارل زایس بڕوای بەوە هێنا کەوا بەشی توێژینەوەو دراسات لە کـارگـەکـەیدا بکاتەوە. تا سـاڵی ١٨٦٦ز گرێبـەسـتێکی لەگـەڵ زانای گـەنج (ئەرنست ئوبـە) ئەنجـام دا کـە



مـامـۆسـتـایەکی زانکۆی (بینا) بوو و لە تەمـەنی ٢٦ ساڵیدا بوو.

کـارل زایس پشـتی بەڕاو بۆچوونەکـانی زانای ناوبراو دەبەست. تا وای لێهات بووە شەریکی لە کارگەکە.

تیـــۆرییـــەکـــانی بەشـــداری لە بەرەو پێش چوونی هاوێنەکـاندا دەکـرد بەتایبـەتی لە هاوێنەی زۆر بەهێـز. ئەمـە وای کـرد کـە کـارگـەکە ناوبانگ دەربکات و پێش بکەوێ.

ساڵی ١٨٨٤ز کارل زایس و ئەرنست هانایان بردە بەر زانای کـیـمـیاوی (ئۆتۆ شوت) کە نزیکەی (١٠٠) جۆر هاوێنەی گەشە پێ دا لەوانە چەندین جامی شووشەی دژە گەرمی.

پاشـان سێ کـارگـەیان دروسـتکرد تایبـەت بوون بە بەرهەم هێنانی شووشەی هاوێنە.

کارل زایس دووجار ژنی هێناوە، ژنی یەکەمی لە ساڵی ١٨٥٠ز بە گــرانەتا کــۆچی دوایی کـــرد. دوای ئەو کـوڕێکیـان بوو، کـوڕەکـە ژیاو نەمرد، بەڵام کـارل زایس لەشـاری (بینا) سـاڵی (١٨٨٨ز) کـۆچی دوایی کـرد، برادەری دڵسـۆزی، ئەرنست مـیـراتەکـەی بۆ مـاوە، کـارگەیەکی دروست کرد بەناوی کارل زایس، بەشەکـەی خـۆی دا بە (مـبـرەت کـارل زایس)، هەروەها (ئۆتۆ شوت)یش بەشی خۆی بە (مبرەت کارل زایس) بەخشی.

**سەرچاوە:**

**مجلة التصویر الضوئي، ٢٠٠٦.**

# دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان

**هاشم سەڕاج**




دەکرێ بگوترێ تۆمارکردنی چرکە جوان و ترسناکەکانی دنیای ئاڵۆزی یادەوەری بەدایساندنی حاڵەت و لە کەشوهەوایەکی فەنتازی و میتۆلۆژیدا دیارترین سیفات و خەسڵەتی ئەم ڕۆمانە بێ، فەنەری یادەوەرییەکان لە ڕێگەی یادگەی نائاگاییەوە هەڵدەکرێ و بەهۆی دەرکەوتنی شتگەل و بوونەوەری جیاجیا کۆمەڵێک ڕووداوی پڕ خۆشی و ناخۆشی و دیمەنگەلێکی سەردەمی منداڵی وەبیردێننەوە، بەم جۆرە کردە نۆستالژییەکان ڕوو لە دارژان دەکەن و هێدی هێدی هێما میتۆلۆژییەکان دێننە ئاخافتن و سرووتگەلێکی ترسناک ترسناکی خورافی دەخرێنە ڕوو، ئەگەر دوورگەی «سین» سەر بە کۆمەڵێک بنەما و پرەنسیپی میتۆلۆژی و یۆتۆپی بێ، هاوکات خەسڵەت وتایبەتمەندی و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خەڵقندەکانی بەشێکی سەرەکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێکدەهێنن، بەتایبەتی کۆشک و تەلاری «کراڵ» و چەوساندنەوەی کۆیلەکان. «بۆ یەکەمجار، تابووتێک فڕێدرایە نێو ئەو تاکە ڕووبارە بێکۆتاییەی کەدوورگەی «سین»ی دەکردە دوو کەرتی یەکسان و هاوتا و هاوشێوە، بەچەشنێک کە لە بەشێکی دوورگەکەدا گەڕابایت، وات دەزانی لە بەشەکەی تردایت.»

ئەی هەردوو کۆشکەکەی «کراڵ» کە دەکەویتە پشت هەردوو پەرستگاکەوە، کۆشکی «کراڵ» لە شانزە منارەی بەرز و هەشت ساختمانی بازنەیی پێکهاتبوو، .. تاد.. لە دەستپێکی ڕۆمانەوە هێماگەلێکی تەوراتی خۆی بە خوێنەر دەناسێنێ، لەوانە هەڵدانی تابووتێک بۆ نێو ڕووبارە بێکۆتاییەکەی دوورگەی «سین». کە ئاماژەیە بۆ تابووتی پیرۆز و نهێنی گەلێک لە ڕێنماییەکانی بونیادنانی هەیکەلی دێرینی تێدا باسکراوە، هەروەها چێکردنی {کەپرەشینە}ی جووەکان لە وەرزی پایزدا تا مرازیان حاسڵ بێ دواجار گۆڕینی ناوی کاراکتەری ڕۆمانەکە لە «دارۆ»وە بۆ «مووسا»یان بە پێچەوانەوە. هەندێ لە هێما تەوراتییەکان بە شێوە و شێوازێکی نوێ مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، بەتایبەتی تابووتی پیرۆز و سەرگوروشتەی «مووسا»ی پەیامبەر، ئیتر تادێ کردەی نووسین بەشێوەیەک هەوڵی فەراهەمکردن و ڕەخساندنی کەشوهەوایەک دەدا تا لە ڕێگەی وەسفکردنی فەزا و بارودۆخی دوورگە خورافییەکانەوە هێزی چرکەساتە نوستالژییەکان لەلای کاراکتەری سەرەکیدا بتەقێنێتەوە، بۆیە هەست دەکەین یادەوەرییەکانی «دارۆ-مووسا» پانتاییەکی بەرفراوان لە جیهانی نۆڤڵێتەکە

داگیردەکەن، بەتایبەتی سەرگوروشتەی باپیری دارۆ و زوڵم وستەمی عوسمانییەکان و نووسینەوەی کتێبە ئەفسانەییەکە لەلایەن باپیرەوە، هەست دەکەین یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی بەلەز دادەڕژێن و کۆمەڵێک حاڵەتی لێوڕێژ لە ئولفەت و بەرائەتئامێز دەخەنە ڕوو {تا لە ڕۆژێکی هاویندا کاتێک لەسەربانە گڵێنەکەی ماڵی باپیرەمدا کۆلارەم هەڵدەدا، داپیرەم لە حەوشەکەوە هاواری لێکردم و گوتی «مووسا» تەپ و هوڕ مەکە، باپیرت لە ژوورەکەدایە».. یان هەڵڕشتنی بیرەوەرییەکانی سەردەمی قوتابخانە و ڕەفتاری هەریەک لە مامۆستایەکان، .. بەڵام کێ ئەو دوورگە ئەفسانەییەی دۆزییەوە، ئەی کێ «کراڵ»ی لەشێوەی دیکتاتۆرێک پێگەیاند تا ئەوە لەدوای ئەوە حوکمڕانی ئەو دوورگە ئەفسانەییە بکا.. ڕاستە -شەهمووز- وەک جەربەزەترین و سەرکەشترین دەریاوانێکی گەڕۆک بەدوای دۆزینەوەی دوورگەیەکی ئاوا ئەفسانەیی شەیدا و عەوداڵە، بەڵام «شەهموز» سەر بە کراڵێکی ترە و پێوبەستە پلانەکانی ئەو جێبەجێ بکا، ئەگەر نا گەڕانەوەی مەحاڵە، واتا شەهموز کە دوورگەکە دەدۆزێتەوە کۆلۆمبسێکی سەربەست و ئازاد نییە، یان ڕێبوارێکی بوێر، بە ڕێکەوت ئەم دوورگەیەی دۆزییێتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە هەمان شێوەی دەسەڵات حوکمڕانی بۆ دوورگەکە دەگوازێتەوە، ڕۆمانی «دیوێکی دیکە حەکایەتە نەنووسراوەکان» کە لە نووسینی «یوسف عیزەدین»ە.. تیایدا کردەی نووسین زۆر بە وردی لە تایبەتمەندیی دوورگەی {سین} دەدوێ و لە ڕێگەی شێوازی واقعیەتی سیحری و میتۆلۆژی گوزارشت لە ڕووداو و شتگەل و بوونەوەرەکان دەکا و هاوکات مۆرکی گێڕانەوە و دەنگی کەسی یەکەم بەردەوامی بە هەناسەی نووسین دەبەخشێ و چەند بەشێ لە دیمەنە ترسناک و ئەفسانەییەکانی تێکستەکە بە کەشوهەوایەکی هێماکاری دەخرێنە ڕوو، بەتایبەتی وەسفی شوێن و فڕندە و پەلەوەرە سەیر و سەمەرەکان کاتێ شکڵ و شێوە و قەبارەیان دەبەزێنێ، یان وەسفی ڕووبارە ئەفسانەییەکان و دوورگە میتۆلۆژییەکەی {سین} چەند مەفتەنگەلێکی سیحر ئامێزی ڕۆمانەکانی «مارکیز»مان دێننەوە یاد، هەروەها درکاندنی سەرگوروشتەی «مووسا»ی خەڵکی شاری «هۆرا» و گەیشتنی بە دارستانەکانی چیای «زاگرۆ» و هەوڵی دەربازکردنی کوێلەکانی دوورگەی «جالۆ» و .. یان ناوهێنانی کۆمەڵێک شوێن و دەڤەری تری وەک وڵاتی «کزر» و پردی «مرۆخ» و شارۆچکەی «هاجوول» ئەمانە چەندین شوێنەواری مێژووین و هەندێکیان لە سیفرەکانی «تەورات»دا ئاماژەیان پێدراوە و لەزەمەنی نووسینی ئەم بەرهەمەشدا بوونەتە بەشێکی شاراوەی شوێنەوارە سەیروسەمەرەکانی دوورگەی «سین»، بەڵام بە نیسبەت زەمەنی تێکست واتە زەمەنی نووسینی ڕۆمانەکە، لە ڕێگەی کەرەستەگەلێکی دێرینی میتۆلۆژی و ڕووداوگەلێکی نۆستالژیدا خۆی دەدۆزێتەوە و هاوکات گێڕەوە بەهۆی زەمەنی گێڕانەوەوە، زەمەنی گوتار پشتگوێ ناخا و گوزارشت لە کێشە و مەرگەساتەکانی ئێستا دەکا، بە تایبەتی ڕەفتارە توندوتیژ و نامرۆڤانەکانی کراڵەکانی سەردەم و لە خشتەبردن و چەوساندنی مرۆڤە سادە و بێتاوانەکان.. ئیتر لەودیو تێکستی حەکایەتە نەنووسراوەکاندا،هالاوی ئاگرێکی بڵێسەدار هەس پەیوەستە بە ساتەوەختەکانی عیشقی «نەوا»وە.. دارۆ بەم شێوەیە وەسفی ڕووخساری -نەوا- دەکا ... لانەوا» ڕەشپێستێکی قژ لوولی چوار شانەی باڵا بەرزی لچ ئەستوور بوو، قامکەکانی گەورە و درێژ و قەوی بوون، چاوەکانی کز و گچکە و پووکاوە بوون، جگە لەوەی تیل بوون، ڕیزێ ددانی بەشی سەرەوەی تاقم وریزەکەی خوارەوەشی چەند ددانێکی لێ دەربچێت، زەرد و کلۆر و ڕەش داگەڕابوون، ئەوتاقانەی لە دایک و باوکێکی هەژار بوو، کە بە بنەچە دەچوونەوە سەر ئەو خێڵەی کە بەناچاری پێش چل، پەنجا ساڵێک لەمەو بەر پاش ئەوەی ماڵ و حاڵییان هەراجکردن، بۆ هەتا هەتایە بەشێکی زۆریان شاریان جێهێشت» نەوا زاری هەڵێنا و گوتی «کە منداڵ بووم، باوکم لە دەستپێکی هەموو پایزێکدا، بە چرپە بانگی دەکردم و دەیگوت: وەرە با پێکەوە کەپرە شینەکە چێ بکەین، بەڵام لای کەس باسی نەکەیت، باشە کچی خۆم»... «پاش بەسەرچوونی ساڵێک لە پەیوەندیمان کە قەول بوو وەک هەموو ڕۆژێک لەکات و شوێنی دیاریکراودا، ئامادە بێت، لەپەنا درەختێکدا چاوەڕێی بووم، کەچی نەهات؟!! پاش ساڵانێکی دوور و درێژ، بە دارتێلی یەکێک لە شەقامە لاچەپەکەکانی شارەوە پۆستەرێکی هەڵواسراوم بینی کە ناو و وێنەی ئەوی پێوە بوو، هێندەی لەسەر

نووسرا بوو «نەوا.. لە ڕۆژی سێشەممەی مانگی گەڵاڕێزانی ساڵی لافاوە گەورەکەدا لە شاری بەغدا لە سێدارە درا».. هەندێ جار یادەوەرییەکان بە دوور و درێژی دەگێڕدرێنەوە و خوێنەر لە فەزا ئەفسانەییەکەی دوورگەی «سین» دادەبڕێ و خەریکە هەژموونی لێشاوی یادەوەرییەکان لە سیحرییەت و گەرموگوڕی دەقەکە کەم دەکەنەوە و مۆرکی واقعیەت بەزەقی دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێ.. دەقی دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان، بە شێوازی واقیعی سیحری مامەڵە لەگەڵ چەندین جۆرە تەیروتواڵ و جڕوجانەوەر و دەعبا و ئاژەڵی کێوی دەکات لەوانە، قومری و کوکوختی و کوندەپەپوو و حەوت ڕەنگیلە و پەپووسلێمانکە و کۆتری حاقۆ... یان ڕەنگی جیاواز جیاوازی شیعری فەنتازی بەهەندێ لە جانەوەرەکان دەبەخشی لەوان ژیشکی سپی و سمۆرەی ڕەش.. بەتایبەتی کاتێ وەسفی ڕاڕەوەکەی پشت ژووری «کڕاڵ» دەکات دیمەنەکە مانەندی تابلۆیەکی تۆقێنەر کەشوهەوای تاقیگەی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بیر دەخاتەوە.. {ڕاڕەوێکی تا بڵێیی دوورودرێژ و پان هەبوو، کە لە زۆر شوێندا حەوزی تایبەت بە ماسی عەجایب و شووشەی سەرداخراوی پڕ لە دووپشک و مار و قرژاڵ و مشکی سپی و ڕۆبیان و کرمی ڕەنگاوڕەنگ و لوولپێچ دانرا بوو، بێجگە لە شووشەیەکی زۆرگەورەی پڕ لە سەرەمێکوتە، کە خرابووە سەر مێزێکی بەرز، .. وێڕای مامەڵەکردنی پرۆسەی نووسین لەگەڵ چەندین چەشنە گوڵ و ڕووەک و گژوگیای دەگمەن و ناوازە کە لە دوورگەی «سین»دا و لە ڕۆخ ڕووبارە سیحراوییەکەدا بەرچاو دەکەون، هەروەها سوود وەرگرتنی تێکست لە دنیای مۆمیا و خەواندنی موگناتیسی و چەندین جۆرە داب و نەریتی ناوچەکانی گەرمیان نەخوازەڵڵا هەندێ لایەنی خەیاڵ و فەنتازیا ئامێزی حەقایەتی گوێ ئاگردان. داپیرەم پێش گێڕانەوەی هەر حەکایەتێک، فەقێیانەکەی توند دەکردەوە و مێخەک بەندەکەی ملی بۆن دەکرد و فێسەکەی سەری ڕاست دەکردەوە، پاشان پریاسکەکەی دەردەهێنا، کە پڕبوو لە مووروی عەجایب و چەندین پارچە زێڕ و زیو و یاقووتێک کە بە درێژایی ساڵانی تەمەنی کۆی کردبوونەوە، دوای ئەوەی کە لەسەر دەستەسڕێکی ئاوریشمی گوڵ گوڵی هەڵیدەڕشتن.... سپییەکان مووروو ڕزق و زەردەکەیان مووروی بەختەوەری و شینەکەیان مووروی چاوەزار و ڕەشەکەیان مووروی عەقڵ و قاوەییەکەشیان مووروی تەمەن درێژی بوو}. ئیتر دیوێکی تری ڕۆمانەکە، یان ئەو دیوی حەکایەتە نەنووسراوەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە جەور و ستەمێک دەدا کە سەرتاسەری ژیانی مرۆڤایەتی داگرتووە و کڕاڵەکانیش کاریگەرترین سەبەبکاری ئەم مەرگەساتەن، ئەوان نەوە دوای نەوە دێن و بەردەوامیی بەم کارەساتە هەمەجۆرانە دەدەن و مرۆڤە سادە و بێگوناهەکانیش هەمیشە و بەردەوام دەبنە سووتو و خۆڵەکەوەی ئامانجە بێهوودەکانی کڕاڵە ستەمکارەکان و تادێ کاراکتەرەکان دووچاری جۆرێک لە نیگەرانی و ڕاڕایی دێن، هەتا کاهینی پەرستگاکانی دوورگەی -سین- لە ناخ و گیانڕا دژی ڕەفتار و هەڵسوکەتی کڕاڵ دەوەستن و ناڕازین لە کردەوە نالەبارەکانی نەخوازەڵڵا لە چەوساندنەوەی کۆیلە و سۆزانییەکان. یان ئەو ئافرەتە شەنگانەی بە زۆرەملێ مومارەسەی سێکسیان دەگەڵ دەکرێت و هەندێ جار هەوڵی خۆ دەربازکردن دەدەن بۆیە کاراکتەری سەرەکی تێکستەکە بەردەوام لەگەڵ چرکە خۆشەکانی یادەوەری دەژی، واتە سەرتاسەری گیانی بۆتە پارچەیەک لە نوستالژیا -بەتایبەتی یادگارییەکانی (نەوا) و ئەوساتەوەختانەی لەگەڵ باوک و باپیرەی لە بازاڕی شاروشارۆچکەکانی ناوچەی گەرمیان دەسووڕانەوە و بازاڕی ئاسنگەر و زەڕەنگەر و وردەواڵە فرۆشەکان... ئەو ئولفەت و هۆگرییە جۆرێک لە ئاسوودەگی پێ دەبەخشی و هەست دەکا.. تادێ ساتە بەختەوەرییەکان لە دەست دەچن ژیانیش دەبێتە دۆزەخێک لە ئاگرەکانی زوڵم و ستەم- کەواتە لەودیو تێکستی حەکایەتە نەنووسراوەکاندا زەمەنێکی ونبوو و لەدەستدار و هەس -کە سەر بە سەردەمی منداڵی «مووسا-دارۆ»یە بەشێکی تەواوی چرکە ساتی خۆشی و ئارامی و دڵنیایی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە...

**ناوی کتێب: دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان**

**بابەت= ڕۆمان**


**نووسینی= یوسف عیزەدین**

**چاپ= چاپخانەی «شڤان»**

**چاپی یەکەم، ٢٠٠٦ سلێمانی.**

# تەیمانە گوڵێیەکانی ژنێکی هەناری

**خالید کاوێس قادر**
**(کەرکووک)**




(چنوور نامیق حەسەن)ی ژنە شاعیر لە کۆشیعری (تەیمانێکم لە گوڵ جێهێشت) لە فەزایەکی پڕ ئاژاوە و جەنجاڵ و ئاشووبەوە، لە فەزایەک کە بۆنی فوارەی گوناهەکانی لێ دێت و وڵاتێک عەشقی نیوە مردووی تێدا نووستووە، ژنێکی هەناری، کە فرمێسکەکانی لە دووری مەعشووقەکەی مێخۆش بوونە و زەمەنێکی لە تاریکایی ڕۆشنکردۆتەوە، وەک فریشتەیەکی لێوانلێو لە عەشق و فیراق، وەک فریشتەیەکی پاڵکەوتووی بەر تریفەی زەمەن، دەگەڕێت و لە جیاتی سێوەکەی ئادەم هەنار دەگرێ.. پێدەکەنێ و شەپۆل دەدا.. شەپۆل دەدا و لە گەڕەکەکانی ئەسحابولکەهفەوە سەر بە کۆشکی پیاوانی بەرزەفڕ دەکات.

(چنوور نامیق) لە جەنگێکی ئەزەلیدایە، جەنگێک کە ڕێگا نادات دەنکە پرشوبڵاوەکانی سەر ڕێگاکان کۆ بکاتەوە، جەنگێک کە بۆ لەمپەر لەبەردەم ئەژماردنی ئەو کۆڵانانەی کە ڕۆژانە لەناویدا وەفای دەگەڵ مەعشووقەکەی دەگۆڕییەوە و لە وڵاتێکی بێ ناونیشان و نەزۆک، بۆتە گۆڕستانێکی پڕ لە عەشقی بێ ناونیشان و لە تکانی خوێنی ئاڵی خۆیدا دەیەوێت لە سێبەری قەدەرێکی نادیارا، تەیمانێک لە بۆنی ڕۆحی جێبێڵێ.

ئەوە ئاماژە شیعرییەکانە کە بە دووی بوونی خۆیدا دەگەڕێت و نهێنییە گەورەکانی ئەم فەزایەی سواری پشتی ئەسپی سەرکەشی شیعر کردووە و شتە نەشیاوەکان دەگەیەنێتە ڕادەی شیاوی خۆی و وەک خەون و شمشێر بەکۆڵانەکانی جەنگدا گوزەر دەکا و لە جووڵانەوەی واقیعدا ڕاستییەکانمان بۆ بەیان دەکات.

ئەوە (چنوور نامیق)ی شاعیرە، کە ماڵێکی لە گەڵای خەم بۆ خۆی بنیاد ناوە و زمانێکی پڕ سیحری شاعیرانەوە، دەیەوێت جارێکی دی زەمین بگوازێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە دەنگی ئەو و ڕەنگی خودایەکی نامۆ و سێبەری عەشقێکی ڕوونی تێدا نووستووە و لە باخی عیرفانی (سوهراب)ەوە بە ترپەی پەنجەرەکان دەستنوێژ دەشوات (١) و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگەکانی (نالی) (٢) ڕەنگرێژی عیشقی حەقیقی دەکات و بە هێزێکی ڕۆحی شۆڕشگێڕانەوە نمایشێکی مەعریفیانەی خودی خۆی دەکات و هەر لە ئەمارەتی پیاوانەوە تاکو گوناهە جوانەکانی ژنێک، هەڵوێستی بێ نەسڵ کردنەوە دەخاتەوە و گەرەکیەتی گشت درەختە حەرامەکان ڕووت بکاتەوە.

**«دونیا وەک من نماوییە و**
**تەمەن بەشی سێبەر ناکات**
**ئەو دێت و دەستەکانیشی پڕ لە نووری ئەو شەوەیە**
**کە لە تەمی ئاوێنەکانیا نوقم بووم**
**من لە سیحری تەماشایەکی ون ئەبم**
**پێڕا ناگەم نیگاکانم کۆ کەمەوە**
**هەموو دەمەو زیکرێکی من**
**دێیت و سیحری چاوەکانم ئەتباتەوە**
**ئەو دێت و من لە ڕووباری گوناهەکانت ئەفڕێنێ**
**جەستەیەکی پڕ سێبەرم**

**له گۆڕستانی ساتێکدا جێ ئەمێنم»**

پرۆسەی نوێکردنەوە لای (چنوور نامیق) ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازارەکانی خۆی و دەوروبەرەکەیەتی، لە بۆتەی ئەدەبێکی واقیعدا کە ڕووبەڕووی بنیادی زمان و سیحری زمانەوە هەوڵدەدات کە تایبەتمەندیی خۆی بپارێزێت و دەنگێک بێت دوور لە لاساییکردنەوە و لە چوارچێوەی ڕۆمانسیەتدا، ئەو مۆمانە داگیرسێنێ، کە وەک شنەبایەکی فێنک سەرجەم دڵ و دەروونەکان ڕۆشن بکاتەوە و لە نێوان بەختەوەری و لەزەتدا گرێبەستێ بکات، لە نێوان واقیع و خەیاڵدا، لە نێوان زیکری من و گوناهەکانی ئەویدی. ئەو ژنە شاعیرێکی هەنارییە، کە ڕۆژانە شەو دەکوژێ و مودمینی قومێ لە میهری خواوەندە بێ دەسەڵاتەکانی سەر زەوییە و تەرمی تاریکی لە داستانەکانی ئەو دیوی بوون دەشارێتەوە. ڕوو لە زەمەن دەکا و بە خواوەندە تێپەڕ بووەکەی ڕۆحی مێژووی دەشوبهێنێ بە تکاوە داوا دەکات لە فرمێسکی تینوویەتی ڕووباری بناسێ و لە حەوزە خوێناوییەکانی خوار شەڕگەیەک ئاهەکانی بە جامی گومان هەڵڕێژێ.

ئەوە ژنە شاعیرێکی هەنارییە، تەژی لە عیشق، تەژی لەمانا دۆزراوەکانی ئەمنانە و بێ مانایی و هیچگەرایی جەنگە دۆڕاوەکان، دەیەوێت کاتژمێرە پڕ شارستانیەتەکەی (ئۆکتانیۆ پاز) جارێکی دی ڕێک بخات و جارێکی دی چاک بکاتەوە و لە وێنەیەکی شیعری جوان و شەنگدا، لە سادەترین حاڵەتی وەحی هەڵڕژان، وێنە جوانەکانمان پێشکەش بکا و جوانییەکانی بوون و نەبوون، بهێنێتە بەر حزووری وجوود و بێ ئەوی دی تویژێک دابەستێ لەسەر ئەو بەردەی کە عومرێکە جێژوانی تیدا گرتووە. ئەوە ژنە شاعیرێکی چارۆگە سپییە (٣) جلی کاهینی لەبەر مانگ کردووە و بە ڕۆحێکی یاخییەوە، ئەو دیلیەتی ئاینیە و ئەو ئایدۆلۆژیەتە سەقەتە لە جەوهەری خۆیدا فڕێدەدا و لەپاڵ پیاوەکانی کەنار دەریا، وردە وردە گۆرانییە تۆزاوییەکانی دەم غوربەت دەتەکێنێ. ئێمە لە جەنگێک داین لەپێناو بەمانابوونی ژیان، دەمانەوێ لەو وەحشەت و بەربەرییەتەوە دەرچین، کە چەتەکانی زیندەگی خۆیان لێ مەڵاسداوین و ڕۆژانە دەیانەوێ تریفەکانمان بکوژن و دەنگی باران لەسەر پێڵووی تەڕی ئەڤین نەکەین و لەبانی مەلەکووتەوە بەرەو باخی عیرفان بڕۆین.

(چنوور نامیق) دەرگاوانی بەهەشتێیە و بۆتە پردی سیرات و بە ئومێدی چوونە ناو تاراوگەی ڕووخسارییەوە، پیاوانی گەوجی شەڕگەکانی دنیا، بەدەم کێشانی جگەرە شێدارەکانەوە، تێدەپەڕن.

**«بەر لە ئیمان هێنان بە تۆ**
**سەرابە دەشتێکی ڕووت بووم**
**گوناهی پیاوانی شەڕم لەبەر ئەڕۆی**
**ساباتێک بووم**
**بەدەم تەماشای زیکرەوە**
**خورافاتی شەڕگەکانم ئەهۆندەوە».**

ئەوە ژنێکی هەنارییە، بۆنی ئەو سێوانە دەکات، کە بەدزییەوە دەگەڵ ئادەم دەیخوارد و خوێنی لە لێوەکانیان دەڕژا و ماچەکانیان بە دەمییەوە زامدار دەبوون و بەرچنەکەی ئادەم، کە دارسێوەکانی بەهەشت ڕووتدەکاتەوە هەرگیز پڕ نابێ و کەچی بۆنی شەڕابی سێوە حەرامزادەکانی دنیا دەکات. ئەمە ئەو شیعرە توحفەییانەیە، کە ژنێک سەربوردەی ڕاڕایی و دڵە خورپە و خەونەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، هێدی هێدی لە فەرهەنگی گۆڕستانە تاریکەکانەوە، چرایەکی هەڵگرتووە و بەدەم ئێستێکەوە قاوەیەک دەخواتەوە و لە مەرقەسەکانی تاراوگەدا، خەونی گیتارێکی بێ پەنجە، لەسەر دڵی خۆی دەژەنێ و تینوێتی چاوی کانییەک لە بینایی دادەگیرسێنێ. (چنوور نامیق) ئا لەو شوێنەی کە ژیان وشکە و سەراسیمە بۆنی قەوزەی نائومێدی لێدێت، دیوار و پەنجەرەی ماڵەکەی گواستۆتەوە و لە هەژدە دەنکە هەناری مێخۆش، لە هەژدە دەنکە هەنار کە بۆنی نەزیفی فیراقی لێدێت و لە دوو توێی (تەمانێکم لە گوڵ جێهێشت) پاش خومار بوونی داوا لە زەمەن دەکات کە تیژتر لە ڕۆحی تیپەڕێ و وەکو جاران گەڵا گەڵا حەرفەکانی لێکاتەوە. شاعیر، ئەم تەمانە گوڵینە، پێشکەش بە منی یاخی و بە هەڵوێست و بەو هاوسەرە خۆشەویستەی دەکات، کەڕۆژانە پەنجەرەکانی شیعری بۆ والا دەکات و لەنێو تەمتومانی ئەم کۆماری مەستبوونەدا، سوارێکی تیژڕەو جاڕی نوێخوازی و دەنگێکی تایبەت دەدات، دەنگی ژنێکی ئازا و خان و مان، ژنێک لێواولێوە لە شۆڕشگێرییەتی، کە ململانێی مەحاڵ دەکا و لەو ڕوانگەیە شەوە ئەو کۆت و پێوەندانە دەشکێنێ، کە ئیرادەی ئافرەتی کورد بەرەو فەنابوون دەبا. دەنگێک وەک شمشێر بە ڕۆحی سپیدا شۆڕ دەبێتەوە و ئینجانەیەکی پڕ لە گوڵ، سیحراویمان لەسەر مێزی میزاج بۆ دادەنێ و ئەو هەرگیز پشوودان نازانێ.

**(١) ئاماژەیە بۆ شیعری (دەنگی پێی ئاو)ی سوهراب.**

**(٢) ئاماژەیە بۆ شیعرەکەی (نالی):**
**یەک ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ**
**بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕژیی عیشق حەقیقی**

**(٣) ئاماژەیە بۆ شیعری (وێنەکانی کاهینی مانگ)ی ئەنوەر مەسیفی.**

# نامەیەک

ئا: رامان

عەننابە – جەزائیر
١٩٨٨/١/٧

**بۆ برای خۆشەویستم کاکە ئازاد**


هەواڵت دەپرسم، هیوام وایە لە خۆشی دابی. دەبێ دڵ ئاگای لە دڵ بێ، ئەگینا چۆن وا ڕێک دەکەوێ من ڕۆژی شەموو نامە بۆ تۆ بخەمە پۆستەوە، کەچی بۆ ڕۆژی دوایی لە تۆوە نامەم پێ بگا. دیارە هەر یەکێکمان بیری لە ئەوی تر کردۆتەوە. لەبەر ئەوە ئەوا لە هەفتەیەکدا بەمەوە دوو نامەت بۆ بنووسم.

لە بابەت گفتوگۆکەی لەگەڵ کاک مەحموود زامداردا، ئەوی ڕاستی بێ من هێشتا چاوم پێی نەکەوتووە، نازانم هیچیان لێ قرتاندووە! هەڵەی تێدایە! هەر چۆنێ بوو، ئەمەیان بەرکوڵ بوو، پێویستە لەوەش ئازاتر بین. هەڵەی ئێمە لەوەدایە کە وا دەزانین تیۆری بەرهەمی ئەدەبی دادەنێ، کەچی پێچەوانە ڕاستە. زۆربەی ئەوانەی لە ئەدەب دەدوێن، ئاگاداری گۆڕانی ئەدەبی ئەو بیست ساڵەی دوایی گێتی نین. ئەدەبی ئێمە زۆر بەرزە، بەڵام ناتوانین بەرزییەکەی بخەینە ڕوو لەبەر ئیدیۆلۆژیای عەشایەرگەری. هەرچی هەڵدەستێ باسی سۆفیزم دەکا، بەڵام زۆربەیان وەکو شێخ ڕەزا دەڵێ: تۆ لە کێ تەکیە لە کێ....

وەکو لە نامەی پێشوو نووسیبووم لە هاوینی داهاتوو بە یەکجاری دەگەڕێمەوە و هەوڵ دەدەم هەندێ لە بەرهەمەکانم بە چاپ بگەیەنم. وەکو بۆتم نووسیبوو من دەمەوێ شت لە تۆ وەرگرم لە بابەت شوکری فەزلی-یەوە، ئەوەی من ئاگادار بم، لە دەسنووسێک لە دەسنووسەکانی نەجمەدین مەلا باسی لێوەکراوە، مامۆستا هەردی-ش زانیاری لەم بابەتەوە هەیە، وەکو بزانم شیعری بڵاونەکراوەشی لایە، ئەگەر چاوت پێی کەوت سڵاوی منی پێ بگەیەنە.

ڕێز و سڵاوم بۆ هەموو دۆست و برادەران، بەتایبەتی کاکە عومەر مارف بەرزنجەیی، بەڕاستی ئەویش تۆ ئاسایی ژیر و وردە، خوا بەرخوردارتان بکا بۆ وشەی ڕەسەن و قسەی ڕاست. بە خۆشی و شادی بژی.

**برات**
**د. مارف خەزنەدار**








# هەڵەی گواستنەوەی دەق

کەریم سۆفی

هەرچۆن بە دەم خوێندنەوەمدا چاو بە زۆربەی بابەتەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤار و زۆربەی کتێبە چاپکراوەکاندا دەخشێنم، بە ڕێژەیەکی زۆر هەڵەی چاپ و ڕێنووس و سەقەتی دەربڕینی ڕستەی وەرگێڕدراو و ڕەچاو نەکردنی ڕێساو دەستووری خاڵبەندی و دەیان خەمی تری دەستووری و زمانەوانی و زاراوەی ئەدەبی وەکو چقڵ لە چاوی دڵم دەچەقن و بەدەست خۆم نییە خەمیان پێ دەخۆم.

ئەو نیعمەتە گەورەیەی ئازادی کە لەدوای ڕاپەڕینەوە بۆ میللەتەکەمان ڕەخساوە، پانتاییەکی ئێجگار گەورەی ئەو ئازادییە، بواری ئازادی زمان و چاپەمەنی بە هەموو جۆرە کانییەوەی گرتووەتەوە کە خۆیان لە نووسین و دەربڕین بە زمانی شیرینی کوردی دەنوێنن.

بەو لۆژیکەی کە بە هەر شێوەیەک لە هەر کوێی زمانەکەت بدرێت، واتە لە خودی میللەتەکەت دەدرێت، بۆیە دەبێ بەوپەڕی دڵسۆزی و لێزانییەوە ڕەفتار لەگەڵ زمانەکەماندا بکەین و لەخەمی گەشەپێدان و تۆکمە کردن و جێگیر کردنیدا بین.

ئەگەر لە هەلومەرجێکی وەکو ئەمڕۆدا لە خەمی زمانەکەماندا نەبین و نەتوانین بناغەیەکی پتەو بۆ دەستوورەکەی دامەزرێنین، سبەی چۆن ئەو دیوارەمان پێ دروست دەکرێ، دووسبەی چۆن سەری دەگرین و سێ سبەی چۆن لەبەر سێبەریدا دەحەسێینەوە و خۆمان و نەوەی میللەتەکەمان لەسەرماو گەرمای ڕۆژگارە بێ بەزەیی و سەرسەختەکان دەپارێزین.

لە زۆر لێکۆڵینەوە، یان نووسین و وتارو وەرگێڕان و خوێندنەوەی کتێب و کاری ڕەخنەیی و...تاد، کاتێ ئاماژە بە پەرەگرافێک، یان ئایەتێک، یان فەرموودەیەک، یان چەند بەیتە شیعری شاعیرێک یان وتەیەک...تاد دەکرێ، ئەمانەت و وردەکاری کارەکە وادەخوازێ بە ڕاست و دروستی و بەشێوەی دەربڕینی خۆی لەسەرچاوەکەیدا بگوازرێتەوە و لەناو جووت کەوانەیەکی بچووکدا بخرێتە ڕوو، ئەگەر پێویستی کرد لە شوێنی خۆی، یان لەپەراوێز ئاماژە بەسەرچاوە و لاپەڕەش بکرێت، ئەوا باشتر، بەڵام بەداخەوە دەبینین زۆر لە کەسانی خاوەن ئەزموون و دەست ڕەنگین کە تەمەنێکیان لەدنیای نووسین و وەرگێڕان و ئەدەبیاتدا بەڕێ کردووە، کەچی ئەم جۆرە هەڵانەیان وەک گەڵای پایز لێ هەڵدەوەرێ و لەسەریشی بە خەم نین (کە نابێ وابێ)، چونکە بواری هیچ پاساو هێنانەوەیەکیان بۆ ناهێڵێتەوە، مادام خۆیان خزاندووەتە ڕیزی کاروانی نووسین و ئەدەبیات. ئەوەی لە هەمووشی سەیرترە لای من، ئەوەیە کە نووسەرێک پەرەگراف و وتەکان و بەیتە شیعرەکان هەندێ جار بەزمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، یان فارسی و عەرەبی و... تاد لەناو نووسینەکان بەبێ وەرگێڕان و ڕاڤەکردنیان و لێکدانەوەیان وەکو دەق دەنووسێتەوە، وەک بڵێی خوێندەوار و خوێنەرەکانمان لە هەموو شتێک لەخۆ بووینەوە، هەر ئەوەیان پێ دەوێ. ئەمەش بەلای منەوە دوو حاڵەت دەگەیەنێ، یان نووسەرەکە خۆی زانایە و وادەزانێ خوێنەرانیش هەموو لە ئاستی ئەودان و پەکیان ناکەوێت، یان خۆی بە تەواوی دەرکیان پێ ناکات و ناتوانێ بەشێوەیەکی دروست بۆ خوێنەریان ڕوون بکاتەوە.ئەم دوو حاڵەتەش هەردووکیان لەناو نووسینی کوردیدا گرفتن و نابێ پەرەیان پێ بدرێ و هەر بەم جۆرە بمێننەوە.

لەکۆتاییدا دەڵێم هەر کەسێک مادام وەکو نووسەر، یان ڕەخنەگر، یان وەرگێڕ و لێکۆڵەرو... تاد لە بابەتێک دەکۆڵێتەوە و ئیشی لەسەر دەکات، دوو ئەمانەتی دەکەوێتە ئەستۆ:

یەکێکیان پەیوەستە بە مەسەلەی زمانەوانی و ڕێزمان و ڕێنووسی ئەو زمانەی پێی دەنووسێ، دووەمیان مەسەلەی ئەمانەتی گواستنەوەی پەرەگراف و ڕستە و ئەو دەستەواژانەی کە لە نووسین و لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژەیان پێ دەدات، چونکە دەبێ بزانین نووسین بە هەموو جۆرەکانییەوە لە هەموو حاڵەتێکدا کارێکی ئەمانەتداری و بەرپرسیاریەتییە.